سەرچاوەکانی بنەڕەتی ئیسلام

سەلاح ڕێبوار

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

بەرگی دووەم

سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

سەلاح ڕێبوار

بەرگی دووەم

ناوی پەرتووک: سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام،

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

تۆژینەوەی: سەلاح ڕێبوار

بەرهەمێکە لە چوار بەرگدا

بەرگی دووەم

سال ٢٠٢٦

وێنەی سەر بەرگ تابلۆی ژێرئاوکەوتنی لەشکری فیرعەونە، لە دەریای سوور، دوای دەربازبوونی موسا و بەنی ئیسرائیل، لە میسر .

Pharaoh's Army Engulfed by the Red Sea. Artist: Bridgman, Frederick Arthur (1847-1928)

خوێنەری بەڕێز

ئەو پەرتووکە، بەرهەمی کاری ساڵانێکی زۆری تاکە کەسییە، هیوادارم کەلێنێک لە پەتووکخانەی کوردی پڕکاتەوە. لە هەمان کاتدا ناتوانێ، لە کەم و کووڕی بەدەربێ، لە دڵەوە داوای لێبووردن، لە هەڵە و کەم و کووڕیەکان دەکەم.

ناوەڕۆک

سەرچاوەکانی دینی جولەکە.....13
ووتەیەکی پێویست 15
ئاماژەیەک سەبارەت بە نووسینەوەی تەورات 17
بنەڕەتی چیرۆکەکانی قورئان.....21
دینی جولەکە لە فرەخودایی بۆ یەکتاپەرستی.....23
ترسی نەبی لە خوێندنەوەی تەورات.....31
نووسەری قورئان و تارمایی موسا.....35
قورئان پشت بە سەرچاوەی لاوەکی دەبەستێ 37
قورئان چیرۆکەکانی تەورات بە دروستی ناگێڕێتەوە.....41
هەڵاتنی موسا بەرەو میدیان.....51
شەریعەتی ئیسلام و یاسای موسایە.....59
ووتەی بەرایی.....61
دە فەرمانی خودا بۆ موسا.....65
دە موژدە پێدراوەکان بە بەهەشت.....75
هەندێ یاسای گشتی.....87
لەیەکچوونی هەندێ ئایەت و ڕیتوالی پاڕانەوە.....93
شەهادە هێنان.....96
نوێژ.....97
پاڕانەوە بۆ کەسێکیتر.....101
یاسا کۆمەڵایەتیەکان.....103
کۆیلایەتی لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام.....105
دینی ئیسلام و کۆیلایەتی.....107
کوشتن و بەدیلگرتنی باوەڕی جیاواز و بێباوەڕ.....114

جزیە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلی جەنگ 120
متمانە بە باوەڕداری دینێکیتر 123
هەڵسوکەوت لەگەڵ بێوەژن و هەتیوان 129
کوشتنی بە مەبەست یان بێ مەبەست 131
سزای زیان لە کەسێکیتردان..... 137
توندڕەوی لە دین..... 140
سزا 142
پاداشتی گوێڕایەڵی 145
خودا لەگەڵ باوەڕداران دایە 146
سوێندخواردن (القسامة)..... 148
فەرمانبەردارپی دەسەڵاتداران..... 151
گەواهی بە درۆ 153
بەرتیل (ڕشوة)..... 154
ژن 155
سوڕی مانگانەی ژن..... 161
سووڕی مانگانەی نارێک (الاستحاضة) 164
ماوەی شیردانە منداڵ 165
تاوانبارکردنی هاوسەر بە خیانەت 167
ژنانی قەدەغە (النساء المحرمات)..... 172
زیناکار..... 175
سزای ژنی کۆیلە، نیوەی سزای ژنی ئازادە. 177
کوتان (تاتوو) 186
لەشفرۆشی 187
ژنێک جووتبوون لەگەڵ مێرد ڕەتکاتەوە..... 189
خۆگرتنی مێرد لە ژنەکەی 191

سزای کەنیزە نیوەی سزای ئازادە.....193
ماوەی چاوەڕوانی بێوەژن و تەڵاقدراو 195
سەبارەت بە کچێ دەستدرێژی بکرێتە سەر 197
میراتی ژن 200
چوارشێو (حیجاب) ژن 203
جیابوونەوە 218
ئەرەکەکانی مێرد بەرامبەر ژن.....219
سێکس لەگەڵ ئاژەڵ کردن.....223
پشووی هەفتە.....225
ئابووری.....227
سووخۆری (الربا).....227
باج (الزکاة).....231
باجی دەیەک لەسەر کشتوکاڵ و زەوی 233
سپاردە (الأمانة) 235
پارەی قەرەبوو، ئەنجامی زیانی ئاژەڵ 239
سزای زیان گەیاندن، بە ئاژەلی کەسێکیتر 243
کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.....245
گۆشتی گیانداران 247
گۆشتی گیانداری (ئاوی) دەریا.....247
گۆشتی باڵندە.....248
گۆشتی گیانداری ووشکانی.....250
گیاندارە خشۆکەکان.....254
پەرەگرافی یاسای جۆراوجۆر.....257
تۆو یان میزدەڵاندن.....257
مەی (الکهول) 263

گەلی هەڵبژاردەی خودا.....271
جادوو (سحر) 272
نەبیەکانی تەورات لە قورئان 275
ئادەم.....277
ئیدریس (ئێنۆخ) 287
نوح.....291
هود.....295
نەبی صالح.....299
شوعێب.....307
نەبی ئیبراهیم (Abraham).....311
نەبی لوت (Lot).....312
نەبی ئیسماعیل (Ismail) 312
نەبی ئیسحاق (Isak).....312
نەبی یاقوب (Jakob) 312
نەبی یوسف (Josef).....313
نەبی ئەیوب (Job).....313
نەبی یونس (Jona).....317
هەڵاتنی یونس لە ئەرکەکەی.....319
نزای یونس 321
چوونی یونس بۆ نەینەوا 322
توورەبوونی یونس بەهۆی بەزەیی خودا 323
نەبی موسا (Mose) 325
ذو الکفل.....325
داود (David) 327
سلێمان (Salomo) 333

هاوسەرگیری پیرۆز و گۆرانی گۆرانیەکان بۆ سلێمان 334
چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبە (شەبا) 343
چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا لە پەیمانی کۆن 352
نەبی ئیلیاس (Elijah) 357
نەبی ئێلیەسەع (Elisha) 365
نەبی عوزێر 367
هاروت و ماروت لە قورئان و بنەڕەتی 379
ئیسلام و کێشەی هاروت و ماروت 399
چیرۆکی ڕزگاربوونی ئیبراهیم لە ئاگری نەمرود 407
قارون لە نێوان تەورات و قورئان 425
چیرۆکی مانگا لە نێوان قورئان و تەورات 441
قورئان هەڵەی تەورات دووبارە دەکاتەوە 447
مێژووی جەهەنەم 461
جۆرەکانی دۆزەخ لە قورئان 481
ڕۆژی پەسڵان (القيامة) لە قورئاندا 489
هەڵگری وەحی لە مەککە گیانی پیرۆزە و لە مەدینە جوبرائیل 497
إسراء و معراج یان گەشتی ئاسمان 503
گەشتی فیرعەون بۆ لای خودای ڕەع لە ئاسمان 505
گەشتی ئاسمانی دەنانوخت 511
گەشتی ئێنۆخ بۆ ئاسمان 513
گەشتی ئیبراهیم بۆ ئاسمان 524
گەشتی موسا بۆ ئاسمان 529
گەشتی ئاردا ڤیراف بۆ جیهانی ئەودیوو 541
تابلۆی پارێزراو لە قورئان 563
تابلۆی پارێزراو لە دینی ئیسلام 568

سورەتی الکهف و سێ چیرۆکی وەرگیراو 575
کێشەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە قورئان 590
چیرۆکی ذو القرنین 593
ذي القرنین لە قورئان 593
ذو القرنین لە پەیمانی کۆن 597
پوختەی باسی ذا القرنین 600
ئاجوج و ماجوج 603
سینیسیزم ناخی دینە ئیبراهیمیەکانە 615
ژیانی دیۆگێنێس فۆرمی دایە سینیسیزم 619
ئیمپراتۆری ڕۆم و هەڵسانەوەی سینیسیزم 621
یەسو (عیسا) وەک جولەکەیەکی سینیسیست 626
کاریگەری سینیسیزم، لەسەر دینی کریستیانی سەرەتایی 632
سینیسیزم و ڕەنگدانەوەی لە ئیسلام 634
دینی سابیئی 642
سابئی مەندائی 642
پەیامبەری ئیسلام و سابئیە مەندائیەکان 648
سابئی حاڕانی 650
لەیەکچوونی ڕۆژووی حاڕانی لەگەڵ ڕۆژووی ئیسلام 652

سەرچاوەکانی دینی جولەکە

ووتەیەکی پێویست

مێژوو یەک لە گرنگترین ئامرازەکانی کولتووریە، بۆ ڕۆچوون و تێگەیشتن لە هەڵومەرجەکانی دۆزینەوەی ناسنامە، و پێناسەی ووردەکارییەکانی. هەروەها ڕوونکردنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەوەش وەک دەرئەنجامێک بۆ ئاڕاستەی ئایندە.

دیسیپلینی زانستی مێژوو، تەنیا شتێکی پراکتیکی نییە. بەڵکوو بنەڕەتێکە بۆ ئاڕاستەکانی پەرەسەندن، کە بتوانێ بنەڕەتییەکانی هوشیاری و تێگەیشتنی قوول وەدیبێنێ. بۆیە مێژوو تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە. بەڵکوو بنەماو پاشخانی ژیانی مرۆڤایەتییە. و بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی دایە

زۆربەی هەڵەکانی لە قورئان دا هەن، ئەوە نیشاندەدەن کە محمد زانیارییەکانی لە ڕێگای پەرتووکە پیرۆزەکانەوە نەبووە. بەڵکوو بە شێوەی دەماودەم، وەریگرتوون. ڕەنگە ئەوکەسانەی گێڕاویانەتەوە. زانیاری باشیان لەسەر ناوەڕۆکی پەرتووکە پیرۆزەکان نەبووبێ.[1]

[1] Tisdall, W. st. Clair (2019) The original sources of the Quran. P. 130

زۆر چیرۆکی پەیمانی کۆن، لە ناو قورئان لێرە و لەوێ دەردەکەون. کەچی چیرۆکەکان لە توخمێکی وادان، کە لەگەڵ فۆلکلۆری دەماودەم، ها لە تالمودەوە هاتوون. لە هەندێ هەڵومەرجدا، نموونەی چیرۆکی ئیبراهیم سەرچاوەکەی بە تەواوی لە میدراش هاگادا هاتووە. لەبەر ئەوە گرنگە بزانین، کە محمد ئاشنایەتی باشی لەگەڵ دینی یەهودی هەبوو. بەڵام نەک لە ڕێگای پەرتووکە پیرۆزەکان. و تالمود میدراش. بەڵکوو لە ڕێگای گفتوگۆی ڕۆژانە لەگەڵ یەهودیان.[2]

[2] Rosenthal, Erwin I.J (1961) Judaism and Islam p. 8

ئاماژەیەک سەبارەت بە نووسینەوەی تەورات

عەزرای کاهن ٤٨٠ – ٤٤٠ پ.س.ب یەک لە گەرەترین کاهینەکانی جولەکەیە، و وەک کۆڵەگەیەک ڕاگری دینی جولەکە بووە. هەر ئەویش دوای گەڕانەوەی لە دیلێتی بابل، بناغەی دینی نەک بەهێزتر کرد. بەڵکوو ئەو تەوراتی دووبارە نووسیەوە. [3]

پەیمانی کۆن عەزرا ٧: ١٠

(١٠) چونکە عەزرا خۆی تەرخان کردبوو بۆ خوێندنی تەوراتی خودا و کارکردن پێی، بۆ ئەوەی ئیسرائیل فێری فەرز و دادوەری بکا.

ئەو دەربڕینەی تەورات نیوەی ڕاستیە، بە پێچەوانەوە، عەزرا گۆڕانکاریەکی گەورەی لە دینی جولەکە داکرد. بەتایبەتی لە دوای ئیمپراتۆری بابل، لەلایەن ئیمپراتۆری ئێرانی شکێندرا، عەزرا بە فەرمانبەرێکی پلە بەرز لەدیوانی ئیمپراتۆری ئێرانی دەستی بەکارکرد. [4]

عەزرا ماوەی دیلی لە بابل، بەردەوام خەریکی کۆکردنەوە، و تۆمارکردنی چیرۆک و ڕووداوە ئەفسانەییەکانی میسۆپۆتامیا بوو. دوای ئەوە بە یارمەتی چەن کاهینی تر، توانی گشت ئەفسانەو چیرۆکەکان تێکەڵی دەقەکانی تەورات بکا. و بەو شێوەیە پەرتووکی پیرۆزی

[3] عەزرا (عوزیر) لە قورئان دوو جار ناوی هاتووە، البقرة ٢: ٢٥٩، التوبة ٩: ٣٠. کە لەو بەرگەدا ، لە لاپەڕە ٣٩٣ باسکراوە.

[4] Jewish Encyclopedia

جوله‌که، فۆرمێکی نوێ و کاریگەرتری وەرگرت. و خۆی دواگەڕانەوە لە ئۆڕشەلیم بۆ گەڵی بەنی ئیسرائیل دەخوێنێتەوە.

پەیمانی کۆن نەحمیا ٨: ١ - ٦

(١) ئینجا هەموو گەل وەک یەک کەس لە گۆڕەپانەکەی بەردەم دەروازەی ئاودا کۆبوونەوە و بە عەزرای مامۆستای تەوراتیان گوت، پەرتووکی تەوراتی موسا بهێنێ کە خودا فەرمانی پێ کردبوو بۆ ئیسرائیل.

(٢) عەزرای کاهینیش پەرتووکی تەوراتی هێنایە بەردەم کۆمەڵەکە،ژن و پیاو و هەموو ئەوانەی بە تێگەیشتنەوە گوێ دەگرن، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی حەوت .(٣) لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ، لەبەردەم گۆڕەپانەکەی پێش دەروازەی ئاو، بۆ ژن و پیاو و تێگەیشتووان خوێندییەوە، هەموو گەلیش گوێیان بۆ پەرتووکی تەورات شل کردبوو.

(٤) عەزرای مامۆستای تەورات لەسەر ئەو دووانگەیە ڕاوەستا کە بۆ ئەو کارە لە دار دروستکرابوو، مەتیسیا و شەمەع و عەنایا و ئوریا و حیلقیا و مەعسێیاهو لەلای ڕاستیەوە ڕاوەستان و لەلای چەپیشییەوە پەدایا و میشائیل و مەلکیا و حاشوم و حەشبەدانا و زەکەریا و مەشولام ڕاوەستان.

(٥) عەزرا پەرتووکەکەی لەبەرچاوی هەموو گەل کردەوە، چونکە لە سەرووی هەموو گەلەوە بوو، کە پەرتووکەکەی کردەوە هەموو گەل هەستانە سەرپێ .(٦) عەزرا ستایشی خودای پەروەردگاری گەورەی کرد، هەموو گەلیش دەستیان بەرزکردەوە و وەڵامیان دایەوە: ئامین! ئامین! کڕنۆشیان بۆ خودا برد و سەریان خستە سەر زەوی.

هەرچەندە دەڵێ: تەورات (پەیمانی کۆن) لەسەردەمی جیاجیا نووسراوەتەوە. ئەوە بە دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە خاکی میسر دەست بە نووسینەوەی کرا کە لە ساڵی ١٤٩١ پ.س.ب بووە. بەڵام گەڕانەوی عەزرا، لە دیلی بابل، تینێکیتر دەداتە گەڵی ئیسرائیل. خۆ ئەوان دەمێک بوو گوێیان لە تەورات بووبوو، کەچی ئەو تەوراتەی عەزرای کاهین دەخوێنێتەوە، جیهانێکی نوێە و بە دڵ گوێی لێدەگرن. [5]

هەرچەندە کاتی باسی هەوڵەکانی عەزرا دەکرێ، کارەکانی بە کۆکردنەوەی بەشەکانی پەیمانی کۆن لە پەرتووکێک دادەنرێ. لە سەدەی پێنجەمی پ.س.ب لە دوای گەڕانەوەی لە دیلی لە بابل. دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پەیمانی کۆن. کە بە پەرتووک (کتاب) ناوی دەکردووە. دواتر ناوی عەزرا بە ئازەریاهو (Azayahu) واتە یاریدەدەری یەهوا. [6]

کەچی نووسینەوەی تەورات لە ساڵی یەکەمی دەرچوون لە میسر [7]. دەبێ موسا خۆی پەرتووکی ئەفراندن، دەرچوون، لێڤیەکان، سەرژمێر و دواووتاری، نووسیبن، هەر پێنج پەرتووکەکەش ماوەی ٤٠ ساڵی بردبێ. [8]

---

[5] البرموسي، الراهب أولوجيوس (٢٠١٨) تاريخ بنى إسرائيل، الجزء الأول.ص ١٩

[6] Frevel, Christian (2023) History of Ancient Israel.

[7] البرموسي، الراهب أولوجيوس (٢٠١٨) تاريخ بنى إسرائيل، الجزء الأول. ص ١٧

[8] هەمان سەرچاوە

بنەڕەتی چیرۆکەکانی قورئان

لە بنەڕەتدا ئیسلام درێژبوونەوەی، دینی یەهودی نەسارییە. یەهودی نەسارییش ڕەوتێکی یەهودی فەریسیەکان بوون، و باوەڕیان بە یەسو هێنا. بەڵام لەسەر پەیڕەوکردنی تەورات هەر بەردەوام بوون. بۆیە شتێکی سەیر نییە، کە سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری دەقەکانی قورئان و چیرۆکی نەبیەکان و ئامۆژگاریەکانیان، بە تایبەتی بەشی هەرە زۆری سورەتەکانی مەککە، لە تەورات وەرگیرابن. لەوانە چیرۆکی یوسف، یونس، ئەیوب و نوح و هتد.

هەرچەندە چیرۆک و بەسەرهاتەکان بنەڕەتیان، لە تەورات سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەری قورئان زۆربەی چیرۆکەکانی ڕاستەوخۆ لە تەورات وەرنەگرتوون. بەڵکوو لە سەرچاوەی لاوەکی دینی جولوکە، وەک میدراش و میشنا و گەمارا هتد هاتوون. یانیش چیرۆکەکانی پەیمانی کۆن وەرگیراون یەکسەر لە پەیمانی کۆنی عیبری وەرنەگیراون. بەڵکوو دەقەکان بە شێوەی تەرگووم بووین. بۆیە لە دەقەکانی ناو قورئان، و ڕەوتی چیرۆک و بەسەرهاتەکان ترازانێکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. ئەوەش لە ناو بانگهێژانی موسوڵمان، وای دادەنێن، ئەوە تەوراتە دەستکاریکراوە، و گۆڕاوە. نەک ئەو تەرگوومەی، کە نووسەری قورئان بە یارمەتی یەهودیە نەسارییەکان بەکاریان هێناوە.

دینی جولەکە لە فرەخودایی بۆ یەکتاپەرستی

لە سەردەمی ئێستادا، پەیڕەوکارانی هەرسێ دینی ئیبراهیمی (جوولەکە و کریستیان و ئیسلام) باوەڕیان بە یەک خودا هەیە. بەڵام دینی جولەکە سەرچاوەی هەردوو دینی کریستیانی و ئیسلامە. بۆیە گرنگە بزانین، چۆن یەکتاپەرستی لە ناو دینی جولەکە پەیدابووە. دواتر دینەکانیتر هەمان ڕێچکەیان گرتووە.

جولەکە وەک گەلانی هاوسێی، باوەڕی بە فرەخودایی هەبووە، بۆیە ئاساییە لە پەیمانی کۆن، هەندێ بابەت باسی فرەخودایی دەکەن، بۆ نموونە

پەیمانی کۆن دووەم پاشایان ٢٣: ٥

> (٥) خزمەتکارانی بتەکانیشی نەهێشت کە پاشاکانی یەهودا دایاننابوون هەتا لە نەزەرگەکانی سەر بەرزایی و لە شارۆچکەکانی یەهودا و دەوروبەری ئۆرشەلیم بخوور بسووتێنن، ئەوانەی بۆ بەعل و خۆر و مانگ و کەلووەکان و هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان بخووریان دەسووتاند.

ئاشکرایە کە هۆزەکانی ئیسرائیل خودای تریان دەناسین. و هاوتەریب لەگەڵ خودای یەهوە دەیانپەرستن. بەڵام پرسەکە لەوەدایە، چۆن گۆڕا بۆ پەرستنی یەک خودا یان ببێتە دینێکی یەکتاپەرست؟

لە بنەڕەتدا گەلی ئیسرائیل لە کۆمەڵێ هۆزی ڕەوەند پێکهاتبوون، کە لەگەڵ مەڕومالاتیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆچ و ڕەویان دەکرد. هەر یەک لەو هۆزانەش لە ژێر فەرمانڕەوایی سەرۆک هۆزێک دا دەژی. لە شێخە ناودارەکانی یەهودی وەک ئەبرەهام (ئیبراهیم) ئیسحاق و یاقوب. هەر یەک لە هۆزە ڕەوەندەکان پێویستیان بە خودایەک هەبوو کە بیانپارێزێ. بۆیە شیخەکان هەمیشە پەیکەرێکی بچووکیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت. بچووکی پەیکەرەکە، لەبەر ئەوەبوو تا بە ئاسانی هەڵبگیرێ.

خوداکان بە پێی ئەرک جیاوازیان هەبوو: دژی ڕەشەبا، دژی بای گەرمی بیابان، دژی درونده .... هتد)

هەڵکۆڵینەکانی خاکێ ئیسرائیل زۆر لەو پەیکەرانە دۆزراونەتەوە.

بێجگە لەو خودا بچووکانە کە لە کاتی پێویستیدا پارێزگارییان دەکرد، خودایەکی پاراستن هەبووە و پێدەچێت هۆزەکان لە کاتی کۆچکردنیان بوتێک یان پەیکەری ئەم خودایەیان هەڵنەگرتبێ. شایەنی باسە و تێبینی لێکچوونی ناوی خوداکانە لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: ئێل، ئیلو، ئێلی، ...، الله. بۆ نموونە گەورەترین خودان یا خودای هەرە بەرز، لە ئۆگاریت ناوی: ئێل (EL) و لە ئۆرشەلیمیش ئێل ئێلیۆن (EL ELION) بوو.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١٤: ١٨ – ٢٠

(١٨) مەلکیسادق پاشای شالیمیش نان و شەرابی دەرهێنا. ئەو کاهینی خودای هەرەبەرز بوو .(١٩) داوای بەرەکەتی بۆ کرد و گوتی:

با خودای هەرەبەرز، دروستکەری ئاسمان و زەوی،

ئەبرام بەرەکەتدار بکات.

(٢٠) ستایش بۆ خودای هەرەبەرز

کە دوژمنەکانتی دایە دەستت.

پەیمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو هۆزە جیاجیایانە بەسترا، کە تێیدا ئەو هزرە دینیە جیاوازانە، لە ناو یەک خودا کۆکرانەوە. بەو شێوەیە خودای ئیبراهیم، و ئیسحاق و یاقوب یەکیان گرت.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٣: ٦

(٢) هەروەها خودا لەگەڵ موسا دوا و پێی فەرموو: من خودام، (٣) بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب وەک خودای هەرە بە توانا دەرکەوتم، بەڵام بە ناوی خۆم کە (خودا) یە لەلای ئەوان خۆمم نەناساند.

بەو شێوەیە هۆزە جیاوازەکان باوەڕیان بە یەک خودا هێنا. کە بیانپارێزێ و فەرمانداریان بێ، ناوی ئێلۆهیم (ELOHIM) بە مانای الألهة دێ.

گەڵی بەنی ئیسرائیل، لە ڕێگەی ئەفسانە و چیرۆکە هۆنراوەکانی کاهینان، گوێیان ڕاهاتبوو، کە ئیلۆهیم چەندین جار ڕزگاری کردوون. و بەو شێوەیە پەرستنی یەهوە بڵاوبووەوە. ئەم ووشە چوار پیتە کە هەرگیز ناگوترێتەوە، هەڵگری مانای: من لێرەم

پەیمانی کۆن دەرچوون ٣: ١٤

(١٤) خوداش بە موسای فەرموو: من هەم ئەوەی کە هەم. هەروەها فەرمووی: ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێی: هەم، منی بۆ ئێوە ناردووە.

بەو شێوەیە ئەو هۆزانە خودای باوی ئیلۆهیم-یەهوهیان وەرگرت کە ناوەکەی بە واتای: (خوداکان- من لێرەم). لێرەدا شایەنی باسە، هەرچەندە ئەم خودایە پیاوانەبوو، بەڵام خاوەنی

کۆمەڵێک ئاکاری مێینە بووە، کە باوەڕ وایە، دەگەڕێتەوە بۆ کارلەیەککردنی، نێوان کولتوور و دینەکانی پیاوانە و مێینەی ئەو سەردەمەدا.

وەک نموونە دەبینین کە "الرحمة" یەکێکە لە ئاکارەکانی ئەو خودایە، کە لە زمانی عیبری (ڕوخامە - RUCHAMA)یە، لەڕووی زمانەوانی، بە (باوەشی دایک) دێ.

بەو شێوەیە ئیلۆهیم بوو بە پەروەردگاری پەروەردگارەکان، یان پەروەردگاری هەموو خوداکان. ئەوە یەکەم هەنگاوی پڕۆسەی یەکتاپەرستی بوو، لە دینی جوولەکە، لەو قۆناغەدا. کاتی جوولەکە لە پەروەردگاری پەروەردگارەکان و کۆمەڵێک خودای بچووک پێکهاتبوو. لەم چوارچێوەیەدا چیرۆکی ئیلیا، تێڕوانینێکی گشتیمان سەبارەت، بە دینە بوتپەرستەکان دەداتێ، لەو سەردەمە بەربڵاوبوون. بە تایبەتی ئەو دەقانەی لە پەیمانی کۆن باس لە پەرستنی یەک خودا دەکەن،لە هەمان کاتدا باس لە بوونی خودای تریش دەکەن، لە پاڵ ئەم خودایەدا.

پەیمانی کۆن یەکەمی پاشایان ١٨: ٢٢ - ٢٤

ئەلیاس و عۆبەدیا

(٢٢) پاشان ئەلیاس بە گەلی گوت: بە تەنها من بە پەیامبەری خودام ماومەتەوە، پەیامبەرەکانی بەعلیش چوار سەد و پەنجا پیاون. (٢٣) دوو جوانەگامان بدەنێ، با ئەوان گایەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەتی بکەن و لەسەر تەختەدارەکان دایبنێن، بەڵام با ئاگری تێبەر نەدەن. منیش گایەکەی دیکە بەو جۆرە لێ دەکەم و لەسەر تەختەدارەکان دایدەنێم و ئاگری تێبەر نادەم. (٢٤) ئینجا بە ناوی خودای خۆتانەوە بپارێنەوە و منیش بە ناوی خودا دەپارێمەوە. ئەو خودایەی کە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە، ئەو خودایە.

هەموو گەل وەڵامیان دایەوە و گوتیان: قسەیەکی جوانە.

لەو چەند ئایەتەی پەیمانی کۆن دەردەکەوێ، بەرابڕکێ لە نێوان خودا ئەلیاس و بەعل هەیە. و سەرەتای قۆناخی گواستنەوەیە بۆ تاکپەرستی.

گرنگە لەبیرمان بێ، یەکتاپەرستی داهێنانی جولەکە نەبووە، چونکە ساڵانێکی زۆر پێش یەکتاپەرستی جوولەکەکان لە میسردا بووە. لە ژێر دەسەڵاتی فیرعەون ئەخناتون دینی یەکتاپەرستی لە میسر سەریهەڵدا، بەڵام زۆری نەخایاند و کەوتە ژێر کاریگەری ئایینی موشریکەوە.

لەلایەکیتر یەکتاپەرستی لە دینی جوولەکە، بەس نەبوو بۆ دروستکردنی گەلێکی یەکگرتووی جوولەکە، لە هۆزە کۆچەرییەکان. هۆکارەکانی دیکە، لەوانەش هۆکارە ئابوورییەکان، بەشداربوون لە شەڕ و کوشتار لەگەڵ هۆزەکانی تری ناجولەکەی دەوروبەریان، کە بوو هۆی لەیەکتری توانەوە ئەو گەلە. دواتر هێماکانی جولەکەکان (خەتەنەکردن، پاکوخاوێنی، نەریتی شەممە) بوونە گەرەنتی بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگی پەرستنی یەک خودا.

دینی جولەکە، بە سێ قۆناغ دا تێپەڕیووە، تا گەیشتۆتە یەکتاپەرستی، و دوورکەوتنەوە قۆناغەکان ئەوانەن:

لە قۆناخی یەکەم، جولەکە باوەڕیان بە چەند خودای جیاواز هەبوو. لە ناو دەقەکانی پەیمانی کۆن، بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێکراوە.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٦: ٢

(٢) کوڕانی خودا بینییان کچانی مرۆڤ جوانن. جا لە هەموو ئەوانەی هەڵیانبژاردن ژنیان هێنا .

لە زەبوورەکان زۆر بەڕوونی باسی کۆڕی خودایان دەکا.

پەیمانی کۆن زەبوورەکان ٨٢

(١) خودا لە کۆڕی خوداکان ڕاوەستاوە،
لەناو خوداکان دادوەری دەکا.
(٢) هەتا کەی بە ناڕەوایی دادوەری دەکەن،
لایەنگری بەدکاران دەکەن؟
(٣) بەرگری لە لاواز و هەتیوان بکەن،
دادی هەژار و کڵۆڵان بدەن.
(٤) فریای لاواز و نەداران بکەون،
لە دەست بەدکاران دەربازیان بکەن.
(٥) نازانن و تێناگەن، لە تاریکیدا دەڕۆن،
هەموو بنچینەکانی زەوی دەشڵەژێن.
(٦) من گوتم: ئێوە ’خوداکان‘ن،
هەمووتان کوڕی خودای هەرەبەرزن.
(٧) بەڵام وەک ئادەمیزاد دەمرن،
وەک یەکێک لە میرەکان دەکەون.
(٨) خودایە، هەستە! دادوەری زەوی بکە،
چونکە هەموو نەتەوەکان میراتی تۆن.

لە قۆناخی دووەم، پەرستنی خودا مەزن هەیە، لە پاڵ ئەوە خودایەش، دان بە چەندین خودای تر دادەن. لەو قۆناغەدا خودا خۆی بە خودای خودایان دادەنێ، لە هەمان کاتدا، دەبێ خودای بچووکتریش هەبن.

پەیمانی کۆن دواووتار ١٠: ١٧

(١٧) چونکە خودای پەروەردگارتان خۆی خودای خودایانە، و گەورەی گەورەیانە، ئەو خودا مەزنە بە توانا بە سامەی لایەنگری ناکا، و بەرتیل وەرناگرێ.

لێرەدا تەورات دان بەوە دادەنێ کە خودای ئیسرائیل، خودای خودایانە، و لە گشتیان مەزنترە. و سەرڕاستە و بەریل وەرناگرێ و بەڕەوایی بڕیاردەدا، و لایەنگیری هیچ لایەک ناکا.

لە قۆناخی سێیەم، کە دەکاتە سەردەمی نەبی یەرمیا (٦٤٥ – ٥٨٧ پ.س.ب)، خودا پەرستنی گشت خوداکانی تر ڕەت دەکاتەوە. بە ڕوونی قۆناخی یەکتاپەرستی دەستی پێکردووە. بە مانایەکیتر، باوەڕی یەکتاپەرستی لەناو دینە ئیبراهیمیەکان، نزیکەی ١١٠٠ ساڵ بەر لە دینی ئیسلام دەستی پێکردووە.

پەیمانی کۆن یەرمیا ١٠: ١ – ٥

(١) ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ بگرن یەزدان چی بە ئێوە دەفەرموێت .(٢) یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

ئێوە نەریتی نەتەوەکان فێر مەبن و لە نیشانەکانی ئاسمان مەتۆقن،

هەرچەندە نەتەوەکان لەم شتانە دەتۆقن.

(٣) چونکە نەریتی نەتەوەکان مایەپووچە:

درەختی بڕاوەی دارستانن، دارتاش بە ئەسکەنە دروستیان دەکات،

(٤) بە زێڕ و زیو دەیڕازێننەوە و بە مێخ و چەکوش توندیان دەکەن

بۆ ئەوەی نەلەقن.

(٥) وەک داوەڵی لە بێستانی خەیاردان، بتەکانیان قسە ناکەن،

بە هەڵگرتن هەڵدەگیرێن، چونکە هەنگاو نانێن،

لێیان مەترسن، چونکە زیان نابەخشن، هەروەها ناتوانن هیچ سوود بگەیەنن.

بەپێی کرۆنۆلۆژیای تەورات، لەسەرەتادا جولەکە وەک گشت هۆزەکانیتری ڕەوەندی بیابان، فرەخودا پەرست بووین، دواتر بە سێ قۆناخی جیاواز بوونەتە یەکتاپەرست. هەرچەندە دینی ئیسلام، هەمان ڕێچکەی گرتووە. کەچی دینی کریستیان ڕێبازێکی تری گرتووە. و خۆی لە بنەڕەتی گەلی ئیسرائیل جیاکردۆتەوە، لەوانە خەتەنەکردن و خۆ بەگەلی خودای هەڵبژاردە زانین، هەروەها قەدەغەکردنی گۆشتی بەراز. کەچی ئیسلام لەسەر هەمان ڕێبازی جولەکە بەردەوام بووە. و گشت یاساکانی کۆپی کردوون.

ترسی نەبی لە خوێندنەوەی تەورات

لەوانەیە ئەو زانایانەی، شارەزاییان بە یاساکانی محمد هەیە، پێویستیان بە خوێندنەوەی تەورات، و ئینجیل هەبێ. ئەوەش بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی ئیسلام، وەک وەڵامدانەوەی دوژمنانی خودا، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی گەورەیی قورئان، و ڕاستی ڕێنماییکردنی لەخۆدەگرێ. بەڵام سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی، بە شێوەیەکی گشتی، هیچ کام لەوانەیان نەبوو. بەڵکو کاتی شتێک لە تەورات یان ئینجیل دەدۆزنەوە، پێویستبوو، لە شوێنێکی باشدا بیانشارنەوە یان بیسوتێنن، تا کەس بەلاڕێدا نەچێ.

ڕووداوێک دەگێڕنەوە، جارێکیان محمد بەشێک لە تەوراتەکانی لە دەستی عومەردا بینیوە، و تووڕە بووە و دەڵێت: دیارە گومانت هەیە ئەی إبن الخطاب؟ من شتێکی سپی و پاکم بۆ هێناون، ئەگەر موسا زیندوو بووایە، هیچ بژاردەیەکی نەمابوو جگە لە شوێنکەوتنم[9].

هەروەها البخاری باسی کێشەیەکیتر دەکا:
خاوەن پەرتووک تەوراتیان بە عیبرانی دەخوێندەوە و بە عەرەبی بۆ خەڵکی ئیسلام ڕاڤەیان دەکرد. پەیامبەری خودا گوتی: پێیان باوەڕ مەکەن و بە درۆشیان مەخەنەوە، بڵێن: بڵێن باوەڕمان بە خودا هێناوە، و بەوەی بۆمان دابەزیووە.[10]

---

[9] ابن كثير البداية و النهاية ، جزء الثالث، ص ٣٥، السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، ج الاول، ص ٢٢٣
[10] صحيح البخاري، حديث رقم: ٤٤٨٥

سورة البقرة ٢: ١٣٦

قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا (١٣٦)

بڵێن باوەڕمان بە خودا هێناوە، و بەوەی بۆمان دابەزیووە (١٣٦)

ئەو هەڵسوکەوت و تووڕەبوونەی محمد، چ بەرامبەر عومەر، یان بەرامبەر ئەحبارەکانی جولەکە، ترس و گومانێکی لە ناخدا پەیداکردبوو، دەیزانی زوو یا درەنگ خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار، بە تێگەیشتن لە تەورات، ڕاستییەکانی قورئانیان بە جوانی بۆ دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، محمد باش دەیزانی توێژی ئەرستۆکراتی مەککە و مەدینە، تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان لە تەورات هەبوو. و بە ئاسانی دەیانتوانی پەرەگرافەکانی تەورات، لە ناو ئایەتەکانی قورئان بناسنەوە. بۆیە ڕاستەوخۆ دەڵێ: هیچ ڕێنماییەک نییە بێجگە لە قورئان.

گریمان کەسێکی هوشیار و خاوەن زانین، بە پەرۆش بێ. و لە دیندا بیەوێ زیاتر لە ڕەهەندە دینییەکان قووڵبێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ ئاستی زانستی لە قورئان چەندە، و بەراوردکارێک لە نێوان قورئان، و پەرتووکەکانیتری وەک تەورات و ئینجیل بکا. کە لەڕاستیدا، هیچ زیانی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سوودبەخش دەبێ. کەواتە مرۆڤ ئاسایی بێ، یان پسپۆر بۆ قووڵبوونەوە لە دینەکەی خۆی، ئازادە بەراورد لەنێوان قورئان، و هەر پەرتووکێکی تری دینەکانی تربکا.

ئەو ترسی تەورات و ئینجیل کە محمد هەیبوو، تا ئێستاش لە دڵی دامودەزگا دینییەکان هەر ماون. محمد حەمیدالله لە وەرگێڕانی فەرەنسی قورئان، کە لە پاریس دەرچووە، ئاماژەی بە هەندێک لێکچوون لە نێوان دەقەکانی قورئان و دەقەکانی تەورات کردبوو. کاتی (مجمع الملك فهد لطباعة المصحف) وەرگێڕانەکەی دووبارە بڵاوکردەوە، گشت ئەو ئاماژانەی بۆ پەرتووکەکانی جولەکە و کریستیانی لابردبوون.

هەروەها دێنیس ماسۆن (Denise Masson) قورئانی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی، لە پەراوێزەکانی ژێرەوەی، وەرگێڕانی فەرەنسی خۆیدا، فراوانتر ئاماژەی بە سەرچاوەی تەورات و ئینجیل لە قورئان کردبوو. کاتی وەرگێڕانی فەرەنسییەکەی لە بەیروت بە سەرپەرشتی دکتۆر سوبحی الصالح، بە مۆڵەتی ئەزهەر بڵاوکرایەوە، هەموو ئاماژەکانی بۆ ئەو سەرچاوانە سڕابوونەوە.

گشت ئەوانە بەڵگەن بۆ ئەوەی، موسوڵمان دوای زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ، هێشتا بۆی نییە، پەرتووکی دینەکانیتر بخوێنێتەوە. یان بەراوردییان لەگەڵ قورئان پێبکا. ئەوەش ڕوونە کە قەدەغەکردنی سەرچاوەکانی قورئان، موسوڵمانان لە زەڵکاوی نەزانی دێڵێتەوە.

لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلام قوتابخانەیەک بۆ پەرتووکەکانی جولەکە و کریستیانی یا زەردەشتی نادۆزیتەوە. ئەوەش تاکە مانای ئەوەیە! نەزانی ڕێگایەکی ئاسانترە، بۆ کۆنترۆلکردنی خەڵک و ئاسانترە بۆ ڕێبازی (پەرت کە و زاڵ بە) تا بتوانێ لە ڕێگای، لەیەک دابڕێنی خەڵکی جیاواز، ناکۆکی نێوان نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز دروستکا. ئامانجی قەدەغەکردنی ئیسلامیش، بۆ شارەزابوون لە دەقەکانی دینی جولەکە و کریستیانی و زەردەشتی، تەنیا دروستکردنی بەربەستە، لە بەردەم هوشیارکردنەوە، و یەکیەتی و یەکسانی خەڵکی لە هەر شوێنێک بن. دوژمنی هەرە گەورەی مرۆڤیش نەزانییە.

نووسەری قورئان و تارمایی موسا

نووسەری قورئان لە سەرتاسەری ژیانی پەیامبەرایەتی، نەیتوانی لە سێبەری موسا دەربچێ. بەردەوام خۆی بە موسا دەچواند، و دەیەویست، هەنگاوەکانی ئەو دووبارە بکاتەوە. و ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە، کە بەپێی تەورات موسا کردوونی. هەر ئەوەشە، لە کۆتای تەمەنی دەیەوێ دوا ووتاری موسا دووبارە بکاتەوە. و مۆری کۆتایی ژیانی خۆی لە ناو دەقی قورئان تۆماربکا، بەڵام ناتوانێ وەک پێویستە کۆتایی پێبێنێ.

دوا ووتاری موسا بەم شێوەیە:

پەیمانی کۆن - دواووتار ٣١: ١ - ٤

(١) ئەوسا موسا چوو بەم ووشانە لەگەڵ هەموو بەنی ئیسرائیل قسەی کرد و (٢) پێی گوتن: ئێستا من تەمەنم سەد و بیست ساڵە، ئیتر ناتوانم ڕابەرایەتیتان بکەم و خوداش پێی فەرمووم: لەو ڕووباری ئوردونە مەپەڕەوە .(٣) خودای پەروەردگارتان لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە، خۆی ئەو نەتەوانە لەپێشتانەوە لەناودەبات و ئێوەش دەبنە میراتگریان. یەشوع لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە وەک خودا فەرمووی (٤) .

بەو چەند ووشەیە موسا کۆتایی بە پەیامی خۆی دێنێ و بە گەلی بەنی ئیسرائیل دەڵێ یەشوع لە پێشتانە و خوداش ڕێگاتان پیشان دەدا. نەتەوەکانی دێنە بەردەمتان لەناو دەبا. واتە موسا پەیامی شەڕ بۆ نەتەوەی بەنی ئیسرائیل بەجێدێڵێ. محمدیش بەهەمان شێوە لە سەرمەرگدا

پەیامی کۆتایی دینەکەی دەگەیێنێ. بەڵام جیاوازی لەوەدایە، لە تەورات موسا یەشوع دەکاتە جێنیشینی خۆی. کەچی ڕێگە بە محمد نادرێ هیچ کەس وەک جێنیشین دیاربکا.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٣

ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِۚ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٣)

ئیمرۆ خودانەناسان لە دینەکەی ئێوە بێ هیوابوون، جا لێیان مەترسن و لە من بترسن، وا لەو ڕۆوە دینەکەتانم تەواو کرد، و بڕشتی خۆم بۆ ئێوە کۆتایی پێهێنا، و ڕازیم ئیسلام ببێتە دینتان، هەر کەسیش ناچاربوو لە کاتی برسیە برسیەتی بێ زێدەڕۆیی تووشی گوناهێ، ئەوسا خودا لێبووردە و دڵۆڤانە.(٣)

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو محمد لەسەرە مەرگدابوو، داوای پارچە چەرمێک یان گەڵایەکی کرد، کە ڕاسپێرییەکانی لە سەر سیاسەت لە دوای خۆی بنووسێ. هەڵبەتە دەبێ پرسی جێنیشینیشی تێدابووبێ. کەچی داواکەیان پشت گوێ خست، و بۆیان نەهێنا. ئەوانی لەوێ بووین، ئەبو بەکر و عائیشە و عەلی بوون.[11] و نەیتوانی دوا قسەکانی وەک موسا بدرکێنێ. هەرچەندە شەڕو ماڵوێرانی و قڕکردنی دین و نەتەوەکانیتری دەمێکبوو دەستپێکردبوو. ئەوەش بەپێی سورەتەکانی ئەنفال، فتح، توبة و النصر لە دینی جولەکان خراپتربوو، و باشتر نەبوو. لە کۆتاییدا لەناو دەقەکانی قورئان کەسایەتی محمد و ڕەفتارەکانی بە ئاسانی دەتوانرێ بخوێندرێنەوە. لەلایەک بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی بەپێی هەڵومەرج و توانای خۆی دیاردەکا. لەڵایەکیتر ناتوانێ لە سێبەری نەبی موسا دەربچێ بەردەوام دەیەوێ خۆی وەک

[11] شاهين، دكتور عبدالصبور (٢٠٠٥) تاريخ القرآن ص ٩٤

موسا نیشان بدا. و هەنگاوەکانی ئەو (موسا) دووبارە دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆچی نەسارِیەکان و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە[12] بە پێی مێژوو دووبارەکردنەوەی کۆچی یەهودیەکان بوو، لە میسرەوە بۆ خاکی پەیمان. کە موسا نەگەیشتە جێگا و لە قەراخی ڕووباری ئوردن مرد. بەڵام یەهودیە نەسارِیەکان گەیشتن، و محمدیش دەوڵەتی دروستکرد.

قورِئان پشت بە سەرچاوەی لاوەکی دەبەستێ

قورِئان لە چەندین ئایەت دەڵێ، ئایەتەکانی بەوەی لە تەورات هاتوون پشتڕاستکراوەتەوە.

سورة آل عمران ٣: ٥٠

وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْۖ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ (٥٠)

بەو تەراتەی لە ناو دەستەکان دایە، دەسەلمێنم، و هەندێ لەو شتانەتان بۆ حەڵاڵ بکەم، کە لێتان حەرام کراوە. و بەڵگەیەکم لە خوداکەتانەوە بۆ هێناوە، سا لە خودا بترسن و گوێڕایەڵم بن (٥٠)

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پشتڕاستکردنەوەیە، لە پەرتووکەکانی ئەپۆکریف و چیرۆکەکانی (هاگادا) کە لە دینی جولەکە نایاسایین. یان لە تالمود و هتد.. هاتوون، هەر ئەوەشە کە قورِئان دینی کریستیان و جولەکە، بەوە تاوانبار دەکا، کە گۆڕین و لاڕێدابردنیان لە ئینجیل و

[12] Lafontaine, Odon (Olaf) The great secret of Islam. Pp 51

تەورات داکردووە. لەبەر ئەوەی دەقەکانیان لەگەڵ قورئان یەک ناگرنەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەتوانرێ، ووردبوونەوە لەو چەند ئایەتەدا بکرێ:

سورة البقرة ٢: ٧٥

أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ (٧٥)

ئاخۆ بەو هیوایەن، کە باوەڕتان پێ بێنن؟ کەچی دەستەیەکیان ووتاری خودایان دەبیست، پاشان، کە تێی دەگەیشتن، دەیانگۆڕی، دەشیانزانی کە دەیگۆڕن. (٧٥)

سورة البقرة ٢: ٧٩

فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ يَكۡتُبُونَ ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشۡتَرُواْ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلٗاۖ فَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا يَكۡسِبُونَ (٧٩)

سا هاوار بۆ ئەوانەی، بەدەستی خۆیان پەرتووك دەنووسن، ئەوسا دەڵێن لە خوداوە هاتووە، بۆ ئەوەی نرخێکی کەمی پێ بەدەست بێنن، جا قورپان بەسەر، لەوەی بە دەست نووسیویانە، و قوریان بەسەر بۆ ئەوەی وەدەستیان هێناوە. (٧٩)

سورة البقرة ٢: ١٧٤

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَشۡتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلًا أُوْلَٰٓئِكَ مَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٧٤)

ئەو کەسانەی ئەوە دەشارنەوە، کە خودا لە پەرتووکدا ناردوویە، و نرخێکی کەمی پێ وەبەدەست دێنن، ئەوانە هیچ شتێ لە سکیان نائاخنن، تەنیا ئاگر نەبێ، و خودا لە ڕۆژی سکاڵادا، نایان دوێنێ، و گوناهیان پاکیان ناکاتەوە، و سزایەکی بەسۆیان هەیە. (١٧٤)

ئەو شێوە دەربڕینەی نووسەری قورئان، بە هەمان شێوەیە، لە قورئان دووبارە دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ یەک لەو سورەتانە هی مەککە نین، بەڵکوو لە سوورەتەکانی مەدینەن، ئەوکاتەی محمد دەستی بە دوژمنایەتی و قڕکردنیانکرد.

بۆ زیاتر لە ڕاستی دەربڕینەکانی ئەو سورەتانە، دەکرێ لەگەڵ دەقەکانی هاگادا، تالمود و پەرتووکە ناقانوونیەکانی کریستیانی و یەهودی بەراوردبکرێن. ئەوسا دەردەکەوێ کە نووسەری قورئان باش لە ئەدەبیات و کەلەپووری ئەو دوو دینە شارەزابووە. کەچی بێ ئاگابووە، لە ڕەهەندی مێژووبی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە لە گونجاندنیان وەک پێویستە، سەرکەوتوو نەبووە.

ئەوکاتەی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لە پەرتووکەکانی دزیلێکردوون، و چیرۆکە نایاساییەکانی (هاگادا) کە لە تالمود و شوێنەکانی دیکەدا باسکراون. هۆکاری تۆمەتبارکردنی جولەکە و کریستیانەکان، لەلایەن نووسەری قورئان، بە شێواندنی تەورات و ئینجیل، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن لە نێوانیان. ئایەتەکانی قورئان و دەربڕینیان، جیاوازن لەگەڵ دەقەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ. بە پێچەوانەوە، لەگەڵ پەرتووکە ئەپۆکریفەکانی (المنحول) جوولەکە و کریستیانەکان بەباشی دێنەوە. بەتایبەتی لە ڕۆلی کارەکتەر و ڕووداو و ئەفسانەکانی ئەو پەرتووکە ئەپۆکریفانەی، لە هەردوو دینی جولەکە و کریستیان بە ئاسانی دەیدۆزرێنەوە.

بۆ نموونە قورئان لەسەر پەرتووکی ئیبراهیم و موسا (صحف إبراهیم و موسی) دەدوێ. بەڵام ناوی ئەو پەرتووکانە لە پەیمانی کۆن دا نییە، بەڵکوو لە پەرتووکەکانی ئەپۆکریفی دەیان دۆزینەوە.

سورة الأعلى ٨٧: ١٨ – ١٩

إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ (١٨) صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ (١٩)

دیارە ئەوە لە پەرتووکە پێشینەکانیشدا هەیە (١٨) پەرتووکەکانی ئیبریاهیم و موسا. (١٩)

سورة آل عمران ٣: ٤٩

وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّيٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ وَأُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٤٩)

پەیامبەرێك بۆ نەوەکانی ئیسرائیل: ئەوا من لە پەروەردگارتان نیشانەم بۆ هێناون. لە قورِ شێوەی باڵندەیەک سازدەکەم، بە مۆڵەتی خودا فووی تێدەکەم، دەبێتە باڵداری دروست. جگە لەوەش کوێری و بەڵەکی چارە دەکەم، بە مۆڵەتی خودا مردووش زیندوو دەکەمەوە، و هەرچی لە ماڵیشتان دەخۆن و ئەمباری دەکەن، ئەوانە بەڵگەن بۆ ئێوە، ئەگەر ئێوە بڕوادارین. (٤٩)

بە پێی ئەو ئایەتەی قورئان دەبێ یەسو (عیسا) باسی دروستکردنی باڵندەی کردبێ، کەچی لە هەر چوار ئینجیلەکانی قانوونی باسی شتی وای تێدانییە، کەچی تەنیا لە پەرتووکی ئەپۆکریفی کریستیانی شتی وا دەدۆزرێتەوە.

قورئان چیرۆکەکانی تەورات بە دروستی ناگێڕێتەوە

قورئان بەزۆری، لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی تەورات و ئینجیل، پەنا دەباتە بەر کورتکردنەوە. و ئەوەی دیکەش بەجێدێڵێ. هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە، ئەوەیە، ئەو دەقانەی قورئان پشتیان پێدەبەستێ، یان وەریاندەگرێ، ئەوانەن کە لە بەرژەوەندی، نووسەری قورئاندان. و خۆ لادانیشە لە ووردەکاری دەقی چیرۆکەکانی تەورات.

چیرۆکی ئادەم و حەوا

تەورات پێمان دەڵێ، دوای ئەوەی خودا ئادەمی دروستکرد، هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانی بۆ هێنا و داوای لێکرد ناو لە هەریەکیان بنێ. ئەوەش بە ڕاست و ڕەوانی لە تەورات هاتووە. کە ئادەم خۆی بەبێ هیچ یارمەتییەک ناوی بۆ ئاژەڵەکان دۆزیوەتەوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٢: ١٩ - ٢٠

(١٩)خودای پەروەردگار هەر لە خۆڵی زەوی هەموو ئاژەڵی کێوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمانی پێکهێنا. ئینجا بۆ پیاوەکەی هێنان، هەتا ببینێ ناوی چییان لێ دەنێ، هەر ناوێک کە پیاوەکە لە هەریەک لەم بوونەوەرە زیندووانەی نا، ئەوە ناوەکەی بوو .(٢٠) پیاوەکە ناوی لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی کێوی نا.

لەو گێڕانەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئادەم ئەو کەسەیە کە ناوی ئاژەڵەکانی ناوە، لە کاتێکدا قورئان دەڵێت:

سورة البقرة ٢: ٣١ – ٣٣

وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٣١) قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ (٣٣)

خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد، ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆ چوون، ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن. (٣١) گوتیان: هەر تۆی لە کەمایەتی بەدووری، ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردووین، هیچ نازانین. هەرخۆت زانای کارزانی (٣٢) گوتی: ئەی ئادەم! دەسا تۆ ناوی هەموو ئەوانەیان بۆ هەڵدە، کاتی ئادەم هەموو ناوێکی بۆ هەڵدان، گوتی: من بە ئێوەم نەگوت، کە هەر خۆمم هەر نهێنی لا ئاسمانان و زەوی دان، و هەرچی ئێوە بیشارنەوە، بیدرکێنن، دەیانزانم؟

لە گێڕانەوەی ئیسلامیدا بۆمان دەردەکەوێ، خودا خۆی ناوەکانی فێری ئادەم کردووە. و دواتر ویستویەتی فریشتەکان تاقیبکاتەوە، بە پرسیارکردن لە ناوی ئاژەڵان، بەڵام ئەوان نەیانزانیوون، لەکاتێکدا ئادەم زانیویەتی. قورئان چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی فریشتەکان لەگەڵ خودا موناقەشە بکەن، خوداش پێیان دەڵێت: ئەگەر ڕاستگۆ بن، وەک ئەوەی خودا فریشتەکان تۆمەتبار بکات بە درۆکردن، و فریشتەکان بڕیار نییە درۆ بکەن. پاشان پێیان دەفەرموێت: ئایا پێم نەگوتوون، کە غەیبی ئاسمانەکان و زەوی دەزانم؟ وەک

ئەوەی فریشتەکان باوەڕیان بە خودا نەکردبێ، کاتی بۆ یەکەمجار پێی گوتن، پێش ئەوەی داوا لە ئادەم بکا، ناوی ئاژەڵەکان بێ. کە غەیبەکانی ئاسمان و زەوی دەناسێ. باسی گفتوگۆی نێوان خودا و فریشتەکان لەم ئایەتانەدا بە باشی جێگیر نییە. بەڵام لە تەوراتدا هاتووە کە ئادەم ناوەکانی هەڵبژاردووە و خودا قبوڵی کردوون. و کردوونیەتیە ناوی ئاژەڵەکان و هیچ مشتومڕ و گفتوگۆیەک لە نێوان خودا و فریشتەکاندا نییە.

ئادەم و حەوا لە بەری درەختی ژیان دەخۆن

سەبارەت بە چیرۆکی ئادەم و حەوا، لەو کاتەی ڕووتن لە بە هەشت، لە تەورات دەڵێ:

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٣: ٦ - ٧

(٦) کاتی ژنەکە بینی بەری درەختەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بی، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی .(٧) ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانییان کە ڕووتن، و گەڵای هەنجیریان لێک دووری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروستکرد.

کاتی ئادەم و حەوا، دوای ئەوەی لەبەری درەختەکەیان خوارد، بینیان ڕووتن. گەڵای هەنجیریان لەیەک دووری، تا خۆیان بشارنەوە. بەڵام لە قورئان
سورة الأعراف ٧: ٢٢

فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ (٢٢)

به فێڵبازی سەرکێشی کردن، کاتی تامی درەختەکەیان کرد، نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیارکەوت، و هە وڵیاندا لە گەڵای باخەکە بخەنە سەر نێوگەڵیان، ئینجا خوداکەیان بانگیکرن: ئەی من نەهیم لێتان نەکردبوو لەم درەختە، وە پێم نەگوتبوون کە شەیتان بۆ ئێوە دووژمنێکی ئاشکرایە.

وشەی (یخصف) بە واتای (فڕێدان) دێ، ئەگەر ئادەم گەڵاکانی بەهەشتی بەسەر ناوگەڵی ڕووتی خۆیدا فڕێدابا، ئەوا ئەو گەڵایانە لەسەری نەدەمایەوە. باسی تەورات کە باس لەوە دەکات کە چەند گەڵای هەنجیریان پێکەوە دورین بۆ دروستکردنی بەروانکە، زیاتر گونجاوە. بەڵام محەمەد ناچار بوو دەستکاری هەندێک وردەکاری بکات بۆ ئەوەی دینە نوێیەکەی، وەک کۆپییەکی کاربۆنی دینی جوولەکە دەرنەکەوێ. جگە لەوەش قورئان پێچەوانەی نەریتی ئیسلامییە و دەڵێت:

سورة الأعراف ٧: ٢٧

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ (٢٧)

ئەی نەوەکانی ئادەم ئاگاداربن شەیتان فریووتان نەدا، هە روەك چۆن باوکانی ئێوەی لە بەهەشت بەدەرکردن دا، کاتیک جلەکانیان داکەند بۆ ئەوەی نێوگەڵی یەکتر ببینن، شەیتان خۆی و وەچەکانی بە جۆرێک دەتان

بینن، کە ئێوە نایان بینن، ئێمە لە ڕاستیدا شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەر و پشتیوان ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن (٢٧)

بە گوێرەی ئەو ئایەتە، دەبێ ئادەم و حەوا لەگەڵ دروستبوونیان جلوبەرگیان لەبەر دابووبێ، و شەیتان بە دەرخواردانی داری زانین لەبەری داکەندبن. ئەوەش بە پێچەوانەی چیرۆکەکانی کەلەپوورین، کە دەڵێن ڕووت بوون، بەڵام نەیان دەبینی، تا خواردنی بەری درەختی قەدەخەکراو. خودا چاویکردنەوە، و ناوگەڵی یەکتریان بینی، هەروەک تەوراتیش ئاماژە بە هەمان شت دەکا.

چیرۆکی موسا

لە چیرۆکی موسادا زۆر ووردەکاری پشتگوێ خستووە، وەک مردنی یەکەم منداڵی میسرییەکان و ئاژەڵەکانیان. داپۆشینی بەربەستەکە بە خوێن، و چیرۆکی نانە بێ خەمیرەکە. وەک لە بەشی ١١ و ١٢ی پەرتووکی دەرچوون.

سەرەڕای ئەوە، نووسەری قورئان، لەجیاتی ئەوەی هاڕوون تاوانبار کا، بە دروستکردنی گوێرەکە، تا جولەکە بیپەرستن، تووڕەیی خۆی بە خەڵکی تر دەردەکا.

سورة الأعراف ٧: ١٤٨

وَٱتَّخَذَ قَوۡمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِنۡ حُلِيِّهِمۡ عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٌۚ أَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمۡ وَلَا يَهۡدِيهِمۡ سَبِيلًاۘ ٱتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَٰلِمِينَ (١٤٨)

نەتەوەی موسا لە دوای خۆیدا لە خشڵەکانیان لاشەی گوێرەکەیەکیان (وەك خودا)بە خۆیانەوە گرت کە بۆڕەی دەهات، ئەی نەیاندەبینی کە قسەیان لەگەڵدا ناکات و ڕێنماییان ناکات بۆ ڕێگایەك، بەڵام هەر بە خۆیانەوە گرت، و ستەمکار بوون.(١٤٨)

سەرەڕای ئەوە قورئان ناوی هەندێ کەسایەتی دینی دێنێ، بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیان دەربارە بدا. بۆ نموونە نەبی الیسع و نەبی ذي الکفل، نەبی هود هەروەها نەبی صالح. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نووسەری قورئان ئەو ئایەتانەی ئاڕاستەی کەسانێک کردوون، مەزەندەی ئەوەی کردبێ چیرۆکی ئەو نەبیانە دەزانن. و پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکا. ئەوەش بەو مانایە دێ کە ئەو کەسانە شارەزای کولتووری جولەکە و کریستیانی بووین (کە بە یەهودی نەسرانی) یان تەنیا نەسرانی بووین. چونکە ڕێگای تێناچێ عەرەبی بەدەوی نەخوێندەوار، بێجگە لە جولەکە شارەزای ئەو چیرۆکانە بووبن.

بۆ تێگەیشتن لە قورئان، ڕاڤەکارانی موسوڵمان خۆیان پەنایان بۆ ئەفسانەکانی جولەکان بردووە.

ئەو ئایەتە دوو چیرۆکی پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون تێکەڵدەکا. بەوەش دەردەکەوێ چیرۆکەکان لە کەلەپووری میللی وەرگیرابن، نەک دەقی سەرەکی.

سورة الأعراف ٧: ١٦٠

وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ قَوۡمُهُۥٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ

مَّشۡرَبَهُمۡۚ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡغَمَـٰمَ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰۖ كُلُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقۡنَـٰكُمۡۚ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ (١٦٠)

و وەحیمان بۆ موسا نارد کە قەومەکەی داوای ئاوی خواردنەوەیان لێکرد، کە بە گۆپاڵەکەی لە بەردەکە بدا، ئەوەبوو دوانزە کانیاو لە بەردەکە هەڵقولان، وە هەر کۆمەڵێك لە خەڵکەکە زانیان کە کامە کانیاو شوێنی ئاو خواردنەوەیانە، هەوریشمان بەسەریاندا کرد بە سێبەر، گەزۆ و شیلاقەشمان بۆیان دابەزاند، (گوتمان) دەبخۆن لەو شتە نایابانەی کە کردوومانە بە ڕۆزیتان وە ستەممان لێیان نەکرد. بەڵکو خۆیان بوون کە ستەمیان لە خۆیانکرد. (١٦٠)

چیرۆکی یەکەم

پەیمانی کۆن دەرچوون ١٤: ١٥ – ٢٤

(١٥) خودا بە موسای فەرموو: چییە هاوارم بۆ دەکەی؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن. (١٦) تۆش گۆچانەکەت بەرز بکەرەوە و دەستت بۆ سەر دەریاکە درێژ بکە و لێکی بکەرەوە، ئیتر نەوەی ئیسرائیل دەچنە ناوەڕاستی دەریاکە بۆ سەر وشکانی ژێرەوەی. (١٧) ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان ڕەق دەکەم، ئەوانیش بەدوایاندا دێن، منیش شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانی. (١٨) میسرییەکانیش دەزانن کە من خودام، کاتێک شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی.

(١٩) ئینجا فریشتەکەی خودا کە لەپێش سوپای ئیسرائیلییەکانەوە دەڕۆیشت شوێنەکەی گواستەوە و لە دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش لەپێشیانەوە گواستییەوە و لە دواوەیان وەستا .(٢٠) هاتە نێوان لەشکری میسرییەکان و سوپای ئیسرائیلییەکان، ئیتر هەورەکە بە

درێژایی شەو تاریکی بۆ لایەک هێنا و ڕووناکی بۆ لایەکی دیکە. بۆیە بە درێژایی شەو هیچیان نزیکی یەکتر نەبوونەوە.

(٢١) موساش دەستی بۆ سەر دەریاکە درێژکرد، یەزدان بە درێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی توند دەریاکەی ڕامالی، دەریاکەی کردە زەوی وشک و ئاوەکە شەق بوو .(٢٢) ئیتر نەوەی ئیسرائیل چوونە ناو دەریاکە بۆ سەر وشکانی ژێرەوەی، ئاو بووە دیوار بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە.

(٢٣) میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی لە دوایان هاتنە ناوەندی دەریاکە .(٢٤) ئەوە بوو لە چاوەڕوانی بەرەبەیان، یەزدان لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەو خوار تەماشای لەشکری میسرییەکانی کرد و سەری لە لەشکری میسرییەکان شێواند

چیرۆکی دووەم

پەیمانی کۆن دەرچوون ١٧: ٤ – ٧

(٥) خودا بە موسای فەرموو: لەپێش گەلدا بڕۆ و هەندێک پیری ئیسرائیل لەگەڵ خۆت ببە و ئەو گۆچانەش کە پێی لە ڕووباری نیلت دا لەگەڵ دەستت بیبە و بڕۆ. (٦) من لەپێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشەبەردە لە حۆرێڤ وەستاوم. لە تاشەبەردەکە دەدەی، ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ و گەل دەیخۆنەوە. موساش بەو جۆرەی کرد لەبەرچاوی پیرانی ئیسرائیل. (٧) ئەو شوێنەیان ناونا مەسا و مەریبا، لەبەر دەمەقاڵێی نەوەی ئیسرائیل و لەبەر ئەوەی خودایان تاقی کردەوە و گوتیان: ئایا یەزدان لەنێوانمانە یان نا؟

لە چیرۆکی یەکەم هەور دەبێتە سێبەری بۆ بەنی ئیسرائیل، و دەریا شەقدەبێ. لە چیرۆکی دووەم موسا گۆچان لە بەرد دەدا، ئاو دەردەچێ. کەچی لە قورئان خودا بە موسا دەڵێ گۆچان لە بەرد بدە و هەوریش دەبێتە سێبەر.

هەروەها لە ئایەتێکیتردا

سورة القصص ٢٨: ٢٢- ٢٨

وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلۡقَآءَ مَدۡيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهۡدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ (٢٢) وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدۡيَنَ وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمۡرَأَتَيۡنِ تَذُودَانِۖ قَالَ مَا خَطۡبُكُمَاۖ قَالَتَا لَا نَسۡقِي حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ وَأَبُونَا شَيۡخٞ كَبِيرٞ (٢٣) فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ (٢٤) فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ قَالَتۡ إِنَّ أَبِي يَدۡعُوكَ لِيَجۡزِيَكَ أَجۡرَ مَا سَقَيۡتَ لَنَاۚ فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيۡهِ ٱلۡقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفۡۖ نَجَوۡتَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٥) قَالَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ (٢٦) قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَۖ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أَشُقَّ عَلَيۡكَۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٢٧) قَالَ ذَٰلِكَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَۖ أَيَّمَا ٱلۡأَجَلَيۡنِ قَضَيۡتُ فَلَا عُدۡوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ (٢٨)

کاتی بە ئاڕاستەی مەدیەن ڕۆیشت، گوتی ڕەنگ بێ خوداکەم ڕێگاکەم نیشان بدا. (٢٢) و کاتی هاتە سەر ئاوی مەدیەن، بینی کۆمەڵێك، خەڵک لەسەر بیر ئاو دەدەن، وە لەولایانەوە دوو ژنی بینی دوورەپەرێز وەستابوون، موسا بە دوو ژنەکەی گوت خەریکی چین؟ گوتیان ئاو نادەین تاوەکو ئەو شوانانە نەڕۆن، و باوکمان پیرێکی بە تەمەنە (٢٣) جا موسا ماڵاتی دوو ژنەکەی ئاودا،

ئینجا چووە ژێر سێبەرەکە و گوتی: خوداکەم لەگەڵ ئەوەش چاکەت بەمن داوە، بەڵام هێشتا هەژارم (٢٤) جا یەکێك لە دوو ژنەکە بە شەرمەوە دەڕۆیشت، هات بۆ لای موسا گوتی:

باوکم داوەتت دەکات بۆ ئەوەی پاداشتت بداتەوە چونکە بۆ ئێمە مەڕەکانت ئاودا، جا کاتێك موسا چوو بۆ لای و چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، گوتی مەترسە لە خەلکی ستەمکار رزگارت بووە. (٢٥) یەکێ لە ژنەکان گوتی، ئەی باوکە موسا بەکرێ بگرە، جاکترین کەسە بۆ ئەوەی بەکرێی بگری، چونکە کەسێکی بەهێز و دەستپاکە (٢٦) باوکیان گوتی من دەمەوێت یەکێ لەو دوو کچانەم نیکاحت بکەم بە مەرجێ، هەشت ساڵ کارم بۆ بکەی، خۆ ئەگەر دە ساڵت تەواو کرد ئەوا (لە چاکەی خۆتە)، من نامەوێ لەسەرتدا قورس بکەم، ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێ، ئەوا دەبینی کە لە پیاوچاکانم. (٢٧) موسا گوتی ئەوە پەیمانێك بێ لە نێوان من و تۆدا، هەر کامێك لەم دوو ماوەیەم تەواو کرد، نابێ ناهەقیم لەگەڵدا بکەیت، خودا بریکارە لەسەر ئەوەی دەیڵێین. (٢٨)

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٢٩: ١ – ٣٠

(١) ئینجا یاقوب پێی هەڵگرت و بەرەو خاکی گەلانی ڕۆژهەڵات ڕۆیشت. (٢) بینی وا بیرێک لە دەشتودەرەکە هەیە و سێ ڕانە مەڕ لەوێ ڕاکشاون، چونکە شوانەکان لەو بیرەوە مەڕەکانیان ئاو دەدا. بەردێکی گەورەش لەسەر دەمی بیرەکە بوو .(٣) کاتێک هەموو مێگەلەکان لەوێ کۆدەبوونەوە، شوانەکان بەردی سەر دەمی بیرەکەیان گلۆر دەکردەوە و مەڕەکانیان ئاو دەدا. پاشان بەردەکەیان دەگەڕاندەوە سەر دەمی بیرەکە، بۆ شوێنی خۆی.

(٤) یاقوب بانگی کردن: برایان، ئێوە خەڵکی کوێن؟

ئەوانیش گوتیان: ئێمە خەڵکی حارانین.

(٥) پێی گوتن: لابانی کوڕەزای ناحۆر دەناسن؟

گوتیان: دەیناسین.

(٦) ئینجا یاقوب گوتی: خۆ سەلامەتە؟

گوتیان: بەڵێ سەلامەتە، ئەوەش ڕاحێلی کچییەتی مەڕەکان بەرەو ئێرە دێنێت.

(٧) گوتی: وا هێشتا ڕۆژ زۆری ماوە، کاتی کۆکردنەوەی مەڕەکان نییە. مەڕەکان ئاو بدەن و بڕۆنەوە بیانلەوەڕێنن.

(٨) ئەوانیش گوتیان: ناتوانین، هەتا هەموو مەڕەکان کۆنەبنەوە و بەردی سەر دەمی بیرەکە تل نەدرێت. ئەو کاتە مەڕەکان ئاو دەدرێن.

(٩) هێشتا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیان، ڕاحێل هات و مەڕەکانی باوکیشی لەگەڵ بوو، چونکە ڕاحێل شوان بوو. (١٠) کاتێک یاقوب ڕاحێلی کچی لابانی خاڵی و مەڕەکانی لابانی خاڵی بینی، یاقوب چووە پێشەوە و تلی دا بە بەردی سەر بیرەکە و مەڕەکانی لابانی خاڵی ئاو دا. (١١) یاقوب ڕاحێلی ماچکرد و دەنگی بەرزکردەوە و گریا .(١٢) ئیتر یاقوب لە ڕاحێلی گەیاند کە ئەو کەسی باوکییەتی و کوڕی ڕفقەیە. ئەویش ڕایکرد و بە باوکی ڕاگەیاند.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٢: ١١ – ٢٢

هەڵاتنی موسا بەرەو میدیان

(١١) کاتێک موسا گەورە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان چووە دەرەوە بۆ لای براکانی و سەیری بارگرانییەکانی کرد، بینی پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی دەدات، کە لە براکانییەتی .(١٢) ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو لای کرد و بینی کەسی

لێ نییە، ئیتر میسرییەکەی کوشت و لەناو لم شاردییەوە .(١٣) بۆ ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی دوو پیاوی عیبرانی شەڕ دەکەن. لە خەتابارەکەی پرسی: بۆچی لە هاوەڵەکەت دەدەیت؟ (١٤) ئەویش گوتی: کێ تۆی کردووە بە گەورە و دادوەر بەسەرمانەوە؟ ئایا دەتەوێ بمکوژیت هەروەک میسرییەکەت کوشت؟ جا موسا ترسا و گوتی: بێگومان ئەم کارە زانراوە! (١٥) کاتێک فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا موسا بکوژێت، بەڵام موسا لە دەست فیرعەون هەڵات و لە خاکی میدیان جێگیر بوو، لەلای بیرێک دانیشت .(١٦) کاهینی میدیانیش حەوت کچی هەبوو، هاتن و ئاویان هەڵکێشا، ئاخوڕەکانیان پڕکرد بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان .(١٧) لەو کاتەدا شوان هاتن و دەریانکردن، بەڵام موسا هەستا و فریایان کەوت و مەڕەکانی ئاودان. (١٨) کچەکانیش هاتنە لای ڕەعوئێلی باوکیان، ئەویش لێی پرسین: بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتنەوە؟ (١٩) ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: پیاوێکی میسری فریامان کەوت لە دەست شوانەکان، هەروەها ئاوی بۆ کێشاین و مەڕەکانیشی ئاو دا. (٢٠) ئەویش بە کچەکانی گوت: ئەی لەکوێیە؟ بۆ پیاوەکەتان بەجێهێشت؟ بانگهێشتی بکەن با نان بخوات. (٢١) موسا ڕازی بوو لەگەڵ ئەو پیاوە بمێنێتەوە. ئەویش چیپۆرەی کچی دایە موسا (٢٢) چیپۆرەش کوڕێکی بوو، موساش ناوی لێنا گێرشۆم، چونکە گوتی: نامۆ بووم لە خاکی بێگانە.

قوڕئان دەڵێ

و کاتی هاتە سەر ئاوی مەدیەن، بینی کۆمەڵێك، خەڵک لەسەر بیر ئاو دەدەن، وە لەولایانەوە دوو ژنی بینی دوورەپەرێز وەستابوون، موسا بە دوو ژنەکەی گوت خەریکی چین؟ گوتیان ئاو نادەین تاوەکو ئەو شوانانە نەڕۆن، و باوکمان پیرێکی بە تەمەنە (٢٣)

لە پەیمانی کۆن دەڵێ:

کاهینی میدیانیش حەوت کچی هەبوو، هاتن و ئاویان هەڵکێشا، ئاخورەکانیان پڕکرد بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان .(١٧) لەو کاتەدا شوان هاتن و دەریانکردن، بەڵام موسا هەستا و فریایان کەوت و مەڕەکانی ئاودان.

لە چیرۆکی یاقوبیش

(٧) گوتی: وا هێشتا ڕۆژ زۆری ماوە، کاتی کۆکردنەوەی مەڕەکان نییە. مەڕەکان ئاو بدەن و بڕۆنەوە بیانلەوەڕێنن.

(٨) ئەوانیش گوتیان: ناتوانین، هەتا هەموو مەڕەکان کۆنەبنەوە و بەردی سەر دەمی بیرەکە تل نەدرێت. ئەو کاتە مەڕەکان ئاو دەدرێن.

(٩) هێشتا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیان، ڕاحێل هات و مەڕەکانی باوکیشی لەگەڵ بوو، چونکە ڕاحێل شوان بوو.

قورئان لە نێوان ئەو دوو چیرۆکە، چیرۆکێکی نوێی دروستکردووە، کە جیاوازە لە هەردووکیان.

سەبارەت بە داود

سورة ص ٣٨: ٢١ – ٢٢

وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ (٢١) إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ (٢٢)

و ئاخۆ هەواڵی ناکۆکیکەرەکانت پێگەیشت کە بە دیواری میحراب سەرکەوتن؟ (٢١) کە لە داود هاتنە ژوورەوە، لێیان تۆقی، گوتیان مەترسە،

دووکەسین ناکۆکیمان هەیە، یەکێکمان ستەمی لەوەی تریان کردووە، بە ڕەوایی دادوەریمان لە نێوان بکە و ستەم مەکە، وەک یەک بە دروستی ڕێنماییمان بکە (٢٢)

ڕاستی چیرۆکەکەی پەیمانی کۆن ئەوەیە.

دووەم سمۆئیل ١٢: ١ – ١٢

سەرزەنشتی داود لەلایەن ناتانەوە

(١) خودا ناتانی نارد بۆ لای داود، ئەویش هاتە لای و پێی گوت: دوو پیاو لە شارێکدا هەبوون، یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان هەژار .(٢) پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو .(٣) بەڵام هەژارەکە هیچی نەبوو، جگە لە بەرخێکی مێی بچووک کە کڕیبووی و بەخێوی کردبوو. لەگەڵ خۆی و هەموو منداڵەکانیدا گەورە ببوو. بەرخەکە لە پاروەکەی ئەو دەیخوارد و لە جامەکەی ئەو دەیخواردەوە، لە باوەشیدا دەنوست و وەک کچی ئەوی لێهاتبوو.

(٤) ئەوە بوو ڕێبوارێک بووە میوانی پیاوە دەوڵەمەندەکە، بەڵام دەوڵەمەندەکە ڕازی نەبوو مەڕێک یان مانگایەکی خۆی بکاتە ژەمێک بۆ میوانەکە کە ڕووی تێکردبوو. لە جیاتی ئەوە کاوڕەمێیەکەی هەژارەکەی برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو«.

(٥) داود زۆر لەو پیاوە تووڕە بوو، بە ناتانی گوت: بە خودای زیندوو، ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە شایانی سزای مردنە !(٦) لە جیاتی کاوڕەمێیەکەش چوار قات دەداتەوە، لە دەرئەنجامی ئەوەی ئەم کارەی کردووە، لەبەر ئەوەی بەزەیی نەبووە.

(٧) ناتانیش بە داودی گوت: ئەو پیاوە تۆی! خودای پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: من دەستنیشانم کردی ببیتە پاشای ئیسرائیل، من لە دەستی شاول دەربازم کردیت. (٨) ماڵی گەورەکەتم پێدای و ژنەکانی ئەوم خستە باوەشتەوە، بنەماڵەی ئیسرائیل و یەهودام پێدای. ئەگەر ئەوەش کەم بووایە ئەوا زیاتریشم بۆ دەکردی.

ئەو بابەتە لە باسی داود، بە درێژیتر و هۆکاری سەرەکی کە چۆن داود ئۆریانی شەرکەر و دڵسۆزی کوشت تا ژنەکەی مارەکاتەوە. باس دەکرێ. بەڵام قورئان هەم زۆر بەکورتی چێرۆکەکە دەگێڕێتەوە، و هەم گۆڕیووە، بۆ پێدا هەڵگوتنی چاکی و دادوەری داود.

قورئان لە ئایەتێک دەڵێ فیرعەون خۆی بە خودا زانیووە، کەچی هەم لە تەورات و هەمیش لە مێژووی شوێنەوارناسی، پێچەوانەیە، سەرەڕای تێکەڵکردنی کەسایەتی هامان، و دروستکتدنی قەڵایەک کە هیچیان بنەمای مێژوویان نییە.

سورة القصص ٢٨: ٣٨

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٣٨)

فیرعەون گوتی ئەی دیوەخان نیشینان، نەمزانیوە بێجگە لەمن خودایەکتان هەبێ، سا هامان، تۆ خشتی کاڵم بۆ لەسەر ئاگر بخارێنە، قەڵایەکم بۆ دروست کە، تا لەوێ ڕا بڕوانمە خودای موسا، کە من پێم وایە لە درۆزنانە (٢٨)

هیچ پەیوەندییەک لە نێوان چیرۆکی موسا و چیرۆکی تەلار دروستکردن نییە، بەڵکوو ئەو تەڵارە لە زیگوراتی بابلییەوە هاتووە، کە نووسەری قورئان تێکەڵی کردووە.
پەیوەندیەکیش لە نێوان هامان و موسا نییە. بەپێی پەیمانی کۆن، پەرتووکی ئەستیر، هامان وەزیری پاشا ساسانی، ئەحشوریش بووە.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەستیر ٧: ٦

(٦) ئەستێر گوتی: ئەوە ناحەزەکەمانە، دوژمنمانە، هامانی خراپەکار!

هەروەوەها لە کەلەپووری جولەکە، کاتی براکانی یوسف، دەیانەویست یوسف بفرۆشنە بازرگانە مێدیەکان، کە وەک کۆیلەیەکی جولەکە بۆ پاشا ئەحشەروش لەلایەن هامانەوە. ئەو دەربەدەرِیی و کۆیلایەتی جولەکان لە دەقی سێیەمی پەرتووکی ئەستیریش هاتووە.
براکان بۆ فرۆشتنی یوسف، وەک کۆیلە لەگەڵ مێدیەکان رێککەوتن. لەو کاتەی لەسەر نانخواردن دانیشتبوون. خودا لێیان وەدەنگ هات، و گوتی: لە ژەمێکدا براکەتان فرۆشت، و... بەم شێوەیە ئەحشەروش نەوەکانت دەفرۆشێت بە هامان لەسەر ژەمێک، لەبەر ئەوەی یوسفتان فرۆشتووە بۆ ئەوەی ببێتەکۆیلە، جا ساڵێک دوای ئەوە دەڵێن: ساڵ، ئێمە کۆیلەی فیرعەون بووین لە میسر.[13]

لێرەدا مەبەستی فرۆشتنی یوسف بە هامان نییە لەلایە نە ئەحەشوێرۆش، بەڵکوو مێتافۆرێکە بۆ دەقی سێیەمی پەرتووکی ئەستیر.

[13] Ginzberg, Louis (2003) Legends of Jewish. Vol. 1, pp. 335.

مشتومڕێکی بەرفراوان لەسەر مەریەم (دایکی کریست) هەیە، کە قورئان بە خوشکی هارون ناوی دەبا، هەروەها دایکی بە هاوسەری عمران. وا دەردەکەوێ نووسەری قورئان، دایکی کریست و خوشکی موسای لێ تێکەڵ بووە. کە زیاتر لە هەزار ساڵ ماوەی نێوانیانە.

سورة مریم ١٩: ٣٥

يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ أُمُّكِ بَغِيّٗا (٢٨)

ئەی خوشکی هارون، نە باوکت پیاوێکی خراپ بووە، وە نە دایکت دواێن تەڕ. (٢٨)

هەروەها

آل عمران ٣: ٣٥

إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ (٣٥)

و کە ژنی عیمران گوتی: خوداکەم من نەزرم کردووە کە ئەوەی سکم تەرخان دەکەم بۆ تۆ، جا لێم قبووڵ بکە، لە ڕاستیدا تۆ بیستەرە داناکەیت. (٣٥)

شەریعەتی ئیسلام و یاسای موسایە

ووتەی بەرایی

بەردەوام گوێمان لە ڕاڤەکارانی ئیسلام و پێشڕەوانی دەبێ، کە دەڵێن ئیسلام پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی و دوا پەیامە. هەروەها پەیامبەری ئیسلامیش دوا پەیامبەرە. ئیسلام و شەرعی تاکە و پێش ئەو شەرعە مرۆڤ بەڕەڵابووە. و زۆر شتیتر.

ئەو لێکدانەوەیە بێجگە لە ووڕێنەیەکی ڕووت شتێکیتر نییە. ئەگەر بەناو دەقەکانی قورئان و فەرموودەکان و سونەتی ئیسلامدا بچینەوە، ئیسلام نە پیامێکی پێیە، و نە هیچ شتێکی نوێی هێناوە، کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکا.

ئەو هزر و دەقانەی کە بانگهێشتیان پێدەکا، و هیچیان نوێ نین. بەڵکوو پێشوەخت لای جولەکان و دینەکانی فرەخودایی زانراون وەک دەقی پیرۆز کاریان پێکراوە. بەوەش دەتوانین بڵێین ئیسلام نە شەرعی هەیە و نا سیستەمێکی بکۆمەڵایەتی. بەڵکوو شەریعەتەکەی، بە شێوەیەکی شێواو لە دینی جولەکە وەرگیراوە.، بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین پەرتووکەکەی (قورئان)، هیچ شتێکی نوێی سەبارەت بە شەریعەت و تاوتوێکردنی کۆمەڵگە، و ماف و سزای تێدانییە. بەڵکوو وەک کۆپیەکی شێوێندراوی یاسای موسایە.
ئەو بابەتە تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، لە نێوان دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام و یاساکانی موسا بەپێی تەورات و تالمود.

بەر لەوەی محمد، بانگهێژی بۆ دینی ئیسلام بکا، وەک عەرەبێکی دوورگەی عەرەبی زانیاری باشی، لەسەر جولەکان هەبوو، کە دەسترۆی ئەتروب بوون. و هەروەها پەیوەندیەکی زۆر نزیکی، لەگەڵ یەهودیە نەسارِیەکانی مەککە هەبوو، بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ قەشە وەرەقە بن نۆفل. سەرەڕای ئەوە هەموو ساڵ کاتی ڕەمەزان لەگەڵ قەشە وەرەقە، عبدالمطلیبی باپیرەی و أمیة بن أبی صلت و هەندێکیتر دەچووە ئەشکەوتی حەرا، بەردەوام گوێی لە باس و خواسی دینداری و چیرۆکی نەبیەکان و تەورات و هتد. دەکرد. سەرەڕای ئەوە زانیاری لەسەر دینی کریستیانیش هەبوو، کە لە چەند شوێنی دوورگەی عەرەبی بڵاوبووبوونەوە، هەندێ لە هۆزەکانی عەرەب وەریانگرتبوو، لەوانە الغساسنة و سلیح و تغلب و تنوخ وجذام و بنو أسد و مضر و ربیعة.

سەرەڕای ئەوەش محمد خۆی چەندین جار گەشتی بۆ شام و یەمەن کردبوو، کە دوو ناوچەی سەرهەڵدانی دینی جولەکە و کریستیانی بوون. هەر لە تەمەنی منداڵی، چەند جار لەگەڵ ئەبی تالیبی مامی گەشتی کردبوو. و دواتر لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵی بەدواوە، وەک بریکاری بازرگانی بۆ خەدیجە کچی خویلد گەشتی شام و یەمەنی دەکرد. لە گەشتەکانی دا، چاوی بە ئەحبارەکانی جولەکە و یەهودیە نەسارِیەکان دەکەوت، دوای ئەوەی زانیاری باش و قووڵتری، سەبارەت بە ژیانی نەبیەکانی پێشتر، بنەماکانی دین و یەکتاپەرستی لەوان وەرگرت. لە مەککەش کە محمد خۆی لەوێ دەژیا، لە پەیوەندی بەردەوام دابوو لەگەڵ وەرەقە کوڕی نۆفل، کە زانیاریەکی زۆری لەسەر هەردوو دینی جولەکە و نەسارِی هەبوو. و محمدی بەو بیرۆکانە ئاو دەدا. هەر لە ڕێگای قەشە وەرەقەوە ئاشنایەتی لە گەڵ بوحێرای ڕەبەن پەیداکرد.

ئەو نووسینە بریتییە لە بەراوردێک لە نێوان شەریعەتی ئیسلام و یاسای جولەکە، کە بریتین لە تەورات و تالود و بڕیاری حاخامەکان.

تێبینی کە باسی تالمود دەکرێ، وەک پەرتووکێکی پیرۆز لای جولەکان، لە سەردەمی دیلی جولەکان لە بابل تا دوو سەد ساڵ بەر لە پەیدابوونی ئیسلام نووسراوەتەوە.

ده فەرمانی خودا بۆ موسا

یەک لەو بابەتە گرنگانەی، لە شوێنی جیا جیا، وەک فەرمایشتی خودا لە ناو دەقەکانی قورئان باسکراون، فەرمایشتەکان خودان بۆ موسا. کە بەپێی دەقی تەورات، خودا لە تووری سینا دانیە موسا. و لە تەورات پەرتووکی دەرچوون، دەقێ ٢٠ تۆمارکراون.

هەر دە فەرمایشتەکە لە قورئان بەپێ گونجان و بە شێوەی پەرش و بڵاو لێرە و لەوێ فڕێدراون. کەچی خوێنەر دەتوانی بە ئاسانی، لەگەڵ تەورات بەراوردیان بکا.

نووسەری قورئان، بەردەوام لە سێبەری دینی جولەکە دابووە، و پەیرەوکاری یاساکانی موسا بووە، لێرە هەر دە فەرمانەکە یەک لە دوای یەک، لەگەڵ ئایەتی قورئان بەراورد دەکرێن:

لەگەڵ ئەوەشدا، لە سورەتی الأنعام ئایەتی ١٥١ و ١٥٢ زۆربەی فەرمانەکان، یەک لە دوای یەک دووبارە بوونەتەوە.

قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔاۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًاۖ
وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْۖ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ
مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّۚ ذَٰلِكُمْ
وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١) وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ
أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا
إِلَّا وُسْعَهَاۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْۚ ذَٰلِكُمْ
وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (١٥٢) وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُۖ
وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ
تَتَّقُونَ (١٥٣)

بڵێ: وەرن ئەوەتان پێ بڵێم کە پەروەردگارتان، لێی بە نارەوا زانیون: کە هاوبەش بۆ خودا دامەنێن، و چاکە لەگەڵ دایك وباوکتان بکەن، و منداڵەکانتان لەبەر و برسیەتی مەکوژن، ئێمە بژێوی بە ئێوە و ئەوانیش دەدەین، و بە ئاشکرا و نهێنی لە خراپەکاری نزیك مەبنەوە، وە کەسیش مەکوژن کە خودا حەرامی کردووە تەنیا بە هەق نەبێ، ئەوانەن کە پێی ڕاسپاردوون، بەڵکو ئاقڵ دەبن. (١٥١) و نزیکی ماڵ و سامانی لە سامانی هەتیوان مەکەون، مەگەر بەچەشنێ کە باشتر بپارێزی، تا هەڕەتی دێ (پێدەگا)، با پێوانە و تەرازووشتان بەرامبەر بێ ، کەم و کووڕی تێدانەبێ، ئێمە لە توانای بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس، و ئەگەر قسەیەکتان کرد، ڕەوا بن، جا با دژی ک خزمی نزیکی خۆشتان بێ، و پابەندی بەڵێنتان بن بە خودا، ئەوانەن کە پێی ڕایسپاردوون، بەڵکو هەر لە بیرتان بێ (١٥٢) ئەوەیە ڕێگای ڕاستی من، ئێوە هەر ئەو ڕێگایە بگرن، و مەچنە سەر ڕێگاکانیتر، نەبادا لە ڕێگای ئەو دوورتان بخەنەوە. خودا ئەوانەی بە ئێوە سپاردووە، بەڵکوو خۆتان بپارێزن.

فەرمانی یەکەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ٣

(٣) هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێ.

ئەو فەرمایشتە بەردی بناغەی گشت دینە یەکتا پەرستەکانە. لە قورئان لە چەندین ئایەت دووبارە دەبێتەوە:

سورة الإخلاص ١١٢: ١ - ٤

قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (١) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ (٢) لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ (٣) وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ (٤)

بڵێ، ئەو خودایە تاکە (١) خودایەکی جێگیرە (٢) کەس لەو نەبووە، و لە هیچ کەسیش نەبووە (٣) هەرگیز کەسیش نەیتوانیووە هەمبەری بێ (٤)

أن الله واحد لا شريك له (خودا یەکە و هاوبەشی نییە)

. () هەروەها:

سورة النساء ٤: ٤٨

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا (٤٨)

خودا لەوە خۆش نابێ کە شرکی پێ بکرێ، و بێجگە لەوە بۆ هەر کەسێ خۆی بیەوێ لێی خۆش دەبێ. و هەر کەسێك شرك بە خودا بکات، ئەوە بێگومان گوناهێکی مەزنی هەڵبەستووە.

فەرمانی دووەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ٤

(٤) پەیکەر بۆ خۆتان دروستمەکەن، نە لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لەژێر زەوییەوە.

ئەوە هەمان فەرمایشتە، ئیسلام بانگهێژی بۆ دەکا، یەکەم شت محمد کردی، ئەوەبوو، بوتەکانی کەعبەی تێکشکاندن.هەروەها خالید کوڕی وەلید و عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ناردن بۆ تێکشکاندنی بوتەکانی لات و عوزی و مناة الثالثة.

فەرمانی سێیەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ٨ – ١١

(٨) ڕۆژی شەممەتان لە یاد بێ، تاکو بە پیرۆزی ڕایبگرن .(٩) شەش ڕۆژ ئیش دەکەن و هەموو کارەکەتان دەکەن، (١٠) بەڵام ڕۆژی حەوتەم شەممەیە. بۆ خودای پەروەردگارتان، هیچ کارێک مەکەن. خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەر و ئاژەڵەکانتان و ئەو نامۆیەی لەناو دەروازەی شارەکەتانە هیچ کارێک مەکەن. (١١) چونکە خودا، لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیاندایە دروستی کردن، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم پشووی دا، لەبەر ئەوە خودا ڕۆژی شەممەی بە بڕشت و پیرۆز کرد.

لە ئیسلام، خودا لە شەش ڕۆژدا ئاسمانەکان و زەوی دروستکردن. و لە ڕۆژی حەوتەم لەسەر تەختی دانیشت. بەڵام قورئان باسی ئەوە دەکا، خودا لە ڕۆژی حەوتەم کۆتایی هێنا، و پێی گوتین خودا ماندوو نابێ، بۆیە پێویستی بە حەسانەوە نییە.

سورة ق ٥٠: ٣٨

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٖ (٣٨)

وە ئێمە ئاسمانەکان و زەویمان و ئەوەی نێوانیانمان بە شەش ڕۆژ درووست کردووە، و تووش ماندووبوون نەهاتین (٣٨)

کەچی لە ڕۆژی حەوتەم هیچی نەکرد، و پشووی دا، ڕۆژی پیرۆزی شەمەی، لە ئیسلام گۆڕی بۆ هەینی، و سورەتێکی تەواوی ناو نا الجمعة:

سورة الجمعة ٦٢: ٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك بانگ دەکرێت بۆ نوێژکردن لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی خودا و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

فەرمانی چوارەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ٧

(٧) ناوی خودای پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن، چونکە ئەو کەسانە لەلای خودا ئەستۆ پاک نابن کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنن.

له ئیسلام سورة المائدة ٥: ٨٩

لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَـٰنِكُمْ وَلَـٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَـٰنَ ۖ فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَـٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّـٰرَةُ أَيْمَـٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَـٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٨٩)

خودا ناتانگرێ به سوێند خواردنێکی چەنه و گاڵته، بەڵام بەو سوێنده دەتانگرێ، که مەبەستتان بووه، جا کەفارەتەکەی: خۆراکدان به ده هەژاره لەو خواردنەی دەیدەن به خانەوادەکەتان، یان جلوبەرگکردنیان، یان ئازادکردنی گەردەنێك، جا ئەوەی نەیبوو، ئەوە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون، ئەوە کەفارەتی ئەو سوێندەیە که خواردووتانە، وە سوێندەکانتان بپارێزن، بەم جۆره خودا بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو سوپاسی بکەن. (٨٩)

فەرمانی پێنجەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ١٢

(١٢) ڕێزی دایک و باوکتان بگرن، بۆ ئەوەی تەمەن درێژ بن لەو خاکەی خودای پەروەردگارتان پێتان دەدا.

سورة الإسراء ١٧: ٢٣

وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (٢٣)

وه خوداکەت بڕیاری داوه که هیچ نەپەرستن تەنیا خۆی نەبێ، و لەگەڵ دایك و باوکتان چاك بن، هەرکه یەکێکیان یان هەردووکیان لاتەوه گەوره دەبن نەکەی بڵێی ئۆف و لێیان بخوڕی، وه به زمانێکی باش بیاندوێنه. (٢٣)

سورة العنكبوت ٢٩: ٨

وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَـٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ (٨)

رۆڤمان ڕاسپاردووه که باش بێ لەگەڵ دایك و باوکی، بەڵام ئەگەر هەوڵیان لەگەڵتدا که شرکم به شتێك پێ بکەی که زانیاریت لەسەر نییه، ئەوه نەکەی گوێڕایەڵیان بی، گەڕانەوەتان بۆ لای منه، جا من پێتان ڕادەگەیەنم ئەوەی دەتانکرد. (٨)

فەرمانی شەشەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ١٣

(١٣) مەکوژن

سورة الأنعام ٦: ١٥١

(ولا تقتلوا أولادكم من إملاق نحن نرزقكم وإياهم ولا تقربوا الفواحش ما ظهر منها وما بطن ولا تقتلوا النفس التي حرّم الله إلا بالحق (١٥١)

و منداڵەکانتان به هۆی نەبوونی و برسیەتی مەکوژن، ئێمه ڕزق به ئێوه و ئەوان دەدەین، وه له خراپەکاری نزیك مەبنەوه، ئەوەی ئاشکرایه و ئەوەی شاراوەیه، وه ئەو کەسه

مەکوژن کە خودا حەرامی کردووە تەنها بە هەق نەبێت، ئەوانەن کە پێی ڕاسپاردوون، بەڵکو ئاقڵ دەبن. (١٥١)

فەرمانی حەوتەم:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ١٤

(١٤) داوێنپیسی مەکەن.

سورة الإسراء ١٧: ٣٢

لا تقربوا الزنى إنه كان فاحشة وساء سبيلا. (٣٢)

نەکەن نزیك زینا بکەون، چونکە کارێکی ناپەسەند و ڕێگایەکی خراپە. (٣٢)

فەرمانی هەشتەم:

(١٥) دزی مەکەن.

سورة المائدة ٥: ٣٨

والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما جزاءً بما كسبا نكالاً من الله والله عزيز حكيم (٣٨)

دەستی پیاوی دز و ژنی دز ببڕن، وەك سزایەك لە لایەن خوداوە، بە هۆی ئەوەی بەدەستیان هێناوە. و خودا دەست و ژیرمەندە. (٣٨)

فەرمانی نۆیەم:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ١٦

(١٦) بە درۆ شایەتی لەسەر کەس مەدەن.

قورئان باوەڕداران لە گەواهی درۆ ئاگادار دەکاتەوە.

سورة الفرقان ٢٥: ٧٢

والذين لا يشهدون الزور وإذا مروا باللغو مروا كراما (٧٢)

وە ئەوانەی گەواهی بە درۆ نادەن، وە کاتێك بەلای گاڵتەجاری تێپەڕدەبن ئەوا بەڕێزەوە تێپەڕ دەبن(٧٢)

سورة الحج

فاجتنبوا الرجس من الأوثان واجتنبوا قول الزور (٣٠)

وە خۆتان لە گڵاوی بوتەکان بە دوور بگرن. و لە گوفتاری درۆ خۆتان بپارێزن (٣٠)

فەرمانی دەیەم:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ١٧

(١٧) چاو مەبڕنە ژنی کەس. چاو مەبڕنە ماڵ و خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی هیچ کەسێک و هەر شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێ.

سورة الحجر ١٥: ٨٨

لا تمدن عينيك إلى ما متعنا به أزواجاً منهم ولا تحزن عليهم واخفض جناحك للمؤمنين (٨٨)

نەکەیت چاو ببڕیتە ئەو شتانەی بە چەند جووتێکمان لەوان داوە، وە خەفەتیان لێ مەخۆ و باڵەکانت نزم کە بۆ باوەڕداران (٨٨)

سورة طه ٢٠: ١٣١

ولا تمدن عينيك إلى ما متعنا به أزواجاً منهم زهرة الحياة الدنيا لنفتنهم فيه ورزق ربك خير وأبقى (١٣١)

وە چاوەکانت مەبڕە ئەو شتانەی کە هەندێك هاوسەرمان لێی بەهردەمەند کردووە، هەندێکیان خۆشی ژیانی دونیان، ئەوە بۆ ئەوەیە کە بە هۆیەوە تاقیان بکەینەوە، وە بژێوی خوداکەت باشترە و بەردەوامتر دەبێ (١٣١)

محمد فەرمانی دەیەمی تەنیا بۆ ژنان سنووردار کردووە، هیچ باسی موڵک و سامانی دراوسێ و خزمی نەکردووە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی، ئەوەندە سەرقاڵی ژن بووە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وتەیەی لە یەکێک لە فەرموودەکاندا دەڵێت: لە دونیای ئێوەوە وام لێکراوە عەتر و ژن و فێنکایی چاوەکانم لە نوێژدا خۆش بوێت. [14]

[14] جلال الدين السيوطي، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، دار الفكر، 1983، ج1، سورة البقرة الآية ٢٨١

ده موژده پێدراوەکان بە بەهەشت

دەمێکە بەوە ئاشناین، کە دە لە هاوەڵە بازرگانەکانی پەیامبەری ئیسلام، دواتر چەتە و ڕێگر، و دوای دەستەڵاتی محمد، ئەوانە بوونە سەرکردەی خوێنڕێژ. مێژوویەکی ڕەش، لە کوشتن و تاڵان و سەبایایان تۆمارکرد. ئەو کەسانە هێشتا لە ژیان دابوون، محمد موژدەی چوونە بەهەشتی پێدان. بەڵام تا ئێستاش کەسێک بیری لەوە نەکردۆتەوە، ئەو بیرۆکەیە لەکوێ هات، و چۆن ئەو دەکەسە موژدەیان پێدرا. سەرەڕای ئەوە، بۆ ژمارەیان دە کەس بوو، ئەو ژمارەیە لە کوێ هات.

الترمذی و البخاری لە مێژووی خۆیاندا و النسائی بە زنجیرە گواستنەوەکانیان، لە حومەیدی کوڕی عەبد الرحمانی کوڕی عەوف، دەگێڕێنەوە، کە سەعیدی کوڕی زەید، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک خەڵک دەگێڕێتەوە، دەڵێ پەیامبەری خودا، فەرموویەتی:

> ئەبوبەکر لە هەشتە، عومەریش لە هەشتە، و عوسمان لە هەشتە و عەلیش لە هەشتە و تەلحەش لە هەشتە و زوبەیریش لە هەشتە، و عبد الرحمانی کوڕی عەوف لە هەشتە، و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لە هەشتە، و سەعیدی کوڕی زەید لە هەشتە، وە ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراحیش لە هەشتە!

سەعید کوڕی زەید کە هەواڵەکەی لە دەمی پەیامبەر گێڕاوەتەوە، خۆیشی ناوی نۆیەمە، لە موژدە پێدراوەکان.

سەرەڕای ئەوە زید بن عمرو بن نفیل العدوي (کە باوکی سعید بن زید کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە) نە پەیڕەوەی دینی قوڕەیشی دەکرد، نە بوتەکانیشی دەپەرستن، دوور نییە ئاشنای ئەدەبیاتە تەوراتە بووبێ، کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا باو بووە. کوڕەکەی بە ناوی سەعید، بە دڵنیاییەوە ئەگەر زانیاریی لەسەر هەندێ لە سەرچاوەکانی جولەکەش نەبووبێ، ئەوە زەید بن عەمر بن نەفیلی باوکی هەیبووە، و سەعد لیی وەرگرتووە. لەبەر ئەوەی موژدەی بەهەشت لای حاخامەکانی جولەکە و نووسراوەکانیان ناسراوبووە. بۆیە ناکرێ لە دوورگەی عەرەبی کە جولەکە و یەهودی نەساڕی شارەزایی باشیان لێ هەبووە، هەر ئەوەش بووبێتە دروستکردنی، ئەو هەواڵە.

جێگای سەرنجە، کە محمد ژمارە دەی هەڵبژاردووە. بۆ حەوت، یا حەفتا نەبوو؟ ژمارە حەوت لە گشت دین و شارستانیە کۆنەکان، ژمارەیەکی پیرۆز بووە. کەچی پەیامبەری ئیسلام ژمارە دەی هەڵبژارد.

بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو ژمارەیە، و چیرۆکی دە موژدە پێدراوەکان، دەبێ بە دواداچوون لە ئەدەبیاتی جولەکە و ڕاڤەکانی تەورات، و لە ناو دەقەکانی تالمود بکرێ. ئەوسا دەردەکەوێ، کە بیرۆکەی دە موژدە پێدراوەکە، لە دینی جولەکەوە هاتووە. و پەیامبەری ئیسلام تەنیا کۆپیکردووە. جیاوازیەکەش ئەویە، لە دینی جولەکە، موژدە پێدراوەکان گشتیان دەمێکە مردوون، زۆریش لەیەکتر دووربووین، تەنانەت هەندێک لەوانە، سەربە بەنی ئیسرائیلیش نەبووین. تەنیا هۆکاری موژدەی بەهەشتیان، ئەنجامی چاکەیەکیان بۆ

دین و خودا بووە، نەک وەک ئیسلام، هاوڕێی بازرگان و شمشێر بەخوێن، تەنیا لەبەر ئەوەی دۆستی بازرگانی و تاڵانکاری بووین، وەک پاداشتێک بۆ خوێنڕێژیان.

سەرەتای چیرۆکی موژدەی بەهەشت، لای حاخامەکانی جولەکە، لە بنەڕەتدا ناکۆکی لەسەر ژمارەی موژدە پێدراوەکان هەبوو.، لیستی پیاوچاکان لە نێوان ٧ تا ١١ کەس بوو، بەڵام دوای دیالۆگی دوورودرێژ، لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە ژمارەکە بکرێتە دە پیاوچاک. ئەوانەش لە ژیانی خۆیان، بەرامبەر خودا و دینی جولەکە چاکەیان کردووە. و دەمێکە لە ژیان دا نەماون.

لە ئەدەبیاتی میدراش دا ئەم دەیە پێیان دەوترێ پیاوچاکان، ڕاستودروستەکان یان ئازادکراوەکان کە چوونەتە بەهەشت.

لیستی دە موژدە پێدراوەکانی جولەکە

لە دینی جولەکە، ئەو دە پیاوچاکەی بەپێی کەلەپووری جولەکە موژدەی بەهەشتیان پێدرا، هەریەک دەبوایە چاکەیەکی بەرامبەر خودا و مرۆڤایەتی کردبێ. و هیچیشیان لە ژیان نەمابن، ئەوش دەبێتە بنەمایەک کە بۆ ئەوەی بزانرێ، کە پیاوچاکن و کەسی ڕاست و دروستن، تا شایەنی ئەوەبن موژدەی بەهەشتیان پێبدرێ.

١ حنوک (ئێنوخ) کوڕی یارد. (Hanoch ben Jared)

ئێنۆخ لە قورئان بە نەبی ئیدریس ناو دەبرێ. نەوەی شەشەمە دوای ئادەم.

ئەفراندن ٥: ٣ – ١٩

(شیت، ئەنۆش، قێنان، مەهلەئێل، یارەد و حەنۆخ (ئێنۆخ).

بەپێی تەورات پەرتووکی ئەفراندن خودا بردوویەتیەوە ئاسمان. لە پەرتووکی ئێنۆخ، کە پەرتووکێکی ئەپۆکریفە، لە دینی جولەکە، لە بەشی شەش و حەوت، ئێنۆخ باسی گەشتی ئاسمانی خۆی دەکا.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٥: ٢٤

(٢٤) ئێنۆخ دۆستی خودا بوو، ئیتر کەس نەیبینییەوە، چونکە خودا بردییەوە لای خۆی.

٢ نەبی ئێلیا (نەبی ئەلیاس) (Elijah the Prophet)

چیرۆکی نەبی ئیلیا

پەیمانی کۆن پەرتووکی دووەم پاشایان ٢: ١١ - ١٤

(١١)ئەوە بوو کاتێک دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد، لەناکاو گالیسکەیەکی ئاگرین و چەند ئەسپێکی ئاگرین هەردووکیانی لێک جیا کردەوە، ئەلیاس لە گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان سەرکەوت. (١٢) ئەلیشەع ئەمەی بینی و هاواری کرد: باوکە! باوکە! گالیسکەکەی ئیسرائیل و سوارەکانی! ئیتر ئەلیاسی نەبینییەوە. جلەکەی بەر خۆی دڕاند و کردییە دوو پارچە.

(١٣) کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرتەوە کە لێی کەوتبووە خوارەوە، گەڕایەوە و لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون ڕاوەستا. (١٤) ئینجا کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرت، ئەوەی لێی کەوتبووە خوارەوە، بە کەوایەکە کێشای بە ئاوەکەدا و گوتی: پەروەردگاری خودای ئەلیاس لەکوێیە؟ کاتێک بە ئاوەکەیدا کێشا، ئاوەکە شەقبوو، ئەلیشەع پەڕییەوە.

لەو دەقەی پەیمانی کۆن دەردەکەوێ، نەبی ئەلیاس گەڕاوەتەوە لای خودا.

٣ (کریستی کوڕی داود (Messiah, son of David

با بە هەڵە دانەچین، ئەوە یەسوی کریستی کوڕی مریەم نییە. بەڵکوو بەپێی دینی جولەکە، ئەو کەسەیە کە لە ڕەچەڵەکی داودەوە هاتووە. و لە کۆتایی، وەک نێردەیەک دەردەکەوێ. کە ڕزگاری بۆ گەلی ئیسرائیل دەهێنێ. و شەڕ لەگەڵ دوژمنانی جولەکە دەکا، وەک شرۆڤەکارانی جولەکە دەڵێن و جیهان دەگۆڕێت بۆ جیهانێکی چاکە.

وشەی (کریست) لە بنەڕەتدا یۆنانییە، و بە مانای چەورکراو، پاککراوە دێ، کاتی وەرگێڕدرایە سەر زمانی عیبری بە (Mašiah) "مەشایا" لە ڕەگی "مەشا"ەوە هاتووە، واتە چەورکردن، شێلان داماڵین (چەورکردنی کەسێک بە ڕۆن بۆ ئەوەی شایستەی پۆستێکی باڵاتر بێ)، وەک لە دۆخی شاول و داود و سلێماندا. هەر لەبەر ئەوەشە کە داود شاولی بە (پاککراوەی خودا) ناوبرد، تەنانەت داود بەخۆشی، زۆرجار بە کریست ناودەبرێ.

زاراوەی کریست بۆ ئاماژەدان بە کەسێک کە لەلایەن خوداوە نێردراوە، بۆ پێگەیەکی دیاریکراو بەکارد. وەک گوزارە، بۆ وەرگرتنی یارمەتی خودایی شانشینیەکەی. بۆیە کریست (مسیح) نازناوێک نییە کە سنووردار بێ، بە یەسو، وەک ئەوەی بە شێوەیەکی باو ناسراوە، بەڵکو نازناوەکە لە تەوراتدا دۆزراوەتەوە و بۆ چەند کەسایەتییەک بەکارهاتووە.

٤ ئیلعازر بەندەی ئیبراهیم (Eliezer Abed Avraham)

ئێلعازر بە (ئێلعزاری دیمەشقی)ش ناسراوە، کەسایەتییەکی تەوراتییە، و خزمەتکاری نەبی ئیبراهیم بووە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ١٥: ٢ - ٣

(٢)بەڵام ئەبرام گوتی: ئەی خودای باڵادەست، چیم دەدەیێ کە من هەروا وەجاخکوێر بم و میراتگری ماڵم ئەلیعەزەری دیمەشقییە؟ (٣) هەروەها ئەبرام گوتی: هیچ وەجاخێکت نەداومەتێ، ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایک بووە وا دەبێتە میراتگرم.

یەکجار لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن، باسی کراوە. ئەو کەسە بوو چاوی بە ڕیفقە (ڕێبێکە) کەوت داوای هاوسەرگیری بۆ ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم لێکرد.

بۆ درێژی باسی خزمەتکارەکەی ئیبراهیم، بڕوانە:

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٢٤: ١ - ٦٦

٥ عوسنیێلی کوڕی قەنەز (Othniel ben Kenaz)

عۆسنیێل لە هۆزی یەهودا بوو، و لە تەورات ناوی هاتووە. کە عۆسنیێل، دوای مردنی یەشوعی جێنیشینی موسا، بەنی ئیسرائیلی لە دوژمنان ڕزگارکردووە.

پەیمانی کۆن ڕابەران ١: ١٢ – ١٣

(١٢) ئینجا کالێب گوتی: ئەوەی پەلاماری قیریەت سێفەر بدا و بیگرێ، عەکسای کچمی دەدەمێ ببێتە ژنی. (١٣) ئیتر عۆسنیێلی کوڕی قەنەزی برای کالێب کە لەو بچووکتر بوو، قیریەت سێفەری گرت. کالێبیش عەکسای کچی دایێ بۆ ئەوەی ببێتە ژنی.

٦ حیرام پاشای سور. (Hiram King of Tyre)

حیرام پاشای صور () چاکەی زۆری لەگەڵ داود کردووە. دوای ئەویش لە یارمەتیدانی سلێمانی کوڕی داود هەر بەردەوام بووە.

پەیمانی کۆن - دووەم ساموێل ٥: ١١

(١١) پاشان حیرامی پاشای هەرێمی سور، چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد لەگەڵ داری ئورز و دارتاش و نەقارە، کۆشکێکیان بۆ داود دروستکرد. (١٢) ئینجا داود زانی کە خودا وەک پاشای ئیسرائیل جێگیری کردووە، پاشایەتییەکەشی لە پێناوی ئیسرائیلی گەلەکەیدا پایەدار کردووە.

پەیمانی کۆن - یەکەم پاشایان ٥: ١

(١)کاتێک حیرامی پاشای هەرێمی سور، بیستی کە سلێمانیان دەستنیشان کردووە بۆ پاشایەتی لە شوێنی باوکی، خزمەتکارەکانی خۆی ناردە لای، چونکە حیرام بە درێژایی ژیانی هاوڕێ و دۆستی داود بوو .(٢) سلێمانیش ناردی بۆ لای حیرام و گوتی:

(٣) تۆ دەربارەی داودی باوکم دەزانیت، کە نەیتوانی پەرستگایەک بۆ ناوی یەزدانی خوداکەی بنیاد بنێت، بەهۆی ئەو جەنگانەی دەوریان دا، هەتا ئەو کاتەی یەزدان دوژمنەکانی خستە ژێر پێیەوە .(٤) بەڵام ئێستا یەزدانی پەروەردگارم لە هەموو لایەکەوە منی حەساندووەتەوە، نە ناحەز هەیە و نە ڕووداوی خراپ .(٥) لەبەر ئەوە گوتم پەرستگایەک بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگارم بنیاد بنێم، هەروەک چۆن یەزدان بە داودی باوکمی فەرموو: کوڕەکەت، ئەوەی لە شوێنی تۆ لەسەر تەختەکەت دایدەنێم ئەو ماڵەکە بۆ ناوی من بنیاد دەنێت. (٦) ئێستاش فەرمان بدە با دار ئورزم لە لوبنانەوە بۆ ببڕنەوە، خزمەتکارەکانم لەگەڵ خزمەتکارەکانت دەبن و کرێی خزمەتکارەکانت پێدەدەم، بەگوێرەی هەموو ئەوەی تۆ دەیڵێیت، چونکە تۆ دەزانیت کەس نییە لەناومان بزانێت وەک سەیدائییەکان دار ببڕێتەوە.

٧ کۆیلەی پاشای کوش. (Slave of the Negro King)

عەبەدمەلەخ هکوشي (هـ لە زمانی عیبری ئامرازی ناساندنە)

عەبەدمەلەخ کوشي (عبد ملك زنجي), کوشي = زنجي

ئەو بەندەیە نەبی ئیرمیای لە مردن ڕزگارکرد.

پەیمانی کۆن یەرمیا ٣٨: ١- ١٣

(١) ئینجا شەفەتیای کوڕی مەتان، گەدەلیاهوی کوڕی پەشحور، یەهوخەلی کوڕی شەلەمیاهو و پەشحوری کوڕی مەلکیا گوێیان لەو قسانە بوو کە یەرمیا لەگەڵ خەڵکی دەکرد و دەیگوت :(٢) خودا ئەمە دەفەرموێ: ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناودەچێ، بەڵام ئەوەی بچێتە دەرەوە بۆ ناو بابلییەکان دەژیێ. ژیانی خۆی دەرباز دەکا و دەژیێ. (٣) خودا ئەمە دەفەرموێ: بە دڵنیاییەوە ئەم شارە دەدرێتە دەست سوپاکەی پاشای بابل، دەستی بەسەردا دەگرێ.

(٤) جا پیاوە گەورەکان بە پاشایان گوت: دەبێ ئەم پیاوە بکوژرێ. لەبەر ئەوەی بەو قسانەی ورەی ئەو سەربازانە دەڕووخێنێ کە لە شارەکەدا ماونەتەوە، هەروەها ورەی هەموو خەڵکیش دەرووخێنێ. ئەم پیاوە داوای چاکە بۆ ئەو گەلە ناکا، بەڵکو خراپە.

(٥) سدقیای پاشا گوتی: ئەوەتا لەبەردەستتانە، پاشا توانای هیچی نییە بەرامبەر بە ئێوە.

(٦) ئەوانیش یەرمیایان برد، و فڕێیان دایە ناو ئەمباراوەکەی مەلکیای کوڕی پاشا، ئەوەی لە حەوشەی پاسەوانەکانە. یەرمیایان بە گوریس شۆڕکردە خوارەوە، ئەمباراوەکەش ئاوی تێدا نەبوو، بەڵکو قوڕ. جا یەرمیا لەناو قوڕەکە چەقی.

(٧) بەڵام عەبەدمەلەخ، کە کاربەدەستێکی کوشی بوو لە کۆشکی پاشا، بیستی کە یەرمیایان فڕێداوەتە ناو ئەمباراوەکە. پاشاش لە دەروازەی بنیامین دانیشتبوو، (٨) عەبەدمەلەخ لە کۆشکی پاشاوە چوو، و بە پاشای گوت: (٩) پاشای گەورەم، ئەم پیاوانە خراپیان کرد. لە هەموو ئەوەی بە یەرمیای

پەیامبەریان کرد. ئەوان فڕێیان داوەتە ناو ئەمباراوەکەوە، ئەو لە شوێنەکەی خۆی لە برسان دەمرێ، چونکە نان لە شار نەماوە.

(١٠) پاشاش فەرمانی بە عەبەدمەلەخی کوشی کرد و گوتی: لێرەوە سی پیاو لەگەڵ خۆت ببە، یەرمیای پەیامبەر لە ئەمباراوەکەوە دەربێنە، هەتا نەمردووە.

(١١) عەبەدمەلەخیش پیاوەکانی لەگەڵ خۆی برد، چووە ژوورێک لەژێر گەنجینەی کۆشکی پاشا. لەوێ هەندێک پەڕۆوپاتاڵ و جلی کۆنی هەڵگرت و بە گوریس بۆ یەرمیای شۆڕی کردەوە ناو ئەمباراوەکە.

(١٢) عەبەدمەلەخی کوشی بە یەرمیای گوت: پەڕۆوپاتاڵ و جلە کۆنەکان لەبن هەنگڵت لەژێر گوریسەکەوە دابنێ.» یەرمیاش ئاوای کرد. (١٣) ئینجا بە گوریس یەرمیایان هەڵکێشا، لە ئەمباراوەکە دەریانهێنا. جا یەرمیا لە حەوشەی پاسەوانەکان مایەوە.

٨ باتیا کچی فیرعە (فیرعەون). (Batya, daughter of Pharaoh) باتیا بت (بنت) فەرعە (فیرعەون)

باتیای کچی فیرعەون، ئەو کچە بوو ، کە بۆ خۆشووشتن دەچووە سەر ڕووباری نیل، موسای دۆزیەوە، و ناوی لێنا موسا. باتیا موسای پەروەردەکرد، سەرەڕای ئەوەی دەیزانی منداڵێکی عیبرانیە. و فیرعەون فەرمانی کوشتنی گشت منداڵە عیبرانیەکانی داوە. ئەوەش نیشانەیەکە، کە باتیا دژی یاساکانی باوکی بوو، و هەر ئەوەش بوو، موسای لە ئاو دەرهێنا. و بەخێویکرد.

٩ سارە کچی ئاشەر (Sarach Bat Asher)

سارە بات ئاشەر، کە هەندێ جار بە (ساراخ) دەنووسرێ، کچی ئاشەر و نەوەی یاقوب بووە. سارە مزگێنی داوەتە یاقوب کە یوسف، لە ژیاندایە و سەرکردەی وولاتی میسرە.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤٦: ١٧

(١٧) کوڕەکانی ئاشێر:

یمنە، یەشڤە، یەشڤی و بەریعە

لەگەڵ سەرەخی خوشکیان.

پەیمانی کۆن پەرتووکی سەرژمێر ٢٦: ٤٦

(٤٦)کچەکەی ئاشێریش ناوی سەرەخ بوو.

١٠ ڕابی یەهۆشوا بن لێڤی (Rabbi Yehoshua ben Levi)

جوشوا بن لێڤی یان یەهۆشوا بن لێڤی (220 – 250 س.ب)، بە کورتکراوەی ڕیباڵ، ئامۆرا بووە- زانای یاسای جولەکان لەو ماوەیەی کە گەمارای تێدا کۆدەکراوە- کە لە نیوەی یەکەمی، سەدەی سێیەمدا لە خاکی ئیسرائیل، لە شاری لۆد ژیاوە، و وانەی دەگوتەوە. ئەو هاوچەرخێکی گەورەی یۆحانان بار ناپاها و شیمۆن بن لاکیش بوو کە سەرۆکایەتی ئەکادیمیاکەیان لە تیبریاس دەکرد. لەگەڵ یۆحانان بار ناپاها، زۆرجار خەریکی گفتوگۆی ڕاڤەکاری و وتارێژ بوو.[15]

[15] Eisenstein, Judah David (1915) Otzar Midrashim

تێبینی: لە لیستی جولەکە دا دوو ناو لە نێوان ڕاڤەکارانی تەورات ناکۆکیان لەسەرە، هەرچەندە ناڵێ کامەن، تەنیا دەڵێ، ڕەنگە بە ناوی جیاواز تۆمارکرابن. بەڵام لە کۆتایی لیستەکە بریتییە لە ١٠ پیاوچاک کە دەچنە بەهەشت. کەچی لە فەرموودەی مزگێنی دەکەس لە لای موسوڵمانان ناکۆکی لە ژمارەی ١٠ دایە، هەندێ جار ابوعبیدة الجراح لە لیست دەردەکەن و لە جیاتی ئەو ناوی پەیامبەر محمد دادەنێن، سەیرە ئەو کەسەی بیرۆکەی (العشرة المبشرة)ی لە میدراش وەرگرتووە، و سەرتاپای گواستۆتەوە، کەچی ناوی خۆی لەبیرچووە.

ئەو لیستەی سەرەوە لە ئینسکلۆپێدیای ئاوتزار میدراشیم (گەنجینە میدراش) بە زمانی عیبری لەلایەن نووسەری جولەکە ژودا دەیڤید ئێزنستاین. ئەوەی جێگای سەرنجە نێوان لیستی دەموژدە پێدراوەکەی جولەکە و لیستی ئیسلام. ئەوەیە:

١ لیستی موژدە پێدراوەکانی جولەکە، هیچیان لە ژیاندا نەمابووون و موژدەکەشیان لەسە بنچینەی چاکەیانە بەرامبەر دین و خودا، کەچی لیستی ئیسلام گشتیان لە ژیاندابووین، تەنیا هۆکار هاوڕێ و هاو بەرژەوەندی محمد بووین.

٢ لە لیستی جولەکە ژن و پیاو بە پێی چاکەیان لە لیستەکە دان، کەچی لیستی ئیسلام، سەرجەمیان پیاون و کۆنە هاوڕێی بازراگانی محمد بووین.

٣ لە لیستی جولەکە زۆربەیان هەر لە بەنی ئیسرائیلیش نین، و تەنانەت، هەندێکیان باوەڕیشیان بە دینی موسا نەبووە. یان بەر لە دینی موسا بووین. کەچی لیستی ئیسلام گشتیان لە هۆزی قورەیشن و دەستەڵاتدار و هاوبەشی تاوانەکانکاریش بووین.

ئەوەش بەڵگەیە کە لیستەکەی ئیسلام تەنیا لاساییکردنەوەیەک بوو، کە محمد بە ئارەزووی خۆی خەڵاتی هاوڕێکانی کردووە.

هەندێ یاسای گشتی

لە هەر دینێک هەندێ یاسای گشتی هەن، کە وەک ئەرکێکی بەڵگەنەویست بۆ باوەڕداران بەردەوام دووبارە دەبنەوە. لە دینی جولەکەش چەند ئاکارێک هەن، کە وەک ئاکاری بەڵگەنەویست، بۆ باوەڕداران ئەرکن، و فەرمانی دینین، هەمان ئەو ئاکارانە لە قورئانیش ئەو ئاکارانە دەدۆزرێنەوە، بەڵام تەنیان بۆ هاودینەکان، نەک باوەڕدارانی دینەکانیتر. بۆیە دەبێ هەڵوێستەیان لەسەربکرێ.

پەیمانی کۆن لیڤیەکان ١٩: ١١ – ١٨

(١١) مەدزن. درۆ مەکەن. فێڵ لە یەکتری مەکەن.

(١٢) بە درۆ سوێند بە ناوی من مەخۆن، چونکە ناوی خوداکەت دەزرێنیت، من خودام.

(١٣) نزیکەکەت فریومەدە و تاڵانی مەکە.

کرێی کرێگرتەش لەلای خۆت بۆ بەیانی مەهێڵەوە.

(١٤) نەفرەت لە کەڕ مەکە و کۆسپ مەخەرە بەردەم نابینا، بەڵکو لە خودات بترسە، من خودام.

(١٥) لە دادوەریدا ستەم مەکەن، نە لایەنگری هەژار بکەن و نە پشتی کەسی مەزن بگرن، بەڵکو بە دادپەروەری بڕیاری بەرامبەرەکەت بدە.

(١٦) لەنێوان خەڵکی قسە مەهێنە و مەبە.

مەبە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەکەت، من خودام.

(١٧) لە دڵەوە ڕقت لە براکەت نەبێتەوە، ڕاشکاوانە دراوسێکەت سەرزەنشت بکە، بۆ ئەوەی بەشداری لە گوناهی نەکەیت.
(١٨) تۆڵە مەستێنەوە و قین لە دڵ مەبە بەرامبەر کوڕی گەلەکەت، بەڵکو نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێ. من خودام.

تەورات هانی جولەکان دەدا، کە درۆ نەکەن، سەڕاست بن و فڕک و فێڵ نەکەن، بە درۆ و فێڵبازی ناگەنە خودا. و ڕێگا وونده‌کەن و گومرادەبن. هەروەها فەرمانیان پێ دەکا، سوکایەتی بە کەڕ و نابینا نەکەن. جگە لەوەش داوایان لێدەکا، دادپەروەر بن لە دادوەری، و دوور بکەونەوە لە لایەنگری بەرامبەر کەسوکار، و دوور بکەونەوە لە بڵاوکردنەوەی قسە و باس، و دوور بکەونەوە لە ڕق و کینە بەرامبەر بە برا باوەڕدارەکانیان.

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٧ – ٥٨

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا مُّهِينٗا (٥٧) وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا (٥٨)

ئەوانەی ئازاری خودا و پەیامبەرەکەی دەدەن، خودا لە دونیا و ئاخریەت نەفرەتی لێیان کردووە و ئەشکەنجەیەکی ڕیسواکەری بۆیان ئامادەکردووە. (٥٧) و ئەوانەی ئازاری پیاوان و ژنانی باوەڕدار دەدەن بێ ئەوەی هەڵەیەکیان کردبێ، ئەوە بێگومان بوختان و گوناهێکی ئاشکرا لە ئەستۆ دەگرن. (٥٨)

سورة الحجرات ٤٩: ١١ - ١٢

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ

بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (١١) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ (١٢)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هۆزێك گاڵتە بە هۆزێك ناكا، چونكە ڕەنگ بێ لە خۆیان چاكتر بن، وە هەروەها ژنگەل گاڵتە بە ژنگەل ناكەن، چونكە ڕەنگ بێ لە خۆیان چاكتر بن، وە نەكەن خۆتان لەكەداربكەن و ناوناتۆرە بۆ یەكتر بتاشن، ناوناتۆرە زۆر خراپە لە دوای ئیمانهێنان، وە هەر كەسێك تۆبە نەكا، ئەوە ئەوانە ستەمكارن. (١١) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان بە دووربگرن لە زۆرێك لە گومان، لە ڕاستیدا هەندێك گومان گوناهە، وە نەكەن سیخوڕی بەسەریەكدا بكەن، وە نە لە پاشەملە باسی یەكتر بكەن، ئایا كەسێكتان ئارەزوو دەكات گۆشتی براكەی بە مردووبی بخوا، جا ئەوەتان پێ ناخۆشە، و لە خودا بترسن، لە ڕاستیدا خودا تۆبە وەردەگرێ و بە ڕەحمە. (١٢)

هەموو ئەو فەرمانانە لە ئیسلامدا دەبینرێن و قورئان و فەرموودە هانیان دەدا، وەك (لابردنی شتە زیانبەخشەكان لەسەر ڕێگا)،[16] و خۆبەدوورگرتن لە بڵاوكردنەوەی ناووناتۆرە و هتد. بەڵام بۆمان دەردەكەوێ، قورئان هەروەك تەورات ڕوو لە باوەڕداران دەكا، بۆ تەبایی لە ناوخۆیان بەڵام هانی ڕق و كینە دژی باوەڕداری دینەكانی دەدا. هەموو فەرمانە باشەكان، تەنیا بۆ باوەڕدارانی خۆیانن. بۆ كەسانی دەرەوەی دینی خۆیان تاڵان و كەشتن و كاولكاری نەك تەنیا ڕێگە پێدراوە، بەڵكوو هانیشیان دەدا.

[16] جلال الدين السيوطي، الجامع الصغير من حديث البشير النذير، الطبعة الأولى ١٩٨١، ج٣، حديث ٣٠٩٦

له قورئانیش (ئەوانەی ئازاری پیاوان و ژنانی باوەڕدار دەدەن بێ ئەوەی هەڵەیەکیان کردبێ، ئەوە بێگومان بوختان و گوناهێکی ئاشکرا لە ئەستۆ دەگرن. (الأحزاب ٥٨)

فیقهی ئیسلامیش. هاندەری ڕق و دوژمنایەتییە بەرامبەر ناموسڵمانان. زانایانی ئیسلام بە ئەندازەیەک هانی ڕق و کینە لە پێناو خودا دەدەن، کە دەبێتە بنەڕەتی ناکۆکی و شەڕ و کۆشتار بەرامبەر جولەکان. و هەمیشە موسوڵمان شەڕ و ناکۆکی هەڵدەگیرسێنێ، بەڵام جولەکە بە پڕیشکی ئاگری ناکۆکیەکە، تاوانباردەکەن ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەقی ئایەتەکانی قورئان، کە لەبارەی جولەکان، بە موسڵمانان دەڵێ:

سورة المائدة ٥: ٦٤

وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۚ وَأَلۡقَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ كُلَّمَآ أَوۡقَدُواْ نَارٗا لِّلۡحَرۡبِ أَطۡفَأَهَا ٱللَّهُۚ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادٗاۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ (٦٤)

وە جولەکە گوتیان دەستی خودا کۆتوبەند کراوە، دەك دەستەکانیان کۆتوبەند بکرێ و نەفرەتیان لێ کراوە بەهۆی ئەوەی گوتوویانە، بەڵکو هەردووك دەستەکانی خودا کراوەیە، دەیدات بە کەسێك کە خۆی بیەوێ، و سوێند بێ سەرکێشی و کوفری زۆرێکیان زیاد دەکا بە هۆی ئەوەی بۆ تۆ لە لایەن خوداکەوە دابەزیوە، وە دوژمنایەتی و ڕقوقینمان خستۆتە نێوانیان تاوەکو ڕۆژی قیامەت، هەرچەند جارێك جەنگێکیان هەڵگیرساندووە خودا کوژاندوویەتیەوە، و لە خاکەکە خراپەکاری بڵاودەکەنەوە، و خودا خراپەکارانی خۆش ناوێت. (٦٤)

سورة المائدة ٥: ١٤

وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ (١٤)

وه لەوانەی دەیانگوت ئێمە نەسارین: پەیمانمان لێیان وەرگرت، جا بەشێکیان لەوە پشتگوێ خست کە وەبیریان هێنابۆوە، بۆیە ئێمەش ڕق و قین و دووبەرەکیمان خستە ناویان، تاوەکو ڕۆژی قیامەت، و خودا ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێ، کە دەیانکرد . (١٤)

سورة الممتحنة ٦٠: ٤

قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓۖ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ (٤)

بێگومان بۆ ئێوە لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی پێشرەوی چاك هەیە، کە بە نەتەوەکەیان گوت: لە ڕاستیدا ئێمە لە ئێوە و ئەو شتانەی کە جگە لە خودا دەیانپەرستن بێبەرین، حاشامان لە ئێوە کرد، وە بۆ هەمیشە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا دوژمنایەتی و ڕق و قین سەریهەڵدا تاوەکو تەنیا باوەڕ بە خودا دەهێنن، تەنیا وتەی ئیبراهیم بۆ باوکی نەبێت: سوێند بێ داوای لێبووردەیی بۆ تۆ دەکەم، هەرچەندە من هیچ دەستەڵاتێکم لای خودا

نییە، خوداکەمان پشتمان بە تۆ بەستووە و بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە، وە سەرەنجام بۆ لای تۆیە. (٤)

خودای ئیسلام، بە دەقەکانی قورئان، موسڵمانان هاندەدا، لە پێناو خودا خۆشیان بوێ و لە پێناویشی ڕقیان لێ بێتەوە.

بەو پێیەی موسڵمان لەلایەن پەروەردگارەوە فەرمانیان پێکراوە. کە باوکیان یان براکەیان وەک هاوڕێ وەرنەگرن، ئەگەر کوفریان پێ باشتر بوو. هانیان دەدا، پێویستە دوژمنایەتی و ڕق و کینە بەرامبەر بە باوک و براکەیان نیشان بدەن، ئەگەر کوفریان پێ باشترە لە باوەڕ، هەروەک نەبی ئیبراهیم بە باوکی و گەلەکەی گوت.
هەروەها ئیسلام داوای دادپەروەری دەکا لە دادوەری و بڕیاردان. کەچی مێژووی ئیسلام پڕە لە نادادپەروەری، و دادوەرانی هەلبژێردراوی دەستەڵات.

لەیەکچوونی هەندێ ئایەت و ڕیتوالی پاڕانەوە

زۆر ئایەت و ڕیتوالی دینی لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام، لە یەکچوونێکی زۆر هەیە، مەگەر تەنیا ناو یان شێوەی دەربڕینەکان جیابن، ئەگینا ئاوێنەی یەکترین

پەیمانی کۆن داوەران ٧: ٤ - ٧

(٤) ئینجا خودا بە گەدعۆنی فەرموو: هێشتا خەڵکەکە زۆرن. بیانبەرە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە بۆ ئەوەی لەوێ لە بێژنگیان بدەم بۆت. ئیتر ئەوەی کە پێت بڵێم: ئەمە لەگەڵت دێ، ئەوە لەگەڵت دێ، بەڵام بۆ هەر یەکێکیش پێت بڵێم: ئەمە لەگەڵت نایەت، ئەوا نایەت.

(٥) گدعۆنیش خەڵکەکەی بردە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە. ئینجا خودا بە گەدعۆنی فەرموو: هەرکەسێک لەسەر لەپی دەستی بە زمان لە ئاوەکەی خواردەوە وەک چۆن سەگ ئاو دەخواتەوە جیای بکەرەوە، هەروەها هەرکەسێک بۆ ئاو خواردنەوە بەسەر چۆکدا بکەوێت جیای بکەرەوە

(٦) ئیتر ژمارەی ئەوانەی لە ڕێگەی لەپی دەستەوە بە زمان ئاویان خواردەوە سێ سەد پیاو بوون، خەڵکەکەی دیکەش هەموویان لەسەر چۆکیان کەوتن بۆ ئاو خواردنەوە.

(٧) ئینجا یەزدان بە گەدعۆنی فەرموو: بەو سێ سەد پیاوەی لە ڕێگەی لەپی دەستەوە بە زمان ئاویان خواردەوە ڕزگارتان دەکەم و میدیانییەکان دەخەمە ژێر دەستتەوە، خەڵکەکەی دیکە با هەرکەسە و بچێتەوە بۆ شوێنی خۆی

تەورات پێمان دەڵێ گەدعۆن لەگەڵ چەندین سەربازدا هاتووە بۆ ڕووباری ئوردن بۆ شەڕکردن لەگەڵ هۆزەکانی میدیانەکان. بەڵام خودا نەیدەویست ئیسرائیلییەکان بەبێ یارمەتی ئەو میدیانییەکان بشکێنن، نەک ئیسرائیلییەکان لەخۆیان بایین. بۆیە خودا بە گەدعۆنی گوت: سەربازەکانت ببە سەر ڕووبارەکە و هەموو ئەوانەی، بەدەست ئاویان بە دەمەوە کردووە. سێ سەد پیاو بوون. واتە: هەرکەسێک لەسەر لەپی دەستی بە زمان لە ئاوەکەی خواردەوە، بخەنە ئەودیو. بۆیە گەدعۆن تەنها سێ سەد پیاوی لەگەڵ خۆی برد، کە ئاوەکەیان چەقاندبوو و بە یارمەتی ئەوان، خودا میدیانەکانی شکاند.

قورئان دەڵێ:

سورة البقرة ٢: ٢٤٩

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِٱلْجُنُودِ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ ۚ فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۚ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ (٢٤٩)

جا کاتێك طالووت بە سەربازەکانیەوە کەوتە ڕێ، گوتی: خودا بە ڕووباریك تاقیتان دەکاتەوە، جا ئەوەی لێی بخواتەوە ئەوە لە من نییە، وە ئەوەی تامی نەکات ئەوە لە منە، مەگەر کەسێك نەبێت کە بەلەپی دەستی لێی

بخواتەوە، جا لێیان خواردەوە تەنها کەمێك نەبێت، جا کاتێك خۆی و ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، گوتیان ئیمڕۆ توانایيمان نییە بەسەر جالووت و سەربازەکانی، بەڵام ئەوانەی کە پێیان وابوو بە خوداکەیان دەگەن، گوتیان: چەندەها کۆمەڵەی کەم توانیویانە بەسەر کۆمەڵی زۆردا زاڵبن، بە مۆڵەتی خودا. و خودا لەگێڵ خۆڕاگرانە. (٢٤٩)

قورئان ناوی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیلی تێکەڵ کردووە. و جالوتی خستۆتە شوێنی گەدعۆن، بەڵام لەگەڵ تەوراتدا هاوڕایە کە ئەوانەی بە دەست ئاویان دەکێشا لەلایەن پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلەوە ڕێگەیان پێدراوە شانبەشانی ئەو شەڕ بکەن. بۆیە لێرەدا وەرگێڕانەکە ورد نەبوو.

لە دینی جولەکە، لە هەردوو پەرتووکی تالمود و میشنا، بەو جۆرە کاتەکانی ڕۆژوو دیاریدەکا:

تالمود ١: ٥، میشنا ١:٢

یەکەم هێڵی سپی لە هێڵی شین بەدیار کەوت، مرۆڤ بە ڕۆژوو دەبێ .

دینی جولەکە هانی نوێژی بەیانی دەدات، کاتەکەی ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەتوانێت هێڵی سپی لە هێڵی شینی بەیانی جیا بکاتەوە.[17]

لە قورئانیش بە هەمان شێوە دەڵێ لە کاتی بەڕۆژووبوون لە ڕەمەزان:

سورة البقرة ٢: ١٨٧

[17] Abraham Geiger (2013), Judaism and Islam, Forgotten Books. Pp. 68

وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ (١٨٧)

بخۆن و بخۆنەوە، تا کاتی دەمەوبەیان، ئەو کاتەی هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش جیادەبێتەوە. پاشان بەڕۆژووبن تا شەوی دوایی (١٨٧)

نووسەری قورئان، هەمان شتی دووبارەکردۆتەوە، تەنیا هێڵی شینی گۆڕیووە بە هێڵی ڕەش.

شەهادە هێنان

شەهادە لە ئیسلام

أَشْهَدُ أَلَّا إِلَـٰهَ إِلَّا ٱللَّـٰهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ ٱللَّـٰهِ

لا إله إلا الله (هیچ خودایەک نییە جگە لە خودا)

هەروەها شەهادەی جولەکە: الله واحد ولا إله غیره (خودا یەکە و جگە لە خودا هیچ خودایەکیتر نییە).

گوێگرە ئەی ئیسرائیل، یەهوە خودامانە، یەهوە تاکە.

شمع إسرائیل، یهوه إلهنا، یهوه واحد

Shema Yisrael, Adonai Eloheinu, Adonai Echad

نوێژ

نوێژ وەک ئەرکێکی دینی، لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام، وەک پێگای بنچینە و ڕیتوالێکی پیرۆز دەبینرێ.

جولەکە، لە ڕۆژی ئاسایی دا، سێ نوێژیان هەیە،[18] لەگەڵ نوێژی ڕۆژی شەممە. لە ڕۆژانی ئاسایی دا، نوێژی بەیانی، نوێژی نیورۆ، نوێژی ئێوارە. نوێژ لە دینی جولەکە لە سەرەتادا بە وەستان بوو، تەنیا بۆ کەسانی نەخۆش نەبێ، کە دەتوانن بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن.

سەبارەت بە ژمارەی نوێژ لە ڕۆژدا، لە پەرتووکی دانیال دا هاتووە، کە هەمیشە لە ڕۆژێکدا سێ جار نوێژی دەکرد، و دەچەمایەوە و سوپاسی خودای دەکرد.

پەیمانی کۆن دانیال ٦: ١٠

> (١٠) کە دانیال بە واژووکردنی فەرمانەکەی زانی، گەڕایەوە ماڵ، و چووە ژوورەکەی سەرەوە، کە پەنجەرەکەی ڕووەو ئۆرشەلیم دەکرایەوە. سێ جار لە ڕۆژێکدا چووە سەر چۆک و لەبەردەم خوداکەی نوێژی کرد و سوپاسی کرد، هەروەک پێش ئەوە دەیکرد.

ژمارەی نوێژەکان، لە زەبوورەکانیش، دووبارە بۆتەوە، کە سێ جار نوێژ دەکرێ.

زەبوورەکان ٥٥: ١٧

---

[18] لەدینی سابئێ هەردوو باڵەکەی، مەندئی و حارانی، بە هەمان شێوە ڕۆژی سێ جار نوێژیان هەیە.

(١٧) ئێواران و بەیانییان و نیوەڕۆیان گەلەی دەکەم و دەناڵێنم، ئەویش گوێم لێ دەگرێ.

زۆرجار نوێژ لە دارشتەیەکی کورت و دواتر بە بەیتی بە ڕیتم بەردەوام دەبێ، لە سەرەتاوە بە هاوڕای گۆرانی دەخوێندرا. دواتر وردە وردە هەندێک، دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئامێری موزیک، وەک لە پەرتووکی زبورەکاندا دیارە و گۆرانیبێژان بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کران.

نوێژ لای جولەکان، دوو جۆرە:
نوێژی تاک بەیێ کات و پێویستیە، پەیەوندی بە کات و وەرز و ڕیتوالی تایبەتی نییە. نوێژ خوێن شاڵێکی بچووک بەسەر شانەکانی دادە.
نوێژی بە کۆمەڵ، دەبێ ژمارەیان لە دە کەس کەمتر نەبێ، و دەبێ لە شوێنی تایبەتی بێ، بۆ نوێژکردن. ڕیتوالی ئەو نوێژە، لە لایەن سەرۆکانی دین و کاهینەکان بڕیاری لەسەر دراوە. نوێژخوێن بۆ نوێژکردن، دەبێ شاڵێکی گەورە لە مل بئاڵێنن. دواتر پێشنوێژ بە پاڵتۆیەکی ڕەش و کڵاوێک لەسەردەنێ، ئەوسا پێشنوێژی دەکا، لەبەر ئەوەی، لە کاتی نوێژ دەبێ سەری داپۆشێ. ئەوەش بۆ ڕێزگرتنە لە دەقەکانی تەورات.
لەو نوێژەدا، هەندێک دەق تەورات لە بلووری تایبەتی دەخوێندرێن، کە لە شوێنی تایبەتی پارێزراون. نوێژ بە ووتارێکی کوردت و سروودێکی نەرێتی و پاڕانەوە کۆتایی دێ.[19]

بۆ نوێژکردن ڕوویان لە پەرستگای پیرۆز دەکەن. پێشتر لە نوێژکردندا دەنووشتانەوە و کرنۆشیان دەبرد. تا ئێستاش هەندێکیان هەر بەو شێوەیە نوێژدەکەن. بەڵام ئێستا

[19] موسوعة الأديان، الجزء السابع

زۆربەیان بە دانیشتن لەسەر کورسی نوێژدەکەن، دەستیان لەسەر سنگ دادەنێن، لەگەڵ ئەوەی سەریان کەمێک دادەنەوێنن.

جولەکە بە گشتی سێ جار لە ڕۆژێکدا نوێژدەکا:
نوێژی بەیانی (شەحاریت). ئەم نوێژە لە سێ بەش پێکدێ. سەرەتا بە پاڕانەوە و سروود دەست پێدەکا، بەشی دووەم خوێندنەوەی تەوراتە، بەشی کۆتاییش بە بانگەواز و بانگهێشتکردن بۆ نوێژکردن دەست پێدەکا، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا ئەنجام بدرێ، و خوێندنەوەی (شماع یسرائیل) واتە گوێبگرە ئەی ئیسرائیل) و سروودیتر، و لەو کاتەدا بە خوێندنەوە لە تەورات و دوعا و سروود دەست پێدەکەن.

نوێژی نیوەڕۆ (مەنحاه) نوێژێکی کورتە، بریتیە لە خوێندنەوەی تەورات. ئەو نوێژە، دابەش نەبووە و تەنیا خوێندنەوەی لە تەورات و سروود و پاڕانەوەیە. بۆ ئەو نوێژە بانگ نادرێ.
نوێژی ئێوارە (مەعاریف) نوێژێکە تەنیا نزا و پارانەوەیە. شوێنێکە کە خەڵک داوای نوێژی گشتی تێدا دەکەن و خوێندنەوە لە تەوراتەوە ئەنجام دەدرێت.[20]

لە سەرەتای ئیسلامیشدا، لە ڕۆژێکدا تەنیا دوو نوێژ بوون. بەر لەڕۆژ هەڵاتن و دوای ڕۆژ ئاوابوون. دواتر محمد نوێژی پاشنیوەڕۆی لێ زیادکرد. و گوتی:

سورة البقرة ٢: ٢٣٨

حَـٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ (٢٣٨)

وە پارێزگاری لە نوێژەکان بکەن، و بە تایبەتی نوێژی ناوەڕاست، وە بە

[20] Babylonian Talmud. Mas. Sukkah 38b

ملکەچکردنەوە بۆ خودا بوەستن. (٢٣٨)

کەواتە نوێژەکانیان بوو بە سێ جار لە ڕۆژێکدا، وەک نوێژی جولەکان. خوێندن لە هەندێک پاڕانەوە بە بێدەنگی ئەنجام دەدرا، وەک چۆن حەنا نوێژی دەکرد. و لە هەندێکی تریشدا بە دەنگی بەرز. ابن عەباس دەڵێ پەیامبەر لە خوێندنی هەندێ پاڕانەوە، بەدەنگ و لە هەندێکی تریشدا بێدەنگ بوو. بۆیە ئێمە کاتێک پاڕانەوە دەیخوێنین، و کاتی بێدەنگ بوو، بێدەنگ دەبین. لێیان پرسی: ئایا لە نوێژی نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆدا خوێندن هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: نەخێر. زۆرینەی زانایان فەرموودەی (خباب)یان گرتەبەر، کە پەیامبەر لە نوێژی نیوەڕۆ و پاشنیوەڕۆدا (بە بێدەنگی) دەیخوێند. پرسی: چۆن ئەوەتان زانی؟ لە وەڵامدا وتی: بە جوڵەی ڕیشی[21]

سەبارەت بە تەیمومکردن

لە پەیمانی کۆن، هەمیشە نوێژ بە دەستنوێژگرتن دەست پێدەکا. کە باوەڕدار بە ئاو دەستەکانی دەشوا، ئەگەر ئاو نەبوو، نوێژخوێن دەتوانێ بە لم دەست بشوا (تەیمیم).[22]

تالمود دەڵێ:

بە خۆڵ خۆی پاک کاتەوە، ئەوەندە بەسە بۆ پاکبوونەوە.

---

[21] ابن رشد القرطبي، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، ج1، ص 87

[22] الجزعفراني، حاييم (٢٠٠٠)، يهود الأندلس والمغرب، الجزء الثاني، ترجمة أحمد شحلان، مطبعة النجاح الجديدة، ص ٥١٣

لە تالمود (Bara Koth 15b, 2-3) دەڵێ: لەکاتی نەبوونی ئاو بەپێی یاسای تالمود بە خۆڵ، یان بەرد یان ئاردەدار تەیموم بکرێ.[23]

لە قورئان سورة النساء ٤: ٤٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا (٤٣)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە نوێژکردن نزیك مەکەونەوە کاتێك سەرخۆشن، تاوەکو دەزانن چی دەڵێن. و نە کاتێک لەشت پیسە، مەگەر ڕێبوار بی. تاوەکو خۆتان دەشۆن، و ئەگەر نوخۆشبوون، یان لەسەر سەفەر بوون. یان کەسێک لە ئێوە لە گوکردن گەڕایەوە. یان نزیکی ژنان کەوتن. جا ئاوتان بەدی نەکرد، ئەوە بە خۆڵێکی پاک تەیموم بکەن. بەڕووتا و دەستەکانتان دابێنن. خودا دەبووریێ و لێبووردەیە (٤٣)

پاڕانەوە بۆ کەسێکیتر

لە تالمود، فتوای باوکانی دین، دەڵێ: ئەوکەسەی داوای چاکە بۆ شوێنکەوتووێکی خۆی بکا، لەهەمان کاتدا خۆی پێویستی بەهەمان شت هەیە. کە یارمەتی وەربگرێ.[24]

[23] Bara Koth 15b, 2-3

[24] Baka Kamma 92a: 17 - 19

له قورئان سورة النساء ٤: ٨٥

مَّن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَاۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقِيتًا (٨٥)

هەر کەسێك تکایەك بکات تکایەکی چاك، ئەوە بەشی تیادا دەبێت، وە هەر کەسێك تکایەك بکات تکایەکی خراپ، ئەوە بەرپرس دەبێت تیایدا، و خودا بەسەر هەموو شتێکدا چاودێر بووە. (٨٥)

یاسا کۆمەڵایەتیەکان

یاساکانی کۆمەڵایەتی لە دینی جولەکە، بە درێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵە هاتوونەتە بەرهەم، و پەیوەندییەکی توندیان بە باوەڕی دینییەوە هەیە. دوای ئەوەی دینی ئیسلام هات، کە ڕەگی لە دینی نەسارییەوە هاتبوو، هەمان ئەو یاسایانەی، لەگەڵ کولتوور و نەرێتە باوەکانی عەرب، و ڕەوەندەکانی بیابانی پێش ئیسلام تێکەڵ کردن.

کۆیلایەتی لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام

مێژووی کۆیلایەتی لەو کاتەوە دەستپێکرد. کە مرۆڤ لە ڕاوچیەتی و ژیانی ئەشکەوەتەوە، پەرەی سەند بۆ ژیانی ئاوەدانی، دۆزینەوەی کشتوکاڵ و دروستبوونی کۆمەڵگەی نیشتەجێ. لەو کاتەوە خەریکە کاری کشتوکاڵ و زەوی کێڵان و چاندن و ئاژەڵداری. ئەوەش هەم پێویستی بە کاری زۆر و هەمەلایەن هەبوو و هەمیش دەبوایە بەردەوام زەوی زیاتر ماڵیبکا. ئەوەش، ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکان، لەسەر ئاو و زەوی و سەرچاوەکانی تر دەنایەوە. ئەو ناکۆکییانە زۆربەی کات دەبوونە هۆی شەڕ و دەستدرێژی گرووپێک دژی گرووپێکی دیکە، ئەو ناکۆکیانەش، دەبوونە هۆی شەڕ. کە بۆ ماوەی جیاواز بەردەوام دەبوون. خۆ دیارە لە هەر شەڕێکدا دەبێ سەرکەوتوو و دۆڕاو هەبن. زۆرجار چارەنووسی دۆڕاوەکان کۆیلایەتی بوو. کۆیلە کاری قورسی لە زەوی کشتوکاڵ و شوانکارەیی، تا دەگاتە کرێکاری خانوو، بۆ داگیرکەرەکانیان.

کۆیلایەتی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەویش گۆڕانی بەسەردا هات. تەنیا بەکارکردن نەوەستا، تا گەیشتە ئەو ئاستەی، کۆیلە وەک هەر کاڵایەکیتر سامانی خاوەنەکەی بوو. خاوەنەکەی کڕین و دەیفرۆشتنی پێدەکرد.

لە کۆمەڵگای یۆنانی و دواتر ڕۆمانی پێش هاتنی دینە یەکتاپەرستەکان کۆیلایەتییان هەبوو. خاوەن کۆیلە گشت دەستەڵاتێکی لەسەر چارەنووسی کۆیلەکەی هەبوو، هەر لە کارکردن، تا دەگاتە ئەشکەنجە و کوشتن.

لەگەڵ پەیدابوونی دینەکان، کۆیلایەتی هەر بەردەوام بوو. دینی جوولەکە کە یەکەم ڕوخساری دینی یەکتاپەرستی بوو، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی نەدا. بەڵکوو یاسای کۆنترۆڵکردنی بۆ دانا. بۆ نموونە لە پەیمانی کۆن:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢ - ٤

(٢) ئەگەر کۆیلەیەکی عیبرانیتان کڕی ئەوا شەش ساڵ خزمەت دەکا و ساڵی حەوتەم بەخۆڕایی ئازاد دەبێ .

(٣) ئەگەر بە تەنیا هاتبوو ئەوا بە تەنیا ئازاد دەبێ، بەڵام ئەگەر مێردی ژنێک بوو ئەوا ژنەکەشی لەگەڵی ئازاد دەبێ.

(٤) ئەگەر گەورەکەی (خاوەنەکەی) ژنێکی پێدابێ و ژنەکە کوڕ یان کچی بۆی بووبێ، ئەوا ژن و منداڵەکان بۆ گەورەکەی (خاوەنەکەی) دەبن و ئەو بە تەنیا ئازاد دەبێ.

سەبارەت بە ژنی کۆیلە تەورات دەڵێ:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٧ - ١١

(٧) ئەگەر پیاوێک کچەکەی خۆی، وەک کۆیلە فرۆشت، ئەوا وەک پیاوێکی کۆیلە ئازاد نابێ.

(٨) ئەگەر کچەکە نەبێتە جێی ڕەزامەندی گەورەکەی(خاوەنەکەی)، کە نیشانی کردووە بۆ خۆی، ئەوا دەبێ ڕێ بە کچەکە بدا بکڕدرێتەوە. ئیتر مافی فرۆشتنی نییە بە خەڵکێکی بێگانە، چونکە لەگەڵ کچەکە بێوەفا بووە.

(٩) ئەگەر کچەکەی نیشان کرد بۆ کوڕەکەی ئەوا پێویستە وەک کچی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکا.

(١٠) ئەگەر ژنێکی دیکەی هێنا، ئەوا پێویستە خواردن و بەرگ و جووتبوونی لەگەڵ ئەو کەم نەکاتەوە.

(١١) ئەگەر یەکێک لەو سێیانەی بۆ نەکرد، ئەوا کەنیزەکە بەخۆڕایی ئازاد دەبێ.

دینی جولەکە ماوەی کۆیلایەتی مرۆڤی عیبری بە شەش سال دیاریکرد. بەڵام بۆ دیاریکردنی ماوەی کۆیلەیەکی ناعیبری بێدەنگە. لەگەڵ ئەوەشدا جولەکە هەندێ مافی بە کۆیل داوە. بۆ نمونە کۆیلەیەک کە دوای تەواوبوونی ماوەکەی، لە کۆیلایەتی ئازاد دەبێ، ژنەکەی لەگەڵیدا ئازاد دەکرێ، ئەگەر پێش چوونە ناو کۆیلایەتی هاوسەرگیری کردبێ. بەڵام ئەگەر دوای چوونە ناو کۆیلایەتی هاوسەرگیری بکات، ژن و منداڵەکانی دەبنە موڵکی خاوەنەکەی و بە تەنیا خۆی لە کۆیلایەتی ئازاد دەبێ. هەروەها دینی جوولەکە هەندێ مافی بە کۆیلە مێینەکان دەدا، ئەگەر خاوەنەکەی بە ناسەرنجڕاکێش بزانێ دوای ئەوەی هاوسەرگیریان، واتە دوای ئەوەی پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ یەکتری ئەنجامدا، ناتوانێ بیفرۆشێ. هەروەها پابەندە بە جل و بەرگ و خۆراک و پەیوەندی سێکسی لەگەڵیدا ئەگەر جگە لەو کۆیلەیەکی دیکەی مێینەی هەبێ.

دینی ئیسلام و کۆیلایەتی

ئیسلام ڕێگە بە خاوەندارێتی کۆیلەی نێر و مێ دەدا لە ڕێی کڕین، گرتن لە شەڕدا، یان بەخشین، هەروەک چۆن دینی جولەکە کردبووی. ئیسلام جیاوازی لە نێوان کۆیلەی موسڵمان و ناموسڵمان ناکا، هەردووکیان کاڵایەکن، بۆ پیاوانی موسڵمان، بەو پێیەی

خاوەنیانە. بۆ هەموو شتێ ڕێگەپێدراوە. هەرکاتێک ویستی دەتوانێ لەگەڵ کەنیزە سێکس بکا. و تەنانەت هەندێکیان ڕێگەیان پێدەدا، پێشکەشی میوانی بکەن وەک جۆرێک لە میوانداری. باس لەوە دەکرێ، کە ئەبو محمد عەتا کوڕی ئەبی ڕەبا کە هاوشانی موجاهید تاکە دەسەڵاتی فیقهی ئیسلامی بووە لە مەککە، پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنانی کۆیلە بە مۆڵەتی خاوەنەکانیان بە دروستی زانیوە، کە بۆ میوانەکانیان بیاننێرن.

ئیسلام ڕێگری لە پیاوانی موسڵمان دەکا، پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنانی بەمێرد بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێدەدات پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنێکی بەمێرد بکەن، کە لە شەڕ دەستگیریان کردووە، تەنانەت ئەگەر مێردەکەی لە ژیانیشدا بێ.

سورة النساء ٤: ٢٣- ٢٤

وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ أَن تَبۡتَغُواْ بِأَمۡوَٰلِكُم مُّحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَۚ فَمَا ٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهِۦ مِنۡهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةٗۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا تَرَٰضَيۡتُم بِهِۦ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡفَرِيضَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا (٢٤) وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ (٢٥)

وە ژنانێك کە خاوەن هاوسەرن، جگە لەوانە نەبێت کە بە دەستی ڕاست بەدەستتان هێناون (کەنیزە)، ئەوە خودا لەسەر ئێوەی نووسیوە، وە لە دەرەوەی بۆتان حەڵاڵە کە بە پارەکانتان بەدەست بهێنن ژنانێکی داوێن پاك، نەك بەڕەڵا، جا هەر کاتێک بە چووکتانخۆشیان لە قوزیان بێنی، ئەوە کرێکانیان وەک وامێک پێ بدەن، وە گوناهتان ناگات ئەگەر لە نێوان خۆتان پێك هاتن لە دوای پێدانی ئەوەی وامە، لە ڕاستیدا خودا زانا و ژیرمەند بووە. (٢٤) و هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر نەیتوانی ژنانی ئازادی داوێنپاکی ئیماندار

نیکاح بکات، ئەوە با کۆیلەیەك لە کچانی باوەڕدار بێنێ، و خودا بە باوەڕی هەندێکتان لە هەندێکتان دەزانێ، جا بە مۆڵەتی کەسوکاریان نیکاحیان بکەن، وە کرێکانیان بەچاکی پێبدەن. با ژنانێکی باوەڕداری نا بەڕەڵای بێ دۆست بن. جا کاتی بووە خاوەنی هاوسەر و بێناموسیان کرد. ئەوە نیوەی سزایان دەکەوێ، کە لەسەر ژنێکی ئازادە. ئەوە بۆ پیاوانێکە لە ئێوە لەخۆی دەترسێ. و ئەگەر دان بەخۆتاندابگرن چاکترە. و خودا لێبووردە و بەبەزەییە (٢٥)

ئایەتەکان ئەو ژنانە دیاری دەکەن کە بۆ پیاوێکی موسڵمان قەدەغە کراون و لە ئایەتی ٢٤دا ئەو دۆخە نائاساییە دەبینرێ: هەروەها قەدەغەیە بۆ ئێوە (ژنانی هاوسەرگیریان کردووە، تەنیا ئەوانە نەبێت کە دەستی ڕاستتان وەدەستتان هێناون) (النساء ٢٤). بۆ ئەوانەی توانای هاوسەرگیریان نییە لەگەڵ ژنی ئازاد، قورئان پێشنیاری هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی کۆیلە دەکات: هەرکەسێک لە ئێوە توانای هاوسەرگیری بە ژنانی ئازاد و ئیماندار‌دا نەبێت، ئەوا [دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کۆیلەی باوەڕدار بکا. بەو شێوەیە ژنی کۆیلەی موسڵمان دوا ئالترنەتیڤە بۆ پیاوێکی هەژاری موسڵمان. ئەگەر توانای هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی موسڵمانی ئازاددا نەبێ.

ئەگەر پیاوێکی موسڵمان ژنە کۆیلە هاوسەردارەکەی بفرۆشێ، فرۆشتنەکە هاوسەرگیرییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، وە بەبێ مۆڵەتی هاوسەرەکەی تەڵاقی دەکەوێ. ئیبن مەسعود دەڵێ: ئەگەر کۆیلەیەکی مێینە لە کاتێکدا مێردی هەبێت فرۆشرا، ئەوا کڕیار مافی هاوسەرگیریی لەگەڵیدا هەیە. هەندێک لە زانایانی سەرەتای ئیسلام، لەگەڵ ئەوەدا نەبوون و دەیانگوت فرۆشتنەکە هاوسەرگیرییەکە هەڵناوەشێنێتەوە.

ئارگومێنتەکەیان لەسەر فەرموودەی سەبارەت بە (بریرة المخرج) کە لە دوو صحیح و کۆکراوەکانی تردا دەبینرێت. عائیشە دایکی باوەڕداران کۆیلەی کڕی و ئازادی کرد. و هاوسەرگیری لەگەڵ هاوسەرەکەی مغیث هەڵنەوەشایەوە. بەڵکو پەیامبەر، بژاردەی لە نێوان هەڵوەشاندنەوە و مانەوەی هاوسەرگیریدا پێبەخشی و هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژارد. چیرۆکەکەی بەناوبانگە. ئەگەر فرۆشتنی کۆیلەیەکی مێینە جیابوونەوە بووبێ، وەک ئەم زانایانە بانگەشەی بۆ دەکەن، پەیامبەر بژاردەی نەدەدا. بەڵام ئەوەی کە محەمەد ئەو هەڵبژاردنەی پێداوە. ئەوەش مانای وایە کە فرۆشتنی کۆیلەیەکی مێینە ڕێگە بە جیابوونەوەی دەدا، ئەگەرنا محەمەد ئەو هەڵبژاردنەی نەدەدا.

سەروەت و سامانی موسڵمان بە پیرۆزییەکی تایبەت لە ئیسلامدا دانراوە، تا ئەو ڕادەیەی کە کۆیلەیەکی موسڵمان، لە خاوەنەکەی ڕادەکا، بە کافر دادەنرێ تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە. وەک جەریر دەگێڕێتەوە:
هەر کۆیلەیەک لە خاوەنەکەی ڕابکات، کوفری کردووە تا دەگەڕێتەوە لای.

ئیسلام داوا لە پیاوی موسڵمان ناکا، لە ڕووی خواردن و خواردنەوە و پەیوەندی سێکسی، بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ کۆیلە ژنەکانیدا بکا، وەک چۆن دینی جولەکە، داوا لە جولەکەیەک دەکا، ئەگەر کۆیلەیەکی نوێی مێینەی بەدەست هێنا، یەکەم کەس (ئەگەر کۆیلەی تری پێشتر هەبووبن) لە خواردن و خواردنەوە و پەیوەندییە سێکسییەکانی بێبەش نەکا. کەچی لە ئیسلام پێویست ناکا، بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ بکا.

لە دینی جولەکە،کۆیلە بە موڵکی خاوەنەکەی دادەنرێ. بۆ نموونە لە تالموددا هاتووە: ئەگەر بێوەژنێک (هاوسەرگیری لەگەڵ) کاهینێکی گەرە، یان ژنێکی جیابووەوە لە کاهینێکی ئاسایی، کۆیلەی ملوج یان کۆیلەی تسون بارزێلی بۆ بهێنێت (لە ماڵی باوکیەوە)، ئەوا

کۆیلەکانی ملوج بەشداری لە پێشکەشکردنەکەدا ناکەن، لەکاتێکدا کۆیلەکانی تزون بارزێل بەشداری دەکەن.[25] کۆیلەکانی ملوج ئەوانەن کە مێرد خاوەنی ژنەکەیەتی. و ئەگەر مردن، خاوەنەکەیان لەدەستدانی مردنەکەیان لە ئەستۆ دەگرێ. و ئەگەر بەهاکەیان زیاد بوو، زیادکردنەکە هی خۆیەتی، هەرچەندە مێردەکە پابەندە بە پشتگیریکردنیان. کۆیلەی تزون بارزێل ئەوانەن کە مردنیان لە ئەستۆی مێرددایە و ئەگەر بەهاکەیان زیادی کرد ئەوا زیادکردنەکە هی مێردەکەیە.

لە فیقهی ئیسلامیشدا کۆیلەکان، سامانی خاوەنەکانیانن و تۆڵەسەندنەوە لە نێوانیاندا بەندە بە بەهای کۆیلەکەوە. تۆڵەسەندنەوە لە نێوان کۆیلەکاندا بەهۆی کوشتن ئەنجام دەدرێت، بەپێی زۆرینەی زانایان. ئەوەش عمر بن عبد العزيز وسالم والنخعي, والشعبي والزهري وقتادة, والثوري ومالك والشافعي دەگێڕنەوە, وأبي حنيفة ریوایەکیتر لە أحمد ه هیتر دەگێڕێتەوە، کە مەرجی تۆڵە بەرامبەر بەهایانە. ئەگەر بەهایان جیاوازبووتۆڵەیان لە نێوان نابێ. بەڵکوو تایبەتە، بە بەهای بکوژ. ئەگەر بەهای بکوژ زیاتر بوو، یان کەمر بوو. ئەوەش قسەی عطاء و ابن عباسە: هیچ تۆڵەکردنەوەیەک لە نێوان کۆیلەکاندا نییە بۆ گیان یان بریندارىوون، چونکە ئەوان موڵکن. [26]

بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە هیچ تۆڵەکردنەوەیەک لە نێوانیاندا نییە، نە بۆ کوشتن و نە بۆ بریندارکردن، وەک ئاژەڵ وان. ئەوە بۆچوونی الحسن وابن شبرمة و کۆمەڵێک زانایە. فیقهی ئیسلامیش ڕێگە بە ژن دەدات خاوەنی کۆیلە بێ، بەڵام شووکردنی لەگەڵ کۆیلەکەی لێ قەدەغە دەکا. لە شمر بن نمير لە حسين بن عبد الله ، لە باوکی دەگێڕێتەوە، کە ئەویش

[25] مصطفى عبد المعبود منصور، التلمود (المشنا)، مكتبة النافذة، ٢٠٠٨، القسم الثالث: ناشيم: النساء، ص ٥٩

[26] المقدسي، موفق الدين، مغني المحتاج، مكتبة القاهرة بدون نسخة، 1968، الجزء ٤٥، كتاب الجراح، ص ١٦

لە باپیری بیستووە، کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب، سەبارەت بەو بابەتە، پرسیاری لە ابن شهاب کردووە، و ئەویش دەڵێ: ئەگەر پشکێکی لە موڵک و ماڵی هاوسەرەکەی بە میرات گرت، ئەوا جیا دەبنەوە، چونکە ئەوی بۆ حەڵاڵ نییە، و دروست نییە ژنێکی ئازاد هاوسەرگیری لەگەڵ کۆیلەکەی بکا. ئەو ماوەی چاوەڕوانی ژنێکی ئازاد ڕەچاو دەکات کە سێ سوڕی مانگانەیە. یونس دەڵێ، ربیعە گوتی: ئەگەر مێردەکەی یا بەشێکی بە میرات گرت، ئەوا حەرامە بۆی، تەنانەت ئەگەر پێشی ڕازیێ.[27]

لە دینی جولەکە، ڕیگە بە جولەکە دەدا، لە کۆیلەی بدا، بە مەرجێ نەیکوژێ.

پەیمانی کۆن - دەرچوون ٢١: ٢٠ - ٢١

(٢٠) کاتی یەکێک، بەدار لە کۆیلەکەی یان لە کارەکەرەکەی بدا. و لەژێر دەستی مرد، ئەوا سزا دەدرێت، (٢١) بەڵام ئەگەر لەدوای ڕۆژێک یان دووان چاک بووەوە ئەوا سزا نادرێت، چونکە ماڵی خۆیەتی.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢٦ - ٢٧

(٢٦) کاتێک یەکێک لە چاوی کۆیلەکەی یان چاوی کارەکەرەکەی دا و کوێری کرد، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی چاوی .(٢٧) ئەگەر ددانی کۆیلەکەی یان کارەکەرەکەی کەوت، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی ددانی.

سورة النساء ٤: ٣٦

وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا (٣٦)

---

[27] بن أنس، الإمام مالك، المدونة الكبرى، ملتقى أهل الحديث http://www.ahlalhadeeth.com ج٣، ص ٢٥٢

خودا بپەرستن و هیچ شتێك مەكەن بە شەریكی، و لەگەڵ دایكان و باوكان و كەسوكاری نزیك و هەتیوان و هەژاران و دراوسێی خزم و دراوسێی تەنیشت و هاوڕێ نزیكەكەت و گەشتیار و كۆیلەكانتان چاك بن، لە ڕاستیدا خودا كەسانێكیخۆش ناوێ كە لووتبەرز و بەفیزن (٣٦)

بەڵام هەندێ هاوەڵی گەورە و زانای دینی، ڕێگەیان داوە، لە كۆیلە و كەنیزە بدرێ. قسەیەك لە إبن مسعود دەگێڕنەوە دەڵێ: لە كۆیلەكەم دەدا، گوێم لە دەنگێك بوو، گوتی، دەزانم أبا مسعود، دەزانم أبا مسعود، ئاوڕم دایەوە پەیامبەری خودا بوو... دەیگوت أعلم أبا مسعود، خودا بە تواناترە لە تۆ لەو كۆیلە[28] سەرەڕای محمد ابن مسعودی بینی، لە كۆیلەكەی دەدا، ڕاستەوخۆ ڕێ لێنەگرت، بەڵكوو تەنیا ترساندی، كە خودا دەبینێ. ئەوەش فقهەكان بەكاریان هێنا كە ڕاستەوخۆ قودەغە نەكەن. بەو شێوەیە ڕێگەیان دا لە كۆیلە و كەنیزە بدرێ. بوخاری لە عبدالله بن زمعة دەگێڕێتەوە، دەڵێ كەس جەڵدە لە ژنە كۆیلەكەی نەدا، لە كۆتایی ڕۆژیش لەگەڵی جووت بێ فەرموودەی ژمارە (٥٢٠٤) الحافظ بن حجر لە فتح الباری دەڵێ: لە فەرموودەیەك ڕێگەدراوە كۆیلە بە لێدانی توند تەمبێ بكرێ، و كەنیزە ڕێگەدراوە بە لیدانی كەمتر[29] ئیسلام داوا ناكا، موسڵمان كۆیلەكەی ئازاد بكا. ئەگەر لێی بدا و زیان بە چاو یان ددانی بگەیەنێ، وەك ئەوەی لە جولەكەدا هەیە. ئەوەش بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگرە، كە ئیسلام یاساكانی تایبەت بە كۆیلەی لە دینی جوولەكە وەرگرتووە، لەگەڵ هەندێك گۆڕانكاری بچووك.

---

[28] عبد الرحمن بن محمد الثعالبي، الجواهر الحسان في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، لبنان، الطبعة الأولى 1997، سورة النساء الآية 36

[29] الشعراوي، محمد متولي، فتاوى النساء، مكتبة التراُ الإسلامي، القاهرة، الطبعة الرابعة، ٢٠٠١، ص ١٠٢

کوشتن و بەدیلگرتنی باوەڕی جیاواز و بێباوەڕ

ئاشنایەتی بە کوشتن و بەدیلگرتنی باوەڕدارانی دینەکانی تر و بێباوەڕان، لە هەردوو دینی ئیسلام و جولەکە، شتێکی نوێ نییە. و ناو دەقەکانی هەردوو دین پڕە لە کوشتن و تاڵان و بەدیلگرتن.

پەیمانی کۆن سەرژمێر ٢٥: ١ – ٨

(١)کاتێک ئیسرائیل لە شەتیم چادریان هەڵدا و گەل دەستیان بە بەدڕەوشتی کرد لەگەڵ کچانی مۆئاب، (٢) ئەوانیش گەلیان بانگهێشت کرد بۆ قوربانییە سەربڕدراوەکانی خوداوەندەکانیان. گەلیش خواردی و کڕنۆشی بۆ خوداوەندەکانیان برد .(٣) ئیسرائیل پەیوەست بوو بە بەعلی پەعۆرەوە، تووڕەیی یەزدانیش بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا.

(٤) یەزدان بە موسای فەرموو: هەموو ڕابەرانی گەل ببە و بۆ یەزدان بەرامبەر بە خۆر هەڵیانبواسە، ئەوسا کوڵی تووڕەیی یەزدان لەسەر ئیسرائیل دادەمرکێتەوە.

(٥) موساش بە دادوەرانی ئیسرائیلی گوت: هەر یەک لە ئێوە ئەو پیاوانەی خۆی بکوژێت کە پەیوەست بوونە بە بەعلی پەعۆرەوە.

(٦) لەو کاتەدا پیاوێک هات کە لە نەوەی ئیسرائیل بوو و ژنێکی میدیانی هێنایە ناو کەسوکارەکەی، لەبەرچاوی موسا و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل کە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن دەگریان. (٧) کاتێک

فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهین ئەمەی بینی، لەنێو کۆمەڵەکە هەستا و دەستی دایە ڕمێک، (٨) بەدوای پیاوە ئیسرائیلییەکەدا چووە ناو چادرەکە، بە ڕمەکەی بە یەک جار سکی پیاوە ئیسرائیلییەکە و ژنەکەشی بڕی. ئینجا دەردەکە لە نەوەی ئیسرائیل بڕایەوە

پەیمانی کۆن سەرژمێر ٢٥: ١٦ – ١٧

(١٦) یەزدان بە موسای فەرموو :(١٧) تەنگ بە میدیانییەکان هەڵبچنن و لێیان بدەن

پەیمانی کۆن سەرژمێر ٣١: ٧ – ١٨

(٧) ئەوان لە دژی میدیانییەکان جەنگان، وەک یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، هەموو نێرینەیەکیان کوشت .(٨) پاشاکانی میدیانیشیان لەگەڵ کوژراوەکانیاندا کوشت، ئاڤی و ڕاقەم و چوور و حوور و ڕیڤەع، پێنج پاشای میدیان، بەلعامی کوڕی بەعۆریشیان بە شمشێر کوشت .(٩) هەروەها نەوەی ئیسرائیل ژن و منداڵی میدیانیان ڕاپێچ کرد و هەموو ئاژەڵ و مەڕ و مانگا و هەموو موڵکیانیان تاڵان کردن. (١٠) هەموو ئەو شارۆچکانەش کە میدیانییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و خێوەتگاکانیان سووتاند. (١١) لە دەستکەوت و تاڵانییەکەش لە مرۆڤ و ئاژەڵ هەموویان برد .(١٢) ئینجا بە ڕاپێچکراوان و تاڵان و دەستکەوتەوە هاتنە لای موسا و ئەلعازاری کاهین، کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە ئۆردوگاکە لە دەشتی مۆئاب کە لەسەر ڕووباری ئوردون بوو بەرامبەر ئەریحا .(١٣) موسا و ئەلعازاری کاهین و هەموو ڕابەرانی کۆمەڵ بۆ پێشوازییان چوونە دەرەوەی ئۆردوگاکە .(١٤) بەڵام موسا

لە سەرکردەکانی سوپا تووڕە بوو، کە فەرماندەکانی هەزاران و سەدان بوون و لە جەنگەوە هاتبوونەوە.

(١٥) موسا لێی پرسین: ئایا هەموو ئافرەتێکتان بە زیندوویی هێشتووەتەوە؟ (١٦) ئەوانە بوون بە قسەی بەلعامیان کرد و بوونە هۆی ناپاکی نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ یەزدان لە کێشەکەی پەعۆر، جا دەرد لەناو کۆمەڵی یەزدان بڵاو بووەوە .(١٧) ئێستاش هەموو منداڵە نێرینەکان بکوژن لەگەڵ هەر ژنێک کە لەگەڵ نێر جووت بووە، (١٨) بەڵام هەموو ئەو کچانەی لەگەڵ پیاو جووت نەبوون بۆ خۆتان بە زیندوویی بیانهێڵنەوە

کاتی بەنی ئیسرائیل لە مواب دەژیان، هاموشۆی ژنەکانیان دەکردن، و کڕنۆشیان بۆ خودای مواب دەبرد، موسا بە گومڕا دایدەنان، خودا پێی گوت، سەرۆکی هۆزەکانی تێکەڵاویان لەگەڵ مواب کردووە، بیانهێنە و بیانکوژە، و بە ڕووناکی ڕۆژ هەڵیانواسە، تا دەرسێک بۆ ئەوانیتر.

کاتی پیاوێکی بەنی ئیسرائیل ژنێکی میدیانی هێنایە ناو چادرەکەی، فینێحاس، نەوەی هارون، هێرشی کردە سەر ژنە میدیانییەکە و کوشتی. خودا پاداشتی فینحاسی دایەوە بە لابردنی بەڵا لەسەر بەنی ئیسرائیل. پاشان خودا فەرمانی بە بەنی ئیسرائیل کرد، کە هێرش بکەنە سەر میدیان و پاشاکانی و گەلەکەی بکوژن. کاتێک پیاوەکانیان کوشت و ژن و منداڵەکانیان بە دیل گرت، موسا لێیان تووڕە بوو، چونکە ئەوان ژن و منداڵەکانیان بەخشیون. پێی گوتن: هەموو نێرێک لە ناو منداڵە بچووکەکان و هەموو ئەو ژنانە بکوژن کە کچ نین، بەڵام کچەکان بە دیل بۆ خۆتان بهێڵنەوە.

به بەراورد لەگەڵ هێرشی محمد بۆ سەر بەنی قورەیزە، فەرمانی خودا یەهوای پەیڕەو کرد، هەموو منداڵە نێرەکانی بەنو قورەیزەی کوشت، کە مووی زاوزێیان دەستی بە گەشەکردن کردبوو. هەروەها پیاوەکانی کوشتن، بەڵام سەرکردەکانیان بە کۆمەڵ لە چاڵێک ناشتن، لەبری ئەوەی وەک خەڵکی موسا بە دارەوە هەڵیانواسێ. هەروەها ژنەکانیشی بە دیل گرت، چ کچ یان شوودار. قورئان جیاوازییەکی بەرچاوی نییە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بێباوەڕ و جولەکە و کریستیان.

لە دینی ئیسلام و قورئانەکەشی، ڕاستەوخۆ فەرمانی کوشتن و بەدیلگرتن دەدا:

سورة البقرة ٢: ١٩١

وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ (١٩١)

وە بیانکوژن لە هەر شوێنێك تووشیان بوون، وە دەریانبکەن لەو شوێنەی دەریان کردوون، وە ئاژاوە دژوارترە لە کوشتن، وە شەریان مەکەن لای شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام تاوەکو ئەوان لەوێدا شەڕتان دەکەن، جا ئەگەر شەڕیان کردن، ئەوە شەڕیان بکەن، ئەوەیە پاداشتی کافرەکان. (١٩١)

سورة البقرة ٢: ١٩٣

وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ (١٩٣)

و شەڕیان بکەن تاوەکو ئاژاوە نامینێت، وە دین تەنیا دینی خودا دەبێ، جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە دەستدرێژی نامینێ، تەنیا بۆ سەر ستەمکاران نەبێ. (١٩٣)

سورة البقرة ٢: ٢٤٤

وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ (٢٤٤)

وه شەڕ بكەن له پێناو خودا، وه بزانن كه خودا بيستەر و دانايه. (٢٤٤)

سورة لتوبة ٩: ١٤

قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ (١٤)

شەڕيان بكەن، خودا به دەستەكانى ئێوه ئەشكەنجەيان دەدا و ڕيسوايان دەكا، وه ئێوه بەسەرياندا سەردەخا، وه سينەى خەڵكانێكى ئيماندار شيفا دەدات.(١٤)

سورة التوبة ٩: ٢٩

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (٢٩)

شەڕى ئەوانه بكەن كه نه ئيمانيان به خودا و نه ڕۆژى دوايى هەيه، وه ئەوه حەرام ناكەن كه خودا و پەيامبەرەكەى حەراميان كردووه، وه پيادەى دينى هەق ناكەن لەوانەى پەرتووكيان بۆ هاتووه، تاوەكو به دەستێك سەرانه دەدەن و ڕيسوا و سووك و بچووكن (٢٩)

سورة محمد ٤٧: ٤

فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَۖ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٤)

جا ئەگەر ڕووبەڕووی بێباوەڕان بوونەوە، ئەوە لە ملیان بدەن، تا کاتێك خەڵتانی خوێنیان دەکەن، ئەوە بە توندی کۆتبەندیان کەن، جا دوای ئەوە یان بە منەت یان بە بارمتە ئازادیان کەن. تاوەکو جەنگ کۆتایی دێ، ئەوە ئەگەر خودا بیوستایە بە دڵنیاییەوە بەسەریاندا زاڵ دەبوو، بەڵام (شەڕ و جەنگ) بۆ ئەوەیە کە هەندێکتان بە هەندێکتان تاقیکاتەوە، وە ئەوانەی کوژران لە پێناو خودا هەرگیز کارەکانیان ون نابێ. (٤)

لەو ئایەتانەدا دەبینرێ چۆن، محمد شوێنپێی موسای گرتووە و فەرمان بە باوەڕدارانی دەدا، هێرش بکەنە سەر ئەو هۆزە بێباوەڕانەی کە بەعل و بتەکانی تریان پەرستووە. ئەنجامی ئەو فەرمانە هێرشیان کردوونەتە سەر، و پیاوەکانیان کوشتوون و ژنەکانیان بە دیل گرتوون. جا هاوسەردار بن یان پاکیزە یان کەم تەمەن. هەروەها ئیسلام ڕێگەی بە باوەڕدارانی محمد داوە، مەڕ و ئاژەڵی هۆزەکانی تر تاڵان کەن، بە هەمان شێوەی، بەنی ئیسرائیل، بە فەرمانی موسا کردیان. لە تاڵان بڕۆدا، هەزاران وشتر و مەڕ و ماڵاتیان تاڵان دەکرد. محمد بەشێک لەو تاڵانەی، وەک بەرتیل، بۆ دڵنەرمکردن و لایەنگیریان بۆ محمد بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەکرد، هەر پیاوێک سەد وشتری پێدا.

ابن ئیسحاق دەفەرموێت: پێیان بەخشی بۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنن و بۆ ئەوەی گەلەکەیان بەدەست بهێنن. ئەوان سەرۆک هۆزبوون، بۆیە سەد حوشتری بە ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب دەا و سەد حوشتری بە کوڕەکەی دا، و سەد حوشتری بە حکیم بن حزام دا و سەد حوشتری بە الحریثی بن هیشام دا، و سەد حوشتری دا بە سوهەیلی کوڕی عەمر، و ئەویش سەد وشتری بە هووەیتیبی کوڕی عەبدولعوزە بەخشی، سەفوانی کوڕی

ئومەیەش سەد وشتری بەخشی بە مالیکی کوڕی عەوف و العلا کوڕی جاریا.[30] بەو شێوەیە، ئیسلام بەند بە بەند، سەرلەبەری، پەیڕەوی فەرمان و کردەوەکانی دینی جولەکە دەکا.

جزیە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلی جەنگ

پەیمانی کۆن دواووتار ٢٠: ١٠ - ٢٠

(١٠) کاتێک لە شارێک نزیک دەبنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بجەنگن، بانگی بکەن بۆ ڕێککەوتن .(١١) جا ئەگەر بۆ ئاشتبوونەوە وەڵامی دانەوە و دەرگای بۆ کردنەوە، ئەوا هەموو ئەو گەلەی تێیدان بۆ ئێوە بێگاری و کارت بۆ دەکەن .(١٢) بەڵام ئەگەر ئاشتییان نەویست و لە دژتان جەنگان ئەوا ئابڵوقەی بدەن .(١٣) کاتێک یەزدانی پەروەردگارتان ئەوی دایە دەستتان، ئەوا بە شمشێر لە هەموو پیاوەکانی بدەن، (١٤) بەڵام ئافرەت و منداڵ و ئاژەڵی ماڵی و هەموو شتێکی دیکە کە لەناو شارەکەیە، هەموو تاڵانکردنەکە دەبێتە دەستکەوتتان، ئەو دەستکەوتانەی دوژمنانتان بەکاردەهێنن کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دا .(١٥) ئاوا دەکەن بە هەموو ئەو شارانەی زۆر لە ئێوە دوورن، ئەوانەی لە شارەکانی ئەم گەلانەی ئێرە نین.

(١٦) بەڵام شارەکانی ئەم گەلانەی کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتانداتێ، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵنەوە .(١٧) بەڵکو بە تەواوی لەناویان ببەن، حیتی و ئەموری و کەنعانی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان،

[30] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج ٨، سورة التوبة، الآية ٦٠

هەروەک یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردن، (١٨) نەوەک فێرتان بکەن وەک هەموو نەریتە قێزەونەکانیان بکەن کە ئەوان بۆ خوداوەندەکانیان دەیکەن، ئێوەش سەبارەت بە یەزدانی پەروەردگارتان تووشی گوناه دەبن. (١٩) ئەگەر بۆ چەندین ڕۆژ ئابڵوقەی شارێکتان دا، جەنگتان لە دژی بەرپا کرد هەتا بیگرن، دارەکان بە تەور لەناو مەبەن و مەیانبڕنەوە، چونکە دەتوانن لە بەروبوومیان بخۆن. ئایا داری ڕەز مرۆڤە تاکو ئابڵوقەی بدەیت؟ (٢٠) بەڵام ئەو دارانەی کە دەزانن لێیان ناخورێن، ئەوا دەتوانن ئەوانە تێکبدەن و بیانبڕنەوە و بۆ دروستکردنی سەنگەر لە دژی ئەو شارەی کە جەنگتان لەگەڵ دەکات هەتا دەکەوێت.

دینی جولەکە فەرمان بە باوەڕدارانی دەکا، ئەگەر بڕیاریان دا هێرش بکەنە سەر شارێک، دەبێ پێشوەخت گەمارۆی بدەن و داوای خۆدانەدەستی دانیشتووانەکەی بکەن. ئەگەر دانیشتوانی شارەکە خۆیان دایە دەست، جولەکە ژن و منداڵەکان بە دیل دەگرن و هەموو پیاوەکانیان دەکوژن. ئەگەر خۆدانە دەستیان ڕەتکردەوە، شارەکە بە زۆر داگیر دەکرێ و هەموو دانیشتووانەکەی دەبنە کۆیلەی جولەکان. هەروەها تەورات ڕێنماییان دەکات کە درەختەکانی شارە گەمارۆدراوەکە نەبڕن، چونکە لەو درەختانە دەخۆن.

لە ئیسلامیشدا پەیامبەر هاوەڵانی ڕاسپارد، کە گەمارۆی گوندەکان بدەن و بانگهێژی دانیشتوانەکان بکەن، بۆ ئیسلام و ئاشتی. ئەگەر ملیاندا، و موسڵمان بوون، هەمان ماف و فەرزەکانی موسڵمانانی تریان لەسەرە. بە ڵام ئە گەڕ ڕەتیانکردەوە، و خۆیان نەدایە دەست، ئە وا سوپا داگیریان دەکا، و پیاوەکانیان دەکوژێ و ژن و منداڵەکانیان بە دیل دەگرتن و ئەو پیاوانەی کە مابوون، دەکرانە کۆیلە بۆ خزمەتکردنی موسڵمانان. یانیش

دەتوانرا لەسەر زەوییەکانیان بەجێبهێڵرێن بۆ چاندن، نیوەی بەرهەمەکەی بۆ موسڵمانان بچێ، وەک ئەوەی پەیامبەر کردی، کاتی جولەکەکانی خەیبەر خۆیان دایە دەست.

سەبارەت بە بڕینی دارخوراماکان، کاتی گەمارۆ دان، محمد فەرمانی بە هەواڵەکانی دا، کە دارخورماکانی بني النضير بنبڕکەن. و موسڵمانان دەستیان کرد بە بڕینی دارخوراماکان، بەڵام دواتر هەندێکیان بۆیان دەرکەوت کە ئەو درەختانە، دەبنە میرات بۆ ئەوان، بۆیە وازیان لە بڕینیان هێنا و ڕاوێژیان بە محەمەد کرد سەبارەت بەو بابەتە. و محمد بە ئایەتێک هات:

سورة الحشر ٥٩: ٥

مَا قَطَعۡتُم مِّن لِّينَةٍ أَوۡ تَرَكۡتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيُخۡزِيَ ٱلۡفَٰسِقِينَ (٥)

هەر دارخورمایەکتان بڕیەوە، یان وازتان لێ هێنا لەسەر بنجەکەی، ئەوە بە مۆڵەتی خودا بووە، وە دەبا خراپەکاران ڕیسوا بن. (٥)

لە سەردەمی خەلیفەکان و لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا، سوپای ئیسلامی هەموو ئەو پیاوانەی بەرگریان لە زێدی خۆیان دەکرد، بە دیل دەگرتن و ژنەکانیان بە دیل دەگرتن، هەروەک چۆن خالید کوڕی وەلید، لەگەڵ بەنو جذیمة و ئەوانی تردا کردی. خاوەن پەرتووک، جگە لە کاری زۆرەملی، جزییەشیان دەدا. [31]

[31] الطبري، محمد بن جرير، تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية، بيروت، ج ٢، ص ٥٧٤

متمانە بە باوەڕداری دینێکیتر

خودای جولەکان، باوەڕداران هان دەدا متمانە بە باوەڕدارانی دینەکانیتر نەکەن، و بەڵاگێڕکانیان وێرانکەن. تەنانەت بەردە تایبەتیەکانیان وورد و خاشکەن. گشت ئەوەش لەبەر ئەوەی ئیرەدارە و نایەوێ لە قەلەمڕەوی ئەو، نەک هەر خودایەکیتر بوونی هەبێ. بەڵکوو هەر شتێک نیشانەی دینێکیتر، خودایەکیتری پێوەبێ، دژی دەوەستێتەوە.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٣٤: ١٢ – ١٦

(١٢) ئاگاداربن هیچ پەیمانێک لەگەڵ دانیشتووانی ئەو خاکە مەبەستن کە دێنە سەری، نەوەک ببنە تەڵە لەناوەندتان .(١٣) بەڵکو دەبێت ئێوە قوربانگاکانیان بڕووخێنن و بەردە تەرخانکراوەکانیان بشکێنن و ستوونە ئەشێراکانیان ببڕنەوە .(١٤) کرنۆش بۆ خودایەکی دیکە نەبەن، چونکە خودا ناوی ئیرەدارە، خودایەکی ئیرەدارە.

(١٥) نەوەک پەیمان لەگەڵ دانیشتووانی خاکەکە ببەستن، چونکە هەروەک لەشفرۆش لەگەڵ چەندین کەس ڕادەبوێرێ، خەڵکی خاکەکەش لە جیاتی پەرستنی من، بوت دەپەرستن، بەڵاگێڕی بۆ خوداکانیان سەردەبڕن، داوەتتان دەکەن و ئێوەش لە قوربانیبەڵاگێڕیەکەیان دەخۆن .(١٦) کاتێک کچیان بۆ کوڕتان دەخوازن و

ئەو کچانەی وەک لەشفرۆش بەدوای خوداکانی خۆیان دەکەون، وا دەکەن کوڕی ئێوەش وەک لەشفرۆش بەدوای خوداکانی ئەوان بکەون.

پەیمانی کۆن دوا ووتار ٧: ٣ – ٦

(٣) ژن و ژنخوازییان لەگەڵ ناکەن، کچتان مەدەنە کوڕیان و کچیان بۆ کوڕتان مەهێنن، (٤) چونکە کوڕەکانتان لە من هەڵدەگێڕنەوە و خودای دیکە دەپەرستن، جا تووڕەیی یەزدان لێتان دەجۆشێت و خێرا لەناوتان دەبات .(٥) بەڵام دەبێت ئاوایان پێ بکەن، قوربانگاکانیان بڕووخێنن و بەردە تەرخانکراوەکانیان بشکێنن و ستوونە ئەشێراکانیان ببڕنەوە و بتەکانیان بە ئاگر بسووتێنن، (٦) چونکە ئێوە گەلێکی پیرۆزن بۆ یەزدانی پەروەردگارتان. لەنێو هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی یەزدانی پەروەردگارتان ئێوەی هەڵبژارد تاکو بۆی ببن بە گەلی ئەو، ببنە گەنجینەیەکی تایبەت.

پەیمانی کۆن دواووتار ١٢: ١ - ٣

(١) ئەمە ئەو فەرز و یاسایانەیە کە بەجێی دەهێنن هەتا لەو خاکەدا بیکەن کە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان پێیداون هەتا دەستی بەسەردا بگرن بە درێژایی ڕۆژانی ژیانتان لەسەر زەوی .(٢) هەموو ئەو شوێنانە بە تەواوی تێکدەدەن، کە تێیدا ئەو نەتەوانەی ئێوە دەریاندەکەن، خوداوەندەکانیان دەپەرست لەسەر چیا سەرکەشەکان و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوز، (٣) قوربانگاکانیشیان تێکدەدەن، بەردە تەرخانکراوەکانیان دەشکێنن، ستوونە ئەشێراکانیان بە ئاگر دەسووتێنن، پەیکەرەکانی خوداوەندەکانیان دەبڕنەوە و لەو شوێنانەدا ناویان دەسڕنەوە.

پەیمانی کۆن دواووتار ١٣: ٦ - ١١

(٦) ئەگەر براکەت، کوڕی دایکت، یان کوڕەکەت یان کچەکەت، یان ژنەکەی باوەشت، یان هاوڕێکەت کە وەک خۆتە بە نهێنی لەبن گوێت خوێندی و گوتی: دەڕۆین و خودای دیکە دەپەرستین، ئەو خودیانەی کە نە تۆ و نە باوباپیرانت نەیانناسیوە، (٧) لە خوداکانی ئەو گەلانەی دەوروبەرت، ئەوانەی لێت نزیکن یان دوورن لەوپەڕی زەوی هەتا ئەوپەڕی (٨) لەگەڵی ڕەزامەند مەبە، و گوێی لێ مەگرە. دڵت پێی نەسووتێ و دەستی لێ مەپارێزە و بۆی دامەپۆشە، (٩) بەڵکو بە دڵنیاییەوە بیکوژە، یەکەم جار دەستی تۆی لەسەربێ، بۆ کوشتنی ئینجا لە کۆتاییدا دەستی هەموو گەل (١٠) بەردبارانی دەکەی هەتا دەمرێ، چونکە ویستی، تۆ لە خودای پەروەردگارت لابدا، کە لە خاکی میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنای (١١) ئەوسا هەموو ئیسرائیل دەیبیستن و دەترسن و جارێکی دیکە هیچ کەس، لەنێوتان وەک ئەم بەدکارییە ئەنجام نادا.

تەورات هێچ شتێک ناشارێتەوە، و بە ڕوونی و بێ گرێ و گۆڵ دەڵێ: هاموشۆ لەگەڵ کەسانی ناجولەکەدا مەکەن، لێ مەگەڕێن کوڕەکانتان ژن لە کەنعانی بێنن، و کچەکانیشتان بە شوو مەدەنە ئەوان، چونکە خراپەکارن و لە پشت خوداکانیانەوە زینا دەکەن. بەڵکو پەرستگا و بوتەکانیان لەناوبەرن و دارە ئاشێراکانیان بسوتێنن. ئەگەر براکەت، خوشکەکەت، یان کوڕەکەت بانگهێشتی کردی بۆ پەرستنی خوداکانی کەنعان، هیچ بەزەییتان پێدا نەیەتەوە، و بەردبارانیان کەن تا دەمرن. کەچی تالمود ئەو شتە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: ئەمۆنییەکان و مۆئابییەکان، قەدەغەکراون بچنە ناو کۆمەڵگەی پەروەردگار، ئەو

قەدەغەکردنەش هەمیشەییە. بەڵام ژنەکانیان، ڕێگەپێدراون بچنە ناو کۆمەڵگەی پەروەردگار، ڕاستەوخۆ دوای هاتنیانە ناو دینی جوولەکە.[32]

هۆزەکانی ئەمۆنی و مۆئابی قەدەغە کرابوون، بچنە خزمەتی خودا، تەنانەت ئەگەر بچنە سەر دینی جولەکەش. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە خودای تەورات خۆی بە بە ئیرەدار دەکا (چونکە خودایەکی ئیرەیی بەرە). تەنانەت محمد ئەو ئاکارەی، لە دینی جوولەکە وەرگرتووە و بۆ ڕوونکردنەوەی ئاکاری خوداکەی بەکارهێناوە. کاتی سعد بن عبادة بە پەیامبەری گوت: سوێند بەخوا ئەگەر پیاوێکم لەسەر سکی لکاع ببینم، بە شمشێر لێی دەدەم" (لکاع ژنی سعد بووە)، محمد بە ئەنسارەکانی گوت: ئایا تۆ سەرتان لە ئیرەیی سەعد سوڕماوە؟ لەبەر ئەوەی من لە ئەو ئیرەدارترم، و خوداش لە من ئیرەیی زیاترە.[33]

قورئان ئەو دەقانەی، لە تەورات بەبێ دەستکاری وەرگرتوون:

سورة آل عمران ٣: ٢٨

لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ (٢٨)

باوەڕداران نابێ کافران بە دۆست و یاوەر وەربگرن، تەنیا باوەڕدار نەبێ، و هەر کەسێ ئەو کارە بکا، ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بە خوداوە نامینێ، مەگەر

[32] مصطفى عبد المعبود سيد منصور، سلسلة ترجمة التلمود (المشنا)، الفصل الثامن، الفقرة ج، ص ٧٤

[33] محمد بن أحمد القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج ١٢، سورة النور، الآية٦ - ١٠

بۆ ئەوە بێ کە بتانەوێ خۆتان لێیان بپارێزن، و خودا خۆی ئاگادارتان دەکاتەوە، وە گەڕانەوەتان بۆ لای خودایە. (٢٨)

سورة النساء ٤: ١٣٩

ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا (١٣٩)

ئەوانەی بێجگە لە باوەڕداران، کافران بە هاوڕێی خۆیان وەردەگرن، ئایا دەیانەوێ سەربەرزی لە کافرەکان بەدەست بێنن؟ لە ڕاستیدا هەموو سەربەرزی بۆ خودایە. (٢٣)

سورة المائدة ٥: ٥١، ٥٧

فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ (٥١)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، جولەکە و کریستیانەکان بە یاوەر و هاوڕێی خۆتان وەرمەگرن، ئەوان دۆست و هاوڕێی یەکن، وە هەر کەسێکتان ببێتە دۆست و هاوڕێیان، ئەوە لەوانە، لە ڕاستیدا خودا هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

هەروەها لە ئایەتی ٥٧ هەمان پەیام ئاڕاستەی موسوڵمانان دەکا:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (٥٧)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن ئەوانە بە دۆستی خۆتان وەربگرن کە

دینەکەی ئێوەیان بە گاڵتە و یاری وەرگرتووە، لەوانەی بەر لە ئێوە پەرتووکیان بۆ هاتووە و کافرەکان، وە لە خودا بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن. (٥٧)

ئەو دووبەرەکی دروستکردنە، تەنیا بەوەندە ناوەستێ، بەڵکوو دەگاتە ئاستی پچڕاندنی شیرازەی خێزانیش. و داوا دەکا باوک و براش ببنە دوژمنی یەکتری. واتە هەر کەسێ باوەڕی بە خودای محمد نەبێ، نابی دۆستایەتی و هاموشۆیان لەگەڵ بکا.

سورة التوبة ٩: ٢٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٣)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن باوکانتان و براکانتان بکەن بە هاوڕێی خۆتان، ئەگەر کوفریان بەلاوە خۆشەویستتر بوو لە باوەڕ، و هەر کەس لە ئێوە هاوڕێیەتیان بکا، و خۆشی بووێن، ئەوە ئەوانە لە ستەمکارانن. (٢٣)

بە بەراوردکردنێک بە ڕوونی دەردەکەوێ، ئەو ڕاسپێریانەی تەورات دەداتە جولەکان، قورئان، وەک کۆپی وەریگرتوون و تۆماری کردوونەتەوە. هەردووکیان هانی باوەڕدارانیان دەدەن لە هاموشۆکردن و دۆستایەتی باوەڕی جیاواز. تاکە جیاوازی ئەوەیە زمانی قورئان لە تەورات توندوتیژترە. لە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لت نێوان هوز و تیرە جیاجیاکانی ناو یەک کۆمەڵگە. تا دەگاتە ئەوەی داوا لە باوەڕداری موسوڵمان دەکا پەیوەندی لەگەڵ باوک و برا ببڕێ، ئەگەر نەبنە موسوڵمان. تەوراتیش داوا لە باوەڕداری جولەکە دەکا کە برا یا باوک بکوژن ئەگەر لەسەر دینێکیتر بوون. ئەو دەربڕینە توندە لە ئایەتێکی قورئانیش هاتووە.

سورة الممتحنة ٦٠: ٤

قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓۖ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ (٤)

بێگومان بۆ ئێوە لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی پێشرەوی چاك هەیە، کە بە نەتەوەکەیان گوت: ئێمە لە ئێوە و ئەو شتانەی کە جگە لە خودا دەیانپەرستن بێبەرین، حاشامان لە ئێوە کرد، وە بۆ هەمیشە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا، دوژمنایەتی و ڕق و کینە سەری هەڵدا، تاوەکو تەنیا باوەڕ بە خودا دەێنن. (٤)

ئەو هەموو ڕق و کینە، تەنیا لەبەر ئەوەیە باوەڕیان بە خودای ئیبراهیم نییە. هەمان ڕق و کینە، تا ئێستاش ڕۆژانە لای موسوڵمانان، بەرامبەر ئەوانەی باوەڕیان بە دینی محمد نییە. بە شێوەی جۆراوجۆر هەر سووکایەتی، تا دەگاتە کوشتن هەر بەردەوامە.

هەڵسوکەوت لەگەڵ بێوەژن و هەتیوان

دینی ئیسلام هاوشێوەی دینی جولەکە هانی باوەڕدارانی دەدا، کە لە سامانی هەتیوان نەخۆن و بەباشی لەگەڵ بێوەژن و منداڵانی هەڵسوکەوت بکەن. ئەگەر جیاوازییەک لە شێوەی ئاگاداریەکە هەیە، بەڵام ئیسلام توندترە و گەفی ڕۆژی دوایی سزای دۆزەخ و سوتاندن بە ئاگردەکا.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٢٢ – ٢٤

(٢٢) هیچ بێوەژن و هەتیوێک زەلیل مەکە .(٢٣) ئەگەر بە هەر شێوەیەک زەلیلت کردن و ئەگەر تەنها هاوارێکم بۆ بکەن، ئەوا بێگومان گوێ لە هاواریان دەگرم. (٢٤) تووڕەییم هەڵدەستێ و بە شمشێر دەتانکوژم و ژنەکانتان دەبنە بێوەژن و منداڵەکانتان دەبنە هەتیو.

خودای تەورات بە زەلیلکردنی هەتیوو و بێوەژنان قەڵس دەبێ، هەڕەشەی ترسناک دەکا. ئەگەر هەرکەسێ بە خراپی مامەڵە لەگەڵ هەتیو یان بێوەژن بکا، تووڕەیی خودای بەسەر دادەبارێ، و ئامادەیە بە شمشێر بیکوژێ.

والقرآن یقول:

سورة البقرة ٢: ٢٢٠

فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَـٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٢٢٠)

لە دونیا و ئاخریرەت، وە پرسیارت لێدەکەن، سەبارەت بە هەتیوەکان بڵێ چاکسازی بۆیان چاکترە، وە ئەگەر تێکەڵیان بن، ئەوە براتانن، و خودا دەزانێ بە بەدفەر لە ئاکارساز، و ئەگەر خودا بیویستایە ئەوە ئەرکی گران دەکردن، لە ڕاستیدا خودا باڵادەستە و ژیرمەندە. (٢٢٠)

سورة النساء ٤: ٢

وَءَاتُواْ ٱلۡيَتَـٰمَىٰٓ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ وَلَا تَتَبَدَّلُواْ ٱلۡخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِۖ وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَهُمۡ إِلَىٰٓ أَمۡوَٰلِكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبٗا كَبِيرٗا (٢)

سامانی هەتیوان بدەنەوە و باش بە خراپ مەگۆڕنەوە، و نەکەن سامانەکانیان بخۆن و بخەنە سەر سامانی خۆتان، لە ڕاستیدا ئەوە گوناهێکی گەورەیە (٢)

سورة النساء ٤: ١٠

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا (١٠)

ئەوانەی بە ناڕەوا پارە و سامانی هەتیوان دەخۆن، لە ناو سکیان ئاگر دەخۆن، و لە ئاگر دەسووتێنرێن. (١٠)

دینی جوولەکە، هاوشێوەی ئیسلام داوا لە شوێنکەوتووانی دەکا، کە بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەتیو و بێوەژنان بکەن، بەڵام هیچ کامیان هیچ سزایەکی دونیایی، بۆ ئەو کەسانە دیاری نەکردووە، کە پابەند نین بەو ڕێنماییانە. بەڵام پەیامەکە لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلامدا ڕوونە: هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ منداڵانی بێ باوکدا بکەن و بە ناڕەوا موڵک و ماڵی ئەوان نەخۆن.

کوشتنی بە مەبەست یان بێ مەبەست

کوشتن لە یاساکانی جیهان، بە درێژایی مێژوو گرنگیەکی مێژووییی و کۆمەڵایەتی هەبووە. بۆیە لە یاسادا شوێنی تایبەتی پێدراوە. لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلامیش سزای بۆ دانراوە.

لە تاوانی کوشتن، هەمیشە دوو جۆر هەن.

- کوشتنی بەڕێکەوت، واتە بێ پلان و بێ مەبەست و لە ناکاو بووە.
- کوشتنی بە مەبەست، واتە کوشتنێک پلانی بۆ دانرابێ، یا مەبەستێکی تایبەتی لە پشتبێ.

ئەو دوو جۆرە کوشتنە سزاکانیشیان، لەیەکتری جیاوازە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ١٢ - ١٥

(١٢) ئەوەی لە کەسێک بدا و بیمرێنێ ئەوا دەبێ بکوژرێ.

(١٣) بەڵام ئەوەی مەبەستی نەبوو، بەڵکو خودا هێشتی ڕوو بدا، ئەوا من شوێنێکت بۆ دیاری دەکەم هەتا هەڵبێت بۆ ئەوێ.

(١٤) بەڵام ئەگەر یەکێک فێڵ لە برادەرەکەی بکات و بیکوژێ، ئەوا لەلای بەڵاگێڕگای من، دەیبەی بۆ کوشتن.

(١٥) ئەوەی لە دایک و باوکی بدا، ئەوا دەبێت بکوژرێ.

بەپێی ئەو دەقەی تەورات، هەرکەسێ بە ئەنقەست یان بە نارەوا کەسێ بکوژێ، لە تۆڵەی دا دەکوژرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێ لە باوک یان دایکی بدا. بەڵام ئەوەی بەبێ مەبەست بکوژێ، نایکوژرێتەوە، بەڵکو دەربەدەر دەکرێ، دەبێ بەرەو شارێکی دیکە هەڵبێ. بەو شێوەیە ڕێگا لە بەردەوامی کوشتن دەگیرێ.

قورئان دەڵێ:

سورة النساء ٤: ٩٢ – ٩٣

وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ

وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا (٩٢) وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا (٩٣)

وه بۆ باوەڕدار نەبووە، باوەڕدار بکوژێ، تەنیا بە هەڵە نەبێ، وە هەر کەسێ باوەڕدارێ بە هەڵە بکوژێ، ئەوە دەبێ کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکا. و پارەی خوێن بدا بە کەسوکاری کوژراوەکە، مەگەر لێی خۆش بن، جا ئەگەر کوژراوەکە لە خەڵکانێکی دوژمنی ئێوە بوو، و باوەڕدار بوو، ئەوە دەبێ کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکا، وە ئەگەر لە خەڵکانێك بوو کە لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمان هەیە، ئەوە دەبێ پارەی خوێن بە کەسوکارەکەی بدەی و کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکەی، جا ئەگەر کەسێك کۆیلەی نەبوو، ئەوە دەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێ، تاوەکو لە لایەن خوداوە تۆبەی لی وەربگیرێ، وە خودا زانا و دانایە. (٩٢) و هەر کەسێك بەمەبەست باوەڕدارێ بکوژێ، ئەوەی سزاکەی دۆزەخە کە هەمیشە تیایدا دەمێنێتەوە، و خودا لێی تووڕە دەبێ و نەفرەتی لێدەکا، و سزایەکی مەزنی بۆی ئامادە کردووە. (٩٣)

قورئان تەنیا باسی باوەڕداران دەکا. ئەگەر کوشتنی بێ مەبەست بووبێ، و کوژراو و بکوژ هەردووکیان باوەڕدابوون، ئەوا سزاکە ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدارەکەیە، نەک ئەوەی بکوژە بێ مەبەستەکە، بۆ شوێنێکیتر هەڵبێ. ئەو یاسایەش ڕەنگدانەوەی گومانی محەمەدە بۆ پارە، مادام کۆیلە لە ئیسلام، بە موڵک دادەنرێ. کاتی بکوژە باوەڕدارەکە، بەبێ مەبەست دەکوژێ، دەبێ پارە بداتە کەسوکاری کوژراوەکە. کەچی دینی جولەکە پێشنیاری ئەوە دەکا، کە بکوژە بێ مەبەستەکە بۆ شارێکی تر هەڵبێ، و لەبەرچاو نەمێنێ. دیسانەوە بەبێ سزای

مافی گشتی. تەنیا لە یەک ئایەتدا قورئانی محمد باس لە کوشتنی کەسێک دەکات، نەک کوشتنی باوەڕدار.

سورة الإسراء ١٧: ٣٣

وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورٗا (٣٣)

نەکەن کەسێك بکوژن کە خودا قەدەغەی کردووە. تەنیا بە هەق نەبێ، و هەر کەسێ بە ناهەق بکوژرێ، ئەوا دەستەڵاتمان داوەتە دەست خوێنگرەکەی، جا نابێت زێدەڕۆی بکا لە کوشتن، لە ڕاستیدا ئەو پشتیوانی لێکراوە. (٣٣)

هیچ گومان لەوەدانییە، کە پەیامبەری ئیسلام، ئەو چارەسەرەی لە دینی جولەکە وەرگرتووە. بەو پێیەی ئەو ئایەتەی کە باسی لێوە دەکرێ، لە سورەتی الإسرا دا هاتووە، و الإسراش سورەتێکی مەککەیە، بێجگە لە ئایەتەکانی ٣٢ و ٣٣ هی مەدینەن (بەپێی ئەزهەر). محمد دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە، و کارلێکی لەگەڵ جولەکان، وشەی (گیانی)ی بۆ سورەتی الإسرا زیاد کرد. سەبارەت بە کوشتنی بە ئەنقەست یان نارەوا، لە تەوراتدا هاتووە کە بکوژەکە دەبێ بکوژرێ. هەروەها قورئانیش بۆ کوشتنی بە ئەنقەست کوشتنی داناوە، بەڵام جیاوازی لە نێوان مرۆڤی ئازاد و کۆیلە و ژندا دەکا و دەڵێ:

سورة البقرة ٢: ١٧٨

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ (١٧٨)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سەبارەت بە کوژراوەکان تۆڵەمان لەسەرتان نووسیووە، نێرینەی ئازاد، لە بەرامبەر نێرینەی ئازاد. وەمێینە لەبەرانبەر بە مێینە. (١٧٨)

کەسێکی ئازاد ناکوژرێتەوە، تەنیا ئەگەر کەسێکی ئازادی کوشتبێ. ئەگەر کەسێکی ئازاد کۆیلەیەکی کوشت، ئەوا نرخی کۆیلەکە دەداتە خاوەنەکەی. بەڵام ئەگەر کۆیەلەیەک، کەسێکی ئازادی کوشت، ئەوا لە جێگای دەکوژرێتەوە. ئەگەر کۆیلەیەک، کۆیلەیەکتری کوشت دەکوژرێتەوە، ئەگەر موسوڵمان، کافرێکی کوشت، لە جێگای ناکوژرێتەوە، تۆڵەی موسوڵمان سەد ووشترە. بەڵام تۆڵەی ناموسوڵمان سێ یەکی باوەڕدارە، جا جولەکە بێ، یان نەسرانی. و دوو لەسەر سێی یەک لەسەر دەی پارەی ئەگەر مەجوسی بێ.[34]

مرۆڤی خاوەن ویژدان و ژیر، سەری لەو گێرەشێوێنییە تێک دەچێ. بۆچی خودا پارەی خوێن بۆ مرۆڤێک دەدا، کە لەسەر وێنەی خۆی دروستی کردووە، یەک لەسەر سێی خوێنی موسڵمانێک ئەگەر کوژراوەکە ناموسڵمان بێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کوژراوەکە زانایەکی وەک ئەنیشتاین بووبێ، و سوودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەبووبێ. بۆچی ئەم هەموو ئاڵۆزییە لە تاوتوێکردنی پارەی خوێن بۆ زەردەشتی یان بێدینێک، بیکاتە دوو لەسەر سێی یەک لەسەر دەی پارەی خوێنی موسڵمانێک؟ بۆچی تەنیا یەک لەسەر دەی پارەی خوێنی موسڵمانێک بۆ سادەکردنی حیسابکردنەکە نەبێت؟

تەورات سەبارەت بە نەتەوەکانیتری خاکی کەنعان، کە پێش جولەکە هاتبوون، دەڵێ:

[34] جلال الدين المحلي وجلال الدين السيوطي، تفسير الجلالين،مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٠، ص ٩٣

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٢٣: ٣٣

(٣٣) با لە خاکەکەتاندا نیشتەجێ نەبن، نەوەک واتان لێ بکەن گوناه سەبارەت بە من بکەن، چونکە ئەگەر خودای ئەوان بپەرستن ئەوا دەبێتە تەڵە بۆتان.

تەورات جولەکان هان دەدا، نەتەوەکانی ناجولەکە لە خاکی ئیسرائیل دەرکەن. سەبارەت بە محمدیش چەندین فەرموودە هەن، کە داوا دەکا لێنەگەڕێن یەهودی نەسارِی و جولەکە، لەگەڵ موسوڵمانان لە دوورگەی عەرەب بژین، یەک لەو فەرمودانە:

دوو دین ناتوانن لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا پێکەوە بژین، هەروەها: جوولەک و نەسارِیەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دەرکەن.

دوای ئەو پەیمانەی محمد، عومەر کوڕی خەتاب جولەکەکانی خەیبەری بۆ شام دەربەدەرکردن.[35]

[35] الصابوني، محمد علي، مختصر تفسير ابن كثير، ج١، سورة البقرة، الآية ١١٤

سزای زیان لە کەسێکیتردان

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢٢

(٢٢) ئەگەر چەند پیاوێک بەشەڕهاتن، و بە ڕێککەوت لە ژنێکی سکپڕیان دا. و بەهۆیەوە منداڵەکەی پێش کاتی خۆی لەدایک بوو، بەڵام زیانی کوشندەی نەبوو، ئەوا بێگومان بەگوێرەی دادگا سزای مادی دەدرێ، بەپێی ئەوەی مێردی ژنەکە لەسەری دادەنێ.

ئەوەش بەو مانایە دێ، ئەگەر دوو پیاو یان زیاتر بە شەڕهاتن و لە کاتی پێکدادان، زەبر بە ژنێکی دووگیان بکەوێ. و ببێتە هۆی ئەوەی ساواکەی زووتر لەدایک بووبێ، بەڵام هیچ زیانێکی پێنەگەیشتبێ، ئەوا مێردەکەی بڕیار لەسەر بڕی قەرەبووی ئەو زیانە دەدا، کە کەسی تاوانبار دەبێ بیدا، بەمەرجێک دادگا ڕازی بێ.

کەچی لە ئیسلام باس لەوە دەکا، ئەگەر کەسێک ببێتە هۆی لەبارچوونی ژنێکی دووگیان، بە لێدان یا قسەکردن ، یان کارێک کە بیترسێنێ، ببێتە هۆی لەبارچوونی کۆرپەلەکەی، یا بە ژەهراویکردنی، یان بە هەر ڕێگەیەکی تر، ئەوا پابەندە بە پێدانی پارەی خوێن (دیە)، کە بریتیە کۆیلە، نێر یان مێیە. هەندێک لە زانایان مەرجیان داناوە کە کۆیلە دەبێت سێ پێست بێ، وەک لە فەرموودەکەدا هاتووە "کۆرپەی موسڵمان غورەیە (الجنین المسلم غُرة) و غرة ئاماژەیە بۆ نیشانەی پەڵەی سپیی سەر ڕووی ئەسپ. هەندێکی تر دەیانگوت کۆیلە غورەیە چونکە نوێنەرایەتی بەهای ئەو شتانە دەکات کە خاوەنەکەی هەیەتی. لە

فەرموودەیەکدا کە ئەبو هورەیرە گێڕاوەتەوە، هاتووە: دوو ژن لە هۆزی هذیل شەڕیان کردووە، یەکێکیان بەردێکی لەویتر دا، و ژنە و منداڵە لەدایک نەبووەکەی کوشت، ناکۆکییەکەی خۆیان بردە لای پەیامبەر. و دادوەری ئەوەی کرد، کە پارەی خوێنی کۆرپەکەی غورة، کۆیلەی نێر یان مێ بێ، هەروەها بۆ ژنەکەش (دية) پارەی خوێن بێ. کە لەلایەن خێلەکەوە بدرێ. [36]

پەیمانی کۆن سەبارەت بە زیانلێدان بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢٣ - ٢٥

(٢٣) بەڵام ئەگەر زیانی کوشندەی هەبێت، ئەوا گیان لە جێی گیان دەبێ،

(٢٤) چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ،

(٢٥) سووتان لە جێی سووتان، برین لە جێی برین و لێدان لە جێی لێدان.

واتە سزای تاوانبار هەمان ئەو زیانە بێ، کە بەسەر قوربانیدا هاتووە.

لە قورئانی سورة المائدة ٥: ٤٥

وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ (٤٥)

وە تیایدا لەسەریان نووسیومانە، گیانێك لەبەرامبەر بە گیانێك، و چاوێك لەبەرامبەر بە چاوێك، وە لووتێك لەبەرامبەر بە لووتێك، وە گوێچکەیەك

[36] البخاري، محمد بن إسماعيل، صحيح البخاري، دار ابن كثير، ١٩٩٣، كتاب الطب، باب الكهانة، حديث ٥٤٢٦

لەبەرامبەر بە گوێچکەیەك، وە ددانێك لەبەرامبەر بە ددانێك، وە بۆ زامەکانیش دەبێ تۆڵە بکرێتەوە، جا هەر کەسێك کردی بە چاکە ئەوە بۆی دەبێتە کەفارەت، وە هەر کەسێ حوکم نەکا بەوەی خودا دایبەزاندووە ئەوە ئەوانە ستەمکارن. (٤٥)

ئیسلام مەرجی ئەوە داناوە کە تاوانبار دەبێ گەورەساڵێکی عەقڵی ساغ بێ، و تاوانەکە بە مەبەست بووبێ. ئەگەر تاوانەکە سەلمێنرا، تاوانبارەکە بە هەمان شێوەی ئەو زیانانەی کە بەسەر قوربانییەکەدا هاتووە سزا دەدرێ. ئەگەر چاوی قوربانییەکەی دەرهێنا، ئەویش چاوی دەردەهێنرێ. ئەگەر ددانی قوربانییەکەی شکاندبێ، ئەویش ددانی دەشکێنرێ. ئەگەر لە سەری کەسێکی دا، و بریندار ی کرد، ئەوا تاوانبارەکە سەری بریندار دەکرێتەوە و هتد.

کێشەی ئەو سزایە ئەوەیە، لە جێبەجێکردنی دایە، کە ئەستەمە بتوانێ بگاتە ئەنجامی دادپەروەرانە و چاوەڕوانکراو. بۆ نموونە ئەگەر کەسێ لە سەری کەسێکی تر بدا، و ببێتە هۆی برین سەر، لە ڕووی دەروە خوێن بە ئاستەم هاتبێ، کەچی بووبێتە هۆی خوێنبەربوونی ناوەوە.

لەو کاتەدا چۆن سزای تاوانبار دیاریکرێ؟ چۆن بتوانرێ ئاستی سزاکە دیاریکرێ؟

بە دڵنیاییەوە ناتوانرێ کۆنترۆڵی هێزی لێدانەکە بکرێ. ڕەنگە کێشەی سزاکە نەتوانێ ئەو ئەنجامە بپێکێ، کە چاوەڕوان دەکرێ. هەردوو شێوەی سزا، بە هەڵە دەربچن، چ لێدراو ڕەنگە کاریگەری لێدانەکەی زۆر کەم بووبێ، کەچی سزای تاوانبار گەورەتربێ ببێتە هۆی مردنی یان پەکەوتەیی، یان بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی برینێکی دیار لەلەشی لێدراوەکە نییە، تاوانبار سزایەکی زۆر سووک وەربگرێ.

خۆ ئەگەر نووسەری قورئان وەک باوەڕدار دەڵێن، خودایەکی زانا بوایە، دەیتوانی سزایەکی گونجاوتر دیاربکا.

بۆیە هەندێک لە زانایان وتوویانە، زۆربەی (فقهاء) لە چوار مەزهەبەکان، پێیان وایە تۆڵەکردنەوە، ئەرکە بۆ بڕینی قاچ لە بنی ڕان، بەهۆی پێگەی وردی و ئەگەری هاوتابوونی ورد. لە هەندێک لە زانایانی شافیعی دەگێڕنەوە، کە تۆڵەکردنەوە لەو هەڵومەرجەدا ئەرک نییە ئەگەر نەتوانرێ ئەنجام بدرێ. بەڵام هیچ سزایەک بۆ شکاندنی ئێسکی ڕان نییە، چونکە هیچ دڵنیاییەک لەوە دانییە، کە تاوان و سزا هاوتان. لەبەر ئەوەی شکانەکە ناخرێتە ژێر کۆنترۆڵ، بۆیە تۆڵەسەندنەوەکە، لەوانەیە ببێتە هۆی سزای تاوانبارەکە زیاتربێ. کە بە خوێن پارێزراوە.[37]

توندڕەوی لە دین

لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام توندڕەوی گەیشتۆتە ئاستێک، کە ڕێگا لە باوەڕدارانیان دەگرن کە بیر لە پێکەوە ژیان و ڕێز لەیەکگرتن لەگەڵ باوەڕدارانی دینەکانیتر، یا بێدین بەکەنەوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٣: ٢٤

[37] الموسوعة الفقهية الكويتية، وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، الكويت، ١٩٦٧، الجزء ٣٢، فخذ، الفقرة ج (في القصاص)

(٢٤) کرنۆش بۆ خوداکانیان مەبەن، و مەیانپەرستن. و وەک نەریتەکانی ئەوان مەکەن، بەڵکو تەواو وردوخاشیان کەن. و بەردە تەرخانکراوەکانیان بە تەواوی بشکێنن.

خودای تەورات، بە توندی ئاگاداری پەیامبەرانی نەوەی ئیسرائیل دەکاتەوە، کە بە هێچ شێوەیەک بێجگە لەو خودایەکیتر نەپەرستن و بتەکانی کەنعانییەکان و هۆزەکانی تر کە لە خاکی کەنعان نیشتەجێن لەناو ببەن.

والقرآن يقول للرسول:

سورة الأنعام ٦: ٥٦

قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهۡوَآءَكُمۡ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ (٥٦)

بڵێ من لێم قەدەغە کراوە کە ئەوە بپەرستم کە ئێوە جگە لە خودا بانگی دەکەن. بڵێ من شوێن ئارەزووەکانی ئێوە ناکەوم، (گەر وابکەم) بە دڵنیاییەوە ئەوکات گومڕا بووم و من لە هیدایەت کراوان نابم. (٥٦)

بەڵکو فەرمان بە بڕینی پەیوەندی باوک و براکان دەدا. ئەگەر بوت بپەرستن، یا هاوبەشی لەگەڵ جولەکە یان یەهودیە نەسارپیەکان بکەن، دەڵێت

سورة التوبة ٩: ٢٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٣)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن ببنە هاوڕێی باوک و براکانتان، ئەگەر کوفریان بەلاوە خۆشەویستتر بوو لە ئیمان، وە هەر کەسێکتان هاوڕێیەتیان بکا و خۆشیانی بووێ، ئەوە ئەوانە لە ستەمکارانن.(٢٣)

خودای تەورات، لە لێبوردەیی و ڕەتکردنەوەی دانپێدانان بە کەسانی تر، جیاوازی نییە لەگەڵ خودای قورئان نییە. وەک چۆن پەیامبەرانی ئیسرائیل بوتەکانی کەنعانییەکانیان لەناوبرد، محەمەدیش دوای ئەوەی مەککەی داگیرکرد، و چووە ناو کەعبە، بتەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لەناوبرد.

سزا

سزا وەک چارەسەر بۆ تاوان، بە درێژایی مێژووی پەرسەندنی شارستانی، ئەویش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەناو دینەکانیش، سزا وەک بابەتێکی گرنگ وەرگیراوە. نەک وەک چارەسەری گشتی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک یاسایەک، بۆ ڕەنگدانەوەی باوەڕی دین، لە هەڵسوکەوتی باوەڕداران، بەرامبەر فەرمانە دینیەکان. بۆ ئەوەش سزا کراوەتە پێوانەیەکی توند، بۆ ڕاگرتنی باوەڕدار، بەرامبەر خودا و دینەکەی.
لە دینی جولەکە، لە پەرتووکی تەورات:

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ٢٠: ٩ - ٢١

(٩) هەرکەسێک نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێت بکوژرێت، نەفرەتی لە باوکی یان دایکی کردووە، خوێنی لە ئەستۆی خۆیەتی.

(١٠) ئەگەر پیاوێک داوێنپیسی لەگەڵ ژنی کەسێکی دیکەدا کرد، کە ژنی نزیکەکەیەتی، ئەوا پیاوەکە و ژنەکەش دەبێ بکوژرێن.

(١١) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ باوەژنی خۆی جووت بوو، ئەوا ناموسی باوکی بردووە، هەردووکیان دەبێ بکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

(١٢) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ژنی کوڕەکەی جووت بوو، ئەوا هەردووکیان دەبێ بکوژرێن، ئەوپەڕی بەدڕەوشتییان کردووە، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

(١٣) ئەگەر پیاوێک وەک ژن لەگەڵ نێرێک ڕاکشا بوو، ئەوا هەردووکیان شتێکی قێزەونیان کردووە و دەبێ بکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

(١٤) ئەگەر پیاوێک ژنێک لەگەڵ دایکەکەی بخوازێ، ئەوە بەدکارییە، پیاوەکە و هەردوو ژنەکە دەبێ بە ئاگر بسووتێنرێن، هەتا بەدکاری لەنێوتاندا نەبێ.

(١٥) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ئاژەڵێکدا جووت بوو، دەبێت پیاوەکە بکوژرێ و ئاژەڵەکەش بکوژرێ.

(١٦) ئەگەر ئافرەتێک لە ئاژەڵێک نزیک بووەوە بۆ جووتبوون، ئەوا ئافرەتەکە و ئاژەڵەکەش بکوژن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

(١٧) ئەگەر پیاوێک خوشکی خۆی هێنا، کچی باوکی یان کچی دایکی و لەگەڵ یەک جووت بوون، ئەوا ڕیسواییە، دەبێت لەبەرچاوی گەلەکەیان ببڕدرێتەوە، ناموسی خوشکی خۆی بردووە، تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

(١٨) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ژنێک جووت بوو لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەی، ئەوا دەبێت هەردووکیان لە گەلەکەیان ببڕدرێنەوە، چونکە پیاوەکە خوێنلێچوونی ژنەکەی ئاشکرا کردووە. و ئافرەتەکەش خوێنلێچوونی خۆی ئاشکرا کردووە.

(١٩) لەگەڵ خوشکی باوکت یان خوشکی دایکت جووت مەبە، ئەوەی وا بکات، ئەوا هەردووکیان تاوانی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن، چونکە ناموسی کەسوکاری خۆی بردووە.

(٢٠) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ مامۆژنی خۆی جووت بوو، ئەوا ناموسی مامی خۆی بردووە، هەردووکیان تاوانیان لە ئەستۆ دەبێت، دەبێت بە وەجاخکوێری بمرن.

(٢١) ئەگەر پیاوێک براژنی خۆی هێنا ئەوا گڵاوییە، ناموسی براکەی بردووە، دەبێت هەردووکیان وەجاخکوێر بن.

تەورات هیچ جیاوازییەکی لە نێوان پیاوی هاوسەردار و بێ هاوسەر نەکردووە، نە لە نێوان ژنی هاوسەردار و بێ هاوسەردا. ئەگەر پیاوێک لەگەڵ خزمێکی نزیکی ژن زینا بکا، وەک ژنی باوکی یان ژنی کوڕەکەی، ئەوا هەردوو زیناکار و زیناکارەکە لە بکوژرێن. ئەگەر پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنێک و دایکی هەبێ، هەردووکیان بە زیندووی بسوتێنرێن. ئەگەر پیاوێک پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاوێکی تردا هەبوو، ئەوا هەردووکیان دەبێ بکوژرێن. ئەگەر پیاوێک پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئاژەڵدا کرد، ئەوا هەردووکیان لە دەکوژرێن.

بڕیاری کوشتن لە سەرجەمی ئەو تاوانانەدا دەدرێ، کە دەتوانرێ لە ڕێگەی دەروونناسی و دانانی سزای گونجاوتر چارەسەر بکرێ. سەپاندنی توندترین سزا، کە دڕوندەترین و دژی چارەسەریە. بۆ تاوانێک کە دەتوانرێ بە ئامۆژگاری و هۆشداری چارەستاوانێکی ئەنجامداوەەر بکرێ.

.

قورئانیش بە هەمان شێوە، جیاوازی لە نێوان ژن و پیاوی هاوسەردار و بێ هاوسەر ناکا.

سورة النور ٢٤: ٢

ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ (٢)

ژنی زیناکەر و پیاوی زیناکەر سەد جەلد لەهەر یەکێکیان بدەن. (٢)

پاداشتی گوێڕایەڵی

خودای دینە ئیبراهیمیەکان، تاکە مەرجی بۆ پاداشت ئەوەیە، دەبێ باوەڕدار گوێڕایەڵی ئەو بێ. ئەوسا ژیانی خۆش و بڕشتی خۆ بەسەردادەبارێنی. بێجگە لەوە تەنیا سزا، چاوەڕوانیان دەکا.

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ٢٦: ٣ – ٥

(٣)ئەگەر فەرزەکانم بەجێبهێنن و فەرمانەکانم بەجێبگەیەنن و کاری پێ بکەن، (٤) ئەوا لە کاتی خۆی بارانتان دەدەمێ و زەویش بەری خۆی دەدا و درەختەکانی کێڵگەش بەروبووم دەدەن. (٥) گێرەکردنتان بەردەوام دەبێ هەتا چنینەوەی ترێ. و چنینەوەی ترێ بەردەوام دەبێت هەتا چاندن، جا هەتا تێری نانتان دەخۆن و بە ئاسوودەیی لە خاکەکەتان نیشتەجێ دەبن.

خودا دەفەرموێ، ئەگەر بەنی ئیسرائیل گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن، ئەوا لە کاتی گونجاودا بارانیان بۆ دەبارێنم، وە لە کاتی گونجاودا درەختەکانیان بەرهەم دەهێنن، و کێڵگەکانیان بەرهەمی ئاسایی خۆیان بەرهەم دەهێنن. بەئاسوودەیی و تێری لە خاکتان دەژین.

قورئانیش دەڵێ:

سورة الأعراف ٧: ٩٦

وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ (٩٦)

وە خۆ ئەگەر خەڵکی گوندەکان باوەڕ بێنن، و بترسن ئەوا دەرگایەکی چاکە و خۆشیان لە ئاسمان و زەوی بۆ دەکەینەوە. بەڵام نکۆڵیانکرد، ئەوەبوو بەو کارانەی بەدەستیان هێنابوو ئەوانمان گرت . (٩٦)

هەرچەندە تەورات بە ووردەکاری و سەرڕاست پاداشتەکەی خودا باسدەکا، لە قورئان ئەگەر جیاوازیەکی کەم هەیە، کەچی مەبەستەکە لە هەردووکیان هەر یەکە. و خودا داوای گوێڕایەڵی دەکا. تا پاداشتیان بداتێ.

خودا لەگەڵ باوەڕداران دایە

بەپێی ئایەتەکانی تەورات و قورئان، خودا پشتیوانی باوەڕداران دەکا، دژی بێباوەڕان. و بە پەیامبەرەکان دەڵێ هانی باوەڕداران بدە، بۆ شەڕکردن، هەر یەکتان بە چەند کەس لەوان بەهێزترن. ئەگەر شەڕبکەن.

پەیمانی کون لێڤیەکان ٢٦: ٧ – ٨

(٧)دوژمنەکانتان ڕاودەنێن و لەبەردەمتان بە شمشێر دەکوژرێن. (٨) پێنج لە ئێوە سەد ڕاودەنێن و سەد لە ئێوە ڕاوی دە هەزار دەنێن و دوژمنەکانتان لەبەردەمتان بە شمشێر دەکوژرێن.

سورة الأنفال ٨: ٦٥ – ٦٦

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (٦٥) ٱلۡـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ صَابِرَةٞ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمۡ أَلۡفٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَيۡنِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ (٦٦)

ئەی پەیامبەر هانی باوەڕداران بدە بۆ شەڕ و کوشتار، ئەگەر بیست دانەی خۆڕاگرتان تێدابێ، ئەوە بەسەر دووسەد دانە زاڵ دەبێ، وە ئەگەر سەد دانەتان تێدابێ، ئەوە بەسەر هەزار دانە لەوانە زاڵ دەبێ کە بێباوەڕن، چونکە ئەوانە خەڵکانێکن تێناگەن. (٦٥) ئێستا خودا لەسەرتانی سووك کرد و زانی کە بێهێزتان تێدایە، جا ئەگەر سەد کەسی خۆڕاگرتان تێدابێ، ئەوە دەتوانێ بەسەر دوو سەد زاڵ بێ، و ئەگەر هەزارتان تێدابێ، ئەوە بەسەر دوو هەزار زاڵ دەبێ. بە مۆڵەتی خودا، و خودا لەگەڵ خۆڕاگرانە. (٦٦)

جیاوازی لە نێوان تەورات و قورئان تەنیا لە بیرکاریدایە ئەگینا لە هەردووکیان خودا توانای خۆڕاگران بەرزدەکاتەوە، لە تەورات یەک جولەکە بەرامبەر ٢٠ لە دوژمنەکانیەتی.
لە قورئانیش یەک باوەڕدار بەرامبەر بیست بێباوەڕە، دوایی خودا قورسایی لەسەر شانی موسوڵمانان سووککرد. لەبەر ئەوەی زانی هەندێکی بێهێزییان لەگەڵدان، بەڵام سەدی

خۆڕاگرتان بەسەر دووسەد، هەزارتان بەسەر دوو هەزاردا سەردەکەون. ئێستا موسوڵمانێ تەنیا بەسەر دوان دا زاڵ دەبێ. ئەگینا بیرکردنەوەکە هەمان بیرکردنەوەی تەوراتە.

سوێندخواردن (القسامة)

لە فیقهی ئیسلامیدا پرەنسیپی قەسامە (سوێندخواردن) بریتیە لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی تاوانێک لە نێوان نزیکترین گوند یان شارۆچکەدا، کە کوشتنێک لە کێڵگەیەک یان شوێنێکی تردا ڕوویداوە و بکوژەکەش نادیارە. دینی جوولەکە زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئەم پراکتیزەیە بوو. لە تەلمودا هاتووە:
ئەگەر کوشتنێک لە زەویەک دۆزرایەوە (مەیتی کوژراوێ لە کێڵگەیەکدا کەوتبێ، و بکوژەکە نەزانرێ کێیە)، گەورە و دادوەران دەچنە دەرەوە (و مەودای ئەو شارۆچکانەی دەوروبەری، شوێنی کوشتنەکە دەپێون)، و سێ دادوەر لە دادگای باڵای ئۆرشیلیمەوە، یاوەرییان دەکەن (بۆ شوێنی کوشتنەکە)

ئەگەر مەیتی کوژراو دۆزرایەوە، کە لە نێوان دوو شاردا کەوتووە (بە دووریی یەکسان لە نێوانیاندا)، دەبێت دانیشتوانی هەردوو شارەکە دوو گامێش لەگەڵ خۆیان بێنن، بە گوتەی ڕابی ئەلیزەر. خەڵکی ئۆرشەلیم نابێت گامێشێک بێنن کە ملی شکابێ. دوای ئەوەی پیرەکانی ئۆرشەلیم پێوانەکەیان تەواو کرد و ڕۆشتن، پیرەکانی ئەو شارەی کە کوژراوەکەی لێ دۆزراوەتەوە، دەبێ گامێشێک لەگەڵ خۆیان بێنن، کە نیری لێ قایم نەکراوە (بۆ کێڵان بەکارنەهاتووە). و کەموکوورِی نەبێ. دەیبەنە سەر ڕووبارێکی ئاوی بڕوا (بەیتان) و لە

پشتەوە بە چەقۆیەکی گەورە ملی بشکێنن. قەدەغەیە ئەو ناوچەیەی کە کوژراوەکەی لێ دۆزراوەتەوە، چاندن یان کێڵان. لەوانەیە کەتان لەوێ دروێنە بکرێ، یان بەرد هەڵبگیرێ.

گەورەکانی شار لەو شوێنەی کە ملی گوێرەکە شکاوە، دەستیان بە ئاو دەشۆن و دەڵێن دەستمان ئەم خوێنەی نەڕشتووە و چاومان نەیبینیوە. ئایا هەرگیز بە بیرماندا هاتووە کە گەورەکانی دەربار خوێن بڕێژن؟ (مەبەستیان ئەوەیە) کە نەهاتە لای ئێمە و بێ خواردن ڕەوانمان کرد. و نەمان بینی و بێ هاوەڵی بەجێمان هێشت. کاهینەکانیش دەڵێن: ئەی خودا، لە گەلەکەت ئیسرائیل خۆشبە، کە ڕزگارت کردووە، مەهێڵە خوێنی بێتاوان لەناو گەلەکەتدا بڕژێت.[38]

بە کورتی ڕیش سپیانی هۆز یا شار، کە مەیتی کوژراوەکەی لێ دۆزراوەتەوە، سوێند دەخۆن کە نازانن بکوژ کێیە، ئەوان کوژراوەکەیان نەکوشتووە، و گوێرەکەیەک وەک کەفارەت دەکوژنەوە.

محمد یاسای قاسامە (سوێندخواردن)ی لە جولەکان وەرگرت ، فیقهی ئیسلامیش دەڵێت، محمد یاسای قاسامەی هێناوە، دواتر لەسەر چۆنییەتی کارپێکردنی کێشە دروستبوو، و ناکۆک بوون. گروپێک دەیانگوت: داواکاران دەبێ پێشوەخت سوێندبخۆن، داواکاران پەنجا سوێندیان لەسەرە. و کە سوێندیان خوارد مافی ئەوەیان هەیە کە داواکە بخرێتە کار. بۆیە سوێند دەخۆن و بێتاوان دەبن ئەمە لە عمر بن الخطاب والشعبي والنخعي دەگێڕنەوە، بەڵام بۆچوونێکیتر هەبوو، کە دەڵێ: با تۆمەتباران، جوولەکە، سەرەتا سوێند بخون. پەیامبەر بە جولەکەکانی گوت: ئایا پەنجا پیاو لە ئێوە سوێند دەخۆن؟ ئەوان ڕەتیان کردەوە

[38] نفس المصدر، الفصل التاسع، ص ٢٧٢

بۆیە بە ئەنسارەکانی گوت: وایان لێ بکە سوێند بخۆن. وتیان ئەی پەیامبەری خودا سوێند بە شتێکی نەبینراو بخۆین؟ بۆیە پێغەمبەری خودا کردی بە پارەی خوێن بۆ جولەکان، و گوتی: بەڵام سوێندەکە لەسەر تۆمەتبارە.[39] لەبری ئەوەی موسڵمانان گوێدرێژێک سەربڕن وەک جولەکان، محمد فەرمانی دا کە خەڵکی گوندەکە پەنجا سوێند بخۆن کە کوژراوەکەیان نەکوشتووە. لەم دۆخەدا پارەی خوێن بەسەر پیاوانی گوندەکەدا دابەش دەکرا، مەگەر بکوژەکەیان ئاشکرا نەکردبا.

سورة البقرة ٢: ٧٣

فَقُلۡنَا ٱضۡرِبُوهُ بِبَعۡضِهَاۚ كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٧٣)

جا گوتمان لە پیاوە مردووەکە بدەن بە بەشێك لە چێلە سەربڕاوەکە، بەم جۆرە خودا مردوو زیندوودەکاتەوە، وە نیشانەکانی خۆی نیشانتان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن. (٧٣)

[39] القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج١، تفسير سورة البقرة.

فەرمانبەرداریی دەسەڵاتداران

بەپێی هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام، باوەڕدار دەبێ گوێڕایەڵ و فەرمانەبەرداری دەستەڵاتداران بێ. تا ئەگەر زۆرداریش بن.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٢٨

(٢٨) سووکایەتی بە خودا مەکە و نەفرەت لە هیچ سەرکردەیەکی گەلەکەت مەکە.

سورة الأنعام ٦: ١٠٨

ولا تسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدواً بغير علم كذلك زينا لكل أمةٍ عملهم ثم إلى ربهم مرجعهم فينبئهم بما كانوا يعملون. (١٠٨)

نەکەن جوێن بەو کەسانە مەدەن کە جگە لە خودا بانگیان دەکەن، نەوەکو ئەوانیش بە نەزانی جوێن بە خودا بدەن، وە بەم جۆرە بۆ هەموو میللەتێك کارەکانیانمان ڕازاندۆتەوە، پاشان گەڕانەوەیان، بۆ لای پەروەردگاریان. ئەویش لەو کارانەی پێشتر دەیانکرد، ئاگاداریان دەکاتەوە. (١٠٨)

فەرموودەیەک دەڵێ: نەفرەت لە کات مەکە، چونکە خودا کاتە.[40]

جنێو نەدان بە سەرۆک لە ئیسلامدا، یاسایەکە هەموو فقهەکان لەسەری هاوڕان.

[40] محمد على الصابوني، مختصر ابن كثير، ج٣، سورة الجاثية، الآية ٢٤

قورئانیش دەڵێ:

سورة النساء ٤: ٥٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ (٥٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ملکەچی خودا و ملکەچی پەیامبەر و بەرپرسەکانتان بن. (٥٩)

فەرموودە، بەگشتی داوا لە موسڵمانان دەکەن، کوێرانە گوێڕایەڵی کەسانی دەسەڵاتدار بن و لە ویستی خۆیان یاخی نەبن. لە ئیسلامدا جێگەی جنێودان بە دەستەڵاتداران نییە. فەرموودەیەکی پەیامبەر هەیە دەڵێ:

(نەفرەت لە دەستەڵاتدار مەکەن، چونکە ئەگەر چاکەیان کرد ئەوا پاداشتیان دەدرێتێ و تۆش سوپاسگوزار دەبی، ئەگەر نارەواییانکرد، ئەوا بارگرانییەکە هەڵدەگرن و تۆش ئارام دەگری، ئەوان تەیا سزایەکن کە خودا لە ڕێگەیەوە تۆڵەی هەرکەسێ بکاتەوە کە بیەوێ، بۆیە سزای خودا بە زەوقی و تورەییەوە بەدی مەکە، بەڵکو بە خۆبەزلزانین و پاڕانەوە بەرەوڕووی سزای خودا مەبە.[41] و پەیامبەر، کاتی بینی أبي ذر لە مزگەوت خەوتووە، پێی گوت:

ئایا من ڕێنماییت نەکەم بۆ شتێکی باشتر و ڕاستتر لەوە. فەرمووی: گوێ بگرن و گوێڕایەڵ بن و شوێنیان بکەون بۆ هەر شوێنێک بتانبەن.[42] جارێکی تر دەبینین کە محمد جگە لە وەرگرتنی ئایەتەکانی تەورات و وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی بە هەندێک زیادکردنەوە هیچی تری نەکردووە.

---

[41] علي الوردي، وعاظ السلاطين، دار كوفان، لندن، الطبعة الثانية، ١٩٩٥، ص ٦٢. نقلاً عن أبي يوسف، كتاب الخراج، ص ١١

[42] أحمد بن حنبل، مسند ابن حنبل، ج٥، حديث ١٥٦

گەواهی بە درۆ

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٣: ١ – ٢

یاسای دادوەری و بەزەیی

(١) هەواڵی درۆ بڵاو مەکەرەوە، دەست لەگەڵ بەدکار تێکەڵ مەکە بۆ ئەوەی ببیتە شایەتی زۆرداری.

(٢) دوای کۆمەڵ مەکەوە بۆ کاری خراپ و لە سکاڵاکردندا بە خواری شایەتی مەدە.

تەورات هۆشداری دەداتە شوێنکەوتوانی دینی جولەکە، کە باوەڕ بە هەواڵێ نەکەن تا پشتڕاستی نەکەنەوە، نەک خۆشباوەڕانە، بە زانیاری ناڕاست بەلاڕێدا ببرێن. کە زیان بە خۆیان یان کەسانی دیکە بگەیەنن. هەروەها هۆشداریان دەداتەوە لەوەی کە خۆیان لەو کەسانەی درۆ دەکەن دوورخەنەوە.

قورئان دەڵێ:

سورة الحجرات ٤٩: ٦

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ (٦)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر خراپەکارێ، هەواڵێکی بۆتان هێنا، هەڵسەنگێنن!! ، نەکا بە هۆی نەزانیەوە زیان بە خەڵکی بگەیەنن، سا ئەنجامی ئەو کارەی کردووتانە پەشیمان بن. (٦)

سورة الفرقان ٢٥: ٧٢

وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ كِرَامٗا (٧٢)

و ئەوانەی گەواهی بە درۆ نادەن، و کاتێك بەلای گاڵتەجاری تێپەڕدەبن ئەوا بەڕێزەوە تێپەڕ دەبن. (٧٢)

بەرتیل (ڕشوة)

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٣: ٨

(٨) بەرتیل وەرمەگرە، چونکە بەرتیل چاوساغان کوێر دەکات و قسەی ڕاستودروستان خوار دەکا.

و قورئانیش دەڵێ:

سورة البقرة ٢: ١٨٨

وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (١٨٨)

نەکەن سامانی یەکتر بە ناڕەوایی بخۆن و پێیەوە لە کاربەدەست خۆتان نزیك بکەنەوە، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە ناڕەوایی لە سامانی خەڵك بخۆن، و خۆتان دەزانن. (١٨٨)

فیقهی ئیسلامی دەڵێ: پەیامبەری خودا گوتوویەتی: خودا نەفرەت لە بەرتیل دەر و بەرتیل خۆر دەکا.

ژن

ژن لە دین هەمیشە بە کەمتر لە پیاو دانراوە، ئەوەش لەتەورات و قورئان بە ڕاشکاوی وەک ئایەت هاتووە.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٣: ١٦

(١٦) بە ئافرەتەکەشی فەرموو: ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بە ژانەوە منداڵت دەبێ. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێ و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێ.

تەورات هەر لە سەرەتاوە، بە ژن دەڵێ خودا تۆی سزا داوە. بەوەی ئارەزووی تەنیا بۆ مێردەکەی بکا، و ئەویش بەسەریدا زاڵ دەبێ و ژنیش دەبێ گوێڕایەڵ و ژێردەستی بێ.

قورئانیش لەوە کەمتر نالێ، بەڵکوو زیاتریش دەڕوا:

سورة النساء ٤: ٣٤

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرٗا (٣٤)

پیاوان سالارن بە سەر ژناندا، بەهۆی ئەوەی خودا هەندێکیانی پەسەند کردووە، بەسەر هەندێکی دیکەوە و بە هۆی ئەوەی پیاوان لە پارەکانیان

خەرج دەکەن، جا ژنانێکی چاك و گوێرایەڵ و نهێنیپارێز بەوەی خودا پاراستوویەتی، وە ئەو ژنانەی کە لێیان دەترسن سەرکێشی بکەن، ئەوە ئامۆژگاریان بکەن و لە جێگای خەوتن خۆتانیان لی بەدوور بگرن و لێیان بدەن، جا ئەگەر گوێرایەڵتان بوون ئەوە بەسەریاندا هیچ ڕێگایەك مەگرنە بەر، لە ڕاستیدا خودا بەرز و گەورە بووە. (٣٤)

فقهی ئیسلامی پڕیەتی لە فەرموودە، کە داوا لە ژن دەکا کوێرانە گوێڕایەڵی مێردی بێ. تەنانەت دەبێ مۆڵەت لە مێردی وەربگرێ، تا لە ماڵ بچێتە دەر. تەنانەت ئەگە بیەوێ سەردانی دایک و باوکیشی بکا. یان ئەگەر ویستی حەج بکا، یا خۆبەخشانە بەڕۆژوو بێ، یان ئەگەر ویستی شتێ ببەخشێ و هتد.

تەوراتیش بە هەمان شێوە، دیاریەکی سادە، ژن دەبێ ڕەزامەندی مێردەکەی یان باوکی وەربگرێ ئەگینا ناتوانێ سەربەخۆ دیاریەک ببەخشێ:

پەیمانی کۆن سەرژمێر ٣٠: ١ – ٨

(١) هەروەها موسا بە سەرۆک هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیلی گوت: ئەمە ئەو شتەیە کە خودا فەرمانی پێی کردووە، (٢) ئەگەر پیاوێک نەزرێکی بۆ خودا کرد یان سوێندی خوارد بۆ پابەندبوون بە شتێک، با قسەی خۆی نەشکێنێت و بەگوێرەی هەموو ئەوەی گوتوویەتی ئاوا بکات.
(٣) بەڵام ئەگەر ژن نەزرێکی بۆ خودا کرد، و بە شتێک خۆی پابەند کرد، لە ماڵی باوکی، لە کاتی کچێنی و (٤) باوکی گوێی لە نەزرەکەی و ئەو شتە بوو کە خۆی پێ پابەند کردووە، ئەگەر خۆی لێ بێدەنگ کرد، ئەوا هەموو نەزرەکانی و هەموو ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە پەسند دەکرێ.

(٥) بەڵام ئەگەر باوکی لە ڕۆژی بیستنی نەیهێشت، ئەوا هەموو نەزر و ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە هەڵدەوەشێتەوە، خوداش لێی خۆشدەبێ، چونکە باوکی نەیهێشتووە.

(٦) ئەگەر مێردی هەبوو و نەزری کرد یان بە دەمی خۆی ئەو شتەی گوت کە خۆی پێ پابەند دەکات و (٧) مێردەکەی بیستی و لە ڕۆژی بیستنەکەی بێدەنگ بوو، ئەوا نەزرەکانی پەسندەکراوە، و ئەو شتانەش کە خۆی پێ پابەند کردووە پەسندە. (٨) بەڵام ئەگەر مێردەکەی لە ڕۆژی بیستنی نەیهێشت، ئەوا نەزرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، هەروەها ئەو شتەی بە دەمی خۆی گوتی کە خۆی پێ پابەند دەکات، خوداش لێی خۆشدەبێ.

لە تالمودیش، سەبارەت بەو خاڵانە دەڵێ:

ئەگەر کچێکی دەزگیرانکراو شتێکی بەخشی، باوکی و هاوسەرەکەی دەتوانن بەخشینەکە پووچەڵ کەنەوە. ئەگەر باوک پووچەڵ بکاتەوە بەڵام مێردەکە پووچەڵ نەکاتەوە، یان مێردەکە پووچەڵ بکاتەوە، بەڵام باوک نەیکاتەوە، ئەوا بەخشینەکە پووچەڵ نابێتەوە. پێویست ناکات بڵێین ئەگەر یەکێکیان بەخشینەکە دووپات بکاتەوە، ئەوا ئەوی دیکەیان ناتوانێت پووچەڵ بکاتەوە.[43]

هەروەها تەلمود دەڵێ:

ئەگەر ژنێکی بە تەمەن، دوانزە مانگ بمێنێتەوە (دوای دەزگیرانەکەی لە ماڵی باوکیدا)، وە ئەگەر بێوەژنێک سی ڕۆژ بمێنێتەوە (لە کاتی

[43] مصطفى عبد المعبود سيد منصور, سلسلة ترجمة التلمود، القسم الثالث، ناشيم: نساء، الفصل العاشر، ص ١٩٣

دەزگیرانەکەی)، ئەوا ڕابی ئەلیەزەر دەڵێت: تا مێردەکەی پابەند بێ پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێ، ئەوا مافی ئەوەی هەیە بەخشینەکەی پووچەڵ کاتەوە، حاخامەکان دەڵێن: مافی ئەوەی نییە بەخشینەکەی پووچەڵکاتەوە تا ئەو کاتەی دەچێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو.[44]

فقهی ئیسلامیش بە هەمان شێوە قەدەغەیە، ژن بەبێ مۆڵەتی مێردی دیاری یا هەر شتێکیتر ببەخشێ، عبدالرزاق لە بن جریح دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی الحسن بن مسلم دەڵێ:

ئەگەر ژنێک بە بێ مۆڵەتی مێردەکەی شتێکی بەخشی، ئەگەر مێردەکەی بیەوێ، لەوانەیە ڕێگری لێبکا. و ئەگەر ڕێگریشی لێکرد، ئەوا پێویستە خێر و چاکە بکات بۆ جێبەجێکردنی بەخشینەکە. ناخۆشە بۆ هاوسەرەکەی کە ڕێگری بکا لە جێبەجێکردنی.[45]

کاتی دێتە سەر فرە ژنی، تەورات دەڵێ گشت نەبیەکانی جولەکە زیاتر لە ژنێکیان هێناوە. هەندێکیان وەک پاشا سلێمان، سێ سەد ژنی هێناوە. تەورات ڕێگا دەدا پیاو تا چوار ژن بێنی.

تالمود دەڵێ:

ئەو پیاوەی، دوو ژنی هەبوون و مرد، ئەوا داواکاری بۆ کوتوبە (مارەیی) ژنی یەکەم لە پێش داوای ژنی دووەمە. ئەگەر پیاوێک سێ ژنی هەبێ و بمرێ، و کوتوبەی ژنێکیان ١٠٠ ئەوەی تریان ٢٠٠ (دینار) و سێهەم ٣٠٠ . ئەگەر میرات تەنیا ١٠٠ دینارێ، ئەوا بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

---

[44] هەمان سەرچاوە.

[45] عبد الرزاق الصنعاني، المصنف (١٩٧٠)، ج ٨، كتاب الأيمان والنذور، حديث ١٦٩١٨

ئەگەر پیاوێک چوار ژنی هەبێ، و بمرێ. ئەوا داواکاریی کوتوبەی ژنی دووەم، پێش داواکاری ژنی سێیەمەوەیە و داواکاریی کوتوبەی سێیەمیش پێش داواکاری ژنی چوارەم دەبێ.[46]

هەروەها ئیسلام، ڕێگە بە پەیامبەر دەدا چەند ژن بێنێ و ڕێگەی پێدا ببێتە خاوەنی ژنی کۆیلە و ئەو ژنانەی خۆیان پێشکەشی کرد.

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٠

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّٰتِيٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا فَرَضۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ لِكَيۡلَا يَكُونَ عَلَيۡكَ حَرَجٞۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٥٠)

ئەی پێغەمبەر، ئێمە ئەو ژنانەی تۆمان حەڵاڵ کە کرێکانیانت داوە. و هەر کەنیزەیەك کە الله بۆ تۆی دابین کردووە، وە کچە مامەکانت و کچە پوورەکانت و کچە خاڵەکانت، وە ئەو کچە پوورانەت کە لەگەڵتدا کۆچیان کردووە، وە هەر ژنێکی باوەڕدار ئەگەر خۆی پێشکەش کرد بە پەیامبەر، ئەگەر پەیامبەر ویستی بیگێت، ئەوە تەنها بۆ تۆ، نەك بۆ پیاوانی باوەڕدار، ئێمە زانیومانە چیمان بەسەریاندا سەپاندووە لە ژنەکانیان و کەنیزەکانیان،

[46] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود/ القسم الثالث، ناشيم: نساء، ص ١٣٩ - ١٤٠

ئەمە بۆ ئەوەیە کە تۆ شەرمەزار نەبی، وە خودا لێبووردە و بە بەزەیی بووە. (٥٠)

قورئان ڕێگەی بە باوەڕدارانی موسوڵمان داوە، چوار ژن بێنن، لەگەڵ ژمارەیەکیش کەنیزە.

سەبارەت بە ئەرکەکانی ژن، تالمود دەڵێ:

ئەوانە ئەو ئەرکانەن کە ژن بۆ مێردەکەی ئەنجامی دەدا: دانەوێڵە ورد دەکا، نان دەکا، جل دەشوا، چێشت لێنێ، شیر دەداتە کوڕەکەی، جێگاکەی ڕێکدەخا و پەشم دەچنێ. ئەگەر یەک کۆیلەی بۆ هێنا، نان ناکا، و جل ناشوا. ئەگەر کردیە دوو کۆیلە، نە خواردن لێدەنێ، و شیریش ناداتە کۆڕەکەی. ئەگەر کردیە سێ کۆیلە، جێگا ڕێکناخا و پەشمیش ناچنێ. ئەگەر کردیە چوار کۆیلە، بە درێژایی ڕۆژ لەسەر تەختی شانازی دادەنیشێ. ڕابی ئەلیزەر دەڵێت: ئەگەر سەد کچی کۆیلەیشی بۆ بهێنێ، هێشتا پابەندە بە پەشم چنین، چونکە بێکاری دەبێتە هۆی لەشفرۆشی.[47]

فیقهی ئیسلامی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، و بە توندی جەخت لەسەر ئەرکی ژن دەکاتەوە، کە هەرکاتێ مێردەکەی بیەوێ، دەبێ لەبەردەستی مێردەکەیدا ئامادەبێ. ئیبن تیمیە دەڵێ:

پیاو مافی خۆیەتی، هەرکاتێ بیەوێ چێژی لێ وەربگرێ، بە مەرجێک زیانی پێ نەگەیەنێ یان سەرقاڵی بکا، و لە کارەکانی دووریخاتەوە، هەروەها دەبێ هەمیشە لەبەردەستیدا بێ، و لە ماڵ دەرنەچێ مەگەر بە مۆڵەتی ئەو یان بە ڕێگەدانی شەریعەت، فقهەکان ناکۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئایا پابەندە

[47] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود/ القسم الثالث، ناشيم: نساء، ص ١٢٠

بە ئەنجامدانی کارەکانی ماڵەوە وەک پاککردنەوە، گەسکلێدان، چێشت لێنان، و هاوشێوەکانی. هەندێک دەیانگوت: ئەرکی خۆیەتی، هەندێکیتر دەیانگوت: ئەرکی نییە، هەندێکیش دەیانگوت: دەبێت کەمی بکاتەوە.[48]

سوڕی مانگانەی ژن

پەیمانی کۆن لیڤییەکان ١٥: ١٩ -٢٤

(١٩) ئەگەر ژنێک خوێنلێچوونی هەبوو، ئەوا حەوت ڕۆژ لە خوێنلێچوونی مانگانەی دەمێنێتەوە و هەرکەسێک دەستی لێ بدات هەتا ئێوارە گڵاودەبێ. (٢٠) هەموو ئەو شتەی لەسەری ڕادەکشێت یان دادەنیشێت لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت .(٢١) هەرکەسێکیش دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت .(٢٢) هەرکەسێکیش دەست لە شتێک بدات کە ئەو لەسەری دانیشتبێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت؛ (٢٣) ئەگەر نوێن بێت یان هەر شتێک کە لەسەری دانیشتووە، هەر کاتێک کەسێکیش دەستی لێ بدات، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ.(٢٤) ئەگەر پیاوێکیش لەگەڵی ڕابکشێت، جا لە خوێن لێچوونەکە بەر پیاوەکە بکەوێت، ئەوا پیاوەکە حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت و لەسەر هەر نوێنێکیش ڕابکشێت، گڵاو دەبێت

پەیمانی کۆن لیڤیەکان ١٨: ١٩

[48] ابن تيمية، السياسة الشرعية في الراعي والرعية، باب الإبضاع، ص ٣٠

(١٩)لە هیچ ژنێکیش نزیک مەکەوە لە ماوەی گڵاوی خوێنلێچوونی مانگانەی بۆ ئەوەی لەگەڵی جووت بیت.

ژنێکی سوڕی مانگانە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بە گڵاو دادەنرێ، و دەست لە هەر شتێ بدا یان لە سەری دابنیشێ گڵاو دەبێ. هەرکەسێک دەستی لێبدا، جێگاکەی، یان جووتبوونی سێکسی لەگەڵدا بکات، لەڕووی نەرێتی دینیەوە، بە گڵاو دادەنرێ، و دەبێ خۆی بشوا و جلەکانی بشوا. ئەگەر پیاوێ، سێکس لەگەڵ ژنێ بکا،کە لە سووڕی مانگانەدا بێ، بە پێی دین بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بە گڵاو دادەنرێ، بەڵام مەرج نییە کەفارەت پێشکەش بکا.

لە یاسای جولەکان، لە ماوەی سوڕی مانگانەدا سێکس، لەگەڵ ئەو ژنە قەدەغەیە. بەڵام سزایەک بەسەر تاوانبارەکەدا ناسەپێنێ. وا دیارە حاخامەکانی جولەکە بەدەست فۆبیای سوڕی مانگانەوە دەناڵێن،ن بەبێ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و زانستی. ئەگەر ژنێکی سوڕی مانگانە لەسەر جێگایەک دابنیشێ و پەڵەی خوێن، لەسەر ئەو شوێنە دۆزرایەوە، بۆچی جێگاکە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، بە گڵاو دابنرێ، لە کاتێکدا دەتوانرێ خوێنەکە بشۆردرێ و دەستبەجێ پیسییەکەش لەسەر جێگاکە پاکبکرێتەوە؟ دانانی خوێنی مانگانە نە گڵاوە و نە پیسە. بەڵکوو وەک هەر خوێنێکیترە، و بریتییە لە ناوپۆشی منداڵدان، ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی هێلکەیەکی پیتێنراو. ئەگەر ئەم خوێنە گڵاو یا هەر پیس بووایە، ئەو کۆرپەلەی کە بەهۆیەوە خۆراک وەردەگرێ، ئەویش دەبوو وەک ژنە گڵاو بێ. کە هەرچەندە بشووڕێ پاکنابێتەوە. چونکە کۆرپەکە خۆراکی نۆ مانگ لەو خوێن و ناوپۆشە وەردەگرێ.

لە قورئانیش، هەروەک پەیمانی کۆن خوێنی مانگانە بە پیس و قێزەوەن دادەنێ، و داوا لە باوەڕداران دەکا، کە خۆئان لێ بەدوور بگرن، تا ئەو کاتەی پاکدەبنەوە.

سورة البقرة ٤: ٢٢٢

وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ (٢٢٢)

و پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە سووڕی مانگانە، بڵێ قێژەوەنە، لە کاتی سووڕی مانگانە خۆتان لە ژنان بە دووربگرن. و لێیان نزیك مەکەونەوە تاوەکو پاک دەبنەوە، جا کاتی پاك بوونەوە، ئەوە لەو شوێنەوە بیانگێن کە خودا فەرمانتان پێ دەکا. (٢٢٢)

پێناسەی سووڕی مانگانە و ماوەی سووڕی مانگانە و ئەوەی کە ژنێکی سووڕی مانگانە ڕێگەپێدراوە و قەدەغەیە دەتوانێت کتێبێکی گەورە پڕ بکاتەوە. هیچ بابەتێک بە ئەندازەی سووڕی مانگانە فقە موسڵمانانی سەرقاڵ نەکردووە. یاسایان لەسەر چەندی خوێن و ڕەنگی داناوە، یا چۆن ژن دەتوانێ دیاری بکات کەی خوێنبەربوونەکە وەستاوە. وەک فقە جوولەکانی پێش خۆیان، فقە ئیسلامییەکان لە کاتی سووڕی مانگانەدا سێکسیان قەدەغە دەکرد، بەڵام سزایەکی گشتگیریان لەسەر تاوانبار دانەدەنا. هەندێک دەیانگوت، پێویستە نیو درهەم بداتە خێرخوازی، هەندێکی تریش دەیانگوت هیچ خێرێک پێویست نییە.

ئەگەر شەریعەتی ئیسلام، ماوەی سووڕی مانگانەی بە حەوت ڕۆژ دیاری بکردایە، وەک تەورات، ئەوا فقهەکان لەو خۆ سەخڵەتکردنە زۆرە ڕزگاریان دەبوو. ئیسلام لەگەڵ تەورات هاوڕایە کە خوێنی سووڕی مانگانە پیسە. و دەبێ جل و بەرگ بشۆردرێ. پیاو بۆی نییە لە کاتی سووڕی مانگانە، سێکس لەگەڵ ژنەکەی بکا. ئەگەر وای کرد ئەوا وەک ئەو پیس دەبێ دەبێ و هەردووکیان دەبێ بە ئاو خۆیان بشۆن. ئەگەر ئاو بەردەست نەبوو، پێویستە وەک پێش نوێژکردن، دەستنوێژی وشک (تەیەموم) بە خۆڵ بکەن.

سووڕی مانگانەی نارێک (الاستحاضة)

سووڕی مانگانەی نارێک، بریتییە لەوەی ژنێک لە دەرەوەی سوڕی مانگانەی ئاسایی یا ماوەی زیاتربێ، لە ژمارەی ڕۆژەکانی سوڕی مانگانەی ئاسایی. تەورات سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ:

پەیمانی کۆن لیڤیەکان ١٥: ٢٥ – ٢٨

(٢٥) ئەگەر ژنێک ماوەیەکی درێژ خوێنی لێچو، بێجگە لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، یان ئەگەر دوای کاتی خوێن لێچوونەکەی هەر بەردەوام بوو، ئەوا هەموو ڕۆژانی خوێن لێچوونەکەی وەک کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت .(٢٦) هەموو نوێنەکەش کە لەسەری ڕادەکشێت لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی وەک نوێنی ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەیەتی، هەموو ئەو شتانەش کە لەسەری دادەنیشێت، ئەوا گڵاوە وەک گڵاوی خوێنلێچوونی مانگانەی .(٢٧) هەرکەسێکیش دەستیان لێ بدات، گڵاو دەبێت و پێویستە جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. (٢٨) ئەگەر لە خوێن لێچوونەکەی پاک بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژ دەژمێرێت، ئینجا بەپێی ڕێورەسم پاک دەبێتەوە

وەک هەمیشە فەقهە موسڵمانەکان ناکۆک بوون لەسەر ئەو بڕیارەی سەبارەت بە خوێن لێچوونی نارێک (الاستحاضة) و ئەوەی بۆ ژنێک کە تووشی بووە، چی ڕێگەپێدراوە. ئەوان بە پشتبەستن بە ڕۆیشتنی خوێن دژی سێکسکردن، لەگەڵ ژنێک کە تووشی سووڕی مانگانەی نارێک دەبێ، باسیان لەوە دەکەن، کە هەموو خوێنێک پیسە. و دەبێ جل و بەرگ

و جەستە بشۆردرێ. بۆیە هیچ جیاوازییەک لە ڕێگەپێدانی سێکسکردن لە نێوان خوێنی سوڕی مانگانە و خوێنی سووڕی مانگانەی نارێک نییە، چونکە هەردووکیان بە پیس دادەنرێن.

بەڵام نوێژ دروستە، هەروەک چۆن سوننەت ڕێگەی پێداوە، هەروەک چۆن نوێژ بۆ کەسێک دروستە کە میزدەڵێی[49] (Nocturnal enuresis) هەبێ. و نەتوانی پێش بە دڵۆپاندنی میزبگری. ئەمە بۆچوونی إبراهيم النخعي و سليمان بن يسار و الحكم بن عيينة وعامر الشعبي وابن سيرين والزهري بووە. سەبارەت بەم بابەتە جیاوازی بیروڕا هەبوو، لە الحسن و هەروەها بۆچوونی عائیشە بوو: کە مێردەکەی نابێت لەگەڵیدا سێکس بکا. ئەو بۆچوونە هی چەندین ڕاڤەکاری تریشە وەک ابن علية والمغيرة بن عبدالرحمن، زۆرینەی زانایان دەیانگوت ژنێک، کاتی سووڕی خوێنی مانگانەی نارێکی هەبێ، پێویستە بەڕۆژووبێ و نوێژ بکا و تەواف (تەوافکردنی کەعبە) بکا و قورئان بخوێنێ. و ڕەنگە مێردەکەی سێکسی لەگەڵدا بکا.[50]

ماوەی شیردانە منداڵ

ئەبرەهام گێیگەر (Abraham Geiger) دەڵێ شیردانە منداڵ، لە دینی جولەکان دووساڵە.[51] هەروەها، بەپێی فتوای ڕابیانی دینی جولەکە، منداڵ دەبێ ٢٤ مانگ شیری بدرێتێ. دوای ئەوە پێی تەرک بکرێ چونکە خراپە.[52]

---

[49] کەسێ میزی پێنەگیرێ

[50] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود، القسم الثالث، الفصل الرابع، ص ٥٠

[51] Geiger, Abraham (1898) Judaism and Islam, Printed, AT The M.D.s. Pp. 69

[52] Kethuboth 6a: 10-16

لە دینی ئیسلامیش بەپێی قورئان، هەمان ماوەی دوو ساڵ دانراوە. هەروەها ڕابیانی یەهودییش فتوایان داوە، کە منداڵ دەبێ ٢٤ مانگ شیری بدرێتێ. دوای ئەوە پێی تەرک بکرێ چونکە خراپە.[53]

سورة البقرة ٢: ٢٣٣

وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ ۚ وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ ۗ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٣٣)

و دایکان دوو ساڵ شیر بە منداڵەکانیان دەدەن بۆ کەسێك کە دەیەوێت ماوەی شیرەخۆری تەواو بکا، و باوکی منداڵەکە دەبێ خۆراك و پۆشاکی ژنەکە بە چاکی بدا. بەڵام ئەرکێک لەسەر کەسێک نییە، تەنیا بەوەی کە لە توانایدایە. نابێت دایك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە نابێت باوکێك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە لەسەر میراتگر هەمان شتە، ئەگەر باوك و دایکەکە بە ڕەزامەندیان و ڕاوێژیان ویستیان منداڵەکە لە شیر بکەنەوە، ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگاتێ، وە ئەگەر ویستتان دایەن بۆ منداڵەکانتان بگرن ئەوەی هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە، ئەگەر بە چاکی ئەوەیان پێ بدەن کە پێتان دراوە، وە لە خودا بترسن، وە بزانن کە خودا ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن. (٢٣٣)

[53] Kethuboth 6a: 10-16

سورة لقمان ٣١: ١٤

وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٖ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيۡنِ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ (١٤)

وە ئێمە ئامۆژگاری مرۆڤمان کردووە بە دایك و باوکی، دایکی هەڵیگرتووە لە لاوازیەکەوە بۆ لاوازیەک، وە لە شیرە خۆریەوە دەبرێتەوە لە دوو ساڵدا، جا سوپاسی من و دایك و با وکت بکە و چارەنووست بۆلای منە. (١٤)

بەپێی ئەو بەراوردکردنە، نووسەری قورئان نابێ، لە دینی جولەکە بێ ئاگا بووبێ. بە پێچەوانەوە. دەڤی ئەو ئایەتەی لە کەلەپووری جولەکە لە مەدینە وەرگرتووە. ڕێکەوتەکەش وایە، بێجگە لەوەی پەیوەندی محمد لەگەڵ دینی جولەکە، هێشتا لە مەککەبوو، باشبوو ئەوەش دەگەڕایەوە، سەر ماڵە خاڵەکانی بني نجارِ کە تێکەڵاوی هاوسێیەتی باشیان لەگەڵ خەڵکی جولەکە هەبوو. محمد هەر لە منداڵیەوە ئەو ئاشنایەتیەی، لەگەڵ خێزانەکانی جولەکە هەبووە. سەرەڕای ئەوەش ئەو ئایەتە لە سەرەتای سەردەمی مەدینە هاتووە. بۆیە ناکرێ ئەو شتە ووردیلانەی نەزانیێ.

تاوانبارکردنی هاوسەر بە خیانەت

تاوانبارکردنی هاوسەر بە خیانەت، دیاردەیەکی لە مێژینەیە لە ناو باوەڕدارانی دینەکان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژن هیچ مافێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری نییە. تەنانەت شووکردنیشی بە ئارەزووی خۆی نییە. دینەکان لەجیاتی چەخت لەسەر ئازادی بڕیاردان بۆ ژن بکەنەوە، دێن ڕێنمایی بۆسزادانی دادەنێن.

پەیمانی کۆن سەرژمێر ٥: ١٢ – ٢٨

(١٢) لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ئەگەر ژنی پیاوێک لەڕێ لایدا و ناپاکی لەگەڵ کرد، (١٣) لەگەڵ پیاوێک جووت بوو، ئەوەش لە چاوانی پیاوەکەی شاردراوە بوو، و داوێنپیسییەکەی ئاشکرا نەبوو، هیچ شایەتێکیشی بەسەرەوە نەبوو، چونکە لەسەر کردارەکە نەگیرا بوو، (١٤) کابراش گیانی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیسە، یان گیانی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیس نییە، (١٥) ئەوا پیاوەکە ژنەکەی دەهێنێتە لای کاهین و دیاریەکیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ، دەیەکی ئێفەیەک ئاردی جۆ نە زەیتی بەسەردا دەکات و نە بخوور، چونکە دیاری دانەوێڵەی دڵپیسییە و قوربانی یادگارییە، یادی تاوان دەکاتەوە. (١٦) کاهینەکە ژنەکە دەهێنێتە پێش و لەبەردەم یەزدان ڕایدەگرێت .(١٧) کاهینەکە لە گۆزەیەکی گڵین ئاوێکی پیرۆز دەبات و لە تۆزی سەر زەوی چادرەکەی پەرستن هەڵدەگرێت و لەناو ئاوەکەی دەکات .(١٨) کاهینەکە ژنەکە لەبەردەم یەزدان ڕادەگرێت و سەری ڕووت دەکاتەوە، دیاری دانەوێڵەی یادەوەرییەکە کە دیاری دانەوێڵەی دڵپیسییە، دەکاتە ناو دەستی ژنەکە و ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش لە دەستی کاهینەکە دەبێ. (١٩) ئینجا کاهینەکە ژنەکە سوێند دەدا و پێی دەڵێ: ئەگەر هیچ پیاوێک لەگەڵت جووت نەبووە و بە دزی پیاوەکەت بەرەو داوێنپیسی لەڕێ لات نەداوە، لە کاتێکدا ژنی پیاوەکەتی ئەوا بێتاوان بە لەو ئاوەی نەفرەت کە تاڵە. (٢٠) بەڵام ئەگەر بە دزی پیاوەکەت لەڕێ لاتداوە و گڵاو بووی و پیاوێکی دیکە جیا لە مێردەکەت لەگەڵت جووت بووە، (٢١) لێرە کاهینەکە ژنەکە بە سوێندی نەفرەت سوێند دەدات،

کاهینەکە بە ژنەکە دەڵێ، خودا دەتخاتە بەر نەفرەت و سوێند لەنێو گەلەکەت بەوەی کە خودا ڕانت لاواز دەکات و سکت دەئاوسێنێ (٢٢) ئەو ئاوەی نەفرەت دەچێتە ناو هەناوت بۆ ئاوسانی سک و لاوازی ڕانی.

ژنەش دەڵێت، ئامین، ئامین.

(٢٣) کاهینیش ئەم نەفرەتانە لە پەڕەیەک دەنووسێ، ئینجا لەناو ئاوە تاڵەکە دەیشواتەوە. (٢٤) ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش دەرخواردی ژنەکە دەدا، ئاوەکەی نەفرەتیش دەچێتە ناوی و دەبێتە ئازاری تاڵی. (٢٥) کاهینەکە دیاری دانەوێڵەی دڵپیسییەکە لە دەستی ژنەکە وەردەگرێ. و دیاریەکە لەبەردەم خودا بەرز دەکاتەوە، ئینجا دەیباتە لای قوربانگاکە .(٢٦) کاهینەکە چنگێک بۆ یادەوەری لە دانەوێڵە دیاریەکە دەبا، و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت، لەدوای ئەوە ئاوەکە دەرخواردی ژنەکە دەدات .(٢٧) ئەگەر ژنەکە گڵاو بووبێت و ناپاکی لە پیاوەکەی کردبێ، کاتێک ئاوەکەی دەرخوارد دا، ئەوا ئاوە نەفرەتەکە دەبێتە ئازاری تاڵی، دەچێتە ناوی، سکی دەئاوسێ و ڕانی دەکەوێت، ژنەکە لەناو گەلەکەی دەبێتە نەفرەت. (٢٨) ئەگەر ژنەکەش گڵاو نەببوو بەڵکو پاک بوو، ئەوا بێتاوان دەبێت و سکی پڕ دەبێ.

ئەو ژنەی لەلایەن مێردەکەی، بە ناپاکی تۆمەتبار دەکرێ، دەخرێتە بەردەم کاهینێ کە هەڕەشەی تووڕەیی خودای لێدەکا، ئەگەر درۆ بکا سزای دەدا. پاشان هەموو ئەو نەفرەتانە دەنووسێتەوە، کە بەسەریدا دێ، و لە ئاوی پیرۆزدا دەیانتوێتەوە، و خاکی ماڵەکەی تێدەکا و دەیداتە ژنەکە تا بیخواتەوە. ئەگەر درۆ بکا، سکی دەئاوسێ و لەناو گەلەکەیدا دەبێتە

نەفرەت لێکراو. ئەگەر درۆ نەکا، پاک دەبێتەوە و دووگیان دەبێ. بەڵام ئەگەر پیاوێک بە درۆ ژنەکەی تۆمەتبار بکا، ئەوا ڕووبەڕووی هیچ سزایەک نابێتەوە.

کێشەی ئەو پرۆسەیە لەوەدایە، کە تەنیا لایەنی پیاو دەگرێ. بەهیچ شێوەیەک باسی تاوانبارکردنی پیاو بە خیانەت ناکا. دووەم ئەگەر ژنەکە پاک دەربچێ یان نا، ئەوە ناوی دزرێ، سەرەڕای ئەوەی دەبێ لەگەڵ هەمان پیاو دابژێ، کە بە درۆ بە خیانەت تاوانباری کردووە.

لە دینی ئیسلامیش، زۆر جیا نییە، هەر دوای گیرسانەوە لە مەدینە، سورەتی النور هات. کە دەڵێ:

سورة النور ٢٤: ٤

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (٤)

وە ئەوانەی دەلەسە هەڵدەبەستن بۆ ژنانێکی نێوگەڵ پاك، ئینجا ئەگەر چوار شایەت نەهێنن، ئەوە هەشتا قامچی لە هەر دانەیەکیان بدەن، وە هەرگیز شایەتیان لێوەرمەگرن (٤)

موسڵمانان نارەزایەتییان دەربڕی و لە پێغەمبەریان پرسی: ئەگەر پیاوێک لە ئێمە پیاوێکی تری لەگەڵ ژنەکەی دا بینی، و داوای چوار گەواهی دەکەی، کە پیاوەکە بێنێ. و دەرفەت بدات بەو پیاوە کۆتایی بەو کارە بهێنێت کە دەیکرد؟ تەنانەت هەندێکیان سوێندیان خوارد ئەگەر کەسێک لەگەڵ ژنەکەیدا ببینێ، بە شمشێر دەیکوژن. ئەو کاتە محمد، ناچار بوو بۆ خۆ دەبازکردن، ئایەتێتری بێنێتەوە، کە ناویان لێنان، ئایەتەکانی (نەفرەت لە یەکترکردن).

سورة النور ٢٤: ٥ - ٩

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٦) وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٧) وَيَدۡرَؤُاْ عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٨) وَٱلۡخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٩)

مەگەر ئەوانە نەبێ، کە لە دوای ئەو کارەیان تۆبە دەکەن و خۆیان چاك دەکەن، ئەوە خودا لێبووردەیە و بە بەزەییە. (٥) ئەوانەی تۆمەت بۆ ژنەکانیان هەڵدەبەستن و شایەتیان نییە تەنیا خودی خۆیان نەبێ، ئەوە شایەتی یەکێکیان چوار جار سوێند خواردنە بە خودا کە لە ڕاستگۆکانە. (٦) و پێنجەم سوێند بڵێت: نەفرەتی خودام لێبێ، ئەگەر لە درۆزنەکان بم. (٧) وە ی سزا لە سەر ژنەکە لادەچێ، ئەگەر چوار جار سوێند بە خودا بخوا و بڵێ لە درۆزنەکانە. (٨) وە سوێندی پێنجەم بخوا و بڵێ: تورەیی خودام لەسەر بێ ئەگەر ئەو لە ڕاستگۆکان بێ. (٩)

مێرد و ژن لەسەریانە، هەر یەکەیان چوار جار سوێند بخوا، کە درۆ ناکا و جاری پێنجەم داوا دەکا، نەفرەتی خودا لەوەبێ درۆزنە. کێشەکە لەوەدایە، لەو دوانە دەبێ یەکیان درۆزنبێ، بەڵام ڕێگایەکیتر، لە پێش دادوەر نییە، کە بزانێ کامیان درۆزنە. ڕێگەچارە ئەوەیە، ئەگەر هەردووکیان سوێندیان خوارد، کە ڕاست دەکەن، ئەوا دادوەر بڕیاری جیابوونەوەیان دەدا. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بە پێ شەرعی ئیسلام پیاوەکە بەبێ، ئەو گەواهیدانە، مافی بڕیاری جیابوونەوەی هەیە. بەڵام وادیارە دوای ئەوەی نووسەری قورئان زانی سزای جولەکە لەسەر ژنە. حەزی لەوە نەبووکە هەندێ ئایەتی قورئان لە ئاودا بنووسێ، و بیداتە ژنەکە لەگەل هەندێ خۆڵ بیخواتەوە. بۆیە بڕیاریدا لەیەکیان

جیابکاتەوە. ئەوەش سزایەکە، ئەو بەهایەی نییە، ئایەتێکی قورئانی بۆ بهێنرێتەوە. لەبەر ئەوەی قورئان پێشوەخت ئەو مافەی داوەتە پیاو، کە بەبێ هیچ هۆکار لە ژنەکەی جیابێتەوە.

ژنانی قەدەغە (النساء المحرمات)

سەبارەت بە ئەو ژنانەی لە دینی جولەکە قەدەغەن، واتە خزمی نزیکی وەک دایک و خوشک و پوور و هتد. بەپێی یاساکانی تەورات، ڕێنمایی بۆ باوەڕداران وەک فەرمان داناون. کە لادان لێیان واتە بەر نەفرەتی خودا دەکەون.

پەیمانی کۆن لیڤیەکان ١٨: ٦ – ١٨

(٦) هیچ کەسێک لە کەسوکاری خۆی نزیک نەبێتەوە، بۆ جووت بوون لەگەڵی، من یەزدانم.

(٧) ناموسی باوکت مەبە و ناموسی دایکت مەبە، لەگەڵ دایکت جووت مەبە، چونکە دایکتە.

(٨) لەگەڵ باوەژنت جووت مەبە، ئەوە ناموسی باوکتە.

(٩) لەگەڵ خوشکت، کچی باوکت یان کچی دایکت جووت مەبە، ئەگەر لە ماڵتان لەدایک بووبێت یان لە دەرەوە.

(١٠) لەگەڵ کچی کوڕەکەت یان کچی کچەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی تۆیە.

(١١) لەگەڵ کچی ژنی باوکت کە لە باوکتەوە بووە، جووت مەبە، چونکە خوشکتە.

(١٢) لەگەڵ خوشکی باوکت جووت مەبە، چونکە پوورتە.

(١٣) لەگەڵ خوشکی دایکت جووت مەبە، چونکە پوورتە.

(١٤) ناموسی مامت مەبە، لە ژنەکەی نزیک مەکەوە و لەگەڵی جووت مەبە، چونکە مامۆژنتە.

(١٥) لەگەڵ بووکەکەت جووت مەبە، ژنی کوڕتە، لەگەڵی جووت مەبە.

(١٦) لەگەڵ براژنەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی براتە.

(١٧) لەگەڵ ژنێک و کچەکەی جووت مەبە، لەگەڵ کچی کوڕەکەی یان کچی کچەکەی جووت مەبە، ئەوان نزیکی ژنەکەن و ئەوە ئەوپەڕی بەدرەوشتییە.

(١٨) هیچ ژنێکیش بەسەر خوشکەکەی مەخوازە هەتا ببێت بە هەوێی، هەتا لەگەڵی جووت بیت، کاتێک ژنەکەت لە ژیاندایە.

تەورات یەک بە یەک، هەموو ئەو ژنانە دەخاتە ڕوو کە لە ڕووی سێکسییەوە قەدەغە کراون بۆ پیاو، لەوانەش هاوسەرگیریکردن لەگەڵ دوو خوشک و هاوسەرگیریکردن پووری. بە بەراوردێکی دەقی تەورات لەگەڵ ئایەتی قورئان، کە دەڵێ:

سورة النساء ٤: ٣

حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمۡ وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِي دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمۡ تَكُونُواْ دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ وَحَلَٰٓئِلُ أَبۡنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنۡ أَصۡلَٰبِكُمۡ وَأَن تَجۡمَعُواْ بَيۡنَ ٱلۡأُخۡتَيۡنِ إِلَّا مَا قَدۡ سَلَفَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٢٣)

لێتان حەرام کراوە: دایکانتان و کچەکانتان و خوشکەکانتان و پوورەکانتان (خوشکی باوك) و پوورەکانتان (خوشکی دایك)، برازاتان و خوشکەزاتان و ئەو دایکانەی شرەخۆریان کردوون و خوشکی شرەخۆریتان و خەسووتان و کچی ژنانێك کە لەگەڵیاندا جووتبوون (زڕکچ) بەڵام ئەگەر لەگەڵیاندا جووت نەبوون، ئەوە گوناهتان ناگات، و ژنی ئەو کوڕانەتان کە لە پشتتانن، وە دوو خوشك بەیەکەوە بکەن بە هاوسەرتان، مەگەر ئەوە نەبێت کە تێپەڕیوە و ڕوویداوە، لە ڕاستیدا خودا لێبووردە و بە بەزە ین بووە. (٢٣)

ئەگەر خوشکی شیرەخۆری لێ دەر کەین، تەورات و قورئان بە تەواوی لەیەک دەچن. بەڵام زانایانی ئیسلام، قەدەغەیەکیان زیاد کرد کە لەلایەن خودای قورئانەوە نەسەپێنراوە، کە دەڵێ:

سورة المائدة ٥: ٨٧

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ (٨٧)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەو شتە نایابانە لە خۆتان قەدەغە مەکەن کە خودا ڕێگەی داوە (٨٧)

فقهەکان ئەوەیان لەسەر زیادکردووە:

ئەوەی بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە قەدەغەیە، بە شیرپێدانیش قەدەغەیە.

بەم شێوەیە قورئان حەوت هاوسەرگیری بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە، و شەش هاوسەرگیری بەهۆی پەیوەندی شیرەوە و نزیکایەتییەوە قەدەغە کرد. سوننەتیش حەوتەمی لێ زیاد کرد: شووکردنی ژنێک و خاڵۆزایەکی باوکی، خاڵێک کە کۆدەنگی زانستی لەسەری هەیە. ئەوەش لە بنەڕەتەوە لە ابن عباس، هاتووە کە دەڵێ:

حەوت هاوسەرگیری بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە قەدەغەن، حەوت هاوسەرگیریش بەهۆی نزیکایەتییەوە. ئەو حەوت کەسەی کە بەهۆی نزیکایەتی و شیرەوە، قەدەغەکراون بریتین لە: دایکی بەخێوکەر، خوشکی بەخێوکەر، دایکی خەسوو، کچە هاوسەرەکان، بووکەکان و هاوسەرگیری لەگەڵ دوو خوشک لە یەک کاتدا. حەوتەمیش بەو ئایەتە قەدەغەیە کە دەڵێت:

سورة النساء ٤: ٢٢

وَلَا تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم. (٢٢)

وە ئەو ژنانە نکاح مەکەن کە باوکانتان نیکاحیان کردوون (٢٢)

زیناکار

لە پەیمانی کۆن، داود پاشا کاتی لە ئۆرشەلیم دەرچوو، ژن و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی برد، و دە ژنی کەنیزەی بۆ پاراستنی کۆشک بەجێهێشتن.

پەیمانی کۆن – دووەم سمۆئیل ١٥: ١٦

(١٦) پاشا و هەموو ماڵەکەی بەدوایەوە هاتنە دەرەوە، پاشا دە ژنە کەنیزەی بۆ پاراستنی کۆشکەکە بەجێهێشت.

پەیمانی کۆن – دووەم سمۆئیل ٢٠: ٣

(٣) کاتی داود بۆ کۆشکەکەی خۆی لە ئۆرشەلیم گەڕایەوە، ئەو دە کەنیزەیەی بۆ پاراستنی کۆشکەکە بەجێی هێشتبوون، بردنی و لە ماڵ، بە دەستبەسەری داینان و بەخێوی دەکردن، بەڵام لەگەڵیاندا پاڵ نەخەوت، بەڵکو هەتا ڕۆژی مردنیان بە تەنیایی دەستبەسەر کرابوون.

لە قورئانیش ئایەتێکی هاوشێوەی پەیمانی کۆن هەیە.

سورة النساء ٤: ١٥

وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا (١٥)

وە ئەو ژنانەتان کە داوێنپیسی دەکەن، ئەوە چوار شایەتیان لەسەر بگرن، جا ئەگەر شایەتیاندا، لە ماڵەکانیان بیانگرن تاوەکو مەرگ دەیانمرێنێ، یان خودا ڕێگایەکیان بۆ دەدۆزێتەوە. (١٥)

نوسەری قورئان، ڕاستەوخۆ ئەو بڕیارەی لە تەورات وەرگرتووە. بەڵگەی ئەوەش سزای زینای لە سورەتی النوردا گۆڕیوە. کە یەکێکە لە دوا سورەتەکانی پێش مردنی هاتووە و دەڵێت:

ژنی زیناکەر و پیاوی زیناکەر سەد قامچی لەهەر یەکێکیان بدەن. (٢)

سزای کوشتنی تەورات، لەو ئایەتە بۆتە سەد قامچی. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی ناڕەزایی سەرانی هۆزی ئەوس و خەزرەج، وای لێکرد بڕیاری تەورات بگۆڕێ. ئەگینا بەبێ هیچ دەستکارییەک لە تەورات وەریگرتبوو.

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٨: ٢٠

(٢٠) لەگەڵ ژنی کەسێکی دیکە جووت مەبە، پێی گڵاو دەبیت.

لە فیقهی ئیسلامی، زینا گوناهێکی گەورەیە و هیچ ناکۆکییەک، لەسەر سەرکۆنەکردنی نییە، بەتایبەتی لەگەڵ ژنی دراوسێ.[54]

سزای ژنی کۆیلە، نیوەی سزای ژنی ئازادە.

بە پێی تەورات ئەگەر ژنێکی کۆیلە زینای کرد، بەردباران ناکرێ:

پەیمانی کۆن پەرتووکی لیڤیەکان ١٩: ٢٠- ٢٢

(٢٠) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ژنێک جووت بوو، ئەویش کەنیزەیەکی مارەبڕاو بوو، بۆ پیاوێکی دیکە. بەڵام نەکڕابووەوە و ئازاد نەکرابوو، پێویستە سزایەکی گونجاو بدرێ. کەسیان ناکوژرێ، چونکە ژنەکە ئازاد نەکراوە. (٢١) دەبێ پیاوەکە بەڵاگێڕیەک بۆ تاوانەکەی بۆ لای خودا بهێنێتە دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، بەرانێک وەک بەڵاگێڕی تاوان .(٢٢) جا کاهینەکە بە بەرانی قوربانی تاوانەکە لەبەردەم خودا کەفارەتی بۆ دەکا، لەو گوناهەی کە کردوویەتی، جا لەو گوناهەی کردوویەتی، دەبووردرێ.

[54] محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، تفسير سورة الإسراء، الآية 32

یاسای جولەکان وەک کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنانە دەکا، کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی جولەکە دەگۆڕدرێن بۆ دینی جولەکە. لە تالموددا هاتووە:

> ئەگەر کچی ژنێک لەگەڵ دایکی خۆی بگۆڕێ بۆ دینی جولەکە و دواتر زینا بکا، سزاکەی مردنە بە خنکاندن، بڕیاری دەربەدەرکردنی بۆ ماڵی باوکی نایگرێتەوە. بەڵام ئەگەر ژنێکی جولەکە لە کۆمەڵگەی جولەکە زینا بکا، ئەوا دەربەدەر دەکرێ بۆ ماڵی باوکی و دواتر بەردباران دەکرێ تا مردن. [55]

وا دیارە کەسێکی وەرگەڕاو بۆ دینی جولەکە، تەنانەت شایەنی ئەوە نییە کە بەردباران بکرێ، بەڵکو وەک ئاژەڵێک خنکاندن.

لە ئیسلامیش بە گەواهی عومەر کوڕی خەتاب ژن و پیاوی زیناکار بەردباران دەکرێن تا مردن.

ئایەتی بەردبارانکردن لە قورئاندا هەبووە، و دەڵێ:

> إذا زنى الشيخ والشيخة فارجموهما ألبتة نكالا من الله والله عزيز حكيم
> ئەگەر پیاوێک و ژنێک زینایان کرد، هەردوکیان بەردباران بکەن تا مردن وەک سزای خودا.

دواتر ئەم ئایەتە نەسخکرا، و خوێندنەوەشی وەستا، بەڵام جێبەجێکردنی هەرمایەوە. سەلمێندراوە کە پەیامبەر، خۆی سزای بەردبارانکردنی ئەنجامداوە.

لە ابن عباس دەگێڕنەوە، کە عمر بن الخطاب، چووە سەر المنبر بۆ ووتاری هەینی، و گوتی: خودا محمدی، سەلامی خودای لێ بێ، نارد لەگەڵ حەقیقەت، و پەرتووکی بۆ دابەزاند. لە

---

[55] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود، الفصل الرابع، الفقرة ج، ص ١١٤

ناو ئەو شتانەی کە خودا دایبەزاند، ئایەتی بەردبارانکردن بوو. خوێندمانەوە و تێگەیشتین و لەبیرمان کرد. پێغەمبەری خودا بەردبارانی کرد، ئێمەش بە دوای ئەودا بەردبارانمان کرد. من دەترسم ئەگەر کات تێپەڕێ و مرۆڤ لەبیری بچێ، ڕەنگە کەسێک بڵێ: سوێند بەخوا ئایەتی بەردبارانکردن لە پەرتووکی خودا نادۆزینەوە، بەم شێوەیەش بە فەرامۆشکردنی فەرزێک بەلاڕێدا بچن. خودا دایبەزاندووە و بەردبارانکردن مافێکە لە پەرتووکی خودا، بۆ ئەو کەسانەی زینا دەکەن، جا پیاو بێ یا ژن، ئەگەر بەڵگە هەبێ، یان دووگیانبێ، یان دانپێدابنێ.

کاتی عومەر لە ووتار و لەسەر مینبەر ئەوەی گوت، زۆر لە هاوەڵە (الصحابة) گەورەکان، ئامادە بوون. هەموویان بێدەنگ بوون، و نکۆڵیان لە بوونی ئەو ئایەتە نەکرد. لەوەش زیاتر، هەرچەندە ئەو ئایەتە لە قورئان لابراوە، کەچی فەرمانەکەی نەسخ نەکراوە، و جێبەجێ دەکرێ.[56]

عومەر بەتەنیا نەبوو لەسەر ئەو زانیاریە. بەڵکوو هەمان زانیاری، لەلایەن چەندین هاوەڵ (الصحابة) گوتراوە و پشتڕاستکراوەتەوە.

ابن ماجه (فەرموودەی ژمارە ١٩٤٤) لە عائیشە دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: ئایەتی الرجم دابەزیوە، لە سەر کاغەزیک بوو لەژێر جێگام.[57]

لە قورئانیش دەڵێ

---

[56] صحيح البخاري: (٦٨٢٩) و(٦٨٣٠) كتاب الحدود . و (٧٦٢٦) و كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة. صحيح مسلم (١٦٩١)

[57] السنن، ابن ماجه (٢٠١٠) حققه و علق عله عصام موسى هادي، الطبعة الأولى، دار الصديق ، بيروت لبنان، حديث رقم ١٩٤٤، ص ٣٢٩

سورة النساء ٤: ٢٥

وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِكُمۚ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ (٢٥)

هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر نەیتوانی ژنانی ئازادی داوێنپاکی باوەڕدار نیکاح بکات، ئەوە با کۆیلەیەك لە کچانی باوەڕدار بێنێ، و خودا بە باوەڕی هەندێکتان لە هەندێکتان دەزانێ، جا بە مۆڵەتی کەسوکاریان نیکاحیان بکەن، وە کرێکانیان بە چاکی پێبدەن. با ژنانێکی باوەڕدار نا بەڕەڵای بێ دۆست بن. جا کاتی بووە خاوەن هاوسەر و بێناموسیکرد، ئەوە نیوەی ئەو سزایە وەردەگرێ، کە لەسەر ژنانی ئازادە. (٢٥)

قورئان فەرمانی سزای ژنێکی ئازادی بەهاوسەر، بەسزایەکی توند تا مردن دەدا. کەچی سزای ژنێکی کۆیلەی بە مێرد، نیوەی سزای ژنێکی ئازاد بێ. ئەستەمە لەو فەرمانی خودایيە تێبگەین!! ڕەنگە محمد زۆر شەرمەزار بووبێ و نەیتوانی بڵێ: ئەگەر زینا بکا، مردنی، تاکە سزایە.

تەورات بەردبارانکردنی بۆ زیناکاران، چ هاوسەرگیریان کردووە یان بێ شوو، سزای کوشتنە واتە ئەو ژنانەی ئیسرائیلی، دەرەوەی دینی جوولەکە. بەم شێوەیە تەورات جیاوازی لە نێوان ئیسرائیلی و نا ئیسرائیلی تەنانەت لە بابەتی مردنیشدا: ژنێکی ئیسرائیلی ئەگەر زینا بکات، بەردباران دەکرێ، لە کاتێکدا ژنێکی نائیسرائیلی، زینای کرد دەخنکێندرێ. کەچی هەردووکیان دەبێ بمرن، بەردباران یا خنکاندن، تەنیا شێوەی کوشتنیەتی.

هەروەها فیقهی ئیسلامی بەردبارانکردن بۆ زیناکارە هاوسەردارەکان و قامچی لێدان بۆ زیناکارانی بێ هاوسەر، هەرچەندە قورئان باسی بەردبارانکردنی نەکردووە. هەروەها فیقهی ئیسلامی بەپێی یاسای جوولەکان نیوەی سزاکە بەسەر ژنێکی کۆیلەی خێزانداردا دەسەپێنێ کە زینا دەکا.

سورة النساء ٤: ٢٥

فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ (٢٥)

جا کاتی بوونە هاوسەردار، و بێناموسیان کرد، ئەوە نیوەی ئەوی سزایەیان دەکەوێ، کە لەسەر ژنی ئازادە (٢٥)

ئەو ئایەتە زۆر نالۆژیکە، کە دەڵێ سزای ژنی ئازادی هاوسەردار کە زینا دەکا، سزای تەواو وەردەگرێ. ئەستەمە مرۆڤ، لە مەبەستی ئەو ئایەتە تێبگا، لە کاتێکدا لە جیهانی ئیسلامیدا ڕۆژانە بە دەیان ژن بەردباران دەکرێن، ئەی باشە نیوە بەردبارانکردن چیە؟ و چۆن دیاربکرێ؟.

هەروەها قورئان جیاوازی لە نێوان ژن و پیاوی خێزاندار و بێ شوو نەکردووە. دەڵێ: (ژن و پیاوی تاوانبار بە زینا – بە سەد شەق لە هەریەکەیان بدەن (سورەتی النور ٢). بەڵام خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب دەڵێت ئایەتێک لە قورئاندا لابراوە کە نوسراوە: ژن و پیاو ئەگەر زینایان کرد – بەردبارانیان کەن، وەک سزای خودا، بۆ ئەو تاوانە. بەم شێوەیە سزای زینا بۆ پیاو یان ژنێکی خێزاندار، دەبێتە بەردبارانکردن و بۆ کەسێکی بێ شوو بە سەد قامچی. بەڵام زمانی قورئان کراوەیە بۆ لێکدانەوە.

سورة النساء ٤: ١٥- ١٦

وَٱلَّـٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَـٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا (١٥) وَٱلَّذَانِ يَأۡتِيَـٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ فَإِن تَابَا وَأَصۡلَحَا فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابٗا رَّحِيمًا (١٦)

وه ئەو ژنانەتان كە داوێنپیسی ئەنجام دەدەن، ئەوە چوار شایەتیان لەسەر بگرن، جا ئەگەر شایەتیاندا، لە ماڵەكانیان بیانگرن تاوەكو بە مەرگ دەمرن، یان خودا ڕێگایەكیان بۆ دەهێنێتە ئاراوە.(١٥) و ئەو دوو پیاوانەتان كە ئە و كارە ئەنجام دەدەن، ئەوە ئازاریان بدەن، جا ئەگەر تۆبەیان كرد و خۆیان چاك كرد، ئەوە دەستیان لی هەڵگرن، لە ڕاستیدا خودا تۆبەی وەرگرتووە و بە بەزەیی بووە (١٦)

فیقی ئیسلام ئەو داوێن پیسیەیان، بە لەشفرۆشی نێوان ژنان لێكدەداتەوە. بەڵام كە لە قورئان هات، فەقهەكان لێرەدا دەستەواژەی (هاوڕەگەزباز)یان وەك ئاماژەیەك بۆ سۆدۆمی (لوطي) لێكداوە، بەگوێرەی لێكدانەوەیان بۆ (هاوڕەگەزبازی) لە چیرۆكی لوتدا، كاتی لوت بە گەلەكەی وتووە: ئایا ئێوە هاوڕەگەزبازی ئەنجام دەدەن؟ بەڵام مەسەلەكە بۆ شرۆڤەكاران و فەقهەكان ئاڵۆز بوو كاتێك قورئان دەڵێ:

سورة الإسراء ١٧: ٣٢

وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا (٣٢)

و نەكەن نزیك زینا بكەون، لە ڕاستیدا كاری داوێنپیسیە و ڕێگایەكی خراپ بووە. (٣٢)

بەم شێوەیە دەستەواژەی (داوێنپیس) بە ئاماژەدان بە زینا تێدەگەین. لە ئەنجامدا سزای زینا و (داوێنپیس) پڕ بوو لە لێکدانەوەی هەڵە، بە پێچەوانەی تەورات کە بە ڕوونی سزای دیاری کردبوو.

بەڵام سەبارەت بە سۆدۆمی (هاوڕەگەزبازی)، لە دینی جوولەکە سزای کوشتن بۆ هەردوو پیاوەکە دیاری دەکا. کەچی فیقهی ئیسلام، سەرەڕای ئەوەی ئایەتی قورئان، بە ڕوونی دەڵێ:

سورة النساء ٤: ١٦

وَٱلَّذَانِ يَأۡتِيَـٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ فَإِن تَابَا وَأَصۡلَحَا فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابٗا رَّحِيمًا (١٦)

ئەو دوو پیاوانەتان کە ئە و کارە ئەنجام دەدەن، ئەوە ئازاریان بدەن، جا ئەگەر تۆبەیان کرد، و خۆیان چاك کرد، ئەوە دەستیان لی هەڵگرن، لە ڕاستیدا خودا تۆبەی وەرگرتووە و بە بەزەیی بووە (١٦)

لە فیقهی ئیسلام، بۆچوونی جیاواز، سەبارەت بە سزای سۆدۆمی هەیە. ئایا وەک تەورات بکوژرێ، یان وەک قورئان چاوەڕوانکەن تۆبە بکەن! بۆیە بڕیارێکی یەکلایەنە، لەسەر تاوانبار بە سۆدۆمی نییە[58]

لە ئیسلامدا سزای سۆدۆمی جیاوازە، لە نێوان پیاو و ژن. دەڵێن:

ئەگەر دەستپێشخەر و ئەکتیف بێ یان پاسیڤ، لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیاربێ، و بە ئارەزووی خۆی ئەو کارەی کردبێ، ئەوا قامچیان

[58] السيوطي، جلال الدين، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، دار الفكر، بيروت، لبنان، ١٩٩٣، ج٣، سورة الأعراف، الآية ٨٠

لێدەدرێ، و دەربەدەر دەکرێن، چ هاوسەردارێ یان بێ هاوسەرێ، نێر بێ یان مێ، چونکە چمکی هاوسەرگیری لەم چوارچێوەیەدا بیری لێناکرێتەوە. باس لەوەشکراوە، ئەگەر ژنێکی هاوسەردار سۆدۆمی بکا، بەردباران دەکرێ. بەڵام ئەگەر کەسێک ژن یان پیاو سۆدۆمی لەگەڵ ژنەکەی[59] یا کۆیلەکەیدا ئەنجامدا، هیچ سزایەکی بۆ نییە.[60]

إبن تيمية دەڵێ:

سەبارەت بە سۆدۆمی، هەندێک لە زانایان دەڵێن سزاکەی هەمان سزای زینایە، هەندێکی تریش دەڵێن هەندێ سووکترە. بۆچوونی دروست، کە هاوەڵان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە هەردوو هاوبەشی چالاک و پاسیڤ بکوژرێن، جا هاوسەرگیریان کردبێ یان بێ هاوسەربن. ئیبن عەباس دەڵێ: ئەگەر بینیتان، کەسێ کردەوەی گەلی لوتی ئەنجام بدا، هەم لایەنی چالاک و هەم لایەنی پاسیڤ بکوژن. ئەبو داود لە ئیبن عەباسەوە ، سەبارەت بە کچێک دەگێڕێتەوە، کە دۆزرایەوە سۆدۆمی دەکا، گوتی: دەبێ بەردباران بکرێ. دیمەنێکی هاوشێوە، لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە دەگێڕدرێتەوە.[61]

هاوەڵان (الصحابة) لەسەر کوشتنی سۆدۆمی کۆک بوون، بەڵام جیاوازییان لە شێوەی کوشتنەکە هەبوو. لە ئەبوبەکر الصدیق دەگێڕێنەوە کە فەرمانی سووتاندنی دەرکردووە، و کەچی کەسانی تر کوژراون، و هەندێکیش دیوارێکیان بەسەردا ڕوخاندوون، تا لەژێر داروپەرددا دەمرێ. و هەروەها بۆچوونێکی تریش هەیە کە دەڵێ: دەبێ لە پیسترین شوێن

---

[59] لێرەدا مەبەست ئەوەیە پیاوێک سێکس لەگەڵ ژنەکەی لە کۆمەوە بکا.

[60] الشربینی، محمد بن الخطیب، مغني المحتاج ‘إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، دار المعرفة، بیروت، ١٩٩٧، کتاب الزنا، ص ١٨٧

[61] بن تیمة، أحمد، الفتاوی، مجمع الملك فهد لطباعة القرآن الكريم، المدينة المنورة، ٢٠٠٤، ج ٢٨، ص ٣٣٥

زیندان بکرێن تا دەمرن. هەندێکیش ڕایان وابووکە دەبێ، خودا چی بەسەر گوندی لوت داهێنا، ببردرێتە سەر بەرزترین دیواری گوند و لەوێ فڕێبدرێتە خوار.

لە إبن عباس دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: دەبێ بەردباران بکرێ و لەسەر ئەم بنەمایە زۆربەی پێشینەکان دەیانگوت لەبەر ئەوەی خودا گەلی لووتی بەردباران کرد، و بەردبارانکردنی زیناکارەکە، وەک بەردبارانکردنی گەلی لوت دادەنرێ. بۆیە دەبوو ئەو دووانە بەردباران بکرێن. ئەگەر گەورە بوون ،جا ئەو کەسانە ئازاد بن یان کۆیلە، یان یەکێکیان کۆیلە و ئەوی دیکەیان ئازادبێ. ئەگەر یەکێکیان تەمەنی گەورە نەبوو، دەبوو سزای بە شتێکی کەمتر لە مردن بێ، واتە تەنیا کەسانی پێگەیشتوو، دەبێ بەردباران بکرێن.

بە سەرنج دانێک، دەردەکەوێ خودای قورئان ، تێنوێتی بە سزای دڕوندایەتی خودای تەورات ناشکێ، بۆیە سادیزمی خۆیان لە سزای سۆدۆمیدا پیشاندا، و دەڵێن: تاوانبارەکە بسوتێنرێ، بەردباران بکرێ، دیوارێکی بەسەردا بڕوخێ، یان لە شاخێکەوە فڕێ بدرێ و دواتر بەردباران بکرێ. سەیر لەوەدایە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە دینیەکان، و ووتارخوێنەکان و ئیمامەکان ئەو داب و نەریتە بەکاردێنن، کە شتێک نییە تاک بە ئارەزووی خۆی هەڵیبژێرێ. بەڵکو ئەوە جینەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامە، لە مێشکی چەکەرەی کردووە. و دڵی بە مردنی ئاسایی داناکەوێ، و دەبێ ڕێگای مردنەکە، تا دەکرێ بە ئازارتر بکرێ.

کوتان (تاتوو)

له دینی جوله‌که و ته‌ورات به کورتی باسی خۆ بریندارکردن، و خۆکۆتان ده‌کا.

په‌یمانی کۆن لێڤیه‌کان ١٩: ٢٨

(٢٨) بۆ مردوو خۆتان بریندار مه‌که‌ن، نه‌خش له له‌شی خۆتان مه‌کوتن، من خودام.

دینی جوله‌که تاتوکردن (کوتان) و خۆ بریندارکردن بۆ مردووان قه‌ده‌غه ده‌کا. له دینی ئیسلامیش، په‌یامبه‌ر تاتوکردنی قه‌ده‌غه کرد، کاتی فه‌رموویه‌تی:
خودا نه‌فره‌ت له‌و که‌سانه ده‌کا، که خۆیان تاتو ده‌که‌ن و ئه‌وانه‌ی تاتو ده‌که‌ن، ئه‌وانه‌ی برۆیان هه‌ڵده‌کێشن و برۆیان لێ هه‌ڵده‌کێشێ، هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی ددانه‌کانیان بۆ جوانی زه‌رکه‌ش ده‌که‌ن، ئه‌وانه‌ی ده‌ستکاری دروستکراوی خودا ده‌که‌ن.[62]

به‌پێی ئه‌و فه‌رموودەیه، تاتوو له ئیسلامیش قه‌ده‌غه‌یه. دووباره‌کردنه‌وه‌ی دینی جوله‌که‌یه.

[62]القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري ، الجامع لأحكام القرآن، ج٥، سورة النساء، الآية ١١٩

لەشفرۆشی

لەشفرۆشی بە درێژایی مێژوو، هەر لەسەردەمە دێرینەکانەوە، بە کارێکی خراپ و نەخواستە دانراوە. بە هەمان شێوە لە هەردوو دینی جولەکە و ئیسلام ئامۆژگاری دەکەن کە باوەڕداران، لەو کارە دوورکەونەوە. و کچ و ژنانیان بپارێزن.

یەک جیاوازی دەبینرێ، ئەویش لە دینی جولەکە باسی ئازاد و کۆیلە ناکا، کەچی لە قورئان دووپاتە، لەسەر کچانی کۆیلە دەکاتەوە. کە خاوەن کۆیلە وەک سەرچاوەی دارایی بەکاری هێنابن. بەڵام باسی ژنی ئازاد ناکا.

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٩: ٢٩

(٢٩) کچەکەت سووک مەکە، بەوەی بیکەیتە لەشفرۆش، نەوەک خاکەکە پڕ بێت لە لەشفرۆشی و بەدرەوشتی.

سورة النور ٢٤: ٣٣

وَلَا تُكْرِهُواْ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُواْ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣٣)

و نەکەن زۆری لە کچە کۆیلەکانتان بکەن کە کاری لەشفرۆشی بکەن ئەگەر ویستیان پاك بن، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ژیانی دونیا، و هەر کەسێك زۆریان لێ بکا، ئەوە خودا لە دوای زۆرلێکردنیان لێبوورده و بە بەزەییە. (٣٣)

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٩: ٣٥ – ٣٦

(٣٥)ساختەکاری مەکەن، نە لە ئەندازەی پێوانە و نە لە کێش و نە لە بڕ، (٣٦) دەبێت تەرازووی ڕاست و کێشانەی ڕاست و ئێفەی[63] ڕاست و هەینی[64] ڕاستتان هەبێت، من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسر دەریهێنان.

لە قورئانیش لە سێ ئایەتی جیاواز باسی ئەوە دەکا:

سورة الرحمن ٥٥: ٧ - ٩

وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ (٧) أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ (٨) وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ (٩)

وە ئاسمانەکەی بەرزکردۆتەوە و تەرازوەکەی داناوە (٧) فرتوفێڵ لە تەرازو مەکەن (٨) وە کێش بە ڕەوایی بکەن و تەرازوتان سووك مەکەن (٩).

سورة الأعراف ٧: ٨٥

فَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ (٨٥)

دە پابەندی پێوان و تەرازوو بن، و شتەکانی خەڵک بە سووك مەبینن، وە لە خاکەکەدا خراپەکاری مەکەن دوای سازاندنی، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بە ڕاستی باوەڕدارن. (٨٥)

---

[63] ئێفە: پێوانەی کەرەستەی وشک.

[64] هەین: پێوانەی کەرەستەی شلەمەنی.

سورة المطففين ٨٣: ١ – ٣

وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ (١) ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ (٣)

واوەیلا لەوانەی سووك دەكێشن. (١) ئەوانەی كاتێك بۆیان دەپێورێت لە خەڵك بەدەست دەهێنن (٢) وە كاتێك بۆیان دەپێون یان دەكێشن، كەمی دەكەنەوە. (٣)

جارێكیتر قورئان، هەمان شتی تەورات دووبارە دەكاتەوە. بەڵام بە بەراورد بەوەی محمد خۆی بازرگان بووە، بەردەوام گەڕاوەتەوە سەری، هەمان شتی دووبارە كردۆتەوە. كەچی لە تەورات بە كورتی بابەتەكەی لە یەك ئایەت دارشتووە.

ژنێک جووتبوون لەگەڵ مێرد ڕەتکاتەوە

ئەگەر ژنێکی جولەکە داواکاری سێکسی مێردەکەی ڕەت بکاتەوە، حاخامەکان سزای دەدەن. لە تەلمودا هاتووە: "ئەگەر ژنێک لە مێردەکەی یاخی بوو، هەفتانە حەوت دینار لە کەتوباکەی دەبڕدرێت". ڕابی یەهودە دەڵێت حەوت تەربەعیق دەبڕن. وە چەند لە کەتوباکەی دەبڕدرێت؟ هاوتای تەواوی کێتوباکەیەتی. ڕابی یوسف دەڵێت "بە بەردەوامی دەبڕدرێت چونکە لەوانەیە میراتێک لە شوێنێکی ترەوە وەربگرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە

(دوای کەتوبا) لێی وەردەگیرێت." هەمان شت بۆ پیاوێک دەگونجێت کە ژنەکەی ڕەتدەکاتەوە؛ هەفتانە سێ دیناری بۆ کەتوباکەی زیاد دەکرێت.[65]

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکا، کە ئەگەر ژن ڕەتیکردەوە، لەگەڵ مێردەکەی بخەوێ، ئەوا هەفتانە حەوت دینار لە مووچەکەی دەبڕدرێ، لەکاتێکدا ئەگەر مێرد ڕەتیکردەوە هەفتەی سێ دینار لێدەبڕدرێ. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ بنەمای "پشکی نێر یەکسانە بە پشکی دوو مێ.
ونُلاحظ هنا أن الزوجة إذا امتنعت، يُخصم منها سبعة دنانير كل أسبوع، بينما الزوج الممتنع يُخصم منع ثلاثة دنانير بالأسبوع. وهذا يعادل (للذكر مثل حظ الانثيين).
لە فیقهی ئیسلامیدا، ئەگەر ژنێک ڕەتکاتەوە ئارەزووی سێکسی مێردەکەی دابینکا، بە درێژایی ئەو شەوە، فریشتە نەفرەتی لێدەکەن، تا پابەند دەبێ، یان تا بەیانی بە نەفرەتکردن بەردەوام دەبن. بێگومان مێرد مافی ئەوەی هەیە ئەگەر ژنەکەی ڕەتی بکاتەوە، لەگەڵی جووتبێ، لێی جیابێتەوە. پابەند نابێ بە دابینکردنی بژێوی ژیانی. ئەگەر خۆی ڕەتی بکاتەوە، یان سەرپەرشتیارەکانی ڕەتی بکەنەوە، یان دوای گرێبەستی هاوسەرگیری بێدەنگ بن، نە خۆی بداتە دەست و نە داوای بکرێ، ئەوا مافی خەرجی ژیانی نییە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش پێکەوە ژیابن. پەیامبەر هاوسەرگیری لەگەڵ عائیشە کرد. و دوای دوو ساڵ گواستیەوە. و لە ماوەی ئەو دوو ساڵە، لە دابینکردنی خەرجی ژیانی بەرپرس نەبوو. لەبەر ئەوەی، خەرجی دان، لە بەرامبەر تەواو بوونی کاتی چاوەڕوانی، دەستپێکردنی پێکەوە ژیانە. ئەگەر چاوەڕوانی گواستنەوە تەواوبوو، ئەوا مافی خەرجی هەیە. ئەگەر نا، ئەوە مافی هیچ شتێکی نییە. تەنانەت ئەگەر ئەو کچە، هۆکاری ئەو چاوەڕوانییە، ڕوونکاتەوە، و بڵێ، لە

[65] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود، القسم الثالث، ناشيم: النساء، ص 121

ماڵی خۆم دا لەگەڵت جووت دەبم، یان لە فلان شوێن، هیچ مافێ ناگرێ، لەبەر ئەوەی خەرجی، تەنیا لەو کاتە دەدرێ، گواستراوەتەوە، و لەماڵی مێردبێ.[66]

خۆگرتنی مێرد لە ژنەکەی

هەندێک لە پیاوان، کاتی لە ژنەکانیان تووڕە دەبن، و خۆیان دەگرن. و سوێند دەخۆن کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنەکانیان نەکەن.

لە تالموددا هاتووە:

ئەگەر پیاوێک سوێند بخوا کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەی نەکا، قوتابخانەی شەممای دەڵێ، دەبێ دوو هەفتە چاوەڕێ بکا، پێش ئەوەی داوای جیابوونەوە بکا، کەچی قوتابخانەی هیلێل دەڵێ، دەبێ هەفتەیەک چاوەڕێ بکا، پێش ئەوەی داوای جیابوونەوە بکا.

لە فیقهی ئیسلام، متمانە لەسەر ئەو ئایەتە دەکا:

سورة المجادلة ٥٨: ٣

وَٱلَّذِينَ يُظَـٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ (٣)

[66] موفق الدين المقدسي بن قدامة، مغني المحتاج، كتاب النفقات، ص ٢٢

ئەو پیاوانەی بە ژنەکانیان دەڵێن، تۆ دایکمی، پاشان پەشیمان دەبنەوە، بەر لەوەی لەگەڵیاندا جووت بن، دەبێ کۆیلەیەک ئازادکەن، خودا وا ئامۆژگاری دەکا. و خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە. (٣)

ئازادکردنی کۆیلە یەکسانە بە لێبڕینی هەفتانە لە داهاتی مێردەکە چونکە کۆیلە بە سامان دادەنرێ، ئازادکردنیشی مانای ئەوەیە مێردەکە پارە لەدەست دەدا. سەبارەت بە لە دۆخی الإیلاء[67]، فیقهی ئیسلامی پشت بەو ئایەتە دەبەستێ کە دەڵێ:

سورة البقرة ٢: ٢٢٦

لِّلَّذِينَ يُؤۡلُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ تَرَبُّصُ أَرۡبَعَةِ أَشۡهُرٖۖ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٢٢٦)

ئەو کەسانەی سوێند لە ژنەکانیان دەخۆن، کە ئیتر لەگەڵیان نەخەون، دەبێ چوار مانگ چاوەڕێ کەن، و لەگەڵیاندا نەخەون، ئەگەر پێك هاتنەوە، ئەوە خودا لێبوورده و دلۆڤانە. (٢٢٦)

ئەگەر ئەو ماوەیە لە چوار مانگ کەمتر بوو، پیاوەکە پەشیمان بووەوە، لەوانەیە وەک هەمیشە درێژە بە ژیانی هاوسەرگیرییەکەی بدا. بەڵام ئەگەر ماوەکە لە چوار مانگ زیاتر بوو، ئەوا ژنەکەی بە جیابووەوە دادەنرێ. زانایان چوار مانگیان بە زۆرترین ماوە داناوە، کە ژن دەتوانێ بەبێ جووتبوون بژی. پاشان گوتوویانە: دەبێ لە چوار مانگ جارێک جووتبوونی لەگەڵدا بکا. وە دەوترێ: دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو جووتبوونی لەگەڵدا بکا، بەپێی هێزی خۆی و پێویستییەکانی، هەروەک چۆن دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو خەرجی دابین بکا. ئەوە زیاتر جێی متمانەیە. مێرد مافی خۆیەتی هەرکاتێک بیەوێ چێژی لێ وەربگرێ، بە مەرجێک

[67] الإیلاء: سوێندی پیاوە، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنەکەیدا نەکا.

زیانی پێ نەگەیەنێ و سەرقاڵی نەکا لە ئەرکەکانی. هەروەها دەبێ ڕێگەی پێبدا کە ژنە بەخۆیەوە خەریکبێ.

بەڵام سەبارەت بوەی، مێرد چەند جار دەبێ، لە هەفتەیەکدا لەگەڵ هاوسەری جووتبێ.
لە تالموددا هاتووە:
قوتابیان دەتوانن بۆ ماوەی سی ڕۆژ بەبێ مۆڵەتی ژنەکانیان بۆ خوەندنی تەورات بچن، کرێکاران دەتوانن بۆ ماوەی هەفتەیەک بەبێ مۆڵەتی ژنەکانیان بچنە دەرەوە، ئەرکی جووتبوون لەگەڵ هاوسەر، لە تەورات بەو شێوەیە: بێکارەکان ڕۆژانە، دەتوانن لەگەڵ هاوسەرەکانیان جووتبن، پیاوە کرێکارەکان هەفتەی دووجار، کەردار هەفتەی جارێک دەتوانن، کۆڵبەر لە هەر سی ڕۆژێکدا جارێک، و دەریاوان شەش مانگ جارێک.[68] کەچی لە فیقهی ئیسلام دا، دەڵێ پێویستە لە چوارمانگدا یەکجار لەگەڵ یەکدا جووتبن.

سزای کەنیزە نیوەی سزای ئازادە

ئەگەر کەنیزەیەک زینای کرد، وەک ژنێکی ئازاد بەردباران ناکرێ، بەڵکوو ناکوژرێ، بەڵکوو سزایەکی گونجاوتر و کەمتری بۆ دادەنرێ، تەورات دەڵێ:

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٩: ٢٠

(٢٠) ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ژنیك جووت بوو، ئەویش کەنیزەیەکی مارەبڕاو بوو بۆ پیاوێکی دیکە، بەڵام نەکڕابووەوە و ئازاد نەکرابوو، پێویستە سزایەکی گونجاو بدرێت. کەسیان ناکوژرێن، چونکە ژنەکە ئازاد نەکراوە .

[68] نفس المصدر، ص ١٢١

یاسای جولەکان وەک کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنانە دەکا، کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی جولەکە دەگۆڕدرێن بۆ دینی جولەکە. لە تەلموددا هاتووە:

ئەگەر کچی ژنێک لەگەڵ دایکی خۆی بگۆڕێ بۆ سەر دینی جولەکە و دواتر زینا بکا، سزاکەی مردنە بە خنکاندن، بڕیاری دەربەدەرکردنی بۆ ماڵی باوکی ناگرێتەوە.[69] بەڵام ئەگەر ژنێکی جولەکە لە کۆمەڵگەی جولەکە زینا بکا، ئەوا دەربەدەر دەکرێ بۆ ماڵی باوکی و دواتر بەردباران دەکرێ تا مردن. وا دیارە کەسێکی گۆڕاو بۆ سەر دینی جولەکە تەنانەت شایەنی ئەوە نییە کە بەردباران بکرێ، بەڵکو وەک ئاژەڵێک دەخنکێندرێ.

قورئانیش دەڵێ:

سورة النساء ٤: ٢٥

وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِكُمۚ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ (٢٥)

هەر کێ لە ئێوە ئەگەر نەیتوا ی ژنانیباوەڕداری ئازادی داوێنپاکی بێنێ، با کچێکی کۆیلەی باوەڕدار بێنێ، و خوداش لە هەرکەس زیاتر لە باوەڕتان ئاگادارە. جا بە مۆڵەتی کەسوکاریان مارەیان بکەن، و کرێکانیان بە چاکی پێ بدەن، با ژنانێکی ئیمانداری نابەڕەڵای داوێن پاکبن، کاتی بووە خاوەن هاوسەر و بێناموسیکرد، ئەوە نیوەی سزایان دەکەوێ، کە لەسەر ژنانی

[69] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود، الفصل الرابع، الفقرة ج، ص ١١٤

ئازادە، ئەوە بۆ ئەو پیاوانەیە، کە لە خۆی دەترسێ، و ئەگەر دان بەخۆتاندا بگرن، چاکترە، و خودا لێبوورده و و دلۆڤانە (٢٥)

ئەگەر بزانین سزای ژنێکی ئازادی هاوسەردار بەردبارانکردنە، ئەستەمە تێبگەین کە چۆن سزای ژنێکی کۆیلەی خێزاندار دەتوانێت نیوەی سزای ژنێکی ئازاد بێ. ڕەنگە محمد زۆر شەرمەزار بووبێ، و نەیتوانی وەکوو تەورات ڕاست بڵێ: ئەگەر زینا بکات، مردنی بە خنکاندن دەبێت.

ماوەی چاوەڕوانی بێوەژن و تەڵاقدراو

هەرچەندە لە ناو دەقەکانی تەورات، هیچ شتێ نادۆزرێتەوە، کە دەربارەی ماوەی چاوەڕوانی بێوەژن یان ژنت تەڵاقدراو، دوای مردنی یا جیابوونەوەی، ڕوونبکاتەوە. کەچی لە تالمود، ڕوونکردنەوە دراوە.

تالمود دەڵێ:

بێوەژن بۆی نییە تەڵاقەکەی بە فەڕمی ئاشکرابکا، یا هاوسەرگیری لەگەڵ برای مێردە مردووەکەی بکا، تا سێ مانگ تێدەپەڕێ (لە مردنی مێردەکەیەوە). هەمان شت بۆ هەموو ژنانی دیکەش دەگونجێ؛ ناتوانن دەستگیران بگرن یان هاوسەرگیری بکەن، تا سێ مانگ تێدەپەڕێ (لە دوای مردنی مێردەکانیان)، جا کچ بن یان هاوسەرگیریان کردبێ، جیابووبنەوە

یان بێوەژن بن.[70] هەروەها لە بەیێی میشنا (Yavamoth 4: 10) چاوەڕوانی تەڵاقدراو سێ مانگە[71].

لە قورئان هەمان ڕوونکردنەوەی تالمودی لە دوو ئایەت دووبارەکردۆتەوە.

سورة البقرة ٢: ٢٢٨

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٢٨)

ژنانی تەڵاقدراو سێ خول چاوەڕوان بن، و بۆیان حەڵاڵ نییە کە ئەوەی خودا لە منداڵدانیان دروستیکردووە بشارنەوە، ئەگەر باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێ. و مێردەکانیان لەوەدا شایستەترن بە گێڕانەوەیان. ئەگەر ویستیان بگونجێن. و ژنان مافیان هەیە هەروەک چۆن ئەرکیان لەسەرە کە چاکبن. و پیاوان پلەیەکیان لەسەر ژنانەوە هەیە. و خودا باڵادەست و ژیرمەندە (٢٢٨)

سورة الطلاق ٦٥: ٤

وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا (٤)

---

[70] مصطفى عبد المعبود، سلسلة ترجمة التلمود، القسم الثالث، الفصل الرابع، ص ٥٠

[71] Yavamoth 4: 10

و ئەو ژنانەتان کە لە سووڕی مانگانە بێ ئومێد بوون، ئەگەر گومانتان هەبوو، ئەوە با ماوەی چاوەڕوانیان سێ مانگ بێ، و هەروەها ئەوانەشتان کە هێشتا سووڕی مانگانەیان دەستی پێنەکردووە، و ئەوانەی دووگیانن ئەوە ماوەکەیان دانانی سکەکەیانە. و هەر کەسێک لە خودا بترسێ، ئەوە ئاسانکاری لە کاروبارەکانی بۆ دەهێنێتە ئاراوە (٤)

سەبارەت بە کچێ دەستدرێژی بکرێتە سەر

لە دینی جولەکەدا، و بە دیاریش لە تالمود، کە دێتە سەر باسی قەرەبووی پێشێلکردنی مافی کچانی دەستدرێژی کراوەسەر، هەرچەندە کچە ئازاری چەشتووە و دەبێ مافی ڕەوای خۆی بێ قەرەبوو وەربگرێ، کەچی تالمود، ئەو مافەی پێشێل دەکا.

یاسای تالمود، کە ئەوەدەی پەرتووکی تەورات پیرۆزە، بە ئاشکرا لە ئاستی ژنان کەم دەکاتەوە. و هەموو مافەکانیان لێ زەوت دەکا. تا دەگاتە ئەو پارەی قەرەبووکردنەوەی ئازارەکانی کچە، لە ئەنجامی دەستدرێژیکردن، دەبێتە موڵکی باوکی یان براکانی ئەگەر باوکەکە پێش بڕیارەکە بمرێت.

و دەڵێ:

ئەگەر کچێک لەسەر قەرەبووی پێشێلکردنی حەیا و شەرمەزاربیەکەی، گومانی بخرێتە دڵ، هەروەها هەر جۆرە سزایەک، کە هی باوکیەتی. هەروەها قەرەبووکردنەوەی ئەو ئازارەی کە قوربانییەکە تووشی بووە، هی باوکیەتی. ئەگەر پێش مردنی باوکی لە دادگا ئامادە بوو بۆ داوای قەرەبووکردنەوە، ئەوا قەرەبووەکە هی خۆیەتی. ئەگەر باوکەکە مرد،

قەرەبووەکە هی براکانیەتی. بەڵام ئەگەر لە دادگا ئامادە بوو و باوکی مرد پێش ئەوەی قەرەبووەکە وەربگرێ، ئەوە هی خۆیەتی. ئەگەر پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی گەورەیی لە دادگا ئامادە بوو، قەرەبووەکە هی باوکیەتی. ئەگەر مرد، هی براکانیەتی. بەڵام ئەگەر دوای گەیشتن بە تەمەنی پێگەیین لەبەردەم دادگا ئامادە بێ، ئەوە هی خۆیەتی. [72]

دەستدرێژیکار و گومانی خزمە ژنەکانی هاوسەرەکەی تۆمەتبار دەکرێن (بە سزای سووتاندن یان بڕینی جەستە). پیاو دەتوانێ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنە بکات کە باوکی دەستدرێژی کردۆتە سەر یان ڕازی کردووە، یان ئەو ژنەی کە کوڕەکەی دەستدرێژی کردووەتە سەری یان ڕازی کردووە.[73]

فیقهی ئیسلامی لەو گفت و گۆیانە بێدەنگە، کە
فیقهی ئیسلامی لە بارە ی ئە م جۆرە بابەتە وە بێدەنگ دەبێ، وە ک سە لماندنی فێڵ یان دە ستدرێژی سێکسی، لە حاڵەتی ژنێکی کە م ساڵە یان خێزانداردا، پێویستی بە چوار گەواهی ڕاستگۆ و نێر و ئازاد هەیە ، لە بەر ئەوە ی گەواهی کۆیلە و کەنیزە بۆ سزادان وەرناگیرێ. بێگومان ئەوەش بە کردەوە ئەستەمە.

هەر ژنێک یان کچێک ئەوە ئاشکرا بکا، سەرکۆنە دەکرێ و سزا دەدرێ، چونکە ناتوانێ چوار گەواهی پەیدابکا. محمد هەر لەگەڵ هێنانی ئایەتەکە، ئەوەی باش دەزانی، کە دەڵێ:

سورة النور ٢٤: ٤

---

[72] نفس المصدر، ص ١١٣
[73] نفس المصدر، ص ٧٦

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (٤)

وە ئەوانەی دەلەسە بۆ ژنانی داوێنپاک هەڵدەبەستن، سا ئەگەر چوار شایەت نەهێنن، ئەوە هەشتا قامچی لە هەر یەکیان بدەن، وە هەرگیز گەواهیان لێ وەرمەگرن، و ئەوانە بەڕەڵان (٤)

لەکاتی هاتنی ئەو ئایەتە پیاوانی ئەوس و خزرەج ناڕازی بوون، سەرۆکی ئەوس سعد بن عبادة،گوتی: بەخوا ئەگەر پیاوێک لەسەر لوکاع[74] بدۆزمەوە، بە شمشێرەکەم لێی دەدا. ئەوە محمدی ناجارکرد، بە ئایەتێکی نوێ بێ، کە دەڵێ:

سورة النور ٢٤: ٦

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٦)

وە ئەوانەی تۆمەت بۆ ژنەکانیان هەڵدەبەستن و گەواهیان نییە تەنیا خودی خۆیان نەبێ، ئەوە گەواهی یەکێکیان چوار جار سوێند خواردنە بە خودا کە لە ڕاستگۆکانە. (٦)

ناویان لێنا ئایەتە نەفرەتەکە (الملاعنة)

بە شێوەیەکی گشتی لە فیقهی ئیسلامیدا دەستدرێژی دانپێدانانرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەری قورئان بە ئایەت کارەکەی کردۆتە مەحاڵ، چونکە ئەستەمە کچێک دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەر، بتوانی چوار گەواهی پەیدابکا.

[74] لوکاع خێزانی خێزانی سعد بن عبادة بووە.

کەچی ئێستا ئەو بڕگەیەی لە تەلموددا هاتووە کە پیاو لەوانەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنە بکا کە دەستدرێژی کردۆتە سەر. دادگانی هەندێ وڵاتی ئیسلامی وەک مەغریب و ئوردن بەکاری دێنن. کە ئەگەر دەستدرێژیکەرێ، ئامادەبێ لەگەڵ ئەو کچەی دەستدرێژی کردۆتەسەر هاوسەرگیری بکا، بێتاوانی دەکەن. واتە لێرەش کۆپی دینی جولەکە دەکاتەوە.

میراتی ژن

لە یاسای جولەکەدا ژن جگە لە بەهای مارەییەکەی هیچ شتێک لە موڵک و ماڵی مێردە مردووەکەی بە میرات ناگرێ. لە تالموددا هاتووە: (ئەگەر بۆی نەنووسرێ)
تۆ لە ماڵەکەمدا دەمێنیتەوە و بە پارەکەم دەژی بۆ ماوەی بێوەژنیەکەت لە ماڵەکەمدا، ئەوا ئەو پابەندە (ئەمە جێبەجێ بکا) چونکە ئەوە مەرجی دادگایە. خەڵکی قودس بەم شێوەیە نووسیویانە. خەڵکی جەلیل وەک خەڵکی ئۆرشەلیم دەیاننووسی. (لەکاتێکدا) خەڵکی یەهودا نووسیویانە: تا میراتگرەکان ڕازی دەبن کە (کتوبا)[75]ی پێ بدەن. ئەگەر میراتگرەکان بیانەوێت کتوبای پێ بدەن و لێی ئازاد بکەن.[76] بێوەژن مافی ئەوەی هەیە ماڵ و سامانی مێردی کۆچکردووی بفرۆشێ تا کتوبا وەربگرێ.

لە فیقهی ئیسلامیدا، ژن بۆ ماوەی سێ مانگ، جگە لە مارەیی و نەفەقەی هیچ شتێکی تر لە مێردەکەی بە میرات ناگرێ. تا ئەو کاتەی پشتڕاست دەکرێتەوە کە دووگیان نییە. ئەگەر دووگیان بێ، ئەوا بە منداڵبوونەکەی کۆتایی دێ.

---

[75] کتوبا: مارەیی
[76] نفس المصدر، ص ١١٦

قورئان دەڵێ

سورة البقرة ٢: ٢٤٠

وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَٰجِهِم مَّتَٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ۚ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٤٠)

ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و ژنان لە دوای خۆیاندا جێدێڵن، وەك ڕاسپاردەیەك بۆ ژنەکانیان، ساڵێك گوزەرانیان دابین بکرێ. بێ ئەوەی لە ماڵەوە بچنە دەر، جا ئەگەر چوونە دەرەوە، ئەوە هیچ گوناهێکتان ناگا کە هەر شتێکی چاک لەگەڵ خودی خۆیاندا بکەن. و خودا باڵادەست و ژیرمەندە. (٢٤٠)

ئەوەش نەرێتێکی عەرەبی ئاسایی بوو، پێش هاتنی ئیسلام، کە محمد لێی وەرگرتن، دواتر نەسخکرا بە ئایەتی:

سورة البقرة ٢: ٢٢٨

وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِيٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَٰحًا ۚ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِي عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٢٨)

و ژنانی تەڵاقدراو، دەبێ سێ خول چاوەڕوان بن، و بۆیان حەڵاڵ نییە، کە ئەوەی خودا لە منداڵدانیان دروستیکردووە بشارنەوە. ئەگەر باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێ. و مێردەکانیان لەوەدا شایستەترن بە گێڕانەوەیان. ئەگەر ویستیان بگونجێن. و ژنان مافیان هەیە، هەروەک چۆن ئەرکیان

لەسەرە، کە چاکبن. و پیاوان پلەیەکیان لەسەر ژنانەوە هەیە. و خودا بالادەست و ژیرمەندە (٢٢٨)

کاتی محمد زانی، تەلمود چی لەسەر ئەو بابەتە دەڵێ، ئایەتی ٢٤٠ ی نەسخکرد، کە بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو نەفەقەی بۆ داناوە. بە ئایەتی ٢٢٨ کورتکرایەوە، بۆ ماوەی چاوەڕوانی بۆ سێ مانگ لەبری ساڵێک. یاسای تایبەت بە ژنانی جیابووەوە، بێوەژنەکانیش دەگرێتەوە.

تالمود دەڵێ:

کوڕان سامانی باوکیان بە میرات دەگرن، و کچانیش بەو سامانە دەژین. بەڵام کچ وەک کوڕ تا دوای مردنی باوک میرات ناگرن، کچەکانیش تا دوای مردنی باوک بەو میراتە ناژین.[77]

بەو مانایە کچ تا لە ماڵی باوکیەتی مافی هەیە بەو سامانە بژی، بەڵام هەر لەماڵ چووە دەر، هیچ میرات ناگرێ.

قورئان، لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مافی، بە نیوەی پیاو دانراوە، لە بواری ئابووری ژن نیوە بەشە میراتی پیاوی هەیە، لکاتی ژنێک دەکوژرێ، قەرەبووی خوێنی بەپێی گشت مەزهەبەکان حنفي، مالیکی، شافعي حەنبەلی هتد نیوەی دية (قەرەبووی خوێنی) پیاوی هەیە.[78]

---

[77] نفس المصدر ص ١١٥

[78] المالكي: العدوي حاسية العدوي على شرح كفاية الطالب.
شافعي: الماوردي، أبو حسن علي بن محمد (١٩٩٤) الحاوي الكبير، دار افكر- بيروت، ١٢/ ٦٥٠
الحنبلي: إبن قدامة المغني ٩/ ٥١٨
المرتضى، أحمد بن يحيى () البحر الزخار، الجامع لمذاهب علماء الأمصار. دار الكتب الإسلامي. قاهرة، ١٥/ ٢٢٧

چوارشێو (حیجاب) ژن

پرسی چوارشێو، لە مێشکی ئیسلامیدا، بۆتە ئەرکێکی دینی بەسەر ژنان، دوای ئەوە هەندێ گرووپ، فەرمانیان دا کە حیجاب ئەرکێکی ئیسلامیە. تا گەیشتنە ئەو ئاستەی کە هەر ژنێک یان کچێکی پێگەیشتوو، لە سەریەتی خۆی داپۆشێ. دەرئەنجامی ئەوەش، بووە هۆی تاوانبارکردنی هەر ژنێ یان کچێ خۆی دانەپۆشێ نەبێ. بەوەی لە دین دەرچووە، تا دەگاتە تەکفیرکردنی.[79]

ئیسلامیشدا، لەچک (خمار) بۆ ژنانی موسڵمان سەپێندرا:

سورة النور ٢٤: ٣١

وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ (٣١)

بە ژنانی باوەڕدار بڵێ: لە سەیرکردن چاوەکانیان نزم کەن. و ناوگەڵیان بپارێزن و جوانیان بەدیارنەخەن، جگە لەوەی دیارە. و با لەچکەکانیان[80] بەسەر سنگیان دادەن. و جوانییان بەدیارنەخەن، تەنیا بۆ مێردەکانیان (٣١)

---

[79] العشماوي، محمد سعيد (١٩٩٥) حقيقة الحجاب و حجية الحديث. مكتبة مدبولى الصغير. ص ١٣

حیجاب بەو مانایەدێ کە شتێک دابپۆشرێ یان حەشار بدرێ.

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا (٥٣)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە ماڵەکانی پەیامبەر مەگەر مۆڵەتتان پێ بدرێ بۆ خواردن. (جا کە بانگ کران) سەیری قاپەکان مەکەن. بەڵام کاتی بانگران، ئەوە بڕۆنە ژوورەوە. جا کە خۆراکەکەتان خوارد، ئەوە پەرشوبڵاوی لێ بکەن، و مەمێننەوە بۆ قسەکردن. ئەو کارەتان پەیامبەر ئازاردەدا. و لە ئێوە شەرم دەکا. و خودا لە هەق شەرم ناکا. و ئەگەر داوای شتێکتان لە ژنەکانی کرد، ئەوە لە پشت پەردەوە داوای بکەن. ئەوەو پاکترە بۆ دڵەکانی ئێوە، و دڵی ژنەکانی. و بۆ ئێوە نەبووە، کە ئازاری پەیامبەری خودا بدەن. و هەرگیز لە دوای خۆی ژنەکانی نیکاح مەکەن. لە ڕاستیدا ئەو کارەتان لای خودا مەزنە (٥٣)

ئەو ئایەتە، سێ خاڵ دەگرێتەوە:

١ باوەڕداران کە بۆ نانخواردن، دەچنە ماڵی پەیامبەر.

٢ پەردە لە نێوان ژنانی پەیامبەر و باوەڕدارانی میوان.

٣ هاوسەرگیری نەکردنی باوەڕداران لەگەڵ ژنەکانی پەیامبەرد دوای مردنی.[81]

هۆکاری ئەو ئایەتە، دەگەڕێتەوە بۆ، دوای ئەوەی محمد هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب کچی جەحش کرد (کە دەکاتە ژنی زەیدی کوڕی تەبەنی محمد)، محمد بانگهێژی خەڵکی دەکرد بۆ نانخواردن، دوای نانخواردن، بە قسە و باس و خواس لێی دادەنیشتن. و زەینەب ڕووی خۆی لە دیواردەکرد، ئەوەش دڵی نەبی گران دەکرد، بۆیە ئەو ئایەتە هات.

خاڵی دووەم بۆ حیجابی ژنانی پەیامبەر، عومەر کوڕی خەتاب بە پەیامبەری گوت، ئەی نێردەی خودا، ژنەکانت خەڵک و خوا سەردانیان دەکا، زۆر باشتر و ئارامتر دەبێ، ئەگەر فەرمانت پێدان خۆیان داپۆشن، بۆیە ئەو ئایەتە هات.[82]
ئەو حیجابەش بە مانای پەردەدێ، و تایبەتە بە ژنانی پەیامبەر، و کەنیزەکانی. نەک ژنانی تری باوەڕدار.[83]

سەبارەت بە حیجاب لە ئیسلامدا، زانایان لەسەر سەپاندنی حیجاب، ڕای جیاوازییان هەبووە. هەندێک دەڵێن تەنیا بۆ ژنەکانی پەیامبەر ئەرک بووە، بە پشتبەستن بەو ئایەتە:

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٥٩)

---

[81] هەمان سەرچاوە ل ١٤
[82] تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل أي القرآن، الجزء ١٩، طبعة ٢٠٠١، ص ١٦٢
[83] العشماوي، محمد سعيد (١٩٩٥) حقيقة الحجاب و حجية الحديث. مكتبة مدبولى الصغير. ص ١٥

ئەی پەیامبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنی باوەڕداران بڵێ، حیجابیان بەسەر خۆیاندا شۆڕکەنەوە، ئەوە کەمترین شتە کە بیکەن، بۆ ئەوەی بناسرێنەوە، و ئازار نەدرێن، و خودا لێبووردە و دڵۆڤانە (٥٩)

هەندێک دەڵێن، ئەرکە بۆ هەموو ژنانی موسوڵمان. بەڵام هەندێکی تر دەڵێن حیجاب ئەرک نییە، بەڵکو داب و نەریتی کۆمەڵایەتییە.

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داب و نەریت، لای ژنانی عەرەب ئەوە بووە کە جل و بەرگی بێ ڕەوشتی لەبەر بکەن، ڕووخساری خۆیان ئاشکرا بکەن وەک ژنانی کۆیلە. بەو پێیەی پێش ئەوەی ئاودەست لە ماڵەکانیاندا هەبێ، دەچوونەدەر و لە بیابان خۆیان بەتاڵ دەکرد، هەندێ پیاوی خراپەکار ژنانی باوەڕداریان هەراسان دەکردن، و بە هەڵە دەیانگوت ژنانی کۆیلە یان ژنانی داوێنپیس و ناپاکیزەن. لەو بارەوە، گلەیی گەیشتە پەیامبەر، پاشان ئەو ئایەتە هات، بۆ ئەوەی جیاوازییەک لە نێوان ژنانی باوەڕداری ئازاد و ژنی کۆیلە یان ژنانی ناپاکیزە بکرێ: ژنانی باوەڕدار پێویستە جلوبەرگی دەرەوەی خۆیان بەسەر ڕووخساری خۆیان دادەن، بۆ ئەوەی بناسرێنەوە. و لەلایەن پیاوانی خراپەکار هەراسان نەکرێن، کە بەدوای ژندا دەڕۆیشتن بەبێ ئەوەی بتوانن جیاوازی، لە نێوان ژنێکی ئازاد و ژنێکی کۆیلەدا بکەن. [84]

بیرۆکەی حیجاب، سەرچاوەکەی تێکەڵاوێکی باوەڕی توندی دینە، لەگەڵ فۆلکلۆری میللی بۆ ماوەی کۆن، کە بە فەرموودە و ڕاسپێری، کراوەتە دیاردەیەکی باو، لە دینی ئیسلام. هەندێ گرووپی توندڕەو، ئەو دیاردەیەیان کردۆتە بیانۆیەک، بۆ ئەوەی حیجاب وەک ئەرکێکی دینی بسەپێنن. لە هەمان کاتدا گرووپی تر هەن ئەو بۆچوونە وەک دروشمێکی

[84] هەمان سەرچاوە ل ١٦

سیاسی دەبینن.[85] دەڵێن لەجیاتی سەپاندنی وەک دروشمێکی سیاسی، دەکرێ حیجابی ڕاستەقینە خۆپاراستنێ، لە ئارەزووی خراپ و دوورکەوتنەوە لە گوناه، بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە جل و بەرگ، یا خۆدەرخستنی تایبەتییەوە هەبێ.[86]
باس لە چارۆکە (جلباب) کراوە، کە جلێکە لە خەمار شۆڕترە، بەڵام تێڕوانینی دروست ئەوەیە کە جلێکە کە هەموو جەستەی داپۆشێ.

بەڵام لەو سەردەمەی ئێستادا، سەرپۆش، چارۆکە و چوارشێو تا دەگاتە حیجاب بە هەموو شێوەکانیەوە، دروشمێکی سیاسی توندڕەوییە، بۆ ملکەچکردن بۆ سیاسەتێکی نادروست، نەک ئەرکێکی دینی. ژن دەبێ، بەبێ کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی، خۆی بە ئازادی خۆی بڕیار لەسەر پۆشین و نەپۆشینی بدا.

حیجاب لە دینی جولەکە

لە تەورات دا بە گشتی ٣١ جار ناوی حیجاب هاتووە، بە مانای داپۆشینی هەر شتێ بە گشتی. بەڵام سەبارەت بە شاردنەوەی ڕوو و جەستەی ژن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، لە ناو هیچ لە پەرتووکە پیرۆزەکانی جولەکە نادۆزرێتەوە.

بێجگە لە شوێنێکی تەورات نەبێ، کە بە شێوەیەی ناڕاستەوخۆ باسی حیجاب کراوە. کەچی نازانرێ، مەبەست لەو ئاماژەیە چییە. لە چیرۆکی ڕیفقە، کاتی لە حاڕانەوە لەگەڵ

[85] هەمان سەرچاوە ل ٥
[86] هەمان سەرچاوە ل ٢٠

خزمەتکارەکەی دەگاتە ئیسرائیل. چاوی کەسێکی نامۆ دەکەوێ، کە بەرەو ڕوویان دێ، بۆ پێشوازیان بێ.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٢٤: ٦١ - ٦٥

(٦١) ئینجا ڕڤقە و کەنیزەکانی هەستان و سواری وشترەکان بوون و دوای پیاوەکە کەوتن. ئیتر خزمەتکارەکە ڕڤقەی برد و ڕۆیشت.

(٦٢) ئیسحاق کە لە خاکی نەقەب نیشتەجێ بوو، لە ڕێگای بیری لەحەی ڕۆئییەوە هاتبووەوە .(٦٣) ئیسحاق دەمەو ئێوارە چووە دەرەوە بۆ ناو کێڵگە و نوقومی بیرکردنەوە بوو، کە چاوی هەڵبڕی، بینی وا هەندێک وشتر بەرەو ڕووی دێن .(٦٤) ڕەفقەش چاوی هەڵبڕی و ئیسحاق بینی. ئیتر لە وشترەکە دابەزی .(٦٥) بە خزمەتکارەکەی گوت: ئەم پیاوە کێیە وا لە کێڵگەوە، بەرەو ڕوومان دێ؟

خزمەتکارەکەش گوتی: ئەوە گەورەکەمە. ئەویش بە حیجابەکەی، خۆی داپۆشی.

لەو کاتەوە، هیچ دەقێکی ڕاستەوخۆ، سەبارەت بە حیجاب، وەک نیشانەی ئابڕوومەندی بۆ ژنانی جولەکە لەبەردەم پیاواندا، لە تەورات نادۆزرێتەوە.

کەچی لە تالمود، کە پەرتووکی دووەمی دینی یەهودییە، موسا بن مەیمون کە جولەکەیەکی عەرەب بوو، یەک لە کاراترین ڕابینەکانی نووسەری تالمود بووە دەڵێ:

ئەگەر ژنێک لە ماڵەوە بەبێ حیجاب چووە دەر، ئەوە لە جولەکەبوونیش دەر دەچێ.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە هیچ پەرتووکێکی پەیمانی کۆن، ڕاستەوخۆ باسی ئەرکی سەرپۆش یان حیجاب بۆ ژنان ناکا. بەڵکوو لە تالمود، تەنیا جولەکەیەکی عەرەب، ئەو فەرمانەدەدا. ئیتر کاریگەری ڕووپۆشی ڕیفقەیە یا کولتووری بیابان. کە کاریگەری لەسەر دیدی موسا بن میمون هەبووە، و ئەو ڕستەیەی تێکەڵی تالمودکردووە.

لە دینی ئیسلام

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ٣١

وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ أَوۡ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآئِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوۡ نِسَآئِهِنَّ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (٣١)

بە ژنانی باوەڕداریش بڵێ. با چاویان داخەن. و ناوگەڵی خۆیان بپارێزن. و خشڵی خۆیان وەدەر نەخەن. جگە لەوەی بەدەرەوەن. با سەرپۆشیان تا سەر سنگ و بەرۆکیان داپۆشێ. خەملێی خۆیان نیشان نەدەن، تەنیا بۆ مێرد، یان باوکیان، یان خوزووریان، یان کۆڕی خۆیان. یان زڕکوڕیان. یان برا، یا ئەو نێرینەی خزمەتکاریانن، و ئارەزوویان لە ژن نییە. یان منداڵی پێنەگەیشتووی، لەخوار ئەو تەمەنەی کە هەست بە مێینە بکەن. با

پێشیان بەزەویدا نەدەن، کە بەو خشڵانە، بزاندرێ کە شاردوونیانەتەوە (٣١).

حیجاب لە دینی کریستیانی

لە ئینجیلە قانونیەکانی کریستیانی، هیچ شتێک، سەبارەت بە سەرپۆش نادۆزیتەوە. بێجگە لە نامەی پاولۆس، یەکەم کۆرنتۆس دەق ١١: ٤ -١٠ دا بە ڕاشکاوی. باسی ئەوە دەکا. کە ژنان لە کاتی نوێژکردندا، دەبێ سەرپۆشیان هەبێ.

پەیمانی نوێ – یەکەم کۆرنتۆس ١١: ٤ – ١٠

(٤) هەر پیاوێک بەسەر داپۆشراوی نوێژ بکا یان پەیامی خودا ڕابگەیێنێ. ئەوا سەری خۆی شۆڕدەکا. (٥) هەر ژنێکیش بەسەر دانەپۆشراوی نوێژبکا، یان پەیامی خودا ڕابگەیێنێ، ئەوا سەری خۆی شۆڕدەکا. چونکە ئەو و ژنێکی سەرتاشراو هەمان شتن. و وەک یەکن. (٦) ئەگەر ژن سەردانەپۆشێ، با قژی ببڕێ. بەڵام ئەگەر بۆ ژن شوورەیی بوو قژی ببڕێ. یان بیتاشێ، با سەری داپۆشێ. (٧) کەواتە پیاو نابی سەری داپۆشێ، کە وێنەی وەک شکۆی خودایە. بەڵام ژن شکۆی پیاوە (٨) چونکە پیاو لە ژن نەهاتووە، بەڵکوو ژن لە پیاوە. (٩) پیاو لە پێناوی ژن دروست نەکراوە. بەڵکوو ژن لە پێناوی پیاو. (١٠) لەبەر ئەوە. لەبەر فریشتەکان پێویستە ژن نیشانەی دەستەڵاتی بەسەر سەریەوەبێ.

لە هەمان دەق، پەرەگرافی ١٣ پاولۆس پرسیار دەکا:

(١٣) ئێوە خۆتان بڕیار بدەن. ئایا دەشێ ژن، بەسەری دانەپۆشراوەوە نوێژ بکا؟

لە ڕوانگەی دینەوە، کێشەی حیجاب بۆتە گرێکوێرەی ئۆدیب، ئەوەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەقە پیرۆزەکانی هەرسێ دینەکە،نیشانەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆیان تێدانییە. تا توێژەر بتوانێ بیانکاتە بنەڕەت بۆ شرۆڤەکانی. بۆیە دەبێ ئەو گۆڕەپانە جێ بێلدرێ، ڕێگایەکیتر بگیرێتەبەر.

حیجاب لە نێوان ئازادی و کاریگەری دەروونی

لەو سەردەمەدا، کە کۆمەڵگە لە بەرابڕکیی تەکنۆلۆژیا لەلایەک، و لەلایەکیتر بۆتە مەیدانی کارکردن، لە دامودەزگا فەرمیەکان و کارخانەکانی بەرهەم هێنان، پرسی ڕووپۆش و باڵاپۆشی ژنانی باوەڕدار تا ئاستێکی بەرچاو بۆتە ئامانج بۆ دیالۆگ لە مێدیا کۆمەلایەتییەکان، تا دەگاتە مزایەدەی سیاسی. کە ئایا ژن بە ئارەزووی خۆی، وەک تاکێکی ئازادی حیجاب دادەنێ، یان کاریگەری تری لەسەرە. ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە لە بەرگریکردنی دینداران، دوو فاقەیی و خۆ هەڵخەڵەتاندن لە شێوەی بەرگریکردن و ڕەواییدان بە دیاردەی حیجاب دەبینرێ. ئەو دووفاقەییەش زۆر لەوە قووڵترە کە بە وەڵامێک یا دیبەیتێکی ئاسایی بگاتە دەرئەنجام. و کێشەکە بەیەکجار و تاهەتایێ ببڕێتەوە.

ئەو ئاڵۆزیەش وادەکا، دۆزینەوەی ڕێگایەکیتر، بۆ بینینی کێشەکە لە ڕەهەندێکیتر، و هەم کەرستەی زانستی بکەینە بنەڕەت و پێوەر، بۆ دۆزینەوەی هۆکار و دەرئەنجامی کێشەکە. و بتاونرێ لە ڕووی مێژووییی و کۆمەڵایەتی دەروونناسی، لێ قووڵبوونەوەی بۆ بکرێ، تا بە

ئاڕاستەی دەرئەنجامێکی لۆژیک و جێ متمانە هەنگاوبنێ. و ڕەنگە ببێتە کلیلی کردنەوەی دەرگای تێگەیشتن و بینینی کێشکە و چارەسەری. چونکە ئەو پرسە پەیوەندییەکی توندی، بە کێشە دەروونیەکانی مرۆڤەوە هەیە.
مادام کێشەکە دەروونییە، دەبێ تێگەیشتن و چارەسەریش، لەسەر بنچینەی تۆژینەوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی بێ، سەبارەت بەو کێشەیە.

مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلام ئەوەی سەلماندووە، کە پیاوسالاری سیستەمێکی ڕەهای کۆمەلایەتییە، و لەسەرووی هەر شتێکی ترە. ژن تەنیا کاڵایەک بووە بەدەستی پیاو. ناتوانێ لە بەرامبەر پیاو خاوەنی خۆی بێ و بتوانێ کەمترین بەرگری لە خۆی بکا. تەنیا سورەتی النساء ئایەتی ٣ بەسە، بۆ ئەوەی بزانین دینی ئیسلام چۆن ژن وەک کاڵایەک دەبینێ:

سورة النساء ٤: ٣
وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ. (٣)
ئەگەر لەمەڕ کچانی هەتیو، لەوە ترسان، کە دادپەروەر نەبن، دەتوانن وازیان لێبێنن. و ژنانی تر چەندی خۆتان پێتان باشە، و پێتان دەشێن مارەبکەن. دوو دوو و سێ سێ و چوارچواریش هەر ڕەوایە، جا ئەگەر ترسان کە نەتوانن ژنەکانتان وەک یەک تەماشاکەن، با یەکێک بێ یان لەگەڵ هەرچەندی توانیتان لە کۆیلەکانتان ڕابوێرن،. ئەوە چاکترە بۆ ئەوەی ستەم نەکەن. (٣)

ژنانی تر چەندی خۆتان پێتان باشە و پێتان دەشێن (نکاح) مارە بکەن. جا دووان و سیان و چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر بە ووردبوونەوەیەک بیر لەو ئایەتە بکرێتەوە، دەردەکەوێ، ژنی تەنیا کاڵایەکی سادەیە، پێشکەش بە پیاو کراوە. ئەو ئایەتە و دەیان ئایەتی تر بە درێژایی

١٤٠٠ ساڵ کولتوورێکی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، کە ژن تێیدا بێجگە لە سووکایەتی و تێهەڵدان و ژن بەسەرهێنان و کوشتنی زیاتر پێ ڕەوا نەبینراوە. ڕەفتاری دەستەڵاتی ئیسلام و هەڵسوکەوتی پیاو بە درێژایی مێژوو ژنی خستۆتە هەڵومەرجێکی وا، کە لە پێناوی مانەوە و بەردەوامی ژیان، مێتود و هەڵسوکەوتی وا بدۆزێتەوە کە بتوانێ تەنانەت وەک کۆیلەیەکیش بێ بژی. بەرگەی گشت ڕەزالەت و سووکایەتی تا لێدانیشی گرتووە. ئەوە تەنیا مێردەکەی نییە، باوک و برا و دایکیشی لەو چەوساندنەوەیە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدارن.

هەڵبەتە لەلایەنی دەروونیەوە هەمیشە دوو جەمسەری هەبووە، یەکەمیان تێکشکانی کەسایەتی ژن و گۆڕانی بۆ کۆیلەیەکی هەرە سادە، لەلایەکیتر دروستبوونی کەسایەتییەک کە تێیدا ژن هەمیشە ئامادەبێ هەڵسوکەوتەکانی بگۆڕێ و خۆ لەگەڵ هەڵومەرجی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ پیاودا بگونجێنێ.

ئەوەی لێرەدا جێگای لێکۆڵینەوەیە پرسی حیجاب و ئازادی ژنە لە هەڵبژاردنی. ئایا ئەو دیاردەیە ئازادی ژنانە، یا کاریگەری دەروونییە. لە ئەنجامی چەرمەسری و بێدەستەڵاتی لە ژینگەیەک، کە هیچ بەهایەکی بۆ دانەناوە.

ئەو پرسە کێشێیەکی لەمێژینەی دیندارانە و نەڵێی دەردەچن و نە دانیشی پێدادەنێن. کاتی مرۆڤ دەپرسێ بۆ ژنان حیجابیان هەیە و ڕێگەیان بدەن خۆیان بڕیار بدەن، ئەوان بە بەردەوامی، یەک وەڵام دووبارە دەکەنەوە، پیاوان دەڵێن ژن بە ئارەزووی خۆی و بە ئازادی خۆییەتی. ژنانیش وەک دووبارەکردنەوەیەک هەمان شت دەڵێنەوە (خۆم بە ئازادی هەلمبژاردووە). کاتی لە پیاوی دیندار دەپرسی و دەڵێی دە لێیان گەڕێن با ئەو ئازادییە خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، وەڵامەکە دەگۆڕێ بۆ: تۆ لێدەگەڕێی خوشک و دایکت بە ڕووتی بگەڕێن؟، یان ئەوە شەڕەفە. بێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێ قسەی دووەمیان هی یەکەمیان

ڕەشدەکاتەوە. دەمامکی شەڕەف ئازادی تاکی ژنی پێ شێلکردوە و خوشک و دایکی بوونەتە سووتەمەنی شەرەف. بە واتایەکیتر ئازادی بە شەرەف نسخ دەکرێ.

ئەو باسە لەسەر ئەوە نییە کە ژنان حیجاب هەلدەگرن یان ژنیان بەسەر دێ و ڕازی دەبن. بەڵکوو پرسەکە لە دووفاقیی بەرگریکردن دایە. کە ژنەکەم ڕازییە ژنی بەسەر بێنم یان بە ئازادی خۆی حیجاب یان لەچکی داناوە.

ئایا کچانی هەرزەکار، هەروا بە ئارەزووی خۆیان و ئازادانە، خۆیان لە ژیان و گشت جوانییەکانی بێبەش دەکەن؟. و بە ئازادی خۆیان ئامادەن وەک بووکەڵە یاریان پێبکرێ؟

حیجاب لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە

لە ڕووی دەروونناسیەوە ئەو دیاردەیە، دەمێکە جیهانی پێشکەوتوو پێی ئاشنایە. و لە بواری دەروونناسی نامۆ نییە.

ئازادی هەرکەسێک وەک تاک مافی خۆیەتی، لە پوشاک و ڕا دەربڕین تا دەگاتە هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان دەبێ ڕەهابێ. لەو دەربڕینە هیچ لاریمان نییە. بەڵکوو پشتگیری هەر تاکێک ژن و پیاو دەبێ بکرێ، بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای خۆی. چەند خۆشە کچانی ووڵاتەکەم، شارەکەم و گەڕەکەکەم هەست وخوست و جل و بەرگ و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی بە ئازادی خۆیان هەڵبژێرن و کەس زۆریان لێنەکا.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە، ئایا بەڕاست ئەو کچە هەرزەکارانە ئازادن؟ ئایا خۆیان پۆشاکی ڕەش و لەچکیان هەڵبژاردووە؟ نەخێر، هیچ لۆژیکێک ڕێگەنادا. لەبەر ئەوەی هەموو کێژۆڵەیەک حەزی لە جلی ڕەنگاورەنگ و کراوەیە. ئارەزوی لەوەیە بچێتە شایی و زەماوەند هەست بە خۆشەویستی بکا و لەلای خەڵکیتر خۆشەویستبێ. دەروونناسی ئەوەی سەلماندووە، کە لە تەمەنی هەرزەکاری دا، مرۆڤ بە کچ و کوڕەوە ئارەزووێکی لە ڕادە بەدەریان، بۆ جلی جوان و ئاهەنگ و مۆسیقا و گۆرانیی هەیە. لەبەر ئەوە، ناکرێ بەپێی یاساکانی گەشە سەندن هەرزەکارێک ئەگەر لایەنی دەروونی تەندروست بێ، یا پەروەردەیەکی دروستی هەبێ، خۆی بەرەو تەنیایی و ڕەشپۆشی و گۆشەگیری ببا. بۆیە ئەو هەڵبژاردنە، بە هیچ شێوەیەک، بە ئارەزووی خۆیان نییە. بەڵکوو پێی پەروەردەکراون و لەگەڵی ڕاهاتوون.

لە بواری دەروونناسیەوە، ئەو نەخۆشییە دەمێکە ناسراوە. زاراوەیەک هەیە پێی دەڵێن سیندرۆمی ستۆکهۆڵم (Stockholms syndrome). ئەو زاراوەیە گوزارە لە دیاردەیەک دەکا، کە مرۆڤ لە هەڵومەرجی ترسناک و تۆقاندن دا، دەکەوێتە بارێکی دەروونی. بە هەر شێوەیەک بێ دەیەوێ سۆزی تۆقێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشی و بە ساغی دەربچێ. بۆ ئەوەش هەموو توانای خۆی لە ژێر ئەو فشار و ترسەدا دەخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسی تۆقێنەر. ئەو پەیوندییە تا درێژە بکێشێ زیاتر دەبێتە هەڵسوکەوتێکی ئاسایی و لەگەڵ هەڵومەرجەکە ڕادێ.

ئەوەی جێگەی سەسوڕمانە، دوای ماوەیەکی درێژ ئەو هەڵسوکەوتانە دەبنە، هەڵسوکەوتی ئاسایی. و مرۆڤ هەست بەوە ناکا کە ناچارە و لە ترسان ئەو ڕەفتارانەی بۆ خۆڕزگارکردن کردووە. بۆیە دوای کۆتایی هاتنی بارەکە دەبینی ئەو کەسەی لە ژێر باری ترسەکە دایە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری. و هەست بەوە ناکات کە بارێکی نائاسایی بووە و یان هەوڵێک بووە

بۆ بە ساغی دەرچوون. بەڵکوو هەست بەوە دەکا، ئەو ڕەفتارەی، بە ئازادی خۆی هەڵبژاردووە. تەنانەت وا ڕوویداوە کەسی لە ژێر ترس دوای کۆتایی ئامادە نەبووە، دەستبەرداری هەڵسوکەوتەکانی بێ.

لە ماوەی شەڕی جیهانی دووەم (١٩٣٩ - ١٩٤٥) ئەو دیاردەیە لە کەمپەکانی زۆرملێی نازییەکان بە ڕاشکاوی بەدی دەکرا. کە چۆن بە دیل گیراوەکان، هەموو تەقەلایان دەدا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ پاسەوانە نازییەکان و دەربازبوونیان لە لێدان و کوشتن. بەڵام لەبەر هەڵوێستی قووڵی ئایدیۆلۆژی نازیستی پاسەوانەکان، ئەستەم بوو پەیوەندی دروست بێ. بێجگە لە ئەشکەنجە و ئەتککردن و جنێوپێدان، نەدەگەیشتە ئەنجامێکیتر. ئەو دیاردەیە دواتر ناوی (سیندرۆمی ستۆکهۆڵم)ی لێنرا کە ئێستا لە بواری دەروونناسی پێی ناسراوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک، مێژووی ٢٩ تەموزی ١٩٧٣، دوو چەکدار، لە ئۆسترمالم (Östermalm) لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوێد بە چەکەوە، خۆاینکردە بانکی وام و چوار ژنی فەرمانبەری بانکیان بە بارمتە گرت. شەڕو تەقەیان لەگەڵ پۆلیس شەش ڕۆژی خایاند. لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژە، ئەو ژنانە پەیوندییەکی پتەویان لە گوڕایەڵی و ملکەچی لەگەڵ چەکدارەکان دروستکرد. لەو هەڵومەرجە هەستیان بە ئارامی دەکرد. دوای کۆتایی هاتنی کێشەکە و گیرانی تاوانبارەکان لەلایەن پۆلیس. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو یەک لەو ژنانەی کە بە بارمتە گیرابوو بەناوی کریستین ئێنمارک (Kristin Enmark)، کەوتبووە داوی ئەوینی یەک لە چەکدارەکان بەناوی کلارک ئۆلۆفسۆن (Clark Olofsson). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی، چەکدارەکە (کلارک) کە نەرمتر بوو لە چەکداری دووەم. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کریستین دوایی ماوەیەک لەگەڵ کلارک پەیوەندی خۆشەویستیان هەبوو. تا ئاستی خەریکبوون پێکەوە منداڵ دروست بکەن. بەڵام دواتر بە هۆی چارەسەری دەروونناسی کریستین لەو بارە دەروونیە و گیرۆدەییە دەرچوو. لە ساڵی ٢٠١٥ کریستین پەرتووکێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (من بوومە

سیندرۆمی ستۆکهۆلم) (Jag blev Stockholmssyndromet). نموونەیەکیتری هەرە بەناوبانگ رفاندنی پاتریشیا هێرست (Patricia Hearst) کە ڕۆژنامەوان و کچی یەک لە گەورەترین دامودەزگای پەخشو بڵاوکردنەوەبوو لە کالیفۆرنیا، لە ساڵی ١٩٨٤ کە ماوەی ١٠ هەفتە بە بارمتە لەلایەن لەشکری ئازادی سیمبیۆزگیرا (Symbionese Liberation Army). لە ماوەی گیرانەکەی پاتریشیا ئامادە بوو بە ئازادی خۆی بانکێک لەگەڵ چەکدارەکان ببڕێ لە کالیفۆرنیا و لە دادگا بەرگری لە ڕفێنەرەکان دەکرد، و دەیگوت بە ئازادی خۆم لایان ماومەتەوە. نموونەیەکی تر لە ساڵی ١٩٨٥ لە ڕفاندنی فرۆکەی ت ڤ ا فلای ٨٤٧ (TWA-Fly 847)دوای ئازادکردنیان بەرگریان لە ڕفێنەرەکانیان دەکرد. زۆر نموونەیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن کە بە بارمتە گیراوانی ئەورووپی لەلایەن تێرۆریستە ئیسلامیەکان لە لوبنان و ئەفگانستان و هتد دەگیران. دوای بەربوونیان پشتیوانی داواکاری تێرۆریستەکانیان دەکرد. بە تایبەتی بە بارمتە گرتنی تێری ئەندرسن لە ماوەی نێوان ١٩٨٥ تا ١٩٩١، و تێری وەیت لە نێوان ١٩٨٧ تا ١٩٩١ و تۆماس سوتێرلاند ١٩٨٥ تا ١٩٩١) هەر سێکیان دەیانگوت لەگەڵمان زۆر باش بووین و هەڵوێستی مرۆڤانەیان هەبووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو بارمتانە، زۆر خراپ بووە. و بە زنجیر بەستیاونەوە و لە ژووری زۆر بچووکی پیس کراون و ئەشکەنجە دراون.

پرسی حیجاب و ئازادی ژن و کچانی دیندار لە چوارچێوەی سیندرۆمی ستۆکهۆلم دایە. ژن و کچ دەزانن، بە دەربڕینی ئازادی خۆیان و بەرەوڕوو بوونەوەی باوک و براکانیان، ژیانیان دەکەوێتە مەترسی، وبە گران لەسەریان دەکەوێ. تا ئێستا سەدان بەڵگەمان لەدەستە کچان و ژنان لەسە یەک تەلەفۆن یان قسەکردن لەگەڵ کوڕی هاوسێ و تا دەگاتە لەبەرکردنی جلی ڕەنگاورەنگ کوشتنی مسۆگەرە. بۆیە هەم پەروەردەکردنی لە ژێر ترس و تۆقاندن، هاوکات هاندانی بە دیاری و پێداهەلگوتن. واتە لەنێوان تۆقاندن و پاداشت ژنان دەکەونە بارێکی دەروونی بۆ خۆگونجاندن و ڕزگارکردنی ژیانیان. هەرچی باوک و برا و دایک

بڵێن ئەوانیش دووبارەی بکەنەوە. دوای ماوەیەک، ئەو ڕەفتارانە و حیجاب و ڕەشپۆشییە، دەبێتە بەشێک لە هاوسۆزی و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، بەتایبەتی ماڵەوە. کە ئەگەر نەیکردایە کوشتن تاکە شتێک بوو پێی ڕەوا ببینن. دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو خۆگەنجاندنە دەگۆڕێ, و دەبێتە بەشێک لە ژیانی. و وا هەست دەکا، کە بە ئازادی خۆی هەڵیبژاردووە و بەرگری لێدەکا. ئەوە نەک تەنیا ئەو کچانە، بەڵکوو نەوە دوای نەوە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی داخراو و خۆ سەپاندنی پیاوسالاری، بە پشتیوانی دین وای لە ژنان کردووە. خۆ شاردنەوە و باڵاپۆشی و حیجاب ئازادی تاکە. و نیشانەی ڕەوشت بەرزی و داوێن پاکییە، و بۆیە بەرگرییان لێکردووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

جیابوونەوە

لە دینی جولەکە، مێرد بۆ جیابوونەوە پێویستی بە هەوڵێکی زۆر نییە، دەتوانێ بە سادەترین هۆکار، لە ژنەکەی جیابێتەوە. لە تەلمودا هاتووە:

ئەگەر پیاوێک بە مەرجێک داوای هاوسەرگیری بۆ ژنێک بکا کە هیچ نەزری[87] نەبێ، دواتر دەرکەوت کە ژنەکە هەیەتی، ئەوا چیتر بە دەسگیران ناژمێردرێ، ئەگەر بەبێ مەرج هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا و دەرکەوت کە نذری هەیە، ئەوا ژنەکە جیا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی کتوبا (مارەیی) وەربگرێ. ئەگەر بە مەرجێک پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ بکا کە هیچ کەموکوڕییەکی نییە، و دەرکەوت ژنەکە کەموکوڕی هەیە، بەبێ وەرگرتنی کتوبا جیا دەبێتەوە.[88]

لە فیقهی ئیسلامی، ئەگەر لە دینی جولەکە زیاتر سووکایەتی بەژن نەکا، کەمتر سووکایەتی پێناکا، ئەگەر مێرد کەمترین هەڵە لە ژنەکەی بدۆزێتەوە. دەتوانێ لێی جیابێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر بۆی دەرکەوت تووشی پەتا ببوە، دەتوانێ لێی جیابێتەوە، یان دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا، کە پاکیزە نەبووە کاتی هاوسەرگیریان کرد، یان تاتۆ (کوتان)ی لە شوێنە هەستیارەکاندا بدۆزێتەوە.

لە ئیسلامدا مێرد پێویستی بە هیچ هۆکارێک نییە بۆ تەڵاقدانی ژنەکەی. دەتوانێ جیاببێتەوە ئەگەر خواردنەکەی بسوتێنێ، بۆ نموونە. دەسەڵاتی تەڵاق بە تەواوی لە دەست ئەودایە، دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی لەگەڵیدا بکا، هەرکاتێک بیەوێ.

ئەرەکەکانی مێرد بەرامبەر ژن

[87] نەزر یا نذر بەمانای خوداپەرستی و پەجێگەیاندنی ڕوکنەکانی دین دێ.
[88] نفس المصدر ص ١٢٨

پێشتر باسی ئەوەمانکرد، کە لە تەوراتدا هاتووە ئەگەر پیاوێک جاریەکی دیکەی بەدەستهێنا لەکاتێکدا پێشتر جاریەکیتری هەبوو، نابێت یەکەمیان لە نەفەقە یان پەیوەندی سێکسی بێبەش بکات. هەمان شت بۆ ژنیش دەگونجێت.

تەلمود دەڵێت:

ئەگەر (ژنەکە) نەخۆش کەوت، دەبێت چارەسەری بکا. ئەگەر گوتی: لێرەدا بەڵگەنامەی جیابوونەوەی و کتوب تایبەتی بەوی هەیە؛ با چارەسەری خۆی بکا، ئەمە دروستە. ئەگەر مارەییەکەی پێدا، دەبێت خۆی چارەسەر بکات.[89]

فیقهی ئیسلامی دەڵێ:

ژن پابەندە بە دابینکردنی ئەو شتانەی کە پێویستیانە، وەکو شانەی شانەی قژ، زەیتی قژ، و خەنە یان شتگەلێکی هاوشێوەی بۆ شۆردنی قژی و پاراستنی پاکوخاوێنی، چونکە ئەمانە بۆ پاکوخاوێنی دانراون. بە هەمان شێوە پابەندە بە پاککردنەوەی ماڵەوە . سەبارەت بە خەنە، ئەگەر مێرد داوای نەکرد، ئەرک نییە، وەک چۆن بۆ ڕازاندنەوەیە. بەڵام ئەگەر داوای بکا، ئەوا ئەوە بەرپرسیارێتی خۆیەتی. سەبارەت بە بۆن، ئەگەر مەبەست لێی ڕێگریکردن بێت لە ئارەقکردنەوەی زۆر، وەک چارەسەرێک بۆ ئارەقکردنەوە، ئەوا ئەرکە، وەک چۆن مەبەست لێی چێژوەرگرتنی کەسییە. بەڵام ئەگەر مەبەست لێی چێژی کەسی بێ، ئەوا ئەرک نییە، بەو پێیەی چێژ وەرگرتن مافی خۆیەتی و پابەند نییە بە دابینکردنی ئەوەی کە ئارەزووی دەکا. هەروەها پابەند نییە بە کڕینی دەرمان یان دانی پارەی پزیشک، چونکە ئەمانە بۆ خۆشگوزەرانی جەستەیە.[90]

سەبارەت بە خەرجیەکانیش، تالمود دەڵێ:

---

[89] نفس المصدر، ص ١١٦

[90] المقدسي، موفق الدين المقدسي بن قدامة، مغني المحتاج، الجزء ٤٤، كتاب النفقات، ص ٦

هەروەها مێردەکە دەبێت نیو کەب دانەوێڵە و نیو لیجل ڕۆن و کەبێک هەنجیری وشککراوەی پێبدات. ئەگەر هیچی نەبوو، دەبێت میوەی لە شوێنێکی ترەوە بۆ دابین بکات. دەبێت دۆشەک و بەتانی و بەڕەی پێبدا. دەبێت سەرپۆش و پشتێن لە کەمەر و پێڵاو بۆ هەر ڕۆژێکی جەژن و جل و بەرگ بە بەهای پەنجا زوز ساڵانە بداتێ. نابێ لە هاویندا جل و بەرگی نوێ و لە زستاندا جل و بەرگی پۆشراوی پێبدرێ، بەڵکو لە زستاندا جل و بەرگی بە بەهای پەنجا زوزی بدرێتێ و لە هاویندا دەبێت جلی تەنک لەبەر کا.[91]

سەبارەت بە فیقهی ئیسلامیش دەڵێت: خەرجی بە پێی پێویست دیاری دەکرێ. و بەپێی ئەو کەسەی خەرجی، لەسەرە ئەرکەکەی بەپێی توانا دەگۆڕێ، ئەمە قسەی ئەبو حەنیفە و مالیکە کە گوتوویانە: بە بڕێک دیاری دەکرێ کە لە بکەمی و زۆریدا جیاواز نییە، ئەرکە دوو کیلۆ نان هەموو ڕۆژێک، بۆ دەوڵەمەند و هەژاران، بە لەبەرچاوگرتنی کەفارەتەکان تەنها لە کوالێتی جیاوازن. چونکە دەوڵەمەند و هەژارەکان لە بڕی خۆراک و ئەوەی کە جەستە دەپارێزێ وەک یەکن. و تەنیا لە کوالیتییەکەیدا جیاوازن.[92]

دەبێت ساڵانە جارێک جل و بەرگی بۆ دابین بکا، بەو پێیەی وەک ئەوە داب و نەریت. ئەو جلوبەرگانە پێویستە لەسەرەتای ساڵ بدرێن، چونکە ئەمە گرنگترین جارە و دەبێتە ئەرک. ئەگەر جلەکان لەو کاتەدا کۆن بوون، و بە شێوەیەکی گشتی، لەبار وو، ئەوا دەبێ جل و بەرگی نوێی بۆ دابین بکا، چونکە ئەوە، ئەو کاتەیە کە زۆرترین پێویستی پێیەتی. ئەگەر پێش ئەو کاتە لەبەر بوو، بەهۆی زۆر بەکارهێنانی یان گواستنەوەی بەدەوریدا، ئەوا پابەند نییە بە گۆڕینی، چونکە ئەمە کاتێکی نەریتی نییە، بۆ ئەوەی جل و بەرگ پێویست بێ. ئەگەر ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی بە بەکارهێنانی ئاسایی بەسەر دەچێ تێپەڕیێ، و کۆن

[91] مصطفى عبد المعبود/ سلسلة ترجمة التلمود، القسم الثالث، ناشيم: النساء، ص ١٢١
[92] المقدسي، موفق الدين المقدسي بن قدامة، المغني، الجزء ٤٤، كتاب النفقات، ص ٤-٦

نەبووبێ، ئایا پابەندە بە گۆڕینی؟ دوو بۆچوون هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو پابەند نییە بە گۆڕینی، چونکە ئەو کچە پێویستی بە جل و بەرگ نییە؛ ئەوی تریان ئەوەیە کە پابەندە چونکە فاکتەری دیاریکەر تێپەڕبوونی کاتە نەک پێویستی ڕاستەقینە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر پێش ئەو کاتە کۆن بووبایە، ئەوا پابەند نەبووە بە گۆڕینی. ئەگەر جل و بەرگی وەک دیاری پێدا، ئەوا لە ئەرکی دابینکردنی جل و بەرگ دەستبەردار نابێت. سەبارەت بە خواردنیش، بە هەمان شێوە، ئەگەر خواردنی پێبدا، کە ئەو دەیخوا، و تا ڕۆژی دواتر بەس بۆ بژێوی و ڕۆزییەکەی بمێنێتەوە، ئەوا لە ئەرکی دابینکردنی ڕزق و ڕۆزی ئەو ڕۆژە دەستبەردار نابێ.[93]

[93] نفس المصدر، باب النفقات، ص ٨

سێکس لەگەڵ ئاژەڵ کردن

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ١٩

(١٩) ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵێک سێکس بکا دەبێ بکوژرێ.

لە یاسای تەورات دەڵێ، کەسێ لەگەڵ ئاژەڵ سێکس بکا، بە دەقی تەورات دەبێ بکوژرێ، بەڵام ناوی ئاژەڵەکە ناهێنێ، بەو مانایەش ئاژەڵەکە ناکوژرێ.

فیقهی ئیسلامی لە سە ڕ سزادانی سێکس لەگەڵ ئاژەل ناکۆکن . لەبەر ئەوەی لە قورئان، دەقێکی ڕوونی سەبارەت بەو بابەتە تێدا نییە: کەچی فقهەکان دەڵێن، ئەگەر کەسێ سێکسی لەگەڵ ئاژەڵدا کردبێ، گوتراوە نە ئەو و نە ئاژەڵەکە بکوژرێ. هەروەها گوتراوە کە هەردووکیان بکوژرێن. ئەوە لەلایەن ابن المنذرە، کە لە زاری ئەبو سەلما کوڕی عەبدەلڕەحمان دەگێڕێتەوە. فەرموودەیەک لەسەر ئەو بابەتە هەیە کە ئەبو داود و الدارقطني لە ابن عەباس دەگێڕێنەوە، کە دەیانگوت پەیامبەر فەرموویەتی:
هەرکەسێ لەگەڵ ئاژەڵ دا جووت بوو، بیکوژن و ئاژەڵەکەشی لەگەڵ بکوژێ. لە ئیبن عەباسمان پرسی: ئاژەلەکە چییە؟ وتی: پێموانییە ئەوەی گوتبێ، تەنیا ئەوە نەبێ، ئەو ڕێی لەوە بوو گۆشتی ئەو ئاژەڵە بخوا. کە ئەو کارەی لەگەڵ کرابێ. ابن المنذر دەڵێ: ئەگەر فەرموودەکە صەحیح بوو، ئەوا دەبێ پەیڕەو بکرێ، ئەگەر صەحیح نەبوو، ئەوا هەرکەس ئەم کارەی کرد، داوای لێبوردن لە خودا بکا، وە ئەگەر دادوەر سزای دا، ئەوە چاکە. هەروەها باس لەوە کراوە کە ئاژەڵەکە دەکوژرێ، بۆ ئەوەی نەتوانێ نەوەیەکی شێواوی دروستبکا، جگە لەوەی کە لە سوننەتدا هاتووە، خودا دەزانێ، لە ئیبن عەباس دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: هیچ سزایەکی دیاریکراو بۆ کەسێ نییە سێکسی لەگەڵ ئاژەڵ کردبێ. ئەبو داود دەڵێ: عطاء هەمان شت دەڵێ. دادوەر فەرموویەتی: پێموایە دەبێ جەڵدەی لێ بدرێ، بەڵام

بە سزای دیاریکراو نا. الحسن دەڵێ: وەک زیناکار وایە. الزهری فەرموویەتی: سەد جەڵدەی لێی بدرێ. مالیک و الثوری و ئەحمەد و زانایانی فیقهە دەیانوت پێویستە سزا بدرێ. ئەمە لە عطاء والنخعي والحکم هاتووە. فەرموودەی جیاواز لە شافیعی هەیە و ئەمەش زیاتر لەگەڵ قوتابخانەی بیرکردنەوەی ئەو لەم بابەتەدا دەگونجێ. جابیری کوڕی زەید دەفەرموێت: بڕیاری سزای دیاریکراوی لەسەر بدرێ، مەگەر ئاژەڵەکە هی ئەو نەبێ.[94]

سەبارەت بەو بابەتە فیقهی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی ئایەتێکی ڕەوان لە قورئاندا نییە، بۆیە ناکۆکی نێوان فقهەکان، بۆتە گێرەشیووێنی، و کەس ئاگای لەویتر نییە. لە هەمان کاتادا بێ ئاگا لەوەی، باسی چی دەکەن!. هەندێکیان دەڵێن ئاژەڵ دەبێ بکوژرێ، بۆ ئەوەی نەتوانێ نەوەیەکی شێواوی دروستبکا. ئەوەش نەزانییەکی ڕوونە، چونکە زانستی بایۆلۆژی ڕێگە نادا، ئاژەڵ لە نێرێکی جۆرێکی جیاوازەوە دووگیان بێ. بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانی ترەوە (جگە لە ئەسپ و ماکەر). لەبەرئەوەی قورئان یاسایەکی ڕوونی لەسەر سزای ئەم کارە تێدانیە، بۆیە لە هێنانی سزا ناکۆکی دروستدەبێ. هەندێ لە فقهەکان دەڵێن تاوانبار بە سزای بژاردە (تەعزیر) سزا بدرێ. بەڵام سزای دیاریکراو نەبێ. هەندێکی تر دەڵێن دەبێ کەسەکە بکوژرێ، بەڵام ئاژەڵەکە نا. کەچی هەندێکی تر دەڵێن پێویستە هەردووکیان بکوژرێن. لە ماڵی ئیسلام هەڵڵایە.ئەوەش بە هۆی، نەبوونی ئایەتێکی ڕوون لە قورئان. کە دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی لێکدانەوە. کە هەر کەسێک بە ئارەزووی خۆی لێکی دەداتەوە.

---

[94] القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري، الجامع لأحكام القرآن، دار الفكر، بدون تاريخ، ج ٥، سورة النساء الآية ٥٨

پشووی هەفتە

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٣: ١٢ – ١٣

(١٢) شەش ڕۆژ کارەکەت دەکەی، بەڵام ڕۆژی حەوتەم پشوو دەدەی، بۆ ئەوەی گا و گوێدرێژەکەشت بحەسێنەوە و کوڕی کارەکەرەکەت و ئەوەی لەلاشت نامۆیە هەناسەیەک بدەن.

ئەو ڕۆژەی حەسانەوەش، ڕۆژی شەممەیە.

قورئانیش دەڵێ

سورة الجمعة ٦٢: ٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك بانگ دەکرێ بۆ نوێژکردن لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی خودا و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن. (٩)

هەرچەندە قورئان بەڕوونی باس لەوە ناکا، کە ڕۆژی هەینی پشوو بدەین، بەڵام بۆتە نەریت کە ڕۆژی هەینی، بە ڕۆژی پشوودانی هەفتانە دەژمێردرێ. موسڵمانان بە سادەیی ڕۆژی شەممە، شەممەی جولەکەکان و یەکشەممەی کریستیانەکانیان، کردە ڕۆژی هەینی گۆڕی، کە ئەو ڕۆژە بوو کە عەرەبەکانی مەککە لە دار الندوة (خانەی سیمینار) کۆدەبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەندێ بابەتی گرنگ بۆ خەڵکی مەککە، جا چ سیاسی بوایە یان بازرگانی. ئەو ڕۆژە پێی دەگوترا هەینی (الجمعة)، چونکە ئەو ڕۆژە بوو کە

سەرکردەکانی قورەیش کۆدەبنەوە. ئیسلام ئەم ڕۆژەی لە بوتپەرستان وەرگرتووە. چونکە پێش ئیسلام قورەیشیەکان ، لەکێشە گرنگەکانی بازرگانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هۆزەکانی عەرەبیان چارەسەردەکردن.

کێشەی ئەو ڕۆژە لە جیاهانی ئێستا لەوەدایە، وڵاتانی موسڵمان ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی وەک کۆتایی هەفتەی خۆیان دادەنێن، لەکاتێکدا بازاڕە داراییەکانی ڕۆژئاوا و جیهانی دەرەوەی ئیسلام، ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە داخراون. ئەوەش وادەکا بازرگانانی موسڵمان لە هەفتەیەکدا، چوار ڕۆژ زیانیان پێدەگا. کە لەو ماوەیەدا ناتوانن پەیوەندی لەگەڵ بازاڕەکانی جیهانی دەرەوەی ئیسلام دا بکەن.

ئابووری

ئابووری ژیانی خەڵکی، و ئاڵووگۆڕی بازرگانی هەر لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیەوە، یەک لە گرنگترین پایەکانی ژیانی خەڵک بووە. بۆیە هەر زوو، بۆ هاوسەنگی و ڕەوایی بازاڕ، یاسا و نەرێتی بۆ دانراون. کاتی دینەکان هاتن، ئەو یاسا و نەرێتانەیان لەگەڵ بنەماکانی دین تێکەڵکردن.

سووخۆری (الربا)

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٢٥

(٢٥) ئەگەر پارەت بە قەرز دا بە هەر هەژارێک لە گەلەکەم ئەوانەی لەلاتن، بۆی مەبە بە سووخۆر، سوودی مەخەرە سەر.

دوا ووتار ٢٣: ١٩ – ٢٠

(١٩) قەرز بە سوو بە براکەت مەدە، نە سووی زیو و نە سووی خۆراک و نە سووی هەر شتێک کە بە سوو بە قەرز دەدرێ. (٢٠) دەتوانی قەرز بە سوو بدەیتە بێگانە، بەڵام قەرز بە سوو مەدە براکەت، بۆ ئەوەی خودای پەروەردگارت بڕشتت بداتێ، کە لە هەموو شتێ، دەستی بۆ دەبەی لەو خاکەی دەچیتە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگری.

دینی جوله‌که قه‌ده‌غه‌یکردووه، جوله‌که به سوو، وام له جوله‌که‌یه‌کیتر وه‌ربگرێ. به‌ڵام ڕێگه ده‌دا به سوو له خه‌ڵکی ده‌ره‌وه‌ی دینی جوله‌که وه‌ربگرێ.

قورئانیش پڕه له ئایه‌تی سووخۆری قه‌ده‌غه ده‌که‌ن

سورة البقرة ٢: ٢٧٥

ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (٢٧٥) يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ (٢٧٦)

ئه‌وانه‌ی سوو ده‌خۆن هه‌ڵناستنه‌وه ته‌نیا وه‌ك كه‌سێك نه‌بێ كه شه‌یتان ده‌ستی لێ ده‌وه‌شێنێ، چونكه ئه‌وانه ده‌یانگوت: له ڕاستیدا كڕین و فرۆشتن وه‌ك سوو وایه. چۆن ده‌بێ (خودا كڕین و فرۆشتنی حه‌ڵاڵ كردبێ و سووی حه‌رام كردبێ؟ جا هه‌ر كه‌سێك ڕاسپارده‌ی له لایه‌ن خوداكه‌یه‌وه پێگه‌یشت ئه‌وه كۆتایی پێ دێنێ، وه ئه‌وه‌ی ڕابوورد بۆ خۆیه‌تی و لێپرسینه‌وه‌ی بۆ خودایه، و هه‌ر كه‌سێ بۆی بگه‌ڕێته‌وه ئه‌وه له یاوه‌رانی دۆزه‌خ ده‌بێ و بۆ هه‌میشه تیایدا ده‌مێننه‌وه. (٢٧٥) خودا سوو له‌ناوده‌با و سه‌ده‌قه بره‌و پێ ده‌دا، و خودا هه‌موو كافرێكی گوناهباری خۆش ناوێ. (٢٧٦)

سورة البقرة ٢: ٢٧٨ - ٢٧٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (٢٧٨) فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ (٢٧٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە خودابترسن، وە دەستبەرداری ئەو سووە بن کە لە لاتان ماوە ئەگەر ئێوە باوەڕدارن (٢٧٨). ئەگەر ئەو کارە نەکەن ئەوە جەنگێکتان لەگەڵ خودا و پەیامبەرەکەی ڕاگەیاندووە، وە ئەگەر تۆبەتان کرد، ئەوە پارەکەتان وەربگرنەوە، نە ستەم بکەن و نە ستەمتان لێ دەکرێ. (٢٧٩)

سورة آل عمران ٣: ١٣٠

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ أَضۡعَٰفٗا مُّضَٰعَفَةٗۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (١٣٠)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سوو بە چەندەها کەڕەت مەخۆن و لە خودا بترسن بۆ ئەوەی ڕزگارتان بێت. (١٣٠)

هەرچەندە هەردوو پەیمانی کۆن و قورئان سووخۆریان قەدەغەکردووە، کەچی لە دەربڕینی قورئان هەڕەشە بەکاردێنێ، کەچی لە تەورات زمانی ئالترنەتیڤ بەکاردێنێ، و دەرگای برای جوولەکە دادەخا و ڕێگە دەدا بە سوو پارە بدەنە باوەڕداری دینەکانیتر، یان بێدین.

قورئان خۆی بۆمان دووپاتە دەکاتەوە، کە تەورات سووخۆری قەدەغەکردووە، و دەڵێ:
سورة النساء ٤: ١٦٠ – ١٦١

فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا (١٦٠) وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (١٦١)

جا به هۆی سته‌می ئه‌وانه‌ی جوله‌که بوون، ئه‌و شته نایابانه‌مان لێیان حه‌رام کرد که بۆیان حه‌ڵاڵ بوو. و به هۆی ئه‌وه‌ی زۆر به‌ره‌چی ڕێبازی خودایان دایه‌وه (١٦٠) و سوو وه‌رگرتنیان له کاتێکدا لێ قه‌ده‌غه کراوه، وه به هۆی ئه‌وه‌ی سامانی خه‌ڵك به ناهه‌ق ده‌خۆن، وه بۆ کافره‌کانیان سزایه‌کی ئازاربه‌خشمان ئامادە کردووه. (١٦١)

هه‌ردوو دینه‌کان سوو قه‌ده‌غه ده‌که‌ن، به‌ڵام جوله‌که، بۆ قه‌رزده‌ره‌کانی جوله‌که قه‌ده‌غه ده‌کات، له‌کاتێکدا دروسته جوله‌که‌کان به سوود قه‌رز بده‌ن به غه‌یره جووله‌که‌کان. کێشه‌که له‌وه‌دایه که نه ئیسلام و نه جوله‌که پێناسه‌ی سوو ناکه‌ن، نه ئایا هه‌موو قازانجه‌کانی مامه‌ڵه بانکیه‌کان سووه، یان ئه‌گه‌ر ڕێژه‌ی قازانجێکی دیاریکراو هه‌بێ، که ئه‌گه‌ر تێپه‌ڕێنرێ، ده‌بێته سوو. ته‌واو ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه که محه‌مه‌د له جوله‌که‌کانه‌وه فێربووبێ که ئه‌وان له‌گه‌ڵ جوله‌که‌کانی تردا سوو وه‌رناگرن و به‌و شێوه‌یه ئه‌م بنه‌مایه‌ی گرته‌به‌ر، موسڵمانانی قه‌ده‌غه کرد قه‌رز به سوو بده‌نه، موسوڵمانه هاو دینه‌کانیان، به‌بێ ئه‌وه‌ی لێکۆڵینه‌وه له پێناسه‌ی سوو بکه‌ن. لێژنه‌ی فه‌توا له ئه‌زهه‌ر له‌م دواییانه‌دا دووپاتی کرده‌وه که سووی بانکی ئه‌و سووه نییه که له ئیسلامدا مه‌به‌ستیه‌تی.

باج (الزكاة)

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ٢٧: ١٤ – ١٥، ١٩،

(١٤)ئەگەر یەکێک ماڵەکەی تەرخان کرد هەتا بۆ یەزدان پیرۆزکراو بێ، ئەوا کاهینەکە دەیخەملێنێ باش بێ یان خراپ، کاهینەکە چۆنی بخەملێنێ ئاوا دەبێ. (١٥) ئەگەر ئەو کەسە ویستی ماڵە تەرخانکراوەکەی بکڕێتەوە ئەوا پێنج یەکی نرخی خەملاندنەکە دەخاتە سەری و دەبێتەوە هی خۆی. (١٩) ئەگەر ئەو کەسەی کێڵگەکەی تەرخان کردووە ویستی کێڵگەکە بکڕێتەوە، ئەوا پێنج یەکی نرخی خەملاندنەکە دەخاتە سەری و کێڵگەکە بۆ ئەو دەبێ.

(٢٧) ئەگەر لە ئاژەڵە گڵاوەکان بوو، ئەوا بەگوێرەی خەملاندنەکە دەیکڕێتەوە و پێنج یەکیشی دەخاتە سەر. ئەگەر نەیکڕییەوە ئەوا بەگوێرەی خەملاندنەکە دەفرۆشرێ.

(٣٠) هەموو دەیەکی زەوی لە دانەوێڵەی زەوی و بەروبوومی درەختەکان بۆ خودایە، پیرۆزە بۆ خودا.

(٣٢) بەڵام گاگەل و مێگەل دەیەمی هەر ئاژەڵێک بەژێر گۆچانی شواندا تێبپەڕێ، ئەوا پیرۆز دەبێ بۆ خودا.

خودا لە تەورات فەرمانی داوە، هەرکەسێک خانوویەک یان کێڵگەیەک بۆ خودا تەرخان بکا، و دواتر بڕیاری وەرگرتنەوەی بدا، دەبێ یەک لەسەر پێنجی بەهاکەی زیاد بکا و بڕە پارەکە بداتە کاهین. هەروەها دەیەکی بەرهەم و دەیەکی بەرهەمی زەوی و دەیەکی

هاوشێوەی لەسەر ئاژەڵان دیاری کردووە. تەورات دیاری نەکردووە کە ئەو دەیەکە چۆن خەرج بکرێ، هەمووی دەدرێتە نەوەکانی هارون، واتە حاخامەکانی ئیسرائیل، کە بە نەوەی هارۆن دادەنرێن.

قورئان دەڵێ:

سورة الأنفال ٨: ٤١

وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ (٤١)

یەک لەسەر پێنجی دەستکەوتەکانی شەڕ، هی خودا و پەیامبەرە، واتە بۆ محمد بۆ خزم و ژن و هەژاران خەرجی بکا. بە لێکدانەوە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان تەورات و قورئاندا نییە، چونکە ئیسلام یەک لەسەر پێنجی بۆ محمد تەرخان دەکا، بۆ ئەوەی خەرجی خێزانەکەی و هەژاران بکا، لە کاتێکدا تەورات یەک لەسەر پێنجی بۆ خەرجی ماڵی هارون تەرخان دەکا.

زەکات لە ئیسلامدا ئەرکە، و لەسەر پێنج جۆر سامان:

یەکەم: ئاژەڵداری، کە بریتییە لە حوشتر و ئاژەڵ و مەڕ.

دووەم: خواردنە سەرەکییەکان، کە دەیەک یان نیوەیان لەسەرە.

سێیەم: دراو، کە ئاڵتون و زیو لەخۆدەگرێت، تەنانەت هەندێ کەرەستەی تری، وەک زەنجەفیل بۆ نموونە.

چوارەم: کاڵای بازرگانی.

پێنجەم: بەخشینی فەرز (فیترە). شایانی باسە کە دینی جولەکە،

زەکاتی ڕاستەوخۆ، لەسەر کاڵای بازرگانی یان زێڕ و زیودا ناسەپێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی محمد بازرگان بوو، و لە گرنگی بازرگانی و زێڕ تێگەیشتبوو، زەکاتی لەسەر دانا.

زانایان بە کۆی دەنگ لەسەر بڕی زەکات کە دەبێ بدرێ لەسەر هەموو جۆرە سامانێک کە زەکاتی لەسەرە، کۆک بوون. کەمترین ژمارەی (نیساب) بۆ حوشتر بیستە، زەکاتی شایستەش یەک مەڕ دەبێ، بەو پێیەش بڕەکەی دەگۆڕێ. کەمترین ژمارە بۆ ئاژەڵ سییە، زەکاتیش کە دەبێ بدرێ گوێدرێژێکی بچووکە (تەبیعە). کەمترین ژمارە بۆ مەڕ چل، زەکاتیش کە دەبێ بدرێ یەک مەڕ. بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، زەکاتی دەیەکە. بۆ ئەوانەی بە باران، لافاو، یان کانیاو ئاودێری دەکرێن، پێنجیەکە. بۆ ئەوانەی بە کەناڵی ئاودێری یان بیر ئاودێری دەکرێن. زەکاتی پارەی کاش یەک لەسەر دەیەکە. بەو شێوەیە دەبینین کە دینی جولەکە و ئیسلام لەسەر زەکاتی شایستە لەسەر زەوی و ئاژەڵ و بەروبووم کۆکن کە دەیەکە.

باجی دەیەک لەسەر کشتوکاڵ و زەوی

پەیمانی کۆن لێڤینەکان ١٩: ٩ -١٠

(٩) کاتێک دروێنەی زەوییەکانتان دەکەن، لێوارەکانی کێڵگەکەت مەدوورەوە، ئەوەی لە دروێنەکە دەکەوێت، هەڵیمەگرەوە.

(١٠) پاشماوەی هێشووە ترێیەکان لە مێوەکەت مەکەرەوە، و ئەوەی دەکەوێ هەڵیمەگرەوە. بۆ هەژار و نامۆی بەجێبهێڵە. من خودای پەروەردگارتانم.

تەورات بتپەرستی قەدەغە دەکا، بە هەمان شێوە قورئانیش قەدەغەی دەکا.
بەڵام سەبارەت بە کشتوکاڵ و دروێنەکردن، تەورات ئامۆژگاری جووتیاران دەکا، کە ئەوەی دەکەوێتە ناو کێڵگە یان باخەکانی ترێ ،بۆ هەژاران و کەمدەرامەتان و نامۆکان (ڕێبواران) بەجێبهێڵن،
کەچی قورئان دەڵێ:
سورة الأنعام ٦: ١٤١

يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ (١٤١)

لە ڕۆژی دروێنەکردنیدا، زەکاتەکەی لێبدەن، و زیادەڕۆیی مەکەن. خودا زێدەڕۆیانی خۆشناوێ (١٤١)

واتە زەکات. زەکات لەسەر هەندێک بەروبووم وەردەگیرێ، و لە هەندێکی تر بەخشراوە. هەژاران لە ناو ئەو کەسانەدا کە زەکاتیان پێدەدرێ. هەروەها باجی زەوی هەیە کە پێی دەوترێت عشور (دەیەک) کە بەسەر جولەکە و کریستیاندا دەسەپێنرێ. بەڵام موسڵمانان ناگرێتەوە، ملکەچی نین.[95]

[95]السيوطي، جلال الدين السيوطي، الجامع الصغير من حديث البشير النذير، الطبعة الأولى ١٩٨١، ج٢، حديث ٢٥٥٦

سپارده (الأمانة)

لە هەردوو دینەکانی جولەکە و ئیسلام، سپاردنی پارە، زێڕ ئان ئاژەل، وەک پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ هاتووە. هەرچەندە لە هەردوو دینەکە باس لەوە ناکا، سپاردەکە لە نێوان باوەڕدارانە، یا گشتییە. بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لەهەر دوو دینەکە هانی باوەڕداران دەدەن خۆیان لە بێ باوەڕان یان باوەڕداری دینێکیتر دووربگرن، و متمانەیان پێ نەکە، تەنانەت بەدۆستی خۆشیان نەگرن. دەبێ ئەو یاسایە دینییە، تەنیا لە نێوان باوەڕداری یەک دین بێ، ئەوسا جولەکە یا ئیسلام. بڕوانە بەشەکانی (دۆستایەتی بێباوەڕان) و (متمانە بە باوەڕداری دینێکیتر)

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٧ – ٨

> (٧) کاتێک یەکێک زیو یان شتومەک لەلای کەسێک دادەنێت بۆ ئەوەی چاوی لێی بێت و لە ماڵی ئەو کەسە دزرا کە ئاماناتەکەی لەلایە، ئەگەر دزەکە گیرا ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبوو دەداتەوە .(٨) بەڵام ئەگەر دزەکە نەگیرا ئەوا خاوەن ماڵ دەهێنرێتە بەردەم دادوەرەکان، هەتا بزانرێت ئاخۆ دەستی بۆ موڵکی برادەرەکەی درێژ نەکردووە.

ئەگەر کەسێ، پارە یا شتێکی تری بۆ پاراستن، بە هاوڕێیەکی بسپێرێ، و پارە سپاردراوەکەی دزرا، ئەوا ئەگەر دزەکە، دیاربوو و ناسرایەوە، دەبێ قەرەبووی هەردوو کەس، خاوەن پارە یا شتومەکەکە، هەروەها ئەو کەسەی پارەکەی لا سپاردراوە بکاتەوە. بەڵام ئەگەر دزەکە نەدۆزرایەوە، خاوەن ماڵەکە (ئەو کەسەی پارە یا شتومەکەکانی پێسپێردراوە) دەخرێتە

بەردەم دادوەران بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا پارەی سپاردەکەی دزیوە یان نا. ئەگەر دزیەکەی لەسەر بسەلمێندرێ، ئەوا لەسەریەتی قەرەبووی، خاوەن پارە یا شتومەکەکان بکاتەوە.

فقهی ئیسلام دەڵێ:

أبي كورِي كعب دەگێڕێتەوە: گوێم لە پەیامبەر بوو... دەیگوت: سپاردەکە (أمانة)، بۆ ئەو کەسەی کە پێی سپاردی، بگێڕەوە، و خیانەت لەو کەسە مەکە کە خیانەتی لێکردووی . ئەمە لەلایەن الدارقطني هاتووە، هەروەها ئەنەس و ئەبو هورەیرە لە پەیامبەر دەگێڕنەوە. ئەبو أمامة دەگێڕێتەوە: گوێم لە پەیامبەر بوو... لە وتارێکدا گوتی: دەبێ قەرز بگەڕێتەوە، دیاری بدرێتەوە، قەرز یەکلایی بکرێتەوە، کەسی پێی سپێردراوە، بەرپرسیارە. پیاوێک پرسی: ئەی پەیمانی خودا چییە؟ وەڵامی دایەوە: پەیمانی خودا شایستەترینە کە هەبێ، و دەبێ جێبەجێ بکرێ. بە پشتبەستن بەو فەرموودەیە، بڕیاریان دا کە پارەیەک سپاردە دەبێ بگەڕێتەوە. و لە هەموو بارودۆخێکدا، گەرەنتی بکرێ. جا شتێک بێ کە بە ئاسانی دەتوانرێ لە شوێنی خۆیدا هەڵبگیرێ یان نا، و ئایا هیچ سەرپێچییەک لە مامەڵەکردنیدا هەبووە یان نا – ئەمە بۆچوونی الشافیعی و ئەحمەد و ئەشهاب بووە.

هەروەها ئیبن عەباس و ئەبو هورەیرە، لە پەیامبەر دووپاتەی ئەوە دەکەنەوە، کە پارەی وام یان ئەسپاردە دەبێ بدرێتەوە. ئەوان دەڵێن: ووتەی پەیامبەر، کە دەڵێ دەبێ وام لەکاتی خۆی بگەڕێندرێتەوە. وەک ووتەی خودایە، کە دەڵێ: خودا فەرمانت پێدەکا سپاردە، بدەیتەوە خاوەن مافەکان. ئەگەر شتە سپاردکراوەکە لەدەستچوو، ئەوا متمانەدار، پابەند نییە قەرەبووی بکاتەوە. چونکە بە متمانەپێکراو دادەنرێ.

بەڵام ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی شتە سپێردراوەکە لەدەستچوو، ئەوا پابەندە بە پێدانی بەهاکەی، ئەنجامی کەمتەرخەمیەکەی[96] لێرەدا جیاوازییەکی کەم لە نێوان یاسای جولەکەدا دەبینین، کە کەسی متمانەدار پابەند دەکا، بە گەڕاندنەوەی ئەو شتەی کە پێی سپێردراوە یان قەرەبووی بداتەوە. ئەگەر نەسەلمێنرێ، کە لێی دزراوە و دزەکە نەهێنراوە.

فیقهی ئیسلامی باس لەوە دەکات کە متمانەدار کەسێکی جێی متمانەیە و پابەند نییە بە قەرەبووکردنەوەی خاوەنی سپاردەکە، مەگەر ئەوە بسەلمێنرێت کە سەرپێچی لێ کردووە، واتە دزیویەتی، لێکچوونەکە لێرەدا لە کرۆکی بابەتەکەدا ڕوونە: ئەگەر متمانەدار نەسەلمێنێ، کە پارە سپێردراوەکەی لێ دزراوە، ئەوا قەرەبووی خاوەنی سپاردەکە دەکاتەوە.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٩

> (٩) لە هەموو داوایەکی تاوان لەسەر گا، گوێدرێژ، بەرخ، جلوبەرگ یان هەر شتێکی ونبوو کە بگوترێ: ئەوە هی منە، ئەوا داوای هەردووکیان دەهێنرێتە لای دادوەر، ئەوەی دادوەر تاوانباری بکات، ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبوو بۆ نزیکەکەی دەداتەوە.

بەپێی ئەو ئایەتەی تەورات، داواکار، ئەگەر ئاژەڵ یان هەر شتێکیتری خۆی، لەلای کەسێکیتر بینی. دڵنیابوو کە هی خۆیەتی، و لێی دزراوە. ئەوا دادوەر کێشەکە یەکلا دەکاتەوە. ئەگەر دادوەر بڕیاری دا، ئەو کەسەی شتەکەی لەلایە، تاوانبارە.
ئەوا دەبێ دوو بەرانبەر، قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە.

---

[96] القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري (بدون تاريخ)، الجامع لأحكام القرآن، دار الفكر، ج ٥، سورة النساء الآية ٥٨

فیقهی ئیسلامی لەم جۆرە دۆخە دەڵێ: بارگرانی سەلماندن لە ئەستۆی داواکارە، سوێندخواردنیش لە ئەستۆی تۆمەتبار. ئەگەر داواکار داواکارییەکەی خۆی بسەلمێنێ، ئەوا تۆمەتبار دەبێت قەرەبووی بەهای شتە دزراوەکەی بکاتەوە. لێکچوونی فیقهی جوولەکە و ئیسلامی لێرەدا ڕوونە، هەرچەندە یاسای جولەکە دوو هێندە بەهاکەی دیاری کردووە. کەچی یاسای ئیسلامی باس لەوە دەکات کە قەرەبووکردنەوەکە نرخی شتە دزراوەکەیە.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ١٠ – ١٥

(١٠) کاتێک یەکێک گوێدرێژێک یان گایەک یان بەرخێک یان هەر ئاژەڵێکی بداتە دراوسێکەی بۆ ئەوەی چاوی لێی بێ، مردار بوو یان بریندار بوو یان تاڵان کرا و کەس نەیبینی، (١١) ئەوا سوێندخواردن بە خودا لەنێوانیان دەبێ، ئاخۆ دراوسێکە دەستی بۆ ماڵی کەسەکەی دیکە درێژ نەکردووە، خاوەنەکەشی دەبێت ڕازی بێت، ئیتر قەرەبوو نادا. (١٢) بەڵام ئەگەر ئاژەڵەکە لەلای دراوسێکەی دزرا، ئەوا قەرەبووی خاوەنەکەی دەداتەوە. (١٣) ئەگەر بووە نێچیری ئاژەڵ وەک شایەتی دەیهێنێتەوە، ئیتر قەرەبووی نێچیر ناداتەوە. (١٤) کاتێک کەسێک ئاژەڵێک لە دراوسێکەی داوا بکات، لەلای بریندار بێت یان بمرێت و خاوەنەکەی لەگەڵی نەبێت، ئەوا دەبێت قەرەبوو بداتەوە، (١٥) بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی لەگەڵی بوو، ئەوا قەرەبوو ناداتەوە، ئەگەر بە کرێ بووبێت ئەوا کرێیەکەی دەدات.

ئەگەر کەسێ ئاژەڵێک یان شتێکی تر بە کەسێکی تر بسپێرێ، و ئاژەڵەکە مرد یان شتەکە شکا، و خاوەنی شتە سپاردەکە لە کاتی مردنی ئاژەڵەکە یان شکانی شتەکە ئامادە نەبوو، ئەوا دەبێ سەرپەرشتیاری ئەو شتە سوێند بخوا، کە شتە سپاردەکەی فڕێ نەداوە و بەرپرسیار

نییە لە قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی. ئەگەر خاوەنی شتە سپێدراوەکە لە کاتی مردنی ئاژەڵەکە یان شکانی شتەکە ئامادە بووبێ، ئەوا سەرپەرشتیار مەرج نییە سوێند بخوات و بەرپرسیار نییە لە قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی. بەڵام ئەگەر ئاژەڵەکە دزرا، ئەوا سەرپەرشتیار بەرپرسیارە، لە قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی. چونکە کەمتەرخەم بووە لە چاودێریکردنیدا. واتە کەمتەرخەمی، بۆتە هۆی دزینەکە. ئەگەر نێچیرێک ئاژەڵە سپێردراوەکەی خواردبێ، ئەوا سەرپەرشتیارەکە بەرپرسیار نییە، ئەگەر پاشماوەی ئاژەڵە مردووەکە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە شێرێک یان نێچیرێکی دیکە کوشتوویە. ئەگەر کەسێک ئاژەڵێک یان شتێکیتر لە کەسێکی تر بە وام وەربگرێ، و ئاژەڵەکە بمرێ یان شتەکە بشکێ، لەکاتێکدا خاوەنەکەی ئامادە نەبوو، واموەرگر بەرپرسیارە لە قەرەبووکردنەوەی واملێکراوەکە. بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی لە کاتی مردن یان شکانیدا ئامادە بووبێ، پێویست بە قەرەبووکردنەوە ناکا. ئەگەر ئاژەڵەکە یان شتەکە بە کرێ گیرابێ، ئەوا کرێچی بەرپرسیار نییە.

پارەی قەرەبوو، ئەنجامی زیانی ئاژەڵ

لە یاسای جولەکە، ئەگەر ئاژەڵێک زیان بە سەر و سامانی کەسێکیتر بگەیێنێ، ئەوا بەپێی یاسا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢٨ - ٣٦

(٢٨) ئەگەر گایەک قۆچی لە پیاوێک یان لە ژنێک دا و مرد، ئەوا گایەکە بەردباران دەکرێت و گۆشتەکەشی ناخورێت. بەڵام خاوەنی گایەکە بێتاوان

دەبێت .(٢٩) بەڵام ئەگەر گایەکە پێشتر قۆچوەشێن بێت، خاوەنەکەی ئاگادار کرابێتەوە بەڵام لە پشتیرەکە بەندی نەکردبێت، پیاوێک یان ژنێکی کوشت، ئەوا گایەکە بەردباران دەکرێت و خاوەنەکەشی دەکوژرێت .(٣٠) ئەگەر نرخ بخرێتە سەری، ئەوا بۆ کڕینەوەی ژیانی خۆی هەرچی بکەوێتە سەر دەبێت بیدات .(٣١) یان قۆچ لە کوڕێک یان لە کچێک بدات، ئەوا ئەم حوکمەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت .(٣٢) ئەگەر گایەکە قۆچ لە کۆیلەیەک یان کارەکەرێک بدات، ئەوا گەورەکەی سی شاقل زیو دەدات و گایەکەش بەردباران دەکرێت.

(٣٣) کاتێک کەسێک سەری بیرێک دەکاتەوە یان بیرێک لێدەدات و سەرەکەی دانەپۆشێت، گایەک یان گوێدرێژێک بکەوێتە ناوی، (٣٤) ئەوا خاوەن بیرەکە قەرەبوو دەداتەوە و زیو دەداتە خاوەنەکەی، ئاژەڵە مردارەوەبووەکەش یان تۆپیوەکە بۆ ئەو دەبێت.

(٣٥) ئەگەر گای کەسێک لە گای برادەرەکەی دا و کوشتی، ئەوا گایە زیندووەکە دەفرۆشن و نرخەکەی بەش دەکەن، هەروەها گایە مردارەوەبووەکەش دابەش دەکەن .(٣٦) ئەگەر زانراش کە گایەکە پێشتر قۆچوەشێن بووە و خاوەنەکەی لە پشتیرەکە بەندی نەکردووە، ئەوا خاوەن گا قۆچوەشێنەکە دەبێت گایەک لە جێی گایەک بدات و تەنها گایە مردارەوەبووەکەش وەربگرێت.

لە ناو دەقەکانی تەورات، بە ڕوونی، ئەوە دەستنیشان دەکا، کە مرۆڤ بەرپرسیارە لە ئاژەڵەکەی. و دەبێ دڵنیابێ لەوەی کە بەستراوەتەوە یان لەناو پەرژین دەرگای لەسەر داخراوە، بۆ ئەوەی زیان بە کەسانی تر یان سامان و ماڵیان نەگەیەنێ، بەتایبەتی ئەگەر گاکە ناسراوبێ، کە زیانبەخشە. ئەگەر گاکە بە زیانبەخش نەناسرابێ. و پیاو یان ژنێ بکوژێ، دەبێ

گاکە بکوژرێ، بەڵام خاوەنەکەی ناکوژرێ. بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی بزانێ گاکەی زیانبەخشە. و بە کەمتەرخەمی بەڕەڵای کردبێ یان هەروەها بەجێی هێشتبێ، و پیاوێ یان ژنێ بکوژێ، ئەوا هەم گاکە و هەم خاوەنەکەی دەکوژرێن.

بێمانایی ئەم ڕێنماییە دینیانە، بە ئاشکرا لە دەقەکانی تەوراتدا دەردەکەوێ. کە ئەگەر گایەک نەزانرابێ کە زیانبەخشە، پیاوێک یان ژنێکی ئیسرائیلی ئازاد بکوژێ، ئەوا هەم گاکە و هەم خاوەنەکەی دەکوژرێن. بەڵام ئەگەر کۆیلەیەکی کوشت، خاوەنی کۆیلەکە سی شاقڵ زیوی پێدەدرێ و گاکە دەکوژرێ، بەڵام خاوەنەکەی ڕزگاری دەبێ، چونکە گاکە کۆیلەیەکی کوشتووە. ئەگەر گایەک گایەکی تری کە هی کەسێکی ترە، بە قۆچ لێدا و بیکوژێ، ئەوا گا تاوانبارەکە دەکوژرێ و خاوەنی گا مردووەکە نیوەی بەهای گا کەی کە وەردەگرێ و گۆشتی گا کوژراوەکە لە نێوانیاندا دابەش دەکەن. ئەم بڕیارە واتە قەرەبووکردنەوە بۆ هەر زیانێک دەگونجێت کە گاکە بە مۆڵکی کەسانی دیکە بگەیەنێ.

قورئان بڕیاری وردی، سەبارەت بە زیانەکانی ئاژەڵی تێدا نییە، بەڵام فیقهی ئیسلامی پشت بە فەرموودەیەکی پەیامبەر دەبەستێ کە دەڵێ:

> بریندار بوونی ئاژەڵ قەرەبوو ناکرێتەوە. ئاژەڵێک کە لە خاوەنەکەی ڕزگاری بووبێ بە ئاژەڵ دادەنرێ و ئەگەر لەکاتی بەڕەڵابوونی زیانێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوا خاوەنەکەی بەرپرسیار نییە.[97]

[97] المباكفوري، محمد بن عبد الرحمن، تحفة الأحوذي، كتاب الأحكام، باب ما جاء في العجماء جرحها جُبار،

ئەو بڕیارە ئەو ئاژەڵانە دەگرێتەوە کە لە ڕۆژدا بەڕەللاکراون. چونکە نەرێتێکی باو و ئاساییە کە جوتیاران ڕێگە بە ئاژەڵەکانیان دەدەن، بە ئازادی لە ڕۆژدا بلەوەڕێن. بەڵام دەبێ لە شەودا بەسترابنەوە، یان لە تەویلەکرابن، بۆ ئەوەی زیان بە موڵک و سامانی کەسانی تر نەگەیەنن. ئەگەر ئاژەڵێک لە شەودا بەڕەڵلا بوو، خاوەنەکەی بەرپرسیارە لە پارەی خوێن (دیە). بەڵام ئەگەر ئاژەڵەکە لە مۆڵگەی کەسێکیتر دابێ، ئەوا ئەو کەسە بەرپرسیارە لە هەر زیانێک کە بیگەیەنێ، جا چ بۆ ژیان بێت یان ماڵ و سامان. (ئەگەر کەسێک ئاژەڵێکی، لە ماڵ یان تەویلە لەگەڵ خۆیدا هەبێ، جا خاوەنی بێ، بەکرێی بگرێ، پێی بسپێردرابێ، قەرزی کردبێ، یا قۆرخی کردبێ، ئەوا بەرپرسیارە لەو زیانانەی ئاژەڵەکە دەیکا، جا بە دەست یان قاچی بێ، یان بە شێوەیەکی تر، لەڕووی ژیان و سامانەوە، شەو و ڕۆژ. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە، ئەو کەسە ئاژەڵەکەی لەبەر دەست دایە، و بەرپرسیارە لە چاودێری و پاراستنی. جگە لەوەش ئەگەر لەگەڵیان بێ، هەموو کردار و ئاکارەکانی، بۆ ئەو دەگەڕێندرێتەوە. و ئەوەش گونجاوترین هەڵومەرجە بۆ ئاژەڵەکە، هەروەک چۆن سەگێک ئەگەر لەلایەن خاوەنەکەیەوە بنێردرێ، ئەوا دروستە نێچیر بیخوا، بەڵام ئەگەر بە تەنیا لە کێو بە بەڕەللایی ڕابکا، هەرچی زیانێ لێ ڕووبدا، وەک تاوان دەبینرێ، جا ئەو ڕاوچی یا سەرکردەی ئەوان بێ. ئەگەر ڕاوچی و سەرکردەیەکیان لەگەڵدابێ، ئەوا بەرپرسیارێتییەکە بە یەکسانی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت ئەوان.[98] فیقهیە ئیسلامییەکان هەمان فەرمانیان لە تەورات وەرگرتووە و بە زمانی عەرەبی دایانڕشتۆتەوە.

[98] الشربيني، ابن الخطيب، مغني المحتاج، دار الكتب العلمية، ١٩٩٤، كتاب الصيال، فصل في ضمان ما تتلفه البهائم، ص ٥٤٢

سزای زیان گەیاندن، بە ئاژەڵی کەسێکیتر

پەیمانی کۆن دەڵێ:

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٣٣ - ٣٤

(٣٣) کاتی کەسێک سەری بیرێک دەکاتەوە یان بیرێک لێدەدا و سەرەکەی دانەپۆشێ، گایەک یان گوێدرێژێک بکەوێتە ناوی، (٣٤) ئەوا خاوەن بیرەکە قەرەبوو دەکاتەوە، و زیو دەداتە خاوەنەکەی، ئاژەڵە مردارەوەبووەکەش یان تۆپیوەکە بۆ ئەو دەبێ.

هەرکەسێک بیرێک یان هەر چاڵێکی تر، لە ناو کێڵگە یان دەرەوەی هەڵکەنێ، جا بۆ دەرهێنانی کانزا، یا ئاو یا هەر شتێکیتر، و سەری دانەپۆشیێ، لە کاتی زیان لە ئاژەڵی کەسێکیتر، ئەنجامی ڕوودانێک، ئەوا خاوەن بیر، بەرپرسیارە لە قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێیان ئاژەڵێ کە بکەوێتە ناو بیرەکە.

لە قورئان دا هیچ ئایەتێکی ڕوون و ئاشکرا، لەسەر ئەو بابەتە نییە، وەک ئەوانەی لە تەوراتدا هاتووە، بەڵام فیقهی ئیسلامی پشت بەو فەرموودەیە دەبەستێ کە ئەبو هورەیرە گێڕاویەتەوە، کە پەیامبەر گوتوویەتی:

بریندارى ئاژەڵێک قەرەبوو ناکرێتەوە، بیرێک قەرەبوو ناکرێتەوە، کانێک قەرەبوو ناکرێتەوە، پێنج یەکی گەنجینەی نێژراو.[99]

بۆیە ئەگەر پیاوێک کەسێک بەکرێ بگرێ بۆ هەڵکەندنی بیرێک و بیرەکە لەسەر هەڵکەندنەکە دارما و بیکوژێ، ئەوا هیچ پارەیەکی خوێن نادرێت. ئەگەر ئاژەڵێک بکەوێتە ناو بیرەکە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی تێدا نییە. بە هەمان شێوە ئەگەر پیاوێک کەسێک بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی کانێکی بۆ هەڵکەنێت، واتە بۆ دەرهێنانی کانزاکان، و کەسێک یان ئاژەڵێک بکەوێتە ناو چاڵەکەوە و بمرێت یان بریندار بێت، ئەوا هیچ پارەیەکی خوێن نابێت و هیچ بەرپرسیارێتییەک نییە. بە هەمان شێوە ئەگەر کەسی بەکرێگیراو لە کاتی هەڵکەندن یان هەڵکەندندا مرد، خاوەنکار بەرپرسیار نییە لە پارەی خوێن.

ئەم یاسایانە، ئەوە دەردەخەن کە فیقهی ئیسلامی سیستەمێکی سەرمایەدارییە کە مافی خاوەن موڵکەکە لە پێشینەی مافی تاکی ئاسایی دادەنێت کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی خاوەنەکەی لە جێهێشتنی بیرەکەدا بە بێ داپۆشینی زیان یان تەنانەت مردنیشی پێدەگات. لە بەرامبەردا تەورات فەرمان دەکات کە خاوەنی بیرەکە قەرەبووی کەسی تووشبوو بکاتەوە. ئەم یاسایە نوێنەرایەتی یەکێک لەو چەند نموونانە دەکات کە فیقهی ئیسلامی لە تەورات جیاوازە، چونکە فیقهی ئیسلامی بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە پارەوە هەیە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە کەسێک بە بەرگریکردن لە موڵک و ماڵی خۆی بمرێت بە شەهید دەمرێت. [100]

---

[99] محمد بن إسماعيل البخاري، صحيح البخاري، 1993، كتاب الزكاة، باب في الركاز والخنس، حديث ١٤٢٨

[100] محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج ١٠، سورة النحل، الآية ١٠٦

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

لە دینی جولەکە، یاسای تایبەتی سەبارەت بە سزای زیان بە لەوەڕگا یا کێڵگەی کشتوکاڵ بگەیێندرێ.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٥

(٥) ئەگەر کەسیك، کێڵگەیەک یان ڕەزە مێوێک بکات و ماڵاتی خۆی بەردا، و لەناو کێڵگەی یەکێکی دیکە بلەوەڕین، ئەوا لە باشترینی بەری کێڵگەکەی و لە باشترینی بەری ڕەزەمێوەکەی قەرەبوو دەداتەوە.

لە شەریعەتی ئیسلام دەڵێ:

ئەگەر لەوەڕگەکان لە ناوەڕاستی کێڵگەکاندا بن، و مەڕوماڵاتەکە لەناو جۆگەکانی ئاودێریدا دەلەوەڕان، ئەوا قەرەبوو دەکرێتەوە بۆ هەر زیانێک کە دەیانگەیەنێ. ئەگەر بەبێ شوان بەڕەڵا بکرێن، بەپێی بۆچوونی باو، بەهۆی داب و نەریتی شوانەکەوە لەو هەڵومەرجانەدا. بەڵام ئەگەر لە کێڵگەی خۆیەوە بیانباتە لای کەسێکی تر و زیانیان پێ بگا، ئەوا بەرپرسیارە، بەو پێیەی ناتوانێت موڵک و ماڵی خۆی بە هی کەسێکی تر بپارێزێ. ئەگەر ئەمە تاکە ڕێگا بێت، وەک ئەوەی ئاژەڵەکان بە کێڵگەی کەسانی ترەوە دەورە دراون و نەتوانرێت لابەرێن تەنیا بە بردنی بۆ ناو کێڵگەی کەسێکی تر نەبێت، ئەوا پێویستە لە کێڵگەی خۆیدا بەجێیان

بێڵێ و هەر زیانێک بە خاوەنەکەی بدات.[101] لێرەدا بڕیاری فیقهی ئیسلامی هاوشێوەی حوکمی فیقهی جولەکانە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دەرچوون ٢٢: ٦

(٦) کاتێک ئاگر دەرپەڕێت و دەوەن بگرێتەوە و خەرمانکراو یان دەغڵ یان کێڵگە بسووتێنێ، ئەوا ئەوەی ئاگرەکەی کردووەتەوە دەبێت قەرەبوو بدا.

ئەو کەسەی ئاگرێک دەکاتەوە، و تەشەنە دەکا، و داروبار و خانووی هاوسێکانی دوروبەری دەسوتێنێ، دەبێت قەرەبووی ئەو کەسانە بکاتەوە کە بەهۆی ئاگرەکەوە زیانیان بەرکەوتووە.

فیقهی ئیسلامی، لەگەڵ یاسای جولەکە جیاوازە، کە دەڵێ ئەگەر کەسێ ئاگر لە کێڵگەکەیدا بکاتەوە و ئاگرەکە بڵاوبووەوە و کێڵگەکانی دراوسێی بسوتێنێ، ئەوا بەرپرسیار نییە چونکە مافی ئەوەی هەیە، ئاگر داگیرسێنێ بۆ سووتاندنی چیمەنی وشک.[102] ئەم یاسایە ئیسلامییە ڕەنگدانەوەی خەمخۆری نەبوونی مافی کەسانی دیکەیە، یان لانیکەم، نەبوونی خەمی خۆپارێزی بۆ پاراستنی موڵکی ئەوانی تر. ئیسلام گرنگی بە کەسانی تر نادات بە مەرجێک موسڵمان ئەو کەسە بێت کە ئەو کارەی ئەنجام داوە.

---

[101] الشربيني ابن الخطيب، مغني المحتاج، كتاب الصيال، فصل في ضمان ما تتلفه البهائم

[102] السرخسي، محمد بن أبي سهل، المبسوط، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٣، كتاب الديات، باب النهر، ص ٣٩٤٧

گۆشتی گیانداران

لە ناو دەقەکانی تەورات، بە ووردی ڕوومالی گۆشتی گشت گیاندارانی تێداکراوە. لەوانە گیاندارانی ئاوی، گۆشتی باڵندە، ئاژەڵی ووشکانی و گیاندارە خشۆکەکان. قورئانیش هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتگیر و بێ ووردەکاری باسی کردووە.

گۆشتی گیانداری (ئاوی) دەریا

لە تەوراتدا یاسای قدەغە و ڕێگەپێدانی خواردنی گۆشتی گیانداری دەریا، زۆر بە ووردی باسکراوە، کە بەو شیوەیە:

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١١: ٩ – ١٢

(٩) لە هەموو ئەوانەی لەناو ئاوەکانیشن ئەوانە دەخۆن، هەموو ئەوانەی باڵ و پوولەکەیان هەبێت لەناو ئاوەکان، لەناو دەریاکان و لەناو ڕووبارەکان، ئەوانە دەخۆن. (١٠) بەڵام هەموو ئەوەی باڵ و پوولەکەی نەبێت لەناو دەریاکان و ڕووبارەکان، لە هەموو خشۆکەکانی ناو ئاوەکان و هەموو زیندەوەرێکی ناو ئاوەکان، قێزەونە بۆتان. (١١) بۆتان قێزەون دەبێ، لە

گۆشتەکەی ناخۆن و قێزتان لە کەلاکەکەی دەبێتەوە. (١٢) هەموو ئەوەی باڵ و پوولەکەی نەبێ لەناو ئاوەکان، بۆتان قێزەونە.

گۆشتی باڵندە

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١١: ١٣ - ١٨

(١٣) لە باڵندەکانیش، قێزتان لەمانە دەبێتەوە، ناخورێن، قێزەونن، هەڵۆ و سیسارکە کەچەڵ و داڵاش، (١٤) واشەی سوور و هەموو جۆرەکانی واشەی ڕەش، (١٥) هەموو جۆرەکانی قەلەڕەش، (١٦) کوندەپەپووی شاخدار و بایەقووش، مەلی دەریا، هەموو جۆرەکانی باز. (١٧) کوندەپەپووی بچووک، مەڵی ماسیگرە، کوندەپەپووی گەورە، (١٨) کوندەپەپووی سپی و کوندەپەپووی بیابان، واشەی ماسیگر (١٩) لەقلەق و هەموو جۆرەکانی شاهۆ و پەپوولەسڵێمانکە و شەمشەمەکوێرە.

لە قورئان بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی قەدەغەی گۆشتی باڵندە ناکا. بەڵام لە فەرموودەکانی پەیامبەر دا هاتووە.

بەرامبەر بەوە گۆشتی باڵندە لە قورئان بە خواردنی بەهەشت ژمێردراوە. و لەگەڵ کیژۆڵەی چاو بەڵەک، مێوەی دەستبژێر.

سورة الواقعة ٥٦: ٢٠ - ٢٣

وَفَٰكِهَةٖ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠) وَلَحۡمِ طَيۡرٖ مِّمَّا يَشۡتَهُونَ (٢١) وَحُورٌ عِينٞ (٢٢) كَأَمۡثَٰلِ ٱللُّؤۡلُوِ ٱلۡمَكۡنُونِ (٢٣)

و میوه لەوەی خۆیان هەڵیدەبژێرن (٢٠) و گۆشتی باڵنده ئەوەی ئارەزوو دەکەن (٢١) و حۆری چاوبەڵەك (٢٢) وەك نموونەی مرواری شاراوەن (٢٣)

لەو ئایەته و سەرجەمی قورئان، ناڵێ کام باڵندەن، که باوەڕدار ئەوەنده تامەزرۆیەتی، تا لەگەڵ حۆری و مێوەی خۆیان هەڵدەبژێرن. پێشکەشیان دەکرێ. بەڵام باسی ئەو گۆشتانه ناکا که قەدەغەن. بەرامبەر بەوه له فەرموودەکانی نەبی باس دەکا. که:

له مەزهەبی سوني صحيح مسلم:

گۆشتی ئەو باڵندانەی ڕاوچین که چەپۆکیان ڕاو دەکەن، وەک هەڵۆ و باز، شاهێن وسیسارک و کۆلاره هتد. هەروەها ئەوانەی تری گۆشخۆر له ئیسلامدا به قەدەغه دادەنرێن. یان ئەو باڵندانەی که پیسی دەخۆن. هەروەها ئەو باڵندانەی که به پێی شەریعەت سەرنەبڕدراوبن قەدەغەن.[103]

له مەزهەبي شيعة الكليني الرازي:

هەروەها له صحيح دَاوُدَ بْنِ فَرْقَدٍ عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّه، دەڵێ هەموو درندەیەکی نێچیر (ڕاوچی) به دەنووک و هەموو باڵندەیەکی چڕنووک (نینۆک) قەدەغەیە.[104]

---

[103] صحيح مسلم، كتاب الصيد والذبائح وما يؤكل من الحيوان، باب تحريم أكل كل ذي ناب من السباع، وكل ذي مخلب من الطير، برقم (١٩٣٤)

[104] الكافي الرازي، الفروع من الكافي الكليني، ج ٦، دارالكتب الاسلاميه - بازار سلطانى تهران، ص ٢٤٥

نەبی دەڵێ: ئاگاداربە لە خواردنی هەر درندەیەکی نێچیر کە ددانەکانی هەبێت و هەر باڵندەیەک کە تاڵەکانی هەبێت.[105]

گۆشتی گیانداری ووشکانی

سەبارەت بە ئاژەڵی ووشکانی، تەورات چەندین فەرمانی بە وەک ڕێنمایی هەن، کە کام گۆشت ڕێگەپێدراوە و کامەش قەدەغەیە. ئەو فەرمانانە، ئەرکی پیرۆزی هەر باوەڕدارێکی جولەکەن، کە بەبێ سەرپێچی دەبێ پەیرەویان بکا.

پەیمانی کۆن لیڤیەکان ١١: ٥ – ٨

(٤) لەوانەی تەنها کاوێژ دەکەن یان تەنها سمیان دوو کەرتە، ئەمانە ناخۆن: وشتر، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتان؛ (٥) هەروەها گۆرهەڵکەنە، چونکە کاوێژ دەکات، بەڵام سمی کەرت نییە، گڵاوە بۆتان. (٦) کەروێشک، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتان؛ (٧) بەراز، چونکە سمی کەرت کراوە، بەڵام کاوێژ ناکات، بۆیە گڵاوە بۆتان .(٨) نە گۆشتیان بخۆن و نە دەست لە کەلاکیان بدەن، چونکە گڵاوە بۆتان

[105] نفس المصدر، ص ٢٤٧

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١١: ٢٦ – ٣١

(٢٦) هەموو ئەو ئاژەڵانەش کە سمیان بە تەواوی شەق نەبێت، یان کاوێژ نەکات، ئەوا گڵاوە بۆتان و هەرکەسێک دەست لە کەلاکی هەر یەکێکیان بدات یان بەر کەلاکی هەر یەکێکیان بکەوێت ئەوا گڵاو دەبێت .(٢٧) هەر ئاژەڵێکیش لە چوارپێیەکان کە لەسەر ناولەپی بڕوات، گڵاوە بۆتان و هەرکەسێک دەست لە کەلاکیان بدا، یان بەر کەلاکیان بکەوێ، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، (٢٨) هەرکەسێک کەلاکیان هەڵبگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، ئەوە گڵاوە بۆتان.

(٢٩) ئەمەش گڵاوە بۆتان لەوانەی لەسەر زەوی دەخشێن، ڕاسۆ[106]، جرج، مارمێلکە بە هەموو جۆرەکانییەوە، (٣٠) قومقمۆکە، بزنمژ، شەوگەرد، مارمێلکەی خشۆک و کامیلۆن(٣١) ئەمانە گڵاوەکانن بۆتان لە هەموو خشۆکەکان، هەرکەسێک دەستیان لێ بدات یان بەریان بکەوێت دوای مرداربوونیان، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ٣١

ئێوە دەبنە گەلێکی پیرۆز بۆ من، بۆیە گۆشتێک لە دەشتودەر بووبێ، بە نێچیر مەیخۆن، بۆ سەگی فڕێبدەن. (٣١)

ئەو دەربڕینەی تەورات دەڵێ: هەر گیاندارێکی ووشکانی، ئەگەر سمی شەق نەبێ، وەک مەڕ و مانگا و بزن و هتد، یا کاوێژ نەکا، خواردنی قەدەغەیە، بەهەمان شێوە گیانداری مردار بوو، یا نێچیری لە دەشت ودەر مردوو. خواردنیان قەدەغەیە و دەبێ بدرێنە سەگ.

[106] ڕاسۆ یان مشکی خورما: گیاندارێکی گۆشتخۆری درێژکۆڵەی قاچ کورتی کلک تووکن و درێژە.

لە قورئانیش سەبارەت بە گۆشتی گیانداری ووشکانی، لە چەندین ئایەتی جۆراو جۆر داهاتووە، بەڵام وەک کۆپی یەکتری وان.

سورة البقرة ٢: ١٧٣

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ (١٧٣)

تەنیا مرداربوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە ناوی جگە لە خودای لێ هێنراوە، لێتان قەدەغەکراوە، سا ئەگەر کەسێ ناچاربوو بیانخوا، بەڵام بێ زیادەڕۆیی، و بێ ئەوەی لە سنوور دەربچێ، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، خودا لێبووردەیە (١٧٣)

سورة المائدة ٥: ٣

حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ. (٣)

لێتان قەدەغە کراوە مرداربوو و خوێن و گۆشتی بەراز، وە ئەوەی ناوی جگە لە خودای لەسەر هێنراوە، و خنکێندرا و تۆپێندراو وهەڵدێراو و بە قۆچلێدان کوژراو، و ئەوەی درندە پەلاماری داوە، مەگەر ئەوە نەبێت کە سەری دەبڕن (٣)

ئەو ئاژەڵەی، لە ژێر لێدان دەمرێ پێی دەوترێ (الموقوذة). لێکچوونی جولەکە و قورئان لێرەدا ڕوونە، ئەوەی لەیەکیان جیا دەکاتەوە، تەنیا وشتر و دوپشکن. زانایان یاسایان بۆ داناوە و چەندین جۆری خواردنی قەدەغەکراویان خستووەتە ڕوو.

سورة الأنعام ٦: ١٤٥

قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ. (١٤٥)

بڵێ لەوەی بە وەحی بۆم هاتووە نابینم کە هیچ خۆراکێك لەسەر بخۆرێك حەرام بێ مەگەر مردار بێ، یان خوێنی ڕژێنراو بێ یان گۆشتی بەراز بێ، جا لە ڕاستیدا ئەوە گڵاوە یا سەرپێچیە، ئەگەر جگە لە خودا ناوێکی تری لەسەر هێنرابێ. جا ئەوەی ناچار بوو کە بیخوا، بەڵام نە بگەڕێتەوە سەری. (١٤٥)

وەک دەبینرێ، قورئان لەو چەند ئایەتە هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. بەبێ ووردەکاری. کەچی تەورات گشت گۆشتە قەدەغەکراوەکانی، بە وردی ژماردووە. کەچی قورئان، باسکردنێکی گشتگیری هەیە. دوای ئەوەی باسی خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە بۆ خودانەناسان تەرخان کراوە، دەرگای کراوەی بۆ فقهەکان بەجێهێشتووە. قورئان هیچ شتێکی نوێی لەم بارەوە نەخستۆتە ڕوو تەنیا یاساکنی تەوراتی وەرگێڕاون.

گیانداره خشۆکەکان

لە دینی جولەکە سەبارەت بە ئاژەڵە خشۆکەکان، دەڵێ:

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١١: ٤١ – ٤٢

(٤١) هەموو خشۆکێکیش کە لەسەر زەوی دەخشێت، ئەوە قێزەونە و ناخورێت. (٤٢) هەرچی لەسەر سکی بڕوات و هەرچی لەسەر چوارپێ بڕوات لەگەڵ هەموو ئەوەی پێی زیاترە، لە هەموو خشۆکەکان کە لەسەر زەوی دەخشێن مەیخۆن، چونکە قێزەونە بۆتان .

هەروەها سەبارەت بە خوێن دەڵێ:

پویمانی کۆن دواووتار ١٢: ١٦، ٢٣

(١٦) بەڵام خوێن ناخۆن، وەک ئاو دەیڕێژنە سەر زەوی.
(٢٣) بەڵام ئاگاداربن خوێن نەخۆن، چونکە خوێن ژیانەکەیە، جا ژیانەکە لەگەڵ گۆشتەکە مەخۆن،

تەورات ڕێگەی بە جولەکەکان دا گۆشتی ئاژەڵە سم شەقکراوەکان و کاوێژکەرەکان بخۆن، جگە لە وشتر، چونکە لەکاتێکدا کە کاوێژ دەکا، کۆتاییەکەی کاوێژ نییە (لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک کۆتایی نییە، وەک چۆن کۆتاییەکەی گۆڕاوە بۆ پادێک بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆڵ و خۆڵەمێشی بیابانەکاندا تێکەڵ بێت). هایراکس و دوپشکیش قەدەغە کرابوون. بەرازەکە

هەرچەندە کۆتاییەکەی دابڕاوە، بەڵام ڕومان ناکات. هەروەها ئەو نێچیرانەی کە لەلایەن نێچیرەکانی وەک شێرەوە دەکوژرێن قەدەغە بوو. پاشان تەورات جۆرەکانی باڵندەی قەدەغەکراوی دیاری کرد، وەکو باڵندەی باڵندە و کۆتر و هێستر و هتد.. هەروەها ئاژەڵە بچووکەکانی وەک مشک و کۆتر و کۆتری چاودێری و چەقەڵ و هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە لەسەر سکی خۆیان دەخزێن، هەروەها هەموو جۆرە مێرووییەک قەدەغە کرابوون. خوێنیش قەدەغە بوو.

پەرەگرافی یاسای جۆراوجۆر

تۆو یان میزدەڵاندن

تەورات دەڵێ ئەگەر پیاوێک تووشی دەڵاندن (تۆم یا میز) بوو، یان توانای کۆنترۆڵی، لەسەر دەڵاندن نەما، بەبێ ئارەزووی خۆی:

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٥: ١ - ١٨

(١) هەروەها خودا بە موسا و هارونی فەرموو :(٢) لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێن و پێیان بڵێن: هەر پیاوێک لێچوونی هەبێ لە ئەندامی نێرینەی، ئەوا لێچوونەکەی گڵاوە، (٣) ئەم لێچوونەشی دەبێتە هۆی گڵاوبوونی. ئەگەر ئەندامی نێرینەی لێچوونەکەی بەردەوام بێ یان ڕایگرتبوو، ئەوا گڵاوە.
(٤) ئەوەی لێچوونەکەی هەیە لەسەر هەر نوێنێک ڕابکشێ، گڵاو دەبێ، لەسەر هەر شتێکیش دانیشێ، گڵاو دەبێ. (٥) ئەوەی دەست لە نوێنەکەی بدا، دەبێ جلەکانی بشوا و بە ئاو خۆی بشوا و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ

(٦) هەرکەسێک لەسەر شتێک دابنیشێ کە کابرای لێچوو لەسەری دانیشتبوو، دەبێ جلەکانی بشوا و بە ئاو خۆی بشوا، هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێ
(٧) هەرکەسێ دەستی بەر لەشی کابرای لێچوو بکەوێ، دەبێ جلەکانی بشوا و خۆی بە ئاو بشوا و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ.
(٨) ئەگەر کابرای لێچوو تفی لە یەکێکی پاک کرد، دەبێت ئەو کەسەی کە پێشتر پاک بووە جلەکانی بشوا و بە ئاو خۆی بشوا و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێ
(٩) لە کاتی سواریدا زینەکەی ژێری گڵاو دەبێ، (١١) هەرکەسێکیش دەستی لێ بدا، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ، ئەوەی هەڵیانبگرێ، دەبێت جلەکانی بشوا و بە ئاو خۆی بشوا و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێ.
(١١) هەرکەسێکیش کابرای لێچوو دەستی لێ بدا، بێ ئەوەی دەستی بە ئاو بشوا، دەبێت جلەکانی بشوا و بە ئاو خۆی بشوا و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێ.
(١٢) هەر دەفرێکی گڵین کابرای لێچوو دەستی لێ بدا دەشکێنرێ، هەروەها هەر ئامرازێکی داریش بە ئاو دەشۆردرێ.
(١٣) ئەگەر کابرای لێچوو لە لێچوونەکەی پاک بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێ بۆ پاکبوونەوەی و جلەکانی دەشوا و بە ئاوی سازگار خۆی دەشوا، جا پاک دەبێتەوە .(١٤) جا لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەهێنێ، بۆ بەردەم خودا، بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و دەیانداتە کاهینەکە. (١٥) کاهینەکە یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی دیکەش قوربانی سووتاندن، کاهینەکە لەبەردەم خودا کەفارەتی بۆ دەکا لە لێچوونەکەی.
(١٦) ئەگەر پیاوێک تۆوی لێ هاتە دەرەوە، ئەوا هەموو لەشی بە ئاو دەشوا و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ، (٢٧) هەر جلێ یان چەرمێ تۆوی بکەوێتە سەر، دەبێ بە ئاو بشۆردرێ و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ .(١٨) هەروەها ئەو پیاوەی

کە لەگەڵ ژنەکەی ڕابکشێ و پیاوەکە تۆوی لێچوو، ئەوا دەبێ هەردووکیان خۆیان بە ئاو بشۆن و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبن.

ئەو کەسەی تۆم یان میز، بەبێ ویستی خۆی بدەڵێنێ پیسە، دەڵاندنەکە یا ئەو پیسیە تا هەفتەیەک دواتریش هەر بەردەوام دەبێ. جل و نوێن، خۆیشی بە پیس دادەنرێن. جل و نوێنەکەی پێویستە بشوا. لەکاتی سواریدا زینی ئەسپەکەی گڵاو دەبێ. هەرکەسێکیتر دەستی بە زینەکە بکەوێ، ئەویش تا ئێوارە گڵاو دەبێ.
ئەو پیاوەی بەبێ ئارەزووی خۆی، تووشی دەردانی تۆم یا میز دەبێ، لە ڕووی دینییەوە بە پیس دادەنرێ. تا ئەوکاتەی دەردراوەکە دەوەستێ و ئەم پیسییە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ دواتر بەردەوام دەبێ. جل و بەرگ و جێگەی نوستن و خۆی گڵاو دەبن و دەبێ خۆی بشوا و جلوبەرگ و جێگەی نوستنەکەی بشوا. ئەگەر سواری وڵاخێ بوو، ووڵاخەکە گڵاودەبێ دەبێ. ئەگەر دەستی لە دەفرێک دا کە بۆ فڕێدانی بەرد بەکاردێ، دەبێت دەفرەکە بشکێ. ئەگەر کەسێکی تر دەستی لە ئەندامی نێرینەی ئەو پیاوەی کە تووشی دەردراوەکە بووە، ئەوا ئەو کەسە تا ئێوارە ناپاک دەبێ و دەبێ خۆی بشوا.

لە قورئان، هیچ باسێک لەسەر تۆم دابەزین ناکا، تەنیا فیقهی ئیسلامی دەڵێ: محمد بن حکم دەڵێ: گوێم لە حرملة بن عبدالعزیز بوو کە دەیگوت: پرسیارم لە مالک کرد، دەربارەی پیاوێک کە بە قامچی لە بەشە تایبەتیەکانی خۆی دەدا، ئەویش ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

سورة المؤمنون ٢٣: ٥

وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ (٥)

و ئەوانەی کە پارێزەرن بۆ نێوگەڵیان. (٥)

هەرچەندە ئەو ئایەتە، زۆر مانای تری هەیە، بۆیە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە نییە، بۆ ئەو پرسە. لەبەرامبەر ئەوە ڕاڤەکار و فقهەکانی ئیسلام ڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ شتێک سەبارەت بەو بابەتە لە قورئاندا نییە. لێکدانەوەکانی ئەوانیش، هەرکەس بۆ خۆیەتی.

بەگشتی لە ئیسلامدا دەردانی تۆم یان چڵک لە ئەندامی نێرینە، یان میز چۆڕان، دەکەوێتە ژێر پۆلی خۆنەگرتن، کە دۆخێکی بەردەوامە. و کەسی نەخۆش لە نێوان پیسی و ناپیسی، هەرکەسێک تووشی خۆنەگرتنی تۆم، چڵک، یان میز بوو، بۆ هەموو نوێژێکی فەرز، پێویستە خۆی بشوا (غوسڵ) بکا. ابن قدامة دەڵێ:

> سەبارەت بە ڕێنمایی، فەرموودەی جیاواز هەیە. بە کورتی فقهەکانی ئیسلام توانای بیرکردنەیان نەبووە، تا بگەنە ڕایەکی لۆژیک و جیاواز. بۆیە تەنیا ڕا و بۆچوونی حاخامەکانی جولەکەیان دووبارەکردۆتەوە.[107]

[107] نفس المصدر، ص ١١٣

وەستاندنی ڕۆژ

لە پەیمانی کۆن دەڵێ خودا ڕۆژی بۆ یەشوع وەستاند، تا تۆڵە لە دوژمنانی بکاتەوە و نووێژیشی نەچێ:

پەیمانی کۆن یەشوع ١٠: ١٢ - ١٣

(١٢) لەو ڕۆژەدا کە خودا ئەموریيەکانی دایە دەست نەوەی ئیسرائیل، یەشوع لەگەڵ خودادا دوا، لەبەرچاوی ئیسرائیلدا گوتی: ئەی خۆر بەسەر گبعۆنەوە ڕابوەستە و ئەی مانگ بەسەر دۆڵی ئەیالۆنەوە. (١٣) جا خۆر ڕاوەستا و مانگیش وەستا، هەتا گەل تۆڵەیان لە دوژمنەکانیان سەندەوە. ئایا ئەمە لە پەڕتووکی یاشاردا نەنووسراوە؟ جا خۆر لەناو جەرگەی ئاسمان, ڕاوەستا و بۆ ماوەی یەک ڕۆژی تەواو لە ئاوابوون پەلەی نەکرد. (١٤) وەک ئەو ڕۆژە قەت نەبووە، نە لەپێشی و نە لەپاشی کە خودا ئاوا گوێ لە دەنگی کەسێ بگرێ، چونکە خودا بۆ پاڵپشتی ئیسرائیل دەجەنگا!

بێگومان موسڵمانانیش، دەبێ چیرۆکێکی هاوشێوە دابێنن. البیهقي، لە پەرتووکی (الدلائل)دا، لە السدي دەگێڕێتەوە: کاتی پەیامبەر، لە سەفەری گەشتی ئاسمان (الإسری) بردرا و گەلەکەی لە کاروانەکە و نیشانەکەی ئاگادار کردەوە، پرسیاریان کرد: (کەی دەگات؟)لە وەڵامدا گوتی: چوارشەممە. کە ئەو ڕۆژە گەیشت، قورەیشەکان چاویان لە ئاسمان دەگێڕا، بەڵام ڕۆژ تێپەڕی و هێشتا کاروانەکە نەگەیشتبوو. جا پێغەمبەر نوێژی کرد و کاتژمێرێک بۆ

ئەو ڕۆژە زیاد کرا، و ڕۆژی بۆ ڕاگیرا. ڕۆژ بۆ هیچ کەسێک نەگەڕایەوە جگە لە پەیامبەر و یەشوع کوڕی نون، کاتی شەڕی لەگەڵ زەبەلاحەکان کرد.[108]

لە تەورات، بەو شێوەیە هاتووە. ئەگەر ئەو شتانەی کە لە تەلمود و میشنادا هاتوون بۆی زیاد بکەین- لەگەڵ وتەی زارەکی پەیامبەرانی جولەکە، کە وەک سوننەت لە ئیسلامدا کاردەکەن- و ئەگەر هەندێ لەو لێکدانەوانەی، لە میشنا هاتووە زیاد بکەین، ئەوە بە ڕاشاوی، لێکچوونەکانی نێوان جوولەکە و ئیسلام زۆر دەبینرێن. هەندێ بیرۆکە لە دینی جوولەکەدا هەن، کە بەتەواوی هەمان بیرۆکەی دینی ئیسلامن.

هەموو ڕێنماییەکانی فیقهی جولەکە لەلایەن محمد یان فقهەکانی دوای ئەو لە تەورات و تالمود وەرگیراون. بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام هیچ شتێکی نوێی نەهێناوەتە، کە تەورات و تەلمود پێشتر نەیانهێنابێتە. هەندێ لە شرۆڤەکارانی بابەتەکانی پێشوو باسیان لەوە کردووە کە موسڵمانان دان بە لێکچوونەکانی نێوان تەورات و قورئاندا دەنێن، هەروەها دان بەوەدا دەنێن کە خودا تەوراتی بۆ موسا ناردووە، بەڵام جولەکەکان دەستکارییان کردووە.

ئەو تەوراتەی ئەمڕۆ لەبەردەستمان دایە، ڕێنماکان و فەرمانەکانی هاوشێوەی ڕێنمایی و فەرمانەکانی ئیسلامن. ئەوەش بەو مانایەیە کە قورئان و فیقهی ئیسلامی، لەو تەوراتە دەستکاریکراوە وەرگیراون، هەر بۆیەش دەستکاری کراوە، یان هەردوو پەرتووکی ئێستا لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، کە هەندێ لەو شتانەی لە تەوراتدا وتبوویان، لەبیری کردبوو و قورئانێکی بۆ محمد نارد، بەو مەبەستەی هاوشێوەی تەورات بێ، بەڵام کە هەندێ

[108] جلال الدين السيوطي، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، دار الفكر، بيروت، لبنان، ١٩٩٣، ج٣، تفسير سورة الإسراء

وردەکاریی لە چیرۆکەکاندا گۆڕیوە، وەک گۆڕینی ڕەنگی مانگا لە سوورەوە بۆ زەرد، یا هێڵە شینەکەی بەیانی بۆ ڕەش، و گۆڕانکارییەکی کەم لە هەندێک سزادا. ئایا ئەم گۆڕانکارییە بچووکە وایکرد کە خودای ئاسمان پەیامبەرێکی نوێ بنێرێت دوای ئەوەی زیاتر لە سەد هەزار پەیامبەر و نێردەی بۆ بەنی ئیسرائیل ناردبوون، وەک سەرچاوە ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن؟

مەی (الکهول)

لە ناو دەقەکانی تەورات، لە چەندین ئایەت و بابەتی جیاجیادا، باسی مەی کراوە. بەپێی ئایەتەکانی تەورات، مەی تەنیا بۆ کاهین لە کاتی ئەرکە دینیەکانیان، و بۆ دادوەران قەدەغە کراوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە سەر بیرکردنەوەیان بکا، کە بەهۆی هەر شتێکەوە کە ڕەنگە هەڵسەنگاندنیان بشێوێنێ، و نەتوانن بڕیاری دروست و دادوەرانە لەسەر ناکۆکییەکان بدەن. تەورات باس لەوە دەکات کە مەی دڵ دڵخۆش دەکا و مرۆڤ بە خۆشی سەما دەکا، لە هەمان کاتدا، باسی خراپە و زیانەکانی ئالوودەبوونیش دەکا. مەی تەنیا لە ناو هۆزی ڕەکابییەکان (Recabites) قەدەغەیە، چونکە یۆنادابی کوڕی ڕێکابی باپیرە گەورەیان، ڕێنمایی کردوون کە نەیخۆنەوە.

کەچی تەورات، داوا لە جولەکان دەکا ، یەکەم گەنم و یەکەم ڕۆن و یەکەم مەی بدەنە کاهین.

پەیمانی کۆن دواووتار ١٨: ٤

(٤) هەروەها یەکەمین بەرهەمی دانەوێڵە و شەرابی تازە و زەیت و یەکەم بڕینەوەی خوری مەڕەکانتانی پێدەدەن.

پەیمانی کۆن زەبوورەکان ١٠٤: ١٤ – ١٥

(١٤) گیا بۆ ئاژەڵی ماڵی دەڕوێنیت،
سەوزە بۆ خزمەتی مرۆڤ،
بۆ دەرهێنانی نان لە زەوییەوە.
(١٥) مەی پێ دەبەخشی بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ خۆش بکەی،
ڕۆن بۆ درەوشانەوەی زیاتری ڕووی،
نان بۆ پتەوکردنی دڵی مرۆڤ.

پەیمانی کۆن پەندەکان ٢١: ١٧

(١٧) ئەوەی حەزی لە ڕابواردن بێ، هەژار دەبێ،
ئەوەی حەز لە شەراب و ڕۆن بکا، دەوڵەمەند نابێ.

پەیمانی کۆن پەندەکانی سلێمان ٢٣: ٣٠ – ٣٥

(٣٠) بۆ ئەوانەی بە دیار شەرابەوە لەنگەر دەگرن،
ئەوانەی شەرابی تێکەڵاو تاقی دەکەنەوە.
(٣١) تەماشای شەراب مەکە بە ڕەنگی سووری،
کە لەناو جام پڕشنگی داوە،
بە سووکی دەچێتە خوارەوە!
(٣٢) لە کۆتاییەکەی وەک مار دەتگەزێ و
وەک تووڵەمار پێتەوەدەدا.

(٣٣) چاوەکانت شتی نامۆ دەبینن و
وڕێنەی سەیر و سەمەرە دەکەی.
(٣٤) وەک یەکێک دەبی لەناو دڵی دەریا پاڵکەوتبێ،
یان وەک یەکێک بەسەر دارئاڵای کەشتییەوە پاڵکەوتبێ.
(٣٥) دەڵێی: لێیان دام، ئازارم نەبوو!
کوتامیان، نەمزانی!
کەی بە هۆش خۆم دێمەوە،
هەتا بەردەوام بم و بخۆمەوە؟

پەیمانی کۆن لێڤیەکان ١٠: ٨ - ١٣

(٨) هەروەها خودا بە هارونی فەرموو:
(٩) شەراب و مەی مەخۆرەوە، خۆت و کوڕەکانیشت، لە کاتی چوونە ژوورەوەتان بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن، نەوەک بمرن. ئەمە فەرزێکی هەتاهەتاییە نەوە دوای نەوە. (١٠) بۆ ئەوەی بتوانن لەنێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو و لەنێوان پاک و گڵاو جیاکاری بکەن، (١١) هەروەها بۆ ئەوەی نەوەی ئیسرائیل دەربارەی هەموو فەرزەکان فێر بکەن کە یەزدان لە ڕێگەی موساوە لەگەڵیاندا دوا.
(١٢) موساش بە هارونی برای و دوو کوڕەکەی هارون، ئەلعازار و ئیتامار کە مابوونەوە گوتی: ئەو پێشکەشکراوە دانەوێڵەیەی لە قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان ماوەتەوە، بیبەن و لەتەنیشت قوربانگاکە بەبێ هەویرترش بیخۆن، چونکە هەرەپیرۆزە .(١٣) لە شوێنێکی پیرۆز بیخۆن، چونکە بەشی تۆ و بەشی کوڕەکانتە لە قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ خودا، چونکە من بەو شێوەیە فەرمانم داوە

پەیمانی کۆن یەرمیا ٣٥: ٥ – ٨

(٥) جامی پڕ شەراب و پەرداخم لەپێش کوڕانی بنەماڵەی ڕێکابییەکان دانا و پێم گوتن: شەراب بخۆنەوە!

(٦) بەڵام ئەوان گوتیان: ئێمە شەراب ناخۆینەوە، چونکە یۆنادابی کوڕی ڕێکابی باپیرە گەورەمان، فەرمانی پێ کردووین و گوتوویەتی: نە خۆتان و نە کوڕەکانتان بۆ هەتاهەتایە شەراب مەخۆنەوە .(٧) هەروەها خانوو بنیاد مەنێن، کشتوکاڵ مەکەن، ڕەزیش مەچێنن و نەتانبێت، بەڵکو بە درێژایی ژیانتان چادرنشین بن، بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژ لەسەر ڕووی ئەم خاکە بژین کە ئێوە تێیدا نامۆن. (٨) ئێمەش گوێڕایەڵی قسەکەی یۆنادابی کوڕی ڕێکابی باپیرە گەورەمان دەبین. لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێ کردووین، بە درێژایی ژیانمان نە خۆمان و نە ژنەکانمان و نە کوڕ و کچەکانمان شەراب ناخۆینەوە

بە کورتی دینی جوولەکە، ڕێگەی بە شەراب دەدا بۆ خەڵکی گشتی. بەڵام بۆ کاهینەکان، لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە دینییەکانیان، لە خزمەتی خودا قەدەغەیە، هەروەها بۆ دادوەران بە تەواوی، چونکە دەبێت لە هەموو کاتێکدا بە تەواوی خاوەنی توانای دەروونی خۆیان بن بۆ ئەوەی خۆیان لە هەر کردارێک بەدوور بگرن، کە ئەگەر سەرخۆش بن، کاریگەری خراپی لەسەر ناو و دادوەریان هەبێ.

تەورات باسی سوودەکانی شەراب دەکات، وەکو خۆشی و سەما و گۆرانی و خۆشی، بەڵام باسی خراپیەکانیشی دەکا، وەک ئالوودەبوون و نەخۆشی و هتد. هۆزێکی ئیسرائیلی هەیە کە پێی دەوترێت ڕەکابییەکان (Recabites)، باپیرەکەیان بۆ هەمیشە، خواردنەوەی شەرابی لێ قەدەغە کردوون.

بەڵام هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە مەی، لە سەرەتای سەردەمی مەدینە، نا ڕوونە. هەروەها بە درێژایی ساڵانی مەککە، باسێک، سەبارەت بە مەی نادۆزینتەوە، و موسوڵمانان بەردەوام دەیانخواردەوە، دوای کۆچ بۆ مەدینە. تا لە ساڵی سێیەمی کۆچی، کاتی ئایەتی مەی لە سورەتی البقرة هات.کە دەڵێن یەکەم سورەتە لە مەدینە هاتبێ. و لە کۆتایی دەڵێ:

سورة البقرة ٢: ٢١٩

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ (٢١٩)

لێت دەپرسن سەبارەت بە مەی و قومار بڵێ: گوناهێکی گەورە و سوودیان بۆ خەڵك تێدایە، وە گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودیان. (٢١٩)

قورئان دان بەوەدا دەنێ، کە مەی و قومار سوودی بۆ مرۆڤ هەیە، بەڵام هەڵگری گوناهی گەورەشن. بەو پێیەش تاوان بریتییە لە ئەنجامدانی سەرپێچی یا کارێک، کە لەلایەن خوداوە قەدەغە کراوە. کحول سوودی بۆ مرۆڤ هەیە. ئەگەر بە ڕێژەیەکی مامناوەندی بخواتەوە. ڕێگری دەکات لە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و چێژ بۆ خواردنەوەکە دەهێنێ. بەڵام قومار هیچ سوودێکی نییە جگە لە براوەکان کە کەمینەن. زۆرینەی یاریزانان بەهۆی قومارەوە زیانیان پێدەگا، هەروەها دروست نییە، لەبەر کەمینەیەک کە دەباتەوە، شتەکە بگشتێندرێ. قورئان باسی هیچ زیانێکی پەیوەست بە مەی نەکردووە جگە لەوەی کە گوناهێکی گەورەیە.

جارێکیان عمر بن الخطاب، بە سەرخۆشی، بۆ نوێژکردن هات. لە خوێندنی قورئان هەڵەی کرد. بۆیە ئایەتێک هات:

سورة النساء ٤: ٤٣

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ (٤٣)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە نوێژکردن نزیك مەکەونەوە کاتێك سەرخۆشن، تاوەکو دەزانن چی دەڵێن. و نە کاتێك لەشت پیسە، مەگەر ڕێبوار بی، تاوەکو خۆتان دەشۆن (٤٣)

تا ئێرە مەی قەدەغە نەکراوە، تەنیا دەڵێ لە نوێژکردن نزیک مەبنەوە، کاتی سەرخۆشن. لەو کاتەوە موسوڵمامنان، پاش نوێژی کۆتایی بەردەوام بوون لە خواردنەوە. تا ئەو کاتەی هەمزەی مامی محمد سەرخۆش بوو. شەوێک دوای خواردنەوە. تا ئەو کاتەڵە قورئان بەڕوونی مەی قەدەغە نەکردبوو، بەڵکو دەڵێت: (لەکاتی سەرخۆشیدا لە نوێژ نزیک مەبنەوە). موسڵمانان دوای نوێژی شەو، لەسەر خواردنەوەی مەی بەردەوام دەبوون.

تا شەوێک حەمزەی مامی محمد، سەرخۆش بوو. بە سەرخۆشی لەو ماڵە دەردەچێ، کە لێی دەخواردەوە. لە دەروە دوو وشتری، بەستراوەی دۆزینەوە، کە هی عەلی کوڕی ئەبی تالیب بوون. حەمزە لاپەراسووی وشترەکانی بڕییەوە. بۆ ئەوەی سووریان کاتەوە، تا لەگەڵ مەی بیخوا. عەلی بۆ سکاڵا دەچێتە لای پەیامبەر و پێی گوت کە حەمزەی مامی چی کردووە. پەیامبەر هاتە ماڵەکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ مامی قسە بکا، بەڵام حەمزە بە بێ ئەدەبی قسەی لەگەڵ پەیامبەر کرد، بە پێچەوانەی ئەو ڕێز و ڕێزەی کە دەبوو بۆی. دەوترێت بە پەیامبەری گوت: ئێوە جگە لە کۆیلەی باوکم هیچی ترنین؟ .[109]

[109]النيسابوري، أحمد أبو الحسن بن علي، أسباب النزول، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١، سورة المائدة ٩٠، ص ٢١٠

پەیامبەر بە تووڕەیی ڕۆیشت، بەڵام نە لە کاتی سەرخۆشی و نە دوای ئەوە، سەرزەنشتی حەمزەی نەکرد. دواتر ئایەتێک دابەزی:

سورة المائدة ٥: ٩٠ – ٩١

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَـٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَـٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (٩٠) إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَـٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ (٩١)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە ڕاستیدا مەی و قومار و بوتەکان و تیر و پوپشك گڵاوین لە کارەکانی شەیتان، جا خۆتانی لێ بەدوور بگرن، بەڵکو سەرکەوتوو دەبن. (٩٠) لە ڕاستیدا شەیتان دەیەوێ دوژمنایەتی و ڕقوقین بە هۆی مەی و قومار بخاتە نێوانتان و لە یادکردنەوەی خودا و لە نوێژکردن بەلاڕێتاندا ببا، جا ئایا ئێوە کۆتا یپ دێنن؟ (٩١)

ڕاڤەکارانی موسوڵمان ووشەی (دوورکەوتنەوە) یان بەوە لێکداوەتەوە، مانای قەدەغەیە، بەڵام ئەوەیان ڕوون نەکردۆتەوە. هەرچەندە قورئان هەمان وشەی (دوورکەوتنەوە)ی بەکارهێناوە. کەواتە تەنیا گومانە، ئامۆژگاری دەدا لێی دوورکەونەوە، بەڵام قەدەغە نییە.

لە ئایەتی سەبارەت بە مەی خودا دەڵێ: دوورکەونەوە (فاجتنبوه) و ناڵی لێتان قەدەغەیە (حرّمت علیکم).

سەبارەت بە قەدەغە، قورئان لە چەندین ئایەت بە ڕاشکاوی، سەبارەت بە شتی جیاجیا دەڵێ قەدەغەیە، کەواتە نووسەری قورئان دەیتوانی لە جیاتی دوورکەونەوە (فاجتنبوه) بنووسێ لێم قەدەغەکردوون (حُرمت علیکم). وەک ئەو ئایەتەی خوارەوە، بەوەش گومانێک بۆ فقهەکانی ئیسلام نەدەمایەوە.

سورة النساء ٤: ٢٣

حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ..... (٢٣)

لێتان حەرام کراوە: دایکانتان و کچەکانتان و خوشکەکانتان... (٢٣)

پوختەی باسەکە ئەوەیە، ئیسلام هەڵوێستێکی دووفاقەی، سەبارەت بە مەی هەیە، نە بە ئاشکرا قەدەغەی کردووە. و نە بە ئاشکرا ڕێگەی پێداوە. بەڵکو لە نێوانی ڕێگەپێدان و قەدەغە، بە ناڕوونی جێیهێشتووە، تەنیا بە ئامۆژگاریکردنی باوەڕداران کە خۆیانی لێ بەدوور بگرن. لێرەدا لۆژیک شکست دێنێ. لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی خودا ڕێگەی بە مەی بۆ جولەکە و کریستیان داوە، پاشان بۆ موسڵمانان قەدەغەی کرد، دوای ئەوەی لە سەرەتای بانگهێژی پەیامەکەی، بۆ ماوەی زیاتر لە شانزە ساڵ ڕێگەی پێدا. ئەو دووفاقییەش دەتوانرێ لە زۆر بواری تری دینی ئیسلام ببینرێ.

گەلی هەڵبژاردەی خودا

خودا بە بنی ئیسرائیلی گوت:

پەیمانی کۆن دواووتار ٧: ٦

(٦) چونکە ئێوە گەلێکی پیرۆزن بۆ خودا پەروەردگارتان. لەناو هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی، خودای پەروەردگارتان ئێوەی هەڵبژارد، تا بۆی ببن بە گەلی ئەو، ببنە گەنجینەیەکی تایبەت.

قورئانیش بە موسوڵمانانی گوت:

سورة آل عمران ٣: ١١٠

كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ(١١٠)

ئێوە چاکترین میللەت بوون، بۆ خەڵك هێنراونەتە ئاراوە، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگا دەگرن لە خراپە (١١٠)

شرۆڤەکاران و فقهەکان، ئەو ئایەتەیان بە چەقی بانگهێژتیان دادەنا. و دەیانگوت، باشترین نەتەوە موسوڵمانن، و باشترین دینیش ئیسلامە، باشترین پەیامبەریش محەمەدە. ئەو ئشرۆڤەکار و فیقهانە، ئاماژەیان بە هەندێ فەرموودەکرد، کە گوایە هەندێک هۆزی جولەکە گۆڕدراون بۆ مشک. بێجگە لەوەش، لە ئایەتی قورئان کە دەڵێن خودا ئەو جولەکانەی لە ڕۆژی شەممەدا سەرپێچییان کرد، کردنیە مەیموون. هەموو ئامانجی ئەم سووکایەتیکردنە بە جولەکان، ئەوە بوو موسڵمانان جێگەیان بگرنەوە، و ببنە گەلی هەڵبژێردراوی خودا.

جادوو (سحر)

هەر لەسەرەتای پەرەسەندنی کۆمەڵگەی شارستانی، جادوو بەشێک بووە لە بیرکردنەوە و باوەڕی مرۆڤ. کاتی دینەکانیش هاتن جادوو وەک بەشێکی نەبڕاوە یان هێزێ خودایی، وەک پەڕجوو (معجزة) لە پشت نەبیەکان دەبینرا. هەر ئەوەش بوو دینەکان بە هەموو توانایەنەوە، بەرەنگاری جادووگەر و جادوو دەبوونەوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام وەک ترسێک لەسەر جادووی دینی دەیانبینی.

هەر لە سەرەتاوە دینی جولەکە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی جادووگەری دەدا. و تا ڕادەیەک نەرێتی جولەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە تەورات فەرمانی کوشتنی جادووگەر دەدا، چونکە خەڵک فریو دەدا و پێیان وایە کە خاوەنی دەسەڵاتە، و بەراورد دەکرێ بە هێزی خودا، وەک گۆڕینی پەتێک بۆ مار. هەروەها دینی کریستیان، بەرەنگاری جادووگەری دەبووەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، دادگای پشکنینی کریستیانی دەیان هەزار ژنی بە تۆمەتی جادووگەری سووتاند.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٢٢: ١٨

(١٨) لێ مەگەڕێ جادووگەری ئافرەت بژێ .

ئەوەی کە لەو ئایەتە جێگای سەرسوڕمانە، تەنیا باسی جادووگەری ژن دەکا، کەچی لە جادووگەری پیاو بێدەنگە.

فیقهی ئیسلامی دا دە لێ: هە ندێ جۆری جادوو، کوفرە، لەوەی دەیکەن. بۆ نموونە دەڵێن، دەتوانین سیمای مرۆڤ بگۆڕین بۆ گیاندار، یان گەڕانەوە لە گەشت بۆ سەر مانگێک لە یە ک شە ودا، هە ڕوەها فڕین بە ئاسماندا، هەر کەسێ ئە م کارە بۆ فریودانی خەڵک بکا، بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەن، کوفری کردووە، أبو نصر عبدالرحیم القشیري. قال أبو عمرو دەڵێ: هەرکەسێ بانگەشەی ئەوە بکا، کە جادووگەر دەتوانێ ئاژەڵێک لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر بگۆڕێ، مرۆڤ بکاتە کەر یان شتێکی هاوشێوە، و توانای گواستنەوە و لەناوبردن و گۆڕینی جەستەی هەیە، ئەوا پێویستە ئەم کەسە بکوژرێ. چونکە کفر بە پەیامبەران دەکا، بانگەشەی ئەوە دەکات کە خاوەنی نیشانە و پەڕجووی هاوشێوەی ئەوانە، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، وەک چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی فێڵەوە پەڕجووەکانی هاوشێوەکان بەدەست بهێنرێن، بەڵام ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە جادوو تەنیا فێڵ و وەهمە، ئەوا نابێ ساحیرەکە بکوژرێ. مەگەر بە جادووەکەی کەسێک نەکوژێ، لەو دۆخەدا پێویستە لە تۆڵەسەندنەوەدا بکوژرێت.[110]

جیاوازی نێوان جوولەکە و ئیسلام لێرەدا ئەوەیە کە لە ئیسلامدا جادووگەر تەنیا لە دۆخێکدا دەکوژرێ، کە کەسێک بە جادووەکەی بکوژێ. هۆکاری ئەوەش لە قورئاندا هاتووە، کە خودا هاروت و ماروتی ناردووە بۆ ئەوەی خەڵک فێری جادوو بکەن. بۆیە مادام خودا ئەو کەسەیە کە فێری جادووی کردوون، نابێ جادووگەر بکوژرێ.

سورة البقرة ٢: ١٠٢

وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَـٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَـٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ

[110] محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، دار الفكر، بدون تاريخ، ج ٥، سورة النساء الآية ٥٨

وَمَـٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ (١٠٢)

وه شوێن ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان بەسەر مەملەکەتی سلێماندا دەیانخوێندەوە، وە سلێمان کوفری نەکرد بەڵکو شەیتانەکان کوفریان کرد، خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، وە ئەوەی بە سەر دوو فریشتەکە، هاروووت و ماروووت، لە بابل دایبەزاند، وە هیچ کەسێکیان فێرە جادوو نەدەکرد تاوەکو دەیانگوت: لە ڕاستیدا ئێمە بۆ ئاژاوە نانەوەین، جا نەکەی کوفر بکەی. (لە هاروووت و ماروووت) فێردەبوون کە چۆن پیاو و ژنەکەی لەیەك بکەن، و بە مۆڵەتی خودا بووایە، و (جووەکان)فێرە ئەوە نەدەبوون، کە زیانی پێیان دەگەیاند، و سوودی پێیان نەدەگەیاند. و سوێند بێ هەر کەسێ کە جادووەکەی دەکڕی دەیزانی، کە هیچ بەهایەکی نابێ، لە کۆتایی، و بە دڵنیاییەوە ئەو نرخەی خۆیان پێ فرۆشت زۆر خراپ بوو، ئەگەر بیزانیایە (١٠٢)

نەبیەکانی تەورات لە قورئان

لە ناو ئایەتەکانی قورئان، ناوی زۆر نەبی هاتووە، بەلام قورئان ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو نەبیانە نادا. یانیش بە هەڵە باسیان دەکا.

جێگای سەرنجە کە هیچ لە نەبیەکانی ناو قورئان چیرۆکێکی سەربەخۆیان نییە. و پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیشیان بێ ووردەکاریە. لەلایەک ئەو ئایەتانەی باسی نەبیەک دەکەن، بە شێوەی پچڕ پچڕ، لە چوارچێوەی (سورەت)ی دیاریکراوی قورئاندا دەردەکەون، و باس لەوە دەکەن کە پەیوەندی بە تەوەری ئەو بابەتە هەیە. بۆیە زۆر لە چیرۆکەکانی قورئان، لە چەندین سورەت و ئایەتی تردا، دووبارە بوونەتەوە و تەنیا جارێک باسیان نەکراوە. لەبەرامبەردا، هەمان چیرۆک لە تەورات، یەک جار، بەشێوەیەکی سەربەخۆ، و لە پرۆسەی گێڕانەوەیەکی کۆژێک و پڕ ووردەکاری، لە چوارچێوەی یەک تەوردا بەرجەستەکراوە، و دیمەنی ڕووداوەکان و دەرئەنجامی سەقامگیر، و بەبێ دووبارەکردنەوە.[111]

[111] بدران، أ. غسان عاطف (٢٠١١) قصة آدم بين القرآن الكريم والتوراة، دراسة مقارنة، مجلة جامعة القدس المفتوحة. ص ٣

ئادەم

بەپێی تەناخ (پەیمانی کۆن) پەرتووکی ئەفراندن، ئادەم بە عیبری (אָדָם)، بە ئارامی : (ܐܕܡ)، بە یونانی: (Aδάμ) ناویکی هاوبەشە، لە نێوان گشت زمانە سامییەکان، یەکەم جار وەک ناو بە ئادامو (Adamu)، ئەوەش لە تۆماری لیستی پاشاکانی ئاشووری دا هاتووە. ناوی ئادەم وەک بە بەربڵاوی لە زمانی عیبری بەکاردێ و بە مانای (مرۆڤ) دێ. لە پەیمانی کۆن سیفری ئەفراندن (Genesis) ناوی ئادەم وەک مرۆڤ بەکار هاتووە. بەپێی هەمان سەرچاوە ئادەم بە باوکی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی دێ.

کەسایەتی ئادەم، لە تەناخ، پەرتووکی ئەفراندن و لە پەیمانی نوێ و قورئان باسکراوە. بەپێی چیرۆکی ئەفراندن لە دینە ئیبراهیمیەکان، ئادەم یەکەم مرۆڤ بووە. سەرەتاییترین باسی ئادەم لە دینی جوولەکانەوە هاتووە، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی تەناخ پەرتووکی ئەفراندن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پ.س.ب. ئادەم لەلایەن یەهوە-ئیلۆهیم (یەهوە-اللّٰه) ناوی کۆن بۆ خودا لە ناو ئیسرائیلییەکاندا دروستکراوە، هەرچەندە زاراوەی "ئادەم" دەتوانێت هەم ئاماژە بە مرۆڤی یەکەم و هەم بۆ دروستبوونی گشتی مرۆڤایەتی بکا.

لە پێنج بەشەکانی سەرەتای سیفری ئەفراندن ووشەی ئادەم بە گشت ماناکانی بەکار هاتووە، کە بە شێوەی کۆمەڵ بە مرۆڤ (١: ٢٧) دێ و بە تاک دەبێتە کەس. (٢: ٧)

لە پەرتووکی ئەفراندن ١: ٢٧ ناوی (ئادەم) بە مانای کۆمەڵ بەکار هاتووە. مەبەستی تاک نییە، بەڵکوو کۆیە، کە لە ڕۆژی شەشەم دروستکران.

لە پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٧ یەکەم پەرەگراف ئادەم بە مانای تاک (یەک مرۆڤ دێ) بەر لەو پەرەگرافە ڕەگەز و جۆر بوونی نەبووە.

له پەیمانی کۆن

ئادەم ناوێکی عیبریە، واتە مرۆڤ یان ڕەگەزی مرۆڤ. هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕیشەی ووشەی ئادەم، دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی ئادامۆ (Adamu)ی ئەکەدی یان ئاشووری بە مانای کاردەکا، یان بەرهەم دێنێ و مرۆڤە. بەپێی باوەڕی دین مرۆڤ لە ئەفراندنی خودایە، وەک هەر بوونەوەرێکی دیکە.

بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکانی پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفران، ناکۆکیەکی ڕوون دەکەوێتر بەرچاو. لە دوو دەقی یەکەم و دووەمی سەرەتادا، یەکەم جار باسی دروستکردنی مرۆڤایەتی دەکا، کە نێرو مێ هەردووکیان لە گڵ دروستکراون. هاوشانن. و کەچی لە دەقی دووەم باسەکە دەگۆڕێ و خودا پیاوێک دروست دەکا دوایی لە پەراسووی پیاوەکە ژن دروست دەکا. لە دیمەنی یەکەم گێڕانەوەکە لەگەڵ ئەفسانەی بابلی و سۆمەرپی دێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو دەقە و چەندین دەقی دیکەی ناو تەورات،کا ئاوا ناکۆکیان تێکەوتووە، دوای گونجانی دوو گێڕانەوەی پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن نووسراون. و ئەم تێکەڵبوونەش دوای گەڕانەوەی جولەکان، لە دیلێتی بابل لە ساڵی ٥٣٨ پ.س.ب ڕوویداوە.[112]

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ١: ٢٦ - ٢٧

(٢٦) ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.

[112] قاشا، الأب سهيل (١٩٩٨) الكتابات البابلية في المدونات التوراتية، بيسان للنشر و التوزيع و الإعلام. ص 146.

(٢٧) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا،
لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا،
بە نێر و مێ بەدیهێنان.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٢١ – ٢٢

بەڵام بۆ پیاوەکە هیچ یاریدەرێکی هاوشان نەدۆزرایەوە.
(٢١) لە ئەنجامدا خودای پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵ. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە .(٢٢) ئینجا خودای پەروەردگار ژنێکی لەو پەراسووە ئەفراند، کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.

ئەفراندن ٢: ١٦ – ١٧

(١٥) خودای پەروەردگار پیاوەکەی هێنا و لە باخچەی عەدەن داینا، بۆ ئیشی جوتیاری و بایەخ پێدانی .(١٦) خودای پەروەردگار فەرمانی بە پیاوەکە دا و فەرمووی: تۆ ئازادی لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆی، (١٧) بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆی، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆی بێگومان دەمری.

لە کاتێکدا دینی کریستیانی باوەڕی وایە، کە ئادەم دواتر ڕزگار دەکرێ، تەنیا لە ڕێگەی قوربانیدانی یەسو (عیسا). ئادەم بە یەکەم پەیامبەر لە ئیسلام و باوەڕی بەهایی و هەندێک ئاینزای کریستیانی دادەنرێ. بەڵام بێدینەکان ئەمە وەک بەشێک لەو شتە دەزانن کە پێی دەڵێن ئەفسانەی دروستکردن.
ئادەم لە کەنیسەکانی کریستیانی

کریستیانەکان باوەڕیان وایە، ئادەم یەکەم ئەفرێندراوی خودایە، لە بەهەشت دەرکراوە، لەبەر ئەوەی لە بەری درەختی زانینی چاکە و خراپەی خواردووە. ئەوە تاوانی یەکەمە لە سفری ئەفراندن تۆمارکراوێ، دەرئەنجامی ئەو تاوانە، جەستەی خودایی لە کریست دا نەما. تا ئەو ڕۆژەی کریست دەبێتە بەڵاگێڕ و لە خاچ دەدرێ، و ئەوسا خودالە تاوانی ئادەم دەبووری. کە سزاکەی مەرگ و لەناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤ بوو.
کریستیانی باوەڕی وایە سروشتی مرۆڤ ناتەواوە، هۆکارەکەشی هەڵەی ئادەمە. ئەو بیرکردنەوەیە نە لە دینی جولەکە، یان دینی ئیسلام دانییە.

لە ناو کەنیسەکانی کریستیانی، تێڕوانینی جیاواز هەیە، سەبارەت بە کردەوەکانی ئادەم دوای سەرپێچیکردنی لە فەرمانی خودا (زۆرجار پێی دەوترێ: کەوتنی مرۆڤ) و دەرئەنجامەکانی ئەو کارانە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی. هەندێ جار، ڕێنماییەکانی کریستیانی و جولەکە پلەی جیاوازی بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی ئادەم و حەوا (یەکەم ژن) بۆ کەوتن.

بەر بڵاوترین باوەڕ لەسەر ئادەم و بێفەرمانی خوداکردن، لەلایەن پاولۆسی تەرسوسیەوە دارێژراوە، کە سوود لە تەوژمی باوی بیرکردنەوەی جولەکانی هێلێنیستی وەرگرتووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، گوناهی ئادەم، هۆکار بوو، کە مردن و گوناه هاتووتە ناو جیهان. گوناه بۆ پاولۆس هێزێک بوو کە هەموو مرۆڤەکان ملکەچی بوون، بەڵام هاتنی کریست ئەو ئامرازانەی نیشان دا ،کە ڕاستودروستەکان و دڵپاکەکان، دەتوانن بچنە ئەو بەهەشتەی کە گوناهی مرۆڤی ئادەم ڕێگری لێکردبوون. پاولۆس بیری لەوە نەدەکردەوە، کە ئەو گوناهە بنەڕەتیەی ئادەم لە ڕووی بایۆلۆژییەوە گواستراوەتەوە. یان نەوەکانی دواتر بەهۆی کردەوەکانی ئادەمی باپیرەیانەوە سزا دەدرێن. ئەوە ئۆگستین بوو کە ئەم هەنگاوەی نا، و شوێنی گوناهەکەی خۆی لە تۆمی پیاودا دانا، بۆ ئەوەش پاساو هێنایەوە کە دەڵێ:

کاتی ئادەم و حەوا میوەکەیان خوارد، شەرمیان دەکرد و ئەندامی زاوزێیان داپۆشی. لێرەدا گوناهی ڕەسەن گواسترایەوە بۆ هەموو نەوەکانی داهاتوو. تەنیا یەسوی کریست نەبێ، کە لە تۆمی مرۆڤ بەرهەم نەهاتووە، ئەو خەوشەی تێدا نییە کە لە ئادەمەوە گواستراوەتەوە.

ئادەم لەدینی مەندائی

ناوی (الصابئة) لە کرداری مەندائی ئارامیی "مصبتأ"ەوە سەرچاوەی گرتووە، بە واتای (لە ئاو هەڵکێشان) یان (شۆردن) دێ، کە واتای پاککردنەوە و خاوێنی دەدا. لە هەمان کاتدا، ناوی دینێکی یەکتاپەرستیە کە شوێنکەوتووانی پێیان وایە بۆ پەیامبەر ئادەم دابەزیوە. ئەوان پەرتووکی پیرۆزیان، ناوی (کەنزا ڕەبا)یە، بە واتای (گەنجینەی گەورە) کە ماندابیەکان باوەڕیان وایە، پەرتووکی پیرۆزی ئادەمە، کە یەکێکە لە حەوت پەیامبەرەکەیان: ئادەم، شیت، ئێنوخ، نوح، شەم (سام کوڕی نوح)، و یۆحەنای لە ئاوهەڵکێش (یەحیا کوڕی زەکەریا). وەک پەیامبەری دینی مەندائی دەبینن. و ئادەم نوێنەری گشت مرۆڤایەتیە. و یەکەم پەیامبەری نێردراوە لەلایەن خوداوە. مەندائی باوەڕیان وایە، ئادەم و حەوا لە یەک گڵ دروست بوون. هیچ جیاوازیان نییە. ئەوەش پێچەوانەی هەرسێ دینەکانی جولەکە، کریستیانی و ئیسلامە.

چیرۆکی ئادەم لە قورئان

چیرۆکی ئادەم و دەرکرانی لە بەهەشت، لە باوەڕی ئیسلام، وایە کە ئادەم هەر لەسەرەتاوە، چارەنووسی وابووە، بە واتایەکیتر چارەنووسی لە لەوحی مەحفوز دیاریکرابوو، کە لەسەر زەوی نیشتەجێ بێ. و چیرۆکی درەختی ژیان، تەنیا تاقیکردنەوەیەک بووە، هەروەها هەردوو ئادەم و حەوا لە بەرپرسیارێتی کەوتندا هاوبەشن. جگە لەوەش موسڵمانان باوەڕیان وایە، کە ئادەم لە کۆتاییدا بەر لێخۆشبوونی خودا کەوت.

بە گشتی ناوی ئادەم ٢٥ جار لە ناو ئایەتەکانی قورئان دووبارە بۆتەوە، و ٦ جاریش بە بنی ئادەم هاتووە.

آل عمران ٣: ٥٩

إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (٥٩)

نموونەی عیسا لای خودا وەك نموونەی ئادەمە، لە خۆڵ دروستیکردووە، ئینجا پێی گوت: ببە یەکسەر دەبێ (٥٩)

ئەگەر دروستبوونی یەسو (عیسا) بەبێ باوک نیشانەیەکی سەرسوڕهێنەربێ، کەواتە دروستبوونی ئادەم لە خۆڵەوە نیشانەیەکی سەرسوڕهێنەرترە، چونکە یەسو بەبێ باوک دروست بووە و ئادەم بەبێ باوک و دایک دروست بووە.

سورة البقرة ٢: ٣٠ - ٣٩

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ

مَا لَا تَعْلَمُونَ (٣٠) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ (٣٣) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٣٤) وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (٣٥) فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (٣٦) فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (٣٧) قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٣٨) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٣٩)

كه خوداكەت به فريشتەكا ن ى گوت له ڕاستيدا من جێنشينێك له زەويدا دادەنێم، گوتيان: ئايا كەسێكى تيادا دادەنێى كه خراپەكارى تيادا بكات و خوێن بڕێژێت؟ وه ئێمه به شكۆت هەڵدەدەين و پيرۆزى تۆ ڕادەگرين، گوتى ئەوەى من دەزانم ئێوه نازانن. (٣٠) و ئادەمى فێره هەموو ناوەكان كرد، ئينجا نيشانى فريشتەكانى دا، و گوتى: ناوى ئەوانەم پێ بڵێن ئەگەر ئێوه ڕاستگۆن (٣١) گوتيان تۆ شكۆمەندى، هيچ نازانين، تەنيا ئەوه نەبێ كه تۆ فێرت كردووين، هەر تۆ شارەزا و لێزانى (٣٢) گوتى ئەى ئادەم ناوەكانيان پێ بڵێ، كاتى به ناوەكانيان ئاگادارى كردنەوه، گوتى ئەى به ئێوەم نەگوت، هەر خۆم به غەيبى ئاسمانەكان و زەوى دەزانم. و دەزانم ئەوەى دەريدەخەن و ئەوەى دەتانساردەوه (٣٣) كه به فريشتەكانمان گوت، كڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، سا

کرنۆشیان بر، تەنیا ئیبلیس نەبێ، ڕەتیکردەوە. و خۆی بە گەورەزانی، و لە کافرەکان بوو (٣٤) گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت، لە بەهەشت بژین، و لە هەر کوێیەک ئارەزووتانکرد بخۆن، و نەکەن لەو درەختە نزیک ببنەوە، ئەگینا لە ستەمکاران دەبن (٣٥) ئەوسا شەیتان لێیەوە لایبردن و لەوەی تیایدابوو بوون بە دەرکردنی دان. گوتمان دابەزن، هەندیکتان دوژمن بن، و بۆ ئێوە لە زەویدا سرەوتن هەیە. و خۆشیکردن بۆ ماوەیەک (٣٦) جا ئادەم لە خوداکەیەوە چەند ووتەیەکی پێگەیشت، و لێی بووری، لێبوورده و میهرەبانە (٣٧) گوتمان گشتتان لێی دابەزن، جا یا لە منەوە هیدایەتتان بۆ دێ، ئەوکات هەر کەسێک هیدایەتم پیادەبکا، ئەوە نە ترسیان لەسەرە و نە دڵتەنگ دەبن (٣٨) و ئەوانەی کفریان کردووە، و نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کردووە، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە (٣٩)

سورة ص ٣٨: ٧١

إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ طِينٍ (٧١)

کە خوداکەت بە فریشتەکانی گوت، من مرۆڤ لە قوڕ درووستدەکە. (٧١)

سورة البقرة ٢: ٣٥

وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (٣٥)

وە گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە لە هەر کوێیەك ئارەزووتان کرد بخۆن، وە نەکەن لەم درەختە نزیك ببنەوە، ئەگینا لە ستەمکاران دەبن (٣٥).

ئادەم و ژنەکەی فەرمانیان پێکرابوو لە بەهەشتدا بژین و هەرچی بەتام و خۆش بێت بیخۆن، بەڵام خودا ئاگاداری کردنەوە، لەسەرتاسەری بەهەشت، لە یەک درەخت نزیک نەبنەوە. ئەوەش تاقیکردنەوەیەک بوو، بۆ گوێڕایەڵی خودا.

سورة الأعراف ٧: ١٩

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (١٩)

ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن، بەڵام لەو درەختە نزیك مەبنەوە ئەگینا دەبنە یەکێك لە ستەمکاران. (١٩)

بەڵام شەیتان کە سوێندی خواردبوو کە ئادەم تاقی بکاتەوە، توانی باوەڕی پێبێنێ، کە لە درەختەکە بخوا، وا خۆی نیشان دا کە ئەو شتەی دەوێت کە باشترینە بۆ ئادەم و حەوا. ئەو دەیگوت، کە ئەوە درەختی نەمرییە، و خواردنی لێی نەمری لە بەهەشت و فەرمانڕەوایی هەمیشەیی بەدوای خۆیدا دێنێ. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئادەم و حەوا لە دارە قەدەغەکراوەکەیان خوارد، ئەمەش بووە هۆی دەرکردنیان لە بەهەشت. و تورەیی خودا بەرامبەر ئادەم و حەوا.

سورة طه ٢٠: ١١٧

فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَـٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰ (١١٧)

جا گوتمان ئەی ئادەم ئەوە دوژمنی تۆ و هاوسەرەکەتە، نەکا لە بەهەشت دەرتان بکا، ئەگینا سەرەڕۆ دەبن. (١١٧)

سورة طه ٢٠: ١٢٠ - ١٢١

فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّايَ
بْلَىٰ(١٢٠) فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَ
قِ الْجَنَّةِ وَعَصَىٰ آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَىٰ (١٢١)

جا ئادەم و ژنەکەی لە درەختەکەیان خوارد، نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیار کەوت، و نیوگەڵیان بە گەڵای بەهەشت داپۆشی، ئەوەبوو ئادەم سەرپێچی خوداکەی کرد و سەرکێش بوو (١٢١)

بەڵام خودای دوای ئەوە تەوبەی ئەوانی وەرگرت، دوای ئەوەی ئادەم داوای لێبوردنی لە پەروەردگار کرد و پەشیمانی دەربڕی، بۆیە خودا لێی بوورد. بەڵام سەرەڕای ئەوەش خودا لە بەهەشت دەریکردن، و بەڵێنی پێدا کە ئەگەر باوەڕیان پێی هەبێ و کارێکی چاک لەسەر زەوی بکەن دەگەڕێتەوە بۆی. ئەم ساتەوەختە سەرەتای دابەزینی ئادەم بوو بۆ سەر زەوی.

ئیدریس (ئێنۆخ)

ئیدریس (Enoch) ئێنوخ

ئێنۆخ، یارەد، مەهلەلئێل، قێنان، ئەنۆش، شیت و ئادەم.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٥: ٣ - ٢٤

(٣) کاتێک ئادەم تەمەنی سەد و سی ساڵ بوو، کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی و لە خۆی دەچوو، ناوی لێنا شیت .(٤) دوای لەدایکبوونی شیت، ئادەم هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(٥) هەموو تەمەنی ئادەم نۆ سەد و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٦) کاتێک شیت تەمەنی سەد و پێنج ساڵ بوو، ئەنۆش لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(٧) دوای لەدایکبوونی ئەنۆش، شیت هەشت سەد و حەوت ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(٨) هەموو تەمەنی شیت نۆ سەد و دوازدە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٩) کاتێک ئەنۆش تەمەنی نەوەد ساڵ بوو، قێنان لە نەوەی ئەو لەدایکبوو.

(١٠) دوای لەدایکبوونی قێنان، ئەنۆش هەشت سەد و پازدە ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(١١) هەموو تەمەنی ئەنۆش نۆ سەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٢) کاتێک قێنان تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، مەهلەلئێل لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١٣) دوای لەدایکبوونی مەهلەلئێل، قێنان هەشت سەد و

چل ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(١٤) هەموو تەمەنی قێنان نۆ سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٥) کاتێک مەهلەلئێل تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، یارەد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١٦) دوای لەدایکبوونی یارەد، مەهلەلئێل هەشت سەد و سی ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(١٧) هەموو تەمەنی مەهلەلئێل هەشت سەد و نەوەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٨) کاتێک یارەد تەمەنی سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، حەنۆخ لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١٩) دوای لەدایکبوونی حەنۆخ، یارەد هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .(٢٠) هەموو تەمەنی یارەد نۆ سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٢١) کاتێک حەنۆخ تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، مەتوشالح لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(٢٢) دوای ئەوەی حەنۆخ مەتوشالحی بوو، سێ سەد ساڵ دۆستایەتی خودای کرد، هەروەها کوڕ و کچی دیکەشی بوو .)٢٣) ئیتر هەموو ماوەی ژیانی حەنۆخ سێ سەد و شەست و پێنج ساڵ بوو .(٢٤) ئێنۆخ دۆستی خودا بوو، ئیتر کەس نەیبینییەوە، چونکە خودا بردییەوە لای خۆی.

بێجگە لەوەی سەرەوە لە تەورات باسی ئیدریس (ئێنۆخ) ناکا. بەڵام لە باوەڕی ئیسلام، لەدوای ئادەم و شیت، ئیدریس پلەی پەیامبەرایەتی وەردەگرێ.

هەرچەندە لە قورئانیش بێجگە لە دوو ئایەت شتێکی تر باسی ئیدریس ناکا.

سورة مريم ١٩: ٥٦

وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِدۡرِيسَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيّٗا (٥٦) وَرَفَعۡنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا (٥٧)

لە پەرتووکەکە ئاماژە بە ئیدریس بکە، کە نەبیەکی ڕاستگۆ بوو. (٥٦) و بۆ شوێنێکی بەرز هەڵمانکێشا (٥٧)

بەپێ ئەو دوو ئایەتە، دەبێ خودا ئیدریسی بۆ لای خۆی بەرزکردبێتەوە. ئەوەش بەڵگەیە کە نووسەری قورئان ئەو زانیارییەی، لە پەرتووکی ئێنۆخ وەرگرتووە.

سور: الأنبياء ٢١: ٨٥
وَإِسۡمَـٰعِيلَ وَإِدۡرِيسَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّـٰبِرِينَ (٨٥)
و ئیسماعیل و ئیدریس و ذالکیفل، هەریەکەیان لە کەسانی ئارام بوون. (٨٥)

ئەو دوو ئاماژەیە لە قورئان، بوونەتە سەرچاوەی کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی نالۆژیکی لە ئەدەبی ئیسلام دا.
ئیدریس یەکەم پەیامبەر بووە، لە نەوەی ئادەم، کە خودا ناردی تا خەڵکی واز لە گومڕایی بێنن.

بانگهێژی ئیدریس
شەیتان وازی لە نەوەی ئادەم نەهێناو خراپەکارانیش بە قسەیان کرد و لەسەر بێباوەڕی و هاوەڵ بۆ خوا پەیداکردن بەردەوام بوون. و وایان دەزانی ئەوە دینی ڕاستە و لە باو و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە. لەبەرئەوە ئیدریس سەر لە نوێ بانگهێژی نەوەی ئادەمی بۆ دینی ڕاستی خوا و یەکتاپەرستی کردەوە، تا لە دونیادا بە کردەوەی چاکەوە خۆیان خەریک بکەن و لە دواڕۆژیشدا لە سزای خوای گەورە ڕزگاریان بێ.
هەروەها ئیدریس دەیگوت: خۆشویستنی دونیاو ڕۆژی دوایی پێکەوە کۆنابنەوە. ژیانی مرۆڤ لە داناییدایە، و بەبێ دانایی ژیانی نییە.

هانیشی دەدان بۆ ڕۆزووی حەڵاڵ و پێی دەوتن: واز لە دەسکەوتی نامەردانە بێنن. و هەمیشە ڕۆزووی حەڵاڵ چاکە. ئەوەی ڕۆزووشی لە پێویستی ڕۆژانەی تێپەڕی ئیتر هیچ شتێکی تر چاوتێرو دەوڵەمەندی ناکا. ئیرەییش بە دونیای خەڵکی مەبەن، ئەوە ناهێنێ و تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم، چێژی لێوەردەگرن.

ئیدریس داوای لە نەوەی ئادەم کرد سوپاسی خودا بکەن، لەسەر ئەو بڕشت و ڕۆزووەی پێی بەخشیون و کۆمەکیی و یارمەتی لاوازو هەژارەکان بکەن، هەموو کات دەیگوت: مرۆڤ ئەوەندەی بە یارمەتیدان و کۆمەککردن و ڕێزلێگرتنی خەڵکی دەتوانێ، بە هیچ شتێکیتر ناتوانێ سوپاسی بە خششەکانی خوای گەورە بکات.

پاش ئەوەی ئیدریس (ئێنۆخ) بانگەوازی خودای بە نەوەی ئادەم لە ناوچەکانی بابل و میسر گەیاند؛ خاکی میسری بەجێهێشت و زۆرێک لە ناوچەکانی تری سەر زەوی گەڕاو لەهەر جێیەک نەوەی ئادەمی لێبووبێ بانگەوازی پێگەیاندن و پاشان گەڕایەوە بۆ میسرو لە دوای تێپەڕبوونی ٨٢ ساڵ لە تەمەنی، خودا بۆ لای خۆی بەرزی کردەوە.[113]

قورئان ناوی ئیدریسی هێناوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی ووردەکاریەکانی ژیانی ناکا. تەنیا ناوی وەک نەبیەکی خودا دێنێ. و خودا ئاستی پەیامبەرایەتی بە ئیدریس داوە.

[113] THE COMPLETE BOOK OF ENOCH, Dr. Jay Winter, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data.

نوح

(Noa)

نوح یەک لە ناسراوترین نەبی دینەکانی ئیبراهیمیە. و ڕەگی چیرۆکەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لافاوی تاوان و کەشتی ڕزگارکەر.

لە تەورات بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکا، پێشتر نوح چ کارە بووە، و لە کوێ ژیاوە. تەنیا بەوە دەستپێدەکا:

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٦: ١

(١) کاتێک مرۆڤ دەستیان بە زیادبوون کرد لەسەر ڕووی زەوی و کچیان بوو، (٢) کوڕانی خودا بینییان کچانی مرۆڤ جوانن. جا لە هەموو ئەوانەی هەڵیانبژاردن ژنیان هێنا .(٣) ئینجا خودا فەرمووی: ڕۆحی من هەتاسەر ململانێ لەگەڵ مرۆڤ ناکات، چونکە مەرگدارن؛ ڕۆژانی ژیانیان دەبێتە سەد و بیست ساڵ.

(٤) لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی نەفیلیم[114] هەبوون. لەدوای ئەوەی کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ منداڵیان لێیان بوو، منداڵەکان بوونە ئەو پاڵەوانانەی کە لە کۆنەوە ناوبانگیان هەیە.

(٥) خودا بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیروبۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای

[114] نەفیلیم وشەیەکی عیبرییە، بە واتای مرۆڤی زەبەلاح دێ.

خراپەیە .(٦) خودا خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو .(٧) ئیتر خودا فەرمووی: مرۆڤ دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆک و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوانەی کە دروستم کردوون. (٨) بەڵام نوح لەبەرچاوی خودا ڕەزامەندی بەدەستهێنابوو.

بەپێی دەق پەیمانی کۆن، هۆکاری لافاوی تاوان و گەورەیی نوح، تەنیا پرۆسەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتدایە.

نوح لە قورئان

لە قورئان ٤٣ جار ناوی نوح دووبارە بۆتەوە. سەرجەمی چیرۆکی نوح بریتییە لە پرۆسەی لافاو و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەلایەن نوحەوە.
جیاوازی نێوان لافاوی تاوان و نوح لە نێوان قورئان و تەوراتدا، لە سێ خاڵ دایە:

یەکەم لە تەورات مرۆڤ تاوانبار نییە، بەڵکوو نەفیلەکانن، کە وەچەی نێوان فریشتە و کچی مرۆڤن. کەچی لە قورئان مرۆڤ سەرپێچی خودا دەکا. خوداش نوح دەنێردرێ، بۆ ئەوەی نەتەوەکەی ئاگادار بکاتەوە، و بێانهێتەوە سەر ڕێگای ڕاست. ئەو دەربڕینە لە چەندین ئایەت دووبارە دەبێتەوە. ئاگادارکردنەوەیان، و سزای دواڕۆژ.

سورة الأعراف ٧: ٥٩

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (٥٩)

وە بە دڵنیاییەوە نوحمان بۆ قەومەکەی نارد و گوتی: ئەی قەومەکەم خودا بپەرستن، جگە لە ئەو هیچ خودایەکی ترتان نییە، لە ڕاستیدا من لێتان دەترسم لە ئەشکەنجەی ڕۆژێکی مەزن (٥٩) .

سورة نوح ٧١: ١

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١)

لە ڕاستیدا ئێمە نوحمان بۆ قەومەکەی نارد، کە قەومەکەت ئاگادار بکەوە بەر لەوەی سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ بێ. (١)

خاڵی دووەم لە پەیمانی کۆن خاو وخێزانی نوح گشتیان لە خودا پێداوەکانن، و ڕزگاریان دەبێ، کەچی لە قورئان نوح داوا لە پەروەردگار دەکا، کە کوڕەکەی ڕزگار بکا، کەچی خودا دەڵێ کوڕەکەت لە ناپەسەندانە و داوای شتێکم، لێمەکە کە زانیاریت لەسەری نییە.

سورة هود ١١: ٤٥ - ٤٦

وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (٤٥)

قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (٤٦)

نوح بانگی خوداکەی کرد و گوتی: خوداکەم، کوڕەکەم لە خانەوادەکەمە، و بەڵێنی تۆ ڕاست و هەقە، وە تۆ ڕەواترینی فەرمانڕەواکانیت. (٤٥) گوتی ئەی نوح لە ڕاستیدا ئەو لە خانەوادەکەت نییە، لە ڕاستیدا ئەوە کارێکی چاك نییە، جا نەکەیت داوای شتێکم لێ بکەی کە زانیاریت لەسەری نییە، لە ڕاستیدا من ئامۆژگاریت دەکەم کە لە نەزانەکان نەبیت (٤٦)

خاڵی سێیەم شوێنی نیشتنەوەی کەشتی نووحە، لە پەیمانی کۆن لە چیای ئارارات دەچەقێ، کەچی لە قورئان لە چیای جودی.

سورة هود ١١: ٤٤

وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ (٤٤)

جا گوترا ئەی زەوی ئاوەکەت قوت بدە و ئەی ئاسمان بیوەستێنە، و ئاوەکە کەم بۆوە، پرسەکە تەواو بوو، و کەشتیەکە لەسەر چیای جوودی وەستا، و گوترا: دووری لە خەڵکانێکی ستەمکار. (٤٤)

هود

(Eber) (ئێبەر یان عێبەر)

ئێبەر لە پەیمانی کۆن کوڕی شالەح بووە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ١٠: ٢١ - ٢٣

(٢١) سامیش کوڕی بوو، یافەت برای گەورەی بوو، سام باپیرە گەورەی هەموو کوڕانی ئێبەر بوو.

(٢٢) کوڕەکانی سام:

ئیلام، ئەشوور، ئەرپەکشاد، لوود و ئارام.

(٢٣) کوڕەکانی ئارام:

عوچ، حوول، گەتەر و مەشەک.

(٢٤) ئەرپەکشاد باوکی شالەح بوو،

شالەحیش باوکی ئێبەر بوو.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ١١: ١٠ - ١٤

(١٩) ئەمانەش نەوەکانی سامن.

دوو ساڵ لەدوای لافاوەکە، کاتێک سام تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئەرپەکشاد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١١) دوای لەدایکبوونی ئەرپەکشاد، سام پێنج سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوون.

(١٢) ئەرپەکشاد لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بووە باوکی شالەح.

(١٣) دوای لەدایکبوونی شالەح، ئەرپەکشاد چوار سەد و سێ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوون.
(١٤) شالەح لە تەمەنی سی ساڵیدا بووە باوکی ئێبەر. (١٥) دوای لەدایکبوونی ئێبەر، شالەح چوار سەد و سێ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

لە پەیمانی کۆن لەوە زیاتر باسی ئێبەر (هود) ناکا. و تەنانەت ناڵێ نەبیە.

چیرۆکی هود، کە لە چەندین سورەتی قورئان، بە شێوەی پچڕ پچڕ هاتووە. باس لە نەتەوەیەک دەکا بەناوی (عاد)، باوەڕیان بە خودا نەبوو. خودا دەبێ هودی وەک پەیامبەر ناردبێ. تا بانگیان بکا، بۆ ئەوەی تەنیا خودا بپەرستن. چیرۆکەکە لە سورەتی الأحقاق بەو شیوەیە:

سورة الأحقاق ٤٦: ٢١ - ٢٦

وَاذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنْذَرَ قَوْمَهُ بِالْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (٢١) قَالُوا أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ آلِهَتِنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٢٢) قَالَ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِنْدَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ (٢٣) فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُمْ بِهِ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ (٢٤) تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لَا يُرَى إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ (٢٥) وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِنْ مَكَّنَّاكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَارًا وَأَفْئِدَةً فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَا أَبْصَارُهُمْ

وَلَا أَفْئِدَتُهُمْ مِنْ شَيْءٍ إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (٢٦)

وە باسی برای عاد بکە، کاتی لە ئەحقاق خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە - و پێشتر ئاگادارکەرەوەکان لە پێش ئەو و دوای ئەودا تێپەڕین - [دەیانگوت] جگە لە خوای گەورە کەس مەپەرستن. بەڕاستی من لە سزای ڕۆژێکی گەورە بۆ ئێوە دەترسم. (٢١) گوتیان: ئایا هاتووی بۆ ئەوەی لە خوداکانمان دامانبڕێنی؟ دە ئەوەی هەڕەشەمان لێدەکەی بۆمان بێنە، ئەگەر لە ڕاستگۆکانی. (٢٢) گوتی: زانست تەنیا لای خوایە، و ئەوەی من پێتانڕادەگەیێنم، کە بۆی نێردراوم. بەڵام ئێوە گەلێکی نەزانن. (٢٣) کاتی بینیان بە ئاڕاستەی دۆڵەکانیان نزیک دەبێتەوە، گوتیان: ئەوە هەورێکە بارانمان بۆ دەبارێنێ! بەڵکو ئەوە ئەوەیە، کە پەلەتان لێی دەکرد: بایەکە کە سزای ئازاربەخشی تێدایە، (٢٤) بە فەرمانی پەروەردگارەکەی هەموو شتێکی وێرانکرد. جا وایان لێهات، هیچ لە شوێنی نیشتەجێبوونیان نەدەبینرا. تەنیا خانووەکانیان نەبێ. بەو شێوەیە سزای خەڵکی تاوانبار دەدەین (25) توانایەکمان پێدابوو، گەر بە ئێوەمان بدابایە، گوێ و چاو و دڵمان بۆ دروستکردبا. بەڵام نە گوێچکەکانیان و نە چاوەکانیان و نە ذڵەکانیان سوودی هیچ شتێکی نەبوو بۆیان. چونکە نیشانەکانی خودایان ڕەتکردەوە، و ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، بەرۆکی گرتن. (26)

ئەوان بە هۆی بەهێزی و پێکهاتەی گەورەیی جەستەیان، ئەوەندە لووتبەرز بوون. هودیان بە شێت دەزانی و گاڵتەیان پێدەکرد.

لە کۆتاییدا هود و ئەوانەی باوەڕیان پێ هێنابوو، بەر بەزەیی خودا کەوتن. و ڕزگاریان بوو.

سورة هود ١١: ٥٨

وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (٥٨)

کاتی بڕیارەکەی ئێمە هات، ئەوە بە بەزەیی خۆمان، هود و ئەوانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێنابوو ڕزگارکرد. لە ئەشکەنجەیەکی قورس ڕزگارمان کردن. (٥٨)

چیرۆکی هود بنچینەیەکی دینی بە هێزی لە قورئان و کەلەپووری فۆلکلۆری، ناوچەی جەزیرەی عەرەب هەبووە. کە لەوێ لە ناوچەی ئەحقاق بەڵگەی جوگرافی و شوێنەوارناسی هەن، کە بوونی هۆزی عاد دەسەلمێنن. بەڵام لەڕووی مێژوویەوە، بۆ ڕوودانی پەیامبەری هود و خەڵکی عاد، هیچ بەڵگەی مێژووپی بوونی نییە.

لەلایەکیتر سەبارەت بە بەنی عابر (هود) دکتۆر کەمال الصلیبی[115] دەنووسێ:

عیبرانیەکان دەیانزانی، کە بەنی عابرن (بني عبر). بە پێی ڕوونکردنەوەی تەورات، عابر باپیرەی گەلانی عیبرانی بووە، کە لە ڕەچەڵەکی سامی کوڕی نوحن. سام پێنج کوڕی هەبوون: ئارام، کە باپیرەی ئارامیەکان ، و لە چوار کوڕەکەی تریش ئەرفکشاد، کە باپیرەی عابر بووە. و ڕەچەڵەکی عیبرانییەکان

[115] د. کمال الصليبي (١٩٢٩ – ٢٠١١ س.ب) مامۆستای زانکۆ و مێژوونووسێکی لوبنانی بوو. لێکۆڵینەوەی مێژووپی لەسەر لوبنان و جیهانی عەرەبی و مێژووی تەورات و پەرتووکی پیرۆز ئەنجامداوە. سەرۆکی بەشی مێژوو و شوێنەوار بووە لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت. و لە ساڵانی دواتردا مامۆستای زانکۆی شانازی بووە لەوێ تا کۆچی دوایی لە ١ی ئەیلوولی ٢٠١١. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای شاهانەی توێژینەوەی نێوان دینەکان. بەرهەمە مێژووییە زۆرەکانی بریتین لە هەندێک لە بەناوبانگترین و ئاڵۆزترین تیوریەکانی سەبارەت بە جوگرافیا و کەسایەتییەکانی تەورات و ئینجیل و یەسوی کریست.

لەوەو هاتوون. عابر دوو کوڕی هەبوون: فالج (فلج) و یقطان (یقطن) لە دووەمیان، واتە یەقتان هۆزەکانی یەمەن هاتوون، یەک لەوانە شبأ (سبأ) و حەزرەموت (حصرموت) ئەو هۆزانە عیبرانین واتە بنی عابر. [116]

بەو واتایەش ڕەچەڵەکی یەهودیەکان لە ئەحقاق هاتووە لە باکووری وولاتی یەمەن. تائێرە وەک ئەفسانەی تەورات دەبینرێ.

کەچی بەپێی لێکدانەوەی کەمال الصلیبی هود (عێبەر) لە شاری ئەحقاق بووە. بەڵام چیرۆکی نەبی هود و هۆزی عاد ئەفسانەیەکی، فۆلکلۆری ناوچەکانی دوورگەی عەرەبیە. داهێنراوی نووسەری قورئانە.

نەبی صالح

(Shalih) شالەح

لە پەیمانی کۆن (بە عیبری: شالەح) (Shalah)

ئمود خێڵێک یان کۆمەڵە هۆزێک بوون لە ناو دانیشتوانی کۆنی نیمچە دوورگەی عەرەبی. کۆمەڵناسە سەرەتاییە موسڵمانەکان، ئەوان لە ڕەچەڵەکی عەرەبە کۆنەکان دادەنێن، و نیشتەجێبوونیان لە ناوچەی حیجاز لە باکووری ڕۆژئاوای وولاتی سعودیە بووە، بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کە بە (مەداین سالح) ناسراوە .کۆنترین نووسینە ناسراوەکان دەربارەی ثمود، نووسراوێکی سارگۆنی ئاشوورییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ.س.ب،

[116] الصليبي، د. كمال (١٩٩٧) التوراة جاءت من جزيرة العربية. مؤسسة الأبحاث العربية. لبنان. الطبعة السادسة. ص ٢٣٥ - ٢٣٦

ناوی ثمود لە ڕێزبەندی هۆز و گەلانی ژێرفەرمانڕەوایی دابووین. ئەوەش بەو مانایە دێ کە ثمود قەوارەیەکی سەربەخۆی هەبووە. هەرچەن نازانرێ چی بووە، و کەوتۆتە کوێ.[117] باس لە شەڕەکانی نێوان ئەوان و ئاشوورییەکان دەکات[118].

ناوی ثمود لە سەدەی هەشتەمی پ.س.ب لە نووسینەکانی ئاشوری هاتووە، و بەردەوام بووە تا سەدەی سێیەمی س.ب. لە تەیماء و مەدائین سالح و جوبیل و الجوف و تبوک و جبل رم.[119]

لە پەرستگایەکی یۆنانیش، لە باکووری ڕۆژئاوای حیجاز، ناوی ثمود هاتووە، کە لە ساڵی ١٦٩ س.ب دروستکراوە، هەروەها لە نووسینەکانی ئەرستۆ و بەتلیمۆس و پلینی، لە دەقەکانی سەدەی پێنجەمی بیزەنتین و لە نووسراوی شوێنەوارەکانی دەوروبەری شاری تەیما.[120]

لە ناوچەی الحجر ١٥٣ دیمەنی بەردی داتاشراو دەگرێتەوە، کە گەورەترین ئاوەدانی باشووری وولاتی نەبەتی، و پایتەختی بوو دوای پێترا، لە ئوردن.

ئەو شوێنەوارانەی ماونەتەوە، ئاشکرای دەکەن کە نەبەتیەکان بە هەمان شارەزایی و شکۆمەندی کۆشکەکانیان گۆڕەکانیان دروستکردووە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزیان. بۆ ئەو مەبەستەش لێهاتووترین ئەندازیار و پیشەگەریان هێنایە ناوەوە کە لە نەخشاندنی هێما دینیەکانیاندا سەرکەوتوو بوون.

---

[117] مرداد، محمد عبدالحميد (١٩٧٩) مدائن صالح تلك الأعجوبة، ص ٣٥

[118] M. Th. Houtsma et al., eds., E.J. Brill's first encyclopaedia of Islam, 1913-1936

[119] نامي، الدكتور خليل يحيى (بدون تاريخ)، العرب قبل الإسلام، دار المعارف، القاهرة. ص ٢٧

[120] Rawllnson, Cunal Form Inscriptions, Vol., I, Pl., 36, Lyon, Sargon, P., 4, Musil, Deserta, P., 291

لە ڕووی مێژووییەوە، یەکەمین نەتەوە یان دەستەڵات دادانیەکان بوون، لە باکووری ڕۆژئاوای دوورگە دەژیان، دادان ئێستا بە علاء ناسراوە. ئەوەش لە دەوروبەری سەدەی هەشتەمی پ.س.ب بووە.[121]

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١٠: ٢١ - ٢٥

(٢١) سامیش کوڕی بوو، یافەت برای گەورەی بوو، سام باپیرە گەورەی هەموو کوڕانی عێبەر بوو.

(٢٢) کوڕەکانی سام:

ئیلام، ئەشوور، ئەرپەکشاد، لوود و ئارام.

(٢٣) کوڕەکانی ئارام:

عوچ، حوول، گەتەر و مەشەک.

(٢٤) ئەرپەکشاد باوکی شالەح بوو،

شالەحیش باوکی عێبەر بوو.

(٢٥) عێبەریش دوو کوڕی بوو،

بەپێی نوسەرانی عەرەب و ئیسلام دەچنەوە سەر باپیرەیان ثمود کوڕی عابر کۆڕی ئیرم کوڕی سام کوڕی نوح.[122]

مێژووی نێوان شالەح تا ئیبراهیم نزیکەی ٢٠٠ ساڵ شالەح ٢١٠٠ پ.س.ب و ئیبراهیم ١٩٠٠ پ.س.ب.

لە ئیبراهیمەوە تا موسا نزیکەی ٧٠٠ تا ١٠٠٠ ساڵ بووە.

---

[121] مرداد، محمد عبدالحميد (١٩٧٩) مدائن صالح تلک الأعجوبة، ص ٣٥

[122] قوم ثمود.. هويتهم - نشأتهم – انقراضهم .*2021-05-16* *www.albayan.co.uk*

لە موسا تا یەسو ١٢٥٠ تا ١٣٠٠ ساڵ دەبێ.

١٢٥٠ +١٠٠٠ + ٢٠٠

بە تێکڕا ٢٤٥٠ ساڵ ب.س.ب

الحجر لە نووسراوەکانیانەوە دەردەکەوێت کە نیشانەیەکی نەبەتیە، لە (ثمود)ەوە هاتووە. گرنگترین بەڵگە، لەسەر ئەوەی کە گەلی ثمود نەتەوەیەکی گرنگ بووە، لە باکوری حیجاز. و ڕێنووسی نەبەتیان بەکارهێناوە، نووسراوی پەرستگای ڕەوافایە، کە دەقێکی ئاشکرایە لەسەر مێژووپی بوون و ڕاستی بوونی ثمود لە هەزارەی سێیەمی پ.س.ب، زۆر کۆن نییە وەک هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن.

لە نووسراوەکەدا هاتووە:

> لە پێناوی دوا کۆتاییهێنان، بە فەرمانڕەواکانی جیهان، دوو خودا گەورەکە: ئۆگستۆسی گەورە، داگیرکەری ئەرمەنییەکان، مارکۆس ئۆرێلیۆس ئەنتۆنینۆس و لوسیۆس ئۆریلیۆس ڤێرۆس، سەرکردەکانی کۆنفیدراڵی ثمودی هەستان و پشتگیریان لەو کارە کرد، لەژێر چاودێری ئەنتیستیۆس ئەدڤێنتوس، ئەو فەرمانڕەوایەی کە ئۆگستۆس دەستنیشانی کردبوو، کە هانی ئەوانی دا.[123]

ئەو نووسینە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی دووەمی پ.س.ب، بە هەردوو ڕێنووسی لاتینی و نەبەتی نووسراوە. و بە شێوەیەکی دوور لە دوو دڵی بوونی هۆزی ثمودی، دەستەڵاتی بەسەر باکووری ڕۆژئاوای عەرەبستان و ناوچەکانی ڕەوافە، ناوی الحجر نابینرێ.

---

[123] *فريق الصحراء، جزيرة العرب....أرضها وتراثها...أبحاث و رحلات وصور* Posted on July 11, 2016 by the desert team

ئەوەش بەڵگەیە، کە دووری ٢٠٠ کم لە شام دوورە. و بە ئاشکرا دەریدەخا کە ثمود لە الحجر و نووسینیان بە نەبەتی بووە.

بەپێی لێکدانەوەی ئیسلام صالح دەبێ نەبیەکی عەرەب بووبێ، لە قورئان چیرۆکی لەگەڵ خەڵکی ثمود، کە لە چەند ئایەتێ هاتووە:

سورة الأعراف ٧: ٧٣ – ٧٩

وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمۡ صَٰلِحٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ قَدۡ جَآءَتۡكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٧٣) وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ عَادٖ وَبَوَّأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورٗا وَتَنۡحِتُونَ ٱلۡجِبَالَ بُيُوتٗاۖ فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ (٧٤) قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ أَتَعۡلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ (٧٥) قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ (٧٦) فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِمۡ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (٧٧) فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ (٧٨) فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ (٧٩)

بۆ ثمود، برایەکەیان صالحمان نارد، گوتی ئەی هۆزەکەم خودا بپەرستن. و جگە لەو، هیچ خودایەکیتر نییە. ئەوە بەڵگە لەلایەن خوداکەتانەوە بۆتان هاتووە. ئەوە وشترە مێینەی خودایە بۆ ئێوە، وازی لێبێنن، با بۆخۆی لە زەوی خودا بخوا، و خراپەی لەگەڵ مەکەن، ئەگینا ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخش دەتانگرێ (٧٣) و لە یادتان بێ کە ئێوەی کرد بە جێنشین لە

دوای عاد، و له زەویدا دایمەزراندن، له دەشتاییەکا ن کۆشکوتەلارتان هەیە و له چیاکان خانوەکان دەتاشن، دە چاکەکانی خوداتان له یاد بێت و هانی خراپەکاری مەدەن له له خاکەکە (٧٤) پیاوماقووڵیك لەوانەی خۆبەزلزان بوون له قەومەکەی گوتی بەوانەیان چەوسێنرابوونەوە کە باوەڕیان هێنابوو: ئایا (دڵنیان) کە صالح له لایەن خگوتیان له ڕاستیدا ئێمە بەوەی پێی نێردراوە باوەڕدارین (٧٥) ئەو دی له خۆبەزلزانەکان بوو گوتی، له ڕاستیدا من کافرم بەوەی ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە (٧٦) وشییە مێینەکەیان کوشت و پێشێلی فەرما ن خوداکەیان کرد، و گوتیان ئەی صاڵح ئەوەمان بەسەر بێنە کە بەڵێنت پێمان داوە ئەگەر تۆیەکێکی له نێردراوەکان. (٧٧) ئەوەبوو هەژانێك گرتنی، و له ماڵەکانیان مردار بوون (٧٨) صاڵح پشتی تێکردن و گوتی ئەی هۆزەکەم پەیامی خوداکەم بە ئێوە گەیاند، و ئامۆژگاریم کردن. بەڵام ئێوە کەسانێکی دڵسۆزتان خۆشناوێ (٧٩)

سورة الحجر ١٥: ٨٠ – ٨٤

وَلَقَدۡ كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡحِجۡرِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (٨٠) وَءَاتَيۡنَٰهُمۡ ءَايَٰتِنَا فَكَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ (٨١) وَكَانُواْ يَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ (٨٢) فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُصۡبِحِينَ (٨٣) فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ (٨٤)

خەڵکی حیجر نکۆڵیان له نێردەکان کرد (٨٠) و نیشانەکانی خۆمانمان پێیان دا، پشتیان تێکرد (٨١) و خانوویان له چیاکان دەتاشی، ئاسوودە بوون (٨٢) جا گرمەیەك گرتیانی له بەرەبەیاندا. (٨٣) ئەو شتانە سوودی بۆیان نەبوو، کە بەدەستیان دەهێنا. (٨٤)

هەمان پەیامی قورئان لە چەند سورەتیتر دووبارە بۆتەوە وەک، سورة الشعراء ٢٦: ١٤١ – ١٥٨، سورة هود ١١: ٦١ – ٦٨، سورة النمل ٢٧: ٤٥ – ٥٣

خودا بۆ لای هۆزی ثمودی ناردن، کە هۆزێکی عەرەبی کۆن بوون، کە سەر بە منداڵەکانی سامی کوڕی نوح بوون. هەر لەوەشەوە ناویان هاتبوو کە یەک لە باپیرە گەورەکانیان ناوی ثمود کوڕی ئیرم کوڕی سام کوڕی نوح بوو. کە نەبی صالح خۆی لەو هۆزەبووە، پەیوەندی بە ثموە دەکا، کە خودا ناردوویەتی تا باوەڕی پێبێنن، و ڕۆزوویەکی زۆریان پێ دەبەخشێ. بەڵام ئەوان سەرسەخت بوون و شانازیان بە هێزی خۆیان دەکرد. خوداش صالحی مزگێنی دەر و ئاگادارکەرەوەی نارده لایان. کە بە درۆیان خستەوە. و گوتیان نیشانەیەکمان بۆ بێنە تا باوەڕت پێ بکەین. ئەویش وشترێکی مێینەی بۆ هێنان و فەرمانی پێدان زیانی پێ نەگەیێنن. بەڵام ئەوان لەسەر لووتبەرزی خۆیان بەردەوام بوون و وشترە مێینەکەیان پارچەپارچە کرد، بۆیە خودا بە ڕەشەبا سزای دان، و لە ئەنجامی کارەکەیاندا لێیاندرا و خودا ساڵح و ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیدا بوون ڕزگار کرد.

بەپێی پەیمانی کۆن، شالەح بە سێ پشت دەگاتەوە نوح و لە نووحەوە تا ئیبراهیم ١٠ پشتە و لە ئیبراهیم تا موسا.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١٠: ٢١ – ٢٤

(٢١) سامیش کوڕی بوو، یافەت برای گەورەی بوو، سام باپیرە گەورەی هەموو کوڕانی ئێبەر بوو.

(٢٢) کوڕەکانی سام:

ئیلام، ئەشوور، ئەرپەکشاد، لوود و ئارام.

(٢٣) کوڕەکانی ئارام:

عوچ، حوول، گەتەر و مەشەک.

(٢٤) ئەرپەکشاد باوکی شالەح بوو،

ئەفراندن ١١: ١٠ - ١٣

لە سامەوە هەتا ئەبرام

(١٠) ئەمانەش نەوەکانی سامن.

دوو ساڵ لەدوای لافاوەکە، کاتێک سام تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئەرپەکشاد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١١) دوای لەدایکبوونی ئەرپەکشاد، سام پێنج سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

(١٢) ئەرپەکشاد لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بووە باوکی شالەح.

(١٣) دوای لەدایکبوونی شالەح، ئەرپەکشاد چوار سەد و سێ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

شوعێب

Shuaib، ڕەعۆئیل (Reguel)

یەترۆ (Jetro)

بە پێی سەرچاوەکانی ئیسلام نەبی شعێب، لە خاکی مەدیەن لە سەدەی شانزەمی پ.س.ب لە دایکبووە، و لە سەدەی پانزەم مردووە. داپیرەی یان دایکی کچی پەیامبەر لووت بووە.[124] شعێب ١١ جار ناوی لە قورئاندا هاتووە.

لە تەورات پەرتووکی دەرچوون ، ناوی ڕەعۆئیل، بە سریانی ناوی یەترۆ و خەزووری موسا بێ. [125]

پەیمانی دەرچوون ٢: ١٥ - ٢٥

(١٥) موسا لە دەست فیرعەون هەڵات و لە خاکی میدیان جێگیر بوو، لەلای بیرێک دانیشت .(١٦) کاهینی میدیانیش حەوت کچی هەبوو، هاتن و ئاویان هەڵکێشا، ئاخوڕەکانیان پڕکرد بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان .(١٧) لەو کاتەدا شوان هاتن و دەریانکردن، بەڵام موسا هەستا و فریایان کەوت و مەڕەکانی ئاودان. (١٨) کچەکانیش هاتنە لای ڕەعوئێلی باوکیان، ئەویش لێی پرسین: بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتنەوە؟

[124] Wikipedia
[125] Wikipedia

(١٩) ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: پیاوێکی میسری فریامان کەوت لە دەست شوانەکان، هەروەها ئاوی بۆ کێشاین و مەڕەکانیشی ئاو دا.
(٢٠) ئەویش بە کچەکانی گوت: ئەی لەکوێیە؟ بۆ پیاوەکەتان بەجێهێشت؟ بانگهێشتی بکەن با نان بخوات.
(٢١) موسا ڕازی بوو لەگەڵ ئەو پیاوە بمێنێتەوە. ئەویش چیپۆرەی کچی دایە موسا .(٢٢) چیپۆرەش کوڕێکی بوو، موساش ناوی لێنا گێرشۆم، چونکە گوتی: نامۆ بووم لە خاکی بێگانە.
(٢٣) ئەوە بوو لەو ماوە درێژە، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسرائیلیش ئاهیان هەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد بۆ یارمەتی، گریانەکەیان بەهۆی کۆیلایەتییەوە بۆ خودا بەرزبووەوە .(٢٤) خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانەکەی خۆی لەیاد بوو لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب .(٢٥) ئیتر خودا ڕوانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان.

نەبێ شعێب لای دروزیەکا، کەسایەتییەکی زۆر پیرۆزە. نەک تەنیا وەک نەبی، بەڵکوو وەک ئاوێنەی ناسنامەی دینی و ڕەگوڕیشەی قووڵی کەلتووری دروزیەکانە. و پێگایەکی ناوەندی لە باوەڕی دروزی هەیە. نەک تەنیا بەوەی نەبیەکی بەنی ئیسرائیلە، بەڵکوو هێمای باوەڕ و بەرجەستەکردنی ڕەواڵی دین و لێزانییە. [126]
بەپێی سەرچاوەکانی دینی، نەبی شعێب یەک لە نەبیەکانی خودا بووە، و نەوەی نەبی ئیبراهیمە. هەروەکوو لە سورەتی الأعراف ، هود و الشعراء دا هاتووە. نەبی شعێب بۆ خەڵکی مێدیان یان هاوەڵانی ئێیکە نێردراوە، کە باوەڕ بە خودا بێنن.

[126] Independent العربية، سوسن مهنا ٢٠٢٥- مارس - ٢٥

شعیب هەروەک لە قورئان ناوی هاتووە، لە تەورات ناوی رعوئیل، بە سریانی یەثرون. مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن دایکی کچی لوت بووە، بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر ئیبراهیم.

شعێب بۆ لای خەڵکی مێدیەن نێردرا، لەو ناوچەیەی لە باکووری حیجازەوە تا قەراخەکانی باشووری شام. خەڵکی مێدیەن بە بازرگانی و کشتوکاڵی خورما بەناوبانگ بووین. هەروەها یەک لە گرنگترین ڕێگاکانی بازرگان بووە.

لە قورئاندا یازدە جار باسی پێغەمبەر شوعێب کراوە. باس لەوە کراوە کە خودا نەبی شوعەیبی، بۆ گەلەکەی کە خەڵکی مەدیانن ناردووە. خەڵکی مادیان بە بازرگانی و کشتوکاڵ و دروێنەکردنی خورما ناسرابوون، بە پێ هەڵکەوتەی جوگرافی، یەک لە گرنگترین ڕێگا بازرگانییەکانی سەردەمی خۆیاندا بووە. بەڵام بە فڕک و فێڵ و ساختەکاری کارەکانیان بەڕێوە دەبرد. کاتێک خەڵک کەرەستەی لێدەکڕین، داوای زیاتریان دەکرد لەوەی کە نرخەکەی بوو. لە پێوانەش، کێشیان کەمدەکرد. شوعێب لەو کارە گەندەڵییەیان سەرزەنشتی کردن و ئاگاداری کردنەوە، کە ئەو کارەی ئەوان دەیکەن، بێ ڕەوشتیە. بەڵام هیچ بایەخێکیان بە قسەکانی نەدا. خەڵکی مادیان لەسەر ڕێگای گومڕایی و چەواشەکاری بەردەوام بوون. بێجگە لەوەش لەو کارە ئابڕووبەرانەیان، هەڕەشەیان لە شوعێب وهەواڵەکانی دەکرد، کە ئەشکەنجەیان دەدەن و لە ماڵەکانیان دەریان دەکەن. پاشان، خودا خەڵکی مەدیان لەناوبردن. ئەوەش سزای درۆ و ڕێگای گومرایی، و چەواشەکارییە.

هەروەها قورئان باس لەوە دەکات کە خودا شوعێبی بۆ خەڵکی خەڵکی (الأیکة)، ناردووە. کە لەجیاتی خودا دارستانیان (دارستانێکی چڕ و دار داپۆشراو)یان پەرستووە و بە کێش و پێوانە فێڵیان کردووە. شوعێب ئاگاداری کردن، لە دەرئەنجامی کارەکانیان، بەڵام پەیامی

نەبیەتیەکیان ڕەتکردەوە. بەرامبەر ئەو سەرپێچیەیان خودا سزای دان، و کارەساتێکی گەورەی بەسەرداهێنان.

سورة الأعراف ٧: ٨٥

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِين (٨٥)

و بۆ میدیەن براکەیان شوعەیبمان نارد گوتی، ئەی قەومەکەم خودا بپەرستن، بێجگە لەوە هیچ خودایەکی ترتان نییە، بەڵگەتان لە خوداکەتانەوە بۆ هاتووە، دە پابەندی پێوان و تەرازوو بن، و شتەکانی خەڵک بە سووك مەبینن. لە خاکەکەدا خراپەکاری مەکەن دوای سازاندنی ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بە ڕاستی باوەڕدارن(٨٥)

الأعراف ٧: ٨٨

قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ (٨٨)

پیاوماقووڵێك لەوانەی خۆبەزلزان بوون لە قەومەکەی گوتی، ئەی شوعەیب سوێند بێ، تۆ و ئەوانەی لەگەڵتن کە باوەڕیان هێناوە دەربکەین، یان دەبێ بگەڕێنەوە سەر دینەکەمان، گوتی تەنانەت ئەگەر ئارەزووش ناکەین(٨٨).

سورة هود ١١: ٨٧

قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ (٨٧)

ئەی شوعەیب ئایا نوێژەکەت فەرمانت پێدەکات کە ئێمە دەستبەرداری ئەوە بین کە باوکانمان دەیانپەرست، یان هەرچیەك لە سامانەکانمان بکەین کە ویستمان لەسەر بێ، بە دڵنیاییەوە تۆ نەرموونیان و مەندیت. (٨٨)

سورة هود ١١: ٩١

قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ ۖ وَ مَا أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ (٩١)

ئەی شوعەیب تێناگەین لە زۆرێك لەو قسانەی کە دەیکەی، وە بە دڵنیایەوە ئێمە تۆ لە ناوخۆمان بە لاواز دەبینین، وە ئەگەر پیاوەکانت نەبووایە ئەوا بە دڵنیاییەوە بەردبارانمان دەکردی، و تۆ دەستەڵاتت بەسەر ئێمەوە نییە (٩١)

ئەو نەبیانەی کە ناویان لە قورئان هاتووە، و لە پەرتووکی ئەفراندن لە پەیمانی کۆن باسیان کراوە، بە گشتی لە پەرتووکی ئەفراندن دەقی سی تا دەقی پەنجا ناویان هاتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی یەک لە دوای یەکتری بووین و مردوون، بۆیە یەک بە یەک دیاردەکرێن.

نەبی ئیبراهیم (Abraham)

لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن دەقی ١١ تا دەقی٢٥ باسی دەکا.

لە قورئانیش لە ٦٩ بابەت و ٢٥ سورەت ناوی هاتووە.

نەبی لوت (Lot)

لوت برازای ئیبراهیمە، هەر لەگەڵ ئەویش سەفەری حاران و دواتر خاکی پەیمانی کردووە. بۆیە لە دەقت یانزەوە ناوی هاتووە، و لەگەڵ ئیبراهیم دووبارە بۆتەوە. کەچی باسی مردنی ناکا تەنیا لە دەقی ١٩ دوای نەفرەتی خودا لە سەدوم ناوی نامێنێ.

لە قورئان لە سورەتی الذاریات ٥١: ٣١ – ٣٧ باسی دەکا.

نەبی ئیسماعیل (Ismail)

لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن دەقی ١٦ وە ناوی هاتووە، و بەردەوام دەبێ. بەڵام دوای مردنی ئیبراهیم لە دەقی ٢٥ ناوی ئیسماعیلیش نامێنێ.

لە قورئان ناوی ئیسماعیل لە دوانزە بابەت هاتووە.

نەبی ئیسحاق (Isak)

ئیسحاق لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن دەقی ٢١ تا دەقی ٣٥ باسی دەکا.

لە قورئان ناوی ئیسحاق لە ١٦ ئایەت هاتووە.

نەبی یاقوب (Jakob)

لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن دەقی ٢٥ تا ٤٩ باسی دەا.

لە قورئان ناوی یاقوب لە ١٦ بابەتی جیجیادا ناوی دووبارە بۆتەوە.

نەبی یوسف (Josef)

لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن دەڤی سی تا پەنجا، بە چیرۆکێکی درێژی پڕ ووردەکاری باسی یوسف دەکا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک، باسی لە دایکبوون و مردنی نەکراوە.
لە قورئان سورەتێکی تایبەت، بە ناوی یوسف هەیە، کە بریتییە لە ١١١ ئایەت، سەرجەمی سورەتەکە دووبارەکردنەوەی چیرۆکی یوسفە لە تەورات. بە واتایەکیتر، ڤەرژەنێکی کورتکراوە، بێ ووردەکاری چیرۆکەکەی تەوراتە. چیرۆکی یوسف لە بەرگی یەکەم، بە بەراوردکاری لەگەڵ ئەفسانەی سۆمەری ئیشتار و گلگامێش، و هەروەها ئەفسانەی میسری کۆن، چیرۆکی دووبرا.

نەبی ئەیوب (Job)

لە قورئان ئەیوب یەک لەو نە بیانەیە کو چەندین جار لێرە و لەوێ ناوی دووبارە بۆتەوە. بە گشتی باسی ئازارەکانی ئارام و خۆگری دەکا. و هەمان چیرۆکی تەوراتە، بەڵام لە قورئان تەنیا وەک نیشانەی خۆگری و ئارامی هاتووە.

ئەیوب و چێرۆکی ئازارەکانی و ئارام و خۆڕاگری. بە درێژایی مێژوو، وەک پەند بۆ نەهامەتی و کاتە ناخۆشەکان باسکراوە. لە پەیمانی کۆن، ئەیوب پەرتووکێکی تایبەتی بە ناوی خۆی هەیە. کە بە درێژی و ووردەکاری باسی ئازارەکانی دەکا. هەروەها لە بەرگی یەکەمی ئەو

پەرتووکەش بەراووردێک لە نێوان ئەیوبی پەیمانی کۆن و لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلی کراوە.

هەرچەندە چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا، ئەفسانەی سۆمەریە، بەڵام لە ئەفسانەی بابلی بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو، لە شیعر دۆزراوەتەوە. بۆیە بەراوردی ژیان و ئازارەکانی ئەیوب لەتەورات لەگەڵ ژیان و ئازارەکانی (شبشی – مشری – مشکان) لە ئەفسانەی بابلی.

لە قورئان ئەیوب یەک لەو نەبیانەیە کو چەندین جار لێرە و لەوێ ناوی دووبارە بۆتەوە. بە گشتی باسی ئازارەکانی، ئارام و خۆگری دەکا. و هەمان چیرۆکی تەوراتە، بەڵام لە قورئان تەنیا وەک نیشانەی خۆگری و ئارامی هاتووە.

بەراوردی دیمەنی ژیانی شبشی – مشری – مشکان لە چیرۆکە شیعری بابلی، لەگەڵ چیرۆکی ئەیوب لە تەورات، لەیەکچوونێکی یەکجار نزیکیان هەیە. هەردووکیان لە خودا پەرستی و لە خراپە دوور دەکەونەوە. و ژیانیان لە خزمەتی خودا و فەرمانەکانی دادەنێن. کەچی خودا وەڵامی ناڵە و پاڕانەویان ناداتەوە.

شبشی – مشری – مشکان

خودا وازی لێهێنام و بزربوو.
خودا پەیوەندی لەگەڵ بڕیم و لێم دوورکەوتەوە.
فریشتەی باش، کە هەمیشە لە تەکم بوو،
لێم دوورکەوتەوە و گیانی پاسەوانیم بوو، هەڵات و بەجێی هێشتم.
ترس لە گشت لایەکەوە، گەمارۆی داوم [127]

[127] Lambert,

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەیوب ١٩: ٧ – ١٦

(٩) شکۆمەندی لێ داماڵیم و
تاجی لە سەرم کردەوە. (تاجی لەسەرم داماڵی)
(١٠) لە هەموو لایەکەوە منی ڕووخاند، تاوەکو نەمێنم و
هیوای منی وەک دار هەڵکەند.
(١١) تووڕەیی خۆی بەسەرمدا داگیرساند و
بە دوژمنی خۆی دانام.
(١٢) پەلاماردەرەکانی پێکەوە هاتن و
سەنگەریان لە دژی من لێدا و
لە دەوری چادرەکەم خۆیان دامەزراند.
(١٣) کەسوکاری خۆمی لێ دوورخستمەوە و
ناسیاوەکانم لێم بوون بە بێگانە.
(١٤) خزمەکانم وازیان لێ هێنام و
ئەوانەی منیان ناسی لەبیریان کردم.

ئەو ئازارە دەروونی و جەستەییەی لە ئەیوب، لەگەڵ ئازارەکانی شبشی – مشری – مشکان وەک یەک وان. لە تابلۆی دووەمی بابلی دێری ٤٩ - ٥٤

٤٩ من ئەو پیاوە ماندووەم، زریانێک دەمبا !
٥٠ نەخۆشی لاوازکەرم بەسەردا داباریێنن!
٥١ بایەکی خراپە لە ئاسۆوە هەلیکرد .
٥٢ سەرئێشە لە جیهانی ژێرزەویەوە، بەرەو ئێرە هات،
٥٣ کۆکەیەکی خراپەکار ئەپسۆی خۆی بەجێهێشتووە،

٥٤ (جنۆکە)ی بەهێز و بێبەربەست، ئێکوری بەجێهێشت.[128]

لە قورئان یش، باسی ئەیوب، ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی ئازار و خۆڕاگری ئەیوب، خودا بە هانایەوەدێ.

سورة ص ٣٨: ٤١ - ٤٤

وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ (٤١) ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ (٤٢) وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ (٤٣) وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ (٤٤)

بیر لە ئەیوبی بەندەشمان بکەرەوە، کە هاواری بۆ پەروەردگاری خۆی کرد. وگوتی، ئەوە شەیتان منی تووشی مەینەت و ئازاری کردووە (٤١). بە قاچت لە زەوی بکوتە، ئەوە سەرچاوەیەکە بۆ مەلەکردن دەست دەدا، دەکرێ لێشی بخۆیەوە. (٤٢) لە بەزەیی خۆمانەوە، وورد و درشتی خێزانی و هێندەی تریشمان پێ بەخشی. تا ببێتە بیرەوەری بۆ هەموو ژیر و هوشیارەکان (٤٣) قۆلێک تووڵی وورد و زراو بگرە دەست، و پێی لێدە. با سوێندەکەت لێنەکەوێ. ئێمە ئەومان بە پیاوێکی ئارام هاتە بەرچاو، بەندەی چاک بوو، و گوێڕایەڵی خودابوو (٤٤)

بۆ زیاتر سەبارەت بە ئەیوب و ئارامگرتنی، لە بەرگی یەکەم باسکراوە.

[128] Lambert, Op. Cit. Pp. 41, L 49 - 54

نەبی یونس (Jona)

چیرۆکی بەسەرهاتی نەبی یونس لو قورئان و سەرچاوەکەی لە پەرتووکی یونس لە پەیمانی کۆن.

لە قورئان لە سەجەمی ٦ سورەت ناوی یونس هاتووە النساء، الأنعام، یونس، الأنبیاء، الصافات و القلم. بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چوار سورەت باسی کێشەی یونس دەکا. کەچی بەبێ پاشخانی زانیاری لەسەر کێشەی یونس و دەربازبوونی. ئەوە تێگەیشتن و بنەڕەتی کێشەکە دەبێتە ئەستەم.

دوو: چیرۆکی نەبی یونس

لە قورئان لە سەجەمی ٦ سورەت ناوی یونس هاتووە النساء، الأنعام، یونس، الأنبیاء، الصافات و القلم. بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چوار سورەت باسی کێشەی یونس دەکا. کەچی بەبێ پاشخانی زانیاری لەسەر کێشەی یونس و شێوەی دەربازبوونی. بۆیە بەبێ دۆزینەوەی سەرچاوەی چیرۆکە بنەڕەتیەکەی، تێگەیشتن لەم چیرۆکە، دەبێتە ئەستەم.

سورة یونس ١٠: ٩٨

فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَـٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَـٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ (٩٨)

ئەگەر گوندێک هەبووبێ، کە باوەڕی هێنابێ. و باوەڕەکەی سوودی هەبووبێ. ئەوە نەتەوەی یونس بوو. کاتی باوەڕیان هێنا، سزای ڕیسوایی لە ژیانی دونیامان لەسەر لادان. و وامانکرد، تا ماوەیەک بە خۆشی بژین (٩٨)

سورة الأنبياء ٢١: ٨٧ – ٨٨

وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٨٧) فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٨٨)

کابرای نەهەنگەکە، بێنەوە بیر. کە بە تووڕەیی ڕۆیی. و وایزانی ءیمە دەڕۆستی نایەن. تا لەناو تاریکی هاواریکرد. بێجگە لە تۆ خودایەکیتر نییە. من لە ڕێزی ستەمکارانم (٨٧) ئەسا وەڵاممان دایەوە. و لە تەنگژە ڕزگارمان کرد. و بەو شێوەیە باوەڕداران ڕزگاردەکەین (٨٨)

سورة الصافات ٣٧: ١٣٩ – ١٤٨

وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (١٣٩) إِذۡ أَبَقَ إِلَى ٱلۡفُلۡكِ ٱلۡمَشۡحُونِ (١٤٠) فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُدۡحَضِينَ (١٤١) فَٱلۡتَقَمَهُ ٱلۡحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٞ (٤٢) فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ (٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ (١٤٤) فَنَبَذۡنَٰهُ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٞ (١٤٥) وَأَنۢبَتۡنَا عَلَيۡهِ شَجَرَةٗ مِّن يَقۡطِينٖ (١٤٦) وَأَرۡسَلۡنَٰهُ إِلَىٰ مِاْئَةِ أَلۡفٍ أَوۡ يَزِيدُونَ (١٤٧) فَـَٔامَنُواْ فَمَتَّعۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ حِينٖ (١٤٨)

یونس بە دڵنیاییەوە، یەکێک بوو لە پەیامبەران (١٣٩) کە ڕایکردە ناو کەشتی پڕ (١٤٠) لە تیروپشک بەشداریکرد. و دۆڕاندی (١٤١) ئەوسا نەهەنگێک هەڵیلووشی. ئەو سەرکۆنەکراوبوو (١٤٢) ئەگەر لەوانە نەبوایە، بە خودای دا هەڵدەدا (١٤٣) تا ڕۆژی سەڵا ڕادەبوو، لە وورگی

دەمایەوە (١٤٤) لە چۆلەوانی فڕێماندا. و نەخۆش بوو (١٤٥) ئەوسا درەختێکی کوندڕمان لەلای ڕوواند (١٤٦) بۆ سەد هەزار یان زیاترمان نارد (١٤٧) هەموویان باوەڕیان هێنا. تا مەوەیەک ژینایێکی خۆشمان پێدان (١٤٨)

سورة القلم ٦٨: ٤٨ – ٥٠

فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ (٤٨) لَّوۡلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ مَذۡمُومٞ (٤٩) فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٥٠)

دەسا بۆ فەرمانی پەروەردگارت خۆڕاگربە. نەچی وەک کابرای نەهەنگەکە بی. لەداخانا هەر پێشی دەخواردەوە. و لە کۆتاییش دەپاڕایەوە (٤٨) ئەگەر میهرەبانی پەروەردگار فریای نەکەوتبایە، ئەوا لە چۆلەوانی فڕێ دەدرا و سەرکۆنەکراوبوو (٤٩) ئەوسا پەروەردگار، ئەوی هەڵبژارد و بەیەک لە پیاوچاکانی دانا (٥٠)

پەیمانی کۆن - پەرتووکی یونس ١: ١ - ١٧

هەڵاتنی یونس لە ئەرکەکەی

(١) فەرمایشتی خودا بۆ یونسی کوڕی ئەمیتەی هات، پێی فەرموو :(٢) هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا و تێیدا بانگەواز بکە، چونکە خراپەکانیان بەرز بووەتەوە بۆ بەردەمم.

(٣) یونسیش بۆ ئەوەی لە خودا هەڵبێت دەستی بە گەشتێک کرد بۆ تەرشیش. سەرەتا چوو بۆ بەندەری یافا و کەشتییەکی دۆزییەوە کە دەچووە

تەرشیش، کرێیەکەی دا و سوار بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێتە تەرشیش و خۆی لە ڕووی خودا بدزێتەوە.

(٤) خوداش بایەکی مەزنی بۆ سەر دەریاکە نارد و ڕەشەبایەکی مەزن لە دەریاکە هەڵیکرد، خەریک بوو کەشتییەکە پارچەپارچە بێت .(٥) کەشتیوانەکان ترسان، هەریەکەیان هاواری بۆ خوداوەندەکەی خۆی کرد، ئەو شتانەی کە لەناو کەشتییەکەدا بوون فڕێیان دایە ناو دەریاکە، بۆ ئەوەی باری خۆیان سووک بکەن.

کەچی یونس چوو بووە نهۆمی خوارەوەی کەشتییەکە و پاڵکەوتبوو، لە خەوێکی قووڵدا بوو .(٦) سەرۆکی سەوڵ لێدەرەکان چووە لای و پێی گوت: ئەوە بۆچی نوستوویت؟ هەستە هاوار بکە بۆ خوداوەندەکەت، بەڵکو ئاورمان لێ بداتەوە و لەناونەچین.

(٧) ئینجا کەشتیوانەکان بە یەکتریان گوت: وەرن با تیروپشک بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەم بەڵایە بەهۆی کێیە. ئیتر تیروپشکیان کرد و کەوتە سەر یونس.

(٨) لێیان پرسی: پێمان بڵێ بەهۆی کێ تووشی ئەم بەڵایە بووین؟ ئیشت چییە و لەکوێوە هاتوویت؟ سەر بە چ خاکێکیت و لە چ نەتەوەیەکیت؟

(٩) ئەویش وەڵامی دانەوە: من عیبرانیم و لە خودام دەترسم، خودای ئاسمان، ئەوەی دەریا و وشکانیی دروستکردووە.

(١٠) پیاوەکان ترسێکی زۆریان لێ نیشت و لێیان پرسی: بۆچی ئەمەت کرد؟ پیاوەکان زانییان کە لە خودا هەڵاتووە، چونکە پێشتر پێی گوتبوون.

(١١) لێیان پرسی: چیت لێ بکەین بۆ ئەوەی دەریاکە هێمن بێتەوە؟ چونکە دەریاکە زیاتر هەڵدەچوو.

(١٢) ئەویش وەڵامی دانەوە: بمبەن و فڕێمبدەنە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکەتان لێ هێمن دەبێتەوە، چونکە من دەزانم بەهۆی منەوەیە ئەم ڕەشەبا مەزنەتان لەسەرە.

(١٣) بەڵام پیاوەکان زیاتر و زیاتر سەوڵیان لێدەدا بۆ ئەوەی کەشتییەکە بگەڕێننەوە بۆ وشکانی، کەچی نەیانتوانی، چونکە دەریاکە زیاتر هەڵدەچوو .(١٤) ئیتر هاواریان بۆ خودا کرد و گوتیان: ئای ئەی یەزدان، با لەناونەچین، لەبەر گیانی ئەم پیاوە خوێنی بێتاوانێک مەخەرە ئەستۆمان. ئەی خودا، ئەوەی ویستت کردت. (١٥) ئینجا یونسیان گرت و فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە، ئیتر هاژەی دەریاکە هێمن بووەوە .(١٦) پیاوەکان زۆر لە خودا ترسان و قوربانییان بۆ خودا سەربڕی و نەزریان کرد.

(١٧) خوداش ماسییەکی ئامادە کرد کە زۆر گەورە بوو بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، ئیتر یونس سێ شەو و سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسییەکەدا مایەوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی یونس ٢: ١ - ١٠

نزای یونس

(١) یونس لەناو سکی ماسییەکەوە نزای بۆ خودای پەروەردگاری خۆی کرد، (٢) گوتی:

لە تەنگانەمدا هاوارم بۆ خودا کرد، وەڵامی دامەوە.

لەناو سکی جیهانی مردووانەوە هاوارم کرد، گوێت لە دەنگم بوو.

(٣) فڕێتدامە قووڵایی، لەناو جەرگەی دەریاکان، لافاو دەوری دام، شەپۆلەکانت بە لێشاو دایانپۆشیم.

(٤) گوتم: لەبەرچاوت دەرکرام، بەڵام دەگەڕێمەوە، بۆ تەماشاکردنی پەرستگای پیرۆزت .

(٥) ئاو دەوری دام، تاکو ئەوەی ترس گەیشتە گیانم، قووڵایی دەوری گرتم، گیای دەریا لەسەرم ئاڵا.

(٦) تاکو بنی چیاکان شۆڕ بوومەوە، بۆ هەتاهەتایە لە زەوی بەندی کردم. ئەی خودای پەروەردگارم، بەڵام تۆ ژیانی منت لە جیهانی مردووان هێنایە دەرەوە.

(٧) ئەی خودا، کاتێک گیانم شەکەت بوو، تۆم بیرکەوتەوە، نزاکەم گەیشتە لات، بۆ پەرستگای پیرۆزت.

(٨)ئەوانەی بتی پووچ دەپەرستن، لە خۆشەویستی خودا بۆ خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە.

(٩) بەڵام من بە دەنگی ستایشەوە بەڵاگێڕت بۆ سەردەبڕم، ئەوەی نەزرم کردووە بەجێی دەهێن. ڕزگاری لە خوداوەیە.

(١٠) ئینجا خودا فەرمانی بە ماسییەکە دا، ئەویش ڕشایەوە و یونسی فڕێدایە سەر وشکانی.

پەیمانی کۆن یونس ٣: ١ - ١٠

چوونی یونس بۆ نەینەوا

(١) ئینجا جارێکی دیکە فەرمایشتی خودا بۆ یونس هاتەوە، پێی فەرموو :(٢) هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا، ئەو پەیامەی پێت دەفەرمووم پێی ڕابگەیەنە.

(٣) یونسیش بەو شێوەیەی خودا پێی فەرموو هەستا و چوو بۆ نەینەوا، نەینەواش شارێکی زۆر مەزن بوو، سەردانیکردنی پێویستی بە سێ ڕۆژ هەبوو .(٤) یونس چووە ناو شارەکە. لە یەکەم ڕۆژەوە بانگەوازی کرد و گوتی: چل ڕۆژی دیکە نەینەوا سەرەوژێر دەبێت. (٥) ئیتر خەڵکی نەینەوا

باوەڕیان بە خودا هێنا، بانگەوازی ڕۆژووگرتنیان ڕاگەیاند و جلوبەرگی گوشیان پۆشی، لە گەورەیانەوە هەتا بچووکیان.
(٦) کارەکە گەیشتەوە پاشای نەینەوا، ئەویش لەسەر تەختەکەی هەستا و کەواکەی لەبەر خۆی داکەند، جلوبەرگی گوشی پۆشی و لەسەر خۆڵەمێش دانیشت .(٧) ئیتر لە نەینەوا جارِدرا و گوترا:

بە فەرمانی پاشا و پیاوە گەورەکانی:
نابێت نە خەڵک و نە ئاژەڵ، نە لە گاگەل نە لە مێگەل، هیچ بچێژن، مەهێڵن نان بخۆن و ئاو بخۆنەوە .(٨) با خەڵک و ئاژەڵەکان جلوبەرگی گوش بپۆشن و زۆر لە خودا بپاڕێنەوە، با هەریەکە لە ڕێگا خراپەکانی و لە ستەمکارییەکەی بگەڕێتەوە .(٩) کێ دەزانێت؟ بەڵکو خودا سزایەکە ڕەت بکاتەوە، کڵپەی تووڕەییەکەی دابمرکێتەوە و لەناونەچین. (١٠) کاتێک خودا کارەکانی ئەوانی بینی، بینی وا لە ڕێگای خراپەکاری گەڕاونەتەوە، خودا پاشگەز بووەوە لەو خراپەیەی کە فەرموویووی بەسەریان دەهێنێت، ئیتر نەیکرد.

پەیمانی کۆن یونس ٤: ١ - ١١
تووڕەبوونی یونس بەهۆی بەزەیی خودا
(١) بەڵام ئەمە یونسی زۆر پەست کرد و ڕق هەڵسا .(٢) نزای بۆ خودا کرد و گوتی: ئای ئەی خودا، ئایا ئەمە قسەی من نەبوو کە هێشتا لە خاکی خۆمدا بووم؟ لەبەر ئەوە هەوڵی هەڵاتنم دا بۆ تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانیت و بە بەزەییت، پشوودرێژیت و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت زۆرە، لە خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەز دەبیتەوە .(٣) ئێستاش ئەی خودا، گیانم لێ بستێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.

(٤) خوداش فەرمووی: ئایا کارێکی باشە تووڕە بیت؟

(٥) ئینجا یونس لە شارەکە چووە دەرەوە و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دانیشت، لەوێ کەپرێکی بۆ خۆی دروستکرد و لەژێر سێبەرەکەیدا دانیشت، بۆ ئەوەی ببینێت چی لە شارەکەدا ڕوودەدات .(٦) خودای پەروەردگاریش ڕووەکێکی ئامادە کرد و لەسەر یونس بەرزی کردەوە، هەتا ببێتە سێبەر لە سەری، بۆ ئەوەی لە خەمەکەی دەربازی بکات. یونسیش زۆر دڵی بە ڕووەکەکە خۆش بوو .(٧) بەڵام خودا لە بەرەبەیاندا کرمێکی ئامادە کرد، کرمەکە لە ڕووەکەکەی دا و وشکی کرد .(٨) لە کاتی خۆر هەڵاتندا خودا بایەکی ڕۆژهەڵاتی گەرمی ئامادە کرد، هەتاو لەسەری یونسی دا. و گێژی کرد، ئەویش داوای مردنی بۆ خۆی کرد و گوتی: «مردنم باشترە لە ژیانم.

(٩) خوداش بە یونسی فەرموو: ئایا کارێکی باشە لەبەر ڕووەکەکە تووڕە بیت؟

ئەویش گوتی: بەڵێ، هەتا بڵێی کارێکی باشە.

(١٠) یەزدانیش فەرمووی: تۆ دڵت بە ڕووەکەکە سووتا کە پێوەی ماندوو نەبوویت و بەخێوت نەکردووە، بە یەک شەو بوو، هەر بە یەک شەویش لەناوچوو .(١١) ئەی باشە نەینەوا، ئەو شارە مەزنە کە زیاد لە سەد و بیست هەزار کەسی تێدایە، ڕاستیان لە چەپیان جیا ناکەنەوە، هەروەها ئەو هەموو ئاژەڵە زۆرەش کە تێیدایە، دڵم پێیان نەسووتێت؟

نەبی موسا (Mose)

نەبی موسا لە هەرسێ دینی جولەکە، کریستیان و ئیسلام، بە یەک لە پەیامبەرە هەر پیرۆزەکان دادەنرێ. دامەزرێنەری دینی جولەکە بووە، کەسایەتی موسا ناکۆکی زۆری لەسەرە. لەدایکبوونی، ژیانی و مردنی زۆر لایەنی شاراوەی هەیە.

ناوی موسا ١٣٦ جار دووبارە بۆتەوە. بە تێکڕا لە ٣٤ سورەت داهاتووە.[129] بەگشتی دووبارەکردنەوەی دەقەکانی پەیمانی کۆنە. لە پەرتووکی دەرچوون

لە بەرگی یەکەم، ، بەشی (دینەکانی میسری کۆن و قورئان – گەڕان لە سۆراخی موسادا. لاپەڕە ٤٥٥ – ٤٩٤، بە درێژی و پڕ ووردەکاری، لە چەند ڕەهەندەوە باسی ژیانی موسا دەکا، هەر لە شازادەیەکی میسری تا دروستبوونی دینی جولەکە باسکراوە.

ذو الکفل

(Hesekiel) هێسکیێل

ذو الکفل یا حەزقیێل، یەک

سورة ص ٣٨: ٤٨

وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ (٤٨)

---

[129] دکتۆر سوها (٢٠١٥) ڕەخنەگرتن لە قورئان

هەرچەندە زۆر لە ڕاڤەکارانی ئیسلام ذو الکفل بە نەبی نازانن، و دەڵێ کەسێکی پیاوچاک بووە. بەڵام لە دینی جولەکە یەک لەو سێ نەبیانەی ئیسرائیلە، کە لە پەرتووکی نەبیەکان (Neviim) و هەروەها خۆی نووسەری پەرتووکی حەزقیێلە لە پەیمانی کۆن.

هەروەها حەزقیێل یەکێکە لە ڕاپێچکراوەکانی جولەکە لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب بۆ بابل. لە ماوەی دیلی لە بابل، لای جولەکان بە پەیامبەر دەبینرا. [130]یەکەم دەستپێکی پەرتووکی حەزقیێل بەو شێوەیە دەست پێدەکا:

پەیمانی کۆن پەرتووکی حێسکیێل ١: ١ - ٣

(١) لە پێنجی مانگی چواری ساڵی سییەم، کاتێک من لەسەر نۆکەندی کەڤار لەنێو ڕاپێچکراوەکان بووم، ئاسمان کرایەوە و خودا چەند بینینێکی بۆ ئاشکرا کردم .(٢) ئەمەش ساڵی پێنجەمی ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشا بوو. لە پێنجی مانگدا، (٣) فەرمایشتی یەزدان بۆ حزقیێلی کاهین کوڕی بوزی هات، لە خاکی بابلییەکان لەسەر نۆکەندی کەڤار، لەوێش ڕۆحی یەزدان هاتە سەری.

بەپێی مێژوو نووسان تەواوی ژیانی لە شام بەسەربردووە، و لە تەمەنی ٥٤ ساڵی کۆچی دوایی کردووە.[131]

---

[130] Joyce, Paul M (2009) EzekielÖ A commentary. T&T Clark. Pp. 67 + 79

[131] إبن جوزي (١٩٩٢) المنتظم في تاريخ الأمم و الملوک. ط١، بيروت، ج١، ص ٣٨٨ - ٣٨٩

داود (David)

لە قورئان ١٦ جار لە ٩ سوورەتی جیاواز ناوی داود هاتووە. لە پەیمانی کۆن پەرتووکی زەبوورەکان، کە بریتییە لە ١٥٠ دەقی پەخشان ئاسا کە پاڕانەوە و خۆزگە و ستایشکردنی خودایە. ئەوەش نموونەیەکیەتی:

زەبوورەکان ١: ١ - ٣

(١) خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی
بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوا و
لە ڕێگای گوناهباران ڕاناوەستێ و
لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشێ.
(٢) بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی خودایە،
شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبێتەوە.
(٣) وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕواپێ و
لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدا و
گەڵاکانی هەرگیز وشک نەبن،
لە هەموو کارێک سەرکەوتوو دەبێ.

بەڵام نووسەری قورئان تەنیا باسی کارە باشەکانی داود دەکا، و چاو لە خراپەکاری و خیانەتەکانی دەپۆشێ.

ئایەتەکانی ٢١ و ٢٢ لە سورەتی ص، لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە نییە وەک قورئان باسی دەکا. بەڵکوو لە پەیمانی کۆن دووەم سمۆئێل ناتان نێردەی خودایە داود تاقی دەکاتەوە.

سورة ص ٣٨: ٢١ – ٢٢

وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ (٢١) إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ (٢٢)

و ئاخۆ هەواڵی ناکۆکیکەرەکانت پێگەیشت کە بە دیواری میحراب سەرکەوتن؟ (٢١) کە لە داود هاتنە ژوورەوە، لێیان تۆقی، گوتیان مەترسە، دووکەسین ناکۆکیمان هەیە، یەکێکمان ستەمی لەوەی تریان کردووە، بە ڕەوایی دادوەریمان لە نێوان بکە و ستەم مەکە، وەک یەک بە دروستی ڕێنماییمان بکە (٢٢)

ڕاستی چیرۆکەکەی پەیمانی کۆن ئەوەیە.

دووەم سمۆئیل ١٢: ١ – ١٢

سەرزەنشتی داود لەلایەن ناتانەوە

(١) خودا ناتانی نارد بۆ لای داود، ئەویش هاتە لای و پێی گوت: دوو پیاو لە شارێکدا هەبوون، یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان هەژار .(٢) پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو .(٣) بەڵام هەژارەکە هیچی نەبوو، جگە لە بەرخێکی مێی بچووک کە کڕیبووی و بەخێوی کردبوو. لەگەڵ خۆی و هەموو منداڵەکانیدا گەورە ببوو. بەرخەکە لە پاروەکەی

ئەو دەیخوارد و لە جامەکەی ئەو دەیخواردەوە، لە باوەشیدا دەنوست و وەک کچی ئەوی لێهاتبوو.

(٤) ئەوە بوو ڕێبوارێک بووە میوانی پیاوە دەوڵەمەندەکە، بەڵام دەوڵەمەندەکە ڕازی نەبوو مەڕێک یان مانگایەکی خۆی بکاتە ژەمێک بۆ میوانەکە کە ڕووی تێکردبوو. لە جیاتی ئەوە کاوڕەمێیەکەی هەژارەکەی برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو«.

(٥) داود زۆر لەو پیاوە تووڕە بوو، بە ناتانی گوت: بە خودای زیندوو، ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە شایانی سزای مردنە !(٦) لە جیاتی کاوڕەمێیەکەش چوار قات دەداتەوە، لە دەرئەنجامی ئەوەی ئەم کارەی کردووە، لەبەر ئەوەی بەزەیی نەبووە.

(٧) ناتانیش بە داودی گوت: ئەو پیاوە تۆی! خودای پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: من دەستنیشانم کردی ببیتە پاشای ئیسرائیل، من لە دەستی شاول دەربازم کردیت .(٨) ماڵی گەورەکەتم پێدای و ژنەکانی ئەوم خستە باوەشتەوە، بنەماڵەی ئیسرائیل و یەهودام پێدای. ئەگەر ئەوەش کەم بووایە ئەوا زیاتریشم بۆ دەکردی. (٩) ئیتر بۆچی فەرمایشتی خودات بە سووک زانی، هەتا ئەم خراپەیە لەبەرچاوی خودا بکەی؟ ئوریای حیتیت بە شمشێر کوشت و ژنەکەی ئەوت کردە ژنی خۆت، بە شمشێری عەمۆنییەکان کوشتت .(١٠) ئێستاش، بۆ هەتاهەتایە شمشێر لەسەر بنەماڵەکەت نابڕێتەوە، چونکە سووکایەتیت بە من کرد، ژنەکەی ئوریای حیتیت برد و کردتە ژنی خۆت.

(١١) خودا ئەمە دەفەرموێ: ئەوەتا من لەناو ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا دەهێنم، لەبەرچاوت ژنەکانت دەبەم و دەیاندەمە ئەو کەسەی کە لێت نزیکە، لە ڕووناکی ئەم خۆرە لەگەڵ ژنەکانت جووت دەبێ. (١٢) تۆ بە

نهێنی ئەو کارەت کرد، بەڵام من لەبەردەم هەموو ئیسرائیل و لەژێر ڕووناکی خۆر ئەم کارەت پێدەکەم.

ئەو دوو ئایەتەی قورئان و هاتنی ناتان لەسەر ئەو چیرۆکەیە، کە نووسەری قورئان خۆی لێدەبوێرێ.

کەچی چیرۆکی خیانەتی داود لە ئوریا (Uria) ناکا.

پەیمانی کۆن دووم سامۆئیل ١١: ٢

(٢) ئەوە بوو دەمەو ئێوارە داود لەسەر قەرەوێڵەکەی هەستا و لە سەربانی کۆشکی پاشا پیاسەی دەکرد، لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات. ژنێکی زۆر جوان بوو، (٣) داودیش خەڵکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە، جا یەکێک گوتی: ئەمە بەتشەبەعی کچی ئەلیعامە و ژنی ئوریای حیتییە. (٤) ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد بۆ هێنانی، ژنەکەش لە خوێنلێچوونی مانگانەی پاک ببووەوە و هاتە لای داود، ئەویش لەگەڵی جووت بوو، پاشان ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. (٥) ژنەکە سکی پڕ بوو، ناردی و بە داودی ڕاگەیاند، گوتی: سکم پڕە.

(٦) داودیش نێردراوی بۆ لای یۆئاب نارد و گوتی: ئوریای حیتیم بۆ بنێرە. یۆئابیش ئوریای بۆ لای داود نارد .(٧) کاتی ئوریا هاتە لای، داود لە هەواڵی سەلامەتی یۆئاب و سوپا و چۆنیەتی سەرکەوتنی جەنگی پرسی. (٨) پاشان داود بە ئوریای گوت: بگەڕێوە ماڵەکەت و قاچەکانت بشۆ. جا ئوریا لە کۆشکی پاشا چووە دەرەوە، دوابەدوای ئەویش دیارییەک لەلایەن پاشاوە نێردرا بۆی. (٩) بەڵام ئوریا لە دەروازەی کۆشکی پاشادا لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا خەوت و نەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.

(١٠) ئینجا بە داود ڕاگەیەنرا کە ئوریا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. داودیش بە ئوریای گوت: تۆ لە ڕێوە نەهاتووی؟ ئەی بۆچی نەگەڕایتەوە ماڵەوە؟

(١١) ئوریاش بە داودی گوت: سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهودا لەناو چادردا نیشتەجێن، یۆئابی گەورەم لەگەڵ پیاوەکانی پاشام لە دەشتودەر چادریان هەڵداوە. ئایا منیش بچمەوە ماڵەکەم بخۆم و بخۆمەوە و لەگەڵ ژنەکەمدا پاڵ بکەوم؟ بە گیانی تۆ، دڵنیابە، من کاری وا ناکەم!

(١٢) ئینجا داود بە ئوریای گوت: ئەمڕۆش لێرە بمێنەوە و سبەینێ دەتنێرمەوە. ئیتر ئوریا بۆ ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش لە ئۆرشەلیمدا مایەوە. (١٣) داود بانگی کرد، ئەویش لەگەڵیدا خواردی و خواردیەوە هەتا ئەوەی داود ئەوی مەست کرد، بەڵام ئوریا بۆ ئێوارە ڕۆیشت تاوەکو لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا لە جێگاکەی بنووێ و نەچێتەوە ماڵەکەی خۆی.

(١٤) بۆ بەیانی داود نووسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی و بە دەستی ئوریادا ناردی. (١٥) لە نووسراوەکەشدا نووسیبووی و دەیگوت: ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لە پشتی بکشێنەوە هەتا لێی دەدرێ و دەکوژرێ.

(١٦) جا کاتی یۆئاب گەمارۆی شارەکەی دابوو، ئوریای لەو شوێنە دانا کە دەیزانی پیاوە بەهێزەکان لەوێن. (١٧) لەو کاتەدا پیاوانی شارەکە هاتنە دەرەوە و لە دژی یۆئاب جەنگان، ژمارەیەک لە خزمەتکارەکانی داود کەوتن و ئوریای حیتیش کوژرا.

(١٨) یۆئابیش نێردراوێکی نارد و هەموو کاروبارەکانی جەنگی بە داود ڕاگەیاند. (١٩) فەرمانیشی بە نێردراوەکە کرد و گوتی: پاش ئەوەی وردەکارییەکانی جەنگەکە بۆ پاشا باس دەکەیت، (٢٠) ئەگەر تووڕەیی پاشا جۆشا و گوتی: بۆچی لە شارەکە نزیک کەوتنەوە بۆ جەنگ؟ ئەی نەتانزانی

ئەوان لەسەر شووراکەوە تیرتان تێدەگرن؟ (٢١) کێ ئەبیمەلەخی کوڕی یەروبەشەتی کوشت؟ ئایا ژنێک لەسەر شووراوە بەرداشی سەرەوەی دەستارێکی تێنەگرت و لە تێڤێچ کوژرا؟ بۆ لە شووراکە نزیک کەوتنەوە؟ تۆش ئەو کاتە بڵێ: هەروەها ئوریای حیتی خزمەتکاریشت کوژراوە.

(٢٢) نێردراوەکە ڕۆیشت، کاتێک هاتە لای داود هەموو ئەو شتانەی پێ ڕاگەیاند کە یۆئاب پێی ڕایسپاردبوو .(٢٣) هەروەها نێردراوەکە بە داودی گوت: خەڵکەکە بەسەرماندا زاڵ بوون، هاتن لە دەشتودەر لەگەڵمان بجەنگن، بەڵام هەتا دەمی دەروازەکە پاشەکشەمان پێکردن. (٢٤) ئینجا تیرهاوێژەکان لەسەر شووراکەوە تیربارانیان کردین و ژمارەیەک لە خزمەتکارەکانی پاشا کوژران، ئوریای حیتی خزمەتکاریشت کوژرا.

(٢٥) داودیش بە نێردراوەکەی گوت: ئاوا بە یۆئاب دەڵێیت: ئەم کارەت پێ خراپ نەبێ، چونکە شمشێر جارێ ئەم و جارێ ئەو دەخوات. شەڕەکەت لەسەر شارەکە بەتین بکە و کاولی بکە. ئەمە بۆ هاندانی یۆئاب بڵێ.

(٢٦) کاتێک ژنەکەی ئوریا بیستی کە ئوریای مێردی کوژراوە، شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا. (٢٧) پاش تێپەڕبوونی ڕۆژانی پرسە، داود ناردی بەدوایدا و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە و بوو بە ژنی و کوڕێکی لێی بوو. بەڵام ئەم کارەی داود کردی، لەبەرچاوی خودا ناپەسەند بوو.

سلێمان (Salomo)

ناوی سلێمان لە قورئان لە حەوت سورەتی جیاجیا، حەڤدە جار هاتووە. لە ئیسلام بە نەبی سلێمان ناسراوە، کەچی لە پەیمانی کۆن پاشایە و دوای داودی باوکی دەستەڵاتی گرتۆتەدەست.

دیارترین کارەکانی سلێمان لە پەیمانی کۆن دروستکردنی پەرستگای ئۆرشەلیمە، کە تا ئێستاش پیرۆزترین شوێنی دینی جولەکە و ناوەندی پەرستنە.

پەیمانی کۆن یەکەم پاشایان ٦: ١

(١) لە چوار سەد و هەشتایەمین ساڵی هاتنە دەرەوەی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر، کە دەکاتە ساڵی چوارەمی پاشایەتی سلێمان لە ئیسرائیل، لە مانگی زیف کە مانگی دووە، سلێمان دەستی بە بنیادنانی پەرستگاکەی یەزدان کرد.

هەروەها چیرۆکی سلێمان شاژنی شەبا (سبأ)

چیرۆکی سلێمان و شاژنی شەبا، لە قورئانیش ئاماژەی پێکراوە. کە سەرچاوەکەی هەر لە دینی جولەکە هاتووە، بەڵام نەک لە پەیمانی کۆن، بەڵکوو لە تەرگوومی دووەمی پەرتووکی ئەستەر.

لە پەیمانی کۆن دوو پەرتووک هەن، کە دەدرێنە پاڵ سلێمان یەکەمیا پەندەکانی سلێمان کە لە ٤٠ دەق پێکهاتووە، دووەمیشیان بە ناوی (گۆرانی گۆرانییەکان) هاتووە. و ٨ دەقە.

بەپێی تۆژینەوە ئەو دەقانە لە بنەڕەتدا شێوەنی خودای ئیشتارن بۆ خودای دامزی. بۆیە لێرەدا بە دواداچوونێک بۆ دروستی ئەو بابتە دەکرێ.

هاوسەرگیری پیرۆز و گۆرانی گۆرانیەکان بۆ سلێمان

لای سۆمەری و بابلیەکان باوەڕی دینی زۆر شێوە و ئاکاری جیاوازی هەبوو. بەڵام باوەڕ لە هەموویان گرنگتربوو. و توانیبوویان ببنە بنەڕەت بو بنیاتنانی بیرکردنەوە. ئەوانەش باوەڕی ئەنیمیزم (Animism)[132] و باوەڕی ئەنترۆپۆمۆرفیزم (Anthropomorphism) بوون[133].

ئەو دوو باوەڕەش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی زۆر زووی پێش مێژوو. مرۆڤ لەو سەردەمەدا زۆر لە ژێر کاریگەری سرووشت دابوو. ئەوەش بەهۆی شێوەی ژیانی سەرەتایی، و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ سرووشت.

بێگومان لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و ململانێی لەگەڵ دیاردەکانی سرووشت دا. کە لێکەوتەی نزیکی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا هەبوو. باوەڕی وابوو کە هێزی گیان (روح) هۆکارە بۆ هەڵکردنی با و گێژەلووک. هۆکاری هەورەتریشقە، باران بارین و لافاو هەڵسان. بە هەمان

---

[132] Animism باوەڕیوون بەوەی کە ئەوانتری لە هەمان جۆری نامتاریالی گیانی (روح).

[133] ئەنترۆپۆمۆرفیزم (Antropomorfism) ئاماژەیە بۆ بینینی ڕۆڵی کەسایەتی کارەکتەری مرۆڤ لەسەر بوونەوەرانی نا مرۆڤ، وەک ئاژەڵ، خودا یان شتیتر. وشەکە لە زمانی یۆنانی (anthrōpos)ەوە هاتووە کە بە واتای مرۆڤ و (morphē) کە بە واتای فۆرم دێت. کاتێک بوونەوەرێک فۆرمێکی هاوشێوەی مرۆڤی هەبێت پێی دەوترێت ئەنترۆپۆمۆرفیزمی فیزیکی و کاتێک بوونەوەرەکە ژیانی ڕەوانی نافیزیکی هاوشێوەی مرۆڤی هەبێت پێی دەوترێت ئەنترۆپۆمۆرفیزمی دەروونی.

شێوە ئەو دیاردانە دەبنە هۆکاری نوێبوونەوە و بڕشت. دەرکەوتنی گژوگیا، و گەشەکردن و زاوزێکردنی گیانداران، و بەرهەمی زۆر لە وەرزی بەهاران.[134]

ئەنجامی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت لە پێناوی بەردەوامی ژیان و مانەوەی. ئاساییە ئەو هێزانە لە شێوەی مرۆڤ وێنا بکا. و ڕەنگ و ڕوویان بداتێ. جەستە و ئاکارەکانیشیان خودایی بن. هەر لەبەر ئەوەیە خودا لە میسۆپۆتامیا، بە گشت ئاکار و دیاردەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە. هەروەها ڕەفتار و پێویستی و ئارەزووەکانیشی هەروەک مرۆڤ وان.

خودا دەخوا، دەخواتەوە و هاوسەرگیری دەکا. کاری باش دەکا و بە هەڵەش دادەچێ. فەرمانڕەوایی دەکا و ئەنجومەنی هەیە، کە تێیدا بڕیار لەسەر چارەنووسی گەردوون و مرۆڤ دەدا. تاکە جیاوازی لە نێوان خودا و مرۆڤ ئەوەیە، کە مرۆڤ دەمرێ، بەڵام خودا بوونەوەرێکی هەتاهەتاییە و نامرێ.[135]

لەسەردەمی زووی مێژووی میسۆپۆتامیا، سۆمەری و بابلیەکان هێزی بڕشتیان وێنادەکرد. کە دواتر بە خودای بڕشت و بەرهەم ناسرا ئانانا (ئیشتار) و خودای ڕووەک مەڕوماڵات داموز (تموز).

ئەوان باوەڕیان وابوو هاوسەرگیری خودا گەنجەکە لەگەڵ خودای جوان ئانانا. سەرچاوەیە بۆ گشت دیاردەکانی بەرهەم و بڕشت بۆ ژیان لەسەر زەوی. دانیشتوانی میسۆپۆتامیا تەنیا باوەڕیان پێ نەبوو، بەڵکوو بە توندی پەیڕەویشیان دەکرد. [136]

---

[134] علی، دکتۆر فاضل عبدالواحد (١٩٩٩) عشتار و مأساة تموز ص ٢٨١

[135] هەمان سەرچاوە

[136] Mirea, Eliade (1963) Myth and Reality. HARPER & ROW, PUBLISHERS. Pp. 12 – 13

بەردەوام ئاهەنگ و ڕیتوالی دینیان بۆ دەکردن. بەپێی ئەو کولتوورەی دروستیان کردبوو، هاوسەرگیری هەردوو خودای بڕشت داموزی و ئانانا. ئەو هاوسەرگیرییەش هەر ساڵە لە وەرزی بەهار دووبارە دەبووەوە. هەر بۆیە دواتر پسپۆران ناویان لێنا (هاوسەرگیری پیرۆز). ئەو هاوسەرگیرییە وەک هەر ئاهەنگێکی تری دینی بوو. کە بە گوتنەوەی گۆرانی و شیعری شاعیرانی سۆمەری، لە زمانی ئانانا (ئیشتار)ی بووک، کە یەک لە کاهینەکانی پەرستگا ڕۆڵی دەبینی. هەروەها کاهینێکیتر، ڕۆڵی زاوا داموزی دەبینی. و ئەو دوو کاهینە وەک دوێت بەرامبەر یەک شیعرەکانیان دەگوتنەوە.

هاوسەرگیری پیرۆز و چەندین پەرستنی تر، کۆتاییان بەوەداهات، زاوا دەچووە لای بووک. و هەردوو خودای بڕشت و بەرهەم پێک شاددەبوون. ص ٢٨٢

بەباوەڕی ئەرسەدۆکسیەکان ئەو گۆرانیانە، مانای قووڵیان هەیە. ئەو گەنجە ئەویندارە لە گۆرانیاکان هێمایە بۆ خودای عیبرانیەکان (یەهوا). ئەو کچەی یەهوا وەک ئەویندار گۆرانی بۆ دەڵێ هێمایە بۆ زەوی، کە عیبرانیەکان یەکەم جار لێی دابەزین.

بێجگە لەو لێکدانەوەیە ڕاڤەی تریش سەبارەت بەو گۆرانیانە هەن. کە بە شێوەی جیاواز هەڵیان دەسەنگێنن. لێرەدا یەک بۆچوونی قووڵ و لۆژیک هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ. مییک (Theophile James, Meek) بەر لە زیاتر لە سەد ساڵ (بەدیاریش لە ساڵی ١٩٢٣) سەبارەت بە گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان[137]، گوتی:

---

[137] American Journal of semetic Language and Literature. Vol. 39. Pp. 1 - 14

هەرچەندە عیبرانیەکان یادی دەکەنەوە، بەوەی هاوسەرگیری خودای ڕۆژ لەگەڵ خودای دایکە. کەچی ئەو یادکردنەوەیە، عیبرانیەکان لە کەنعانیەکان وەریانگرتووە. کە ئەوانیش لە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا وەریانگرتووە. مییک بەو چەند خاڵە گریمانەکەی دەخاتە ڕوو:
١ گەنجە ئەوینداراەکە، لە گۆرانی گۆرانیەکان، جارێک بە پاشا و جارێک بە شوان ناوی هاتووە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ خودای بڕشت داموززی (تموز) لە میسۆپۆتامیا.

٢ کچە لە گۆرانیەکان، جارێک هاوسەرە (ژن) و جارێکیش بە خوشک ناوی هاتووە. کە هەردووکیان ئاکاری خودای ئانانا (ئیشتار)ن.

٣ بابەتی گۆرانیەکە بریتییە لە دیالۆگێکی سۆز و خۆشەویستی. و بە نۆرە جارێ لەسەر زمانی کوڕە گەنجەکە و جارێکیش لەسەر زمانی کچە خۆشەویستەکەی. ئەوەش بە ئاسانی دیمەنی دیالۆگی سۆمەریە لە نێوان خودای داموززی و ئانانای خۆشەویستیەتی.

بێگومان پاڕانەوە و پەرستن بۆ بەرهەم و بڕشت، لای عیبرانیەکان شتێکی نامۆ نییە. ئەوەش بەتایبەتی لە وێناکردنی خودای (یەهوا) و زەوی کە ئەوان لێی دابەزیون. ئەوەش لە نێوان یەهوا و زەوی، وەک پەیوەندی دوو هاوسەر وایە. بەڵام شێوەی خۆشەویستی خودایی لای دینە ئیبراهیمیەکان شێوەیەکی تایبەتی هەیە. کە لەگەڵ دەقی گۆرانی گۆرانیەکان یەک ناگرنەوە.

هەرچەندە ئەو کاتەی مییک بەو گریمانەیە، گومانی خستە سەر ڕاڤەکردنی عیبرانیەکان، بۆ گورانی گۆرانیەکان. ئەوەندە بەڵگە لەسەر دەقەکانی سۆمەری، بەتایبەتی هاوسەرگیری

پیرۆز لە بەر دەست دانەبوون. سەرەڕای ئەوەش لۆژیکترین گریمانەییە، بتوانێ ڕاستی تێدا بدۆزرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٢ دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ، بەسەر نووسینەکەی مییک، سەبارەت بە گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان، و دۆزینەوەی تابلۆ و زانیاری تری شوێنەوارناسی بە هەراو، لەسەر ئەو بابەتە. کریمەر (Kramer Noah, Samuel) نووسینێکی لەسەر گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان و گۆرانیەکانی ئەوینی سۆمەری بڵاوکردەوە.[138]

کریمەر لە پێشەکی نووسینەکەی، بە کورتی ڕا و بۆچوونی سەبارەت بە پەرتووکی (گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان) نووسی. کە پەیوەندی بە پیرۆزی بڕشت لای سۆمەریەکانەوە هەیە. دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆزینەوانەی دەقەکانی سۆمەری. دەڵێ پەرتووکی گۆرانی گۆرانیەکان بۆ سلێمان، لە پەیمانی کۆن. دوا گۆرانی دینیە بۆ ڕیتوالی پەرستنی بڕشت و هاوسەرگیری پیرۆز.

زاوا، ئازیزی دڵم،
خۆشی تۆیە، خۆشەویست – شیرین؛
شێر، ئازیزی دڵم،
خۆشە چێژتانە، هەنگوین – شیرین.

تۆ منت دیلکردووە، من بە لەرزەوە لەبەردەمتدا وەستاوم.

[138] Kramer, The Biblical song of songs and Sumerian love songs. Bulletin of the University of Pennsylvania. Vol. 5. No.1. 1962. Pp. 25 - 31

زاوا، من دەبوایە، لەلایەن تۆوە بردرابامە ژووری نووستن؛
تۆ منت دیلکردووە، من بە لەرزەوە لەبەردەمتدا وەستاوم.
شێر، من دەبوایە لەلایەن تۆوە بردرابام بۆ ژووری نووستن.

زاوا، با نازەکانمت پێ بدەم،
شیرینە بەنرخەکەم، من دەبوایە بە هەنگوین فێنک بکرێمەوە (؟)،
لە ژووری نووستنی پڕ لە هەنگوین،
با چێژ لە شۆخیە جوانەکەت وەربگرین؛
شێر با لە نازەکانمت پێب دەم، پێشبینی منی شیرین،
من دەبوایە فێنک ببمەوە (؟) بە هەنگوین.

زاوا، تۆ چێژت لێ وەرگرتووم،
پێم بڵێ دایە ئەو خواردنە خۆشەکانت پێدەبەخشێت (؟)
بە باوکم بڵێ، ئەو دیاریت پێدەدات.

گیانی تۆ – دەزانم لە کوێ گیانت هان بدەم،
زاوا تا بەیانی لە ماڵەکەمان بخەوە،
دڵت – دەزانم لە کوێ دڵت دڵخۆش بکەم،
شێر تا بەیانی لە ماڵەکەمان بخەو.

تۆ لەبەر ئەوەی منت خۆشدەوێت،
شێر، دوعای نازەکانتم پێ بدە،
پەروەردگار خوداوەندەکەم، پەروەردگار جنۆکە باشەکەم،

شو-سینەکەم کە دڵی ئێنلیل دڵخۆش دەکات،
نزای نازەکانتم پێ ببەخشە.

شوێنەکەت وەک هەنگوین شیرینە، بە نزا دەستی لەسەر دابنێ،
وەک جل و بەرگی گیشبان دەستت بەسەریدا بهێنە،
وەک جلێکی گیشبان-سیکین، دەستت بەسەریدا بێنە،[139]

بە خوێندنەوەی سێ دەق لە گۆرانی گۆرانیەکان لە پەیمانی کۆن. و دواتر لەگەڵ گۆرانییەکانی ئەوینی داموزز بۆ ئانانا (ئیشتار) بەراوردکردنیان دەردەکەوێ دوو دیمەنن، وەک ئاوێنەی یەکتری، بەلای کەمی کاریگەری بەهێزی ئەفسانەی میسۆپۆتامیا، بۆتە بەرهەمی گۆرانی گۆرانییەکان بۆ سلێمان.

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ١: ٥ – ٨

بەڕاستی تۆیان خۆشدەوێ.
(٥) ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
من ئەسمەرێکی جوانم،
وەک ڕەشماڵەکانی قێدار،
وەک نێوبەندی ڕەشماڵەکانی سلێمان.
(٦) تەماشام مەکەن کە من ئەسمەرم،
ئەوە خۆر لێیداوم.

[139] Kramer, The sacred Marriage Rite. Pp. 92 - 93

کوڕانی دایکم له من تووڕه بوون،
منیان کرده چاودێری ڕەزەمێو،
لەبەر ئەوەی ناچار کرام، چاودێری ڕەزەمێوەکەم نەکرد.
(٧) ئەی خۆشەویستی گیانم، پێم بڵێ،
لەکوێ مێگەلی خۆت دەڵەوەڕێنیت،
کاتی نیوەڕۆش پشتیری مەڕەکانت لەکوێیە؟
بۆچی وەک پەچەکراوێک بم،
لەلای مێگەلی هاوڕێیەکانت؟

دەستەخوشکەکان
(٨) ئەی جوانترینی نێو ژنان، ئەگەر نازانیت
بە شوێن پێی مەڕاندا بڕۆ و
کاریلەکانت بلەوەڕێنە
لەلای نشینگەی شوانەکان.

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ٦: ٢ – ٣

ئەویندار
(٢) دڵدارەکەم دابەزییە ناو باخچەکەی،
بۆ ناو باخچەی بۆندار،
هەتا مێگەلی خۆی لەناو باخچەکاندا بلەوەڕێنێت و
سەوسەن کۆبکاتەوە.

(٣) من بۆ دڵدارەکەمم و دڵدارەکەم بۆ منە،
لەناو گوڵە سەوسەنەکان دەلەوەڕێت.

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ٢: ٨ – ٩

(٨) گوێ بگرە! ئەوە دەنگی دڵدارەکەمە!
تەماشا کە! وا دێت،
لەسەر چیاکان هەڵدەبەزێتەوە،
بەسەر گردەکاندا باز دەدات.
(٩) دڵدارەکەم وەک ئاسک یان وەک کارمامزە،
وا لە پشت دیوارەکەمان ڕاوەستاوە،
لە دەلاقەوە سەیر دەکات،
لە کلاوڕۆژنەوە تەماشا دەکات.

بۆیە تەنیا گۆرانی سۆز و کەم بەها نین. بەڵکوو گۆرانی گۆرانییەکان بۆ سلێمان، دیمەنێکی خەیاڵیە سەبارەت بە گۆرانیەکانی سۆمەری، کە بەشێوەیەکی سارد و بێسۆز داپۆشراون.

لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەن بۆ ئەوەی پەیمانی کۆن و دەقەکانی پاشماوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیان، بە تایبەتی سۆمەری.

کاریگەری کولتوور و دینی سۆمەری، دوای ئەویش پەیمانی کۆن، لەسەر ناوەڕۆکی قورئان، ناکرێ ڕەچاونەکرێ. بەتایبەتی چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا، زۆر دیمەن لە سۆز و گیرۆدەیی دووبارە دەکاتەوە.

چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبە (شەبا)

لە سوورەتی النمل باسی نەبی سلێمان دەکا، کە چۆن لەگەڵ شاژنی سەبا (شەبا) یەکتریان بینیوە. ئەوەش لە تەرگوومی دووەمی پەرتووکی ئەستێر وەرگیراوە.

القرآن الكريم – سورة النمل ٢٠ – ٤٤

وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ (٢٠) لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ (٢١) فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ (٢٢) إِنِّي وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ (٢٣) وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ (٢٤) أَلَّا يَسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخْرِجُ ٱلْخَبْءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ (٢٥) ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ (٢٦) قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ (٢٧) ٱذْهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَٱنظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ (٢٨) قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ إِنِّيٓ أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٌ كَرِيمٌ (٢٩) إِنَّهُۥ مِن سُلَيْمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ (٣٠) أَلَّا تَعْلُوا۟ عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (٣١) قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ أَفْتُونِي فِيٓ أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ (٣٢) قَالُوا۟ نَحْنُ أُو۟لُوا۟ قُوَّةٍ وَأُو۟لُوا۟ بَأْسٍ شَدِيدٍ وَٱلْأَمْرُ إِلَيْكِ فَٱنظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ (٣٣) قَالَتْ إِنَّ ٱلْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا۟ قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوٓا۟ أَعِزَّةَ

أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۖ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ (٣٤) وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ
ٱلۡمُرۡسَلُونَ (٣٥) فَلَمَّا جَآءَ سُلَيۡمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٖ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ
مِّمَّآ ءَاتَىٰكُمۖ بَلۡ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمۡ تَفۡرَحُونَ (٣٦) ٱرۡجِعۡ إِلَيۡهِمۡ فَلَنَأۡتِيَنَّهُم بِجُنُودٖ لَّا
قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخۡرِجَنَّهُم مِّنۡهَآ أَذِلَّةٗ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (٣٧) قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ
أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ (٣٨) قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠
ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ وَإِنِّي عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ (٣٩) قَالَ ٱلَّذِي
عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ فَلَمَّا رَءَاهُ
مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ
فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ (٤٠) قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرۡشَهَا
نَنظُرۡ أَتَهۡتَدِيٓ أَمۡ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهۡتَدُونَ (٤١) فَلَمَّا جَآءَتۡ قِيلَ أَهَٰكَذَا
عَرۡشُكِۖ قَالَتۡ كَأَنَّهُۥ هُوَۚ وَأُوتِينَا ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهَا وَكُنَّا مُسۡلِمِينَ (٤٢) وَصَدَّهَا
مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ (٤٣) قِيلَ لَهَا ٱدۡخُلِي
ٱلصَّرۡحَۖ فَلَمَّا رَأَتۡهُ حَسِبَتۡهُ لُجَّةٗ وَكَشَفَتۡ عَن سَاقَيۡهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ صَرۡحٞ مُّمَرَّدٞ مِّن
قَوَارِيرَۗ قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ (٤٤)

و باڵندەکە دیارنەبوو، جا سلێمان گوتی چۆنە پەپووسلێمانە نابینم، یان خۆی دزیوەتەوە(٢٠) دەبێ سزایەکی سەختی بدەم، یان ملی هەڵقرتێنم، یا دەبێ بەڵگەیەکی ڕوونم بداتێ (٢١) زۆری نەخایاند، هات و گوتی: من شتێکم دەستکەوتووە، کە تۆ بەدیت نەکردووە. وە هەواڵێکی ڕاستودرووستم بۆ هێناوەی (٢٢) من ژنێکم بینی فەرمان ڕەواییان دەکات، وە لە هەموو شتێکی پێ دراوە و خاوەن تەختێکی مەزنە. (٢٣) ژنە و هۆزەکەیم بینی. جگە لە خودا کڕنۆش بۆ خۆر دەبەن. و شەیتان کردەوەکانیانی خەملاندووە. و لە ڕێگای خودا گومڕای کردوون.

ڕێدەرناکەن (٢٤) کرنۆش بۆ خودایەک نابەن کە پێواری ئاسمانەکان و زەوی دەردێنێت، و ئەوەی بشارنەوە ئەو دەزانێ بەوە دەزانێ. (٢٥) ئەو خودایەی، بێجگە لەو هیچ شتێتر بۆ پەرستن نابی. و ئەو پەروەردگاری تەختی مەزنە. (٢٦) سلێمان گوتی، سەیردەکەین، تا بزانین ڕاست دەکەی، یان لە درۆزنەکانی؟ (٢٧) بەم نامەیەم بۆ بگەیێنە. و بۆیان باوێژە. ئەسا کەمێک دوورکەوە و سەیرکە بزانە وەڵامیان چییە؟ (٢٨) ژنەکە گوتی، ئەی دەستەی ڕاوێژکاران لە ڕاستیدا نامەیەکی گرنگم بۆ هاتووە (٢٩) لە سلێمانەوە، بە ناوی خودای دەهەندە و میهرەبان. (٣٠) نەکەن خۆتان لەمن بە زلتر بزانن، و وەرنەلام خۆتان بدەنە دەست (٣١) گوتی ئەی دەستەی پیاوماقولان، ئێوە دەربارەی ئەم کارە چی دەڵێن، من چی بکەم؟ هەتا ئێوە کۆنەبنەوە، قسەی خۆتان نەکەن بڕیاری هیچ کارێ نادەم. (٣٢) گوتیان ئێمە خاوەنی هێزین و هەم بوێرین. و دوا بڕیاریش بەدەستی تۆیە. جا خۆت بروانە چ فەرمانێک دەدەیت (٣٣) گوتی ئەگەر پاشایانن بچنە ناو هەر شارێک کاولی دەکەن. و خەڵکەکەی ڕیسوادەکەن. و ئەم جۆرە کارانە دەکەن (٣٤) ئەوا من دیاریەکیان بۆ دەنێرم. و چاوەڕێ دەکەم، بزانم ڕاسپاردەکان، بە چیەوە دەگەڕێنەوە. (٣٥) کاتێ هاتە لای سلێمان، گوتی دەتانەوێ بە ماڵ کۆمەکم بکەن؟ ئەوەی خودا بە منی داوە، هێژاترە لەوەی بە ئێوەی داوە. بەڵام وا دیارە ئێوە بە دیاری خۆتان دڵخۆشن؟ (٣٦) بگەڕێوە لایان، وا ئێمە بە لەشکرێکەوە، دەچمە سەیان، کە ئەوان دەرۆستی نەیەن. و بە ڕیسوایی، لەوێ دەریان دەکەم (٣٧) سلێمان گوتی: ئەی گەڵی دیوانێ، پێش ئەوەی بێنە ئامانێ، کێ دەتوانێ تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنێ؟ (٣٨)

لۆزەوەندەرێک لە جنۆکان گوتی، بەر لەوەی تۆ لە شوێن خۆت هەڵسی، من بۆت دێنم. و من توانام بەسەری داهەیە. و دەستپاکیشم (٣٩) ئەوەی لە زانستی لە پەرتووك شتێ دەزانێ، هەڵیدایە و گوتی من بە چاوتروکانێک بۆت دێنم. کاتێک سلێمان بینی وا تەختەکەی لایە. گوتی ئەوە لە چاکەی پەروەردگارمە. ویستی تاقیم بکاتەوە. ئاخۆ سوپاس بکەم، یان کوفر بکەم؟ هەر کەسێك سوپاس بکا ت ئەوا بۆ خۆی دەیکا، وە هەرکەسێك کوفر بکات ئەوا لە ڕاستیدا خودا دەوڵەمەند و ڕێزدارە. (٤٠) گوتی تەختەکەی بۆ بگۆڕن، و سەیردەکەین، ئایا دەیناسێتەوە یان سەری لێدەرناکا؟ (٤١) کاتێ شاژن هات گوتیان: ئایا ئەوە تەختەکەتە؟ گوتی هەر دەڵێی خۆیەتی. لە پێسدا دەتزانی. و ئێمە گەر گوێ بەر فەرمان بووین. (٤٢) بەرپەرچی دابۆوە، ئەوەی بێجگە لە خودا بپەرستێ، وە لە ڕاستیدا لە خەڵکی کافربوو. (٤٣) پێی گوترا وەرە ناو کۆشک، کە سەیریکرد، پێی وابوو مەنگاوە. و دەلینگی هەڵکردن. گوتی ئەو کۆشکە لە شووشەی ڕوون زەویەکەی دارژراوە. ژنەکە گوتی: خاوەنی ژیانم، من ئێستا نارەواییم لە خۆم کردووە. لەگەڵ سلێمان خۆم دەدەمەە دەستی خودای جیهانەکان. (٤٤)

ئەگەر بەراوردێکی نێوان سورەتی النمل لە قورئان دەربارەی نامەگۆڕینەوەی نێوان شاژنی سەبا و سلێمان بکەین، کە دوایی هاتنی بۆلای سلێمان. بەراوردی لەگەڵ تەرگوومی دووەمی ئەستیر پێ بکرێ، لەیەکچوونێکی لە ڕادەبەدەر دەبینرێ. تاکە جیاوازی نێوان گێڕانەوەکەی قورئان و تەرگوومی دووەمی ئەستیر ئەو باڵندەیە، کە تەتەری سلێمانە. و نامەکانی بۆ دەگەیێنێتە شاژنی سەبا. لە قورئان پەپوسلێمانەیە. کەچی لە تەرگوومی دووەمی ئەستیر، باڵندەکە کەلەشێری بیابانە (cock of the desert)

دەڤی چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا لە تەرگوومی دووەمی ئەستێر:

کاتی سلێمان بە شەراب دڵی ئارام بووەوە، فەرمانی بە گشت گیاندارەکانی بیابان، باڵندەکانی ئاسمان، خشۆکەکانی زەوی، جنۆکە، ڕۆح و جادووکەر تا لەبەردەمیدا سەمابکەن، بۆ ئەوەی مەزنی ئەو لە بەرامبەر گشت پاشایانی ژێر دەستەڵاتی پیشان بدا. یەک یەک بەناو بانگی خزمەتکارانی پاشایەتی کرد. ئەوانیش هاتنە خزمەتی. بێجگە لە زیندانیان و ئەو پاسەوانانەی چاوەردێریان دەکردن. لەو کاتەدا کەلەشێری بیابان لەناو باڵندەکان کاتی بەسەر دەبرد. و سلێمان نەیبینی. پاشا فەرمانی دا، کە بە زەبری هێز ڕەکێشیکەن. و تا دەگاتە ئەو ئاستەی لەناوی بەرن. کاتی کەلەشێری بیابان گەڕایەوە. و لەبەردەم سلێمان پاشا ئامادەبوو. پێی گوت: گەورەم پاشای جیهان، گوێبگرە. تا گوێت لە قسەکانم بێ. سێ مانگ تێ نەپەڕیوە، بیرم کردەوە، و لەدڵەوە بڕیارم دا. نە هیچ بخۆم و نە ئاویش بخۆمەوە، تا گشت جیهان نەبینم، و تێیدا نەفڕم. هەروەها گوتم: ئەو دەنگۆیە چییە یان ئەو وولاتە کە گوێڕایەڵی گەورەم نابن؟ ئەوسا شارێکی بە قوڵلەو قەڵاتم بینی بەناوی (قەیتور) لە وولاتێک لە ڕۆژهەڵات. خاکەکەی قوڕسترە لە زێڕ و زیو وەک خاشاک لە بازاڕ. و درەختی لەسەرەتادا لێ چێندراوبوون، کە ئاوایان لە باخی باخی بەهەشت دەخواردەوە. هەروەها خەڵکی تاجە گوڵینەیان لەسەرە. کە ڕووەکی لە بەهەشتەوەیە. لەبەرئەوەی لێی نزیکە. ئەوان دەزانن تیروکەوان باوێن،

بەڵام ناتوانێ بیانکوژێ. ئەوانە گشتیان لەلایەن ژنێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێن، کە ناوی (شاژنی سەبا)یە. جا ئەگەر پاشای گەورەم ئارەزووی لێیێ. ئەوا دەفڕم و دەچمە ناو قەڵای (قەیتور) و شاری سەبە. پاشاکانیان کەلەپچە، و پیاوماقولانیان بە زنجیری ئاسن دەبەستمەوە. و دەیانهێنمە پێش پاشای گەورەم.

ئەم قسانە، بە دڵی پاشا بوون، بۆیە هەر زوو پاشا زانایانی بانگ کردن. ونامەیەکیان نووسی. و بە باڵی کەلەشێری بیابانەوەیان بەستەوە، ئەویش هەڵسا و بۆ ئاسمان فڕی. و تاجەکەی بەست و بوو بە خواپەرست. و لەپێش باڵندەکانی تر فڕی. ئەوانیش لە پشتیەوە، بەرەو قەڵای قەیتور فڕین.، بەرەو شاری سەبا ڕۆیشتن. سەرلەبەیانی وا ڕێککەوتن. کە شاژنی سەبە دەچێتە دەرەوە، بۆ قەراخ دەریا بۆ پەرستن، بۆیە باڵندەکان، بەردەم خۆریان گرت. دەستی خستە سەر جلەکانی و دڕاندی، سەری سوڕما و سەری لێ شێوا. وە کاتێک سەری گێژبوو بوو. کەلەشێری بیابان لێی نزیک بووەوە، بینی نامەیەک لە ژێر باڵی بەستراوە. ئەویش نامەکەی لێکردەوە، و خوێندیەوە. نامەکە بەو شێوەیە نووسرابوو:

لە منەوە، من پاشا سلێمانم، ئاشتی بێت لەسەر شازادەکانتان. چونکە دەزانن پیرۆزی منی کردووە بە پاشا بەسەر درندەکانی بیابان و باڵندە ئاسمانییەکان و جنۆکە و ڕۆحەکان و جنۆکە و هەموو پاشاکانی... ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باشوور و باکوور، وەرە پرسیار لە سەلامەتی من بکە. ئەگەر بتەوێت, و بێیت بۆ ئەوەی لە تەندروستی من بپرسیت، باشیت، منیش لە هەموو ئەو پاشایانەی کە لەبەردەممدا کرنۆش دەبەن، گەورەترت دەکەم. وە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن. و نەیەن پرسیار لە تەندروستی من بکەن، ئەوا پاشا و سەرباز و شوڕشگێڕان دەنێرم بۆ سەرتان.

ئەگەر بڵێیت: پاشا و سەرباز و شوڕشگێڕەکان چین لەگەڵ پاشا سلێمان؟ ئاژەڵەکانی بیابان بریتین لە پاشا و سەرباز و شوڕشگێڕ. وە ئەگەر بڵێم: شوڕشگێڕ چییە؟ وتم باڵندەکانی ئاسمان شوڕشگێڕن، و سوپای گیان و ئەلف و ئۆرکەکانن. ئەو سەربازانەن کە لەناو جێگاکانتاندا لەناو ماڵەکانتاندا دەتانخنکێنن. ئاژەڵە بیابانەکان بە ئاشکرا دەتانکوژن. باڵندەکانی ئاسمان گۆشتتان دەخۆن. کاتێک شاژنی سەبە ووشەکانی ناو نامەکەی خوێندەوە. دیسان دەستی خستە سەر جلەکانی و ئەوجارەش دڕاندی. دوای ئەوە ڕاوێژکار و سەرۆکەکانی بانگ کرد. و پێی فەرموون: ئایا دەزانن پاشا سلێمان چی بۆ ناردم؟ لە وەڵامدا گوتیان: ئێمە پاشا سلێمان ناناسین، هیچ گرنگیش بۆ شانشینی ئەو نادەین و خۆشی بە هەند هەلناگرین. شاژن گوێی لە قسەکانیان نەگرت، بەڵکو بەدوای هەموو بەلەمەکانی دەریای دا نارد. و دیاری و گەوهەر و بەردی بەنرخی بارکرد. و شەش هەزار کوڕ و کچی گەنجیشی ئامادەکردن، کە هەموویان لە ساڵێکدا، و لە یەک مانگ دا، لەدایکبووین، ڕۆژێک و کاتژمێرێک، هەموویان جل و بەرگی وەنەوشەییان لەبەرکرد. شاژن نامەیەکی نووسی. لەگەڵ ئەوان، بۆ پاشا سلێمانی نارد و ئەمەش دەقی نامەکەیە.

لە قەڵای قاتور بۆ وولاتی ئیسرائیل، گەشتێک بە حەوت ساڵ. ئەوە لەبەر نزا و داواکاریت، پێت ڕادەگەیێنم، دوای سێ ساڵ من دێمە لات.

وارێکەوت دوای سێ ساڵ شاژنی سەبا هاتە لای پاشا سلێمان. کاتی ئەو بیستی، کە ئەو (شاژن) هاتووە. بە دوای بەنایای کوڕی یۆیادای نارد. کە وەک گزنگ لەبەیانی هەڵدەهات. و وەک ئەستێرەی شکۆمەند بوو (بە واتای ڤینوس)، لە ناو هەسارەکان بە جێگیری دەدرەوشایەوە. وەک سوسنێک وابوو کە لەسەر چەمەکانی ئاو چێنرابێ. کاتێک شاژنی شەبا

بینیی بەنایا کوڕی یەهۆیادا، لە گالیسکەکە دابەزی. شاژن پێی گوت: بۆچی لە گالیسکەکەت دابەزی؟ و پرسیاری لێکرد تۆ پاشا سلێمان نی؟ بەنایا وەڵامی دایەوە: من پاشا سلێمان نیم، بەڵکو یەکێکم لە خزمەتکارەکانی، کە لەبەردەمیدا وەستاوە. شاژن یەکسەر ڕووی لە شازادەکان کرد. و پەندێکی پێگوتن، ئەویش ئەوەیە:

ئەگەر شێر لەبەردەمتان دەرنەکەوت، ئەوا نەوەکانیتان بینیوە. ئەگەر شا سلێمانتان نەبینیوە جوانی مرۆڤێکتان بینیوە کە لەبەردەمیدا وەستاوە.

بەنایا کوڕی یەهۆیادا هاتە بەردەم پاشا. پاشا کاتێک بیستی، کە ژنەکە لە پێش ئەو هاتووە، هەستا و چوو و لە ماڵێکی بلوری (شووشە) دانیشت. شاژنی شەبا کاتێک بینی کە پاشا لە ماڵێکی بلوری (شووشە) دانیشتووە، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە و گوتی: پاشا لەناو ئاو دانیشتووە. بۆیە جلەکانی هەڵکردن. بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە، بینی کە مووی لەسەرە قاچەکان. پێی فەرموو: جوانی تۆ جوانی ئافرەتە و قژت قژی پیاوە، چونکە قژ فێڵی پیاوە، کەچی خەتای ئافرەتە.

فەرمووی: ئەی سەروەرم سێ مەتەڵت پێ دەڵێم. بۆیە ئەگەر بۆم ڕوون بکەیتەوە، ئەوا دەزانم کە تۆ بڵیمەتی. ئەگەرنا تۆ وەک خەڵکی تریت.. (دوای ئەوەی سلێمان پاشا، سێ مەتەڵەکەی بۆ لێکدایەوە، ئەویش فەرمووی: پیرۆز بێت خودای پەروەردگارت کە ڕازی کردوویت و... وای لێکردیت لەسەر تەختی شانشینی دانیشی، بۆ ئەوەی دادوەری و دادپەروەری ئەنجام

بدەیت، ئەویش زێڕ و زیوی بە پاشا بەخشی و پاشا هەموو شتێکی بەخشی کە ئارەزووی دەکرد.[140]

چەند خاڵێک لە بەراوردکردنی چیرۆکەکە لەنێوان قورئان و تەرگوومی دووەمی ئەستێر دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ:

١ لە چیرۆکی تەرگووم، باسی چەند مەتەڵێکی کردووە کە شاژنی شەبا داوای لە سلێمان کردووە وەڵامیان بداتەوە. هەرچەندە لە قورئاندا باسی نەکراوە، بەڵام لە فەرموودە و ڕاڤەکاران، باسیان کردووە.

٢ لە قورئان باسی خزمەتکاری سلێمان ناکا، پێویست بوو لە فەرموودەکانەوە تەواو بکرێت.

٣ کە لە پەرتووکی (عرائس المجالس)[141] دا هاتووە، باس لەوە دەکا، کاتی شاژنی شەبا ویستویەتی بچێتە ناو کۆشکی سلێمان و وای زانی، شووشەی ئاوە، قاچەکانی هەڵماڵیووە، بۆ ئەوەی بگاتە لای سلێمان. سلێمان تەماشای کرد، بینی کە جوانی قاچەکانی، لە ناو مرۆڤان دا دەگمەنن. بۆیە ڕووی وەرگێڕا وچاوەکانی لێ لادان. و بانگی کرد و گوتی لە شووشەکان یاخی بووە.

شاژنی سەبا (و بە زمانی عیبری شەبا) بنەڕەتەکەی لە پەیمانی کۆنەوە هاتووە. چیرۆکی سەردانەکەی شاژنی سەبا بۆ لای سلێمان لە پەرتووکی پیرۆز، پەیمانی کۆن لە دوو پەرتووک دا هاتووە.

---

[140] Second targum of Ester (1888) Edinburgh,
بە زۆری بە(). Targum Sheni ناو دەبرێ

[141] عرائس المجالس، ص ٤٣٨

چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا لە پەیمانی کۆن دا

سەرچاوەی ئەو چیرۆکە لە بنەڕەتدا لە دوو پەرتووکی پەیمانی کۆن هاتووە:

پەیمانی کۆن - ١ پاشایان ١٠: ١ – ٢٩

پەیمانی کۆن ٢ هەواڵی ڕۆژانە ٩: ١ - ٣١

چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا لە پەیمانی کۆن

یەکەم پاشایان ١٠: ١ – ٢٩

سەردانی شاژنی شەبا بۆ لای سلێمان

(١) کاتێک شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمان و پەیوەندییەکەی ئەوی لەگەڵ خودا بیست، هات بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە .(٢) بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، گەیشتە ئۆرشەلیم. هاتە لای سلێمان. و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد .(٣) سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، هیچ شتێک بۆ پاشا قورس نەبوو وەڵامی بداتەوە .(٤) کاتێک شاژنی شەبا ئەو هەموو دانایییەی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کە بنیادی نابوو، (٥) هەروەها خواردنی سەر خوانەکەی، دانیشتنی دەستوپێوەندەکانی، ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان،

ساقییەکانی و ئەو قوربانی سووتاندنانەی کە سلێمان لە پەرستگای یەزدان دەیکرد، لە بینینی ئەمانە شەیدا بوو.

(٦) بە پاشای گوت: ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا لەبارەی کاروبار و داناییەکەت بیستبووم، ڕاستە .(٧) بڕوام بەو هەواڵانە نەکرد هەتا نەهاتم و بە چاوی خۆم نەمبینی، ئەوەتا نیوەشم پێ ڕانەگەیەنراوە، لە دانایی و چاکی زۆر مەزنتر بوویت لەوەی لەبارەی تۆوە بیستبووم .(٨) خۆزگە بە پیاوەکانت دەخوازرێ، خۆزگە بە خزمەتکارەکانت دەخوازرێ، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن .(٩) ستایش بۆ خودای خوداکەت، ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەختی ئیسرائیل داناویت. لەبەر ئەوەی خودا هەتاهەتایە ئیسرائیلی خۆشدەوێت، تۆی کردووەتە پاشا تاکو ڕاستودروستی و دادپەروەری پیادە بکەیت.

(١٠) ئینجا سەد و بیست تالنت زێڕ و بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی گرانبەهای دایە پاشا، جارێکی دیکە بۆنوبەرامی بەو جۆرە زۆر نەهاتەوە، هێندەی ئەوەی شاژنی شەبا پێشکەشی سلێمان پاشای کرد.

(١١) هەروەها کەشتییەکانی حیرامیش ئەوانەی لە ئۆفیرەوە زێڕیان هەڵگرتبوو، لە ئۆفیرەوە دار ئەلگومی زۆر زۆریان لەگەڵ بەردی گرانبەها هێنا .(١٢) پاشا لەو دار ئەلگومانە چەند تەختێکی بۆ پتەوکردنی پەرستگای خودا و کۆشکی پاشا دروستکرد، هەروەها قیسارە و سازیش بۆ گۆرانیبێژەکان. هەتا ئەمڕۆش ئەوەندە داری ئەلگوم نەهاتووە و نەبینراوە.

(١٣) سلێمانی پاشا هەموو ئەو شتانەی دایە شاژنی شەبا کە ئارەزووی کرد، جگە لەو شتانەی کە سلێمان پاشا لە بەخشندەیی خۆی پێی بەخشی. پاشان لەگەڵ خزمەتکارەکانی بەڕێکەوت و گەڕایەوە خاکەکەی خۆی.

پەیمانی کۆن هەواڵی ڕۆژانە دوو ٩: ١ - ٣١

سەردانی شاژنی شەبا بۆ لای سلێمان

(١) کاتێک شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمانی بیست، هاتە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، هاتە لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد .(٢) سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، هیچ شتێک بۆ سلێمان قورس نەبوو وەڵامی بداتەوە .(٣) کاتێک شاژنی شەبا دانایی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کە بنیادی نابوو، (٤) هەروەها خواردنی سەر خوانەکەی، دانیشتنی دەستوپێوەندەکانی، ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان، مەیگێرەکان و جلوبەرگەکانیان و ئەو بەڵاگێڕی سووتاندنانەی کە سلێمان لە پەرستگای خودا دەیکرد، لە بینینی ئەمانە شەیدا بوو.

(٥) بە پاشای گوت: ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا لەبارەی کاروبار و دانایيەکەت بیستم، ڕاستە .(٦) بڕوام بەو هەواڵانە، نەدەکرد هەتا خۆم نەهاتم ،و بە چاوی خۆم نەمبینی. ئەوەتا نیوەی دانایيە زۆرەکەی تۆم پێ ڕانەگەیەنراوە، زۆر مەزنتر بوویت لەوەی لەبارەی تۆوە بیستبووم. (٧) خۆزگە بە پیاوەکانت دەخوازرێ، خۆزگە بە خزمەتکارەکانت دەخوازرێ، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و دانایيەکەت دەبیستن .(٨) ستایش بۆ خودای خوداکەت، ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەخت داینناویت ببیتە پاشا بۆ یەزدانی پەروەردگارت. خوداکەت

لەبەر ئەوەی ئیسرائیلی خۆشویستووە، و ویستی هەتاهەتایە جێگیری بکات. تۆی کردووەتە پاشا تاکو ڕاستودروستی و دادپەروەری پیادە بکەیت.

(٩) ئینجا سەد و بیست تالنت زێڕ و بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی گرانبەهای دایە پاشا، جارێکی دیکە بۆنوبەرامی بەو جۆرە زۆر نەهاتەوە. هێندەی ئەوەی شاژنی شەبا پێشکەشی سلێمان پاشای کرد.

(١٠) هەروەها خزمەتکارەکانی حیرام و خزمەتکارەکانی سلێمان، ئەوانەی لە ئۆفیرەوە زێڕیان هێنابوو، دار ئەلگوم و بەردی گرانبەهاشیان هێنابوو .(١١) پاشا لەو دار ئەلگومانە پێپلیکانەی بۆ پەرستگای خودا و کۆشکی پاشا دروستکرد، هەروەها قیسارە و سازیش بۆ گۆرانیبێژەکان، وەک ئەو دارانە پێشتر لە خاکی یەهودا نەبینرابوون.

(١٢) سلێمانی پاشا هەموو ئەو شتانەی دایە شاژنی شەبا کە ئارەزووی کرد. جگە لەوەی پاشا پێیدا لە بەرامبەر ئەوەی بۆی هێنابوو. پاشان لەگەڵ خزمەتکارەکانی بەڕێکەوت و گەڕایەوە خاکەکەی خۆی.

ئەم دوو سەرچاوەیە، بە شێوەیەکی تر باسی چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا دەکەن. و ئەوەی دواتر لەسەری زیادکراوە. ئارەزووی تایبەتی حاخامەکانە، لە کاتی تەرگوم کردن. بە واتایەکیتر هیچ پەیوەندی بە پەیمانی کۆنەوە نییە. و ساختەیە. لە پەرتووکەکانی ١ پاشایان و ٢ هەواڵی ڕۆژانە، شتێک سەبارەت بە تەختی سلێمان دەدۆزینەوە. بەڵام هیچ شتێک لەسەر پرسیار و شووشە و خزمەتکاری سلێمان نادۆزینەوە. ئەوەی لە قورئاندا سەبارەت بە حوکمی سلێمان لەسەر گیاندار و باڵندە و جنۆکە باسکراوە. لە تەورات دوورە. و کۆپییەکی پەرتووکی دووەم تەرگوومی ئەستێرە. و گێڕانەوەیەکی ساختەیە. زانایانی یەهودی دەڵێن ئەم وەرگێڕانە شتێکی خەیاڵییە، ئیتر ئەو خەیاڵیەش بە هەڵە کراوە. یان دروستکردنی دیمەنی کاریگەر لە چیرۆکدا.

لە کۆتاییدا هەرکەسێک لە چیرۆکی شاژنی شەبا بکۆڵێتەوە، کە لە پەرتووکی دووەم تەرگومی ئەستێر دا هاتووە. بێ گومان بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئەفسانەیە زۆر لە چیرۆکەکانی ناو پەرتووکی هەزار و یەک شەو دەچێت.

بەڵام ئەوە نیشانی دەدا، کە نووسەری قورئان ئاگای لە بنەڕەتی چیرۆکەکەی ناو پەیمانی کۆن نەبووە. بەڵکوو لە دەمی خەڵکی ئاسایی جولەکەی بیستووە. گریمان ئەو چیرۆکەیان لە تەورات وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەی تەرگووم بۆیان خوێندۆتەوە. ئەویش لە قورئان تۆماریکردووە.

نەبی ئیلیاس (Elijah)

نەبی ئیلیاس، یەک لە نەبیە پلە بەرزەکانی هەرسێ دینی جولەکە، کریستیان و ئیسلامە. لە سەدەی نۆیەمی پ.س.ب، لە باکووری پاشانیشینی ئیسرائیل ژیاوە. ناوی لە پەیمانی کۆن، پەیمانی نوێ و قورئان دووبارە بۆتەوە. چەندین جار یەسوی کریست لەگەڵ قوتابیەکانی وەک نموونە ناوی هێناوە. لە تەورات دەڵێ لە کۆتایی خودا بۆ لای خۆی بەرزیکردەوە.[142]

هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن، کاتی سلێمان پاشای کوڕی داود کۆتایی پاشایەتی هات، لە ساڵی ٩٣٣ پ.س.ب، وولاتەکەی دابەشی دوو پارچەبوو.
یەکەم: کەوتە دەستی بنەماڵەی سلێمان و یەکەم پاشا ڕەحبانی کوڕی سلێمان بوو.
دووەم: کەوتە دەستی بنەماڵەی ئەفرایم کوڕی یوسف، یەکەم پاشا یەربعام بوو.

بە هۆی ناکۆکی پاشاکانیان، دژایەتیەکی توند، کەوتە نێوان ئەو دوو پاشایەتییە. گشت ئەو ناکۆکییەش لەسەر دەستەڵات بوو، کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی خودانەناسی و بوتپەرستی، لە ناو خەڵک. تا گەیشتە ئەو ئاستەی یەک لە پاشاکان، کە ناوی خاب بوو، ڕێگای بە ژنەکەی دا، کە لە ناو بەنی ئیسرائیل بوتپەرستی بڵاوکاتەوە. بڵاو بوونەوەی پەرستی (بەعل) بە فراوانی بڵاو بووەوە.

[142] پەیمانی کۆن – دووەم پاشایان دەقی دوو.

ئیلیاس ناردرایە بەعلەبەگ لە ڕۆژئاوای دیمەشق، تا داوا لە خەلکەکەی بکا، واز لە بوتپەرستی (بەعل) بێنن. و بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست، و خودای تاک بپەرستن. ئەوەش چیرۆکی ئەلیاس پەیامبەرانی بەعل:

پەیمانی کۆن یەکەم پاشایان ١٨: ٢٠ - ٤٢

(٢٠) جا ئەحاڤ بەدوای هەموو نەوەی ئیسرائیلیدا نارد، هەموو پێغەمبەرەکانی لە کێوی کارمەل کۆکردەوە .(٢١) ئەلیاسیش لە هەموو گەل چووە پێشەوە و گوتی: هەتا کەی لەنێوان ئەم دووانەدا دوو دڵ دەبن؟ ئەگەر پەروەردگار، خودایە دوای بکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئەو بکەون. بەڵام گەل بە یەک وشەش وەڵامیان نەدایەوە.

(٢٢) پاشان ئەلیاس بە گەلی گوت: بە تەنیا من بە پەیامبەری خودا ماومەتەوە، پەیامبەرەکانی بەعلیش چوار سەد و پەنجا پیاون .(٢٣) دوو جوانەگامان بدەنێ، با ئەوان گایەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەتی بکەن و لەسەر تەختەدارەکان دایبنێن، بەڵام با ئاگری تێبەر نەدەن. منیش گایەکەی دیکە بەو جۆرە لێ دەکەم و لەسەر تەختەدارەکان دایدەنێم و ئاگری تێبەر نادەم .(٢٤) ئینجا بە ناوی خودای خۆتانەوە بپارێنەوە و منیش بە ناوی خودای خۆم دەپارێمەوە. ئەو خودایەی کە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە، ئەو خودایە.

هەموو گەل وەڵامیان دایەوە و گوتیان: قسەیەکی جوانە.

(٢٥) ئینجا ئەلیاس بە پەیامبەرەکانی بەعلی گوت: جوانەگایەک بۆ خۆتان هەڵبژێرن و یەکەم جار ئێوە ئامادەی بکەن لەبەر ئەوەی ئێوە زۆرترن، بە ناوی خوداکەشتانەوە بپارێنەوە، بەڵام ئاگری تێبەر مەدەن. (٢٦) ئیتر ئەوان ئەو جوانەگایەیان برد کە پێیان درابوو، ئامادەیان کرد.

لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ بە ناوی بەعلەوە پاڕانەوە و گوتیان: ئەی بەعل، وەڵاممان بدەوە! بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام. هەروەها بە دەوری ئەو بەڵاگێڕگەیەدا هەڵدەبەزینەوە کە دروستیان کردبوو.

(٢٧) لە نیوەڕۆدا ئەلیاس دەستی بە گاڵتەپێکردنیان کرد و گوتی: قاییمتر هاوار بکەن! ئەو خودایە! لەوانەیە خەیاڵی ڕۆیشتبێ، چووبێتە سەر ئاو، لە گەشت بێ، لەوانەیە نوستبێ و دەبێ بەئاگا بهێنرێتەوە. (٢٨) ئەوانیش بە دەنگی بەرز هاواریان کرد، وەک پیشەی خۆیان بە شمشێر و ڕم لە خۆیان دا، هەتا خوێنیان لێ چۆڕایەوە .(٢٩) کاتێک عەسر داهات هەتا کاتی بەڵاگێڕی ئێوارە حاڵیان کرد، بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام و کوا گوێگر؟

(٣٠) ئەلیاس بە هەموو گەلی گوت: وەرنە پێشەوە بۆ لام. ئەوانیش لێی چوونە پێشەوە. ئینجا قوربانگا وێرانکراوەکەی یەزدانی چاککردەوە. (٣١) پاشان ئەلیاس دوازدە بەردی برد، هێندەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی یاقوب کە فەرمایشتی خودای بۆ هاتبوو، پێی فەرموویوو: ناوت ئیسرائیل دەبێت. (٣٢) لەو بەردانە بەڵاگێڕگەیەکی بە ناوی خودا دروستکرد. و لە دەوری بەڵاگێڕگاکە، ئاوەڕۆیەکی دروستکرد. کە جێگای دوو پێوانە تۆوی تێدا دەبووەوە .(٣٣) ئینجا تەختەدارەکانی ڕێکخست و جوانەگاکەی لەتوپەت کرد و لەسەر تەختەدارەکان داینا. ئەوسا گوتی: چوار گۆزە ئاو پڕ بکەن و بەسەر قوربانییەکە و بەسەر دارەکانیدا بکەن.

(٣٤) گوتی: دووبارەی بکەنەوە. دووبارەیان کردەوە.

گوتی: سێ بارەی بکەنەوە. سێ بارەیان کردەوە .(٣٥) جا ئاو لە دەوری بەڵاگێڕگاکە ڕۆیشت و ئاوەڕۆکەش پڕ بوو لە ئاو.

(٣٦) لە کاتی پێشکەشکردنی بەڵاگێڕی، ئەلیاسی پەیامبەر هاتە پێشەوە و گوتی: ئەی خودا، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل، ئەمڕۆ با بزانرێ

کە تۆ لە ئیسرائیل خودای، منیش بەندەی تۆم و بە فەرمایشتی تۆ هەموو ئەم کارانەم کردووە .(٣٧) ئەی خودایە، وەڵامم بدەوە، وەڵامم بدەوە، با ئەم گەلە بزانن کە تۆ خودای پەروەردگاری، تۆ دڵیان بەرەو لای خۆت ڕادەکێشیت.

(٣٨) ئینجا ئاگری خودا کەوتە خوارەوە، قوربانی و تەختەدار و بەرد و خۆڵەکەی خوارد، ئاوی ناو ئاوەڕۆکەشی وشک کرد.

(٣٩) کاتێک هەموو گەل ئەوەیان بینی، بە ڕوودا کەوتن و گوتیان: پەروەردگار خودایە، پەروەردگار خودایە!

(٤٠) ئینجا ئەلیاس پێی گوتن: پەیامبەرەکانی بەعل بگرن و مەهێڵن پیاوێکیان لێ دەرباز بێ. ئەوانیش گرتیانن، ئەلیاس بردنییە خوارەوە بۆ دۆڵی قیشۆن و لەوێ سەری بڕین.

(٤١) پاشان ئەلیاس بە ئەحاڤی گوت: بڕۆ بخۆ و بخۆوە، چونکە دەنگی بارانێکی زۆر دێت. (٤٢) جا ئەحاڤ چوو بخوات و بخواتەوە، بەڵام ئەلیاس سەرکەوتە سەر لووتکەی کارمەل، چەمایەوە سەر زەوی و دەموچاوی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە.

بەپێی دەق پەیمانی کۆن خودا، ئیلیاس بۆ ئاسمان بۆلای خۆی بەرزدەکاتەوە:

پەیمانی کۆن دووەم پاشایان ٢: ١ - ١٤

(١) کاتێک خودا ویستی ئەلیاس لە گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، ئەلیاس و ئەلیشەع لە گلگالەوە بەڕێکەوتن .(٢) ئەلیاس بە ئەلیشەعی گوت: لێرە بمێنەرەوە، چونکە خودا منی ناردووەتە بێت‌ئێل.

ئەلیشەعیش گوتی: بە خودای زیندوو و بە گیانی خۆت، بەجێت ناهێڵم. ئینجا بەرەو بێت‌ئێل چوون.

(٣) ئەندامانی کۆمەڵی پەیامبەرانی بێت‌ئێل هاتنە دەرەوە بۆ لای ئەلیشەع و لێیان پرسی: دەزانیت ئەمڕۆ خودا، گەورەکەت لە تۆ دەستێنێ؟

ئەویش گوتی: بەڵێ دەزانم، بێدەنگ بن.

(٤) ئینجا ئەلیاس پێی گوت: ئەلیشەع، لێرە بمێنەرەوە، چونکە خودا منی ناردووەتە ئەریحا.

ئەویش گوتی: بە خودای زیندوو و بە گیانی تۆ، بەجێت ناهێڵم. ئینجا چوونە ئەریحا.

(٥) ئەندامانی کۆمەڵی پەیامبەرانی ئەریحاش لە ئەلیشەع هاتنە پێشەوە و لێیان پرسی: دەزانیت ئەمڕۆ خودا گەورەکەت لێ دەستێنێت؟

ئەویش گوتی: بەڵێ دەزانم، بێدەنگ بن.

(٦) پاشان ئەلیاس پێی گوت: لێرە بمێنەرەوە، چونکە خودا منی ناردووەتە ڕووباری ئوردون.

ئەویش گوتی: بە خودای زیندوو و بە گیانی تۆ، بەجێت ناهێڵم. ئینجا هەردووکیان ڕۆیشتن.

(٧) پەنجا ئەندامی کۆمەڵی پەیامبەران ڕۆیشتن و لە دوورەوە لە بەرامبەر ئەلیاس و ئەلیشەع ڕاوەستان، ئەوانیش هەردووکیان لەسەر ڕووباری ئوردون ڕاوەستان. (٨) ئەلیاس کەواکەی گرت و پێچایەوە و لە ئاوەکەی دا. جا ئاوەکە شەق بوو، هەردووکیان بە وشکانیدا پەڕینەوە.

(٩) کاتێک پەڕینەوە، ئەلیاس بە ئەلیشەعی گوت: داوای چی دەکەیت هەتا بۆت بکەم، بەر لەوەی لێت جیا ببمەوە؟

ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: با گیانی تۆ بە میرات وەربگرم.

(١٠) ئەلیاس گوتی: داوای شتێکی گرانت کرد. ئەگەر منت بینی کاتێک لێت جیا دەبمەوە، ئەوا بۆ تۆ دەبێ، ئەگەر نا بۆت نابێ.
(١١) ئەوە بوو کاتێک دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد، لەناکاو گالیسکەیەکی ئاگرین و چەند ئەسپێکی ئاگرین هەردووکیانی لێک جیا کردەوە، ئەلیاس لە گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان سەرکەوت .(١٢) ئەلیشەع ئەمەی بینی و هاواری کرد: باوکە! باوکە! گالیسکەکەی ئیسرائیل و سوارەکانی! ئیتر ئەلیاسی نەبینییەوە. جلەکەی بەر خۆی دڕاند و کردییە دوو پارچە.
(١٣) کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرتەوە، کە لێی کەوتبووە خوارەوە، گەڕایەوە و لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون ڕاوەستا .(١٤) ئینجا کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرت، ئەوەی لێی کەوتبووە خوارەوە، بە کەوایەکە کێشای بە ئاوەکەدا و گوتی: خودای ئەلیاس لەکوێیە؟ کاتێک بە ئاوەکەیدا کێشا، ئاوەکە شەقبوو، ئەلیشەع پەڕییەوە.

لە دینی کریستیانی

یەسو باسی ئەو کاتە دەکا، کە ئیلیاس لە خودا پاڕایەوە باران لە سەر بەنی ئیسرائیل بووەستێنێ. خوداش وەڵامی دایەوە، بەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ بارانی وەستاند. کە مەڕوماڵات و درەخت و کشتوکاڵی لەناوبرد.

پەیمانی نوێ لوکاس ٤: ٢٤ - ٢٧

(٢٤) هەروەها فەرمووی: ڕاستیتان پێ دەڵێم، هیچ پەیامبەرێک لە شارەکەی خۆی پەسەند ناکرێ. (٢٥) لە ڕاستیدا پێتان دەڵێم، لە سەردەمی

ئەلیاس زۆر بێوەژن لە ئیسرائیلدا هەبوون، کاتێک سێ ساڵ و شەش مانگ باران نەباری، لە هەموو خاکەکەدا بووە قاتوقڕییەکی گەورە، (٢٦) بەڵام ئەلیاس بۆ ئەوان نەنێردرا، بەڵکو بۆ بێوەژنێک لە شاری سەرەفەند لە ناوچەی سەیدا.

یەسوی کریست، وەک نموونەی پاکی و بەرزی ناوی ئیلیاس دێنێ:

پەیمانی کۆن مەتیاس ١٧: ١٠ – ١٣

(١٠) قوتابییەکانی لێیان پرسی: باشە بۆچی مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت یەکەم جار ئەلیاس بێ؟

(١١) عیسا وەڵامی دانەوە: ڕاستە، ئیلیاس دێت و هەموو شتێک ڕێک دەخاتەوە .(١٢) بەڵام پێتان دەڵێم: ئیلیاس هات و نەیانناسی، چییان ویست پێیان کرد. هەروەها کوڕی مرۆڤیش بە دەستیانەوە ئازار دەچێژێ.

(١٣) ئەوسا قوتابییەکان تێگەیشتن کە باسی یەحیای لەئاوهەڵکێشی بۆ کردن.

لە قورئانیش هەرچەندە بە شێوەی پچڕ پچڕ ناوی هێناوە، بەڵام هەمان دووبارەکردنەوەی دەقەکانی پەیمانی کۆنە.

سورة الأنعام ٦: ٨٥

وَزَكَرِيَّا وَيَحۡيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلۡيَاسَۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٨٥)

وە زەکەریا و یحیا و عیسا و ئیلیاس هەر یەکێکیان لە پیاوچاکان بوون. (٨٥)

سورة الصافات ٣٧: ١٢٣ - ١٢٩

وَإِنَّ إِلۡيَاسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (١٢٣) إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤) أَتَدۡعُونَ بَعۡلٗا وَتَذَرُونَ أَحۡسَنَ ٱلۡخَٰلِقِينَ (١٢٥) ٱللَّهَ رَبَّكُمۡ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ (١٢٦) فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ (١٢٧) إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ (١٢٨) وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ (١٢٩) سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلۡ يَاسِينَ (١٣١)

به دڵنیاییەوە ئیلیاس لە نێردەکان بوو (١٢٣) کە بە نەتەوەکەی گوت: ئەرێ ئێوە لە خودا ناترسن؟ (١٢٤) بانگهێشت بۆ بەعل دەکەن، و دەستەبەرداری چاکترین دروستکەر دەبن؟ (١٢٥) خودای پەروەردگارتان، پەروەردگاری باوکانی پێشووتان (١٢٦) باوەڕیان پێ نەکرد و ئەوانە بە دڵنیاییەوە ئامادەکراون (١٢٧) تەنیا بەندە دڵسۆزەکانی خودا نەبێ (١٢٨) و لە سەریدا هێشتمانەوە، لەوانەیتر (١٢٩) سڵاوێک لە ئەلیاس بێ (١٣٠)

بە پێی قورئان ئیلیاس چۆتە لوبنان بۆ بانگهێشتی هۆزێکی بەنی ئیسرائیل کە لەوێ خودای بەعلیان دەپەرست. و داوای لێکردن. بگەڕێنەوە و خودای یەهڤا بپەرستن، کە چاکترین دروستکەرە. ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەری قورئان، لە ئایەتی ١٢٥ دەڵێ :

بانگهێشت بۆ بەعل دەکەن و دەستەبەرداری چاکترین دروستکەر دەبن؟

چاکترین دروستکەر، کەواتە دروستکەری تریش هەن تا بەراوردی پێبکرێ!!

نەبی ئێلیەسەع (Elisha)

لە دوو ئایەتی قورئان ناوی هاتووە.

سورة الأنعام ٦: ٨٦

وَإِسۡمَـٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطٗاۚ وَكُلّٗا فَضَّلۡنَا عَلَى ٱلۡعَـٰلَمِينَ (٨٦)

سورة ص ٣٨: ٤٨

وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَـٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ (٤٨)

پەیمانی کۆن یەکەم پاشایان ١٩: ١٩

بانگکردنی ئەلیشەع

(١٩) ئیتر ئەلیاس لەوێ ڕۆیشت و ئەلیشەعی کوڕی شافاتی دۆزییەوە زەوی دەکێڵا، دوازدە جووت گا لەپێشییەوە بوون، ئەو لەگەڵ جووتی دوازدەیەمین بوو. ئینجا ئەلیاس بەلایدا تێپەڕی و کەواکەی فڕێدایە سەری .(٢٠) ئەلیشەعیش گایەکانی بەجێهێشت و لەدوای ئەلیاس ڕایکرد و گوتی: دایک و باوکم ماچ دەکەم و دوات دەکەوم.

ئەلیاسیش پێی گوت: بڕۆ و بگەڕێوە، چونکە من چ ڕێگرییەکم لێکردوویت؟

(٢١) ئەلیشەعیش لەدوای گەڕایەوە و جووتە گایەکەی برد و سەری بڕین، گاسنەکەی سووتاند بۆ ئەوەی گۆشتەکە بکوڵێنێت، دایە

خەڵکەکە و خواردیان. ئینجا هەستا و دوای ئەلیاس کەوت و بووە خزمەتکاری.

بەشێوەیەکی درێژتر و پڕ ووردەکاری، لە پەیمانی کۆن دووەم پاشایان ٢: ١ – ٢٥ باسی دەکا.

هەروەها لە ئینجیلی لوکاس

کاتی یەسوی کریست لە ووتاردانی نموونە دێنێتەوە باسی ئەلیشەع دەکا:

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس ٤: ٢٧

(٢٧) لە ئیسرائیلدا لە سەردەمی ئەلیشەع پەیامبەر زۆر کەس تووشی نەخۆشی گولی هاتبوون، بەڵام ئەلیشەع هیچیانی چاک نەکردەوە، نەعمانی سوری نەبێ.

نەبی عوزێر

ناوی عوزێر یان نەبی عوزیر دوو جار لە قورئاندا هاتووە. بەڵام ڕاڤەکارانی موسوڵمان، لەسەر کەسایەتی عوزێر ناکۆکن. لەوانە هەن عوزێر بە نەبیەکی، بەنی ئیسرائیلی دەزانن. [143] کەچی هیتریش هەن، عوزێر بە احباری یەهودی دەزانن. إبن حیان دەڵێ عوزێر نەبی نەبووە. کەسێکی پیاوچاک بووە.[144]

لە قورئاندا، چیرۆکی نبی عوزێر، لە دوو سورەتی البقرة و التوبة دا هاتووە.

سورة البقرة ٢: ٢٥٩

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَلْ لَبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانْظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانْظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِلنَّاسِ وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٥٩)

یان وەك ئەو کەسەی بە گوندێکدا تێپەڕ بوو کە بەسەریەکدا تەپی بوو، گوتی چۆن خودا دەتوانێ ئەمە زیندوو کاتەوە، لە دوای ئەوەی کە مردووە، ئەوەبوو خودا سەد ساڵ مراندی، ئینجا زیندووی کردەوە، گوتی: چەند

---

[143] إبن كثير تفسير القرآن العظيم، المجلد الثاني. تفسير سورة البقرة ص ٤٥٣

[144] أسامة سليمان، دروس الشيخ أسامة سليمان، جزء ٢٤، صفحة ٣٤،

مایتەوە؟ گو تی: ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك مامەوە، گو تی بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە، جا سەیری خواردنەکەت و خواردنەوەکەت بکە کە بۆگەنیان نەکردووە، و سەیری کەرەکەت بکە، وە بۆ ئەوەی بتکەین بە بەڵگەیەك بۆ خەڵك، وە سەیری ئێسقانەکە بکە، کە چۆن تێکیان دەخەینەوە، ئینجا بە گۆشت دایان دەپۆشین، جا کاتێك بۆی ڕوونبۆوە، گوتی: ئەوە زانیم کە خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت. (٢٥٩)

هەروەها لە سورەتی التوبة، زیاتر دەڕوا و دەڵێ:

سورة التوبة ٩: ٣٠

وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ (٣٠)

و جووەکان گوتیان عوزەیر کوڕی خودایە (٣٠)

الطبري سەبارەت بە عوزێر کوڕی خودایە، دەڵێ ئەو کەسەی وایگوتووە، کەسێک بوو بە ناوی فنحاص. دەڵێ هەر ئەو کەسە گوتوویەتی (خودا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین). طبري پشت بە ئایەتی ١٨١ لە سورەتی آل عمران دەبەستێ.[145]

سورة آل عمران ٣: ١٨١

لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ (١٨١)

[145] الطبري جامع البيان عن تأويل أي القرآن، المجلد الحادي عشر، تفسير سورة التوبة ص ٤٠٨

سوێند بێ خودا، ووتەی ئەوانەی بیست کە گوتیان خودا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەدین. جا ئێمە ئەوەی گوتیان و نە نارەوایی کوشتنی پەیامبەران، بەدەستی ئەوان دەنووسن، و پێیان دەڵێین: چێژە ئازاری سوتان بکەن (١٨١)

لە دینی جولەکان، عوزێر یان عەزرا حاخامێکی ناوداره، لە پەیمانی کۆن پەرتووکێکی تایبەتی بەناوی (عەزرا) هەیە.

عەزرا یەک لەو حاخامانەبوو، کە بە دیلی کەوتبووە بابل. و لەوێ توانیبووی زۆر لە کەلەپووری میسۆپۆتامیا کۆبکاتەوە. و دوای گەڕانەوەی بۆ ئۆرشەلیم تێکەڵ بە چیرۆکەکانی تەوراتیان بکا. بۆیە بە ئاسانی دە پاشای سۆمەرەی، بوونەتە (١٠) دە نەبی لە دینە ئیبراهیمیەکان. کە لە هەردوو پەرتووکی تەورات و قورئان، ناویان دووبارە بۆ تەوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی عەزرا ٧: ٦ - ٧

(٦) ئەم عەزرایە لە بابلەوە سەرکەوت. مامۆستایەکی بە توانا بوو لە تەوراتی موسا، خودای پەروەردگاری ئیسرائیل پێیدابوو. پاشاش هەموو ئەوەی داوای کردبوو پێیدابوو، چونکە خودای پەروەردگاری خۆی لەگەڵی بوو. (٧) هەندێک لە نەوەی ئیسرائیل، لە کاهین و لێڤی و گۆرانیبێژ و پاسەوان و کۆیلە تەرخانکراوەکان لەگەڵی بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوتن، لە ساڵی حەوتەمی ئەرتەحشەستەی پاشا.

پەیمانی کۆن پەرتووکی عەزرا ١٠: ٩ – ١١

(٩) لە ماوەی سێ ڕۆژەکە هەموو پیاوانی یەهودا و بنیامین لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە، واتە لە بیستی مانگی نۆ، لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە و هەموو گەل

بە ترسەوە لەناو گۆڕەپانەکەی ماڵی خودا دانیشتن، لەبەر بابەتەکە و لەبەر بارانەکە. (١٠) ئینجا عەزرای کاهین هەستا و پێی گوتن: ئێوە ناپاکیتان کرد، ژنی بێگانەتان هێنا بۆ ئەوەی تاوانی زیاتر بخەنە سەر خراپەی ئیسرائیل. (١١) ئێستا لەبەردەم خودای پەروەردگاری باوباپیرانتان، دانی پێدا بنێن. و ئەوە بکەن کە پێی خۆشە، خۆتان لە گەلانی خاکەکە و لە ژنە بێگانەکان دابڕن.

پەیمانی کۆن پەرتووکی عەزرا ١٠: ١٦

(١٦) ئینجا ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە ئاوایان کرد، عەزرای کاهین و ئەو پیاوانەی گەورەی بنەماڵەکان بوون جیا بوونەوە، بەپێی بنەماڵەکانیان و هەموویان بە ناوی خۆیان، لە یەکەم ڕۆژی مانگی دە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە دانیشتن. (١٧) لە یەکەم ڕۆژی مانگی یەک لە بابەتی هەموو ئەو پیاوانە بوونەوە کە ژنی بێگانەیان هێنابوو.

گێرانەوەی چیرۆکی نەبی عوزێر، کە نەبیە یان تەنیا پیاوچاکێکی بەنی ئیسرائیل بووە. بەپێی چیرۆکی ئەوان، خودا زانیاری زۆری پێداوە. ڕۆژێک بە سواری کەرەکەی دەڕۆیشت، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن بەلای گوندێکدا تێپەڕی، بەڵام ئەم گوندە چۆڵ، بوو و کەسی تێدا نەبوو. لە بەرامبەر گوندەکە وەستا، سەری سوڕما و پرسی: ئایا دەکرێ خودا، ئەو گوندە زیندوو بکاتەوە، لەکاتێکدا چۆڵە و کەسی تێدا ناژیێ؟ چونکە خودا لەسەر زمانی خۆی فەرموویەتی:

٥ قصة عزير عليه السلام، نسخة محفوظة ١٥ فيبرواری ٢٠١٨

چۆن خودا دوای مردنی ئەمە زیندوو بکاتەوە؟ (٥)

(٦) پاشان خودا وای لێکرد له کاتی خەوتوودا بمرێت و بۆ ماوەی سەد ساڵ ڕۆحی برد، پاشان خودا زیندوو کردەوە، پاشان
عەزرا له خەو بەئاگا هاتەوە، بۆیە خودا کەسێکی نارد بۆ ئەوەی لێی بپرسێت، ئەو کەسەی پرسیاری لێکرد فریشتەیەک بوو له شێوەی مرۆڤدا، بۆیە پرسیاری ئەو ماوەیەی لێکرد که خەوتووە.

خودای گەورە فەرمووی: (فەرمووی: تا کەی مایتەوە؟) عوزیر وەڵامی دایەوە و وتی ڕۆژێک یان بەشێک له ڕۆژێک له خەودا ماومەوە. خودای گەورە فەرمووی: (فەرمووی: ڕۆژێک یان بەشێک له ڕۆژێک مابوومەوە. بەڵام پاشا وەڵامی دایەوە که سەد ساڵی تەواو بە مردووبی ماوەتەوە. خودای گەورە فەرمووی: (بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە) [146] فەرمانی پێکرد خواردنەکەی لەبەرچاو بگرێت. و خواردنەوەکەی و کەرەکەی، و چۆن خودا ئەم گوندەی بە هێزی خۆی زیندوو کردەوە، بۆیە چیرۆکەکەی پەند و وانەیەک بوو نیشانەیەک بۆ خەڵکەکە، پاشان عوزەیر زانی که خودا توانیویەتی بیکوژێت و زیندوو بکاتەوە و ئەو گوندەی که لەسەر تەختەکانی چۆڵ بووە، زیندوو بکاتەوە، و چووە دەرەوە بۆ گوندەکە و بینی که دانیشتووانی تێدایە، و دەستی کرد بە سەرگەردانی بەدەوری گوندەکەدا، پرسیاری لەبارەی عوزەیرەوە کرد، خەڵکەکەش پێیان گوت: بەڵێ، ئێمە دەیناسین، خودا سەد ساڵ پێش ئێستا کوشتی، ئینجا پێی گوتن من عوزەیرم، خودا زیندوو کردمەوە، وە دەستی کردەوە بە فێرکردنی تەورات بۆ خەڵک و نوێکردنەوەی بۆیان، بۆیە پیرۆزیان کرد و بە درۆ گوتیان، کوڕی خودایە.

[146] إبن كثير البداية و النهاية ج٢، ص ٣٨٩

(و جوله‌که‌کان ده‌یانگوت: عه‌زرا کوڕی خودایه)، و ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی دینی ئێمه‌یه، که عوزێری به پیاوێکی ڕاستگۆ باسکردووه. که خودا سه‌د ساڵ کوشتی بۆ ئه‌وه‌ی ببێته نیشانه‌یه‌ک بۆ خه‌ڵک سه‌بارەت به هێزی خودا - شکۆمه‌ندی بۆ ئه‌و.

التوبة ٩: ٣٠

وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ (٣٠) ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٣١)

وه جووه‌کان گوتیان عوزه‌یر کوڕی خودایه، وه کریستیانه‌کان گوتیان کریست کوڕی خودایه، ئه‌وه قسانه‌ی، که به ده‌میان ده‌یکه‌ن، وه هه‌مان ئه‌و قسه‌یه ده‌ڵێنه‌وه که کافرانی پێشیان کردیان، ده‌ك خودا له ناویان به‌رێت بۆ خۆیان ئه‌و قسه‌یه‌ی هه‌ڵیانبه‌ستاوه. (٣٠) ئه‌حبار و ڕووهبانه‌کانیان، بێجگه له خودا و المسیح کوڕی مه‌ریه‌م، به خودا وه‌رگرتووه، وه فه‌رمانیان پێنه‌کراوه هیچ بپه‌رستن، ته‌نیا یه‌ك خودا نه‌بێت، هیچ خودایه‌ك نییه ته‌نیا ئه‌و نه‌بێ، شکۆمه‌نده، چۆن شیرك ده‌که‌ن. (٣١)

گۆردۆن دارنێل نیوبی، ده‌ڵێ، ئه‌و ده‌ربڕینه‌ی قورئان، له سه‌رده‌می محمد، له ناو ئه‌حباره‌کانی دوورگه‌ی عه‌ره‌بی بڵاوبوو، که ده‌یانگوت عوزێر کوڕی خودایه، له به‌ر ئه‌وه ده‌توانین بڵێین: دانیشتوانی حیجاز له سه‌رده‌می محمد، له ڕێگای جوله‌کان، به لانیکه‌م ئاگاداری، به‌شێک له کتێبی سێیه‌می حه‌نۆخ بوون. ئه‌و فریشتانه‌ی که مێتاترۆن بوو به سه‌رۆکیان، له نه‌ریتی حه‌نۆخیدا به کوڕانی خودا، و کوڕانی ئیلۆهیم و که‌وتووه‌کان، وه‌ک هۆکاری لافاوی نوح ناسراون. له یه‌که‌م حه‌نۆخ و چواره‌می عه‌زرادا ده‌توانرێت زاراوه‌ی

کوڕی خودا بۆ مەسیح بەکاربهێنرێ، بەڵام زۆرتر بۆ پیاوە ڕاستودروستەکان بەکاردێ، لە نەریتی جولەکەکان پێیان وایە، هیچ کەس، لەوە ڕاستودروستتر نییە، لەوانەی کە خودا هەڵیبژاردووە. بۆ ئەوەی بە زیندووی بیبەن بۆ ئاسمان. کەواتە ئاسانە بیخەینە بەرچاومان کە لە ناو جولەکەکانی حیجازدا، بە ڕواڵەت دەستیان لە گریمانە عیرفانییەکاندا هەبووە کە پەیوەندییان بە گالیسکەکەوە هەبووە، عەزرا بەهۆی نەریتی وەرگێڕانەکەیەوە، بەهۆی خوداپەرستیەکەیەوە، و بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی لەگەڵ حەنۆخ وەک نووسەری خودا هاوتا کرابوو، دەتوانرێت وەک یەکێک لە کوڕەکانی ئیلۆهیم وەسف بکرێت. بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ وەسفی ئەو سەرکردەیەی دینی (یەکێک لە حاخامەکانی قورئان ٩: ٣١) دەگونجێت کە لەلایەن جولەکەکانەوە پەروەردە کراوە. [147]

ئەو زانیاریە، تەنانەت لە تەوراتیش ئاماژەی پێکراوە، کە خودا حەنوخی بردۆتەوە لای خۆی.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٥: ٢٣ – ٢٤

(٢٣) ئیتر هەموو ماوەی ژیانی حەنۆخ سێ سەد و شەست و پێنج ساڵ بوو.

(٢٤) حەنۆخ دۆستی خودا بوو، ئیتر کەس نەیبینییەوە، چونکە خودا بردییەوە لای خۆی.

پەیمانی کۆن پەرتووکی عەزرا ٧: ٦ – ١٠

هاتنی عەزرا بۆ ئۆرشەلیم

(٦) ئەم عەزرایە لە بابلەوە بەڕێکەوت. مامۆستایەکی بە توانا بوو لە تەوراتی موسا، خودای پەروەردگاری ئیسرائیل پێیدابوو. پاشاش هەموو ئەوەی داوای کردبوو پێیدابوو، چونکە خودای پەروەردگاری خۆی لەگەڵی بوو.

---

[147] G. D. Newby, (1988) A History Of The Jews Of Arabia, University Of South Carolina Press, p. 59

(٧) هەندێک لە نەوەی ئیسرائیل و لە کاهین و لێڤی و گۆرانیبێژ و پاسەوان و کۆیلە تەرخانکراوەکان لەگەڵی بەرەو ئۆرشەلیم بەڕێکەوتن، لە ساڵی حەوتەمی ئەرتەحشەستەی پاشا. (٨) عەزرا لە مانگی پێنج لە ساڵی حەوتەمی پاشادا گەیشتە ئۆرشەلیم. (٩) لە مانگی یەکەوە دەستی پێکردبوو لە بابلەوە بەڕێکەوێت، و لە یەکی مانگی پێنجدا گەیشتە ئۆرشەلیم، بەپێی ئەوەی دەستی چاکەی خوداکەی لەسەری بوو، (١١) چونکە عەزرا خۆی تەرخان کردبوو بۆ خوێندنی تەوراتی خودا، و کارکردن پێی، بۆ ئەوەی ئیسرائیل فێری فەرز و دادوەری بکات.

پەیوەندی نێوان میسۆپۆتامیا و شام بە درێژایی مێژوو بەردەوام بوو. لە وولاتی شام سەرچاوەی درەخت و ڕۆن بووە. هەروەها زۆر کەرەستەی تری بازرگانی خوراک و بازرگانیتر. هەروەها هێڵی بەیەکگەیشتنی بەرەکانی سوپای نێوان دوو زلهێزی ئەو کاتەی ئاشوور و میسۆپۆتامیا بووە بۆ سەرتاپای وولاتی شام.[148]

دیل بوونی یەهودی لە بابل کە دوو جار ، لە ماوەی دەستەڵاتی نەبو خد نەسر (٦٠٥ – ٥٦٢ پ.س.ب) کاریگەری لەسەر ئاشنایەتی یەهودی سەبارەت بە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا هەبووە.

لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئۆرشەلیم کەوتە ژێردەستی بابلی، و کۆتایی بە دەستەڵاتی یەهواکیم هات، کە نازانرێ بەدڵنیایی بەدیلی گواستراوەتەوە بابل، کوژرا یا بە مردنی سرووشتی مرد. بەڵام لە پەیمانی کۆن دووەم پوختەی مێژوو ئاماژەیەکی نارِوون بەو دیلیەکراوە.

[148] Ibid

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دووەم پوختەی مێژوو ٦: ٣٦ - ٣٩

(٣٦) کەس نییە گوناه نەکا. کاتێک گوناهت بەرامبەر دەکەن، تۆش لێیان تووڕە بوویت و ئەوانت خستە بەردەم دوژمن، بە دیلیان گرتن و بۆ خاکی دوژمن ڕاپێچیان کردن، دوور بێت یان نزیک، (٣٧) لەدوای ئەمە ئەگەر لەو خاکەی بۆی ڕاپێچ دەکرێن هاتنەوە هۆش خۆیان، لەو خاکەوەی کە بۆی ڕاپێچ کراون تۆبەیان کرد و لێت پاڕانەوە، گوتیان: گوناه و تاوان و خراپەمان کرد؛ (٣٨) ئیتر بە هەموو دڵ و گیانیانەوە گەڕانەوە لات، لە خاکی دیلیێتییان کە بۆی ڕاپێچ کراون، هەروەها نوێژیان کرد ڕووەو ئەو خاکەی داوتە بە باوباپیرانیان و ئەو شارەی هەڵتبژاردووە و ئەو پەرستگایەی بۆ ناوی تۆ بنیادم ناوە؛ (٣٩) ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە. لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە گوێ لە نوێژ و داواکارییان بگرە. و دادوەرییان بۆ بکە. هەروەها لە گەلەکەت خۆشبە، لەو گوناهانەی بەرامبەرت کردوویانە.

دواتر لە پەرتووکی یەرمیا، لەبەر هەر هۆیەک بێ، خودا لە یەهواکیم تووڕەیە، و دەیەوێ وەک کەرێکی تۆپیو فڕێ ندرێ. کەچی هیچ ڕوونکردنەوەی تر نادا.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەرمیا ٢٢: ١٨- ١٩

(١٨) لەبەر ئەوە خودا لەبارەی یەهواکیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهوداوە ئەوە دەفەرموێ:

بۆی نالاوێننەوە،

برارۆ! خوشکەرۆ!

بۆی نالاوێننەوە،

گەورەرۆ! شکۆی ڕۆ!

(١٩) بەڵکو وەک کەر دەنێژرێت،
ڕادەکێشرێ و فڕێدەدرێ
دوور لە دەروازەکانی ئۆرشەلیم.

دوای ئەوە یۆهاکینی کوڕی بووە جێنیشینی. کە ئەو دەمە تەمەنی تەنیا ٨ ساڵ بوو. دوای سێ مانگ لە دانانی بە پاشای وولاتی یەهودا، جارێکیتر هێزەکانی پاشای بابل گەمارۆی ئۆرشەلیمیان دایەوە.یەهواکین و دارودەستەکەی و حەوت هەزار لە سەربازەکانی و نزیکە ١٠٠ کەس لە پیشەکارانی بە خاو و خێزانەوە بردرانە بابل. نەبی حەزقیال یەک لە دیلەکان بوو. ئەوانەش بە یەکەم دیلەکانی بابل ناوبران.
نفس المصد، ص ١٩١
دوای ئەوە پاشای بابل صدقیای بە فەرمانڕەوای یەهودیان دانا. ئەویش چەندین ساڵ، گوڕایەڵی پاشای بابل مایەوە. بەڵام لە کۆتایی فەرمانی ڕاپەڕینی دژی دەستەڵاتی کلدانی دا. پاشای بابل هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم و گەمارۆی دا. گشت هەوڵێکی فیرعەونی میسر بۆ یارمەتی یەهودیان شکەستی هێنا. دوای یەک ساڵ و نیو، لە ٥٦٨ پ.س.ب شار کەوتە دەستی کلدانیەکان. ئەوانیش جارێکیتر شاریان کاولکرد، و پەرستگا و دیوارەکانیان ڕوخاندن. نزیکەی پەنجا هەزار کەسی یەهودیان بە دیلی بردە بابل. ئەوانە بەناوی دیلەکانی بابلی دووەم ناسران.
٥ نفس المصدر ص ١٩١

ئەو دیلە یەهودیانە لە نووسینەکانی مێخی بە (یەهودی) ناویان هاتووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی وولاتی یەهودا بووین.
بەشی هەرە گەورەی دینی یەهودی کە ئێستا ئێمە پێی ئاشناین، هەروەها بەشی هەرە زۆری تەورات لە ماوەی دیلی یەهودیان لە بابل نووسراوەتەوە.

لێتۆژەرەوان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەو دینی یەهودیەی ئێستا هەیە، لەکاتی دیلی لە دایک بووە. دەقەکانی سەرەتای دەستپێکی تەورات شێوەی لەو کاتە وەرگرتووە، کە بە درێژایی نیو سەدەلەسەری بەردەوام بووین. و لە ساڵی ٥٣٨ پ.س.ب کۆتایی هاتووە.

شتێکی بەڵگە نیویستە کاهینەکانی یەهودی ڕۆڵێکی بنەڕەتیان، لە تۆمارکردنی ئەو دەقانە هەبووە. لەبەر ئەوەی ئەو کاهینانە، هەم زانیاریەکی فراوانیان لەسەر دەقەکانی سۆمەری و بابلی هەبووە. هەمیش توانای خوێندنەوەی نووسینی مێخیان هەبووە. دیلبوونیان لە بابل دەرفەتێکی زێڕین بووە، کە بتوانن ڕاستەوخۆ ئەو بەڵگەنامە و دەقە مێخیانە، کە بە سۆمەری و بابلی نووسراون، بە تایبەتی سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و ژیان و مردن، هەروەها تاوان و سزا و زۆر ڕیتوالی دینی و پەرستن و چمکەکانی بنەمای کۆمەڵایەتی، کە لە کۆمەڵگەی بابل باوبووین وەربگرن. و کاریگەریان لەسەر تۆمارکردنی تەورات وەک میراتی سۆمەری باو لە وولاتی بابل ڕاستەوخۆ تۆمار کەن.

هاروت و ماروت له قورئان و بنەڕەتی

چیرۆکی هاروت و ماروت له قورئان، بنەڕەتێکی زۆر کۆنتر له دینی ئیسلامی هەیە، و نووسەری قورئان، له ڕووی مێژوویی و پرۆسەی چیرۆکەکە، هەڵەی گەورەی کردوون. بەر لەوەی بنەڕەتی چیرۆکەکە ساخبکرێتەوە، دەبێ بەدواداچوونێک سەبارەت بە نووسەری قورئان، و ڕاڤەکارانی موسوڵمان بکرێ، تا بتوانرێ تێگەیشتنێک لەسەر لێکدانەوەی ئەوان وەدەستبێنرێ. ئەوسا لە ڕێگای بەدواداچوونێک بۆ بنەڕەتی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە، و هەڵەکانی قورئان بە ڕوونی دەردەکەون. باشترین ڕێگا ئەوەیە لە ئایەتی چیرۆکەکە خۆی دەست پێبکرێ.

سورة البقرة ٢: ١٠٢

> و شوێن ئەو شتانە کەوتوون کە شەیتانەکان لە سەردەمی پاشایەتی سلێماندا بە دزی دەیانخوێندەوە. سلێمان خودانەناس نەبوو، بەڵکو شەیتانەکان ، خودانەناس بوون. خەڵکیان فێرە جادوودەکرد. ئەو زانستەش هاتبووە بە سەر هارووت و ماروتی جووتە فریشتە لە بابل. و هەر کەسێکیان فێری جادوو بکردبا، لەپێشدا تێیان دەگەیاند: ئێمە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەمانە، نەکەی خودات لەبیرچێ. هەر ئەوەندەشیان لێ فێردەبوون، ژن و مێرد لەیەک جیاکەنەوە. کە بەبێ مۆڵەتی خودا، توانای ئەوەیان نەبوو زیان لە هیچ کەس بدەن. دەشیانزانی کڕیارانی جادووگەری،

لەو دونیا هیچ بەشیان نیە. ئای ئەگەر تێدەگەیشتن، دەتانزانی چۆن خراپ دەفرۆشن (١٠٢)

إبن كثير دەڵێ سلێمان بەدواداچوونی لەسەر ئەوە دەکرد، کە چ جادووێک لە دەستی شەیتانەکاندا هەیە، ئەوسا لێی دەسەندن و لەژێر کورسیەکەی، لە خەزێنەی خۆی دەیشاردنەوە. لەوێ شەیتانەکان نەیاندەتوانی دەستیان بگاتێ، بۆیە بە خەڵکیان دەگوت: ئەوان دەزانن سلێمان چ زانستێکی بەکارهێناوە، بۆ گاڵتەکردن بە شەیتانەکان و با و شتی تر؟ گوتیان: بەڵێ. وتیان: لە خەزێنەی خۆیەتی و لە ژێر تەختەکەیدایە، بۆیە خەڵکەکە، گاڵتەیان پێکردن. و خەڵکی حەج وتیان: سلێمان پێشتر ئەمەی دەکرد، و ئەمەش جادووکردنە، بۆیە خودای گەورە بێتاوانی سلێمانی لەسەر زمانی پەیامبەر محمد دابەزاند.[149]

إبن كثير لە هەمان سەرچاوە درێژەی دەداتێ و دەڵێ: کاتی یەهودی بە مردنی سلێمانی کوڕی داودیان زانی، چەندین جۆری جادوویان نووسی: هەرکەسێک بیەوێت فلان و فلان بەدەست بهێنێ، فلان و فلان دەکا. تەنانە کاتی جۆرەکانی جادووەکانیان پۆلێن دەکرد، دەیانخستە ناو پەرتووکێک، و بە مۆرێکی وەک مۆری سلێمان نەخشێندراو مۆریان دەکرد . لە ناونیشانەکەی دەیاننووسی: ئەمە ئەوەیە کە ئاسیف بن بەرخیە، دۆستی نزیکی سلێمان پاشا، لە شوێنەواری گەنجینەکانی زانستدا نووسیویەتی. و پاشان لە ژێر تەختەکەی شاردراونەتەوە. و دوای ئەوە پاشماوەی نەوەی ئیسرائیل دەریان هێنان، کە دۆزییانەوە گوتیان: سوێند بەخوا، سلێمان پاشا (کوڕی داود) ئەوەی کردووە. بۆیە جادوویان لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە. و خەڵکیان فێردەکرد و فێردەبوون، (بەڵام ئەو نەبوو) ئەوە کاری

[149] ابن كثير، تفسير القرآن الكريم، المجلد الأول، ص ٥١٧

یەهودیان بوو، خودا نەفرەتیان لێ بکات! جا پەیامبەری خودا، سەبارەت بەو شتانەی کە خودا بۆی دابەزاندووە، باسی سلێمانی کوڕی داود و پەیمانەکەی کردووە. لەناو ئەو کەسانەی کە بەڵێنی پێداون لەناو پەیامبەران؟ یەهودیەکانی مەدینە گوتیان: سەرسام مەبن، کە محمد کە بانگەشەی ئەوە دەکا کە کوڕی داود پەیامبەر بووە. بەخوا جادووگەر نەبوو، خوداش لە وتەی ئەوانەوە لەو بارەیەوە ئاشکرای کردووە[150]

شەیتانەکان بەرەو ئاسمان بەرزدەبوونەوە، و لەوێ، بۆ گوێگرتن، لەسەر کورسیەکانیان دادەنیشتن، گوێیان لە قسەی فریشتان سەبارەت بەو شتانەی دەگرت، کە لەسەر زەوی ڕوودەدەن، جا مردن یان غەیب، یان هەر شتێکی تری سەر زەوی، ئەوسا دەهاتنە لای کاهینەکان و ئاگاداریان دەکردنەوە. کاهینەکانیش وەک خۆی بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە. ئەگەر بگرە کاهینەکان درۆشیان بکردایە، خەڵکی باوەڕیان پێ دەکردن. کاهینەکان درۆیان لەگەڵ دەکردن. و شتێکی تریان بۆ زیاد کرد، حەفتا وشەیان بۆ هەر وشەیەک زیاد دەکرد، بۆیە خەڵک ئەو فەرموودەیەیان لە پەرتووکەکان تۆمار دەکرد، و لەناو بەنی ئیسرائیلدا بڵاودەبووەوە، کە جنۆکان دەناسێ. بۆیە سلێمان لەدوای ئەو خەڵکەی نارد. و ئەو پەرتووکانەی کۆکردنەوە. و خستنیە ناو سندوقێک. پاشان لە ژێر کورسیەکەی شاردنیەوە. هیچ کام لە شەیتانەکان نەیاندەتوانی لە کورسییەکە نزیک ببنەوە، بەبێ ئەوەی بسوتێن . گوتی: گوتیم لە کەس نییە باس لەوە بکات کە شەیتانەکان غەیب دەزانن، تەنیا ئەوە نەبێ کە من لێم زەوتکردن. کاتی سلێمان مرد و ئەو زانایانەی کە لەبارەی سلێمانەوە دەیانزانی ڕۆیشتن. و دوای ئەوە شەیتانێک لە شێوەی مرۆڤ دەرکەوت. و هاتە لای کۆمەڵێک لە بەنی ئیسرائیل و پێی گوتن: ڕێنماییتان دەکەم، بۆ گەنجینەیەک کە هەرگیز نایخۆی؟ گوتیان: بەڵێ .وتی: ژێر کورسیەکەدا هەڵکەنن، لەگەڵیان ڕۆیشت و شوێنەکەی پیشاندان و لە لایەک وەستا و پێیان گوت: وەرە .وتی: نەخێر، بەڵام من لێرەم لە دەستی ئێوەدا، ئەگەر

[150] نفس المصدر

نەتاندۆزیەوە بمکوژن. بۆیە ژێرکورسیەکەیان هەڵکەند، و پەرتووکەکانیان دۆزیەوە .کاتی دەریانهێنان شەیتان گوتی: سلێمان تەنها بەم جادووە مرۆڤ و شەیتان و باڵندەی کۆنترۆڵ کردبوو. پاشان فڕی و ڕۆیشت. لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە کە سلێمان جادووگەربووە. و بەنی ئیسرائیل ئەو پەرووکانەیان برد. و کاتی محمد هات، لەسەر ئەوە لەگەڵی کەوتنە ناکۆکی. ئەوە لە کاتێک کە خودای گەورە دەفەرموێت: (سلێمان کافر نەبوو، بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون)[151].

الطبري لە ڕاڤەی بۆ ئەو ئایەتە دەڵێ کۆمەڵێک لە حاخام و زانایانی یەهودی کە لەلایەن خودای گەورەوە باسیان کراوە (مەبەستی لە قورئانە)، کاتی وازیان لە پەیامی موسا هێناو، بە دزی، لەبەر نەزانی و بێباوەڕبوون، ئەو کارەیان کردووە، وەک ئەوەی کە نەزانن، لە بارەی ئەوانەوە باس لەوە کراوە، کە ئەوان، هەرچەندە دەیانزانی پەیامی خودایە بۆ پەیامبەر موسا دابەزیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتیان کردەوە. و ئەو پەیمانەیان شکاند کە پێیان دابوو. ئەوەی تێیدا بوو جێبەجێی کەن. ئەوان لەجیاتی ئەوە جادووگەرییەیان بەدڵ بوو، کە شەیتانەکان لە سەردەمی سلێمان کوڕی داود بەکاریان دەێنا، بۆیە شوێنیان کەوتن و ئەوەش زیانێکی ڕوون و چەواشەکاریە.[152]

بەپێی ئایەتەکە، لەگەڵ لێکدانەوەی هەردووک إبن کثیر و الطبري، دەبێ ئەو ڕووداوی هاروت و ماروت لەسەردەمی سلێمانی کوڕی داود ڕوویدابێ. و شەیتان جادوویان لەخەڵکی کردووە. سەرەڕای ئەوە کێشەکە دەبێ لە بابل بووبێ.

---

151 ابن كثير تفسير القرآن الكريم، المجلد الأول، ص ٥١٧

152 الطبري جامع البيان عن تأويل آي القرآن، الجزء الثاني، ص ٣١٣

کەچی هەندێ سەرچاوەی تری ئیسلام هەمان چیرۆک، بە شێوەیەکیتر و سەردەمێکیتری مێژووپی لێکدەدەنەوە.

الثعلبي لە پەرتووکی عرائس المجالس ئەم چیرۆکەی خوارەوە دەگێڕێتەوە، ئەویش لەسەر ئەو لێکدانەوە بە تەنیا نییە. بەڵکوو چەندین شرۆڤەکاری تر هەمان بۆ چوونیان لەسەر ئەو چیرۆکە هەیە. چیرۆکی ئەو ڕاڤەکارەنە، پێچەوانەیە. و لە زەوی دەست پێناکا. بەڵکوو لە ئاسمانەوەیە. دەڵێن کاتی فریشتە، کارە قێزەونەکانی کوڕانی مرۆڤیان بینی، کە لە سەردەمی پەیامبەر ئیدریس (لە تەورات: ئێنوخ)[153] بۆ ئاسمان بەرزدەبووەوە، لەسەر ئەوە گلەییان لە خوداکرد و ڕەتیان کردەوە و گوتیان:

ئەمانە ئەوانەن کە تۆ هەڵتبژاردوون، و کردونەتە جێگر لەسەر زەوی، کەچی دژی تۆ هەڵسوکەوت دەکەن. خودای باڵادەست فەرمووی: ئەگەر ئێوەم ناردبایە خوارەوە، بۆ سەر زەوی و لەوێ نیشتەجێم کردبان، وەک چۆن ئەوانم نیشتەجێکرد، ئێوەش وەک ئەوانتان دەکرد. گوتیان خودا نەکا! ئەی پەروەردگارمان، بۆ ئێمە نەگونجاو بوو کە تۆ تورە بکەین. خودای مەزن فەرمووی: دوو فریشتە لە باشترینی ئێوە لەناو خۆتان هەڵبژێرن: هەردووکیان دەنێرم بۆ سەر زەوی. بەم شێوەیە هاروت و ماروتیان هەڵبژارد، کە لە باشترینی خێزانی فریشتان دابوون.

کەچی ألکلبی دەڵێ خودای مەزن فەرمووی: سێ کەس لەناو خۆتان هەڵبژێرن: بۆیە ئەزیان هەڵبژارد کە هاروتە، و ئەزابی کە ماروتە، و عیزرائیل. دوای ئەوەی تووشی تاوانباری بوون، خودا ناوی ئەو دووانەی گۆڕی. هەروەک ناوی ئەزازیلی گۆڕی بۆ ئیبلیس.

---

[153] ئیدریس (ئێنوخ) کوڕی شیت، کوڕی ئادەمە. واتە سێیەم نەوە دوای ئفراندن. گوایە گەشتی ئاسمانی کردووە.

ناردنی هاروت و ماروت دوای ئەوە هات، کە خودای گەورە بینی، کوڕانی مرۆڤ چ ئارەزووی خراپەکاریان هەیە. بۆیە ئەوانی بۆ سەر زەوی ناردە خوارەوە. و فەرمانی پێکردن کە دادپەروەرانە، دادوەری لە نێوان مرۆڤ و ئەودا بکەن. لە شیرک و کوشتنی ناڕەوا و لە ناپاکی و خواردنەوەی شەراب قەدەغەیان کەن. سەبارەت بە ئیزرائیل، کاتێک ئارەزووی کەوتە دڵ، بەڕاستی داوای لێبووردنی لە پەروەردگار کرد ، و داوایکرد بیباتەوە بۆ ئاسمان. بۆیە لێی خۆش بوو و بەرزیکردەوە. چل ساڵ لە پەرستندا کرنۆشی برد. پاشان سەری بەرز کردەوە. و دوای ئەوەش لە ڕێگەی هەستکردن بە شەرمەزاریی، سەری خۆی لەبەر خودای مەزن نزمکردەوە. سەبارەت بە دوو کەسەکەی تریش، بەڕاستی وەک خۆیان مانەوە. لە سەرەتادا بە ڕۆژ فەرمانڕەواییان دەکرد، کاتی ئێوارە دادەهات، ناوی خودای گەورە و باڵادەستیان بەرەو ئاسمان دووبارە دەکردەوە. قەتادە دەڵێت مانگێک تێنەپەڕیبوو پێش ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێین. و ئەوەش زوهرە کە یەکێک بوو لە جوانترین ژنەکان، ڕۆژێک داوایەکی یاسایی بۆ هێنان. عەلی دەڵێ: ئەو ژنە خەڵکی وڵاتی فارس بوو. و لە وڵاتی خۆی شاژن بووە.[154]



زوهرە ناوی عەرەبی هەسارەی ڤینۆسە. ژمارەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ فۆرمەکانی جۆراوجۆری ئەو چیرۆکە وەک بەڵگەیەک بەسە، کە چەندە بەگشتی لە ناو موسڵمانانداوەک نەرێت گێڕدراوەتەوە، و زۆربەی لە سەر زاری پەیامبەر.

[154] Tisdall, W. St. Clair (1905) The Original Sources Of The Qur'an .Its Origin In Pagan Legends and Mythology, Story of Harut and Marut. Pp. 93 – 108

چەند خاڵێک لە چیرۆکەکەدا هەن، کە لە خۆیانەوە دەبوو ئاماژە بە بنەڕەتی یەهودی بدەن، تەنانەت هیچ بەڵگەیەکی دیکەمان نەبوو. یەکێک لەوانە ئەو بیرۆکەیە، کە هەر کەسێک بزانێ ناوی تایبەتی خودا کە یەهودیەکان پێی دەڵێن "ناوی نەگۆڕ" بەو شێوەیە دەتوانێ کاری گەورەتر بکا. بۆ نموونە، بەباش دەزانرێ کە هەندێک نووسەری جولەکەی سەردەمی کۆن پەرجووی پەروەردگار، بەو شێوەیە ڕوون دەکەنەوە . و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە گوتنی ئەم ناوە کە چوار پیتە (Tetragrammaton)، (YHWH)(بڕوانە نووسینی وێنەی سەرەوە) ئەنجامی داوە. ئەو چوار پیتە، بە پێی لێکدانەوەی ڕاڤەکارانی تەورات گوزارە لە (خودای ئیسرائیل) دەکا. کە لە پەیمانی کۆن نزیکەی ٧ هەزار جار دووبارە بۆتەوە.

سەرەڕای ئەوە، ناوی فریشتە ئیزرایل ناوێکی عەرەبی نییە، بەڵکو ناوێکی عیبرییە. کەچی ئێمە بەڵگەی لەوە ڕاستەوخۆترمان هەیە، لەسەر بنەچەی چیرۆکی جولەکان.[155]

کاتی چاویان پێکەوت دڵی هەردووکیانی بۆخۆی ڕاکێشا، و داوایان لێکرد. ئەویش ڕەتیکردەوە و ڕۆیشت. کاتی ڕۆژی دواتر گەڕایەوە، و ئەوانیش وەک پێشوو داوایان لێکرد. ئەویش وتی: نەخێر، مەگەر هەردووکتان ئەو شتە بپەرستن کە من دەیپەرستم و لەو بوتەش بپارێنەوە و کوشتار بکەن و شەراب بخۆنەوە. هەردووکیان گوتیان: بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو شتانە بکەین، چونکە خودا قەدەغەی کردوون. سەرئەنجام، بە هیچ نەگەیشتن. ئەویش ڕۆیشت. پاشان لە ڕۆژی سێیەمدا ژنە گەڕایەوە و لەگەڵیاندا کوپێک شەرابی خواردەوە. و خۆی وا پێشاندا، کە دڵی ئەوانی گرتووە. جا داوای خۆیان لێکرد. ئەوێش ڕەتیکردەوە خۆی بداتە دەست. تا ئەوەی ڕۆژی پێشوو پێشنیاری بۆ کردوون نەیکەن. ئەوانیش گوتیان هەر شتێک جگە لە شتی نامۆ چونکە ترسناکە، کوشتنیش شتێکی ترسناکە و ئاسانترینیان لەو

[155] *Midrash halakha, Chapter 44.*

سێ شتەکە، مەی خواردنەوە.یە. ئیتر شەرابەکەیان خواردەوە، پاشان سەرخۆش بوون و کەوتنە سەر ژنەکە . . .لەو کاتە پیاوێک ئەوانی بینی، و ئەوانیش کوشتیان.

کەلبی بن ئەنەس دەڵێ بتەکەیان پەرست، دوای ئەوە خودا زوهرەی گۆڕی بۆ ئەستێرەیەک. عەلی و سەدی و کەلبی دەڵێن کە گوتوویەتی: ئێوە من بەدەست ناهێنن، تا ئەو ووشەیەم فێر نەکەن، کە بەهۆیەوە بەرەو ئاسمان سەردەکەون. گوتیان: ئێمە بە ڕێگەی ...گەورەترین ناوی خودا. ئینجا گوتی: بۆیە بەدەستم ناهێنن تا فێرم نەکەن. یەک لەوان بە هاوەڵەکەی گوت: فێری بکە .ئەویش گوتی: بەڕاستی من لە خودا دەترسم. ئەوی تریان گوتی: ڕەحمەتی خودای باڵادەست لە کوێیە؟ دوای ئەوە فێریان کرد. بەم شێوەیە ئەویش قسەی کردەوە و بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە، و خودای باڵادەست زوهرەی کردە ئەستێرەیەک.[156]

سەرچاوەی چیرۆکەکە لە کەلەپووری جولەکە

ئەگەر بەدواچوونێک لە سەرچاوەکانی دینی یەهودی، سەبارەت بەو چیرۆکە بکرێ، دوو تا سێ بابەت لە تالمودی یەهودی دەدۆزرێنەوە، بەتایبەتی میدراش هالەکوت دا هاتووە.[157] ئەوەش دەڤی ئەوە بابەتە:

[156] W. St. Clair Tisdall (1905) The Original Sources Of The Qur'an .Its Origin In Pagan Legends and Mythology, Story of Harut and Marut. Pp. 93 – 108

[157] *Midrash halakha, Chapter 47.*

سەرچاوەی یەکەم

قوتابیانی حاخام یوسف، پرسیاریان لە مامۆستاکەیان ، دەربارەی ئەزائیل کرد، ئەویش پێی گوتن: کاتێک نەوەی لافاو (واتە ئەو خەڵکەی لە سەردەمی لافاوەکەی نوحدا بوونیان هەبوو) دەستیان بە پەرستنی درۆکرد، گیانی پیرۆز لێیان تووڕەبوو. پاشان دوو فریشتە (شەمحەزای) و (ئەزائیل) لە ئامادەبوونی ئەودا ڕاوەستاون و گوتیان: ئەی پەروەردگاری دونیا، ئێمە لە ئامادەبوونی خۆتدا، کە دونیای خۆتت دروست کرد پێمان گوتی: مرۆڤ کێیە کە یادی بکەیتەوە؟

زەبوورەکان ٨: ٣ - ٤

(٣) کاتی تەماشای ئاسمانت دەکەم،

کە پەنجەکانی تۆ دروستی کردووە، مانگ و ئەستێرەکان، کە تۆ لەوێ داتناون،

(٤) مرۆڤ چییە، تا بیری لێ بکەیتەوە؟

کوڕی مرۆڤ چییە تا گرنگی پێبدەی؟

پێی گوتن: سەبارەت بە دونیا چی بەسەر دێت؟ پێیان گوت: ئەی پەروەردگاری دونیا، با ئێمە بەڕێوەی بەرین. پێی فەرموون: وەحی و زانراوە ئەگەر فەرمانڕەوایی زەوی بکەن، ئارەزووی خراپ بەسەرتان دا زاڵدەبێ، ئێوەش لە کوڕەکانی ئادەم سەرسەختتر دەبن. پێیان گوت: ڕێگەمان بدە لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەدا نیشتەجێ بین، دەبینیت چۆن ناوەکەت پیرۆز ڕادەگرین. پاشان پێی گوتن: بڕۆنە خوارەوە و لەگەڵیان بژین. پاشان شەمحەزای کچێکی گەنجی بینی کە ناوی ئەستێر (ئەستێر) بوو، سەیری کرد و پێی گوت: گوێڕایەڵی من بە. پێی

گوت: گوێت لێ ناگرم مەگەر ناوی تایبەتی (خودا)م فێر نەکەیت، کە لەو کاتەی باسی (ذکر) دەکەی، سەردەکەوم بۆ سەر کەشتییەکە. بۆیە ئەو فێری کرد و ئەویش بیری هێنایەوە. و بە هەمان شێوە چووە سەر کەشتییەکە، بەبێ ئەوەی ئابڕووی خۆی لەدەست بدا. ناوی پیرۆز بێ، فەرمووی: بەو پێیەی خۆی لە سەرپێچی ڕزگار کردووە، بڕۆ بیخە ناو حەوت ئەستێرە، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بە پاکی بمێنێتەوە. خستیانە ناو گەلە ئەستێرەی (پێروو). بەڵام ئەوان (فریشتەکان) لەگەڵ کچەکانی ئادەم پیس بوون، کە جوان بوون و نەیانتوانی بەسەر ئارەزووی خۆیان دا زاڵبن. بۆیە هەڵسان و ژنیان لێهێنان و دوو کوڕیان لێ بوون بەناوی (هاوا) و (هەبیا). بۆیە ئەزائێل ئامرازەکانی جۆراوجۆری ڕازاندنەوەی ژنانی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی سەرنجی کوڕەکانی ئادەم ڕاکێشن و تووشی دڵەڕاوکییان کەن، و سەرپێچیان پێ بکەن. (دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئیزرائیل کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، هەمان ئەو ئیزرائیلە کە لە تەلموددا ناوی هاتووە).[158]

بنەڕەتی چیرۆکەکە لە تەورات

ئەو چیرۆکەی قورئان لە بنەڕەتدا، لە تەورات پەرتووکی ئەفراندندا هاتووە. بەڵام دواتر بەهەلە لێکدانەوەی پەرتووکی ئەفراندن کە یەکەم پەرتووکی تەوراتە، بەپێی مێژووی جولەکان، دەبێ کۆنترین پەرتووک بێ.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٦: ١ – ٤

(١) کاتێک مرۆڤ دەستیان بە زیادبوون کرد، لەسەر ڕووی زەوی. و کچیان بوون، (٢) کوڕانی خودا بینییان کچانی مرۆڤ جوانن. جا لە

[158] Ibid.

هەموو ئەوانەی هەڵیانبژاردن ژنیان هێنا .(٣) ئینجا خودا فەرمووی: گیانی من هەتاسەر ململانێ لەگەڵ مرۆڤ ناکا، چونکە مەرگدارن؛ ڕۆژانی ژیانیان دەبێتە سەد و بیست ساڵ.

(٤) لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی نەفیلیم هەبوون. لەدوای ئەوەی کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ منداڵیان لێیان بوو، منداڵەکان بوونە ئەو پاڵەوانانەی، کە لە کۆنەوە ناوبانگیان هەیە.

لە بنەڕەتدا ئەو چوار پەرەگرافە و بە هەڵە تێگەیشتنیان، بوونەتە سەرەتای پرۆسەی ڕاڤەکردنی هەڵە، و و هۆنینەوەی چیرۆکی نالۆژیک. بە هیچ شێوەیەک لە پەرەگرافەکان، باسی دابەزینی فریشتە ناکا، و باسی سزادانیش نەکراوە. بە هەڵە تێگەیشتن سەبارەت بە کچانی مرۆڤ. دوای ئەوەش دەڵێ (کوڕانی خودا) کە مەبەستی فریشتە نییە، بەڵکوو مەبەستی خوداناسانی وەچەی (نەوەی) شیت بووین، واتە منداڵەکانی ئێنوخ (ئیدریس)، کە کوڕی سێیەمی ئادەم بوو، بەتایبەتی ووشەی (عیبری: نەفیل کۆی: نەفیلیم) کە بە مانای نەجیبزادە دێ، و لە زمانی عەرەبی (تاک: نبیل، کۆ: نبلاء). بەو شێوەیە مانای دەقەکە تەواو پێچەوانە دەبێ.

چیرۆکی هاروت و ماروت یان ئەو بنەڕەتەی قورئان سوودی لێوەرگرتووە، لە دینی جولەکە دوو سەرچاوەن تالمود- میدراش بەشی ٤٧ و پەرتووکی ئێنۆخ[159], کە یەک لە پەرتووکەکانی ئەپۆکریفە، واتە شاراوەیە و بە نایاسایی دادەنرێ. و لەگەڵ ٣٩ پەرتووکەکانی پەیمانی کۆندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەرچاوەیەک لە تۆژینەوەی تیۆلۆژی لەناو حاخامەکان ڕەچاودەکرێ.

[159] ئێنوخ: لە قورئان و دینی ئیسلام بە نەبی ئیدریس ناسراوە، کە دەبێ کوڕی شیت کوڕی ئادەم بووبێ.

سەرچاوەی دووەم

پەرتووکی ئێنۆخ

چێژۆکەکە بە زمانی سوێدی، بریتییە لە ١٥ لاپەڕە. لێرەدا پوختەی وەرگیراوە.

کەوتن

مرۆڤ لەسەر زەوی لە زیادبووندابوون، کچ و کوڕیان دەبوون. و فریشتە چاودێرەکان لە ئاسمانەوە دەیانبینین. لەبەر شۆخی کچانی مرۆڤ، کە دڵیان بردبوون. لەبەر ئەوەی زۆر جوان بوون. و بەیەکتریان دەگوت: وەرن با کچانی مرۆڤ بێنین و منداڵیان لێ دروستکەین! شەمحاز کە سەرکردەیان بوو. بە ئامادەبوونی فریشتەکانی تریش پێی گوتن: باوەڕناکەم دەستەڵاتی ئاسمان ڕێگای ئەو کارە بدا. و من بە تەنیا ئەو تاوانەم دەکەوێتە ئەستۆ.

گوتیان ئێمە هەموومان سوێند دەخۆین، کە هەر کارێک پێکەوە بە پلان بکەین. و پەیڕەوی پلانەکەش بکەین.

پاشان گشتیان سوێندیان خوارد، و پەیمانیاندا، دەبێ هەرکارێک پێکەوە، و بە کۆمەڵ بکەن. هەموویان پێکەوە دووسەد کەس، بەر لە ٤٥٠ ساڵ لە سەردەمی ژارێدی باوکم، لەسەر چیای هێرمۆن (Hermon) دابەزین. ئەو پیاوانە سەرکردەکانیان شەمحازبوو، سەرکردەی هەر بەرز و ئەراکالبا، رامیل، کۆکابلێل، تاملێل، ڕاملێل، دانێل، ئیزقیل، باراقیژال، ئاسابییل، ئاراموس، باتارێل، ئانانێل، زاقێل، سامسەپێل، ساتارێل، تورێل، ژۆمژییل، ساریيل. ئەوانە گرنگترین سەرکردەکان بوون.

هەریەک لەو فریشتانەی لە ئاسمان دابەزین، ئەو ژنەی کە دەبووە ئارامی دڵیان، هەڵبژارد. چوونەلایان و لەگەڵیان جووتبوون. و منداڵی زەبەلاحیان لێدروستکردن. و فێری زۆر پیشەی جۆراوجۆریانکردن. وەک چۆن جوانکاری و مکیاج کردن، ڕووەک چاندن، و دەرمان دروستکردن. ئەزازیل فێریکردن چەک، خەنجەر، چەقۆ، قەڵغان دروستبکەن. فێریکردن چۆن کانزاله زەوی دەربێنن. کاری تێدابکەن. چۆن بازن و کەرەستەی خۆڕازاندنەوە دروستبکەن. برژانگیان ڕەنگکەن و بەردی بەنرخ بەکاربێنن، و ڕەنگ دروستکەن، بۆ کەرەستەی جۆراوجۆر.

دوایی هەنگاو بە هەنگاو ئاژاوە دروستبوو، زۆر شتی خراپیان بەرامبەر خەڵکی کرد. وەک گومڕاکردن و ڕاونان و هتد.. پشێوی لێکەوتەوە. شەمحازە فێری جادووگەری کردن، فێریکردن تلیاک دروستکەن، ئاراموس فێریکردن، چۆن خۆیان لە جادوو ڕزگارکەن. باراڤیژال فێری بەخت خوێندنەوەیکردن، کەبابیل فێری ئەستێرەناسی کردن. ئێسقیل زانیاری لەسەر کەش و هەوا پێدان، ئاراقیێل زانیاری لەسەر زەوی دانێ، و شامسێیل زانیاری لەسەر ڕۆژ و سارێیل زانیاری لەسەر هێڵی سوورانەوەی مانگ دانێ.

منداڵە زەبەلاحە دووڕەگەکان (کە لە نێوان فریشتە و مرۆڤ موتوربەکرابوون) لە زیادبووندابوون. ڕەچەڵەکی مرۆڤ تا دەهات لە کەمی دەدا. ئیتر مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی ئەو زەبەلاحانەی نەما. زەبەلاحەکان بەرەنگاری مرۆڤ بوون، تەنانەت دەشیانخواردن. دەستیانکرد بە ئەشکەنجەدانی گیاندارە شیردەرەکان، باڵندە و ماسی. تا گەیشتە ئەو ئاستەی یەکتریش بخۆن. و خوێنی یەکتریش بخۆنەوە.

لە ئەنجامی ئازار و ئەشکەنجەی کە خەڵکی تووشی بووبوو، لە بێزاری دەستیانکرد بە گلەیی. لەبەر ئەوەی ماڵی مرۆڤایەتی بەتەواوی کاولبووبوو، و تادەهات لە سرووشتی بنەڕەتی خۆیان دووردەکەوتنەوە. دەگریان و هاواریان دەکرد. هاواریان لە دەروازەی ئاسمان دەبیسترا.
ئەوسا فریشتە پیرۆزەکان میکائیل، ئۆرئێل، رافائیل و جوبرائیل زانیان چی لەسەر زەوی ڕوویداوە. و بینیان لەسەر زەوی خوێنێکی زۆر ڕژاوە. و بێ یاسایی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە. ئەوسا بەیەکتریان گوت:

> دانیشتوانی زەوی دەگرین و هاواریان دەگاتە ئاسمان. خەڵکی دەپاڕێنەوە، و نزادەکەن، دەڵێن کێشەمان بخەنە بەردەم هەرە مەزن، و یارماتیمان بدەن.

بە هەرە مەزنیان گوت: خودای خودایان، پاشای پاشایان. تۆ ئەی بەتەمەنترین و مەزنترین. تۆ کە هەمووشت دەبینی، هیچت لا شاراوە نییە. تۆ دەبینی ئەزازیل چیکردووە. ئەو خەڵکی لەسەر زەوی، فێری شتی زۆر خراپکردووە. نهێنیەکانی ئاسمانی بۆ ئاشکراکردوون، کە تەنیا هی خەڵکی پیرۆزبوون لە ئاسمان. خەڵکی سەر زەویش بە ئارەزووەوە فێریان بوون.

ئەی تۆ شەمحەزای، تۆ دەستەڵاتت داوەتە ژێردەستەکانت، کاروباری زەوی بەڕێوەبەرن، ئەوانیش چوونە لای کچانی مرۆڤ، و لەگەڵیان جووتبوون، منداڵی دووڕەگەتان لێ دروستکردن. هەموو گوناهەکانتان بۆ ئاشکراکردن. کچەکانیش منداڵی زەبەلاحیان بوون، کە بوونەتە هۆی سەرتاسەری زەوی تووشی توندوتیژی و نقوومی خوێنبووە. ئێستا خەڵکی دەگرین، هاواریان دەگاتە دەروازەی ئاسمان، گلەییان گەیشتوونەتە ئێمە، ئەوەش کۆتایی نایە تا ئەو بێ یاساییە، بەردەوام بێ لەسەر زەوی. تۆ ئەوە دەزانی، و گشت ئەو شتانە دەبینی، تۆ ئازاریان لەگەڵ دەکێشی. بەڵام بە ئێمە ناڵێی، تا چی بکەین.

هەرە مەزن بە ئۆریێلی گوت: بڕۆ لای لامێخ و نوح و پێ بڵێ خۆی بشارێتەوە. و بۆی ئاشکرا بکە، کە کۆتایی نزیک بۆتەوە. جیهان تەواو کاولدەکرێ. لافاو سەرتاسەری زەوی دادەپۆشێ. هەموو شتێکی سەر ڕووی زەوی تێکدەدا. ڕێنمایی بکە! چۆن خۆت دەربازکا. بەڵام ڕەچەڵەکی ئەو دەبێ بمێنێ، بۆ گشت نەوەکانی داهاتوو.

هەرە مەزن بە رافائیلی گوت: کارەکانی ئەزازیل بووەستێنە. بەندی کە، تا خراپەکاری نامێنێ. و چارەسەری زەوی بکە. کە فریشتە چاودێرەکان تێکیان داوە. هەوڵدە زەوی پاککەوە، تا ڕشانەوە (طاعون) کۆتایی دێ. بەڵام ئەو نهێنیانەی فریشتە ئاسمانناسەکان ئاشکرایان کردوون، زاوزێی مرۆڤ نەخەنە مەترسی.

بەهۆی ئەوکارانەی ئەزازیل، فێریکردوون، سەرجەمی زەوی خراپبووە. هەموو ئەو تاوانەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

مەزنی پیرۆز بە جوبرائیلی گوت: ئەو نەفرەت لێکراوانە (زەبەلاحەکان) لەناو ببە، ئەو بوونەوەرە شکەستخواردووانە، منداڵی فریشتە چاودێرەکانن لەناو مرۆڤ دەژین، لەناویان بەرە. بەگژ یەکتریان دا ببە، تا یەکتری قڕدەکەن. نابێ هیچیان بمێنن. هیچ پاڕانەوە و داوای لێبووردن کردن لە باوکیان وەرناگیرێ. ئەوان دەزانن هەتاهەتایێ دەژین.

هەرە مەزن بە میکائیلی گوت: بڕۆ سیمحازە و هاوەڵەکانی کە تاوانیان دژی خەلکی کردوون بەندکە، تا ئەو کاتەی منداڵەکانیان لە ناو دەبەن، کاتی دەبینن جگەرگۆشەکانیان یەکتری لەناودەبەن، وەچاخیان بەلای کەمی بۆ حەفتا نەوە لەسەر زەوی ڕاگرە. تا ئەو کاتەی خراپەکاری کۆتاییدێ، تا ئەو دەمەی بڕیارەکە بۆ هەتاهەتایە جێبەجێ دەبێ.[160]

[160] Enoks Bok. Tolkning av Gordon Sandgren. Pp. 15 - 30

سەرچاوەی سێیەم

ئەو چیرۆکە لە بنەڕەتدا لە تالمود – هاگادە بەشی ٤٧ هاتووە. و لویس گینزبێرگ لە پەرتووکی (The Legends of the Jews)

لە ژێر ناوی (**The Punishment of the Fallen Angels**) تۆماریکردووە

سزای فریشتە کەوتووەکان

نوح گەورە بوو تا پیاوەتی، شوێن پێی ڕێبازەکانی مەتوسێلای باپیرەی گرت، لە کاتێکدا هەموو پیاوەکانی تری ئەو سەردەمە دژی ئەم پاشا خواپەرستە ڕاپەڕین. سەرپێچی فەرمانەکانیان دەکرد. و کەوتبوونە دوای ئارەزووی خراپەی دڵیان، و هەموو جۆرە کارێکی قێزەونیان ئەنجامدەدا.

بە تایبەتی فریشتە کەوتووەکان و نەوە زەبەلاحەکانیان، بوونە هۆی خراپبوونی مرۆڤایەتی. ئەو خوێنەی کە زەبەلاحەکان ڕژاندبوویان، لە زەویەوە هاواریان دەکرد بۆ ئاسمان. و چوار فریشتە سەرەکییەکە، فریشتە کەوتووەکان و کوڕەکانیان لەبەردەم خودادا تۆمەتبار کرد، دواتر ئەم فەرمانانەی خوارەوەی پێ کردن :ئوریێل نێردرا بۆ لای نوح تا پێی ڕابگەیەنێت کە زەوی بەهۆی لافاوەوە لەناو دەچێت، و فێری بکات چۆن ژیانی خۆی ڕزگار بکات.

بە ڕافائیل گوترا کە فریشتەی کەوتوو ئەزازێل بخاتە زنجیرەوە و بیخاتە ناو چاڵێکی بەردی تیژ و نووکدار لە بیابانی دودال، و بە تاریکی داپۆشێ. و هەروەها دەبوو تا ڕۆژی گەورەی دادگاییکردن بمێنێتەوە. ئەو کاتەی کە دەبێ فڕێبدرێتە ناو چاڵە ئاگری دۆزەخ، و زەوی پاکدەبێتەوە لەو گەندەڵییەی هێنابوویە ئارا.

جبرائیل هاندرا، کە دژی ئەو گەواد و ڕەتکراوەکان، کوڕی فریشتەکان کە لە کچانی مرۆڤەوە لەدایک بوون، بەردەوام بێت و بیانخاتە ناو ململانێی کوشندە لەگەڵ یەکتردا. هاوشێوەکانی شەمحەزای ڕادەستی میکائیل کران، کە سەرەتا بووبووە هۆکاری ئەوەی کە لەبەر چاوی خۆیان، لە شەڕی خوێناوی بەرامبەر یەکتری دا، منداڵەکانیان بمرن. پاشان بەستنەوەیان و لە ژێر گردەکانی زەوی، و لەوێ بۆ ماوەی حەفتا نەوە دەمێننەوە. تا ڕۆژی پەسڵان، و لەوێشەوە ببرێنە چاڵەکانی ئاگری دۆزەخ.

کەوتنی ئەزازێل و شەمحەزای بەو شێوەیە بوو. کاتی نەوەی لافاوەکە دەستیان کرد بە بوتپەرستی، خودا زۆر خەمبار بوو. دوو فریشتە شەمحەزای و ئەزازێل هەستان و گوتیان: ئەی پەروەردگاری جیهان! ئەوە ڕوویدا، ئەوەی ئێمە پێشبینیمان کرد لە دروستبوونی جیهان و مرۆڤدا، گوتمان: مرۆڤ چییە، کە تۆ بیری لێ بکەیتەوە؟

خوداش فەرمووی: ئێستا دەبێ، جیهان بەبێ مرۆڤ چی لێیێ؟

فریشتەکان: ئێمە خۆمان بەوەوە سەرقاڵ دەکەین.

پاشان خودا فەرمووی: من باش ئاگادارم و دەزانم ئەگەر لە زەویدا نیشتەجێ بن، ئارەزووی خراپەتان بەسەردا زاڵ دەبێ .و لە هەموو مرۆڤەکان نارەواتر دەبن.

فریشتە داوای لێبوردنیان کرد: تەنیا مۆڵەتمان بدە، لە ناو مرۆڤەکاندا نیشتەجێ بین، دەبینیت چۆن ناوی تۆ پیرۆز دەکەین.

خوداش ملکەچی خواستی ئەوان بوو و گوتی: دابەزن و لەناو مرۆڤەکاندا نیشتەجێ بن!

کاتێک فریشتەکان هاتنە سەر زەوی، و کچانی مرۆڤیان، بەو هەموو شۆخی و جوانیەوە بینی، نەیانتوانی سۆز و ئارەزووەکانیان ڕابگرن. شەمحەزای کچێکی بینی بە ناوی ئیستەهار و دڵی خۆی لەدەستدا. کچە بەڵێنیدا خۆی ڕادەستی بکا، هەر لە سەرەتا ناوی نەدرکێنراوی فێری بکا. کە بەهۆیەوە خۆی بەرزکردەوە بۆ بەهەشت. ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر

مەرجەکەی. بەڵام کاتێک زانی، کچە ناوەکەی گوت و خۆی بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە، بەبێ ئەوەی بەڵێنەکەی بۆ فریشتەکە جێبەجێ بکات.

خودا فەرمووی: لەبەر ئەوەی خۆی لە گوناه دوور خستەوە، دەیخەینە نێو حەوت ئەستێرەکە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هەرگیز لەبیری نەکەن، و خرایە ناو گەلە ئەستێرەی پێروو. سەرەڕای ئەوەش شەمحەزای و ئەزازێل لە پەیوەندی لەگەڵ کچانی مرۆڤ بێهیوا نەبوون. و لە یەکەم دوو کوڕ لەدایک بوون. ئازازێل دەستی کرد بە دارشتنی پلانی ئەو جوانی و ڕازاندنەوەی، کە ژنان بەهۆیانەوە سەرنجی پیاوان ڕادەکێشن. پاشان خودا مێتاترۆنی نارد تا بە شەمهازای بڵێت کە بڕیاری داوە جیهان لەناو ببا، و لافاوێک هەڵسێنێ، فریشتە کەوتووەکە، دەستی بە گریان کرد، لە خەم و پەژارە لەسەر چارەنووسی جیهان و چارەنووسی دوو کوڕەکەی. ئەگەر جیهان بچێتە ژێرەوە، ئەوانە دەبێ چی بخۆن؟ کە ڕۆژانە پێویستیان بە هەزار وشتر و هەزار ئەسپ و هەزار دارستان بوو.

ئەو دوو کوڕەی شەمحەزای، بە ناوی هیوا و هیا (Hiwwa and Hiyya)، خەونیان بینی. یەکێکیان بەردێکی گەورەی بینی، زەوی داپۆشیبوو. و زەوییەکە بە هەموو لایەکدا دێر لەسەر دێری نووسین نیشانە کرابوو. فریشتەیەک هات و بە چەقۆیەک هەموو دێرەکانی سڕییەوە، و تەنیا چوار پیتی لەسەر بەردەکە بەجێهێشت .کوڕەکەی تر دارستانێکی گەورەی چێژبەخشی بینی کە هەموو جۆرە دارێکی تێدا چێنرابوو .بەڵام فریشتەکان بە تەورو داس هاتن و دارەکانیان بڕی و تاکە دارێکیان بە سێ لقەکەیەوە هێشتەوە.

کاتی هیوا و هیا لە خەو هەڵسان، خەونەکانیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، باوکەش خەونەکانی بۆ لێکدانەوە و گوتی: خودا لافاوێک دێنێ و کەس بە ژیانی خۆی ڕزگاری نابێ، تەنیا نوح و کوڕەکانی نەبێ. کە ئەمەیان بیست، دوو کوڕە دەستیان بە گریان و هاوارکرد، بەڵام باوکیان

دڵنەوایی دانەوە: نەرم، نەرم! خەمبار مەبن. هەرکاتێک پیاوان بەرد دەشکێنن یان دەیانکێشن، یان چارۆکەی کەشتی هەڵدەدەن، هاواری ناوتان دەکەن، هیوا! هیا! ئەو پێشبینییە ئارامی کردنەوە. پاشان شەمحەزای تەوبەی کرد. خۆی لە نێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسی. و لە پای ئەوە، گوناهبارێکی تەوبەکار، تا ئەمڕۆش هەڵواسراوە.

بەڵام ئەزازیل لە گوناهەکەی، هەر بەردەوام بوو. کە مرۆڤایەتی لەڕێگەی ڕاکێشانی هەست و سۆزەوە بە لاڕێدا دەبرد. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە ڕۆژی پەشیمانی، دوو تەگە لە پەرستگادا کرانە بەڵاگێڕ، یەکێکیان بۆ خودا، کە لە گوناهی ئیسرائیل خۆش بێ، ئەوی تریان بۆ ئەزازیل، کە تاوانەکانی ئیسرائیل هەڵبگرێ.

لە بەرامبەردا فریشتەکان هەر کە لە خودا یاخی بوون و دابەزینە سەر زەوی، ئاکارە ڕەسەنەکانی خۆیان لەدەستدا. و جەستەی مانگی ئاوسبوون و زاوزێیان درایە، بەجۆرێک کە پەیوەندیان لەگەڵ کچەکانی مرۆڤدا. و نەوەکانی ئەم پەیوەندیەی نێوان فریشتەکان و ژنە قاینیە زەبەلاحەکان دەرچوون، کە بە هێز و گوناهباری خۆیان ناسران؛ وەک ناوەکەیان کە ئیمیم (Emim) ئاماژەی پێدەکا، ئەوان ناوی سرووشبەخشی ترس. و چەندین ناوی تریان هەبوون. هەندێک جار بە ناوی ڕەفایمەوە (Rephaim) دەناسران، چونکە نیگایەکیان دڵی مرۆڤ دەڕفاند؛ یان بە ناوی گیبۆریم (Gibborim)، تەنیا زەبەلاحەکان، چونکە قەبارەیان ئەوەندە گەورە بوو کە ڕانیان هەژدە باسک بوو؛ ئەوانە وەستای گەورە بوون لە شەڕدا. چونکە دەیانتوانی وەک مار، لەگەڵ خاکدا خۆیان بگونجێنن و لە گۆڕەپاندا زاڵبن. [161]

[161] Ginzberg, Louis (1909). This story is part of the Noah unit. Story source: The Legends of the Jews, The Punishment of the Fallen Angels

دەرئەنجام

هەرسێ چیرۆکەکانی جولەکە، لە بنەڕەتدا یەک چێرۆکن. بەڵام دوای گێڕانەوەی سەدان جار دووبارە، جیاوازی لێرە و لەوێیان تێکەوتووە.

١ لەو چیرۆکانەدا نازانین دابەزینی ئەو فریشتانە لەسەردەمی ئێنوخ بووە، کە کوڕی شیت یان سەردەمی نووح بووە کە دەکاتە ١٠ نەوە دوای ئادەم.

٢ ئایا دوو فریشتە بووین یان دووسەد. ئەوەش ناکۆکییەکی تر.

٣ سەرەڕای کێشەی کچانی مرۆڤ و کوڕانی خودا. بەهەر لێکدانەوەیەکی پەرەگرافی تەورات کۆڕانی خودا دەبێ لەوەوە هاتبێ کە خودا بەدەستی خۆی ئادەمی دروستکردووە. کەچی کچانی مرۆڤ وەک تەورات دەڵێ حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە. بۆیە هەردووکیان بوونەوەری ئاسایین. بەڵام دەقی تەورات جیاوازی پێکردوون.

هەر ئەوەشە وادەکا نەتوانین متمانەمان بەوە هەبێ کە ئەو چیرۆکە یان دەقی تەورات دەقێک بێ لە دەرەوەی مێشکی مرۆڤ هاتبێ.

ئیسلام و کێشەی هاروت و ماروت

بەپێی لێکدانەوەی قورئان دەبێ چیرۆکی هاروت و ماروت لەسەردەمی سلێمان ڕوویدابێ. ئەوەش بە زیاتر لە هەزار ساڵ دوای سەردەمی ئێنوخ (ئیدریس) و دواتریش نوحە. هەروەها لە تالموود و سەرچاوەکانی تری ئەپۆکریفیش باسی سەردەمی سلێمان ناکا، تەنیا لە قورئان ناویان هاروت و ماروت بووە. لە هەمان کاتدا، الثعلبي و الکلبي لە ڕاڤەکانیان دان بەوەدا دەنێن. کە لە بنەڕەتدا ئەو دوو فریشتەیە، ناوی دیکەیان هەبووە. لە پەرتووکی میدراش هەلاکوت، پێیان دەگوترێ شەمحەزای و ئەزائیل. بەڵام ئەگەر کەسێک بپرسێ: ئەو ناوەی لە قورئان و فەرموودەکاندا هاتووە لە کوێوە قەرز کراوە؟

دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ، کە هاروت و ماروت ناوی دوو خودای کۆنی ئەرمەنییەکان بووین، کە لە سەردەمی کۆندا دەیانپەرستن. مێژوونووسانی ئەرمەنی باسیان لەوە کردووە کە ئەرمەنییەکان دوو خودایان پەرستووە کە ناویان لە زمانی ئەرمەنیدا (هۆروت و مۆروت) بووین. لێرەدا دەڤی لێدوانەکەی یەکێک لە مێژوونووسە ئەرمەنییەکان دەخەینەڕوو : ئاماژەی بەوەشکردووە، بێ گومان هۆرۆت و موروت یارمەتیدەری خودای سپاندرامیت بوون، هەروەها پاڵەوانی چیای مازیس و ئامێنابێگ بوون. ئەوانە گەورەترین یارمەتیدەر بوون لە بەهێزکردنی زەوی و بەپیت و پڕ لە سامان.

یەک لەو خاڵانە، سەرچاوەی ناوەکانی هاروت و ماروتە. دەگوترێ ئەو فریشتانە ناوی تریان هەبووە. ناوەکان لە بنەڕەتدا، بە ڕێککەوت بە ئەزز و ئەزابی ناودەبرێن، و ناوەکانی

دوایی لە ڕیشەوە دروست دەبن. و ناوی هاوبەشن لە نێوان زمانی عیبری و عەرەبیدا. بەڵام لە میدراش هەلاکووتدا ئەو فریشتانەی کە گوناهیان کرد، پێیان دەوترێ شەمحەزای و عەزائیل، لە هەمان کاتدا ئەفسانەی عەرەبی دەڵێ، هەرچەندە ئیزرائیل هاتە خوار، و وەک ئەندامی سێیەمی گرووپ، یاوەری هاروت و ماروت بوو. و دواتر بەبێ ...ئەنجامدانی گوناهی ڕاستەقینە گەڕایەوە ئاسمان. ئێستا لەلایەن موسڵمانان، وەک فریشتەی مەرگ سەیر دەکرێ، کە ڕۆڵێکە لەناو جولەکان سامائیل ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ. لە ئەفسانەی عەرەبی باس لەوە دەکا، کە ناوی هاروت و ماروت بەو دوو فریشتەیە نەدراوە. بەڵکوو دوای ئەوەی گوناهیان کرد ئەوسا ئەو ناوانەیان وەرگرتن. مانای بنەمای ئەوەش کاتێک ڕوون دەبێتەوە، کە بۆمان دەردەکەوێ، کە ناوی دوو خوداوەندی کۆنی ئەرمەنیین. ئەرمەنییەکان پێش گوڕانیان بۆ دینی کریستیانی، لە سەدەی سێیەم و چوارەمی س.ب لە زمانی ئەرمەنیدا پێیان دەگوترا هۆرۆت و مۆرۆت (Horot and Morot). نووسەرێکی ئەرمەنی مۆدێرن باسی ئەوە دەکا، کە بڕیار بوو لە کۆندا، ئەو دوو ووشەیە ببنە بەشێک لە ئەفسانەی وولاتەکەی. بەو پێیەی هۆرۆت و مۆرۆت دووپاڵەوانی چیای ماسیس (ئارارات) بووین و ئەوەی کە گرنگە، ئەو دوو ناوە پەیوەندیان بە (ماروووت)ی ئەفسانەی هیندیەوە هەیە. لە بنەڕەتدا خوداکانی با (ناونیشانەکانیان وەک لە ئەرمەنییدا دەیدۆزینەوە، گۆڕدراون بۆ وشەکانی ئەرمەنی باوک و دایک، ئەوەش بە ڕێککەوت لە بۆماوەیی هۆر و مۆردا وەرگیراون، دواتر بە هەرشێوەیەک بێ هاتوونەتە ناو قورئان، و دوو فۆرمی (هاروت و ماروت) یان وەرگرتووە. ئیتر بەو شێوەیە خزاونەتە ناو نەریت و ئەفسانەی ئیسلام، کە ئەوانە دوو فریشتەی کەوتوون.[162]

[162] Tisdall, W. St. Clair, M.A., D.D. (1897) Conversion of armenia to the Christian Faith. The Religious tract society. Pp. 51

لە ناو یاریدەدەرانی خودای سپاندارامیت (Spandaramit) بێ گومان هۆرۆت و مۆرۆت هەبوون. هەروەها ناوی خودای چیای ماسیس (ئارارات)، و ئامێنابەگ بوو. ڕەنگە خودای دیکەش هەبووبن، کە تا ئێستاش بۆ ئێمە نەناسراون. ئەوان پەرەپێدەری تایبەتی بەرهەمهێنان و قازانجی زەوی بوون. سپاندارامیتی ئەرمێنی، سپێنتا ئارمایتی ئاڤێستایە، فریشتەی مێینەی سەرەکییە کە سەرۆکایەتی زەوی دەکرد. و پارێزەری ژنانی ئابڕوومەندبوو. هۆرۆت و مۆرۆت لە ئاڤێستادا وەک هاورڤات (یان هاورڤاتات) و ئەمێراتات دەردەکەون (زۆری) و (نەمری). ئەوان پێنجەم و شەشەمی ئەمشە - سپاندەکانن (Arnesha-spentas)، نەمرەکانی بەخشندە. کە یاریدەدەر و وەزیری سەرەکی ئاهورۆ مەزداو (ئۆرمازد)، دروستکەری ...هەموو شتە باشەکان .لە ئاڤێستادا، هاورڤاتات .و ئەمێراتات هاوڕێی جیانەکراوەن، بە هەمان شێوەی هۆرۆت و ...مۆرۆت لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا.

ئەم دواییان سەرۆکایەتی هەموو شانشینی سەوزە دەکات. کە دواتر لە فارسی، ناوەکان وردە وردە خراپ بوون. و بوون بە خورداد و مورداد (Khurdad and Murdad) و ئەو دوو جنۆکە باشە ناوەکانیان، بووین بە ناوی مانگی سێیەم و پێنجەمی ساڵ. دوو ووشە، تەنیا بە ڕەچەڵەک ئارین، و لە ژێر وشەکاندا، فۆرمیان لە سانسکریتی (sarvata and amrita) وەرگرتووە. یەکەمیان لە فۆرمی سەرڤاتاتی (sarvatati) لە ڕیگ ڤێدا هاتووە، هەرچەندە ئەو دووناوە، نەبوونەتە بوونەوەری ئەفسانەیی. بەڵکوو لە ئەفسانەی ئاریەکان، ئەوانە نوێنەرایەتی ئەم نیمچە خودایانەیان دەکرد، وەک بڕشت و بەخێوکەری زەوی، و کەسایەتی وەک کەسایەتی سپێنتا ئارمایتی بووە، کە سەرپەرشتی هەموو جۆرە بەرهەمهێنانێکی کردووە. ئەوانە بوونەوەری پیرۆز بوون و دابەزینیان بۆ سەر زەوی بەپێی فەرمانی ئۆرمازد بوو. هەروەک لە ئەفسانەی ئیسلام. بنەڕەتدا جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان پەیوەست نەبووە بە هیچ بیرکردنەوەیەک لە گوناه. محەمەد بە خواستنەوەی ناوەکانیان لە ئەفسانەی کۆنی ئەرمەنی و ئێرانی، سەری لێ شێواوە، یان زانیاریدەرەکانی ئەو کارەیان

کردووە. کە لەگەڵ دوو فریشتە گوناهبارەکەی ئەفسانەی جولەکان، وەک لە پێشتر بینیمان، و زانیارییەکی کەمی لە فارسی، و هەروەها لە سەرچاوە عیبری وەرنەگرتوون. و تەنیا لێکچوون لە نێوان دوو ڕەچەڵەک، هاوپەیمانی ئەفسانەی سەربەخۆ، کە زۆر لەیەک دوورن، وایزانیووە، ئەوانە هەردووکیان یەکن و هەمان شتن. لێرەوە دیاردەی سەیر و سەمەرە دەردەکەوێ، دوو جنۆکەی ئارپی، وەک ئەکتەری سەرەکی، لە دیمەنێکدا بەدیاردەکەون، کە لە فۆرمی سەرەکی لە تالمود وەرگیراون.

ئەوکچەی لە چیرۆکی جولەکان، ناوی ئەستێرە، لە بنەڕەتدا خودای ئیشتارە لە بابلی کۆن، کە لە ناوچەکانی ئیسرائیل و شام لە ژێر ناوی ئەشتۆرەت (Ashtoreth). خودای خۆشەویستی و سۆزی ناسراوە، و لای یۆنانی و ڕۆمەکان، بەرامبەر ئەفرۆدیت و ڤینۆسە. هەر ئەویش لەگەڵ هەسارەی ڤینۆس بەراوردەکرێ، کە لای عەرەب، پێی دەوترێ زوهرە. ئاسانە هەست بە جیاوازی ناوەکان بکەین. ناوەکان لە چیرۆکەکانی جولەکە و عەرەبی پرسی یەک سات نییە، ئەوکەسە ئەفسانەییەی ئاماژەی پێکراوە لە ڕاستیدا هەمان کەسە. باش دەزانرێ ئیشتار چ ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەفسانەی سۆمەری، بابلی و ئاشووریدا هەبووە. ڕۆڵی لە چەندین چیرۆکەکانی خۆشەویستیە زۆرەکانی، کە دەبێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ، لە ڕوویێک گوناهی فریشتان دەخاتەڕوو، لەلایەکیتر دەوترێ زوهرە یان ئەستێر توانای بەرزبوونەوەی هەبووە، بۆ ئاسمان. کە بە شانازییەوە، لە ئەفسانەی بابلی دەگێڕنەوە، کە ئیشتار گرفتاری ئەوینی پاڵەوانێک بووە، بە ناوی گیلگامێش و ئەویش بەرپەرچی دەداتەوە.

هەرچەندە لەو ئەفسانەیەی داستانی گلگامێش پێچەوانەیە، کە ئیشتار خودای نەمرە، و گلگامێش کەسێکە بەدوای نەمری دادەگەڕێ. کەچی هەمان شتە

لە ئەدەبیاتی سانسکریتیدا هاوتەریبێکی زۆر سەرنجڕاکێش لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا دەبینینەوە کە لە قورئان دا هەیە. و نەریتەکان .ئەمە ئەڵقەی سوندا و ئۆپاسوندا (Sunda and Upasunda) یە لە مەهاباراتادا .لەوێدا جارێک ئەوەمان پێدەوترێت لە سەردەمێکدا دوو برا سوندا و ئۆپاسوندا وەها خۆپارێزییان دەکرد، کە شایستەییەیەکی زۆریان بەدەستهێنا خۆیان- ئەوەندە لە ڕاستیدا کە لە کۆتاییدا سەروەرییان بەسەر هەردوو زەوی و ئاسماندا بەدەستهێنا. پاشان خودای براهما هەستی بە ترسکرد، لەوەی بەم شێوەیە هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەست بدات. بۆ ئەوەی ڕێگری لەو کارە بکات، بڕیاریدا هەردوو ڕکابەرەکەی لەناو ببا. پلانێکی دارشت. یەکێک لە کچانی بەهەشتی نارد، کە لە ئیسلام بە حۆری ناسراون. و لای هیندۆسە کۆنەکانەوە بە ئەپساراسا (Apsarasa) ناودەبرێن .ئەو بۆیە ئەپسارایەکی زۆر خۆشەویست دروست کرد بە ناوی تیلۆتاما (Tilottama)، کە وەک دیاری بۆ براکان نارد. لەسەر سوندا دەستی ڕاستی گرت و ئۆپاسوندا دەستی چەپی گرت، هەریەکەیان ئارەزووی ئەوەیان دەکرد، کە ببێتە هاوسەری خۆی. ئیرەیی بووە هۆی ئەوەی ڕق و دوژمنایەتی لە دڵی برایاندا دروستبێ، و ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەوان یەکتریان کوشت. پاشان تیلۆتاما گەڕایەوە بۆ لای براهما، کە دڵخۆش بوو، بەوەی کە بەم شێوەیە توانیویەتی، ئابڕومەندانە ڕزگاری بێ. براهما باشانازییەوە پێی گوت: لە هەموو ئەو جیهاندا خۆر بەسەرتدا دەدرەوشێتەوە، و لە دەوروبەرت دەسوڕێتەوە، و کەس ناتوانێ ڕاستەوخۆ سەیری تۆ بکات، بەهۆی درەوشاوەیی ڕازاوەییت و نایاب و جوانی.

لەو ئەفسانەیەدا باس لە سەرکەوتنی شۆخە کچێک بۆ ئاسمان دەبیندرێ. هەرچەندە چیرۆکی هیندۆسی لەگەڵ بابلی تا ڕادەیەک جیاوازە، بەڵام لە چیرۆکی هاروت و ماروتی ئیسلامدا، لە هەر کولتوورێک بەشێکی وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەپساراساەکان لە ئاسماندا دەژین، هەرچەندە زۆرجار سەردانی زەوی دەکەن، و ئیشتار خودایەک بوو. ئەو دوو برایەی لە چیرۆکی هیندۆسیش، سەرەتا لەسەر زەوی بوون، هەرچەندە لە کۆتاییدا دەسەڵاتیان بەسەر ئاسمانیشدا ڕاگەیشت. چیرۆکەکان لە یەکەم تێڕوانین سەبارەت ئەو فریشتانەی کە

لە ئاسمانەوە دابەزین جیاوازن. بەپێی ئەفسانە یەهودی و ئیسلام. بەڵام جیاوازییەکە تەنانەت لەو ڕووەشەوە زۆر کەمە، لەبەرئەوەی لە ئەفسانەی هیندۆسی ڕۆڵی براکان، وەک لە خودایەکەوە هاتبن، بە بەراورد لەگەڵ ماروتەکان یان زڕخوداکان.

لێکچوونی نێوان ئەم ئەفسانە جۆراوجۆرانە زۆر سەرنجڕاکێشە. بەڵام سەختە گریمانەی فۆرمە جیاوازەکانی چیرۆکەکان بکرێ. لەبەر ئەوەی هەر چیرۆکێکی ئەفسانەیی بەستراوەتەوە، بە کولتووری نەتەوەیی و دینی هەر گەلێک.

گومان لەوەدانییە، جولەکە چیرۆکەکانیان، بەلای کەمی بەشێکی لە کولتووری ترەوە وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ناوی ئیشتار یان ئەستەر و هەندێک وردەکاری دیکە، لە بابلییەکان بکەین، کە ئەوانیش لە سۆمەریەکان فێربووین. تالمود بە وەرگرتنی فۆرم و ناوەرۆک لە ئەفسانەکانی پێش خۆی، چیرۆکەکانی کردنە ئەفسانەی خودایی، دوای ئەویش، لە قورئان و نەریتەکانی موسڵمانان بەردەوام بوو.

ئەگەر لەوە زیاتر بڕۆین و بپرسین، چۆن بوو جولەکە ئەو ئەفسانەیەیان وەرگرت؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەوان، ئەو کارەیان کرد، بە هۆی هەڵە تێگەیشتن بوو، لە مانای یەک وشەی عیبری، لە پەرتووکی ئەفراندن. ئەویش وشەی (نەفیلیم)، کە کردارە لە چاوگی (naphal) (کەوتن) هاتووە.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٦: ٤

[٤] لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی نەفیلیم هەبوون. لەدوای ئەوەی کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ منداڵیان لێیان بوو، منداڵەکان بوونە ئەو پاڵەوانانەی کە لە کۆنەوە ناوبانگیان هەیە.

وەرگیرابێت .لێرەوە جۆناسان بن ئوزیل لە تارگومەکەیدا بە مانای "فریشتەی کەوتوو" وەریگرتووە، و بێ گومان لەم کارەدا ئەو کاتەی وەرگرتووە ئیتیمۆلۆژیای ئێستای وشەکە .بۆ ئەوەی ڕەچاوێک بۆ ئیتیمۆلۆژیا بکرێ چیرۆکەکە بەشێکی داهێنراوە، بەشێکیشی (وەک بینیمان) لە ئەفسانەی بابلەوە وەرگیراوە، و لەلایەن یەهودیانی نەزانەوە، زۆر بە سادەیی، ئیتیمۆلۆژییەکی درۆینەی ئور، چیرۆکی ڕزگاربوونی ئیبراهیمی لێکەوتەوە لە (کورەی ئاگری کلدانیەکان ڕزگاریبوو. هێنس ژۆناتان لە سەرنجەکەیدا سەبارەت بە ئەفراندن ٦: ٤ ڕوونی دەکاتەوە نەفیلیمەکان بە وتنی "شەمەحەزای و ئوزیل : لە ئاسمانەوە کەوتنە خوارەوە و لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی بوون. ئەو ئەفسانەیەی لە میدراش هالکوتدا کە پێشتر هاتووە، ئەو هەڵەیە سەریهەڵدا .بەڵام تەنانەت بە ڕەزامەندی لە وەرگرتنی گوایە نەفیلیم لە کردارەکە بە واتای "کەوتن"، ئەوە نەبووە، پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ناوەکە بەم شێوەیە. تەرگومی ئۆنکێلۆس (The Targum of Onkelos) زۆر ژیرانەتر سەبارەت بە تێگەیشتن لە نەفیلیمەکان مامەڵە دەکا. نەفیلیمەکان بەو شێوەیە ناویان لێنراوە، چونکە ئەوان پیاو بوون کە پێشتر بە توندوتیژی دەکەونە سەر بێدەسەڵاتان و ستەمیان لێدەکردن. لەو تارگومە وشەکە بە یەک (تاک) وەرگێڕاوە، بە واتای "پیاوی توندوتیژ" دێ. یان ستەمکار هەندێکی تر لەم دواییانەدا ڕەتیان کردۆتەوە کە وشەکە لە نافیلە وەرگیرابێ. بەڵکووایان پێی باشە، بە وشەی عەرەبی (نبیل)ی ببەسترێتەوە، کە بە مانای خانەدان دێ و یان شارەزا لە هاویشتنی تیر و کەوان.

لە کۆتاییدا، ڕەنگە وەک زۆرێک ناوی تایبەت لە سەرەتای پەرتووکی تەورات - ئەفراندن دا، وشەکە بسەلمێنێ کە بە ڕەچەڵەک سۆمەرییە، پەیوەندی بە هیچ ڕەگێکی زمانە سامییەکانەوە نییە.

چیرۆکی ڕزگاربوونی ئیبراهیم له ئاگری نەمرود

چیرۆکی نەبی ئیبراهیم، وەک هێمای هەر سێ دینەکانی جولەکە، کریستیان و ئیسلام، بەردەوام له ئایەتەکانی جیا جیای قورئان، ناو و چیرۆکەکانی دووبارەبۆتەوە.

وەک سورەتی البقرة، الأنعام، مریم، الأنبیاء، الشعراء، العنکبوت، الصافات، الزخرف، الممتحنة و هتد.

کاتی چیرۆکی ئیبراهیم له پەرتووکەکانی وەک قصص الأبنیاء و هتد دەخوێنیتەوە. ئەوەی بە ئاشکرا بەدیدەکرێ، هەموو ئەو چیرۆکانە، له بنەڕەتدا کۆپی یان بە کەمێ دەستکارییەوە، له پەرتووکی جولەکە بەناوی میدراش راباه (Midrash Rabbah) یان گێنێسیس ڕابا (Genesis Rabbah) وەرگیراون. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش، یەکەم چیرۆک کە له قورئان و پەرتووکەکانیتر هاتووە، دەقەکەی له پەرتووکی جولەکەی ناوبرا دێنینەوە. و دواتریش بەراوردێکیان پێدەکەین.

سورة الأنبیاء ٢١: ٥١ – ٧١

وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ إِبۡرَٰهِيمَ رُشۡدَهُۥ مِن قَبۡلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ (٥١) إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ
وَقَوۡمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمۡ لَهَا عَٰكِفُونَ (٥٢) قَالُواْ وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا
عَٰبِدِينَ (٥٣) قَالَ لَقَدۡ كُنتُمۡ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُمۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ (٥٤) قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا
بِٱلۡحَقِّ أَمۡ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ (٥٥) قَالَ بَل رَّبُّكُمۡ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلَّذِي

فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ (٥٦) وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ (٥٧) فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨) قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥٩) قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ (٦٠) قَالُوا۟ فَأْتُوا۟ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (٦١) قَالُوٓا۟ ءَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ (٦٢) قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ (٦٣) فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٦٤) ثُمَّ نُكِسُوا۟ عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ (٦٥) قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ (٦٦) أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (٦٧) قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ (٦٨) قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ (٦٩) وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ (٧٠) وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ (٧١)

و سوێند بێ لە پێشوو مەندیمان بە ئیبراهیم دا، وە ئێمە لێی ئاگادار بووین. (٥١) کە بە باوکی و قەومەکەی گوت: ئەو پەیکەرانە چین کە ئێوە بۆ پەرستنیان مت بوون. (٥٢) گوتی خۆتان و باوکانتان لە گومراییەکی ڕووندا بوون (٥٤) گوتیان بینیوومانە کە باوکانمان ئەمانەیان دەپەرست. (٥٣) گوتیان ئایا ڕاستیت بۆمان هێناوە یان تۆ لە فشەکەرەکانیت ؟ (٥٥) گوتی: بەڵکو خوداکەتان خودای ئاسمانەکان و زەوی کە دروستیکردوون، وە منیش لەوەدا لە شایەتەکانم (٥٦) وە سوێند بە الله، دەبێت فێڵ لە بتەکانتان بکەم دوای ئەوەی ئێوە لێرە دەڕۆن (٥٧) جا پارچە پارچەی کردن، تەنها گەورەکەیان نەبێت، بەڵکو بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە. (٥٨) گوتیان کێ ئەم کارەی بە خوداکانمان کردووە، بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە لە ستەمکارانە.(٥٩) گوتیان بیستوومانە لاوێك ئاماژەی پێیان دەکرد، پێی

دەگوترێت ئیبراهیم.(٦٠) گوتیان بیهێننە بەرچاوی خەڵك، بۆ ئەوەی بیبینن (٦١) گوتیان ئایا تۆ ئەم کارەت بە خوداکانمان کردووە ئەی ئیبراهیم؟ (٦٢) گوتی بەڵکو گەورەکەیان ئەم کارەی کردووە، جا پرسیاریان لێ بکەن، ئەگەر قسە بکەن(٦٣) جا بۆ خودی خۆیان گەڕاندەوە و گوتیان لە ڕاستیدا ئێوە خۆتان ستەمکارن. (٦٤) ئینجا سەری خۆیان شۆڕ کرد، (گوتیان) بە دڵنیاییەوە تۆ زانیوتە کە ئەوانە قسە ناکەن (٦٥) گوتی ئایا جگە لە اللّٰه شتانێك دەپەرستن کە نە سوودێکی بۆتان هەیە، وە نە زیانێك؟(٦٦) ئۆف لە ئێوە و لەوانەی کە جگە لە اللّٰه دەیانناپەرستن، ئەرێ تێناگەن ؟ (٦٧) گوتیان بیسووتێنن، وە خوداکانتان سەربخەن، ئەگەر ئەو کارە دەکەن (٦٨) گوتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە بەسەر ئیبراهیم (٦٩) وە ویستیان لە خشتەی ببەن، جا ئێمە وامان لێکردن کە دۆڕاوترین بن. (٧٠) وە ئەو و لوطمان ڕزگارکرد بۆ ئەو خاکەی کە پیرۆزمان کرد بۆ هەموو خەڵك (٧١)

ئازەری باوکی ئیبراهیم بوتی دروستدەکردن، و دەیدانە ئیبراهیم بیانفرۆشێ. ئیبراهیم دەیگوت: کێ ئەوە دەکڕێ، نە سوود و نە زیانی بۆی هەبێ؟ دوای ئەوەی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا، کە بانگهێژی نەتەوەکەی بکا بۆ یەکتاپەرستی، داوای لە باوکی کرد، وەڵامی نەدایەوە. و دوای لە نەتەوەکەی کرد. کاتی شکەستی هێنا فەرمانی پێدا، و پەیوەندی بە نەمرودی کوڕی کوش بکا، کە پاشای وولات بوو. نەمرود ئیبراهیمی هێنا و خستیە ناو ئاگرێکی گەورە. ئاگرەکە سارد و بێ زیان بوو. و ئیبراهیم دوای چەند ڕۆژ لە ئاگر دەرچو. دوای ئەوە پیاوانی نەتەوەکەی باوەڕیان پێهێنا.

نەمرودی پاشا فەرمانی بە سەرکردەی سوپادا، ئەبرام بگرن. و بیخەنە زیندان. دە ڕۆژ لە زیندان مایەوە. لەو ماوەیە نەمرود ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی کۆکردنەوە. و ڕاوێژی پێکردن. و

گوتی: گوێتان لە لە ئەبرامی کوڕی تارح بووە، بێ ڕێزی و سووکایەتی بە دەستەڵاتم دەکا! ئێستا لە زیندان دایە. پێم بڵێن چ سزایەکی ئەو کابرایە بدەم. کە ئەو شتەی بەرامبەری من و دەستەڵام کردووە.

ڕاوێژکاران وەڵامیان دایەوە، کێ بوێری ئەوەی تێدایە، بەرامبەر پێگای پاشایەتی تۆ نووەستێ. سزای مەرگە! ئەو پیاوە هاتووە کوفر و سووکایەتی بەرامبەر خوداکانمان دەکا. بۆیە دەبێ بە زیندووبی بسووتێنرێ. ئەوەش بۆ پایەبەرزی پاشا.

با ئاگردان شەوو ڕۆژ ئاگربدرێ، ئەوسا ئەبرام فڕێبدرێتە ناو ئاگرەکە. پاشا ئەو پێشنیازەی بە دڵبوو. و فەرمانی دا دەستبەجێ ئامادەی بکەن! ئاگردان گڕدرا. و پلەی گەرمی زۆر بەرزبووەوە. گشت خەڵکی بە گەورە و بچووک بۆ سەیرکردنی، دینەنی جێبەجێکردنی فەرمانی پاشا ئامادەبووبوون. ژنان بە منداڵی لە باوەشەوە لە سەربانی ماڵان سەیریان دەکرد. و پیاوانیش بە هەراو لە دەوری ئاگردان کۆبووبوونەوە. هەندێکیش لە دوورەوە وەستابوون و، لەبەر گڕی بەتینی ئاگر، نەدەوێران نزیک ببنەوە.

ئەبرام لەبەردەم پاشا ئامەدەکرا. لە بەرامبەر ئەو خەڵکە زۆرە جلوبەرگیان لەبەر داکەنی و بە ڕووت و قووتی، دەست و پێیان بە پەتێک بەست. و هەڵیاندایە ناو ئاگردانی گڕگرتوو. لەبەر بەتینی گڕی ئاگر دوانزە کەس کە خەرک بوون فڕێیان دەدایە ناو ئاگر، لە ناوچوون. بەڵام خودا دڵۆڤانی خۆی بۆ ئەبرام دەرخست. و سەرەڕای ئەو پەتانەی کە پێیان بەسترابووەوە. هێشتا ئەو بەناو ئاگرەکەدا هاتوچۆی دەکرد، بێ ئەوەی ئەو گڕە بەتینە کاری تێبکا.

پەتەکان سوتان، بەڵام ئەبرام هیچ زیانی پێ نەکەوت. پاشان ئەو هەواڵە سەرسوڕهێنەرە گەیشتە نەمرود پاشا. و چەند کەسێکی جێ متمانەی ناردن تا سەیرێکی ناو ئاگردان بکەن، بزانن ڕاستە. دوای سەیرکردنی ناو ئاگردان بە پاشایان ڕاگەیان، کە بەڵێ ڕاستە. پەشا حەپەسا، زمانی گیرا. فەرمانی دائەبرام دەربێنن. بەڵام لەبەر تینی گڕی ئاگر، کە شەپۆلی بەرەو دەم و چاویان دەدا، نەیانتوانی فەرمانی جێبەجێ بکەن.

پاشا بە تووڕەیی و زمانێکی گاڵتەجاڕی، گوتی: پەلە بکەن! ئەبرام دەربێنن، یان بمرن! بەڵام هەوڵی دووەمیشیان شکەستی هێنا. و هەشتیان مردن.

دوایی پاشا بانگی ئەبرامی کرد و گوتی: ئەی بەندەی خودای ئاسمان، لە ئاگر وەرە دەرەوە. و لەبەر دەمم ئامادەبە. ئەبرام لە ئاگر هاتە دەر. و لەبەردەم پاشا وەستا.

کاتی پاشا ئەبرامی بینی، تەنانەت تاڵە موێکی قژی نە سووتابوو. تووشی سەرسامی بوو.

ئەبرام گوتی: خودای ئاسمان، هەموو شتێکی بەدەستە. و لەو ئاگرە ڕزگاری کردم.[163]

لە عرائس المجالس دەڵێ:

پێشتر کە ئیبراهیم، شەوانە لە ئەشکەوتەکە دەهاتە دەرەوە، پێش ئەوەی مانگ ببینێ ئەستێرەکانی دەبینی و گوتی : ئەوە پەروەردگارمە. کاتی شەو ڕادەشکا، ئەستێرەیەکی بینی و گوتی: ئەوە پەروەردگارمە. دواتر ئەستێرەکە ئاوابوو، گوتی من حەزم لەوانە نییە ئاوابن. کاتی بینی مانگ هەڵدێ، گوتی: ئەوە پەروەردگارمە. کە مانگ ئاوابوو، گوتی: ئەگەر پەروەردگارم ڕێنماییم نەکا، ئەوە لە گومڕا یان دەبم. کاتی بینی ڕۆژ هەڵات، گوتی: ئەوە پەروەردگارمە، ئەوە گەورەترە (چونکە بینی ڕووناکییەکەی گەورەترە)، کاتی ڕۆژیش ئاوابوو، گوتی: ئەی گەلەکەم، من بێتاوانم لەو گومراییەی ئێوە دەیکەن.

سورة الأنعام ٦: ٧٦ - ٧٩

فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ (٧٦) فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ (٧٧) فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي

[163] التلمود كتاب اليهود المقدس اليهودى، ترجمة احمد أبيش. ص ٨٦ – ٨٩
Genesis Rabbah 38: 11

هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ (٧٨) إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ (٧٩)

جا کاتێك تاریکایی شەو باڵ بەسەریدا کێشا، ئەستێرەیەکی بینی، گوتی ئەوە خودامە، کاتی ئەستێرەکە ون بوو، گوتی ئەوانەم خۆشناوێ کە ون دەبن. (٧٦) جا کاتێك مانکی بینی هەڵات. گوتی: ئەوە خودامە. جا کاتێک ون بوو گوتی: ئەگەر خوداکەم هیدایەتم نەدات بە دڵنیاییەوە لە خەڵکانێکی گومڕا دەبم (٧٧) جا کاتێك خۆری بینی هەڵات گوتی ئەوە خودامە، ئەوە گەورەترە، جا کاتێك ون بوو، گوتی ئەی قەومەکەم لە ڕاستیدا من بێبەریم لەوەی شرکی پێ دەکەن. (٧٨) لە ڕاستیدا من ڕووم بە حەنیفی ئاراستە کرد بۆ ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، وە من لە موشریکەکان نیم. (٧٩)

گوتیان: باوکی بوت دروست دەکا، بۆیە کاتی ئیبراهیمی وەگەڵ خۆیدا، دەستی کرد بە دروستکردنی بتەکان و دایە ئیبراهیم تا بیفرۆشێ، بۆیە ئیبراهیم دەیبردن و بانگی دەکرد: کێ ئەو شتە دەکڕێت کە نە زیانی هەیە و نە سوودی هەیە؟ کەس لێی نەدەکڕی. دوای ئەوە تێی هەڵدان، بردنیە سەر ڕووبارێک و لە سەری سرەواند و و پێی گوت: بخۆرەوە. هەی گەمژە" لە گاڵتەکردن بە گەلەکەی و ئەو چەواشەکاری و نەفامییەی کە تێیدا بوون، تا شەرمەزاری و گاڵتەجاڕییەکەی بەو شتە لەناو گەلەکەی و خەڵکی گوندەکەیدا بڵاوبووەوە، بۆیە گەلەکەی لەگەڵیدا مشتومڕیان لەسەر دینەکەی کرد، و وتی : «ئایا ئێوە ناکۆکیتان لەگەڵ من هەیە سەبارەت بە خودا لە کاتێکدا ئەو ڕێنمایی کردووم؟ وە ئەوە قسەی ئێمەیە کە ئێمە ئیبراهیممان بەخشی بەسەر گەلەکەیدا. ئێمە هەرکەسێک بمانەوێت پلە بەرز دەکەینەوە. بەڕاستی پەروەردگارت زانا و زانایە.

الأنعام ٦: ٨٠ – ٨٣

وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيۡـٔٗاۚ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ (٨٠) وَكَيۡفَ أَخَافُ مَآ أَشۡرَكۡتُمۡ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمۡ أَشۡرَكۡتُم بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗاۚ فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٨١) ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ (٨٢) وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ (٨٣)

قەومەکەی مشتومڕیان لەگەڵدا کرد، گوتی ئایا مشتومڕم لەگەڵدا دەکەن دەربارەی خودا؟ وە بە ڕاستی هیدایەتی داوم، وە ناترسم لەو شتانەی ئێوە شرکی پێ دەکەن مەگەر خوداکەم ویستی لەسەر شتێك بێ، وە زانیاری خوداکەم فراوان بۆتەوە بۆ هەموو شتێك، ئایا ئێوە بیرناکەنەوە ؟ (٨٠) وە چۆن لەو شتانە دەترسم کە شرکیان پێدەکەن، وە ئێوە ناترسن، لە ڕاستیدا ئێوە شرکتان بە اللە کردووە، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بۆتان دابەزاندبێ، جا کامە دەستە شایستەترە کە ئەم ئەمین بێ ئەگەر ئێوە دەزانن؟ (٨١) ئەوانەی باوەڕیان هێنا و ئیمانیان تێکەڵ بە ستەم نەکردووە، ئەوانەن کە سەلامەتیان بۆ هەیە، وە ئەوانەن کە هیدایەت کراون. (٨٢) وە ئەو بەڵگەی خۆمان دا بە ئیبراهیم بۆ سەر قەومەکەی، چەندەها پلەی کەسانێك بەرز دەکەینەوە کە خۆمان بمانەوێ، لە ڕاستیدا خوداکەت ژیر و شارەزایە (٨٣)

تا دژایەتیان کرد و بە دیبەیت شکستی پێهێنا. پاشان ئیبراهیم ئازاری باوکی بانگهێشتی دینەکەی کرد، گوتی: ئەی باوکە بۆچی ئەو شتە دەپەرستی کە نە دەیبیستێ و نە دەیبینێ و هیچ سوودێکی بۆ تۆ نییە؟

سورة مريم ١٩: ٤٢

وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا **(٤١)** قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا (٤٢) يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدۡ جَآءَنِي مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَمۡ يَأۡتِكَ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا سَوِيّٗا (٤٣) يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ عَصِيّٗا (٤٤) يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا (٤٥) قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنۡ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ لَأَرۡجُمَنَّكَۖ وَٱهۡجُرۡنِي مَلِيّٗا (٤٦) قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكَۖ سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا (٤٧)

و له پەرتووکەکە ئاماژە بە ابراهیم بکە کە کەسێکی ڕاستگۆی پێغەمبەر بوو. (٤١) کە بە باوکی گوت ئەی باوکە بۆچی ئەوە دەپەرستیت کە نابیستێ، و نابینێ، وە نە هیچ سوودێکی بۆت دەبێت؟ (٤٢) ئەی باوکە من لە زانیاری بۆم هاتووە کە بۆ تۆ نەهاتووە، جا شوێنمکەوە، ڕێنمایت دەکەم بۆ ڕێگایەکی ڕاست. (٤٣) ئەی باوکە شەیتان مەپەرستە، شەیتان بۆ ڕەحمان سەرکێش بووە.(٤٤) ئەی باوکە لە ڕاستیدا من دەترسم کە ئەشکەنجەی ڕەحمانت بەرکەوێت، وە ببیت بە شوێنکەوتەی شەیتان. (٤٥) گوتی تۆ دەستبەردار دەبیت لە خوداکانم ئەی ابراهیم، ئەگەر کۆتایی پێ نەهێنی، ئەوا سوێند بێ بەردبارانت بکەم، دە دەستبەجێ بڕۆ و ونبە. (٤٦) گوتی سڵاوت لێبێ، داوای لێبووردنت لای خوداکەم بۆ دەکەم، ئەگەر لێم وەرگرێ (٤٧)

باوکی ڕەتیکردەوە وەڵامی ئەو شتە بداتەوە کە بانگی دەکرد، دواتر ئیبراهیم ڕەتیکردەوە گەلەکەی لەو شتەی کە دەیپەرستن، و ئایینەکەی خۆی نیشان دا. ئەوان دوژمنی منن جگە لە پەروەردگاری جیهانەکان"

سورة الشعراء ٢٦: ٧٥-٧٧

قَالَ أَفَرَءَيۡتُم مَّا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ (٧٥) أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلۡأَقۡدَمُونَ (٧٦) فَإِنَّهُمۡ عَدُوّٞ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٧٧)

گو تی ئێوە دەبینن کە چ دەپەرستن؟ (٧٥) خۆتان و باوکانی دێرینتان (٧٦) ئەوانە دوژمنی منن، تەنیا خودای جیهانەکان نەبێ. (٧٧)

گوتیان: ئەی تۆ کێ دەپەرستی؟ گوتی: پەروەردگاری جیهانەکان. گوتیان: مەبەستت نەمروده؟ وتی: نەخێر ئەو کەسەی منی دروست کردووە ڕێنماییم دەکا. تا کۆتایی چیرۆکەکە. ئەوەش لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە تا گەیشتە نەمرودی پاشای بەهێز، بۆیە بانگی کرد و پێی گوت: ئەی ئیبراهیم، ئایا خوداکەتت بینیوە ،کە تۆی ناردووە، تا بانگهێژی پەرستنی بۆ بکەی، و یادی هێز و شکۆمەندی دەکەی، بەسەر ئەوانی تردا ، ئەو خودایە چییە؟ ئیبراهیم گوتی: پەروەردگارم ئەو کەسەیە کە ژیان دەبەخشێ و دەشمرێنێ.

سورة البقرة 2: 258

أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٥٨)

ئەی سەیری ئەو کەسەت نەکردووە کە مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم دەکرد سەبارەت بە خوداکەی، لە ڕاستیدا خوداکەی پادشایەتی پێ بەخشیبوو، کەئیبراهیم پێی گوت: خوداکەم دەژێنێ و دەمرێنێ، گوتی منیش دەژێنم و دەمرێنم، ئیبراهیم گوتی: جا خودا خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە دەهێنێ، تۆ لە شوێنی ئاوابوونیەوە بهێنەوە. جا ئەوەی کافر بوو ئەبڵەق بوو، و خودا هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادا (٢٥٨)

نەمرود گوتوویەتی: من ژیان دەبەخشم و دەشمرێنم. ئیبراهیم گوتی: چۆن زیندوو دەکەیتەوە و دەکوژی؟ گوتی: دوو پیاو دەبەم کە لە حوکمەکەمدا بە شایستەی مردن دانراون، یەکێکیان دەکوژم، لەویتر خۆش دەبم، ئەوەی لێی خۆشدەبم و دەیهێنمەوە بۆ ژیان. پاشان ئیبراهیم پێی گوت: خودا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنێت، گەر دەتوانی، تۆ لە ڕۆژئاواوە بیهێنە، پاشان نەمرود سەری سوڕما و وەڵامی نەدایەوە.

دوای ئەوەی کاتی جەژنی ساڵانەی گەلەکەی نزیک بووەوە، هەموویان شارەکەیان بەجێهێشت، بۆیە ئیبراهیم بۆ پێویستییەک گەڕایەوە بۆ شارەکە، و بتەکانیان پارچە پارچە کرد، وەک لەم دەستەواژەیەدا هاتووە کە لەم کتێبەوە هاتووە: «بۆیە هەیانبوو خواردنی ئامادە کرد و خستیە دەستی خوداوەندەکان و وتی: ئەگەر کاتێک بێت کە دەگەڕێینەوە، ئەوا دەگەڕێینەوە" خوداوەندەکان خواردن و خواردنی ئێمەیان بەرەکەتدار کردووە .کاتێک ئیبراهیم سەیری بتەکان و خواردنەکانی دەستیان کرد، بە گاڵتەجاڕیەوە پێی گوتن: «ناخۆن؟ «کاتێک وەڵامت نەدایەوە .وتی: بۆچی قسە ناکەیت؟ بە دەستی ڕاست لێیاندا.

سورة الصافات ٣٧: ٩١ - ٩٢

فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمۡ فَقَالَ أَلَا تَأۡكُلُونَ (٩١) مَا لَكُمۡ لَا تَنطِقُونَ (٩٢)

دەست بەتاڵ بوو، بۆ خوداکانیان، و گوتی: ئەرێ ناخۆن (٩١) بۆ قسە ناکەن؟ (٩٢)

تەورێکی دەست دایە، و دەستی بە شکاندنی بوتەکان کرد. هەموو بوتەکانی شکاند، بێجگە لە گەورەترین بوت، بۆیە تەورەکەی بە پەتێ، لەملی بوتە گەورەکە هەڵواسی و ڕۆیشت .

ئەوە وتەیەکەیەتی: واتە: وای لێکردن پەرشوبڵاوی کردوون، جگە لە گەورەیەک بۆیان، تا بگەڕێنەوە بۆ لای.

سورة الأنبيا ٢١: ٥٨ – ٦٠

فَجَعَلَهُمۡ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمۡ لَعَلَّهُمۡ إِلَيۡهِ يَرۡجِعُونَ (٥٨) قَالُواْ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥٩) قَالُواْ سَمِعۡنَا فَتٗى يَذۡكُرُهُمۡ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبۡرَٰهِيمُ (٦٠)

ئەوسا پارچە پارچەی کردن، تەنیا گەورەکەیان نەبێ، بەڵکوو بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە (٥٨) گوتیان کێ ئەو کارەی بە خوداکانمان کردووە، بە دڵنیاییەوە ئەوکەسە لە ستەمکارانە (٥٩) گوتیان بیستوومانە لاوێک ئاماژەی پێیان دەکرد، پێی دەگوترێ ئیبراهیم (٦٠)

کاتێک خەڵکی کۆیلەکانیان هاتنە ماڵی ئەوان خوداوەندەکان و لەو حاڵەتەدا بینییان: «گوتیان کێ ئەمەی بەرامبەر خوداوەندەکانمان کردووە؟ «یەکێکە لە ستەمکاران .وتیان: گوێمان لە کوڕێک بوو باسی ئەوانی دەکرد، ناوی ئیبراهیم بوو،

سورة الأنبياء ٢١: ٦١ - ٦٤

قَالُواْ فَأۡتُواْ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعۡيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡهَدُونَ (٦١) قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ (٦٢) قَالَ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ هَٰذَا فَسۡـَٔلُوهُمۡ إِن كَانُواْ يَنطِقُونَ (٦٣) فَرَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ فَقَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٦٤)

گوتیان بیهێننە، بەر چاوی خەڵک، بۆ ئەوەی ببینن (٦١) گوتیان ئایا تۆ ئەو کارەت بە خوداکانمان کردووە، ئەی ئیبراهیم (٦٢) گوتی ڕەنگە گەورەکەیانئەو کارەی کردبێ، جا پرسیاریان لێبکەن، ئەگەر قسە بکەن (٦٣)

جا بۆ خودی خۆیان گەڕاندەوە، و گوتیان لە ڕاستیدا ئێوە خۆتان ستەمکارن (٦٤)

سورة الأنبياء ٢١: ٦٦ - ٦٩

قَالَ أَفَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يَضُرُّكُمۡ (٦٦) أُفّٖ لَّكُمۡ وَلِمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ (٦٧) قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ (٦٨) قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ (٦٩)

گوتی، ئایا جگە لە خودا شتانێک دەپەرستن، کە نە سوودێکی هەیە بۆتان، و نە زیانێ؟ (٦٦) ئۆف لە ئێوە، و لەوانەی، جگە لە خودا دەیانپەرستن، ئەرێ تێناگەن؟ (٦٧) گوتیان بیسوتێنن، و خوداکانتان سەربخەن، ئەگەر ئەو کارە دەکەن (٦٨) گوتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە بەسەر ئیبراهیم (٦٩)

ئەو کەسەیە کە پێمان وایە ئەم کارەی کردووە. ئەمە گەیشتە نەمرودی بەهێز و ئاغاکانی گەلەکەی، وتیان: بیهێننە بەر چاوی خەڵک، بۆ ئەوەی شایەتحاڵی بن. کە ئەو کەسە بوو کە ئەو کارەی کرد . وە ڕقیان لەوە بوو بەبێ بەڵگە وەریبگرن (ئەمە لەلایەن قەتادە و السددی وتراوە) .الدهاک فەرموویەتی: ڕەنگە ئەوان شایەتحاڵی ئەوە بن کە ئێمە چی بەرامبەری دەکەین و سزای بدەن .کاتێک هێنایان، پێیان گوت: ئیبراهیم تۆ ئەمەت لەگەڵ خوداوەندەکانمان کردووە؟ ئیبراهیم وتی: بەڵکو ئەم گەورەترینیان کردوویەتی .تووڕە بوو لەوەی کە ئەم بتە بچووکانە لەگەڵیدا دەپەرستن لەکاتێکدا ئەو لەوان گەورەترە، بۆیە شکاندیان، بۆیە لێیان بپرسە ئایا قسە دەکەن" (سورەتی الانبیاء ٢١ :٦٢ و ٦٣) پێغەمبەر فەرموویەتی: ئیبراهیم، سڵاوی لێ بێت، تەنها سێ درۆی کردووە، هەموویان دەربارەی خودای گەورە .وتەکەی: (من نەخۆشم) (سورەتی الصافات 37 :89)، و وتەکەی: بەڵکو

ئەم گەورەترینیان ئەو کارەی کرد، و وتەکەی بۆ ئەو پاشایەی کە پێشکەشی سارای کرد: ئەو خوشکی منە .کاتێک ئیبراهیم وای پێ وتن، گەڕانەوە بۆ ڕۆحی خۆیان و گوتیان: بەڕاستی ئێوە ستەمکارن (سورەتی الانبیاء ٢١ :٦٤) ئەم پیاوە لە پرسیارەکەی ئێوەدایە و ئەمانە خوداوەندەکانی ئێوەن کە لەگەڵیاندایە ئەوەی کردوویەتی کرد، بۆیە لێیان بپرسە .ئەمەیە کە ئیبراهیم فەرموویەتی: (کەواتە لێیان بپرسە ئایا قسە دەکەن) (سورەتی الانبیاء ٢١ :٦٣) کاتێک موناقەشەی دژی ئەوان ئاراستەی ئیبراهیم کرا، پێی وتن: ئایا لەبری خودا ئەو شتە دەپەرستن کە هیچ کامیان بەهیچ شێوەیەک سوودت پێدەگەیەنێت و نە زیانت پێ بگەیەنێت؟ تۆ چیت خراپە و چی دەپەرستیت لە جیاتی خودا، تێناگەیت؟ (سورة الانبیاء 21 :66 و 67) کا٦٤تێک مشتومڕەکە بۆ ئەوان پێویست بوو و نەیانتوانی وەڵام بدەنەوە، واتە: وتیان: بیسووتێنن و یارمەتی خوداکانتان بدەن ئەگەر ویستتان" (الانبیاء 21 :68) . عەبدوڵڵا بن عومەر دەڵێت: ئەو کەسەی ئامۆژگاری کردوون کە ئیبراهیم بە ئاگر بسوتێنن، پیاوێکی کورد بووە .شوعەیب الجبی دەفەرموێت: ناوی (ذنون)ە، خوای گەورە وایکرد زەوی قوتی بدات و تا قیامەت تێیدا دەمێنێتەوە .کاتێک نەمرود و گەلەکەی ڕێککەوتن لەسەر سوتاندنی ئیبراهیم، لە ماڵێکدا قفڵیان کرد و وەک ئەشکەوتێک پێکهاتەیەکی بۆ دروستکرد، ئەمە قسەی کرد: (گوتیان پێکهاتەیەکی بۆ دروست بکەن، پاشان فڕێی بدەنە دۆزەخەوە). " (سورەت الصافات ٣٧ :٩٧) پاشان دارە ڕەقەکانیان بۆ کۆکردەوە و داریان بۆ زیاد کرد.

پاشان نووسەر باسی لەوە کرد کە چۆن خودا ئیبراهیمی، بە توانای خۆی لە گەرمی ئاگرەکەی پاراست و بێ زیان و بە قازانج لێی دەرچوو .پاشان فەرمووی: وە لە ڕاپۆرتەکەدا ئیبراهیم تەنها بە وتنی (خوای گەورە بەسە بۆ من، پشتی پێ ببەستن)

سورة الزمر ٣٩: ٣٨

وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلۡ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ (٣٨)

واتە: خوا بەسە بۆ ئێمە، و ئەویش ئەو... باشترین مامەڵەکار بۆ کاروبارەکان.

سورة آل عمران ٣: ١٧٣

الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ (١٧٣)

خودا فەرموویەتی: ئەی ئاگر، فێنک و ئارامی بۆ ئیبراهیم

سورەتی الانبیاء ٢١: ٦٩

قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ (٦٩)

گوتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە بەسەر ئیبراهیم (٦٩)

بەو پێیەی ئێمە ئەم چیرۆکەمان بە تەواوی لە قورئان و فەرموودەکانەوە هێناوەتەوە، دەبێت لە کتێبی جولەکەکانەوە وەریبگرین، و ئەم چیرۆکە زۆرەی ناو جولەکەکان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوەی کە لەسەرەوە باسکراوە، بۆ ئەوەی جیاوازی نێوانیان ڕوون بێتەوە.

لە "میدراش ڕەبا باس لەوەداکا: تارح بتەکانی دروست دەکردن، ئەگەر بەڕێکەوت دەچووە شوێنێک، و ئیبراهیم لەجیاتی ئەرکی فرۆشتنی بوتەکانی دەگرتە ئەستۆ، کاتی کەسێک

دەیەویست بوت بکڕێ، ئیبراهیم پێی دەگوت: تەمەنت چەندە؟ پێی دەگوت: من تەمەنم پەنجا شەست ساڵە، ئیبراهیم پێی دەگوت: ئاخ بۆ ئەو کەسەی تەمەنی شەست ساڵە، و دەیەوێت شتێک بپەرستێ، کە تەنیا چەند ڕۆژێک پێش ئێستا نەبوو. کابرای کڕیار شەرمەزار دەبوو. و بەڕێگای خۆی دادەڕۆیشت. جارێکیان ژنێک هات و پلێتێک ئاردی گەنمی بەدەستەوە بوو، پێی گوت: هێی ئەمە بخەرە بەردەمیان .بۆیە هەستا و دارێکی بە دەستەوە گرت و هەموویان پارچە پارچە کرد و دارەکەی خستە دەستی گەورەترینیان .کە باوکی هات پێی گوت: کێ ئەمەی لەگەڵ کردوون؟ ئیبراهیم پێی گوت: من هیچت لێ ناشارمەوە .ژنێک بە پلێتێک ئاردی گەنمەوە هات و پێی وتم: ئای ئەمە بخەرە بەردەمیان .بۆیە لەبەردەمیان دانا، ئەمیش وتی: سەرەتا دەمەوێت بخۆم، ئەوی تریش وتی: دەمەوێت سەرەتا بخۆم . گەورەترینیان هەستا و دارەکەی برد و شکاندیان .باوکی پێی گوت: بۆچی ئەفسانەیەک لەبارەی منەوە دروست دەکەیت؟ ئایا ئەم بتانە تێدەگەن و عەقڵ دەکەن؟ ئیبراهیم پێی گوت: ئایا گوێچکەکانت نابیستن کە لێوەکانت قسە دەکەن؟ بۆیە باوکی گرت و ڕادەستی نەمروودی کرد و نەمروودیش پێی گوت: با ئاگر بپەرستین

.ئیبراهیم پێی گوت: با ئەو ئاوانە بپەرستین کە ئاگرەکە دەکوژێننەوە .نەمرود پێی گوت: با ئاوەکان بپەرستین، ئیبراهیم پێی گوت: ئەگەر وابوو با ئەو هەورانە بپەرستین کە ئاو دەهێنن .نەمرود پێی گوت: با هەورەکان بپەرستین، ئیبراهیم پێی گوت: ئەگەر وابوو با ئەو بایانە بپەرستین کە هەورەکان دەبات .نەمرود پێی گوت: با با بپەرستین .ئیبراهیم پێی گوت: با ئەو پیاوە بپەرستین کە بەرەنگاری باکان دەبێتەوە .نەمرود پێی گوت: ئەگەر دەتەوێت هەوڵبدەیت، ئەوا من تەنها دۆزەخ دەپەرستم، لێرەشدا تۆ فڕێ دەدەمە ناوەڕاستی ئەو

دۆزەخەوە، خوای گەورە کە دەیپەرستیت بێت و لێ ڕزگارت بکات .ئیبراهیم هاتە خوارەوە بۆ ناو کورەی ئاگرین و ڕزگاری بوو.[164]

ئەگەر ئەم ئەفسانەی یەهودیان دەربارەی ئیبراهیم، لەگەڵ چیرۆکی قورئان بەراورد بکەین، تەنیا جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوانیاندا دەبینین. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی محەمەد ئەو چیرۆکەی لە پەرتووکێکی یەهودیان نەخوێندۆتەوە، بەڵکو بە شێوەی زارەکی لە یەهودیان بیستوویەتی.

ئەوەی پشتگیری ئەوەش دەکا، ئەوەیە کە قورئان باسی لەوە کردووە، کە ناوی باوکی ئیبراهیم "ئازەر" بووە
(سورەتی الانعام ٦: ٧٤)،

هەرچەندە ناوی باوکی لە "میدرەش ڕەبا" و لە پێنج پەرتووکیتر، لە دینی یەهودی (تارح)ە. کەچی یوسبیۆس (مێژوونووسی یۆنانی کە مێژووەکەی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی سریانی) دەڵێت ناوی باوکی ئیبراهیم (ئەتار) بووە. هەڵەکە لێرەوە سەری هەڵداوە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە، دەبێ ئەو هەڵەیە لە یەهودیان سەریهەڵدابێ. و دواتر لە ناوچەکانی شام ومیسۆپۆتامیا، بەتایبەتی لەسەردەمی دەستەڵاتی یۆنانی، خەڵکی ئەو ناوەیان بەکاردێنا. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، محمد چەندین سەفەری بۆ شام کردووە، بۆیە گریمانەی ئەوە هەیە، گوێی لە هەندێ کەس بووبێ کە پێیان دەگوت (ئەتار). کاتی تەواو وەبیری نەهاتەوە کە چەندە ڕاستە، گوتی باوکی ئیبراهیم (ئازەر)ە. کە ئەوەش ڕێی تێناچێ، پەرتووک و زمانی بنەڕەتی با تارەح ناوی بەرن، کەچی پەرتووکی کۆپیکراو، ناوێکیتری بۆ بدۆزێتەوە.

[164] Midrash Rabbah chapter 17, 15: 7

هەرچەندە بەرگریکارانی موسڵمان، بۆ وەڵامی ئەو ڕەخنەیە، چەندین چیرۆک و بیانۆی بە پێچ و پەنایان دەدۆزییەوە. بۆ نموونە دەیانگوت، ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، بەڵگەیە بۆ دروستی دەقی قورئان، چونکە محمد ئەم چیرۆکەی لە یەهودیان و نە کریستیانەکان نەدزیووە، بەڵکو لە جبریلەوە بۆی دابەزیوە. بەو پێیەی یەهودیەکان، کە نەوەی ئیبراهیم و دۆستی خودان قبوڵیان کردووە. وگەواهی ئەوانیش پشتگیری لە ڕاستی لێدوانەکەی قورئان لەسەر ئەم بابەتە دەکا.

کەچی ڕەخنەگران وەڵامیان، بەوە دەدەنەوە، کە تەنیا یەهودی، باوەڕیان وایە ئەم چیرۆکە ڕاستە. بە پێچەوانەوە هەموو زانایەکی وردبین دەزانێ، کە سەرچاوەی ئەو چیرۆکە، بێجگە لە ئەفسانەیەک هیچیتر نییە. بنەڕەتی ئەو چیرۆکە، لە بە هەڵە لێکدانەوەی پەرەگرافێکە لە پەیمانی کۆن، پەرتووکی ئەفراندن. و دواتریش لە کەلەپووری زارەکی ناوچە، بە بەردەوامی پەرەی سەندووە، تا بڕگە بنەڕەتیەکە بە سەدان چیرۆکی لێ دروستبووە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ١٥: ٧

(٧) هەروەها خودا پێی فەرموو: من خودام، ئەوەی لە ئوری[165] کلدانییەوە تۆی هێنایە دەرەوە، هەتا ئەم زەوییەت بە میرات پێ ببەخشێ.

کەچی چەندین ساڵ دوای نووسینی تەورات، وەرگێڕێکی یەهودی، بە ناوی یۆناتانی کوڕی ئوزیل هات، کە کەمترین زانیاری لەسەر زمانی بابلی کۆن نەبوو، دەستی کرد بە وەرگێڕانی ئەم ئایەتە بۆ زمانی کلدانی،

---

[165] مانای ئور لە زمانی بابلی کۆندا (شار)ە .وەک بەشێک لە وشەی (ئورشەلیم) هاتووە، کە بە واتای (شاری ئاشتی) دێ، ناوی ئوری کلدانەکان ئێستا (المغەیر)ە و ئیبراهیم سەرەتا دانیشتووی ئەم شارە بووە .بەڵام لە زمانی عیبری و ئارامی و کلدانیدا وشەیەکی تر هەیە، ئەویش "ئور"ە، هاوشێوەی "ئور"ە لە گوتن و نووسیندا، تەنیا ئەوە نەبێ کە مانای (ئور) لە زمانی عیبریدا بە (ڕووناکی) دێ.

گوتی: منم خودا، کە لە کورەی ئاگری کلدانەکان دەرمهێنای.

نموونەی ئەم وەرگێڕانە، هەڵەیەی نێوان دوو ووشە سەرجەمی بابەتەکە دەگۆڕێ. هەرچەندە چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا ئەفسانەیە، بەڵام ئەوەی لە قورئان دووبارە بۆتەوە، ناتوانێ، لە نەزانی نووسەری قورئان زیاتر بێ.

ئایا دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین، پەیامبەرێکی ڕاستەقینە ئەو ئەفسانەیەی لە کولەپووری زارەکی دینێکی تری وەرگرتبێ، و لە پەرتووکی خۆی تۆماری بکا، و دواتر بانگەشەی ئەوە بکا، کە لە خوداوە ئەو پەرتووکەی بۆ دابەزیوە. تەنیا بەڵگەشی بۆ ئەوە، ئەو چیرۆکە لە پەرتووکی یەهودیان دا هەیە؟ کاتی باسی ئەوەیان بۆ دەکەی کە ئەو چیرۆکە لە تەورات، وەک ئەوەی قورئان نییە. ڕاستەوخۆ بەبێ بیرکردنەوە دەڵێن: تەورات گۆردراوە. ئیتر پەرتووکی خودا نییە. بەڵێ هیچ لەو پەرتووکانە بە قورئانیشەوە، زادەی مێشکی مرۆڤن، و ناتوانن لەو مەودایە زیاتر ببڕن. ئەوەی لێرەدا گرنگە نووسەری قورئان چیرۆکی زارەکی بە بەناوی خوداوە دەفرۆشێ.

قارون لە نێوان تەورات و قورئان

قارون وەک کەسایەتییەکی تەوراتی، لە بەنی ئیسرائیل بووە. و چەندین جار لە قورئان ناوی هاتووە. بە ڕای نووسەری قورئان، قارون دەوڵەمەندێکی بەنی ئیسرائیلی لە خۆ بایی بووە، خۆی بۆ خزمەتی فیرعەون تەرخانکردووە، و یەکێکە لە ئەنجومەنی (الملأ) لە خزمەتی فیرعەون. تەنانەت کەسێک بووە پرس و ڕای پێکراوە.

نووسەری قورئان نە کات و نە شوێنی قارون دیاری دەکا. بەر لە دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر بووە یان دوای. ئیتر نازانرێ، تا چەند ئایەتەکانی قورئان دەربارەی قارون دروستن، سەرچاوەی قورئان لە کوێوە سەری هەڵداوە.

سورة القصص ٢٨: ٧٦ – ٨٢

إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ (٧٦) وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ (٧٧) قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ۚ أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِۦ مِنَ ٱلْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا ۚ وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ (٧٨) فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِى زِينَتِهِۦ ۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ

ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ (٧٩) وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ (٨٠) فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ (٨١) وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (٨٢)

قارون له هۆزی موسا بوو، که دەستی به ناڕەوییکرد بەرامبەریان، ئەوەندەگەنجینەمان دابوێ، هەر تەنیا کلیلەکانی، هەڵگرتنیان چەندین پیاوی بەهێزی شەکەت دەکرد. کاتی هۆزەکەی پێیان گوت: لەخۆت بایی مەبە، خودا ئەوانەی خۆشناوێ، لە خۆیان دەرچووین (٧٦) بەوەی خودا بەتۆی داوە، ماڵی دوایی، پێ وەدەست بێنە. وەک خودا چاکەی لەگەڵکردووی. چاکە بکە و لەو زەویەشدا، مەکەوە دوای خراپەکاری. لە ڕاستیدا خودا بەدفەڕی خۆشناوێن (٧٧) گوتی ئەوەی کە من هەمە، هەمووی بە زانستی خۆم بەدەست هێناوە. بۆچ ئەوەندەی نەزانیبوو، کە پێش ئەویش خودا چەندین نەوەی بە قڕدان. کە لەویش بەهێزتربوون، و سامانیان زۆرتربوو، و پرسیار لە گوناهی تاوانباران ناکرێ (٧٨) بە پۆشتە و پەرداخ چووە ناو هۆزەکەی، جا ئەوانەی هەر بە ئارەزووی ژیانی دونیا بوون، گوتیان: خۆزگە ئێمەش وەک قارون دەوڵەمەند باین. ئای لەو بەختەی کە هەیەتی. (٧٩) هۆزانەکانیش دەیانگوت: هەی ماڵتان وێران، هەرکەسێ باوەڕی بە خودا هەبێ، و ئاکاری چاک بێ، ئەو خەڵاتی خودا دەیداتێ، زۆر چاکترە، ئەو خەڵاتەش هەر بەشی خۆڕاگرانە. (٨٠) جا خۆی و ماڵەوەیمان بە ناخی زەوی دابرد، هیچ دەستەیەکیشی نەبوو، تا فریای کەوێ، و سزای خودا بیپارێزێ خۆشی نەیتوانی یارمەتی خۆی بدا (٨١) و

ئەوانەی دوێنێ خۆزگەیان پێدەخواست، ڕۆژی دوایی دەیانگوت: وەی دیارە خودا ڕۆزووی بەندان (زۆر یا کەم)، بە ئارەزووی خودایە، ئەگەر خودا چاکەی پێمان نەبەخشیبووایە، ئەوا ئێمەشی بە ناو ناخی زەویدا دەبرد، وا دیارە خودانەناسەکان ڕزگارنابن. (٨٢)

سورة العنكبوت ٢٩: ٣٩ – ٤٠

وَقَـٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانُوا۟ سَـٰبِقِينَ (٣٩) فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (٤٠)

قارون و فیرعەون و هامانیش (هەر بەو دەردەچوون) دیارە موسا گەلێ نیسانەی ئاشکرای بۆ هێنان. بەڵام خۆیان لە خەڵکی بە زلتر زانی، نەشیانتوانی لە دەستی ئێمە دەربچن (٣٩) ئێمە هەر یەک لەوانەمان بە تاوانەکەی خۆیان گرت، جا هەندێکیان، بای زۆر توندپڕ لە چەومان ناردە سەریان. هەنسێکیشیان نارەتەی زل دایگرتن، و هەندێکیشیان بە ناخی زەویدا ڕۆبرد. هەندێکیشمان لە ئاودا نقومکردن. خودا نارەوایی لەگەڵ نەکردن. بەڵام خۆیان نارەواییان لەگەڵ خۆیان کرد (٤٠)

سورة غافر ٤٠: ٢٣ – ٢٥

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ (٢٣) إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ (٢٤) فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ (٢٥)

موسامان بە بەڵگە، و دەستەڵاتێکی ڕوون نارد (٢٣) بۆ فیرعەون و هامان و قارون، جا گوتیان جادووگەرێکی درۆزنە (٢٤) جا کاتێك هات بە هەق لە لایەن ئێمەوە بۆ لایان هات گوتیان: کوڕی ئەوانە بکوژن کە لەگەڵ موسا ئیمانیان هێناوە و ژنەکانیان بهێڵنەوە، وە تەڵەکەی کافرەکان هیچ نییە تەنها لە گومراییدایە. (٢٥)

بە گوێرەی ئەو ئایەتانەی سەرەوە، قارون لە ڕێزی فیرعەون و هامان دایە. واتە بە هیچ شێوەیەک هاوخەمی گەلی بەنی ئیسرائیل نەبووە.

سورة الزخرف ٤٣: ٥١ - ٥٦

وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِۦ قَالَ يَـٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَـٰذِهِ ٱلْأَنْهَـٰرُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ (٥١) أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَـٰذَا ٱلَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ (٥٢) فَلَوْلَآ أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ (٥٣) فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ (٥٤) فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَـٰهُمْ أَجْمَعِينَ (٥٥) فَجَعَلْنَـٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْـَٔاخِرِينَ (٥٦)

و فیرعەون بۆ ژێردەستەکانی جاڕیدا و گوتی: گەلۆ! ئاخۆ سەرجەمی خاکی میسر، و ئەو چۆمانەی بەبەر مندا فڕکەیانە، موڵکی من نین؟ ئێوە خۆتان نابینن؟ (٥١) یان من چاکتر نیم لەوە بێنموود و لاوازە، و تەنانەت ناتوانێ قسەش بە ڕەوانی بکا؟ (٥٢) جا چۆنە کە موسا بازنەی زێڕی فڕێنەدراوە ، یان فریشتەی بە کۆمەڵی، لەگەڵدا نین؟ (٥٣) زانی کاری ژێردەستەکانی سووکە، هەموویانبەرفەرمانی ئەوبوون، هۆزێکی خراپەکار بوون (٥٤) کە

هەر ئێمەیان تووڕەکرد، تۆڵەی خۆمان لێکردنەوە، هەموومان نوقم کردن.
(٥٥) کارێکمان پێکردن، ببنە چیرۆک و پەند بۆ ئەوانەی دوایی دێن. (٥٦)

سورة المؤمنون ٢٣: ٤٥ – ٤٨

ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ (٤٥) إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا عَالِينَ (٤٦) فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ (٤٧) فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡلَكِينَ (٤٨)
ئەوسا موسا و هارونی برایمان، وێڕای نیشانەکانمان و بەڵگەیەکی ئاشکرا ناردن (٤٥) بۆ لای فیرعەون و دارودەستەکەی، (بەڵام) خۆیان پێ گەورە بوو، و میللەتێکی لەخۆبایی بوون. (٤٦) گوتیان جا چۆن باوەڕ بە دوو مرۆڤی وەك خۆمان بێنین، وە هۆزەکەیان (بەگشتی) کۆیلەی خۆمانن. (٤٧) هەر بە درۆزنیان زانین،، بوو بە مایەی لە ناوچوونیان. (٤٨)

قارون (قۆرەح) لە تەورات

لە تەورات قۆرەح (قارون) نەک تەنیا کەسێکی سادەی بەنی ئیسرائیلە، بەڵکوو کەسایەتیەکی بەهێز، و ناوداره و کوڕی مامەی (ئامۆزا) موسایە.

پەیمانی کۆن - دەرچون ٦: ١٨ - ٢١

(١٨) نەوەی قەهاتیش، عەمرام و یەسهار و حەبرۆن و عوزیێل. تەمەنی قەهاتیش سەد و سی و سێ ساڵ بوو.
(١٩) کوڕانی مەراریش، مەحلی و موشی.
ئەمانەش خێڵەکانی لێڤییەکانن بەگوێرەی نەوەکانیان.

(٢٠) عەمرام یۆخەڤەدی خوشکی باوکی بۆ خۆی خواست[166]. ئەویش هارون و موسای لێ بوو. تەمەنی عەمرامیش سەد و سی و حەوت ساڵ بوو.
(٢١) نەوەی یەسهاریش: قۆرەح و نەفەگ و زکری[167].

بە گەواهی دەقی تەورات، قارون (قۆرەح) ئامۆزای موسایە، کە دەکاتە نزیکترین کەسی دوای هارون و مریەم. لە هیچ دەقێکی تەورات ئاماژە بەوە ناکا، کە قۆرەح لە ئەنجونەنی (الملأ) بووبێ. سەرەڕای ئەوە لە دەرچوون لە میسر یەک لە سەرکردەکانی بەنی ئیسرائیل بووە، لەگەڵ سەرجەمی بنەماڵەکەی لەگەڵ موسا دابووین. دواتر، لەگەڵ خەڵکیتری بەنی ئیسرائیل دژی موسا یاخی بووین.

پەیمانی کۆن سەرژمێر ١٦: ١ - ١٥

(١) قۆرەحی کوڕی یەسهار کوڕی قەهات کوڕی لێڤی و داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب و ئۆنی کوڕی پەلەت لە نەوەی ڕەئوبێن (٢) لە دژی موسا هەستانەوە. چەند کەسێکیش لە نەوەی ئیسرائیل لەگەڵیان بوون، دوو سەد و پەنجا کەس لە ڕابەرەکانی کۆمەڵ لە ئەنجومەن هەڵبژێردرابوون، کە زۆر ناسراو بوون، (٣) جا لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و پێیان گوتن: ئێوە زیاد ڕۆیشتوون! چونکە هەموو کۆمەڵ پیرۆزن و یەزدانیش لەنێوانیاندایە، ئیتر بۆچی خۆتان لەسەر کۆمەڵی یەزدان بەرز دەکەنەوە؟ (٤) جا موسا گوێی لێبوو و بەسەر ڕوودا کەوت .(٥) ئینجا بە قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی گوت: بەیانی یەزدان پیشانی دەدات کێ بۆ ئەوە و کێ

[166] بە پێی تەورات عومران هاوسەرگیری لەگەڵ پووری خۆی (خوشکی باوکی) کردووە.
[167] قۆرەح (قارون) ئامۆزای موسا و هارون بووە. لەبەر ئەوەی عومران یەسهار برا بووین.

پیرۆزە هەتا لە خۆی نزیکی بکاتەوە، جا هەرکێ هەڵبژێرێت ئەو لە خۆی نزیک دەکاتەوە .(٦) ئەمە بکەن، بخووردان بۆ خۆتان ببەن، قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی، (٧) بەیانی ئاگری لەناو دابنێن و لەبەردەم یەزدان بخووری بەسەردا بکەن، جا ئەو پیاوەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت ئەو پیرۆزە، ئیتر ئەی نەوەی لێڤی ئەمەتان بەس بێت«!

(٨) هەروەها موسا بە قۆرەحی گوت: ئەی نەوەی لێڤی گوێ بگرن، (٩) ئایا بە کەمی دەزانن کە خودای ئیسرائیل لەناو کۆمەڵی ئیسرائیل جیای کردنەوە هەتا لە خۆی نزیکتان بکاتەوە، هەتا خزمەتی چادری پەرستنی خودا بکەن و لەبەردەم کۆمەڵ بوەستن بۆ خزمەتکردنی؟ (١٠) جا تۆ و هەموو براکانت لە نەوەی لێڤی لە خۆی نزیک کردەوە و داوای کاهینێتیش دەکەن؟ (١١) کەواتە تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت لەسەر دژایەتیکردنی یەزدان ڕێک کەوتوون، بەڵام هارون کێیە هەتا بۆڵەبۆڵی لەسەر بکەن؟

(١٢) جا موسا ناردی هەتا بانگی داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان: نایەین !(١٣) ئایا ئەمە بەس نییە کە تۆ لە خاکێک دەرتهێناین کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت هەتا لە چۆڵەوانی بمانمرێنیت و ئێستاش خۆت بکەیت بە میر بەسەرمانەوە، (١٤) هەروەها ئێمەت نەهێناوەتە خاکێک شیر و هەنگوینی لێ بڕژێت و کێڵگە و ڕەزت بە میرات پێنەداین. ئایا چاوی ئەو کەسانە دەردەهێنیت؟ ئێمە نایەین!

(١٥) جا موسا زۆر تووڕە بوو و بە خودای گوت: ئاوڕ لە قوربانییەکەیان مەدەوە، نە گوێدرێژێکم لێ بردوون و نە خراپەم لەگەڵ کەسیان کردووە.

سەرژمێر ١٦: ٤١

(٤١) جا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بۆ بەیانی دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد لەسەر موسا و هارون و گوتیان: ئێوە گەلی خوداتان کوشت.

پەیمانی کۆن - سەرژمێری ١٦: ١ – ٥٠

قۆرەح و داتان و ئەبیرام

(١) قۆرەحی کوڕی یەسهار کوڕی قەهات کوڕی لێڤی و داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب و ئۆنی کوڕی پەلەت لە نەوەی ڕەئوبێن (٢) لە دژی موسا هەستانەوە. چەند کەسێکیش لە نەوەی ئیسرائیل لەگەڵیان بوون، دوو سەد و پەنجا کەس لە ڕابەرەکانی کۆمەڵ لە ئەنجومەن هەڵبژێردرابوون، کە زۆر ناسراو بوون، (٣) جا لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و پێیان گوتن: ئێوە زیاد ڕۆیشتوون! چونکە هەموو کۆمەڵ پیرۆزن و خوداش لەنێوانیاندایە، ئیتر بۆچی خۆتان لەسەر کۆمەڵی خودا بەرز دەکەنەوە؟

(٤) جا موسا گوێی لێبوو و بەسەر ڕوودا کەوت .(٥) ئینجا بە قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی گوت: بەیانی خودا پیشانی دەدا کێ بۆ ئەوە و کێ پیرۆزە هەتا لە خۆی نزیکی بکاتەوە، جا هەرکێ هەڵبژێرێت ئەو لە خۆی نزیک دەکاتەوە .(٦) ئەمە بکەن، بخووردان بۆ خۆتان ببەن، قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی، (٧) بەیانی ئاگری لەناو دابنێن و لەبەردەم خودا، بخووری بەسەردا بکەن، جا ئەو پیاوەی خودا هەڵیدەبژێرێ ئەو پیرۆزە، ئیتر ئەی نەوەی لێڤی ئەمەتان بەس بێت!

(٨) هەروەها موسا بە قۆرەحی گوت: ئەی نەوەی لێڤی گوێ بگرن، (٩) ئایا بە کەمی دەزانن کە خودای ئیسرائیل لەناو کۆمەڵی ئیسرائیل

جیای کردنەوە هەتا لە خۆی نزیکتان بکاتەوە، هەتا خزمەتی چادری پەرستنی خودا بکەن و لەبەردەم کۆمەڵ بوەستن بۆ خزمەتکردنی؟ (١٠) جا تۆ و هەموو براکانت لە نەوەی لێڤی لە خۆی نزیک کردەوە و داوای کاهینێتیش دەکەن؟ (١١) کەواتە تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت لەسەر دژایەتیکردنی خودا ڕێک کەوتوون، بەڵام هارون کێیە هەتا بۆڵەبۆڵی لەسەر بکەن؟

(١٢) جا موسا ناردی هەتا بانگی داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان: نایەین !(١٣) ئایا ئەمە بەس نییە کە تۆ لە خاکێک دەرتهێناین کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت هەتا لە چۆڵەوانی بمانمرێنیت و ئێستاش خۆت بکەیت بە میر بەسەرمانەوە، (١٤) هەروەها ئێمەت نەهێناوەتە خاکێک شیر و هەنگوینی لێ بڕژێت، و کێڵگە و ڕەزت بە میرات پێنەداین. ئایا چاوی ئەو کەسانە دەردەهێنیت؟ ئێمە نایەین!

(١٥) جا موسا زۆر تووڕە بوو و بە خودای گوت: ئاوڕ لە قوربانییەکەیان مەدەوە، نە گوێدرێژێکم لێ بردوون و نە خراپەم لەگەڵ کەسیان کردووە.

(١٦) ئینجا موسا بە قۆرەحی گوت: بەیانی تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت لەبەردەم یەزدان بن، تۆ و ئەوان و هارونیش، (١٧) هەریەکە بخووردانەکەی ببات و بخووری تێبکات و هەریەکە بخووردانەکەی لەبەردەم خودا پێشکەش بکات، دوو سەد و پەنجا بخووردان، تۆ و هارونیش هەریەکە و بخووردانی خۆی. (١٨) جا هەریەکە بخووردانەکەی خۆی برد و ئاگریان تێکرد و بخوورییان بەسەردا کرد و لەگەڵ موسا و هارون لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن ڕاوەستان .(١٩) قۆرەحیش هەموو کۆمەڵی لە دژی ئەوان لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن کۆکردەوە، جا شکۆمەندی خودا بۆ هەموو

کۆمەڵ دەرکەوت .(٢٠) ئینجا خودا بە موسا و هارونی فەرموو :(٢١) خۆتان لەم کۆمەڵە جیا کەنەوە، وا من دەستبەجێ لەناویان دەبەم.
(٢٢) بەڵام موسا و هارون بەسەر ڕوویاندا کەوتن و گوتیان: خودایە، ئەی ئەو خودایەی ژیان بە ئادەمیزاد دەبەخشی، ئایا یەک پیاو گوناه بکات، تۆ لە هەموو کۆمەڵ تووڕە دەبی؟
(٢٣) جا خودا بە موسای فەرموو :(٢٤) لەگەڵ کۆمەڵ بدوێ و بڵێ: لە دەوروبەری چادرەکانی قۆرەح و داتان و ئەبیرام دوور بکەونەوە.
(٢٥) موسا هەستا و چوو بۆ لای داتان و ئەبیرام، پیرەکانی ئیسرائیلیش دوای کەوتن، (٢٦) ئینجا موسا بە کۆمەڵەکەی گوت: لە چادرەکانی ئەو کەسە بەدکارانە دوور بکەونەوە، و دەست لە هیچ شتێکی ئەوان مەدەن. نەوەک بە هەموو گوناهەکانی ئەوانەوە لەناوبچن (٢٧) ئیتر ئەوانیش لە دەوروبەری چادرەکانی قۆرەح و داتان و ئەبیرام دوور کەوتنەوە و داتان و ئەبیرامیش هاتنە دەرەوە و لەگەڵ ژن و کوڕ و منداڵەکانیان لە دەرگای چادرەکانیان وەستان.
(٢٨) ئینجا موسا گوتی: بەمە دەزانن کە خودا ناردوومی هەتا ئەم هەموو کارانە بکەم و ئەمەش لە خۆمەوە نییە. (٢٩) ئەگەر ئەم پیاوانە وەک مردنێکی سروشتی بمرن و وەک هەموو مرۆڤێک بە مەرگی ئاسایی مردن، ئەوا خودا منی نەناردووە. (٣٠) بەڵام ئەگەر خودا شتێکی نوێی داهێنا و زەوی دەمی کردەوە و قووتی دان لەگەڵ هەموو ئەوەی هەیانە و بە زیندوویی چوونە خوارەوە بۆ ناو جیهانی مردووان، ئەوا دەزانن کە ئەو کۆمەڵە سووکایەتییان بە خودا کردووە.
(٣١) کاتێک لە هەموو ئەم قسانە بووەوە، زەوییەکەی ژێریان شەق بوو و (٣٢) زەوی دەمی کردەوە و قووتی دان لەگەڵ ماڵەکانیان و هەموو

پیاوەکانی قۆرەح و لەگەڵ هەموو سامانەکانیان .(٣٣) جا خۆیان و هەموو ئەوەی هەیان بوو بە زیندوویی چوونە خوارەوە بۆ ناو جیهانی مردووان و زەوی بەسەریاندا هاتەوە یەک و لەناو کۆمەڵدا لەناوچوون .(٣٤) هەموو ئیسرائیلیش کە لە چواردەوریان بوون لە هاواریان هەڵاتن، گوتیان: نەوەک زەوی قووتمان بدات! (٣٥) ئاگرێکیش لەلایەن خوداوە هات و دوو سەد و پەنجا پیاوەکەی هەڵلووشی کە بخووریان پێشکەش کرد.

(٣٦) ئینجا خودا بە موسای فەرموو :(٣٧) بە ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهین بڵێ، با بخووردانەکان لەناو ئاگرەکە هەڵبگرێت و پاشماوەی ئاگرەکە لە دوور و بە فراوانی بڵاو بکاتەوە، (٣٨) چونکە بخووردانەکانی ئەوانەی لە دژی نرخی ژیانی خۆیان گوناهبارن پیرۆزکراون. با بخووردانەکان بکوتن و بیکەنە چەند پلێتێک و قوربانگاکەی پێ دابپۆشرێت، چونکە لەبەردەم خودا پێشکەشیان کرد و پیرۆز بوو، نەوەی ئیسرائیل پەند لەمە وەردەگرن.

(٣٩) ئینجا ئەلعازاری کاهین بخووردانە برۆنزییەکانی برد کە ئەوانەی سووتێنرابوون پێشکەشیان کردبوو و کوتایان و کردیانە سەرپۆش بۆ قوربانگاکە، (٤٠) وەک خودا پێی فەرموو لەسەر دەستی موسا. ئەمە وەک بەبیرهێنانەوەیەک بوو بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەگەر پیاوێکی بێگانە کە لە نەوەی هارون نەبێت لەبەردەم خودا بۆ بخوور سووتاندن نزیک بکەوێتەوە، ئەوا وەک قۆرەح و کۆمەڵەکەی لێدێت.

(٤١) جا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بۆ بەیانی دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد لەسەر موسا و هارون و گوتیان: ئێوە گەلی خوداتان کوشت.

(٤٢) کاتێک کۆمەڵ لە دژی موسا و هارون کۆبوونەوە ئەوان چوونە لای چادری چاوپێکەوتن، لەپڕ هەورێک دایپۆشی و شکۆمەندی خودا

دەرکەوت .(٤٣) جا موسا و هارون هاتنە بەردەم چادری چاوپێکەوتن .(٤٤) خوداش بە موسای فەرموو :(٤٥) لەناو ئەم کۆمەڵە بچنە دەرەوە، من بە ساتێک لەناویان دەبەم. جا بەسەر ڕوویاندا کەوتن. (٤٦) ئینجا موسا بە هارونی گوت: بخووردانەکە ببە و لەسەر قوربانگاکەوە ئاگری تێبکە، بخووری لەسەر دابنێ، بە خێراپی بیبە لای کۆمەڵ و کەفارەتیان بۆ بکە. لەبەر ئەوەی تووڕەپی خودا جۆشاوە، وا دەردەکە دەستی پێکرد. (٤٧) ئیتر هارون لەسەر قسەی موسا ڕایکرد بۆ ناو کۆمەڵ، بەڵام دەردەکە لەنێو گەلدا دەستی پێکردبوو، ئەویش بخوورەکەی پێشکەش کرد و کەفارەتی بۆ گەل کرد .(٤٨) هارون لەناوەندی مردووان و زیندووواندا ڕاوەستا، دەردەکەش وەستا، (٤٩) جا ئەوانەی بە دەردەکە مردن چوارده هەزار و حەوت سەد بوون، بێجگە لەوانەی بەهۆی قۆرەحەوە مردن .(٥٠) ئینجا هارون گەڕایەوە لای موسا بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، لەبەر ئەوەی دەردەکە وەستابوو.

سەرپەرشتی یاخیبوونێکی لە دژی موسا و هارون کرد، ئەوەش بەهۆی ئیرەییەکی تاڵەوە بوو. لەگەڵیدا لەم یاخیبوونەدا داتان و ئەبیرام کوڕانی ئەلیاب و ئۆن کوڕی پێلێت لە هۆزی ڕوبێن و ٢٥٠ کەسایەتی و سەرکردەی دیاری کۆمەڵگەی بەنی ئیسرائیل بوون. قورەح و شوێنکەوتووانی موسا و هارونیان تۆمەتبار کرد بەوەی خۆیان لە کۆمەڵی پەروەردگار، بە بەرزتر دەزانن.

کەسایەتی قۆرەح (قارون)

قۆرەح لە هۆزی لێڤی بوو و بڕیار بوو خەڵک فێری ڕێگای خودا بکات (تەورات ٣٣: ١٠)، بەڵام لە جیاتی ئەوە سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی گەورەی کرد، کە لە کۆتاییدا بووە هۆی لەناوچوونی خۆی، بە شێوەیەکی خودایی و بێ وێنە. ئێستا با هۆکارەکانی دارمانی ئەم ژمارەیە لەبەرچاو بگرین:

ئەمە فێڵی بردنەوەی شەیتانە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە خودا بەلارێدا ببات. زۆرجار کەسایەتییەکی کاریزماتیک و قایلکەر بۆ ئەمە ئامادە دەکات، کەسێک کە قەناعەت بە خەڵک بکات کە ستەمیان لێدەکرێت و بەڵێنی ئازادییان پێدەدات. کۆرەح ئەو کەسە بوو کە ئامادە بوو و ئامادە بوو بۆ ئەم یاخیبوونە. بەڵام شتە سەیرەکە ئەوەیە: دژی کێ یاخی بوو؟ وە بۆ چ مەبەستێک؟ بە موسا و هارونی گوت: "بەسە! بۆچی خۆتان بەرز دەکەنەوە لە مەجلیسی یەزدان؟!" موسای نەرم و نیان و هارونی بەندە زەلیلەکەی بە لووتبەرزی و لووتبەرزی تۆمەتبار کرد! لە واقیعدا ئەو کەسە بوو کە لووتبەرز و یاخی بوو.

کاتێک موسا بانگی کردن بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەن، بانگەوازەکەیان ڕەتکردەوە و تۆمەتباریان کرد بە درۆکردن، کە گوایە پەیمانی ئەوەی پێداون، دەیان گەیێنێتە ئەو خاکەی، شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێ.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی سەرژمێر ١٦: ١٢-١٤

(١٢) جا موسا ناردی هەتا بانگی داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان: نایەین !(١٣) ئایا ئەمە بەس نییە کە تۆ لە خاکێک دەرتهێناین کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێ، هەتا لە چۆڵەوانی بمانمرێنیت و ئێستاش خۆت بکەیت بە میر بەسەرمانەوە، (١٤) هەروەها ئێمەت نەهێناوەتە خاکێک شیر و هەنگوینی لێ بڕژێت و کێڵگە و ڕەزت بە میرات پێنەداین. ئایا چاوی ئەو کەسانە دەردەهێنیت؟ ئێمە نایەین!

قۆرەح و شوێنکەوتووانی ئەو پۆستەیان دەویست، کە خودا بە موسا و هارونی دابوو: ئێوەش بەدوای کاهینایەتیدا دەگەڕێن.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی سەرژمێری ١٦: ١٠

(١٠) جا تۆ و هەموو براکانت لە نەوەی لێڤی لە خۆی نزیک کردەوە و داوای کاهینێتیش دەکەن؟

بە پێی دەقی تەورات، ئەوە یاخیبوونێک بوو لە فەرمانی خودا؛ خودا فەرمانی بە موسا و پێشکەشکردنی بەڵاگێڕی بە هارون دابوو. نەک کەسێکیتر.

ئەوەش وایکرد قارون و هاوڕێکانی، فەرمانی خودا و دەنگی موسایان ڕەتکردبێتەوە، وەک ئەوەی خودا بە دادپەروەرانە ڕۆڵەکانی دابەش نەکردبن! بۆیە ڕەتکردنەوەی، موسا و هارون، ڕەتکردنەوەی، قسەی خودا و ملکەچنەبوونیانە.

ئەوان سنوورەکانیان تێپەڕاند بە ویستنی ئەوەی هی ئەوان نەبوو

پەیمانی کۆن – پەرتووکی سەرژماری ١٦: ٩

(٩) ئایا بە کەمی دەزانن، کە خودای ئیسرائیل، لەناو کۆمەڵی ئیسرائیل جیای کردنەوە. هەتا لە خۆی نزیکتان بکاتەوە، هەتا خزمەتی چادری پەرستنی یەزدان بکەن. و لەبەردەم کۆمەڵ بوەستن بۆ خزمەتکردنی؟

قاڕونی قورڕان و قۆرەحی تەورات. زۆر لەیەک دوورن، خزمەتی فیرعەون بە قسەی نووسەری قورڕان، لە تەورات بوونی نییە. بە پێچەوانەوە قۆرەح لە تەورات، ئامۆزا و پشت و پەنای موسایە، تا دوای دەرچوون لە میسر و گیرسانەوەیان لە سینا ،لەگەڵیدابووە. دوای گیرسانەوەیان لە دەشتی مؤاب، مشت و مڕی پلە و پایە دەست پێدەکا. و ڕاپەڕین سەر هەڵدەدا.

چیرۆکی مانگا لە نێوان قورئان و تەورات

هەرچەند بەناو ئایەتەکانی قورئان دادەچم، هەڵەکانی تا دێ زیاتر دەبن. ئەوەی لەوەش سەیرتر ئەوەیە، کە چیرۆکەکە لە تەورات وەرگیراو، کەچی لەگەڵ چیرۆکێکیتر تێکەڵ کراوە، و دەشڵێن ئاخر تەورات گۆرانی تێداکراوە. بەهەرحاڵ باسەیری چیرۆکی مانگا لە قورئان بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکی مانگا لە تەورات دەکەین.

چیرۆکی مانگا لە قورئان

سورة البقرة ٢: ٦٧ - ٧٣

کە موسا بە نەتەوەکەی گوت: خودا فەرمانتان پێ دەکا، مانگایەک سەربڕن گوتیان: ئەوە تۆ گاڵتەمان پێ دەکەی؟ گوتی: پەنا بە خودا کە من ببم بە یەکێك لە نەفامەکان (٦٧). گوتیان: داوا لە خوداکەت بکە، با بۆمان ڕوون کاتەوە، مانگاکە چۆن بێ؟ گوتی لە ڕاستیدا الله دەڵێ: مانگاکە نە پیر بێ و نە کەم تەمەن، شتێك لە نێوانیاندا، جا ئەو کارە بکەن کە فەرمانتان پێکراوە. (٦٨) گوتیان: داوا لە خوداکەت بکە، بۆمان ڕوونبکاتەوە کە چ ڕەنگ بێ؟ گوتی لە ڕاستیدا دەڵێت مانگایەکی ڕەنگ سافی زەرد بێ، تەماشاکەران دڵخۆش دەکات. (٦٩) گوتیان داوا لە خوداکەت بکە، بۆمان ڕوونکاتەوە کە چۆنە، چونکە مانگاکان سەریان لێشێواندووین، وە ئەگەر الله ئارەزوو بکات ئەوە بە دڵنیاییەوە هیدایەت کراو دەبین. (٧٠) گوتی لە ڕاستیدا الله دەڵێت مانگاکە هێشتا فێرنەکراوە جووت بکا، وە نە کشتوکاڵ ئاو دەدا، یەك ڕەنگە

و پەڵەی تێدا نییە. گوتیان: هەر ئێستا ڕاستیت بۆ هێناین، جا سەریان بڕی، وە خەریك بوو نەیکەن (٧١) و کە کەسێکتان کوشت و یەکترتان تێوە دەگڵاند، و اللە ئەوە بەدیاردەخا، کە ئێوە دەتانشاردەوە. (٧٢) جا گوتمان ، بە بەشێک لە مانگا سەربڕاوەکە، لە پیاوە مردووەکە بدەن، بەم جۆرە اللە مردوو زیندوودەکاتەوە، وە نیشانەکانی خۆی نیشانتان دەدا بۆ ئەوەی تێبگەن (٧٣)

بە پێی سەرچاوەکانی ئیسلام، بنەڕەتی چیرۆکی مانگا، لەسەر کێشەی کوشتن بووە لەناو بەنی ئیسرائیل. نەیان دەزانی بکوژەکەی کێیە، و هەر بنەماڵەیەک ئەویتری تاوانبار دەکرد. ئەو کاتەی ماندوو بوون، داوایان لە موسا کرد، تا دادوەری بکا.

بەپێی هەردوو الطبري و إبن کثیر سێ جۆر گێڕانەوە بۆ هەمان چیرۆک هەیە:
یەکەم: پیاوێکی نەزۆکی سەر بە هۆزێکی بەنی ئیسرائیل، گەورە پیاوی هۆزەکەی دەیکوژێ و فڕێی دەداتە شوێنێک لە ئاقاری هۆزێکیتری بەنی ئیسرائیل بووە. ئەوەش دەبێتە هۆکاری شەڕ لەنێوان هۆزەکان. دوای دەمەقاڵی و لێکدان ناگەنە هیچ چارە سەرێک. ئیتر پەنا دەبەنە بەر موسا، کە فەرمانیان پێدەدا مانگایەک سەر ببڕن.

دووەم: پیاوێکی دەوڵەمەندی بەنی ئیسرائیل وەچاخکوێر دەبێ، و خزمێکی نزیکی دەیکوژێ بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری. دوای کوشتنی لاشەکەی فڕێدەداتە سەر ڕێگای دووڕیانی نێوان دوو هۆز. و شەڕ و دەمەقاڵی لەسەر کێ کوشتوویەتی دروست دەبێ.

سێیەم: پیاوێکی دەوڵەمەندی بەنی ئیسرائیل، کچێکی جوانی هەبوو. برازاکەی کە کەسێکی هەژار بوو، داوای کچەی لێدەکا. بەڵام پیاوکە ڕەتی دەکاتەوە بیداتێ. کوڕە گەنجەکە

تووڕەدەبێ، و مامی دەکوژێ و تەرمەکەی فڕێدەداتە، شوێنێک لە ئاقاری هۆزێکیتری بەنی ئیسرائیل.

ئەو دوو هۆزەی بەنی ئیسرائیل دێنە لای موسا، دوای مشتومڕ و پرسیار وەلام وەک لە ئایەتەکانی ٦٧ – ٧٢ دەریاندەبڕێ، مانگایەک دەدۆزنەوە، خاوەنی مانگا تەنیا ئەو مانگایەی دەبێ. و دەڵێ بەو مەرجە دەتان دەمێ پڕ بە پێستی زێڕم بدەنێ. ئەوانیش ڕازی دەبن. ومانگایەکیان کڕی. و دوای کوشتنەوەی پێستەکەیان بۆ پڕ زێڕکرد. بە گۆشتەکەی لە مردووەکەیان دا. هەندێک دەڵێن بە زمانی مانگاکە لە مردووەکەیان دا. و هەڵسایەوە. لێیان پرسی: کێ کوشتووی؟ گوتی: ئەوە (ئاماژەی بۆ برازاکەی کرد) دوای ئەوە مردەوە. دوای ئەوە کوڕەیان لە میرات بێ بەشکرد و هیچیان نەدایە.

ئەو چیرۆکە بێجگە لەوەی، نە سەرچاوەی ڕووداوەکەی دیارە. و نە لەسەر ڕووداوەکەش کۆکن. سەرەڕای ئەوە پێدەچێ نووسەری قورئان تەنیا ناوی بیستبێ. ئەگینا هیچ پەیوەندی بە چیرۆکی موسا لە تەوراتەوە نییە.[168]

چیرۆکی مانگا لە تەورات

چیرۆکی مانگا لە تەورات بریتیە لە فەرمانی خودا، بۆ هارون و موسا، کە داوا لە بەنی ئیسرائیل بکەن. و ڕێبازی بەرهەم هێنانی ئاوی پاککردنەوەیان فیرکەن. و چۆنیەتی ڕیتوالی دەربازبوون لە گاڵاوی بەپێی یاسای خودا بۆ موسا.

---

[168] الطبري جامع البيان عن تأويل أى القرآن. الجزء الثاني ص ٧٥، إبن كثير، تفسير القرأن الكريم المجلد الأول ص ٤٤٣

پەیمانی کۆن پەرتووکی ژمێرە ١٩: ١ – ٢٢

ئاوی پاککردنەوە

(١) خودا بە موسا و هارونی فەرموو :(٢) ئەمە فەرزی فێرکردنەکەیە، کە خودا فەرمانی پێ کردووە و دەفەرموێ، بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با مانگایەکی سووری ساغت بۆ بێنن. کە هیچ کەموکوڕی تێدا نەبێت و نیری نەخرابێتە سەر .(٣) بدرێتە ئەلعازاری کاهین و دەبردرێتە دەرەوەی ئۆردوگا و لەبەردەمی سەردەبڕدرێت .(٤) ئەلعازاری کاهینیش بە پەنجەی لە خوێنەکەی دەبات و بەرەو ڕووی چادری چاوپێکەوتن حەوت جار دەیپرژێنێت. (٥) مانگاکەش لەبەرچاوی دەسووتێنرێت، پێستی و گۆشتی و خوێنی و ڕیخی دەسووتێنرێت .(٦) کاهینیش پارچە دارێکی ئورز و بەنی سووری ئاڵ و زوفا دەبات و هەڵیاندەداتە ناو ئاگری مانگاکە .(٧) ئینجا کاهین جلەکانی دەشوا و خۆی بە ئاو دەشوا. و لەدوای ئەوە دێتەوە ناو ئۆردوگاکە، هەتا ئێوارەش بەپێی ڕێتوالی دینی گڵاو دەبێ. (٨) ئەوەی کە سووتاندیشی جلەکانی بە ئاو دەشوا و خۆی بە ئاو دەشوا و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێ.

(٩) پیاوێکی پاکیش خۆڵەمێشی مانگاکە کۆدەکاتەوە و لە دەرەوەی ئۆردوگا، لە شوێنێکی پاک بەپێی نەرێتی ڕێتوال دایدەنێ، جا بۆ کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل پارێزراو دەبێ بۆ ئاوی پاککردنەوە، چونکە پاکبوونەوەیە لە گوناه .(١٠) ئەوەی خۆڵەمێشی مانگاکەشی کۆکردەوە جلەکانی دەشوا و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێ، جا بۆ نەوەی ئیسرائیل و ئەو نامۆیەش کە لەنێویانە، دەبێت بە ئەرکێکی هەتاهەتایی.

(١١) ئەوەی دەست لە لاشەی کەسێکی مردوو بدات ئەوا حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێ. (١٢) پێویستە لە ڕۆژی سێیەمدا خۆی پێ پاک بکاتەوە. و لە ڕۆژی

حەوتەم پاک دەبێ. بەڵام ئەگەر لە ڕۆژی سێیەمدا خۆی پاک نەکاتەوە ئەوا لە ڕۆژی حەوتەم پاک نابێ. (١٣) هەرکەسێک دەست لە لاشەی کەسێکی مردوو بدات و خۆی پاک نەکاتەوە، ئەوا چادری پەرستنی خودا گڵاو دەکا، ئەو کەسە لە ئیسرائیل دەبڕدرێتەوە، چونکە ئاوی پاککردنەوەی بەسەردا نەپرژێنراوە و گڵاوە، گڵاوییەکەی هێشتا تێدا ماوە.

(١٤) ئەمە ئەو فێرکردنەیە، ئەگەر کەسێک لەناو چادرێکدا مرد ئەوا هەر یەکێک بێتە ناو چادرەکە و هەموو ئەوانەی لەناو چادرەکە بوون حەوت ڕۆژ گڵاو دەبن، (١٥) هەموو دەفرێکی کراوەش کە بە باشی سەری دانەخرابێ، ئەوا گڵاوە.

(١٦) هەرکەسێک لە دەشت ودەر دەست لە کوژراوێکی بە شمشێر یان مردووێک یان ئێسکی مرۆڤێک یان گۆڕێک بدات، ئەوا حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت.

(١٧) جا بۆ گڵاو لە خۆڵەمێشی ئاگری قوربانی پاکبوونەوە دەبەن و لە گۆزەیەکدا ئاوێکی سازگاری بەسەردا دەکەن .(١٨) پیاوێکی پاکیش بەپێی ڕێورەسم زوفایەک دەبات و نوقومی ناو ئاوەکەی دەکات و بەسەر چادر و هەموو شتومەکەکانیدا دەپرژێنێت، بەسەر ئەو کەسانەشدا دەپرژێنێت کە لەوێ بوون، هەروەها ئەوەش کە دەستی لە ئێسک یان کوژراو یان مردوو یان گۆڕ داوە .(١٩) کەسە پاکەکەش لە ڕۆژی سێیەم و ڕۆژی حەوتەم ئاوەکە بەسەر کەسە گڵاوەکەدا دەپرژێنێت، لە ڕۆژی حەوتەم پاکی دەکاتەوە. ئەویش جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و بۆ ئێوارە پاک دەبێت .(٢٠) بەڵام ئەو کەسەی گڵاو دەبێت و خۆی پاک ناکاتەوە، ئەوا ئەو گیانە لەنێو کۆمەڵدا دەبڕدرێتەوە، چونکە پیرۆزگای خودای گڵاو

کردووە، ئاوی پاککردنەوەی بەسەردا نەپرژێنراوە، گڵاوە .(٢١) جا بۆیان دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی.

ئەوەی ئاوی پاککردنەوەی پرژاندووە جلەکانی دەشوات، ئەوەی دەستی لە ئاوی پاککردنەوە داوە، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، (٢٢) هەرچییەک ئەو گڵاوە دەستی لێ بدات گڵاو دەبێت و ئەو کەسەش کە دەستی لێ بدات هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

هەرچەندە لە تەورات چیرۆکێکی نالۆژیکی و دوورە لە باوەڕکردن، بەڵام لە قورئان چەند ئاکار لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە گۆڕدراون و هەر بەناوی موساش دانراوە.

یەکەم هۆکاری چیرۆکەکە دوورە لە ئەوەی تەورات.

دووەم لە تەورات مانگاکە سوورە، کەچی لە قورئان زەردە.

سێیەم مەبەستی تەورات بەرهەم هێنانی ئاوی پاککردنەوەیە، کەچی لە قورئان زیندووکردنەوەی کوژراوە تا بکوژەکەی ئاشکرابکا.

ڕەنگە موسوڵمان بڵێن ئاخر تەورات دەسکاری کراوە و چیرۆکەکەی گوڕدراوە. بەڵام ئێمە چوار تەوراتمان هەن تەوراتی عیبری، تەوراتی ئارامی (کە سەرچاوەی دەقەکانی قورئانە) تەوراتی حەفاتیی (Septuaginta) (سبعینیة)، هەروەها تەوراتی سامەری. لە هەر چوار تەوراتەکە، کە جیاوازن لەیەکتری. هەمان دەقە و بێ گوڕانکاری. بۆیە قورئان ناتوانێ دەقەکانی جێی متمانە بن، و فەرمانی خودایی بن. بەڵکوو قسەی محمدن کە بەپێی تێگەیشتنی خۆی، بەناوی خودا و جوبرائیل دایڕشتوون.

قورئان هەڵەی تەورات دووبارە دەکاتەوە

ئەو بابەتە سەبارەت بە وێرانکردنی ئۆرشەلیمە لەلایەن نەبوخدنصر، کە پاشای بابل بوو. ئەو چیرۆکە دەیسەلمێنێ کە نووسەری قورئان ئاگای لە ڕووداوە مێژوویەکان نەبووە. بەڵکوو تەنیا دەربڕینەکانی تەوراتی دووبارە کردوونەتەوە.

بۆ ئەوەی باسەکە بە ئاسانی تێبگەین، دەبێ بەر لەوەی بچینە ناو ووردەکاری، شتێک ڕوونبکرێتەوە.

بە پێی تەورات، یاقوب (ئیسرائیل) ١٢ منداڵی هەبووین. کە هەریەک لەو منداڵانە، بۆتە هۆزێکی سەربەخۆ. و هۆزەکەش هەر بەناوی ئەو کوڕە ناسراوە. بەپێی گێڕانەوەی تەورات، لە ناو ئەو کوڕانە دوانیان دیارترینیان بووین. ئەوانەش ناویان یەهودا و لێڤین بووە. کە دواتر هەریەک لەلای خۆیەوە، بەشدار بووە لە دروستکردنی مێژووی بەنی ئیسرائیل. بەنی یەهودا بنەماڵەی پاشایانیان دروستکرد و لە ساڵی ١٠١٥ پ.س.ب دەوڵەتی یەهودایان دامەزراند. دووەم پاشا دوای شاول ، داود بووە لە تیرەی یەهودا، و دەوڵەتی یەهودای دامەزراندووەو.

بەرانبەر بەوە، بنەماڵەی لێڤین کە موسا لەوان بوو، ئەو هۆزە هەر لە سەرەتاوە، موسا و هارون بوونە نوێنەری دین. بە شێوەیەکی بەردەوام لەو بنەماڵەیە، کاهینە بەرزەکانی دینی یەهودی هەڵبژێردراون. ئەو دوو بنەماڵەیە (یەهودا و لێڤین) شان بە شان لەگەڵ دە تیرەکەی تر دینی جولەکەیان پاراستووە. دوای دامەزرانی دەوڵەتی یەهودا لەسەرەتادا،

ئەگەر کێشەش هەبووبن، بەڵام پێکهاتن هەبووە. لە نێوان خۆیان لێڤیەکان دەستەڵاتی دین و یەهودایییەکانیش دەستەڵاتی سیاسی و سەربازی وەرگرتووە.

تەبایی ئەو دوو بنەماڵەیە بەردەوام بوو، تا گەیشتە سەرەمەرگی داود، و هەڵبژاردنی سلێمان لەجیاتی ئەدۆنا. بەپێی نەرێت، دەبوایە ئەدۆنا، وەک کۆڕی گەورەی داود، تەختی پاشایەتی وەربگرێ. کەچی داود ئەو نەرێتەی شکاند، و تەختی پاشایەتی دایە سلێمانی کوڕی بچووکی کە تەمەنی تەنیا ٢٠ ساڵ بوو. و بچووکترین کوڕی داود بوو. بەر لەوەی داود ئەوە کارە بکا، کاهینی مەزن ئەبیتار (کە لێڤی بوو) لایەنگیری ئادۆنای دەکرد، لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەی داود بوو. لەو ڕقە سلێمان، دوای وەرگرتنی تەختی پاشایەتی تۆڵەی لە گشت ئەوانە کردەوە کە لایەنگیری ئەدۆنا بوون، هەر ئەوەبوو کاهین ئەبیاتاری دەربەدەری کرد. و سادۆق کە لە هۆزی لێڤیەکان نەبوو، بە کاهینی مەزنی دین دانا. ئەوەش سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکی بوو، لە نێوان دەستەڵاتی پاشایانی یەهودا و کاهینەکانی لێڤی. کە بە درێژایی مێژووی دواتر، دین کەوتە دژایەتی دەستەڵاتی پاشاکانی یەهودا.

با لە پەیمانی کۆن پەرتووکی یەکەم پاشایان، بخوێنینەوە، کە بە ڕاشکاوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە

پەیمانی کۆن یەکەم پاشایان ١ : ١ - ٥١

یاخیبوونی ئەدۆنیا

(١) داودی پاشا پیر بوو و تەمەنی گەورە بوو، هەرچەندە بە جلوبەرگ دایاندەپۆشی گەرم نەدەبووەوە .(٢) ئینجا خزمەتکارەکانی پێیان گوت: با بەدوای کچێکی پاکیزەدا بگەڕێین و بیهێنین بۆ پاشای گەورەمان، تاکو خزمەتی پاشا بکات و بایەخی پێبدات، لە باوەشیدا پاڵ بکەوێت، هەتا پاشای گەورەمان گەرم بێتەوە.

(٣) ئینجا لە هەموو ناوچەکانی ئیسرائیل بەدوای کچێکی جواندا گەڕان، ئەبیشەگی شونەمییان دۆزییەوە و بۆ پاشایان هێنا .(٤) کچەکە زۆر جوان بوو، چاودێری پاشای دەکرد و خزمەتی دەکرد، بەڵام پاشا لەگەڵی جووت نەبوو.

(٥) ئەدۆنیای کوڕی داود کە لە حەگیسی ژنی بوو، ڕاست بووەوە و گوتی: من دەبمە پاشا. گالیسکە و ئەسپ سواری بۆ خۆی ئامادە کرد، لەگەڵ پەنجا پیاو کە لەپێشیەوە ڕایاندەکرد .(٦) باوکی هیچ کاتێک سەرزەنشتی نەکردبوو پێی بڵێ، بۆچی وات کردووە؟ هەروەها زۆر قۆز بوو. دایکی لەدوای ئەبشالۆم ئەوی ببوو.

(٧) ئەدۆنیا لەگەڵ یۆئابی کوڕی چەرویا و ئەبیاتاری کاهین قسەی کرد، ئەوانیش پشتگیرییان کرد .(٨) بەڵام سادۆق کاهین و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و ناتانی پێغەمبەر و شیمعی و ڕێعی و پاڵەوانەکانی داود، لەگەڵ ئەدۆنیا نەبوون.

(٩) ئیتر ئەدۆنیا لەلای بەردی زۆحەلەت ئەوەی لەتەنیشتی کانی ڕۆگێلە، مەڕ و مانگا و گوێرەکەی قەڵەوی سەربڕی. هەموو براکانی، واتە کوڕەکانی پاشا، لەگەڵ هەموو پیاوانی یەهودا کە خزمەتکاری پاشا بوون بانگهێشتی کردن .(١٠) بەڵام ناتانی پێغەمبەر و بەنایا و پاڵەوانەکان و سلێمانی برای بانگهێشت نەکرد.

(١١) پاشان ناتان بە بەتشەبەعی دایکی سلێمانی گوت: نەتبیستووە کە ئەدۆنیای کوڕی حەگیس بووەتە پاشا و داودی گەورەشمان بەمە نازانێت؟ (١٢) ئێستاش وەرە ئامۆژگارییەکی باشت بکەم، تاکو گیانی خۆت و گیانی سلێمانی کوڕت بپارێزیت .(١٣) بڕۆ ژوورەوە بۆ لای داودی پاشا و پێی بڵێ: ئەی پاشای گەورەم، ئایا تۆ سوێندت بۆ کەنیزەکەت نەخوارد و

گوتت، کە سلێمانی کوڕت لەدوای خۆت دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟ ئیتر بۆچی ئەدۆنیا بووەتە پاشا؟ (١٤) لەو کاتەدا کە تۆ هێشتا لەوێ قسە لەگەڵ پاشا دەکەیت، من لەدوای تۆوە دێمە ژوورە و پشتگیری لە قسەکەت دەکەم.

(١٥) پاش ئەوە بەتشەبەع چوو بۆ لای پاشا لە ژووری نوستنەکەی، پاشا زۆر پیر ببوو، ئەبیشەگی شونەمیش خزمەتی پاشای دەکرد .(١٦) بەتشەبەع بەچۆکدا هات و کرنۆشی بۆ پاشا برد.

پاشاش پێی گوت: چیت دەوێ؟

(١٧) ئەویش پێی گوت: گەورەم تۆ سوێندت بە خودای پەروەردگارت خوارد بۆ کەنیزەکەت و گوتت کە سلێمانی کوڕت لەدوای خۆت دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت .(١٨) ئەی پاشای گەورەم، بەڵام وا ئەدۆنیا بووەتە پاشا، تۆش لەوە بێئاگای .(١٩) ئەو گا و دابەستە و مەڕێکی زۆری سەربڕیوە، هەموو کوڕەکانی پاشا و ئەبیاتاری کاهین و یۆئابی فەرماندەی گشتی سوپای بانگهێشت کردووە، بەڵام سلێمانی خزمەتکاری تۆی بانگهێشت نەکردووە .(٢٠) ئەی پاشای گەورەم، هەموو ئیسرائیل چاوەڕێی تۆ دەکەن هەتا پێیان ڕابگەیەنیت کێ لەدوای پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت .(٢١) ئەگینا کاتێک پاشای گەورەم لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، من و سلێمانی کوڕم بە تاوانبار هەژمارد دەکرێین.

(٢٢) هێشتا ئەو قسەی لەگەڵ پاشا دەکرد، ناتانی پێغەمبەر هات .(٢٣) بە پاشایان ڕاگەیاند و گوتیان: ناتانی پێغەمبەر لێرەیە. ئینجا چووە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا، کرنۆشی بۆ پاشا برد و سەری خستە سەر زەوی.

(٢٤) ناتان گوتی: پاشای گەورەم، ئایا تۆ ڕاتگەیاندووە کە ئەدۆنیا لەپاش تۆ دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟ (٢٥) چونکە ئەو ئەمڕۆ چووە خوارەوە، گا و دابەستە و مەڕێکی زۆری سەربڕیوە. هەموو کوڕانی پاشا و سەرکردەکانی سوپا و ئەبیاتاری کاهینی بانگهێشت کردووە. ئێستا لەبەردەمی ئەو دەخۆن و دەخۆنەوە و دەڵێن: بژی ئەدۆنیای پاشا! (٢٦) بەڵام منی خزمەتکارت و سادۆق کاهین و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و سلێمانی خزمەتکاری تۆی بانگهێشت نەکردووە .(٢٧) ئایا ئەم کارە لەلای پاشای گەورەمەوەیە، ئەی بە خزمەتکارانی خۆتت نەفەرمووە کێ لەدوای پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟

داود سلێمان دەکاتە پاشا

(٢٨) داودی پاشا وەڵامی دایەوە و گوتی: بەتشەبەعم بۆ بانگ بکەن. ئەویش هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، لەبەردەم پاشا ڕاوەستا.

(٢٩) ئینجا پاشا سوێندی خوارد: بە خودای زیندوو، ئەوەی گیانی منی لە هەموو تەنگانەیەک کڕییەوە، (٣٠) ئەمڕۆ هەروەک ئەوە دەکەم کە چۆن بە خودای پەروەردگاری ئیسرائیل سوێندم بۆ خواردی و گوتم، کە سلێمانی کوڕت لەپاش من دەبێتە پاشا، ئەو لە شوێنی من لەسەر تەختەکەم دادەنیشێت.

(٣١) بەتشەبەع سەری دانەواند و کڕنۆشی بۆ پاشا برد، گوتی: بژی داودی پاشای گەورەم، بۆ هەتاهەتایە!

(٣٢) داودی پاشا گوتی: سادۆق کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بەنایای کوڕی یەهۆیاداعم بۆ بانگ بکەن. ئەوانیش هاتنە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا .(٣٣) پاشا پێی گوتن: خزمەتکارەکانی گەورەتان لەگەڵ خۆتان ببەن، سلێمانی کوڕم سواری هێسترەکەی خۆم بکەن و بیبەنە خوارەوە بۆ

گیحۆن .(٣٤) با سادۆق کاهین و ناتانی پێغەمبەر لەوێ وەک پاشای ئیسرائیل دەستنیشانی بکەن، فوو بە کەڕەنادا بکەن و بڵێن: بژی سلێمانی پاشا! (٣٥) ئینجا لەدوای ئەوەوە سەربکەون، ئەویش دێت و لەسەر تەختەکەم دادەنیشێت، لە شوێنی من دەبێتە پاشا. من فەرمانم داوە ئەو ببێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل و یەهودا.

(٣٦) بەنایای کوڕی یەهۆیاداع وەڵامی پاشای دایەوە و گوتی: ئامین! با یەزدان، خودای پاشای گەورەم ئەمە بکات .(٣٧) هەروەک چۆن یەزدان لەگەڵ پاشای گەورەم بوو، بەو شێوەیەش لەگەڵ سلێمانیش بێت، تەختەکەشی لە تەختی داودی پاشای گەورەم مەزنتر بکات!

(٣٨) ئیتر سادۆق کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و کریتی و پەلەتییەکان چوونە خوارەوە، سلێمانیان سواری هێسترەکەی داودی پاشا کرد و بردیانە گیحۆن .(٣٩) سادۆق کاهین قۆچە زەیتەکەی لە چادرەکەوە برد و سلێمانی پێ دەستنیشان کرد، ئینجا فوویان بە کەڕەنادا کرد، هەموو گەل گوتیان: بژی سلێمانی پاشا! (٤٠) هەموو گەل لەدوای ئەو سەرکەوتن. گەل شمشاڵیان لێدەدا و زۆر دڵخۆش بوون، زەوی لەبەر دەنگیان دەلەرزی.

(٤١) ئەدۆنیا و هەموو بانگهێشتکراوان، ئەوانەی لەگەڵی بوون، پاش ئەوەی لە خواردن بوونەوە گوێیان لە دەنگی ئەوان بوو. یۆئاب گوێی لە دەنگی کەڕەناکە بوو و گوتی: ئەو دەنگە دەنگە چییە لە شارەوە دێت؟

(٤٢) کاتێک هێشتا قسەی دەکرد، یۆناتانی کوڕی ئەبیاتاری کاهین هات، ئەدۆنیاش گوتی: وەرە، چونکە تۆ پیاوێکی چاکیت، دیارە مژدەی خۆشیت هێناوە.

(٤٣) یۆناتانیش وەڵامی دایەوە و بە ئەدۆنیای گوت: بە پێچەوانەوە! داودی پاشای گەورەمان، سلێمانی کردە پاشا .(٤٤) پاشاش سادۆق کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و کریتی و پەلەتییەکانی لەگەڵ ناردووە، سواری هێسترەکەی پاشایان کردووە .(٤٥) سادۆق کاهین و ناتانی پێغەمبەریش لە گیحۆن بە پاشا دەستنیشانیان کردووە، لەوێشەوە بە خۆشییەوە سەرکەوتوون و شار خرۆشاوە، ئەمە ئەو دەنگەیە کە گوێتان لێی دەبێت .(٤٦) هەروەها سلێمان لەسەر تەختی پاشایەتییەکە دانیشتووە .(٤٧) خزمەتکارانی پاشاش بۆ پیرۆزبایی لە داودی پاشای گەورەمان هاتن و گوتیان: با خوداکەت ناوی سلێمان لە ناوی تۆ ناودارتر بکات، تەختەکەشی لە تەختەکەی تۆ مەزنتر بکات! پاشا لەسەر قەرەوێڵەکەی کرنۆشی برد .(٤٨) پاشا گوتی: ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەوەی ئەمڕۆ کەسێکی پێداوم کە لەسەر تەختەکەم دانیشێت و چاوەکانیشم دەیبینێت.

(٤٩) لێرەدا هەموو ئەوانەی ئەدۆنیا بانگی کردبوون تۆقین و هەستان، هەریەکە بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت .(٥٠) ئەدۆنیاش لە سلێمان ترسا، هەستا و چوو دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرت .(٥١) ئینجا بە سلێمان ڕاگەیەنرا: ئەوەتا ئەدۆنیا لە سلێمانی پاشا دەترسێت، دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرتووە و دەڵێت: "با ئەمڕۆ سلێمانی پاشا سوێندم بۆ بخوات کە خزمەتکارەکەی بە شمشێر ناکوژێت.

تا ئێرە کێشەکە لە نێوان دوو برایە، لەسەر جێنیشینی داوود. بەڵام کێشەکە زیاتر قووڵ دەبێ. سلێمان بەوەش ناوەستێ. و پەلاماری دەستەڵاتی دینیش دەدا. ئەبیاتاری کاهینی گەورە کە لە بنەماڵەی لێڤیەکانە دەربەدەر دەکا.

پەیمانی کۆن یەکەم پاشایان ٢: ٢٦ – ٢٧

(٢٦) ئینجا پاشا بە ئەبیاتاری کاهینی گوت: بڕۆ بۆ کێڵگەکانت لە عەناتۆت، چونکە تۆ شایانی سزای مردنی، بەڵام من ئەمڕۆ ناتکوژم، لەبەرئەوەی تۆ سندوقی خودای باڵادەستت لەپێش داودی باوکم هەڵدەگرت، تۆ لە هەموو ماندووبوونەکانی باوکم بەشدار بووی. (٢٧) جا سلێمان ئەبیاتاری لە کاهینێتی بۆ خودا دەرکرد.

لە کاتەوە، ناکۆکی لە نێوان پاشایانی یەهودا لەلایەک، و بنەماڵەی لێڤییەکان لەلایەکیتر سەری هەڵدا. هەرچەندە کاهینەکانی لێڤی بە نەرمی و بەناوی خودا دژی بنەماڵەی یەهودا بوون، بە ئاشکرا بەرەنگاریان نەدەبوونەوە. بەردەوام نەوە دوای نەوە ناکۆکی نێوانیان دەگوازرایەوە.

ڕەهەندی دووەمی پرسەکە داگیرکردنی دەوڵەتی یەهودایە لەلایەن نەبو خدنصر پاشای بابل.

هێرشی یەکەمی پاشای بابل بۆسەر دەوڵەتی یەهودا

لە ساڵی ٦٠٥ پ.س.ب بوو، نەبوخودنصر لەسەر تەختی بابل دانیشت. کە ووڵاتی شامیشی دوای ئاشوور گرتەدەست. لەو کاتە میسر دەیەویست دەستەڵاتی خۆی لەسەر ووڵاتی شام زیاد بکا. نەبو خدنصر بۆ دەرکردنی میسر، و تەمبێ کردن هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم، بەڵام وێرانی نەکرد. بەڵکوو پاشا یەهواقیم، کە ئەو دەمە پاشای یەهودا بوو بە دیل برد. هەرچەندە دیارنییە کوژرا یان لە دیلی مرد!! و لە جیاتی ئەو کۆڕەکەی کردە جێنیشین.

کەچی لە هێرشی دووم لە دوای دە ساڵ شاری ئۆرشەلیمی وێرانکرد و پەرستگای ڕووخاند. ئەو هێرشەش بەپێی قورئان، دەبێ ئەنجامی گوناهەکانی بەنی ئیسرائیل بووبێ.

له سورەتی الإسراء باسی دوو هێرش بۆ سەر ئۆرشەلیم دەکا.

الإسراء ١٧: ٥ - ٧

فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثۡنَا عَلَيۡكُمۡ عِبَادٗا لَّنَآ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ وَكَانَ وَعۡدٗا مَّفۡعُولٗا (٥) إِنۡ أَحۡسَنتُمۡ أَحۡسَنتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡۖ وَإِنۡ أَسَأۡتُمۡ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا (٧)

جا کاتێك بەڵێنی یەکەمیان گەیشت، ئەوا چەند بەندەیەکی بەزەبروزەنگی خۆمان بۆیان دەنێرین، لە ناو زێدەکەیاندا دەسووڕێنەوە، و بەڵێنەکەی خودا جێگەوتە بوو. (٥) ئینجا دەستەڵایێ ئێوە بەسەر ئەواندا دەگێڕینەوە و سامان و کوڕی زۆرتان پێ دەدەین و دەتانکەین بە ژمارەیەکی زۆر. (٦) ئەگەر چاکە بکەن بۆ خۆتان دەیکەن، وە ئەگەر خراپە بکەن ئەوا بۆ ئەوە، جا کاتێك وادەی دوا بەڵێن گەیشت، بە دڵنیاییەوەسیماتان خراپ دەبێت. و بە دڵنیاییەوە دەچنە شوێنی کرنۆش بردنەوە هەروەك چۆن جاری یەکەم چوون و هەرچیەك دەستیان پێی گەیشت با فەرهوودی بکەن. (٧)

لە هێرشی یەکەم زۆربەی باشترین و کارامەترین پیاوانی بەنی ئیسرائیل هەر لە ئۆرشەلیم مابوون، و بەدیل نەگیرابوون. ئەوانە بە فەرمانی پاشای نوێ سەدوقیا، خۆیان ڕێکدەخست. و هێزەکانیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی بابل، ئامادە دەکرد. لە هەمان کاتدا سەدوقیا هەولیدەدا پەیمانی سەربازی دژی بابل مۆربکا. و نێردەی دەناردنە لای پاشاکانی فینیقی، و ڕۆژهەڵاتی ئوردن، بۆ هەڵسانەوە دژی بابل.هەروەها پاشاکانی ئادۆم و مۆاب

عەمود لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن، و پاشاکانی سیدۆن و سور نوێنەریان لەسەر داواکاری سدقیا ناردنە ئۆرشەلیم.

سفری یەرمیا ٢٧: ٣

(٣) ئینجا پەیامێک بنێرە بۆ پاشاکانی ئەدۆم و مۆئاب و عەمۆن و سور و سەیدا، بەدەستی ئەو پەیامبەرانەی بۆ ئۆرشەلیم هاتوون بۆ لای سدقیای پاشای یەهودا.

ئەو جموجۆل و پەیوەندیانەش بە هاندانی میسر بوو. لەبەر ئەوەی لە نووسراوەکانی سەر بەردی میسری، زانیاری هەیە. کە فیرعەون پسامتیک (Psamtik) لە بنەماڵەی ٢٦. لەگەڵ دەستبەکاربوونی، بە گەشتێکی دیپلۆماسی هەڵسا، بۆ لای پاشاکانی فەلەستی و فینیقی. ئامانجی سەرەکی ڕاپەڕینی پاشاکانی ناوچەکە بوو دژی بابل[169].

(١) هەرچەندە باسی ئەوە ناکا کە کام پسامتیک بووە. لەبەر ئەوەی پسامتیکی یەکەم (٦٦٤ – ٦١٠ پ.س.ب) و پسامتیکی دووەم (٥٩٥ – ٥٨٩ پ.س.ب) بۆیە نازانین کام فیرعەون بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی لێکدانەوە دەبێ پسامتیکی دووەم بووبێ، لەبەر ئەوەی هێرشی یەکەم لە ساڵی ٦٠٥ پ.س.ب بووە. ئەو کاتەش خۆ ئامادەکردن بووە، بۆ ڕاپەڕین بەرامبەر بابلیەکان.

پیر و پیاوچاکانی ئۆرشەلیم لە کۆبوونەوە، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چیبکەن بوونە دوو گرووپ. گرووپێکیان داوای بەرەنگاربوونەویان بە شمشێردەکرد، ئەو گرووپە چەنگاوەران و

[169] Hersel, Shanks edt (1988) Ancient Israel, Prentice Hall. New Jersy. Pp. 147

دەوڵەتدارانی یەهودا بوون بە سەرۆکایەتی پاشا سەدوقیا. و گرووپی دووەم داوای دەکرد کە بە کۆیلایەتی بابل ڕازیین، تا لە کارەساتی چاوەڕوانکراو، خۆیان بپارێزن و لە خۆڕایی شەڕی دۆڕاو نەکەن. نەبی یەرمیا یەک لە زمانحاڵی ئەو گرووپە بوو، و ڕای وابوو کە نەبوخد نەصر بە ئارەزووی خودا ئەو کارە دەکا. ئەوەش لە سیفری یەرمیا بە ڕاشکاوی دەڵێ. کەچی گرووپی یەکەم کە داوای بەرەنگار بوونەوە دەکەن، دەیانگوت دەبێ بە ئازادی بژین و لە پێناوی ئازادیش بمرین. بۆیە ئەو دوو گرووپە لەیەک دووربوون. و قسەی یەکتریان نەدەبیست بە سادەیی کێشە لە نیوان ڕازیبوون بوو بە کۆیلایەتی یان لە پێناوی ئازادی بمرن. بەڵام لە ناوەوە ناکۆکی نێوانی بەرەی یەهودا و بەرەی لێڤییەکان بوو.

لەو چەند پەرەگرافەی سیفری یەرمیا، دەبینین یەرمیا بەناوی خودا بۆ پاشا و کاربەدەستانی دەوڵەتی یەهودا دەدوێ.

پەیمانی کۆن سفری یەرمیا ٢٧: ٤ – ١٧

(٤) ڕایانبسپێرە بە گەورەکانیان بڵێن: خودای سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ئەمە بە گەورەکانتان بڵێن :(٥) من بە توانای مەزنی خۆم و بە دەستی بەهێزم زەویم دروستکردووە، هەروەها مرۆڤ و ئاژەڵیش کە لەسەرین، ئەوەی بمەوێ دەیدەمێ .(٦) ئێستاش من هەموو ئەم خاکانە دەدەمە دەستی خزمەتکارەکەم، نەبوخودنەصری پاشای بابل، هەروەها ئاژەڵە کێوییەکانیشی دەدەمێ تاکو خزمەتی بکەن .(٧) هەموو نەتەوەکانیش خزمەتی خۆی و کوڕ و نەوەکەی دەکەن، هەتا کاتی خاکەکەی ئەویش دێت، جا زۆر لە نەتەوەکان و پاشا مەزنەکان دەیخەنە ژێردەستی خۆیان. (٨) خودا دەفەرموێ: هەر نەتەوەیەک و شانشینێک خزمەتی نەبوخودنەسری پاشای بابل نەکا، و مل نەخاتە ژێر نیری پاشای بابل، بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد سزای ئەو نەتەوەیە دەدەم، هەتا بە

دەستی ئەو لەناویان دەبەم .(٩) ئێوەش گوێ مەگرن لە پەیامبەر و فاڵگرەوە و خەونبین و بەخت خوێنەر و جادووگەرەکانتان، ئەوانەی پێتان دەڵێن: (خزمەتی پاشای بابل ناکەن.) (١٠) چونکە ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دوورخستنەوەتان، جا دەرتاندەکەم و لەناودەچن .(١١) بەڵام ئەگەر هەر نەتەوەیەک ملی بخاتە ژێر نیری پاشای بابل و خزمەتی بکات، من لە خاکی خۆیدا دەیهێڵمەوە، جا دەیکێڵێ و تێیدا نیشتەجێ دەبێ. ئەوە فەرمایشتی خودایە. (١٢) هەمان پەیامم بە سدقیای پاشای یەهوداش ڕاگەیاند: ملتان بخەنە ژێر نیری پاشای بابل و خزمەتی خۆی و گەلەکەی بکەن، ئینجا ئێوە دەژین .(١٣) بۆچی خۆت و گەلەکەت بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناوبچن، وەک ئەوەی خودا سەبارەت بەو گەلە فەرمووی کە خزمەتی پاشای بابل نەکا؟ (١٤) گوێ لە پەیامی ئەو پەیامبەرانە مەگرن کە پێتان دەڵێن: خزمەتی پاشای بابل ناکەن، چونکە ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن .(١٥) من نەمناردوون، ئەوان بە درۆ بە ناوی منەوە پێشبینی دەکەن، لەبەر ئەوە دەرتاندەکەم و لەناودەچن، خۆتان و ئەو پەیامبەرانەش کە پێشبینیتان بۆ دەکەن. ئەوە فەرمایشتی خودایە.

(١٦) بە کاهینەکان و بە هەموو ئەم گەلەشم گوت: خودا ئەمە دەفەرموێ: گوێ لە قسەی پەیامبەرەکانتان مەگرن، ئەوانەی پێشبینیتان بۆ دەکەن و دەڵێن: ئەوەتا قاپوقاچاغەکانی ماڵی خودا بەم زووانە لە بابلەوە دەگەڕێنرێنەوە. ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن .(١٧) گوێیان لێ مەگرن. خزمەتی پاشای بابل بکەن، ئینجا ئێوە دەژین. بۆچی ئەم شارە وێران بێ؟

بە بەراوردێکی ئەو چەند پەرەگرافەی سیفری یەرمیا، لەگەڵ ئەو چەند ئایەتەی قورئان سوورەتی الإسرا . دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی قورئان قسەکانی یەرمیا دەڵێتەوە، نەک وەحی خودا.

سورة الإسراء ١٧: ٤ – ٨

وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِي ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا(٤) فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا (٥) ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا (٦) إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأَخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا (٧) عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْۚ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَاۘ وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَٰفِرِينَ حَصِيرًا (٨)

هەر لەناو پەرتووکەکەدا تۆرمەی ئیسرائیلمان ئاگادارکردەوە، کە ئێوە لەو سەرزەمینە لە دوو دەرفەتدا سەرپێچی دەکەن، زۆر بە توندی هەر لە ناو پەرتووکەکە، ئاگاداری نەوەکانی ئیسرائیلمان کردەوە، کە ئێوە لەو خاکەدا دوو جار بەدفەڕی دەکەن، و بە توندی بادی هەوایی دەنوێنن (٤) هەر جارەی یەک لەو دەرفەتانەمان هاتەبەر، ئەوا چەند بەندەیەکی هەرە ئازای خۆمان ناردنە سەر، لە ناو زێدەکەیاندا دەسووڕێنەوە، وە ئەو بڕیارەش جێبەجێ بوو (٥). لە پاشان کاری وامانکرد، ئێوە لەوان بەهێزتربن. و سامان و کوڕی زۆرتان پێ دەدەین، و ژمارەتان زۆرتر دەکەین (٦) ئەگەر ئێوە چاکە بکەن ئەوا چاکە لەگەڵ خۆتان دەکەن، وە ئەگەر خراپەش بکەن، ئەوا خراپە لەگەڵ خۆتان دەکەن. هەر کاتێ وادەی دوا بەڵێن گەیشت، دیسان

دەنێرینە سەرتان. واتان لێ بکەن پەژارە و خەم لە ڕوخسارتان بەدی بکرێ. و ئەگەر بشچنە شوێنی کرنۆش بردن. هەروەک چۆن جاری یەکەم چوون، و هەرچییەک دەستیان پێگەیشت با فەرهودی بکەن (٧) بەشکو پەروەردگاری خۆتان، بەزەیی پێتاندابێتەوە، ئەگەر تێش هەڵچنەوە، ئێمەش تێ هەڵدەچینەوە. و دۆزەخیشمان کردە زیندان، و دۆزەخیشمان بۆ کافران کردۆتە شوێنێك تیایدا قەتیس بن (٨).

لە ئایەتی ٥ بە ئاشکرا چەند بەندەیەکی خۆمان، واتە نەبوخدنەصر و لەشکرەکەی. کە دەبێ نێردەی خودابن، بەنی ئیسرائیل تەمێ بکەن.

ئەگەر یەرمیا لە سەر ناکۆکی لەگەڵ سەدوقیا دەنووسێ، ئەوە دەتوانرێ شرۆڤەی تایبەتی بۆ بکرێ. بەڵام کاتی قورئان ئەوە دووبارە دەکاتەوە، دەبێ هەڵوێستە لەسەر نەزانی نووسەر بکرێ. لەبەر ئەوەی دینی بابلی و بەتایبەتیش نەبوخد نەسر یەکتا پەرستی نەبووە. دینی بابلی وەک سۆمەری و ئەکەدی دینی فرەخودایی بووە.[170]

[170] Hersel, Shanks edt (1988) Ancient Israel, Prentice Hall. New Jersy. Pp. 147

مێژووی جەهەنەم

دۆزەخ یا کوورەی ئەشکەنجەدانی مرۆڤ دوای مردن، بەردەوام لە هەموو دینەکان باسیکراوە. بەڵام لە هیچ دینێک پرسی دوزەخ ئەوەندەی دینی ئیسلام، سامناک و تۆقێنەر نەبووە. لە دینی ئیسلام و لە ناو دەقەکانی قورئان، دەستەڵاتی خودا دوورە لە گشت بەهاکانی میهرەبانی و لێبووردەیی. لەجیاتی ئەوە خودایەکی قیچکە تەنگ، بێ بەزەیی، خوێنرێژ، و تینووی خوێنی هەموو بەندەکانیەتی. و تاسەی بینینی ئەشکەنجەدان و هاواری مرۆڤە. خودا ئەو بوونەوەرانەی کە خۆی دروستی کردوون، بەو پەڕی دڕوندەیی و دڵڕەقی و ناشیرینترین شێوە. مسی سووركراوەیان لە قورگ دەکا. و گۆشت و پێست و ئێسکەکانیان دەبرژێنێ. سەیر لەوەدایە بەپێێ قورئان هەرگیز ماندووش نابێ. و دیسان سەرلەبەر گۆشت و پێستیکیتریان بۆ دروست دەکا. و سەرلەنوێ دەس دەکاتەوە بە ئەشکەنجە و ئازار. ئایا ئەوە دەبێت خودا بێت یان کەسێکی دەروون نەخۆش؟

لە قورئاندا ووشەی دۆزەخ ، لە کۆی ١١٤ سورەت، لە ٦٧ سورەتدا هەیە. و لە ٢٨٥ ئایەت دووبارەبۆتەوە. ئاخر نووسەری قورئان، ئۆخژنی نەهاتووە، بۆیە ئەوەندە ناو و شێوەکانی ئەشکەنجەدان دووبارە کردۆتەوە. وەک ئەوە وایە بەردەوام لە بیری کوشتن و ئەشکەنجە و تۆڵەکردنەوەدابێ.

بە چاوگێڕانێکی وورد نالۆژیکی نووسەری قورئانت بۆ دەردەکەوێ. سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک نە خودا دەبینێ، و نە هەستیشی پێدەکا. کەچی نووسەری قورئان، مرۆڤ بە دوژمنی خودا ناودەبا. لەوەش سەیرتر هەر لەدوای ئەوە دەنووسێ خودا میهرەبان و لێبووردەیە. گەورە و دانایە.

بەرلەوەی ڕووماڵی دۆزەخی خودا لە قورئان بکرێ، وا چاکە ئەگەر بە کورتیش بێ باسی مێژوو و جوگرافیای جەهەنەم (دۆزەخ)، و هاتنی بۆ ناو دینە ئیبراهیمەیەکان، و پەرەسەندنی بخرێتە ڕوو.

هەڵکەوتەی جوگرافی دۆڵی هینۆم

دۆڵی هینۆم یان (دۆڵی کوڕی هینۆم)، ووشەی (گێ یان جێ، Ge) لە زمانی عیبری بە دۆڵ دێ. ئەو دۆڵە دۆڵی هینۆم Ge-hinnom ئێستا بە ناوی (واد الربابی) ناسراوە، لە باشووری شاری ئۆرشەلیم.

دۆڵی هینۆم لە ساڵی ١٨٦٥ی پ.س.ب، هەروەها دواتر لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو، کاتی ڕووپێوی نە خشەی ئۆرشەلیم کرا، دۆڵی هینۆم لەگەڵ واد الربابی ناسێندرا. بەڵام دیارکردنی شوێنی ڕاستی دۆڵی هینۆم، لە سەرەتادا کێشەی لەسەربوو، جۆرج ئادەم سمیث ساڵی ١٩٠٧ نووسی گریمانەی سێ شوێن هەیە[171].

١ ڕۆژهەڵاتی شاری ئۆرشەلیمی کۆن (ئەمڕۆ بە دۆڵی یۆسافات ناسراوە)

[171] Smith, G. A. 1907. *Jerusalem: The Topography, Economics and History from the Earliest Times to A.D. 70*, pages 170-180. London.

٢ لەناو شارە کۆنەکەدا (ئەمڕۆ بە دۆڵی تیرۆپۆیۆن ناسراوە): زۆرێک لە شرۆڤەکاران شوێنەکە وەک خوار دیواری باشووری قودسی کۆن دەخەنە ڕوو، کە لە دامێنی چیای زایۆنەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات بە تیرۆپۆیۆن دا تێدەپەڕێ، تا دۆڵی کیدرۆن. هەرچەندە دۆڵی تیرۆپۆیۆن بەزۆری پەیوەندی بە دۆڵی هینۆمەوە نەبووە. چونکە لە سەردەمی ئەحاز و مەنەسەدا، تیرۆپۆیۆن لەناو دیوارەکانی شوورەی شاردا بوو. کەچی قوربانیکردنی منداڵ لە دەرەوەی شوورەی شار ئەنجام دەدرا.

٣ وادی الربابی: دالمان[172] و واتسۆن (١٩٩٢)[173] لەو باوەڕەدان، کە واد الربابی، لەگەڵ دەربڕینی یەشوع دەگونجێ، کە دۆڵی هینۆم لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەڕوات و کەوتۆتە دەرەوەی دیوارەکانی شوورەی شار. بە گوتەی یەشوع، دۆڵەکە لە ئەن-رۆگێلەوە دەستی پێکردووە. ئەگەر بیر ئەیوبی مۆدێرن ئەن-رۆگێل بێت، ئەوا واد الربابی کە لەوێوە دەست پێدەکات، دۆڵی هینۆمە.[174]

ئێستا ناوی دۆڵی هینۆم، بۆ ئەو دۆڵەی دەوروبەری شاری کۆنی ئۆرشەلیم، و چیای زایۆنی تەنیشتی لە ڕۆژئاوا و باشوورەوە بەکاردێ. کە لەگەڵ دۆڵی کیدرۆن بەیەک داگا و تێکەڵ دەبێ، ئەوەش دۆڵێکی سەرەکی دیکەی دەوروبەری شاری ئۆرشەلیمە، و دەکەوێتە گۆشەی

172 Dalman, G. 1930. Jerusalem und sein Gelande. Schriften des Deutschen Palastina-Instituts 4
173 Watson, Duane F. Hinnom. In Freedman, David Noel, ed., *The Anchor Bible Dictionary*, New York Doubleday 1997, 1992.
174 Geoffrey W. Bromiley, *International Standard Bible Encyclopedia*: "E–J." 1982.

باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیمی کۆن. کە ئێستا بە (واد الربابی) ناسراوە (بە عەرەبی: وادي الربابة "دۆڵی ڕەباب"). بەشی باکووری ڕۆژئاوای دۆڵەکە ئێستا پارکێکی شارستانیە.[175]



نەخشەی ئۆرشەلیم، کە دۆڵی هینوم دەکەوێتە وادی الربابی، لە باشووری ئۆرشەلیم

[175] Mitchell, Hinckley G. (1903). "The Wall of Jerusalem According to the Book of Nehemiah". *Journal of Bible Literature*. **22** (2): 108.

مێژووی دۆڵی هینۆم (جەهەنەم)

دۆڵی هینۆم بۆ یەکەمجار لە پەرتووکی پیرۆزی عیبریدا، وەک بەشێک لە سنووری نێوان هۆزەکانی یەهودا و بنیامین باسکراوە (یەشوع ١٥: ٨). لە کۆتاییەکانی سەردەمی پەرستگای یەکەم دەوروبوری ٩٥٧ پ.س.ب، شوێنی تۆفێت[176] بوو، کە هەندێک لە پاشاکانی یەهودا منداڵەکانیان کردبووە قوربانی، و بە ئاگر دەیانسووتاندن (یەرمیا ٧:٣١).[177]

بە پێی ئینسکلۆپێدیای بەریتانی، شوێنی گێ هینۆم (دۆڵی هینۆم یا دۆڵی بن هینۆم)، بەپێی گێڕانەوەی مێژوو، ئیسرائیلیەکانی سەرەتایی، لەو شوێنە منداڵەکانیان کردۆتە قوربانی مۆلۆخ، بەڵام نەوەکانی دواتری بەنی ئیسرائیل لە کتێبی پیرۆزدا، زبڵ و خاشاکی شارەوانی ئۆرشەلیمیان لێ سووتاندووە. و بەپێی تێپەڕبوونی کات، ناوەکەی بۆ گێهەنا (Ge- hinna) گۆڕا. کە ئۆردوگایەکی فراوانە بۆ ئەشکەنجەدانی گوناهکاران بە ئاگر تەرخانکراوە.[178]

دواتر، لە پەیمانی کۆن، لەلایەن پەیامبەر یەرمیا نەفرەتی لێکرا (یەرمیا ١٩ :٢-٦). لە ئەدەبیاتی ڕابینی یەهودی دواتردا، گێهینۆم لە ڕۆژی سەڵای (یوم القیامة) یەهودیان وەک

---

[176] زاراوەی ئینجیلی تۆفێت Tophet لە دینەکۆنەکان، بەو گۆڕەپانە کراوەیە دەگوترا، کە قوربانی بۆ خوداکان لێدەکرا. لە ڕوانگەی دینیەوە، بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرا. بە شێوەیەکی ئاسایی، دەبووە شوێنی پاشماوەی سووتاوی ئاژەڵ و/یان منداڵان.

[177] *Watson E. Mills; Roger Aubrey Bullard (1990). Mercer Dictionary of the Bible. Mercer University Press. p. 319.*

[178] Encyclopedia Britannica

شوێنی مەبەستی گوناهکاران پەیوەست بوو بە سزای خوداییەوە. ئەوەش جیاوازە لە زاراوەی بێلایەن (گۆڕ) کە شوێنی ئارامگرتنی مردووانە.

ئەو دۆڵە، بە پەرستنی مەلۆخ بەناوبانگ بوو. هەر لەبەر دەم پەرستگای مولۆخ ڕیتوالەکانی سوتاندنی منداڵانی قوربانی، لەلایەن دایک و باوکیان بەڕێوە دەبر. دواتر بڕیاردرا، ئەو دۆڵە بکرێتە شوێنی ناشتنی گوناهکاران. لێرە بە دواوە بە دۆڵی هینۆم Ge-hinnom وەک شوێنی سزا، ناسرا.[179]

یەکەم جار ناوی جەهەنەم لەوەوە هات، لە سەردەمی کەنعانیەکان، کەسێک بەناوی هینۆم منداڵێکی خۆی لەبەردەم بوتی مۆلۆخ ، وەک قوربانی سووتاند. بۆیە ئەو شوێنە ئەو ناوەی لێنرا. هەر لە زووەوە بە ناوی دۆڵی هینۆم یا دۆڵی بن هینۆم ناسراوە. کەنعانیەکان لەسەر ئەو ڕیتواڵە بەردەوام بوون. کاتی هەر قوربانیەکیان بۆ خودای بەعل یان خودای مۆلۆخ دەکرد. لە ئاگردانی خودای مۆلوخ، منداڵەکانی خۆیان وەک قوربانی دەسووتاندن.

خودای (مۆلەخ یا مولوخ)، بریتبووە لە بوتێکی گەورە. بەشی خوارەوەی لە شێوەی جەستەی مرۆڤ بووە. و سەری وەک سەری گا بووە.

مۆلەخ ناو جەستەی ئاگردانێکی گەورەی تێدابوو، بە جەهەنەم ناسرابوو. هەروەها لەسەرەوەی ئاگردان، حەوت دەرگای بچووک هەبوون.

جەهەنەم لە تەورات

[179] Jewish Encyclopedia, GE-HINNOM, or GE BEN-(BENE-)HINNOM:

مۆلۆخ، لەدەقەکانی زمانی عیبری بە مۆلیک، و لە ئارامی بە مالیک ناودەبرا. ئەو بوتە لەدوای بەعل، بە دەستەڵاتدارترین خودا بوو. کە کەنعانیەکان قوربانیان بۆ دەکرد. تا لە گوناهیان خۆشبێ.

لە تەورات پەرتووکی پیرۆزی یەهودیان، لە هەردوو پەرتووکی ئەفراندن و دەرچوون، کە دوو لە هەرە کۆنترین پەرتووکەکانی تەوراتن، ناوی جەهەنەم نادۆزرێتەوە. و سزای دوای مردن بوونی نییە. بەڵکوو سزادانی گوناهکاران لە سەرزەوی دانراوە. کەچی لە پەرتووکی سێیەمی تەورات، پەرتووکی لیڤیەکان نەفرەت لە مۆلەخ و سوتاندن دەکا.

پەیمانی کۆن - لیڤیەکان ١٨: ٢١

(٢١) منداڵەکانتان وەک قوربانی بۆ مۆلەخ مەسووتێنە، نەوەک ناوی خودای خۆ بزرێنی.

بەپێی ئەو دەقە بوونی مۆلەخ و سوتاندن، لە سەرەتای دینی یەهودی نەفرەتی لێکراوە. و فەرمان بە دینداران کراوە، کە لە قوربانیدان، و سوتاندنی منداڵان دوورکەونەوە. بەو کارە ناوی خودا دەزرێنن.

لە پەرتووکی دواووتار، پەرتووکی پێنجەمی تەوراتە، فەرمان بە بەنی ئیسرائیل دەکا. کە لە کەنعانیەکان دوورکەونەوە. تێکەڵاویان مەبن. لەبەر ئەوەی خودا نەفرەت لە نەرێتە قێزەوەنەکانیان دەکا. لەوانە منداڵ وەک قوربانی بۆ خودا سووتاندن یان فاڵگرتنەوە، و هتد.

پەیمانی کۆن - دواووتار ١٨: ٩ – ١٣

(٩) کاتێک چوونە ناو ئەو خاکەی کە خودای پەروەردگارتان پێتان دەدات، فێر مەبن وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو نەتەوانە بکەن .(١٠) ئەوانەتان تێدا

نییە کە کوڕەکەی یان کچەکەی وەک قوربانی بسووتێنێ، هەروەها نە ئەوانەی فاڵگرتنەوە دەکەن و نە بەخت خوێندنەوە، و نە جادووگەری و نە سیحربازی، (١١) نە ئەوانەی نوشتە دەکەن و نە ئەوانەی نێوانگر و نە ئەوانەی گیان ئامادەکارن، و نە ئەوانەی ڕاوێژ بە مردووان دەکەن، (١٢) چونکە هەرکەسێک ئەم نەریتانە پەیڕەو بکا لەلای خودا قێزەونە، هەر بەهۆی ئەم نەریتە قێزەونانەیە خودای پەروەردگارتان نەتەوەکان لەبەردەمتان ڕاو دەنێ. (١٣) لەلای خودای پەروەردگارتان بێ کەموکوڕی دەبن.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، و ئەنجامی تێکەڵاوبوونی نەوەکانی یاقوب (بنی ئیسرائیل) لەگەڵ کەنعانیەکان، بە تایبەتی دوای دروستبوونی پاشانیشینی یەهودا و نەوەکانی داود. ئەو کولتوورەش هەنگاو بە هەنگاو، خزایە ناو دینی یەهودی. ئەفسانەی جەهەنەمیش لە ناو پەرتووکی نەبیەکان بەدیارکەوت.

پەیمانی کۆن - دووەم پاشایان ٣: ٢٧

(٢٧) ئینجا کوڕە نۆبەرەکەی، ئەوەی لە جێی ئەو دەبوو بە پاشا، لەسەر شوورەی شارەکە کردە قوربانی سووتاندن. ئەوە بووە تووڕەییەکی گەورە لە دژی ئیسرائیل، پاشەکشەیان لێی کرد و گەڕانەوە خاکی خۆیان.

پەیمانی کۆن - دووەم پاشایان ٢٣: ١٠

(١٠) ئینجا تۆفەتی، دۆڵی جە هینۆمی گڵاوکرد، بۆ ئەوەی کەس کوڕەکەی یان کچەکەی بۆ مۆلەخ وەک قوربانی نەسووتێنێ.

مەنەسە دەبێتە پاشای یەهودا

دوای ئەوەی مەنەسە (manasse) (٦٩٥ – ٦٤٢ پ.س.ب) کوڕی حیسقیا (Hiskia) پاش مردنی باوکی، دەستەڵاتی پاشایەتی ئۆرشەلیمی گرتە دەست، قوربانیکردن و ڕیتوالەکانیتری کەنعانییەکان، بە تێکڕا هاتنە ناو ڕایەڵەی دینی یەهودی و پیرۆزیەکانی.

دووەم پاشایان ٢١: ١ – ٦

پاشایەتی مەنەسە

(١) کاتی مەنەسە بووە پاشا، کوڕێکی دوازدە ساڵان بوو. پەنجا و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی حەفچیڤا بوو .(٢) لەبەرچاوی خودا خراپەکاری دەکرد، وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کە خودا لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون .(٣) جا گەڕایەوە و ئەو پەرستگایەکی لە سەر بەرزایی بنیاد نایەوە، کە حەزقیای باوکی وێرانی کردبوون، هەروەها چەند شوێنی قوربانی بۆ بەعل دانا و ستوونە ئەشێرایەکی دروستکرد، وەک ئەوەی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل دروستی کردبوو، کڕنۆشی بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان برد و ئەوانی پەرست .(٤) چەند قوربانگایەکیشی لە پەرستگای خودا بنیاد نا، ئەوەی خودا فەرمووی، ناوی خۆم لە ئۆرشەلیم دادەنێم .(٥) لە هەردوو حەوشەکەی پەرستگای خودا قوربانگای بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان بنیاد نا .(٦) کوڕەکەی خۆشی وەک قوربانی سووتاند، بەختی خوێندەوە و فاڵی گرتەوە، نێوانگر و ڕۆح ئامادەکاری بەکارهێنا، لەبەرچاوی یەزدان خراپەی زیاتریشی کرد بۆ پەستکردنی.

دوای مەنەسە قوربانی لە جەهەننەم نەما. بەڵام ناوی جەهەنەم بۆ هەتاهەتایە، وەک تۆقاندن و ئاگری خودا، هاتە ناو دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان.

شوێنەواری گۆڕەکانی دۆڵی هینۆم لە باشووری ئۆرشەلیم،

کە گەشتیاران ساڵانە سەردانی دەکەن

گێ هینۆم لە بواری شوێنەوارناسی

بابەتی سەرەکی: تۆفێت

قوربانیکردنی منداڵ لە تۆفێتەکانی تر کە هاوچەرخ لەگەڵ گێژانەوەی پەرتووکی پیرۆز (٧٠٠-٦٠٠ پ.س.ب) لە سەردەمی ئەحاز و مەنەسە دامەزراوە، هاوشێوەی ئێسکی منداڵان، کە لە تۆفێتدا قوربانی خوداوەند تانیت لە قیرتاجی فینیقی[180]، و هەروەها قوربانیکردنی منداڵان لە سوریا - ئیسرائیلی کۆن. زانایانی وەک مۆسکا (1975) گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەو قوربانیانەی لە تەوراتی عیبریدا تۆمارکراون، وەک سەرنجی یەرمیا کە دەڵێت پەرستیارانی بەعل "ئەم شوێنەیان پڕکردووە لە خوێنی بێتاوانەکان". [181]

لەگەڵ ئەوەشدا، وشەکانی پەیمانی کۆن، لە پەرتووکی یەرمیا، باس لەو ڕووداوانە دەکەن کە لە سەدەی حەوتەمی پ.س.ب، لە شوێنی بن هینۆم ڕوویانداوە:

چونکە ئەوان [ئیسرائیلییەکان] وازیان لە من هێناوە. و ئەمەیان کردووە بە شوێنێکی نامۆ و قوربانییان بۆ خوداوەندەکانی تر تێدا سووتاندووە. کە نە خۆیان و نە باوباپیرانیان و نە پاشاکانی یەهودا نەیانزانیبوو، چۆن ئەو شوێنەیان پڕکردووە لە خوێنی بێتاوانان و شوێنە

---

[180] قیرتاج دەکەوێتە وڵاتی تووونس نزیک شاری تووونسی پایتەخت.

[181] - P. Mosca, 'Child Sacrifice in Canaanite and Israelite Religion: A Study on Mulk and "pa' (PhD dissertation. Harvard University, Cambridge, MA, 1975)

- Susan Niditch *War in the Hebrew Bible: A Study in the Ethics of Violence* 1995 p. 48 "An ancient Near Eastern parallel for the cult of Molech is provided by Punic epigraphic and archaeological evidence (Heider:203)

بەرزەکانی بەعلیان دروستکردووە، بۆ ئەوەی کوڕەکانیان لە ئاگردا وەک قوربانی بۆ خودای بەعل بسووتێنن. شتێک کە هەرگیز فەرمانم نەداون و باسم نەکردووە، بیریشم لێنەکردۆتەوە. بۆیە تەنیا چاوەڕوانبە ڕۆژێک دێ یەزدان دەڵێت: کە ئەم شوێنە چیتر ناوی تۆفێت یان دۆڵی بن هینۆم نامێنێ ، بەڵکو زیاتر دۆڵی سەربڕین. بەو پێیەش دەبێ پەرستنی مۆلۆخ لە دۆڵی هینۆم لە تۆفێت ڕوویدابێ.

هیچ بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی وەک گۆڕی بەکۆمەڵی منداڵان لە گێ هینۆم تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. بەڵام بە لێکدانەوەی پسپۆران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەری ترسێکی زۆر هەیە. کە دۆزینەوەیەکی لەو شێوەیە، بەهۆی مێژووی کۆنی شارستانی و زۆری دانیشتوانی شاری ئۆرشەلیم و ناوچەکانی دەوروبەری بخاتە مەترسی. چونکە ناتوانرێ، بەراوردی ئۆرشەلیم لەگەڵ ئەو تۆفێتە بکرێ، کە لە قیرتاج/ تونس دۆزرایەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و وورد. لە ڕووی شوێنەوارناسیەوە هەڵکۆڵین لە شوێنە نەکەن.

چمکی گێهینۆم لە پەیمانی کۆن دا

کۆنترین ئاماژەی مێژووپی بۆ دۆڵی هینۆم لە یەشوع ١٥:٨، ١٨:١٦دا دەبینرێت کە باس لە سنووری هۆزەکان دەکەن. ئاماژەی داهاتوو بە ڕێکوپێکی بۆ دۆڵەکە لە سەردەمی پاشا ئەحازی یەهودایە. کە کوڕەکانی خۆی لەوێ کردنە قوربانی بەپێی پەیمانی کۆن پوختەی مێژوو ٢٨: ٣

(١) ئاحاز گەنجێکی بیست ساڵان بوو کاتێک بوو بە پاشا، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. بە پێچەوانەی داودی باپیرە گەورەی، ئەوەی لەبەرچاوی خودا ڕاست بوو نەیکرد .(٢) بەڵکو هەمان ڕێچکەی پاشاکانی

ئیسرائیلی گرتەبەر و چەند بتێکی دارێژراویشی بۆ بەعلەکان دروستکرد .(٣) ئەو بوو کە لە دۆڵی بەن‌هینۆم بخووری سووتاند و کوڕەکانی خۆشی کردە قوربانی سووتاندن، وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کرد کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردن .(٤) هەروەها لە نزرگەکانی سەر بەرزایی و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند.

مشتومڕ لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە کە ئایا دەستەواژەی (منداڵەکان بۆ قوربانی بە ئاگر بسووتێن) ئاماژەیە بۆ ڕیتوالێکی دینی، کە تیایدا، کاهینی تۆفەتی مۆلۆخ، منداڵەکەی لە نێوان دوو هێڵی ئاگردا بەڕێ دەبرد، یان قوربانیکردنی منداڵ بە شێوەیەک، کە تێیدا منداڵەکە فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەکەوە .

لە پەرتووکی ئیشایا بە ناوی گێ هێنیۆم باسی نەکراوە، بەڵکو ڕاست دەڵێ "شوێنی سووتاندن"

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٣٠: ٣٣

(٣٣) چونکە چاڵی تۆفەت لەمێژە ڕێکخراوە، بۆ پاشا ئامادە کراوە، قووڵە، بەرینە، کەڵەکە کراوەکەی ئاگرە و داری زۆرە. هەناسەی خودا، وەک ڕووباری گۆگردە گڕی تێبەردەدات.

لەو پرگەیە، باسی بڕیاری سوپای ئاشووری دەکا، کە دەبێ لەناوبرێت، و لە تۆفەت بسووتێندرێن. پەرەگرافی کۆتایی ئیشایا کە پەیوەندی، بەوانەوە هەیە کە دژی خودا یاخیبوون.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٦٦ :٢٤.

(٢٤) دەچنە دەرەوە و لاشەی ئەو خەڵکانە دەبینن کە لە من یاخی بوون، چونکە کرمەکانیان نامرن و ئاگریان ناکوژێتەوە و بۆ هەمووان دەبن بە قێزەون.

تەرگوم

دۆڵی هینۆم، ساڵی ١٨٥٤

وەرگێڕانەکانی کۆن و وەرگێڕانی ئارامیی پەرتووکی پیرۆز (تەورات) کە بە تەرگوم ناسراوە، زۆرجار زاراوەی "گەهینۆم" بۆ ئەو پەرەگرافانە دادەنێن، کە دەست دەخەنە سەر زیندووبوونەوە، و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گوناهکاران. ئەوەش ڕەنگە زیادکردنی دەستەواژەی "مەرگی دووەم"یش لەخۆبگرێت، وەک لە کۆتا بەشی پەرتووکی ئیشایادا لە زمانی عیبری، نە باسی گێهینۆم و نە باسی مردنی دووەمی کردووە، لەکاتێکدا تەرگومەکان هەردووکی زیاد دەکەن. لەم بابەتەدا تارگومەکان هاوتەرین لەگەڵ زیادکردنی "گەهەنە"ی ئینجیلی مارکوس بۆ وەرگێڕانی ئایەتەکانی ئیشایا کە باس لە تەرمی مردووەکان دەکەن (کە کرمیان تێدا نامرێ).[182]

بۆ ئەوەش بەڵگە هەیە کە لای باشووری ڕۆژئاوای ئەم دۆڵە (کێتێف هینۆم) شوێنێکی، تایبەت بە ناشتن بووە. و ژووری ناشتنی زۆری تێدابووە. ئەو ژوورانە لەلایەن نەوەی خێزانەکانەوە، لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی پێنجەمی پ.س.ب بەکارهێنراون. بەکارهێنانی ئەم ناوچەیە بۆ گۆڕەکان تا سەدەی یەکەمی پ.س.ب و دواتریش هەر بەردەوام بووە. تا ساڵی ٧٠ی س.ب، ناوچەکە تەنیا شوێنی ناشتن نەبوو. بەڵکو شوێنێک

[182] McNamara, *Targums and Testament*,

بوو بۆ سووتاندنی مردووان. لەگەڵ هاتنی لەشکری دەیەمی ڕۆمانی کە تاکە گروپ بوون، بەوە ناسرابوون مردووەکانیان لەم ناوچەیەدا دەسووتاند.[183]

لە کۆتاییدا زاراوەی عیبری گێهینۆم[184] بوو بە ناوێکی خوازراوە، بۆ شوێنی پاککردنەوەی گیانی مردووە گوناهبارەکان لە دینی یەهودی. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی یەهودی، ماوەی پاککردنەوە یان سزادانەکەی تەنیا بۆ 12 مانگ سنوردار بووە. و هەموو ڕۆژێکی شەممە لە سزادان وەدەر دەنرێ. لەکاتێکدا فەرمان بە ئاگری گێهینۆم دەکرێ. و ئەشکەنجەکانی لە ماوەی ڕۆژی شەممە ڕادەگیرێ. ئەو گیانانەی کە لەوێ خزمەت دەکەن، ئازاد دەکرێن. بۆ ئەوەی بەسەر زەویدا بگەڕێن. دوای ئەمە گیان دەچێتە سەر ئۆلام ها-با (Olam Ha.Ba) (جیهانی داهاتوو)، لەناو دەچێ، یان لە دۆخێکی هۆشیاری پەشیمانیدا، لەژیان بەردەوام دەبێ.[185] گێهەنا بەهۆی دیاربوونی نەخۆشی لە دەقە دینیە یەهودیەکاندا بۆتە نیشانەی "دۆزەخ".

دینی کریستیانی (پەیمانی نوێ)

دوای پەیدابوونی کریستیانی، گێهەنا (دۆزەخ) وەک بەشێک لە سزای گوناهکاران، لە ناو هەر چوار ئینجیلە قانوونیەکان و نامەکانی تر بەردەوام ناوی هاتووە. زاراوەی گێهەنا لە ئینجیلی کریستیانی، ١٣ جار لە ١١ پەرەگرافی جیاوازدا هاتووە. هەرچەندە ئاماژەیەکی

[183] Gabriel Barkay, "The Riches of Ketef Hinnom." *Biblical Archaeological Review* 35:4–5 (2005): 22–35, 122–26.
[184] *Gehinnom". Judaism 101. Gehinnom is the Hebrew name; Gehenna is Yiddish.*
[185] *"Judaism 101: Olam Ha-Ba: The Afterlife".*

مێژووێی یان جوگرافی نادا، بەڵام بە هەمان مانای دۆڵی هینۆم، یان دۆڵی کوڕی هینۆم هاتووە.

لە ئینجیلەکانی سینۆپتیکدا[186] نووسەرانی بە جیاواز، لە یەکتری باسی یەسو دەکەن. کە یەهودی بووە، ووشەی گێهینۆمی بەکارهێناوە، بۆ باسکردنی پێچەوانەی ژیان لە شانشینی خودا. زاراوەی گێهەنا (دۆزەخ) لە هەندێ بەکارهێنانی ئینجیلی کریستیانی، لە ئاماژەپیکردندا، وەک شوێنێک دەیخاتە ڕوو. کە دەتوانرێ هەردوو گیان و جەستە، لەناو ئاگرێکی بەگڕی نەکوژاوەدا دەسووتێن و لەناودەبرێن.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ١٠: ٢٨

(٢٨) لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە گێهینا لەناوبەرێ.

بەکارهێنانی گێهەنا، لە ئینجیلەکانی کریستیانی، بە زۆری، وەک ئامۆژگاری و ترساندنی، لایەنگرانی دین بەکاردێ، بۆ ئەوەی ژیانێکی خوداپەرستی بەسەر بەرن. ئەوەش چەندین نموونە لەسەر گێهەنا لە پەیمانی نوێی کریستیانی:

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ١٨: ٩

(٩) ئەگەر چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیدە. باشترە بە یەک چاو بچیتە ناو ژیانەوە، لەوەی بە دوو چاوەوە بخرێیتە ئاگری گێهەنا (دۆزەخ).

---

[186] سێ لە چوار ئینجیلە قانوونیەکان، مەتیاس، مارکوس و لوکاس، بێجگە لە یۆهانێس.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ٥: ٢٢

(٢٢) ئەو کەسەی بە براکەی دەڵێ (هیچوپووچ)، دەبێ بدرێتە سەنهەدرین. ئەوەی دەڵێ (گێلە)، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری گێهەنا (دۆزەخەوە).

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ٢٣: ٣٣ بۆ فەریسیەکان

(٣٣) ئەی مارینە! ئەی بێچووە ماران! چۆن لە سزای گێهەنا (دۆزەخ) هەڵدێن؟

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ٩ :٤٥

باشترە بۆ تۆ بە چەقۆ بچیتە ژیانەوە، لەوەی دوو پێت هەبێ و فڕێ بدرێتە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ٩ :٤٧

باشترە بۆ ئێوە بە یەک چاو بچنە ناو شانشینی خودا، لەوەی دوو چاوتان هەبێ و فڕێ بدرێنە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی لوکاس ١٢ :٥

لەو کەسە بترسن کە دوای کوشتنی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە فڕێی بداتە گێهەنا (دۆزەخ)، بەڵێ پێتان دەڵێم لێی بترسن.

لە هەندێ شوێنی ئینجیل، باسی تۆقاندنی ئاگری گێهەنا (دۆزەخ) دەکا، بەبێ ئەوەی ناوی گێهەنا بێنێ.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ٩: ٤٣

باشترە بۆ تۆ بە پەککەوتە بچیتە ژیانەوە، لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە ناو ئاگری نەکوژاوە.

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانێس ١٤:

(١٠) ئەویش شەرابی تووڕەیی خودا دەخواتەوە، کە بە سادەیی لە جامی تووڕەییەکەی ڕژاوە. لەبەردەم فریشتە پیرۆزەکان و بەرخەکەدا بە ئاگر و گۆگرد ئازار دەدرێت .(١١) دووکەڵی ئازاریان بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە. ئەوانەی کڕنۆش بۆ درندەکە و پەیکەرەکەی دەبەن، ئەوەی نیشانەی ناوەکەی وەربگرێت شەو و ڕۆژ پشوویان نابێت.

کتێبێکی دیکە کە وشەی گێهەنە لە پەیمانی نوێدا بەکاردەهێنرێت، لە نامەی یاقوب دایە:[187]

پەیمانی نوێ - نامەی یاقوب ٣: ٦

(٦) زمان ئاگرە، جیهانێکە لە خراپە لەنێو ئەندامانی لەشمان. زمان هەموو لەش گڵاو دەکات، ئاگر لە ژیان بەردەدات و خۆی بە گڕی گێهەنا (دۆزەخ) دادەگیرسێ.

نامەی دووەمی پەترۆسی ٢: ٤

(٤)خودا بەزەیی بەو فریشتانەدا نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو فڕێیدانە گێهەنا (دۆزەخ) و لەنێو تاریکیدا بەندی کردن و بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە هەڵیگرتن

[187] G1067 – geenna – Strong's Greek Lexicon (KJV)". Retrieved 10 November 2017.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ٥: ٢٩ - ٣٠

(٢٩) ئەگەر چاوی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێی دە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێ، لەوەی هەموو جەستەت فڕێبدرێتە ناو گێهەنا (دۆزەخ). (٣٠) ئەگەر دەستی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو جەستەت بچێتە گێهەنا (دۆزەخ).

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ١٠ :٢٨

بەڵکو لەو کەسە بترسن کە توانای لەناوبردنی هەم گیان و هەم جەستەی هەیە لە گێهەنا.

لە سەرجەمی ئینجیلی کریستیانی زاراوەی گێهەنا (دۆزەخ) وەک ناوێکی خوازراوە بۆ سزای تۆقێنەری گوناهکاران بەکاردێ، کە لە ڕیگایەوە، هەم ئامۆژگاری دەکا و هەم وەک ئامرازێکی تۆقێنەر نیشان دەدرێ.

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، نووسەری قورئان، نەک تەنیا باسی دۆزەخ (جهنم)دەکا، بەڵکوو ناوی (مەلۆخ) یش، کە خودای سوتاندنی کەنعانیەکانە دێنێ. و وەک پاسەوانی ئاگردانی دۆزەخ باسی دەکا.

سورة الزخرف ٤٣: ٧٧

وَنَادَوۡاْ يَـٰمَـٰلِكُ لِيَقۡضِ عَلَيۡنَا رَبُّكَۖ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ (٧٧)

هاوار دەکەن، ئەی مالیک (مەلۆخ) لێگەڕێ، با خوداکەت کۆتاییمان پێبێنێ.

ئەویش پێیان دەڵێ: ئێوە تێیدا دەمێننەوە (مەبەستی جەهەنەمە) (٧٧)

لەلایەک نووسەری قورئان گشت دینە فرەخوداییەکان ڕەتدەکاتەوە، کەچی بێ ئاگا لەوەی وەک پاسەوانی ئاگر و نوێنەری خودا باسی مەلۆخ دەکا.

بەپێی ئایەتەکانی قورئان و باسی دۆزەخ، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە خودای ئیسلام، گشت بوونەوەرانی بۆیە دروستکردوون، تا بە کوشتن و سوتاندنیان دەروونی خۆی ئارامکاتەوە. ئەی بۆ دەڵێن خودا میهرەبانە؟ ئەگەر وابێ چ پێویستی بە ئەشکەنجە و سوتاندنی مرۆڤ هەیە؟ دۆزەخی قورئان ئەوەندە ترسناکە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەراوردی لەگەڵ دەروونی خودایەکی میهرەبان بکرێ.

سورة الحاقة ٦٩: ٣٠ – ٣٣

خُذُوهُ فَغُلُّوهُ (٣٠) ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ صَلُّوهُ (٣١) ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَٱسْلُكُوهُ (٣٢) إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ ٱلْعَظِيمِ (٣٣)

بیگرن و کۆتبەندی کەن (٣٠) ئەوسا بیخەنە ناو (جهنم) دۆزەخ (٣١) ئەوسا زنجیرێک، درێژیەکەی حەفتا گەزە تێی ببرن (٣٢) چونکە باوەڕی بە خودای مەزن نەهێنا (٣٣)

خوداکەی ناو قورئان، جیاوازی بە دۆست و دوژمن ناکا. ئەو تەنیا خوێن و ئەشکەنجەی هەتاهەتایی دەوێ. تەنانەت بەوەش نەوەستاوە، دۆزەخەکەی ئەوەندە گەورەیە، هەر بەشێکی یا نهۆمێکی ناوی تایبەتی و شێوەی ئەشکەنجەدانی خۆی هەیە.

لە قورئاندا دۆزەخ ئەو ماڵەیە، کە خودا بۆ گشت ئەوانەی داناوە، بەپێی قورئان دوژمنی خودا و پەیامبەرەکەین. لەئایەتەکانی قورئاندا، زیاتر دەڕوا. و دوژمن و تاوانبارانی دابەشی

چەند گرووپ کردوون. و هەر گرووپەی جۆری جیاواز لە ئازاردان و ئەشکەنجە هەیە. کە مرۆڤ بەرگەی ناگرێ.

جۆرەکانی دۆزەخ لە قورئان

لە قورئاندا چەندین جۆر ئەشکەنجەدان هەیە، کە خودا پەیمانی داوە بە ئەوانەی سەرپێچی دەکەن. و لێی یاخی دەبن:

یەکەم دۆزەخ (جهنم)

سورة الحجر ١٥: ٤٣ - ٤٤

وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ (٤٣) لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَٰبٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ (٤٤)

بە دڵنیاییەوە دۆزەخ (جهنم) جێگای هەموویان دەبێ. (٤٣) و دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە، وە بۆ هەر دەرگایەکی بەشێکی دابەشکراو هەیە.(٤٤)

دووم سقر

سورة المدثر ٧٤: ٢٦ – ٢٩

سَأُصْلِيهِ سَقَرَ (٢٦) وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ (٢٧) لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ (٢٨) لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ (٢٩)

هەردەبێ، لە سەقەر بیسووتێنم (٢٦) و تۆ جوزانی سەقەر چییە؟ نایهێڵێ و لەناویشی نابا (٢٨) داخکەری مرۆڤە (٢٩)

سێیەم السَّعير

سورة الشورى ٤٢: ٧

وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ (٧)

بەمجۆرە قورئانێکی عەرەبیمان بە وەحی بۆ نارد، بۆ ئەوەی دایکی گوندان و خەڵکی دەوروبەری ئاگادارکەیتەوە. ئاگاداری سەبارەت بە ڕۆژی گردبوونەوە بدەی. گومانی تێدانییە دەستەیەکیان بەهەشتین و دەستەیەکیشیان لە دۆزەخ (السعير) (٧)[188]

چوارەم الجحيم

سورة النازعات ٧٩: ٣٧ – ٣٩

فَأَمَّا مَن طَغَىٰ (٣٧) وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا (٣٨) فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ (٣٩)

بەڵام ئەو سەرکێشیکردووە (٣٧) ژیانی دونیای پێشخستووە (٣٨) لەڕاستیدا دۆزەخ (الجحيم) مۆڵگەی دەبێ (٣٩)

پێنجەم الحطمة

سورة الهمزة ١٠٤: ٣ – ٧

[188] ووشەی السعير لە چاوگی (سعر) گەردێندراوە. بە مانای ئاگرکردنەوە و فوودانی دێ. هەروەها بە مانای گڕی بە تینیش دێ. السعير واتە ئاگرێکی بەتین و بڵێسەی بە هێز بسووتێ.

يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ (٣) كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ (٤) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ (٥) نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ (٦) ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ (٧)

وا دەزانێ سامانەکەی، لە مردنی دەپارێزێ (٣) نەخێر فڕێدەدرێتە ناو پڵقێنەر (الحطمة)(٤) کوا دەزانی پلیقێنەر چییە (٥) ئاگرێکە خودا هەڵگیرساندووە (٦) بەسەر پەڕی دڵان دادێ (٧)[189]

شەشەم لظی[190]

سورة المعارج ٧٠: ١٥ – ١٧

كَلَّآۖ إِنَّهَا لَظَىٰ (١٥) نَزَّاعَةٗ لِّلشَّوَىٰ (١٦) تَدۡعُواْ مَنۡ أَدۡبَرَ وَتَوَلَّىٰ (١٧)

نەخێر، ئەوە بڵێسی ئاگرە (لظی) (١٥) پێستی سەر و ئازای ئەندامی دادەڕێ (١٦) بانگی کەسێک دەکا، کە پشتی لە دینکردووە، و ئاوڕی لێنەدایەوە (١٧)

حەوتەم الهاوية

سورة القارعة ١٠١: ٨ - ١١

وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٨) فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ (٩) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ (١٠) نَارٌ حَامِيَةُۢ (١١)

هەر کەسێ لە کێسانە سووکی هێنا (٨) ئەوە ئەنوای دۆزەخ (هاوية) دەبێ (٩) و تۆ چوزانی کە هاویە چییە؟(١٠) ئاگرێکی بە نێڵەیە (١١)

والهاوية لە چاوگی (هوي) هاتووە. و بەمانای کەوتن دێ، لەبەر ئەوەی بێدین و

---

[189] ووشەی (الحطمة) لە ووشەی (حطم) هاتووە.، بە مانای شکاندن و وورد و خاشکردن. هەندێک بە مانای شکاندنی شتی ووشک ڕاڤەیان کردووە.

[190] ووشەی (لظی) لە بنەڕەتدا بە ئاگر یان گڕی ئاگری بەتین دێ.

تاوانباران وەک چۆن منداڵ بەردەبێتەوە کۆشی دایکی. ئەوانیش بەو شێوەیە دەکەونە ناو باوەشی ئاگری دۆزەخی هاویة.

دەرگاکانی دۆزەخ

لە هەندێک ئایەت باسی ئەوە دەکا، کە دۆزەخ دەرگای هەن. بەڵام نازێن چەند دەرگان. کەچی تەنیا لە یەک ئایەت باسی ژمارەی دەرگاکان دەکا.

سورة الحجر ١٥: ٤٣ - ٤٤

وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ (٤٣) لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ (٤٤)

دۆزەخیش جێژوانی هەموویانە (٤٣) دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە. و بۆ هەر دەرگایەکی پاژێکی لێ بەشکراوە (٤٤)

هەرچەندە نازێ حەوت دەرگا چین؟ بەڵام کە دەڵێ حەوت دەرگایە، نەک حەوت دەرگای هەیە. دەبێ مەبەستی نهۆم (طبقات) بێ. کە لە چەندین ڕیوایەتیش باسیان دەکا.

دوو ڕای جیاواز سەبارەت بە دۆزەخ، لای ڕاڤەکاران هەن:

ڕای یەکەم: دۆزەخ حەوت نهۆمە، لەسەر یەکتری، ئەو نهۆمانە بە (الدرکات) ناو دەبرێن. بەو مانایەش:

سورة النساء ٤: ١٤٥

إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا (١٤٥)

دیارە ئەو کەسانەی دووڕوون، وان لە نهۆمی (الدرک)[191] لەهەرە ژێرەوەی دۆزەخن، تۆ ناتوانی یاریدەدەریان بۆ پەیداکەی (١٤٥)

ڕای دووەم: دۆزەخ دابەشی سەر حەوت نهۆم کراوە. هەر نهۆمەی بریتییە لە چەند بەشێک. یەکەم جهنم، دووەم لظی، سێیەم الحطمة، چوارەم السعیر، پێنجەم سقر، شەشەم جحیم و حەوتەم و کۆتایی الهاویة.

سورة الحجر ١٥: ٤٤

لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ (٤٤)

حەوت دەرگای هەن، و بۆ هەر دەرگایەکی بەشێکی دابەشکراوی هەیە (٤٤)

بەو مانایە خراپەکاران بە گرووپی جیاواز دادەنرێن. هەر گرووپێک بەپێی تاوانەکانی دەخرێتە یەک لەو بەشانەی دۆزەخ. سزاکانیشیان لە جیهانی دواڕۆژ وەک یەک نییە. جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

لە قورئانی مەککە هەندێ ئایەت، سەبارەت بە دۆزەخ هاتوون. ئەوانە زۆرتر بۆ ئەو کەسانە هاتوون کە دژایەتی محمد و پەیامەکەیان دەکرد. نەک ئەوانەی تووشی تاوان یا گونهێک دەبوون. کەچی لە قۆناخی مەدینە، دۆزەخ توند و تیژتر و پڕ ووردەکاریترە. ئەو ئایەتانە، باس لە دۆزەخ و تۆقاندن دەکەن، تا دەگاتە ئارەزووەکانی پاشایەتی محمد.

---

[191] لە زمانی عەرەبی هەنگاوەکانی بەرەو سەرەوە دەڵێن (الدرجة) بەلام بە هەنگاوەکانی لە سەروە بۆ خوارەوە دەڵێن (الدرکة).

دۆزەخی قورئان بۆ ئەوانە دروست کراوە کە باوەڕیان بە مەحەممەد و پەیامبەرایەتی نیە، و هەوڵ دەدەن گاڵتە بە کەسایەتی خۆی بکەن.
بۆ نموونە سورەتی المسد.

لەلایەکیتر بە پێی ئایەتەکانی قورئان، دۆزەخ جێگای دوورووە، بێدین، گاور و دوژمنانی خودایە. ئەوانەی کە خراپەی خودایان دەوێ. و درۆ بە دەم خوداوە هەڵ دەبەستن. بۆ ئەو کەسانەیە کە لە مەیدانی شەر، پشت لە دوژمن دەکەن، بۆ ئەوانەیە کە لە ماڵ دەمێنەوە و لە پێناوی مەحەممەددا شەرناکەن و پارە و زێر و زێوەکانیان شاردۆتەوە. و نایدەن بە مەحەممەد کە خەرجیان بکا. بۆ ئەو کەسانەیە کە تۆبە ناکەن. و نکۆڵی لە خودا و پەیامبەر دەکەن.

لە سورەتی التوبة بە ئاشکرا باس لەو کەسانە دەکا. کە بۆ پەیامبەر شەر ناکەن. و پارەکانیان لە رێگای ئامانج و مەبەستەکانی پەیامبەر و خودا بە کار ناهێنن، جێگایان لە دۆزەخە و چاوەروانی ئازاری قورسی خودا بن.

سورة التوبة ٩: ٨١

فَرِحَ ٱلۡمُخَلَّفُونَ بِمَقۡعَدِهِمۡ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلۡحَرِّۗ قُلۡ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرّٗاۚ لَّوۡ كَانُواْ يَفۡقَهُونَ (٨١)

جێهێڵدراوەکان دڵیان بە مانەوەیان لەدوای پەیامبەری خودا خۆشبوو. و پێیان خۆش نەبوو، بەسامانەکانیان، و خودی خۆیان، لە پێناوی خودا

جیهاد بکەن. و گوتیان: لە گەرمادا مەڕۆن، بڵێ: ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە. ئەگەر درکیان بکردایە (٨١)

القرآن الكريم - سورة الزمر ٣٩: ٢٦

أَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْيَ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ (٢٦)

جا خودا ڕیسوایی ژیانی دونیای پێچەشتن، و بە دڵنیاییەوە لە کۆتاییش گەورەترە، گەر بزانن (٢٦)

لە قورئاندا لە سورەتی الصافات و الدخان، باسی درەختی زەقوم دەکا. الطبري دەڵێ مەبەستی ئەبو جەهل بووە، لەبەر ئەوەی بە گاڵتە بە موسوڵمانانی گوتووە، هاورێکەتان دەڵێ لە دۆزەخ درەختێک هەیە. ئاگریش دەخوا. بۆیە ئایەتی ٦٢ هات کە تیایدا سەبارەت بە درەختی زەقوم ڕوونکراوەتەوە.[192]

٤٣ الزقوم مێوەی درەختێکی پیسە لە ناخی ئاگر دەردەچێ، مێوەیەکی قێزەوەنی هەیە. بەڵام دۆزەخیەکان هیچیتریان نییە بیخۆن، بۆیە ناچارن ئەو مێوەیە بخۆن، لەبەر ئەوەی نەفرەتیان لێکراوە. درەختی زەقوم، درەختێکە لە ئاگر دەڕوێ.[193]

طبري ئەوەشی لەسەر زیاد دەکا، دەڵێ ئەگەر یەک دڵۆپ لە زەقومی دۆزەخ، دابەزێتە زەوی ژیانی خەڵکی وێران دەکا.[194]

بەپێی تفسیر الجلالین درەختی زەوقم بۆ ئەبو جەهل دانراوە، کە لە دۆزەخ دەرخواردی

---

[192] تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء التاسع عشر، ص ٥٥٢.

[193] أسعد حومد، أيسر التفاسير لأسعد حومد، صفحة ٤٣٣٦

[194] تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء الحادي و العشرون، ص ٥٤

بدرێ. لە قوڵایی دۆزەخ درەختی زەقوم ڕواوە. کە گەڵاکانی لە شێوەی سەری دێون. خۆراکی دۆزەخیان میوەی ئەو دارەیە، کە لەگەڵ چڵک و برین و پیساییەکانیتر دەیخۆن.[195]

لەو کاتەدا، دەرگایەک بەرەو دۆزەخ دەکرێتەوە و ئەو دەنگی ددانەکانی دۆزەخ دەبیسێ کە ئامادەن بۆ خواردن و ورد کردنی گۆشت و ئێسکی ئەو. لە قەراخ ئەو دەنگەدا گڕەکانی ئاور هێرش دێنن بۆ لایی و دیوارەکانی قەبرەکە تەنگ دەبێتەوە و ئێسکەکانی دەشکێن.

[195] جلال الدين المحلي ، تفسير الجلالين، صفحة ٦٥٩.

ڕۆژی پەسڵان (القيامة) لە قورئاندا

بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، ڕۆژی پەسڵان ڕۆژێکە کە خودا دادەنیشێ، و داوەری دەکات. ئەو کەسانەی کە باوەریان بە مەحەممەد و ئیسلام هەیە، بە ڕێزەوە دەنێردرێن بۆ بەهەشت. و ئەوانەی کە باوەڕیان پێی نیە، ڕەوانەی دۆزەخ دەکرێن.

پەیامبەر سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆژی قیامەت باسی هێندێ شت دەکات کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین؛ کە بۆمان دەردەخەن کە چۆن زیاتر لە یەک میلیارد موسڵمان ئەو قسە خەیاڵی و دوور لە زانستیانەیان قەبووڵن و باوەریان پێن.

سورة التكوير ٨١: ١ - ١٤

إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ (١) وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ (٢) وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ (٣) وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ (٤) وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ (٥) وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ (٦) وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ (٧) وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ (٨) بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ (٩) وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ (١٠) وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ (١١) وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ (١٢) وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ (١٣) عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ (١٤)

ئەو کاتەی ڕۆژ لوولدەدرێ (١) و ئەوکاتەی ئەستێرە غلۆردەبنەوە (٢) ئەوکاتەی چیاکان ناهێلدرێن (٣) ئەوکاتەی وشتری ئاوس بەرداوێن (٤) ئەوکاتەی درۆندەکان کۆکرانەوە (٥) ئەو کاتەی دەریاکان گڕدەگرن (٦) ئەوکاتەی خودەکان جووت دەکرێن (٧) ئەو کاتەی زیندەباچاڵ پرسیاری

لێدەکرێ (٨) بەکامە گوناه کوژرا (٩) ئەوکاتەی پەڕاوەکان دەکرێنەوە (١٠) ئەوکاتەی ئاسمان دەپچڕێتەوە (١١) ئەوکاتەی دۆزەخ دادەگیرسێ(١٢) ئەوکاتەی بەهەشت نزیکدەبێتەوە (١٣) خودەکان زانیان چیان ئامادەکردووە (١٤)

ئەو دەربڕینەی قورئان و نووسەرەکەی، سەرچاوەکەی لە ئینجیلی کریستیانیەوە هاتووە:

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانیس ٢: ١١ - ١٥

دادگاییکردنی مردووان

(١١) پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، شوێنی دیکەیان بۆ خۆیان نەدۆزییەوە .(١٢) مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە، لەبەردەم تەختەکەدا ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەڕتووکەکان نووسراوە بڕیان لەسەر دەدرا .(١٣) دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان، مردووەکانی خۆیان دایە دەست. و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی بڕیاری لەسەر دەدرا .(١٤) مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچە ئاگرەکە. ئەم دەریاچە ئاگرە مردنی دووەمە (١٥) هەرکەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا تۆمار نەکرابوو، فڕێدرایە دەریاچە ئاگرەکە.

دواتر ژنان و پیاوان چەندین ساڵ لە بارەگای خودادا ڕاوەدەستن، چونکە خودا هیچ پەلەیەکی نیە بۆ بەرێوە بردنی کارەکانی. ڕۆژ ئەوەندە لە خەڵک نزیک دەبێتەوە کە شۆقەکەی چاوەکان کوێر و تینەکەی مێشکەکان قاڵ دەکات. کەلە سەری بێدینەکان وەک

کۆزەڵەیەکی لێدێ کە لە سەر ئاگر دەکوڵێ. خەڵک تێنو و برسی دەبن. ئەوەندە جەماوەر زۆرە، کە زۆر کەس دەکەونە هەناسە برکە و هەناسە کەم دێنن. رووبەرووی جەماوەر؛ دۆزەخ وەک حەیوانێکی ترسناک لە سەر چوار پێیەکانی راوەستاوە؛ کە بە میلیۆنان فریشتە و هەزاران زنجیر دەیانە پێش. و کاتێ کافرەکان سەرەوبن دەبن و دەخرێنە دۆزەخ، دەنگی زنجیر و ئاخ و مەنجەڵی ئاورەکان دەبیسرێت. دۆزەخ ئەوەندە لە بێدینەکان قەڵس دەبێت کە لە قینان، تیکە تیکە دەبێ.

سورة الملک ٦٧: ٧ - ٨

ذَآ أُلۡقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقٗا وَهِيَ تَفُورُ (٧) تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ (٨)

ئەوکاتەی فڕێدەدرێنە ناویەوە، نێڵەنێڵی دۆزەخیان گوێلێدەبێ. و هەڵدەچێ (٧) خەریکە لەداخا شەق بەرێ، تا کۆمەڵێکی فڕێدرێنە ناوی، پاسەوانەکان لێیان دەپرسن، ئەی ئاگادارکەرەوەیەکتان بۆ نەهاتبوو؟ (٨)

لە نێوان شەویلکەکانی دۆزەخ پردی "صراط" هەیە. ئەو پردە لە مو باریکترە و لە شمشێر تێژترە. هەموو کەس دەبێ لەو پردە رەت ببێت. ئەوانەی کە ئیمانداران بە ئاسانی بە سەر پردەکەدا دەڕۆن و دەچن بۆ بەهەشت و ئەوانەی کە کافریشن بەر دەبنەوە دۆزەخ. لە پێشەوەی پردی "صراط" جبرەئیل راوەستاوە و تەرازوویەکی گەورەی پێیە کە چاکە و خراپەکانی خەڵکەکە وەزن دەکات. هەر کەس کە کردەوەی باشی زۆر هەبێت، ئەوە دەچێت بۆ بەهەشت؛ ئەوانیتریش دەنێردرێن بۆ دۆزەخ.

سورة القارعة ١٠١: ٦ – ١٠

فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٦) فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ (٧) وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٨) فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ (٩) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ (١٠)

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی قورسە (٦) ئەوەیان لە ژیانێکدادەبێ، کە لێی ڕازیە (٧) بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووی سووکبوو (٨) ئەوە دایکی دۆزەخ دەبێ (٩) تۆ چوزانی، کە چیە؟ ئاگرێکی گەرمە (١٠)

لەو کاتەدا کاتی داوەری دێت و زۆر زووش تەواو دەبێت. فریشتەکان نامەی کردەوەکان بە دەستەوە دەکرن و دێنە پێش. ئەو نامانە هەڵگری کردەوە چاک و خراپەکانی خەڵکن. ئەوانەی کە کردەوەی چاکیان زۆرە نامەکە دەدرێتە دەستی ڕاستیان و ئەوەی کە کردەوەی کەمە، نامەکە دەدرێتە دەستی چەپی. دوزەخیەکان هاوار دەکەن: خۆزگە قەت نامەی ئەعمالمان نەدەدرایە دەس تا لە کردەوەکانی خۆمان ئاگادار نەبین. ئایەکانی 30 تا 32 سورەی حاقە دەڵێن لەو کاتەدا فەرمان دەدرێ : زوو بیگرن و کەلەبچە و زنجیری بکەن تا دووبارە بنێردرێت بۆ دوزەخ و بە زنجیرێ کە درێژیەکەی حەفتا میترە لە ئاورەکە هاوێژرێن.

هەر وەک باس کرا، بوونی ئەشکەنجە بە نێوی دۆزەخ لەگەڵ زیندان و بەندیخانە و تاوانی هیچ تاوانبارێکی ئەم سەردەمە هەڵ ناسەنگێندرێت. دیاردەی دۆزەخ دەتوانێ خاڵێکی شەرمەزاری بێ بۆ قورئان و خودای قورئان. ئاخر بە چ تاوانێ ئەو هەموو خەڵکە لە دۆزەخدا دەسووتێن؟ بۆ هەرکەسێ کە باوەری کرد بە مەحەممەد و سەڵەواتی لە دیداری لێدا یەکراست دەرگای بەهەشتی بۆ دەگرێتەوە؟ بە پێی ئایەتەکانی قورئان هەر کەسێکی موسڵمان و مەحەممەد پەرەست، ئەگەرچی تووشی گوناح و کردەوەی خراپیش بووبێ، لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخرێتەوە. و شوێنێکی لە بەهەشت دەدرێتێ. دۆزەخ هەر بۆ بێدین و و مرۆڤە خوانەناسەکان دروست کراوە.

هەڵبەت لە نێوان ڕاڤەکار و حەدیس‌نووسەکان جیاوازی بیر و بروا هەیە سەبارەت بەو موسڵمانانەی کە تووشی گوناح دەبن. هێندێک دەڵێن، ئەو کەسانەی دەبنە موسڵمان و گوناحی مەزن (کبیرة) دەکەن دەچن بۆ دۆزەخ، بەڵام بە پێی ئایەتی ٤٠ لە سورەتی النساء هەتا سەر لەوێ نامێنەوە. لەو ئایەدا هاتووە: هەر کەس کە چکۆڵەترین کردەوەی باش بکات، پاداشەکەی دوو بەرامبەر دەبێت.

هەر کات کە مرۆڤ بیر لەو قسانەی خودا، و لەو ئایەتانە دەکاتەوە. کە باسی دۆزەخ و ئاگر و سووتاندن و ئەشکەنجە دەکەن، کۆمەڵێ پرسیاری، لە مێشک دروست دەبن. و لە خۆی و لە دەوروبەری دەپرسێ:

ئەو خەڵکە بێ گوناحە کە ئاوا تووشیان بووە بە تووشی خودایەک بووە، کە هەر خۆی چارەنووسیان، هەر لە رۆژی یەکەم بۆ دیاردەکا، دەبێ چ تاوانێکیان کردبێ، کە خودانەناس و بێدین دەربچن؟

زۆربەی ئایەتەکانی قورئان، باس لەو هەموو ئەو ئەشکەنجە و سووتاندنە دڕوندانەی لە دۆزەخ دەکەن، کە تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە باوەریان بە پەیامبەری خودا یانی مەحەممەد نیە و پەیرەوی ڕیبازی ئەو ناکەن .

ئەگەر بۆ تاوێکیش لەو ئایەتە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دەرگای بەهەشت و لێبووردەیی خودا، یانی بەخشینی ماڵ و سامان، بە پەیامبەری ئیسلامە. و ئەگەر نەیبەخشی بەرەو دۆزەخ دەنێردرێ. ئایا ئەوە ویستێکی دروستە؟ ئایا ئەوەی کە کەسێ بە ماندووبی و شەونەخوونی ماڵ و خانوو و پارەی بە دەست هێناوە، هەروا، لە خۆرایی، بیدا بە محمد، بەس بۆ ئەوەی بەهەشتیان بداتێ. ئەوانە نیشان دەدەن کە مەحەممەد مرۆڤێکی شەیدای دەستەڵات بووە. بۆ گەیشتن بەو دەستەڵاتەش. ئامادەبووە، هەموو چەشنە درۆیەک

بخاته پاڵ خودا. له هەموو ئەو ٢٨٥ ئایەتەی کە باسی دۆزەخ دەکەن هاتووە کە ئینسان بە ئاگر دەسووتێ و ئێسک و گۆشت و پێستەکەی هەڵدەپرووزێ و هەڵدەقرچێ و بە تەواوی دەبرژێ، بەڵام هەرگیز باس لەوە نەکراوە، ئەگەر کەسێ کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕەوشتی مرۆڤایەتیکرد چ سزایەکی دەدرێ. یان ئەگەر کەسێ دزی کرد، یان کەسێکیتری کوشت، یان خۆی تەقاندەوە چ سزایەکی بۆ دابین کراوە لە دۆزەخ. بۆ مەحەممەد و خوداکەی، گرینگ نیە کە مرۆڤ چۆن کردەوەی جوان و شیرین و خاوێن ڕەچاو بکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە باوەری بە خودا و مەحەممەد هەبێ، تا نەنێردرێتە دۆزەخ. لەوە بەولاوە هەرچی دەکا، لێبووردەیە.

ئایا دینێک لەسەر بنچینەی باوەڕ بە محمد دروست بووبێ، و ڕەچاوی ڕەفتار و چاکەکانی مرۆڤ نەکا، نابێ پاشخانێکی پتەوی دینی هەبێ. بەڵکوو شتێکە لە ناکاو هەڵتۆقیوە. و بۆتە مۆڵگەی چەتە و ڕێگر و تاڵانچی.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کێشەیە، واباشە چاوێک بە تۆمارەکانی سەدەی حەوتەم دابخشێنین، ئەو کاتەی موسوڵمانان بە سەرکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب، هاتنە ئۆرشەلیم، دەبینین دینێک بەناوی ئیسلام نادۆزرێتەوە. کەواتە لە شکرێکی داگرکەری لە شێوەی مەغۆلەکان بووین. نەک دینێکی خاوەن پەرتووک.

لەو کاتەی داگرکەرە عەرەبەکان هاتنە ئۆرشەلیم، دەبینین شانبەشانی کریستیانەکان هەر مانەوە. ئەگەر داگرکەر دینێکی نوێ بوایە، دەبوایە کریستیانەکان بەرەنگاریان بووبوونایەوە. یەهودیەکانیش لە ئەنجامی گفتوگۆی بە ئاشتی دەوگای ئۆرشەلیمیان کردەوە. و دەستەڵاتی سیاسیان دایە دەست. تەنانەت کەس نەیدەزانی ئەو دینە چییە و ئەوانە کێن؟

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کریستیانەکان بە پێچەوانەی هێرشی ٦١٤ س.ب [196] کە ساسانیەکان لەگەڵ یەهودیە نەسڕیەکان کردیان و کریستیانەکانیان بە کۆمەڵ دەکوشتن. دەبینین ئەو جارە لە ساڵانی نێوان ٦٣٦- ٦٣٨ س.ب کە بەسەوکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب هاتنە ئۆرشەلیم، بە باوەڕدار ناویان دەبەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا گومان لەسەر ناسنامەی ئەو داگیرکەرە عەرەبانە دروستدەکا. کە گریمانەی ئەوەیە، کە دینی ئەو عەرەبانە شێوەیەکی یەهودی کریستیانی بووبێ. یان یەهودی کریستیانی شکەستخواردووبن و هەوڵ بدەن فۆرمێکی نوێ بۆ دینەکەیان بدۆزنەوە. ئەوەش باشترین ڕێگایە خۆیان بە خزمی یەکتری زانیبێ. تەنانەت داگیرکەر دەستی بە نوێژ لەسەر ڕێبازی یەهودی کرد.

تەنانەت زۆر دواتر لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی، لە تۆمارەکانی معاویة کوڕی ئەبو سفیان ئامژەیەک بە ناوی ئیسلام، یا ناوی محمد نادۆزرێتەوە. [197]

ئەگەر بمانەوێ بەدوای کۆنترین سەرچاوەی دینی ئیسلام دا بگەڕێین، بێگومان ناتوانێ بێجگە لە قورئان هیچیتربێ. کەچی دەقەکانی قورئان یەک لە دوای یەک، داوا لە نەبی دەکەن، پەیڕەوی دینی نەتەوەی ئیبراهیم بکا. ئایا ئەو دەربڕینە جارێکیتر گەڕانەوەی نەسڕیەکان نییە بۆ باوەشی یەهودی. تا بەو شێوەیە بەرەنگاری کریستیانی هێلێنی ببێتەوە. یان بە مانایەکیتر سەوکەوتنی یەهودی نەسڕی ڕۆژهەڵات بەسەر کریستیانی ڕۆمانی ڕۆژئاوا. [198]

بەڵگەیەکیتریش کە پەیامبەری ئیسلام یەکسەر جبەی یەسوی کریستی لەبەرکردووە. ئەوەیە لەناو سورەتەکانی قورئان بە هێچ شێوەیەک ناوی مصطفی وەک ناوی پەیامبەر

---

[196] ڕێبوار سەلاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژووبی
[197] هەمان سەرچاوە ص١٢
[198] هەمان سەرچاوە ص ١٣

نەهاتووە. بەڵکوو بەپێی قورئان، ڕوونکردنەوەی ئاکارەکانی نەبیەکانی دینە ئیبراهیمیەکانە.بۆ نموونە لە سورەتی ص هاتووە.

سورة ص ٣٨: ٤٧

وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ (٤٧)

و ئەوانە لەلای ئێمە لە باشترین هەڵبژێردراوەکانن. (٤٧)

موسوڵمانان باوەڕیان وایە، کە مصطفی ناوی محمدە. کەچی بۆ ئەو دەربڕینە هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاستکەرەوە نیە. تەنیا بە گوتی و گوتیان بەردەوامن.

سەبارەت بە ناوی ئەحمەدیش

سورة الصف ٦١: ٦

وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (٦)

وە کە عیسا کوڕی مریەم گوتی: ئەی بەنی ئیسرائیل من پەیامبەری خودام، بۆ ئێوە نێردراوم دروستی ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لەبەر دەستەکانمە، وە مژدەتان بە پەیامبەرێک دەدەمێ، کە دوای من دێ ناوی ئەحمەدە، جا کاتێك بەڵگەکانیان بۆ هات گوتیان ئەمە جادوویەکی ڕوونە (٦)

ووشەی ئەحمەد بە مانای کەسێک دێ، لە ئەندازە بەدەر سەنای بکرێ، ئەو ناوەش بە هەردوو شێوەی ئەحمەد و محمد تەنیا سەنا بۆ خوداکردنە و بەس.

القرطبي له پەرتووکی جامع الحکام دەڵێ (محمد) کەسێکە بەردەوام، جار لە دوای جار سەنای بۆ بکرێ. سەناکردنیش بەپێی باوەڕی دین تەنیا بۆ خودا دێ. سەرەڕای ئەوە لە سەرتاسەری قورئان چوار جار ووشەی (محمد) هاتووە.

هەرچەندە موسوڵمانان دەڵێن ناوی محمد المصطفی، مەبەست پەیامبەری ئیسلامە. بەڵام بە پێی لێکدانەوە ناوی مصطفی لای یەهودیە نەسارِیەکان ناوی کریستە (مسیح). کە لە ئینجیلی عیبرانیش بە ئەحمەد ناوی دەبرێ.[199]

هەڵگری وەحی لە مەککە گیانی پیرۆزە و لە مەدینە جوبرائیل

هەڵگری وەحی لە مەککە

سورة النحل ١٦: ١٠٢

قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ (١٠٢)

بڵێ گیانی پیرۆز لە خوداکەتەوە بە هەق دایبەزاندووە، بۆ ئەوەی ئەوانە جێگیر بکات کە باوەڕیان هێناوە، وە ڕێنمایی و مژدەیە بۆ موسڵمانان (١٠٢)

ئەوکاتەی محمد ڕایگەیاند کە وەحی بۆ هاتووە. ووتی لە گیانی پیرۆزەوە بووە (روح القدس) کە عیبریە. بۆ تێگەیشتن و ساخکردنەوەی زاراوەی (گیانی پیرۆز) پێویستە بگەڕێینەوە سەر پەرتووکەکانی پێشتری پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ.

---

[199] حداد، یوسف الدرة. قرآن دعوة نصرانية. ص ١٤٧

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ١: ٢

(١) زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. گیانی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەشەکایەوە.

لە تەورات گیانی پیرۆز گیانی خودایە، بەسەرئاوەکان دەشەکێتەوە. کەواتە ناتوانێ هەم گیانی خودا بێ و هەمیش نێردە بێ. پرسەکە لەوەدایە ئەگەر گیانی پیرۆز، وەحی بۆ پەیامبەری ئیسلام هێنا، بۆ وەک ئیبراهیم و موسا و یەسو یەکسەر قسەی لەگەڵ نەدەکرد.

هەروەها لە پەیمانی نوێ، لە هەر چوار ئینجیلەکانی قانونی، ناوی گیانی پیرۆز هاتووە.

پەیمانی نوێ مەتی ١: ١٨

(١٨) لەدایکبوونی یەسوی کریست بەم شێوەیە بوو: کاتێک مریەمی دایکی لە یوسف مارەبڕاو بوو، پێش ئەوەی بیگوازێتەوە، دەرکەوت کە لە ڕێگەی گیانی پیرۆز سکی پڕبووە .

لەو پەرەگرافە مەتیاس (مەتی) بە ڕاشکاوی دەڵێ لە ڕێگەی گیانی پیرۆز سکی مریەم پڕبووە. گیانی پیرۆز ووشەی خودایە و ئەسوی کریستە.

پەیمانی نوێ مارکوس ١: ٩ – ١١

(٩) لەو ڕۆژانەدا یەسو لە ناسیرەوە هات، کە سەر بە ناوچەی جەلیلە و لەسەر دەستی یەحیا لە ڕووباری ئوردون لە ئاو هەڵکێشرا .(١٠) هەر کە عیسا لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، بینی ئاسمان شەقبوو، ڕۆحی پیرۆزیش وەک

کۆترێک لەسەری نیشتەوە. (١١) دەنگێکیش لە ئاسمانەوە هات : تۆ کوڕی خۆشەویستمی، بە تۆ زۆر دڵشادم.

پەیمانی نوێ لوکاس ١: ٣٥

(٣٥) فریشتەکە وەڵامی دایەوە: گیانی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.

پەیمانی نوێ یۆحەنا ٣: ٣٤

(٣٤) چونکە ئەوەی خودا ناردوویەتی بە پەیامی خودا دەدوێت، لەبەر ئەوەی خودا بێ سنوور گیانی پیرۆز دەبەخشێ.

هەروەها لە دوو نامەی پاولۆس باسی گیانی پیرۆز دەکا.

پەیمانی نوێ یەکەم کۆرنسۆس ٣: ١٦

(١٦) ئایا نازانن ئێوە پەرستگای خودان و گیانی خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟

پەیمانی نوێ گەلاتیە ٥: ٢٢ – ٢٣

(٢٢)بەڵام بەروبوومی گیانی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، (٢٣) دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. یاسایەک نییە، لە دژی ئەمانە بێ.

لێرەدا بە پێی هەر چوار ئینجیلەکان و نامەکانی پاولۆس دەردەکەوێ، گیانی پیرۆز ئەسوی کریستە (عیسی المسیح) کە لە سیانەی (ثالوث)یش دووبارە دەبێتەوە، بۆیە گریمانیەکی

بەهێز هەیە، کە قورئانی مەکە ئینجیلی عیبرانییە، و دینی ئیسلامیش لە مەدینە بۆ یەکەمجار هاتووتە ناو باسان.

ئەو دیمەنەش لە چەندین ئایەتی سورەتەکانی مەککە دووبارە بۆتەوە.

سورة القدر ٩٧: ٣ - ٤

لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ (٣) تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ (٤)

شەوی چارەنووس چاکترە، لە هەزار مانگ (٣) تیایدا فریشتەکان و ڕۆح بە مۆڵەتی خوداکەیان بە شێنەین دابەزین، سەبارەت بە هەموو شتێ.(٤)

سورة الإسراء ١٧: ٨٥

وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا (٨٥)

پرسیارت لێدەکەن، سەبارەت بە گیان، بڵێ گیان لە پرسەکانی خوداکەمە. و زانستم پێتان نەداوە تەنیا کەمێک نەبێ. (٨٥)

لەو ئایەتە نووسەری قورئان خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەبووری. لەبەر ئەوەی نازانێ کە بەپێی دینی یەهودی نەسارِی ئەسوی کریست خۆیەتی.

لە سورەتی البقرە، لە مەدینە، قورئان باسی گیانی پیرۆز دەکا، بەڵام ئەو گیانی پیرۆزە سەبارەت بە یەسو (عیسا) یە کە خودا چۆن، بە گیانی پیرۆز پشتیوانیت دەکا.

القرآن الكريم - سورة البقرة ٢: ٨٧

وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَقَفَّيۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِۦ بِٱلرُّسُلِۖ وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمۡ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡ فَفَرِيقٗا كَذَّبۡتُمۡ وَفَرِيقٗا تَقۡتُلُونَ (٨٧)

ئێمە خۆمان پەرتووکمان داوە بە موسا، و چەند پەیامبەری تریشمان لە دوای ئەو نارد، و چەندین پەرجوومان بە یەسوی کوڕی مەریەم دا و بە گیانی پیرۆز پشتیوانیمان کرد. هەتا ئێستا هەر پەیامبەرێکتان بۆ هاتبێ، و شتی وای گوتبێ کە ئێوە لێتان خۆش نەهات، خۆتان لەو بە زلتر زانی و بە هەندێکتان گوت درۆزن. هەندێکیشتان هەر کوشتوون (٨٧)

کەچی لە گەواهی یۆحەنا زۆر بە ڕوونتر و ڕاستەوخۆ

پەیمانی نوێ - یۆحەنا ١: ٣٢ – ٣٤

(٣٢) یەحیا شایەتی دا: بینیم گیانی پیرۆز وەک کۆترێک لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و لەسەری نیشتەوە .(٣٣) من نەمدەناسی، بەڵام ئەوەی منی ناردووە خەڵک لەئاوهەڵکێشم، پێی گوتم: ئەوەی دەیبینی گیانی پیرۆز دێتە خوارەوە و لەسەری دەنیشێتەوە، ئەو لە گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێ. (٣٤) خۆم بینیم و گەواهیم دا کە ئەمە کوڕی خودایە.

کەچی دوای کۆچ بۆ مەدینە، گیانی پیرۆزیش گوم دەبێ، بۆ یەکەم جار جوبرائیل دەردەکەوێ. بۆیە ڕاشکاوانە دیارە بۆ یەکەم جار، لادان لە سەر ڕێبازی دینی یەهودی نەساری دەستی پێکرد و گیانی پیرۆزیش کۆتایی بە کارەکەی هێنرا. و وەحی بە ناوی جوبرائیل دەستی پێکرد. لێردا دەردەکەوێ سەردەمی مەککە و بەشێکی زۆریش لە مەدینە، محمد

پەیڕەوی پەیامی خودا وەک یەهودی نەسارێ دەکرد. لە سەردەمی مەدینەدا هەنگاو بە هەنگاو، دەیەوێ لەو چوارچێوەیە دەرباز بێ. و نێردەی خوداش دەگۆڕێ.

سورة البقرة ٢: ٩٧ - ٩٨

قُلۡ مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّجِبۡرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلۡبِكَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ (٩٧) مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبۡرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوّٞ لِّلۡكَٰفِرِينَ (٩٨)

هەر کەسێك دوژمنی جوبرائیل بێت، ئەوەی بە مۆڵەتی خودا کەلەسەر دڵی تۆی دابەزاندووە، کە ئەو پەرتووکانە بە ڕاست دادەنێت کە لە پێشیدایە، و هیدایەت و مژدەیە بۆ باوەڕداران. (٩٧) هەر کەسێك دوژمنی خودا و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکا نی و جوبرائیل و میکائیل بێت، ئەوە بێگومان خودا دوژمنی کافرەکانە(٩٨)

سورة التحريم ٦٦: ٤

إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ (٤)

ئەگەر تۆبە بکەن بۆ خودا، بێگومان چونکە دڵەکانتان بەلاڕیدا ڕۆیشتووە، وە ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە خودا خۆی پشتیوانیەتی، و جوبرائیل و ئیماندارە چاکەکان و فریشتەکانیش لەوەدواوە پشتیوانن (٤)

لە کۆتاییدا لە قورئان نەک تەنیا گیانی پیرۆز، بەڵکوو زۆر چمکیتر هەن، لە ڕێگای بەراوردکاری لەگەڵ ئینجیلی کریستیانی یان تەوراتی جولەکان ڕوونەبێتەوە.

إسراء و معراج یان گەشتی ئاسمان

گەشتی محمد بە بوڕاق بۆ ئاسمان، و ئەو ئەفسانەیە لە کوێ هاتووە، هەر لە سەرەتاوە جێگای مشتومڕ بووە. چونکە گەشتی مرۆڤ بۆ ئاسمان لە سەردەمە هەرە کۆنەکان خۆزگە، و خەونێکی قووڵی بووە. ئەوەش هەر لە سەردەمی سۆمەرِی و بابلیەکانەوە، تا دەگاتە دینە یەکتاپەرستەکان کەم یا زۆر ئاماژەی پێکراوە.

لە قورئانیش بە ئایەتێک ئاماژە بەو گەشتە کراوە. بەڵام تەنیا ناوی ئەو شەوڕۆیەی لە مسجد الحرام تا مسجد الأقصی کراوە. تەنیا ناوی هاتووە، ئەگینا ناوەرۆک و ووردەکاری تێدانییە.

القرآن الكريم – سورة الإسراء ١٧: ١

سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ (١)

پاکی و بێخەوشی. بۆ کەسێ کە لە شەوێکدا، شەوڕۆیی بە بەندەی خۆی کرد. لە مسجد الحرام ەوە تا مسجد الأقصی. ئەو مزگەوتەی ئێمە بڕشت و پیرۆزیمان بە دەوروبەرەکەی داوە. بەو نیازەی کە هەندێک بەڵگەی خۆمان پیشان بدەین (١)

مەبەست لەو ئایەتە چییە؟ لە قورئان شتێکی زیاتر نادۆزرێتەوە، لە جیاتی ئەوە بیۆگرافی نووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان چیرۆکی ئەو گەشتەیان هۆنیوەتەوە. کەچی لە بنەڕەتدا سوروشی (لهام) ئەو گەشتەی، لە گەشتی ئەفسانەیی دینەکانیتر وەرگرتووە.

بە پێی بوخاری، محمد خۆی، لە فەرموودەیەکی دا باسی ئەو وولاخە داکا، کە پێی فڕیوە:

کە دەبێ بوراق بێ. وولاخێکی سپی، بەرزتر لە کەر. و نزمتر لە ئێستر. [200]

کەچی زۆر زووتر ئەو بونەوەرە لە ئەفسانەی یۆنانی بە ناوی پێگاسۆس (Pegasos) واتە ئەسپی باڵدار هەبووە. و یەک لە کەراکتەرەکانی ئەفسانەی یۆنانی بووە، کە بێلەرۆفۆن (Bellerofon) توانیوەیە، بە سواری پێگاسۆس، بەسەر کیمەیرای (Chimaira) مۆتەکەدا سەرکەوێ.

سەرەڕای ئەوە پرسی گەشتی ئاسمان، لە ئەفسانەی دینەکانیتریش دووبارە بۆتەوە لەوانە گەشتی فیرعەون ئوناس پاشا (King unas) میسر (٢٣٧٥ – ٢٣٤٥ پ.س.ب) ژیاوە، و لە بنەماڵەی پێنجەم (٢٦٢٥ – ٢٤٧٥پ.س.ب) بۆلای خودای ئامون (Sun-god)، و گەشتی دنانوخت لە دینی سابئی مەندائی، هەروەها گەشتی ئێنۆخ (ئیدریس)، سەرەڕای ئەوانەش گەشتی ئیبراهیم و گەشتی موسا بۆ لای خودا.

لە دینە یەکتاپەرستیەکانیش گەشتی ئاسمان ئەگەر لە پەرتووکی پیرۆز باسیش نەکرابێ، ئەوا لە پەرتووکە ئەپۆکریفەکان و ڕاڤەکارانی دین بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێکراوە. لەو باسەدا، دوو نموونە دەخرێنە ڕوو، کە هەردووکیان پەیامبەری ئیسلام باش ئاگای لێبووین. یەکەمیان گەشتی موسا کە لە سەدەی یەکەمی سەردەمی باو نووسراوەتەوە. و ئەو باسەش لە ژینگەی

[200] البخاری، الفصل السابع، الإسراء و المعراج و آیاتها ص ١٢٢

محمد و ناو یەهودیە نەسارِیەکان بڵاوبووە. دووەم لە ئەدەبیاتی دینی زەردەشتی (گەشتی ئاردا ڤیراف بۆ جیهانی ئەودیو). بە هۆی پەیوەندی محمد بە ئەدەبی چیرۆک و ئەفسانەی زەردەشتی، لە رِێگای شام و میسۆپۆتامیا ئاشنابووە. ئەوەش بە گەواهی نضر بن حارث[201] کە بە ئاشکرا دەیگوت ئەو چیرۆکانەی محمد بەناوی خودا دەیانگێڕێتەوە تەنیا ئەفسانەی پێشیانن (أساطیر الأولین) ئەوەش لە قورئان لە چەندین ئایەت خۆی دان بەوە دادەنێ. [202]

وەک نموونە

گەشتی فیرعەون ئوناس.

گەشتی دەنانوخت

گەشتی نەبی ئێنۆخ (ئیدریس).

گەشتی نەبی ئیبراهیم.

گەشتی نەبی موسا.

گەشتی ئاردا ڤیراف بۆ جیهانی ئەودیو

گەشتی فیرعەون بۆ لای خودای رِەع لە ئاسمان

لەوەتەی مرۆڤ بیری کردۆتەوە، ئەندێشەکانی لای خۆر و مانگ و ئەستێران بووە، هەمیشە خۆزگەی گەورەیی و گەیشتنە ئاسمان، لە مێشکی دا خولاوەتەوە. تا ئێستا کۆنترین بەڵگە لەسەر گەشتی مرۆڤ بۆ ئاسمان دۆزرابێتەوە. گەشتی پاشا ئوناس (٢٣٤٥ – ٢٣٧٥)

---

201 رِێبوار، سەلاح (٢٠٢٣) ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و رِێکخستنی. ل ٤٣١

202 الفرقان ٢٥: ٥، الإحقاق ٣٥: ١٧، المطففین ٣٦: ١٣، القلم ٦٨: ١٥.

پ.س.ب بووە کە دەکاتە نزیکەی زیاتر لە ٤٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا. چیرۆکی گەشتەکەش بەو شێوەیە.

دەقەکانی هەرەمی و شانۆنامەی مەمفیت، بە کۆنترین سەرچاوە دادەنرێن، کە لە بیری مرۆڤی کۆندا، بە پارێزراوی مابێتەوە. ئەوانە دوو کۆنترین سەرچاوەن، کە تیایان دا، دەتوانین لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ تێبگەین. مەزەندەی باو وابوو، کە هەموو هەرەمەکان بێ نووسینن. تا ئەو کاتەی، کرێکارە میسرییەکان کە لە ژێر چاودێری مێریت، کاری هەڵکۆڵینیان دەکرد، لە ساڵی ١٨٨٠ پ.س.ب، کە دەکاتە یەک ساڵ پێش مردنی، چوونە ناو هەرەمی پاشا (پێپی یەکەم) (Pepi I) و دوای ئەویش چوونە ناو هەرەمی شا (مەرنوع)(Mernere). لەوێ دیواری هۆڵەکان و دەروازە و ژوورەکانی ئەم دوو هەرەمەیان دۆزینەوە. کە بە هەزاران دێڕی نووسراوی هیرۆگلیفی داپۆشرابوون. ئەم نووسراوانە ئەوانەن، کە ئێستا پێیان دەوترێت (دەقەکانی هەرەم).

ئەو دەقانە لە پێنج لە هەرەمەکانی سەقارە دۆزرانەوە. لە گۆڕستانی مێمفیس (Memphis) دانران، کە لەوێ گۆڕی کۆمەڵێ فیرعەونی لێبوون. ئەوانە لە پاشاکانی بنەماڵەی پێنجەم بوون. و پاشان چوار پاشای بنەماڵەی یەکەم، و لە دوای ئەوانیش بنەماڵەی شەشەم دێ. کە بەپێی ڕێزبەندی نزیکەی سەدە و نیوێک فەرمانڕەواییان کردووە. کە لە دەوروبەری ٢٦٢٥ پ.س.ب دەست پێدەکا، تا ساڵی ٢٤٧٥ پ.س.ب کۆتایی دێ. واتە ئەوانە بە درێژایی سەدەی بیست و شەش. بەلای کەمی چوارەکە سەدەیەک بەر لەو مێژووە، و چارەکە سەدەیەکیش دوای.

لە خوداپەرستی فەرمی پاشا دەبێتە، بەرجەستەکراوی خودای رەع (Sun-god) و نوێنەرایەتی لەسەر زەوی دەکا. بەو پێیەش دیمەنی پاشا لە ئاسمان دەسوورێتەوە، لەکاتی

مردنێش بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ باوکی دەبێ. و دەبێتە جێگری لە ئاسمان هەروەک چۆن لە زەوی جێگری بوو. [203]

پیاوان دەکەون
بەڵام ناویان نا (دەمێنێ)
تۆ قۆڵی پاشا تێتی بگرە
تۆ پاشا تێتی بەرە بۆ ئاسمان.
با لەسەر زەوی، لە ناو خەڵکی نەمرێ[204]

هەور ئاسمان تاریک دەکەن.
ئەستێرە بەسەر زەویدا دەبارن
کەوانەکان (کۆمەڵە ئەستێرە) ڕادەهەژێن.
ئێسکی دۆزەخ- سنوورەکان دەهەژێنن.
دەرگاوانەکان، کاتی یوناس پاشا دەبینن
وەک گیانی بەرەبەیان، بێدەنگ دەبن.[205]

ئاگر ئامادە دەکرێ، ئاگرەکە دەدرەوشێتەوە.
بخوور لەسەر ئاگر دادەنرێ، بخورەکە دەدرەوشێتەوە.

---

[203] Breasted, James Henri (1933)The Dawn of conscience. Charles Scribner´s New York – London. Chapter V. Pp.44
[204] Ibid. Pp. 74
[205] Ibid. Pp. 72, *The Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt*. Vol. 2. Oxford University Press. pp. 597–601

ئەی بخور! بۆنت دێتە لای پاشا (ئوناس).[206]
بۆنی پاشا (ئوناس) دێتە لات، ئەی بخور.
بۆنی ئێوە ئەی خوداکان، دێتە لای پاشا (ئوناس)
و بۆنی پاشا (ئوناس) بۆ ئێوەدێ ئەی خوداکان.
پاشا (ئوناس) لەگەڵ ئێوەدایە، ئەی خوداکان.
ئێوەش لەگەڵ پاشا (ئوناس) دەژین، ئەی خوداکان.
و پاشا (ئوناس) لەگەڵ ئێوە دەژی ئەی خوداکان.
و (ئوناس) پاشا ئێوەی خۆشدەوێ، ئەی خوداکان.
ئێوەش ئەوتان خۆشبوێ، ئەی خوداکان.

هەورەکان جیهان تاریک دەکەن.
ئەستێرەکان بەسەر زەویدا دەبارن.
کەوانەکان دەلەرزن.
ئێسکی سەگەکانی دۆزەخ دەلەرزن.
دەرگاوانەکان بێدەنگ وەستاون.

کاتێک دەبینن ئوناس پاشا لە شێوەی گیانێکدا هەڵدێ.
وەک خودایە، بە خواردنی باوکەکانی دەژی.
وە بە خواردنی دایکی خۆراکی دەدرێتێ.
ئوناس پاشا پەروەردەکاری لێزانییە.
وە دایکی ناوی نازانێت.

---

[206] ئوناس پاشا (Unas or Unis)(٢٣٧٥ – ٢٣٤٥ پ.س.ب) دوا فیرعەونی بنەماڵەی پێنجەم بوو. گۆڕی لەناو هەرەمی سەقارا (Saqqara)یە.

شکۆمەندی ئوناس پاشا، لە ئاسمانە.

وەک ئاتومی باوکی ، کە ئەوی لێبووە و (هێنایە جیهان).

وە کاتێک لەدایک بوو، ئوناس لە خۆی بەهێزتر بوو.

... ...

ئوناس پاشا، پیاو دەخوا و خودای دەرخوارد دەدرێ.

ئەو پەروەردەکاری پەیامبەرانە و پەیامەکانی دەنێرن.

ئەو لە کەهو (Kehew) نیشتەجێیە،...

ئەو کەسە بە ئوناس پاشا دەیانبەستێتەوە.

ماری (بە سەری شکۆمەندانە) ئەو کەسەیە کە بۆی پاسەوانییان دەکا و کۆنترۆڵیان دەکا.

ئەوەی شوولی بی بەدەستە، و دەیانخاتە تەڵە.

ئەوەی سزای هەموو گوناهباران دەدا، ئەو کەسەیە کە چەقۆیان بۆ ئوناس پاشا لێدەدا،

و ڕیخۆڵەکانیانی بۆ دەدڕێنێ.

... ...

(شەمسو) بۆ (ئوناس) پاشا شەقیان دەکا.

لەوە پارچەیەکی بۆ لە مەنجەڵی ئێواران، لێدەنێ.(یان وەک مەنجەڵەکانی ئێوارێ، واتە ژەمی ئێوارێ)

ئوناس پاشا، ئەو کەسەیە کە سیحرەکانیان دەخوا.

و شکۆمەندەکانیان (یا گیانیان) دەخوا.

گەورەکانیان بۆ بەشی بەیانیانیەتی

و قەوارەی ناوەندیان بۆ ژەمی ئێوارێ.

بچووکەکەیان بۆ ژەمی شەو.

پیاو و ژنانی پیر، بۆ سوتاندنی بخوری.

بەڵام (گەورەکان، کە لە باکووری ئاسمانن)
ئەوانن ئاگر لە ژێر مەنجەڵی ئەوانی تێدایە دەکەنەوە.
قاچی بە تەمەنترینیان (سووتەمەنیە)
دانیشتوانی ئاسمان جیاوازن لەگەڵ ئوناس پاشا (لە خزمەتی دان)
مەنجەڵەکان پڕن لە قاچی ژنەکانیان.
هەردوو ئاسمانەکان (بەقەد دوو خاکەکەیان) گەمارۆداوە
ئەو بە دەوری ئەو دوو هەرێمە سووڕاوەتەوە
(ئوناس) پاشا (تەنیا و مەزن و بە هێزە)
کە (تاکە گەورەکان) دەبەزێنێ.
... ...
ئەو دڵی خوداکانی ڕامکرد.
ئەو سوورەکەی خوارد.
سەوزەکەی قووتدا.
ئوناس پاشا لە ئەندامە تێرەکاندا خواردنی دەدرێتێ.
ئەو تێرە، کە لەسەر دڵ و گیانیان دەژیێ.
... ...
سۆزەکانی ئەوان لە سکی ئەودان.
شکۆمەندی لە ئوناس پاشا وەرناگیرێتەوە.
ئەو زانیاری لە گشت خوداکان وەرگرتووە.
ماوەی ژیانی ئوناس پاشا تا هەتایە.
ئەو خۆی تەنیا، بێ کۆتایی لە شووێنی خۆیەتی.
(ئەگەر خۆی بیەوێ، ئەگەر نەیەوێ نایکا)
ئەو لە سنووری ئاسۆی هەتاهەتایی دادەنیشێ.

هیوای، گیانی (خوداکان) له سکی پاشا (ئوناس)دایه
شکۆی ئەوان یەکە، لەگەڵ (ئوناس) پاشا
زۆری بەشی ئەو، زیاترە لە (بەشی) خوداکان.
... ...
بە هیوان، گیانیان لە گەڵ (ئوناس) پاشادابێ.[207]

گەشتی ئاسمانی دەنانوخت

سابئی مەندائیەکان، گەشتی ئاسمانی خۆیان هەیە، گەشتی دەنانوخت (ئیدریس) بۆ ئاسمانی حەوتەم. کە شوێنی خودای گەورەیە (الحي العظيم)

دەنانوخت یەک لە مەزنەکانی مەندائیانە.[208]

پەرتووکی بەرەو پەرستنی مامنگی برد، دوای ئەوە پەرتووکێکی تر بەدیارکەوت، کە ڕێنمایی دینێکیتری دەکرد. بەو شێوەیە ئەو پەرتووکانەی یەک لە دوای یەک، بۆ دنانوخت دەهاتن، تا گەیشتە پەرتووکی حەوتەم. ئەو حەوت پەرتووکە، کە نوسرائیەکانی بۆ ڕێبازی بێمانای دەبرد، لە نێوان ڕێبازێکی

[207] Breasted, James Henri (1933)The Dawn of conscience. Charles Scribner´s New York – London. Chapter V pp. 82 - 93

[208] الخيون، رشيد (٢٠١٦) الأديان و المذاهب بالعراق، ماضيها و حاظرها، الجزء الأول، ص ٥٦

ڕاست نەبوو. دوای ئەوە پەرتووکی هەشتەم هات، کە لە سەرەتا، ڕووناکی لێ دەدرەوشایەوە. و ناوەڕۆکی بریتی بوو لە زانیاری تەواو لەسە خودا. کاتی دەستی بە خوێندنەوەی کرد، فریشتەیەکی پڕشنگدار، لەبەردەم دەنانوخت پەیدابوو. ئەویش هیبل زیوا (لە دینەکانیتر جوبرائیل) داوای لێکرد، کە گەشتی ئاسمان بکا. گەشتەکەش لە کاتی خەودابوو. لە ئەستێرەیەک بۆ ئەستێرەیەکیتر. لە کۆتایی گەیشتە هەسارەی ڕۆژ، کە شوێنی ڕووناکییە. دواتر گەشتی بەهەشتی کرد، لەوێ چوار نورانیە مەزنەکانی لێبوون، ئەوانیش أرهام هێی، إبن هێی، سروم هێی و ریوا هێی.[209]

دەنانوخت ویستی لە گەشتەکە بووەستێ. بەڵام هیبل زیوا، فەرمانی پێدا لە گەشتەکە بەردەوام بێ. تا دەگاتە شوێنی (ملکا إد نهودا) پاشای ڕووناکی. لە جیهانێکی ڕووناکی بۆ یەکیتر. تا گەیشتنە شوێنێ پڕ لە أثري (فریشتە) بوو. ئەوەش ئاسمانی ئاسمانەکان بوو، دەریای ڕووناکی و ئاوی ڕووناکی، ئەوەش مەبەستی گەشتەکە بوو. کە دەنانوخت بگەڕێتەوە سەر زەوی، و ئەوە بگێڕێتەوە کە بینیوویەتی. لە جیهانی ئاسمانەکانی سەرسووڕهێن. هەرچەندە دەیویست لە جیهانی ڕووناکی بمێنێتەوە، بەڵام فریشتە پێی گوت (پێت دەڵێم، دەبێ بگەڕێیتەوە، تا ئەوەی دیوتە بۆ خەڵکی بگێڕیتەوە، لەبە ئەوەی بەکاری دێنن، باوەڕی پێدەکەن و نکۆڵی لێناکەن.[210]

لە کۆتایی لە کنزا ربا لە زاری دەنانوخ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێ:

حي م بینی لە ئەبەدیەت هەبوو، کشتام بینی هەر لە سەرەتاوە بوو. مەرگم بینی، ژیانم بینی، تاریکیم بینی، ڕووناکیم بینی، هەڵەم بینی، ڕاستیم بینی،

---

[209] هێی لە زمانی مەندائی کە بەدوای ناوێک دادێ واتە حي. دەکرێ بە مانای پیرۆزبی، چونکە بە دەستپێکردنی هەر سورەتێکی کنزا ربا دەنووسرێ (باسم الحي العظيم)

[210] كيف زار دنانوخت السماء السابعة، ترجمة نعيمة بدي و غضبان روحي، من كنزا ربا، مجلة التراث الشعبي ٩ سنة ١٩٧٣.

بینام بینی، وێرانەم بینی، نەخوشم بینی و چاکبوونەوەم بینی. ئەو مرۆڤە پیرە شکۆمەندەم بینی، کە لە کۆنەوە لە نێوان زەوی و ئاسمان وەستاوە.[211]

گەشتی ئێنۆخ بۆ ئاسمان

لە پەرتووکی ئێنۆخ، بەشی شەشەم باسی گەشتیی ئێنۆخ دەکا بۆ ئاسمان، لێرەدا بە شێوەیەکی کورتکراوە وەرگیراوە:

(THE COMPLETE BOOK OF ENOCH, Dr. Jay Winter, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data. Pp. 27 – 37.)

بەشی شەشەم

فریشتە دەیبەن

1 دوو فریشتە منیان ڕفاند و هێنامیان بۆ شوێنێ، ئەوانەی لەوێ بوون، وەک ئاگری بڵێسەدار وابوون، و هەر کاتێکیش ئارەزوویان بکردبا، وەک پیاو دەرکەوتن.

2 منیان گەیاندە شوێنێکی تاریک، و شاخێک لوتکەی دەگەیشتە ئاسمان.

[211] کنزا ریا الیمین، الکنز العظیم، الکتاب المقدس للصابئة المندائیین. سنة ٢٠٠٠، ص ١٦٦ - ١٦٧

3 شوێنی ڕووناکیەکان و گەنجینەی ئەستێرەکان و ڕەشەبا و لە قووڵاییە بێکۆتاییەکاندابوون. کەوان و تیرێکی ئاگرین و چەقۆ و شمشێرێکی ئاگرین و هەموو ڕەشەباکان.

4 منیان بردە ئاوە زیندووەکان و ئاگری ڕۆژئاوا، کە هەموو ئاوابوونی خۆر لەوێ کۆتایی دێ.

5 گەیشتمە ڕووبارێکی ئاگر کە ئاگرەکەی وەک ئاوی بەخوڕ دەڕژا، و بە تەوژم دەچووە ناو دەریای گەورە، بەرەو ڕۆژئاوا.

6 ڕووبارە گەورەکانم بینی، و گەیشتمە ڕووباری گەورە و تاریکی گەورە و چوومە ئەو شوێنەی کە هیچ گۆشتێکی[212] تێیدا نارِوا. شاخەکانی تاریکی زستان و ئەو شوێنەم بینی، کە هەموو ئاوەکانی قووڵایی لێیەوە دەڕژێن

7 دەمی هەموو ڕووبارەکانی زەوی و دەمی قووڵاییەکانم بینی.

8 گەنجینەی هەموو باکانم بینی، بینیم کە چۆن سەرجەمی دروستکراوەکان و بناغە پتەوەکانی زەوی پێکدێن.

9 بەردی گۆشەی زەویم بینی، چوار بام بینی کە هەڵگری ئاسمانن.

10 بینیم کە چۆن باکان کۆشکەکانی ئاسمان درێژ دەکەنەوە، و کۆشکەکان وێستگەیان لە نێوان ئاسمان و زەوی هەیە: ئەمانە پایەکانی ئاسمانن.

11 بایەکانی ئاسمانم بینی، دەسوڕێنەوە و دەوری خۆردەدەن، و هەموو ئەستێرەکانیش بۆ شوێنی خۆیان.

12 بای سەر زەویم بینی کە هەورەکانیان هەڵگرتبوو، ڕێڕەوی فریشتەکانم بینی.

13 لە کۆتایی زەویدا ئاسمانی سەرەوە و ژێرەوەم بینی. ڕۆیشتم و شوێنێکم بینی، شەو و ڕۆژ دەسوتێ، حەوت کەسی تێدابوو، شاخەکانی لە بەردی گرانبەهابوون.

---

[212] مەبەستی جەستەی مرۆڤە.

14 سێ کەسیان بەرەو ڕۆژهەڵات و سێ کەسیان بەرەو باشوور. وە سەبارەت بەوانەی بەرەو ڕۆژهەڵات، لە بەردی ڕەنگاوڕەنگ و یەکێکیان لە مرواری و یەکێکیان لە هیاسینت و ئەوانەی بەرەو باشوور بەردی سووربوون.

15 بەڵام ناوەڕاستی وەک تەختی خودا، لە ئەلاباستێر و لوتکەی تەختەکە لە یاقوت بوو.

16 ئاگرێکی بڵێسەدارم بینی. و لەودیو ئەم شاخانەوە، هەرێمێک هەبوو کە کۆتاییەکەی زەوی گەورە: لەوێ ئاسمانەکان تەواو دەبوون.

17 کۆتاییەکی قووڵم بینی، کە ستوونی ئاگری ئاسمانی تێدابوو، منیش لەنێویاندا بووم. ستوونی ئاگرم بینی، کە یەکسان بوو، بەرزییەکەی لە دەرەوەی پێوانە بوو، و بەرەو قووڵایی شۆڕدەبووەوە.

18 لە بەری ئەو لاشەوە، شوێنێکم بینی کەلەسەرەوە ئاسمانی نەبوو، زەویەکی پتەوی لە ژێر دا نەبوو، ئاوی لەسەر نەبوو، و باڵندەی لێ نەبوون، بەڵام شوێنێکی بەفیڕۆدراو و ترسناک بوو.

19 لەوێ حەوت ئەستێرەم بینی، وەک شاخێکی گەورەی سووتاو، و منیش کاتێ، پرسیارم لەبارەیانەوە کرد. فریشتە گوتی: ئەو شوێنە کۆتایی بەهەشت و زەویە. ئەوە بۆتە کۆگایەک بۆ ئەستێرەکان و خەڵکی بەهەشت.

20 ئەو ئەستێرانەی کە بەسەر ئاگردا دەسوڕێنەوە، ئەوانەن کە سەرپێچییان لە فەرمانی خودا کردووە، لە سەرەتای هەستانەوەیاندا، چونکە لە کاتی دیاریکراودا ملکەچ نەبوون.

21 خودا لێیان تووڕە بوو، و تا ئەو کاتەی تاوانەکەیان دەسڕێتەوە، پێویستە بۆ ماوەی دە هەزار ساڵ چاوەڕێکەن.

22 ئوریێل پێی گوتم: ئەوانە ئەو فریشتانەن، کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوەکردووە.خۆیان لەگەڵ ژنان، و گیانەکانیان کە چەندین فۆرمی جیاوازیان وەرگرتووە. کە مرۆڤایەتیان پیسکردووە. و بەلاڕێیاندا بردوون، بۆ بەڵاگێڕیکردن بۆ جنۆکە و مۆتەکە وەک خودا.

23 لێرەدا دەوەستێنرێن، تا ڕۆژی دادگاییکردنی گەورە، کە دەبێ تێیدا دادگایی بکرێن، تا کۆتاییان پێدەهێنرێ. ئەو ژنانەش، کە فریشتەکان بەلاڕێیاندا بردوون دەبنە سیرێن.
24 من ئێحنۆخ، ئەو شتانەی من بینیم، کۆتایی هەموو شتێک بوو، کەسیش ئەوە نابینێ وەک ئەوەی من بینیومە.

بەشی حەوتەم

فریشتە پیرۆزەکان

1 ئەمانە ناوی ئەو فریشتە پیرۆزانەن کە چاودێری مرۆڤایەتی دەکەن.
2 ئوریێل، یەک لە فریشتە پیرۆزەکانە، کە بەسەر جیهان و بەسەر تارتارۆسدایە.
3 ڕافائیل، یەک لە فریشتە پیرۆزەکانە، کە سەرپەرشتی گیانی مرۆڤ دەکا.
4 ڕاگوێل، یەکێکە لەو فریشتە پیرۆزانەی، کە تۆڵەی جیهانی ڕووناکیەکان دەکاتەوە.
5 میکائیل، یەکێکە لەو فریشتە پیرۆزنەی، واتە ئەو کەسەی کە بەسەر باشترین بەشدا دانراوە مرۆڤایەتی و بەسەر ئاژاوەگێڕیدا.
6 ساراقائیل، یەکێکە لە فریشتە پیرۆزەکان، کە بەسەر گیانەکاندا دانراوە، کە گوناە دەکات لەگیان.
7 جوبرائیل، یەکێکە لە فریشتە پیرۆزەکان، کە سەرپەرشتی بەهەشت و مار و کەڕوبیەکان دەکا.
8 ڕیمیێل، یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان، کە خودا بەسەر ئەو کەسانەی دانا، کە هەڵدەستن.
9 منیش چوومە ئەو شوێنەی کە شتەکان پشێو بوون. وە لەوێ شتێکم بینی ترسناک: نە ئاسمانێکم لە سەرەوە بینی و نە زەوییەکی پتەو، بەڵکو شوێنێکم بینی ئاژاوەگێڕ و ترسناک.

10 لەوێ حەوت ئەستێرەی ئاسمانم بینی کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، وەک شاخی گەورە و سووتانی بە ئاگر.

11 ئینجا گوتم: بە چ گوناهێک تاوانبارن و لەسەر چ هۆکارێک، لێرە فڕێدراون؟

12 ئینجا ئوریێل، یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان، کە لەگەڵم بوو و سەرۆکایەتی بوو، گوتی: حەنۆخ بۆچی پرسیار دەکەی و بۆ ئەوەندە تامەزرۆی ڕاستی؟

ئەمانە لە ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانن کە سەرپێچییان لە فەرمانی خوداکردووە، و لێرە بەندکراون، تا دە هەزار ساڵ، تا ئەو کاتەی کە گوناهەکانیان پاکدەبنەوە.

13 لەوێشەوە چوومە شوێنێکی تر، کە لە یەکەمیانزۆر ترسناکتربوو. و شتێکی ترسناکم بینی. ئاگرێکی گەورە لەوێ گڕی گرتبوو ودەسووتا، شوێنەکە سەرتاپای درزی دابوو. پڕ لە کەوتنی ستوونی ئاگری گەورەبوو. نە قەبارەیان و نە گەورەییەکەیان من دەمتوانی بیبینم، نە دەمتوانی گریمانەشیان بکەم.

14 ئینجا گوتم: شوێنەکە چەند تۆقێنەرە، و سەیرکردنی چەند ترسناکە!

15 ئینجا ئوریێل کە یەکێک بوو لە فریشتە پیرۆزەکان کە لەگەڵم بوو بۆ من وەڵامی دامەوە: حەنۆخ، بۆچی وا تۆقیوی و ئەوەندە دەترسێی؟

16 منیش وەڵامم دایەوە: بەهۆی ئەم شوێنە تۆقێنەرە و ئەو دیمەنە پڕ ئازارەی.

17 پێی گوتم: ئەم شوێنە زیندانی فریشتانە و لێرە ئەوان، بۆ هەمیشە زیندانی دەکرێن.

18 لەوێشەوە چوومە شوێنێکی دیکە، شاخی بەردی ڕەق.

19 چوار شوێنی کون و قووڵ و پان و زۆر نەرمی تێدا بوو. چۆن شوێنە کونەکان نەرمن و قووڵ و تاریکن بۆ سەیرکردن.

20 ئینجا ڕافائیل یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان کە لەگەڵم بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەو شوێنە کونانە هەر بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون، کە گیانی مردووانی تێدا کۆببنەوە، بەڵێ کە هەموو گیانی منداڵانی مرۆڤ لێرە کۆدەبنەوە. وە ئەم شوێنانە تایبەتن بۆ وەرگرتنیان، تا ڕۆژی دادگاییکردنیان و ماوەی دیاریکراویان، تا بڕیاری گەورە بەسەریاندا دەدرێ.

21 مردووێکم بینی که جل و بەرگی دروست دەکرد و دەنگی بۆ ئاسمان دەڕۆیشت. ئینجا پرسیارم لە ڕافائیلی فریشتە کرد کە لەگەڵم بوو، پێم گوت: ئەی ئەوە. گیانی کێیە، وا دەنگی دەچێتە کەشکەشان! و ڕەنگبێ بەهەشتی بێ؟

22 وەڵامی دامەوە: ئەو دەنگە لەگیانی هابیلەوە هاتە دەر. کە قائینی برای خۆی کوشتی و داوای لێدەکات تا تۆرەمەی دروست دەبێ، لە سەر ڕووی زەوی تۆرەمەی مرۆڤ لەناو دەچێ.

23 لەبارەیەوە و سەبارەت بە هەموو شوێن و کونەکان پرسیم: بۆچی یەک هەیە، لە ئەوی تر جیا بووەتەوە؟

24 وەڵامی دامەوە و پێی گوتم: ئەم سێ کەسە بۆ ئەوە دروست کراون، کە گیانی مردووان جیا ببنەوە. وە دابەشبوونێکی لەو شێوەیە بۆ گیانی چاکەکاران، کانیاوی ئاوی گەشاوەی تێدایە. و ئەم جۆرەش هەبووە بۆ گوناهباران دروست کراوە کاتێ دەمرن، و لە زەویدا دەنێژرێن و دادگایی دەکرێن.

25 لێرەدا گیانەکانیان لەو ئازارە گەورەیەدا جیا دەکرێنەوە تا ڕۆژی گەورەی بڕیار و سزا و ئەشکەنجەی ئەوانەی بە نەفرەت دەکرێن، بۆ هەتا هەتایە و تۆڵەسەندنەوە لە گیانەکانیان. لەوێ بۆ هەتا هەتایە بەند دەکرێن. و بەو شێوەیە دابەشبوون بۆ گیانی ئەو کەسانە کراوە کە عەزیزیە دروست دەکەن، کە دروستی دەکەن ، ئەوسا سەبارەت بە لەناوچوونیان ئاشکرادەکرێن. ئەو کاتەی لە ڕۆژانی گوناهباری دا.

26 بۆ گیانی مرۆڤەکان بەوشێوەیە دروست کراوە، کە ڕاستودروست نەبوون. بەڵام گوناهباران، تا لە سەرپێچیدا تەواو دەبن. هاوەڵ بن بەڵام گیانەکانیان لە ڕۆژی پەسڵاندا نەدەکوژرێن و نە لەوێشەوە هەڵدەستن.

27 من سڵاوم لە پەروەردگاری شکۆمەند کرد و گوتم: پەروەردگارم، پەروەردگاری ڕاستودروست، کە بۆ هەمیشە سەروەری دەکات.

28 لەوێشەوە چوومە شوێنێکی دیکە، لە ڕۆژئاوای کۆتاییەکانی زەوی. و ئاگرێکی سووتاوم بینی کە بەبێ پشوو ڕایکرد. و شەو و ڕۆژ لە ڕێڕەوی خۆی نەدەوەستا، بەڵام بە ڕێکوپێکی.
29 منیش پرسیم: ئەمە چییە کە پشوو نادا؟
30 ئینجا ڕاگوێل، یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان کە لەگەڵم بوو، وەڵامی دامەوە و گوتی بۆ من: ئەو ڕێڕەوی ئاگرەی کە بینیوتە، ئاگرەکەی ڕۆژئاوایە کە هەموو ڕووناکیەکانی ئاسمان گۆشەگیر دەکات.
31 لەوێشەوە چوومە شوێنێکی دیکەی زەوی و ئەویش نیشانیدام کە زنجیرە شاخەکانی ئاگر شەو و ڕۆژ دەسوتێن.
32 لەودیوەوە چوومە ئەودیو، حەوت شاخی گەورەم بینی. کە هەریەکەیان جیاواز بوون لە ئەوی تر، و بەردەکان بەهادار و جوان بوون، بە شێوەیەکی شکۆمەند و دەرەوەی جوان: سێ بەرەو ڕۆژهەڵات، یەک لەسەر ئەوی تر دامەزراو و سێ بەرەو باشوور، یەکێک لەسەر ئەوی تر و کانییە قووڵە زبرەکان، کە هیچیان لەگەڵ ئەوانیتر نەدەگونجان.
33 شاخی حەوتەم لە ناوەڕاستی ئەمانەدا بوو و لەوان زیاتر بوو بەرزییەکەی، لە کورسی و تەختێک دەچوو: و دارە بۆنخۆشەکان تەختەکەیان گەمارۆ دابوو.
34 لە نێوانیاندا دارێک هەبوو کە من هێشتا بۆنیم نەکردبوو. و هیچیان نەبوو لە نێوانیاندا و ئەوانی تریش هاوشێوەی ئەو نەبوون: بۆنی لە هەموو بۆنەکانیتر زیاتر هەبوو، گەڵا و گوڵ و دارەکانی بۆ هەمیشە وشک نەدەبوون، بەرهەمەکەی جوانبوو. و میوەکەی لە خورمای دارخورما دەچوو.
35 ئینجا گوتم: ئەم دارە چەندە جوانە و بۆنخۆشە و گەڵاکانی جوانن. و گوڵەکانی زۆر خۆشن لە ڕواڵەتدا.
36 ئینجا میکائیل، یەکێک لە فریشتە پیرۆز و بەڕێزەکان کە لەگەڵیدا بوو، سەرکردەیان بوو وەڵامی منی دایەوە.

37 پێی وتم: حەنۆخ، بۆچی لەبارەی بۆنی ئەو درەختەم لێ دەپرسی، و بۆچی ئارەزووی فێربوونی ڕاستییەکان دەکەی؟

38 ئینجا وەڵامم دایەوە و گوتم: دەمەوێت لەبارەی هەموو شتێکەوە بزانم، بەڵام. بە تایبەتی سەبارەت بەو درەختە.

39 وەڵامی دایەوە: ئەم شاخە بەرزەی کە بینیوتە، هی کێیە؟ لوتکەی وەک تەختی خودا وایە، تەختەکەیەتی!!. کە گەورەی پیرۆز، کە پەروەردگاری شکۆمەندی، پاشای ئەبەدی، دادەنیشێ، کاتی دێتە خوارەوە بۆ سەردانی زەوی بە چاکە. وە سەبارەت بەو درەختە بۆنخۆشەش، هیچ مرۆڤێکی فانی بۆی نییە دەستی لێ بدا تا کاتی دادگای گەورە دێ. کاتی سزای هەمووان دەدا. و دەیگەیەنێتە قۆناخی تەواوبوونی هەمیشە. پاشان دەدرێ بە ڕاستودروست و پیرۆزەکان. میوەکەی دەبێت بۆ خواردنی هەڵبژێردراوەکان، دەچێنرێ بۆ شوێنی پیرۆز، بۆ پەرستگای پەروەردگار، پاشای هەتاهەتایە.

40 ئەو کاتە بە خۆشی و شاد دەبن و دەچنە شوێنی پیرۆز دەچنە ژوورەوە؛ بۆنەکەی لە ئێسکەکانیاندا دەبێت و تەمەنێکی درێژ دەژین لەسەر زەوی. وەک ئەوەی باوباپیرانت ژیاون؛ و لە ڕۆژگارەکانیاندا هیچ خەم و ئازار یان بەڵایەک دەستیان لێ بدات.

41 ئینجا من خودای شکۆمەندی، پاشای هەمیشەییم پیرۆز کرد، کە ئەو جۆرە شتانەی ئامادە کردووە. ئەو شتانەی بۆ چاکەکارانی ئامادەکردوون و بەڵێنی پێداون.

42 لەوێشەوە چوومە ناوەڕاستی زەوی و شوێنێکی پیرۆزم بینی کە تێیدا درەخت هەبوون، لقەکانیان دەمێننەوە و گوڵیان دەکرد.

43 لەوێ شاخێکی پیرۆزم بینی و لە ژێر چیاکەدا بەرەو ڕۆژهەڵات چەمێک هەبوو و بەرەو باشوور دەڕژا. و بەرەو ڕۆژهەڵات بینیم شاخێکی دیکە لەو بەرزتربوو، و لە نێوانیاندا کانییەکی قووڵ و تەسک هەبوو. هەروەها لەوێ چەمێک لە دامێنی شاخەکەدا دەڕژا.

44 لە ڕۆژئاواش شاخێکی دیکە هەبوو، لە شاخەکەی پێشوو نزمتر بوو. و بەرزاییەکی بچووک و کانییەکی قووڵ و وشک لە نێوانیاندا: و یەکێکی تر کانییەکی قووڵ و وشک لە کۆتایی سێ شاخەکەدا بوو.

45 هەموو کانیەکان قووڵ و تەسک بوون، لە بەردی ڕەق و دارەکانیش نەبوونی، لەسەریان چێنرابوو. سەرسام بووم بە بەردەکان و سەرسام بووم بە کانییەکە. بەڵێ، زۆر سەرسام بووم.

46 ئینجا گوتم: ئەم خاکە پیرۆزە کە بە تەواوی پڕ بووە لە چ ئامانجێکە. دارەکان، و ئەم دۆڵە نەفرەتییە لە نێوان؟

47 ئینجا ئوریێل، یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان کە لەگەڵم بوو، وەڵامی دایەوە و گوتی. ئەم دۆڵە نەفرەتییە بۆ ئەوانەیە کە بۆ هەمیشە نەفرەتیان لێ کراوە. لێرە هەموو نەفرەت لێکراوان کۆدەکرێنەوە. ئەوانەی بە لێویان دژی خودا قسە دەکەن، قسەی ناشایستە بە شکۆمەندی دەڵێن. لێرەدا کۆدەکرێنەوە پێکەوە و لێرەدا شوێنی دادگاییکردنیان دەبێ.

48 لە ڕۆژانی کۆتاییدا دیمەنی دادوەری ڕاست و دروستیان لەسەر دەبێ، لەبەردەم چاکەکاران بۆ هەمیشە: لێرەدا میهرەبانەکان بەرەکەتی پەروەردگاری شکۆمەندی، پاشای ئەبەدی. لە ڕۆژانی دادوەری لەسەر یەکەمیان، ئەوان بەرەکەتی دەخەنە سەری بەهۆی ئەو میهرەبانییەی کە بەپێی ئەو ڕەحمەتەی کە پێی سپێردراوە.

49 پاشان پەروەردگاری شکۆمەندم ستایش کرد و شکۆمەندی ئەوم خستەڕوو و ستایشی شکۆمەندیم کرد.

50 لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات چوومە ناوەڕاستی زنجیرە چیای بیابان، و بیابانێکم بینی تەنیا بوو، پڕ بوو لە درەخت و ڕووەک. ئاویش لە سەرەوە دەڕژا. پەلەکردن وەکو ئاوێکی زۆر بەرەو لە باکووری ڕۆژئاوا بووە هۆی ئەوەی هەور و شەونم لە هەموو لایەکدا بەرز بێتەوە.

51 لەوێشەوە چوومە شوێنێکی دیکە لە بیابان و لە ڕۆژهەڵات نزیک بوومەوە لەم زنجیرە شاخە. وە لەوێ دارە بۆنخۆشەکانم بینی کە بۆنی بخور و مۆر و دارەکانیش هاوشێوەی دار بادەم بوون.

52 لەودیو ئەوانەشەوە، چوومە ڕۆژهەڵاتی دوور. و شوێنێکی ترم بینی، دۆڵی ئاو. و لەوێدا درەختێک هەبوو، ڕەنگی دارە بۆنخۆشەکانی وەک ماستیک. وە لە لای ئەو دۆڵانەدا دارچینی بۆنخۆشم بینی. وە لە دەرەوەی ئەمانەش من بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتم.

53 شاخی دیکەم بینین. و لە نێوانیاندا دارستان، و لەوانە، هەبوون، لە ڕەگی ڕەشیان، کە شیلەیەکیان لێدەڕژا ناوی سارا و گالبانۆمە. و لەودیو ئەم شاخانەوە شاخێکی ترم بینی لە ڕۆژهەڵاتی کۆتاییەکانی زەوی، کە لەسەری درەختی ئالۆڤێل بوون، و هەموو درەختەکان پڕ بوون لە ستاکت، وەک درەختی بادەم. وە کاتێک مرۆڤ سووتاندی، بۆنی شیرینتر بوو لە هەر بۆنێکی بۆنخۆش.

54 دوای ئەم بۆنە بۆنخۆشانە، کاتێک سەیری باکوورم دەکرد، بەسەر شاخەکان حەوت شاخم بینی پڕ لە درەختی هەڵبژێردراو. و درەختە بۆنخۆشەکان و دارچین و بیبەر.

55 لەوێشەوە بەسەر لوتکەی هەموو ئەم شاخانەدا ڕۆیشتم، زۆر بەرەو لە ڕۆژهەڵاتی زەوی، و بەسەر دەریای ئێریتریادا تێپەڕی، و دوور ڕۆیشت، و بەسەر فریشتە زۆتیێلدا تێپەڕی.

56 گەیشتمە باخچەی ڕاستودروستی و لە دوورەوە بینیم چەندین درەختی لێبوون، و لەوێ دوو درەختی گەورەی لێبوون، زۆر گەورە، جوان، و شکۆمەند. درەختی زانین کە بەرهەمە پیرۆزەکەی دەخۆن و حیکمەتی گەورە بزانن.

57 ئەو درەختە بەرزییەکەی وەک هەنجیری خنکێنەرە و گەڵاکانی وەک درەختی کارۆب وایە و میوەکەی وەک کۆپەڵەی ترێیە، زۆر جوانە، بۆنی درەختەکەش لە دوورەوە دەچێتە ناخ.

58 ئینجا گوتم: ئەو درەختە چەندە جوانە و دیمەنەکەی چەندە سەرنجڕاکێشە!

59 ئینجا ڕافائیلی فریشتەی پیرۆز کە لەگەڵم بوو وەڵامی دامەوە و گوتی: ئەوە، درەختی زانینە، کە باوکی پیر و دایکی بەساڵاچووت، کە لێرە بوون لەبەرهەمی خواردیان و فێری زانین بوون و چاویان کرایەوە و دەیانزانی کە ڕووت و لە باخچە دەرکراون.

60 لەوێشەوە چوومە کۆتاییەکانی زەوی و لەوێ درندەی گەورەم بینی. و هەریەکەیان لەویتر جیاواز بوون، و باڵندەکانیش جیاوازبوون لە ڕواڵەت و جوانی و دەنگ، هەر یەکەیان جیاواز لە ئەوی تر.

61 لە ڕۆژهەڵاتی ئەو گیاندارانە کۆتاییەکانی زەویم بینی. کە ئاسمانی لەسەر بوو پشوو دەدات و دەروازەکانی ئاسمان دەکرێنەوە. وە بینیم چۆن ئەستێرەکانی ئاسمان دێنە دەرەوە و ئەو دەروازانەم ژمارد کە لێیەوە دەردەچن، و هەموو دەرچوونەکانیانم نووسی، لە هەر ئەستێرەیەکی تاکەکەسی بە خۆی، بەپێی ژمارەیان و ناویان و کۆرس و پۆستەکانیان و کات و مانگەکانیان، وەک چۆن ئوریێل فریشتەی پیرۆز کە لەگەڵم بوو نیشانی دام.

62 هەموو شتێکی پیشاندام و بۆی نووسیم. هەروەها ناوەکانیان ئەو بۆ منی نووسیوە، و یاساکانیان و پرۆسەکانیان.

63 لەوێشەوە بەرەو باکوور ڕۆیشتم تا کۆتایی زەوی و لەوێش ئامێرێکی گەورە و شکۆمەندم لە کۆتاییی زەویدا بینی.

64 لێرەدا سێ دەروازەی ئاسمانم بینی کە لە ئاسماندا کراونەتەوە: لە ڕێگەی هەر یەکێکەوە ئەوان بەرەو بای باکوور دەڕۆن: کاتێک دەفڕێن سەرما، تەپوتۆز، بەستەڵەک، بەفر، شەونەم، و باران. وە لە یەک دەروازەوە بۆ هەمیشە دەفڕن: بەڵام کاتێک دەفڕن دوو دەروازەکەی تر، بە توندوتیژی و ناخۆشی، و ئەوان لەسەر زەوی ڕادەماڵن.

65 لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتم تا کۆتایی زەوی، و بینیم لەوێ سێ دەروازەی ئاسمان کراوەن، وەک ئەوەی لە ڕۆژهەڵات بینیبووم، هەمان شت ژمارەی دەروازەکان، و هەمان ژمارەی پرۆسەکان.

66 لەوێشەوە چوومە باشوور تا کۆتایی زەوی و لەوێ بینیم سێ دەروازەی کراوەی ئاسمان، لەوێشەوە شەونم و باران و با دێت. لەوێشەوە چوومە ڕۆژهەڵات تا کۆتایی ئاسمان. و لێرە بینیم کە سێ دەروازەی ڕۆژهەڵاتی بەهەشت کراوەن، و دەروازەی بچووک لە سەروویانەوە.

67 لە هەریەکێک لەم دەروازە بچووکانەدا ئەستێرەکانی ئاسمان تێدەپەڕن و خۆیان بەڕێوەدەبەن ڕێڕەو بەرەو ڕۆژئاوا لەسەر ئەو ڕێگایەی کە پیشانیان دەدرێ.

68 هەرکاتێک دەمبینی هەمیشە، ستایشی پەروەردگاری شکۆمەندم دەکرد. و بەردەوام بووم پیرۆزبایی لە پەروەردگاری شکۆمەند بکەم، کە ئەو کارە سەرسوڕهێنەرە گەورانە و شکۆمەندانەی کردووە، بۆ ئەوەی گەورەیی کارەکانی بۆ فریشتە و گیانەکان و مرۆڤان، نیشان بدا، تا ئەوانیش، ستایشی کارەکانی و هەموو دروستکراوەکانی بکەن، بۆ ئەوەی لە کارەکانی دا هێزی ئەو ببینن و ستایشی کارە گەورەکانی بکەن و بۆ هەمیشە بڕشتی پێ ببەخشن.

گەشتی ئیبراهیم بۆ ئاسمان

ئەوە کورتەیەکە لە بەرزبوونەوەی ئیبراهیم بۆ ئاسمان، تەواوی چیرۆکەکە بە درێژی و ووردەکارییەوە لە پەرتووکی (التوراة - کتابات مابین العهدین جلد ٣) دایە.

ئیبراهیم پێش مردنی ئاواتی لە خودا خواستبوو، هەموو بوونەوەرەکانی خودا لە ئاسمان و زەویدا ببینێ. میکائیلی فریشتە، داواکارییەکەی گەیاندە لای خودا، ئەویش ڕازی بوو. و

فەرمانی بە فریشتە میکائیل کرد، لە هەرشتێک، ئیبراهیم داوای لێکرد، گوێڕایەڵی بێ. و وەک هاوڕێیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکا (واتە هاوڕێ، یان هاوڕێی خودا).

ئیبراهیم ئاسمان و زەوی دەبینێ

لەگەڵ میکائیل سواری گالیسکە کەڕوبەکان بووە، و لەگەڵ شەست فریشتە بردییە ئاسمان. و هەموو شتەکانی سەر زەوی، بە باش و بە خراپ پیشاندان.

سەیری خوارەوەی زەوی کرد، و بینی پیاوێک لەگەڵ ژنێکی خێزاندا سێکسی خزمایەتی دەکات. بۆیە ڕووی لە میکائیل کرد. و فەرمانی پێکرد، ئاگر بنێرێ بۆ ئەوەی لەناویان ببا، یەکسەر ئاگر دابەزی و سووتاندیان، چونکە خودا فەرمانی بە میکائیل کردبوو، هەرچی فەرمانی بە ئیبراهیم کرد بیکات.

دووبارە ئیبراهیم سەیرێکی کردەوە، بینی چەند دزێک خەریکن دیواری ماڵێک هەڵدەدڕن، بۆیە ئیبراهیم فەرمانی دا: با دڕوندە کێوییەکان لە بیابانەوە بێن، و پارچە پارچەیان کەن، یەکسەر دڕندە کێوییەکان لە بیابانەوە هاتن و خواردنیان. دیسان سەیرێکی خوارەوەی کردەوە. خەڵکی بینی خەریکن تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن. یەکسەر فەرمانی دا: با زەوی دەمی بکاتەوە و قووتیان بدات، وەک خۆی وتی زەوی بە زیندووی قوتی دان.

دوای ئەوە خودا قسەی لەگەڵ میکائیل کرد: ئیبراهیم بگێڕەوە ماڵەکەی خۆی. بەڵام بەسەر هەموو زەویدا بڕۆ. چونکە ئەو بەزەیی بە گوناهباران دانایەوتەوە، بەڵام من بەزەییم

پییان دادێتەوە. چونکە لەوانەیە تەوبە بکەن، و بژێن و لە گوناهەکانیان پەشیمان ببنەوە و ڕزگاریان بێ.

ئەوسا میکائیل گالیسکەکەی لێخوڕی، و ئیبراهیمی هێنایە شوێنی دادگاییکردنی هەموو گیانەکان. ئیبراهیم دوو ڕێگای بینی، یەکێکیان ڕێگای تەنگ و سەخت، و ئەوی دیکەیان گەورە و فراوان بوو. لەوێ دوو دەرگای بینی، یەکێکیان پان بوو، و بەرەو ڕێگایەکی فراوان دەڕۆیشت. و دەرگایەکی تەسک بەرەو ڕێگایەکی تەسک دەڕویشت. لەوێ لە دەرەوەی دوو دەرگاکە پیاوێکی بینی، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، کە لە زێڕ دروستکرابوو. و ڕوخساری بەڕێز و شکۆمەند بوو. وە زۆر گیانی بینین، کە فریشتەکان ڕێبەرایەتییان دەکردن. و لە دەروازە فراوانەکەوە دەچوونە ژوورەوە. گیانەکانی ترییشی بینی کە ژمارەیان کەم بوو، لەلایەن فریشتەکانەوە هەڵیاندەگرتن و دەهێنرانە دەروازە تەنگەکە. وە کاتێک پیاوە شکۆمەندەکەی، لەسەر کورسییە زێڕینەکە دانیشتبوو، بینی ئەوانەی لە دەروازە تەسکەکەوە دەچنە ژوورەوە کەمن. و ئەوانەی لە دەروازە فراوانەکەوە دەچنە ژوورەوە زۆرن. ئەو پیاوە نامۆیە، یەکسەر مووی سەری و لاکانی سمێڵەکەی گرت و بە کوڵی گریانەوە خۆی لە کورسییەکەوە فڕێدەدایە سەر زەوی، کاتێک بینی زۆر گیان لە دەرگا تەسکەکەوە دەچنە ژوورەوە، لە زەوی هەڵسایەوە و لەسەر تەختەکەی دانیشت و دڵخۆش بوو.

پاشان ئیبراهیم پرسیاری لە فریشتەی سەرەکی کرد، و پێی گوت: ئەی پەروەردگارم، سەرکردە، ئەم پیاوە سەرسوڕهێنەرە کێیە؟ کە بەو شکۆمەندییە پۆشراوە و هەندێک جار دەگری و هەندێک جاریش شاد و دڵخۆشدەبێ؟ پێی گوت: ئەو مرۆڤە جەستەی (فریشتە) ئادەمە، یەکەم کەسی دروستکراو، لەم شکۆمەندییە گەورەیەدا چاودێری جیهان دەکا، چونکە هەموو کەسێک لەو دابەزیوە. کاتی دەبینێ گیانی زۆر لە دەروازەی تەسک دەچنە

ژوورەوە، هەڵدەستێ و لەسەر تەختەکەی دادەنیشێ و دڵخۆش دەبێ و لە خۆشیدا شاد دەبێ. چونکە دەرگای تەسک دەرگای چاکەکارانە کە بەرەو ژیانیان دەبا. و ئەوانە لەو ڕێگەیەوە دەچنە بەهەشت و بەختەوەرن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دڵخۆش دەبێ. چونکە دەبینێ، گیانەکانیان ڕزگار دەبن. و کاتی دەبینێ خەڵکێکی زۆر لە دەرگا فراوانەکە، دەچنە ژوورەوە، مووەکانی سەری هەڵدەکێشێت. و خۆی فڕێدەداتە سەر زەوی و دەگری. و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکا. چونکە دەرگای پان دەرگای گوناهبارانە، کە بەرەو لەناوچوون و سزای هەتاهەتاییان دەبا.

ئیبراهیم دڵتەنگبوو، چونکە لەبەر گەورەیی جەستەی نەیدەتوانی بچێتە ناو بەهەشت، بۆیە خودا دڵنیای کردەوە و پێی گوت: مەترسە و دڵتەنگ مەبە، چونکە تۆ بەبێ بەربەست دەچیە ژوورەوە. هەروەها هەموو ئەوانەی وەک تۆش وان. دوای ماوەیەک چووە ئاسمانی دووەم. و تەرازوویەکی بینی کە یەکێک لە فریشتەکان کردەوەی مرۆڤەکانی لەسەر دەکێشا. لە ناوەڕاستی دوو دەرگاکەدا کورسیەک دانرابوو. پیاوێکی نامۆ لەسەری دانیشتبوو، لەبەردەمیدا مێزێک لەشێوەی بلوری دانرابوو، هەمووی لە زێڕ و کەتانی دانسقەبوو .لەسەر مێزەکە پەرتووکێکی قەبارەی شەش باڵ دەبوو. لە لای ڕاست و چەپی دوو فریشتە پەڕە و مەرەکەب و پێنووسیان بەدەستەوە بوو.

لەبەردەم مێزەکە، فریشتەیەک ڕووناکی لێ دەدرەوشایەوە، تەرازوویەکی بەدەستەوە بوو .و لە لای چەپیشەوە فریشتەیەکی لە ئاگری لێبوو، نیشانەکانی توندی ودڕندەیی پێوەدیاربوون. بلوورێکی پڕ ئاگری سووتێنەری بەدەستەوەبوو، کە بۆ تاقیکردنەوەی گوناهبارانی بەکاردێنا. ئەو پیاوە سەرسوڕهێنەرەی لەسەر تەختەکە دانیشتبوو، بڕیاردان و تاقیکردنەوەی گیانەکانی دەکرد، دوو فریشتەکەش لەسەریان، بە ڕاست و چەپ دەیاننووسی. و کردەوەی خەڵکیان تۆماردەکرد. فریشتەی لای ڕاست کارە چاکەکان دەنووسی و تۆماری دەکردن، و

فریشتەی لای چەپیش گوناهەکانی تۆمار دەکردن. سەبارەت بە فریشتەی بەردەم مێژەکە کە تەرازووی بەدەستەوە بوو، گیانەکانی دەکێشا، فریشتە ئاگرینەکەی، بلوورە ئاگرەکەی بەدەستەوە بوو، گیانەکانی تاقیکردنەوە. جا ئیبراهیم لە میکائیلی فریشتەی سەرەکی پرسی: ئەم شتانە چین کە دەیبینین؟ پاشان فریشتەی سەرەکی پێی گوت: ئەوەی دەیبینی ئەی ئیبراهیمی مەزن، لێپرسینەوە و سزا و پاداشتەکەیە.

ئیبراهیم تێبینی ئەوەی کرد، کە گیانێک بڕیاری لەسەر دراوە، لە ناوەڕاستدا بمێنێتەوە، بۆیە پرسیاری لە میکائیل کرد هۆکاری ئەوە چیە؟ گوتی چونکە دادوەر کردەوە خراپەکانی و کارە چاکەکانی بە یەکسان دانا. بۆیە نە ڕادەستی دادوەر کرا و نە ڕزگاری بوو. ئیبراهیم وتی: با بۆئەو گیانە بپاڕێینەوە ، بزانین خودا گوێمان لێدەگرێ، و دەچێتە بەهەشت. کاتی لە پاڕانەوە بوونەوە میکائیلی فریشتە بە ئیبراهیمی گوت: بە پاڕانەوەی ئێمە ڕزگاری بوو.

ئیبراهیم بە میکائیلی گوت: وەرە با لێرە داوا لە خودا بکەین. و داوای بەزەیی و لێبووردەیی ئەو بکەین، بۆ گیانی ئەو بەڕێزانە، کە لە تورەیی خۆمدا نەفرەتم لێکردن و لەناوم بردن، بە هۆی تووڕەیی من ئاگر سووتاندنی و ئەوانەی دڕوندە کێوی پارچەپارچەی کردن. و ئەوانەی بە هۆی قسەکانم زەوی قووتیدان، ئێستا دەزانم، لە بەردەم خودای پەروەردگارمان، گوناهێکم کردووە. دوای نوێژ و پاڕانەوەی هاوبەشی فریشتە، و نەبی ئیبراهیم، دەنگێک لە ئاسمانەوە هات، دەیگوت: ئیبراهیم، ئیبراهیم، گوێم لە پاڕانەوەکەت گرت، و لە گوناهەکەت خۆش بووم. ئەوانەی پێت وایە لەناوم بردوون، بانگم کردوون و بە بەزەیی خۆم زیندووم کردنەوە. چونکە لە بڕیاردا کاتێک هەیە بۆ سزا، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کە لەناوم بردوون، کاتی مردوون، من ئیتر سزایان نادەم.

دوای ئەوەی میکائیل، ئیبراهیمی گەڕاندەوە ماڵەکەی خۆی، بینی سارا مردووە، لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چی بەسەر ئیبراهیم هاتووە. [213] لەبەر خەم و پەژارەی بێکۆتایی، گیانی لەدەستدا[214].

گەشتی موسا بۆ ئاسمان

ئەو ڕۆژەی خودا لەسەر چیای سینا خۆی بۆ موسا ئاشکرا کرد، دوو ئەوەندەی ڕۆژانی ئاسایی بوو .چونکە لەو ڕۆژەدا ڕۆژ ئاوا نەبوو، پەرجووێک کە لە پێناو موسا، چوار هێندە زیاتر دووبارە بووەوە.[215] کاتێک ئەم ڕۆژە درێژە نزیک بووەوە، موسا سەرکەوتە سەر شاخی پیرۆز، لەوێ هەفتەیەکی بەسەر برد بۆ ئەوەی خۆی لە هەموو پیسییەکی گیانی ڕزگار کا، تا بۆ لای خودا، بچێتە ئاسمان. لە کۆتایی ئامادەکارییەکانیدا خودا بانگی کرد، بۆ ئەوەی بێتە لای[216]. پاشان هەورێک دەرکەوت و لەبەردەمیدا پاڵکەوت، بەڵام نەیدەزانی سواری

---

[213] چیرۆکی چاوپێکەوتنی ئیبراهیم لەگەڵ فریشتەی مەرگ لەناو زانایانی شیعەدا بەباشی ناسراوە، هەروەک چۆن لە تەفسیری إمام و إحتجاج لە نووسینی البطرسي و بحار الأنوار، بەرگی ١٢، ل٢٥ و ص ،٣٢ و هەروەها فەرموودەکانی 7 و 8 و چیرۆکی پێغەمبەران لە نووسینی الراوندي وەرگیراوە. لەبەر زۆر ڕوونییان لە گێڕانەوەی زانایانی شیعە، سەبارەت بە پەرتووکە ئەپۆکریفەکان، وەک ئەوە وایە تۆ خۆت ئەپۆکریفا بخوێنیتەوە.

[214] آندری دوپونت سومەر و مارک فیلولینکو (١٩٩٩) التوراة کتابات مابین العهدین ج٣، التوراة المنحول. ترجمة موسی دیب الخوری. دار الطلیعة الجدیدة. دمشق. ص ٥٢٧ - ٥٤٧

[215] Ginzberg, Louis (1913) Legends of the Jewish Vol II.; R.H. Charles, M.A (1897) Assumption of Moses. THE LIBRARY of VICTORIA UNIVERSITY , London. Pp 245

[216] Ibid 246

هەورەکە بێت یان تەنیا دەستی پێوە بگرێ. پاشان لەناکاو هەورەکە کرایەوە، و موسا هاتە ناوی. و لە ئاسماندا دەسوڕایەوە وەک ئەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسوڕێتەوە.
پاشان چاوی بە کەموئێلی (Kemuel) دەرگاوان کەوت، ئەو فریشتەیەی کە بەرپرسی دوانزە هەزار فریشتەی لەناوبردنە، کە لە دەروازەکانی ئاسماندا جێگیرکراون .بە توندی قسەی لەگەڵ موسا کرد و وتی: تۆ لێرە چی دەکەی کوڕی عومران، ئێرە شوێنی فریشتەکانی ئاگرە؟ موسا وەڵامی دایەوە: بەهێزی خۆم نەهاتوومەتە ئێرە، بەڵکو بە مۆڵەتی پیرۆزهاتووم، تەورات وەربگرم، و بیگەیەنمە ئیسرائیل .وەک چۆن کەموێل نەیدەویست ڕێگەی پێبدات، موسا لێیدا و لە جیهان لەناوبرد، دواتر ڕۆیشت تا فریشتە هادارنیێل (Hadarniel) هات.

ئەو فریشتەیە شەست گرد پاراسانگ (فرسخ) لە هاوڕێکانی بەرزترە (٦٠ جار دە هەزار گرد). و لە هەر وشەیەک، کە لە دەمی دەربچێ دوانزە هەزار ڕەشەبای ئاگرین دەردەکا. کاتی موسای بینی، بەسەریدا قیژاندی: کوڕی عەمران، لێرە چی دەکەی، ئێرە شوێنێکی پیرۆز و بەرزە؟ کاتێ موسا گوێی لە دەنگی بوو، لەڕادەبەدەر ترسا، فرمێسک لە چاوانی هات. و زۆری نەمابوو لە هەورەکە بکەوێتە خوار. بەڵام لە یەک چرکەدا بەزەیی خودا بۆ موسا هات. و بە هادارنیێلی گوت: ئێوەی فریشتەکان لەو ڕۆژەوەی کە دروستم کردوون شەڕانگێز بوون. لە سەرەتاوە کاتێک ویستم ئادەم دروست بکەم، گلەییتان لەبەردەممدا وروژاند و گوتتان : مرۆڤ چییە کە تۆ بیری لێ بکەیتەوە ! تووڕەیی من لە ئێوە هەڵگیرسا و بە پەنجە بچووکەکەم دەیانم لە ئێوە سووتاند، ئێستاش دیسان، لەگەڵ دڵسۆزی ماڵەکەم دەست بە شەڕەنگێزی دەکەن، من فەرمانم بە موسا کردووە، بێتە سەرەوە بۆ لام، بۆ وەرگرتنی تەورات. و بیباتەوە بۆ لای هەڵبژاردەکانم، منداڵانی ئیسرائیل. هەرچەندە دەزانن ئەگەر ئیسرائیل تەوراتی وەرنەگرتبا، چیتر ڕێگەت پێنەدەدرا لە ئاسمان بژیت.

کاتێ هادارنیێل ئەمەی بیست، بە خێرایی بە پەروەردگاری گوت: ئەی پەروەردگاری جیهان! بۆ تۆ ئاشکرا و ڕوونە، کە من ئاگادار نەبووم کە بە مۆڵەتی تۆ هاتۆتە ئێرە، بەڵام ئێستا ئەوە دەزانم، و من دەبمە ڕێشاندەری ئەو. و وەک قوتابیەک لەپێش مامۆستاکەی بڕۆم. هادارنیێل لەسەر ئەمە، بە هەڵوێستێکی خۆبەزلزانییەوە، وەک قوتابیەک لەبەردەم مامۆستاکەیدا، لە پێش موسا ڕایدەکرد، تا گەیشتە ئاگری سەندەلفۆن (Sandalfon)، کئەو کاتە بە موسای گوت: بڕۆ، بگەڕێوە، چونکە ڕەنگە لەم شوێنەدا نەمێنمەوە، ئەگینا ئاگری سەندەلفۆن دەمسووتێنێ.[217]

ئەو فریشتەیە بەرزی زۆر لە سەرووی هاوڕێکانیەوە بوو، کە پێنج سەد ساڵی دەویست تا بەسەریدا بپەڕێتەوە .لە پشت تەختی خودا وەستاوە. و تاجە گوڵینە بۆ پەروەردگاری دەبەستێ. سەندەلفۆن (Sandalfon) شوێنی مانەوەی پەروەردگاریش نازانێ، بۆ ئەوەی تاجەکەی لەسەردانێ. بەڵام تاجەکە جادوو دەکا، بەجۆرێک کە بە ئارەزووی خۆی بەرز دەبێتەوە تاوەکو لە سەری خودا دادەنیشێ. هەر کە سەندەلفۆن فەرمانی بەرزبوونەوەی تاجەکە دەکات، سوپای سەر بەرز دەلەرزن و دەلەرزن، ئاژەڵە پیرۆزەکان دەتەقنەوە بە پایەن، سێرافیمە پیرۆزەکان (the holy Seraphim) وەک شێر هاوار دەکەن و دەڵێن: پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە پەروەردگاری سوپاکان، هەموو زەوی پڕە لە شکۆمەندی ئەو. کاتی تاجەکە گەیشتە تەختی شکۆمەندی، لە یەک کاتدا چەرخەکانی تەختەکە دەخرێنە جووڵە و بناغەکانی پێگەی پێیەکانی دەلەرزن و هەموو ئاسمانەکان بە لەرز و ترسناکییەوە دەستیان بەسەردا گرتووە .هەر کە تاجەکە ئێستا بە تەختی شکۆمەندیدا تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی لەسەر شوێنەکەی بنیشێتەوە، هەموو سوپای ئاسمانی دەمیان دەکەنەوە و دەڵێن: ستایشی شکۆمەندی ئەبەدی لە شوێنی خۆیەوە بێت. و کاتی تاجەکە گەیشتە شوێنی مەبەست، هەموو ئاژەڵە پیرۆزەکان و سرافیمەکان و چەرخەکانی تەخت و سوپای بەرز و کەڕوبیەکان

[217] Ibid. 248

و هاشمالییەکان بە یەک دڵی دەدوێن: هەتا هەتایی پاشا، هەتاهەتایی پاشا بوو، هەتا هەتایە پاشا دەبێ.

کاتی موسا سەندەلفۆنی بینی، ترسی لێنیشت. کە لە زەنگەکەیدا، نزیک بوو لە هەورەکە بکەوێتە خوار. بە گریان و پاڕانەوە داوای بەزەیی لە خودا کرد. و وەڵامی درایەوە، لە خۆشەویستی بەرفراوانی بۆ ئیسرائیل، خۆی لە تەختی شکۆمەندی خۆی دابەزی و لەبەردەم موسا وەستا، تا لە بڵێسەی سەندەلفۆن تێپەڕی. دوای ئەوەی موسا بلە سەندەلفۆن تێپەڕی، بەسەر ڕیگیۆن (Rigyon)دا ڕایکرد، ئەو چەمی ئاگرە، کە خەڵوزەکانی فریشتەکان دەسوتێنن، کە هەموو بەیانیەک خۆیان دەخەنە ناوی، و دەسوتێنرێن و دواتر سەرلەنوێ هەڵدەستنەوە. ئەو چەمە بە خەڵوزی ئاگرەوە لە ژێر تەختی شکۆمەندیدا لە ئارەقەی حەیۆتی پیرۆزەوە (holy Hayyot) دروست دەبێ، کە لە ترسی ئاگری خودا ئارەقەیان لێدەچۆڕێ. بەڵام خودا بە خێرایی موسا بە ڕیگیۆندا ڕاکێشا بەبێ ئەوەی تووشی هیچ ئازار یان پێکان بێ.

لەگەڵ تێپەڕبوونیدا چاوی بە فریشتە گالیزور (Gallizur)کەوت کە بە ڕازیێلیش (Raziel)ناوی دەبردرا. ئەو فریشتەیە کە زانیاریەکان بۆ ئەفرێنەرەکەی ئاشکرا دەکات، و ئەوەی خودا بڕیاری لەسەر داوە لە جیهاندا ئاشکرا دەکا. چونکە لە پشت ئەو پەردانەی کە لەبەردەم تەختی خودادا کێشراون، وەستاوە و هەموو شتێک دەبینێ و دەیبیستێ. ئیلیا لەسەر هۆرێب (Elijah on Horeb .) گوێی لەوە دەبێ، کە ڕازیل بۆ خوارەوە بۆ جیهان بانگی دەکا، و زانیارییەکانی دەگوازێتەوە. ئەو فریشتەیە لە بەهەشتدا ئەرکی تر ئەنجام دەدا، بە باڵە فراوانەکانەوە لەبەردەم تەخت وەستاوە، و بەم شێوەیە هەناسەی حەیۆت دەگرێت، کە ئەگەرنا گەرمییەکەی هەموو فریشتەکان دەسووتێنێ. جگە لەوەش خەڵوزەکانی ڕیگیۆن دەخاتە ناو چەقۆیەکی درەوشاوە، کە تا پاشا و میر و شازادەکان بەرزی

دەکاتەوە، و لێیەوە دەموچاویان درەوشاوەیی وەردەگرێ کە مرۆڤەکان لێیان بترسێن. کاتێک موسا بینی، لەرزی، بەڵام خودا بەبێ ئازار بەسەریدا تێپەڕی.

پاشان هاتە لای کۆمەڵێک فریشتەی تیرۆر کە دەوری تەختی شکۆمەندیان دابوو. ئەوانە بەهێزترین بوون، لە ناو فریشتەکاندا .ئەوانە ئێستا ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بە هەناسە ئاگرینەکەیان موسا بسووتێنن، بەڵام خودا درەوشاوەیی خۆی بەسەر موسادا بڵاوکردەوە و پێی گوت: بە توندی دەست بە تەختی شکۆمەندی منەوە بگرە و وەڵامیان بدەرەوە. لەبەر ئەوەی هەر ئەو کاتەی فریشتەکان لە ئاسمان، بە هاتنی موسایان زانیبوو، بە خودایان گوت: ئەو کەسەی لە ژن لەدایک بووە، لێرە چی دەکا؟

وەڵامی خودا بەم شێوەیە بوو: ئەو بۆ وەرگرتنی تەورات هاتووە. ئەوانیش گوتیان: ئەی پەروەردگار، بە بوونەوەرە ئاسمانییەکان ڕازی بە، با تەوراتیان هەبێ، تۆ چیت دەوێت لەگەڵ دانیشتوانی خۆڵ؟ پاشان موسا وەڵامی فریشتەکانی دایەوە: لە تەوراتدا نووسراوە: من پەروەردگاری هەتاهەتاییم، کە لە خاکی میسر و لە ماڵی کۆیلایەتی دەرمهێناون. ئایا ئێوە لە میسر کۆیلە بوون و دواتر ڕزگارتان بووبێ، تا پێویستان بە تەورات هەبێ؟ زیاتر لە تەوراتدا نووسراوە:

هیچ خودایەکی ترت نابێ. ئایا ڕەنگە بتپەرستان لە ئێوەدا هەبن کە پێویستتان بە تەورات هەیە؟ نووسراوە: ناوی هەتاهەتایی، خوداکەت، بە بەتاڵی مەڵێ، ڕەنگە دانوستانێکی بازرگانی لە نێوانتاندا هەبێ، کە پێویستتان بە تەورات هەیە بۆ ئەوەی فێری فۆڕمی دروستی بانگەوازتان بکات؟ نووسراوە: لەبیرت بێت ڕۆژی شەممە پیرۆز بکەی. ئایا لە نێوانتاندا هیچ کارێک هەیە کە پێویستی بە تەورات بێ؟ نووسراوە: ڕێز لە باوک و دایکت بگرە .ئایا ڕەنگە ئێوە دایک و باوکتان هەبێ، کە پێویستتان بە تەورات هەیە؟ نووسراوە: مەکوژە .ئایا

ڕەنگە بکوژەکان لە نێوانتاندا هەبن کە پێویستتان بە تەورات هەیە؟ نووسراوە: زینا مەکە. ئایا ژنێک لە ئێوەدا هەیە، کە پێویست بە تەورات بکا؟ نووسراوە: دزی مەکە. ئایا لە ئاسمان پارە هەیەکە پێویستتان بە تەورات بێ؟ نووسراوە: گەواهی درۆ لەسەر دراوسێکەت مەدە . ئایا هیچ گەواهییێکی بە درۆ لە نێوانتاندا هەیە، کە پێویستتان بە تەورات هەبێ؟ نووسراوە: ئیرایی بە ماڵی دراوسێکەت مەبە. ئایا لەناو ئێوەدا خانوو، کێڵگە، یان باخی ترێ هەن، کە پێویستتان بە تەورات بێ؟

فریشتەکان لێرەدا دەستبەرداری دژایەتی خۆیان بوون بۆ ڕادەستکردنی تەورات بە دەستی ئیسرائیل. و دانیان بەوەدا نا کە خودا ڕاست دەکا، کە بۆی ئاشکرا بکات مرۆڤایەتی، دەڵێت: پەروەردگارمان، ناوەکەت هەتاهەتاییە، چەندە لە هەموو زەویدا نایاب و سەرنجڕاکێشە ! ئەو کەسەی شکۆمەندی تۆی خستۆتە سەر ئاسمانەکان.

موسا ئێستا چل ڕۆژ لە ئاسمان مایەوە بۆ ئەوەی لە خوداوە تەورات فێربێ. بەڵام کاتی دەستی بە دابەزین کرد، و سوپای فریشتەکانی ترس و فریشتەی و فریشتەی لەرزین و فریشتەی ترسناکی بینی، پاشان لە توندی ترسەکەی، هەموو ئەو شتانەی فێری بوو بوو لەبیری کرد. هەر لەبەر ئەم هۆکارە خودا فریشتەی یەففیە (Yefefiyah)، شازادەی تەورات کە تەوراتی ڕادەستی موسا کرد، هەموو شتێکی بە دڵنیاییەوە ڕێکخست.

هەموو فریشتەکانی دیکەش بوون بە هاوڕێی و هەریەکەیان چارەسەرێکیان پێبەخشی و هەروەها نهێنی ناوە پیرۆزەکان، وەک ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە و چۆن بەکاردەهێنرێن. تەنانەت فریشتەی مەرگیش چارەسەری لە دژی مردنی پێبەخشی. بەکارهێنانی ناوە پیرۆزەکان، کە فریشتەکان لە ڕێگەی یەفەفیە، شازادەی تەورات و میتاترۆن (Metatron) شازادەی ڕووخسار، فێری کرد، موسا گواسترایەوە بۆ لای سەرۆک کاهین ئەلعازار (the

high-priest Eleazar)، ئەویش گواستیەوە بۆلای فینهاسی کوڕی (Phinehas)، هەروەها بە ئیلیا ناسراوە.

موسا تەورات وەردەگرێ

ئەو کاتەی موسا گەیشتە ئاسمان، بینی خودا سەرقاڵی ڕازاندنەوەی ئەو پیتانەیە کە تەوراتیان تێدا نووسراوە، بە ڕازاندنەوەی بچووکی تاج و بێ ئەوەی قسەیەک بکات، سەیری دەکرد. پاشان خودا پێی فەرموو: لە ماڵەکەتدا خەڵک سڵاوی ئاشتی نازانن؟ موسا: ئایا بەندە شایستەی ئەوەیە قسە لەگەڵ مامۆستاکەی بکا؟ خودا: ڕەنگە لانیکەم هیوای سەرکەوتنت، بۆ خواستبم لە ماندووبوونەکانمدا. موسا لەسەر ئەوە فەرمووی: با هێزی پەروەردگارم گەورە بێ بەپێی ئەوەی قسەت کردووە.

پاشان موسا پرسیاری گرنگی تاجەکانی سەر نامەکەی کرد و وەڵامی درایەوە: لەمەودوا پیاوێک بە ناوی ئەکیبەی کوڕی یوسف دەژی، کە بە لێکدانەوە شاخێکی زەبەلاحی هەڵەکۆت لەسەر هەر خاڵێکی ئەم پیتانە بنیات دەنێ. موسا بە خودای گوت: ئەم پیاوەم پیشان بدە.

خودا: هەژدە پلە بگەڕێوە دواوە. موسا چووە ئەو شوێنەی کە بانگەوازی بۆ کرابوو، گوێی لە گفتوگۆی مامۆستا بوو، کە لەگەڵ قوتابیەکانی دەکرد، کە لە پلەی هەژدەدا دانیشتبوون. بەڵام نەیتوانی شوێن ئەم باسانە بکەون، ئەمەش زۆر خەمبار بوو. بەڵام هەر لەو کاتەدا گوێی لە قوتابیەکان بوو کە پرسیاریان لە گەورەکەیان دەکرد سەبارەت بە شتێکی دیاریکراو

بابەت: لە کوێوە ئەمە دەزانیت؟ وەڵامی دایەوە: ئەمە هەڵەکایە (Halakah) کە لە چیای سینا درایە موسا. و موسا ناوەڕۆک نەبوو. موسا گەڕایەوە لای خودا و پێی گوت: پیاوێکت هەیە وەک ئەکیبا، و لەگەڵ ئەوەشدا تۆ تەورات، لە ڕێگای منەوە، دەدەیە ئیسرائیل!![218]

بەڵام خودا وەڵامی دایەوە: بێدەنگ بە، هەروەها لەلایەن منەوە بڕیاری لەسەر دراوە. پاشان موسا وتی: ئەی پەروەردگاری جیهان! تۆ ڕێگەت پێدام سەیری فێربوونی ئەم پیاوە بکەم، با پاداشتەکەش ببینم کە پێی دەدرێ. خودا فەرمووی: بڕۆ، بگەڕێوە و بزانە. موسا بینیان لە بازاڕ، گۆشتی شەهید ئەکیبایان دەفرۆشت. بە خودای گوت: ئایا ئەمە پاداشتی ئەو جۆرە زانستییە؟ بەڵام خودا وەڵامی دایەوە: بێدەنگ بە، من بەم شێوەیە بڕیارم داوە.[219]
پاشان موسا بینی کە چۆن خودا وشەی (پشوودرێژی) لە تەوراتدا نووسیوە، و پرسی: ئایا ئەمە مانای ئەوەیە، کە تۆ پشوودرێژیت لەگەڵ خوداپەرستان هەیە؟ بەڵام خودا وەڵامی دایەوە: نەخێر، لەگەڵ گوناهبارانیشدا خۆڕاگرم.

موسا هاوار دەکات: چی، با گوناهباران لەناو بچن! خودا چیتری نەگوت، بەڵام کاتێک موسا داوای بەزەیی خودای کرد، و داوای لێکرد لە گوناهی گەلی ئیسرائیل خۆش بێ، خودا وەڵامی دایەوە: تۆ خۆت ئامۆژگاریت کردم کە لەگەڵ گوناهباران ئارامم لێببڕێ، و لەناویان بەرم. موسا گوتی: بەڵێ، بەڵام تۆ ڕاتگەیاند کە تۆ لەگەڵ گوناهبارانیشدا پشوودرێژی، با ئێستا ئارام و خۆڕاگری خودا گەورە بێ. بەپێی ئەوەی قسەت کردووە [220].

ئەو چل ڕۆژەی کە موسا لە ئاسمان مایەوە، سەرجەمی ئەو کاتەی بۆ خوێندنەوەی تەورات تەرخانکردبوو. فێری نووسراو و هەروەها فێرکاری زارەکی بوو. بەڵێ، تەنانەت ئەو باوەڕانەی،

[218] Ibid. 249
[219] Ibid. 250
[220] Ibid. 251

کە زانایەکی بەتوانا ڕۆژێک دەیخاتە ڕوو، بۆی ئاشکرا بوون[221] لە دڵەوە تایبەتی بە بیستنی وانەکانی ڕابی تانا ئەلیزەر خۆشحاڵ بوو. و پەیامێکی دڵخۆشکەری وەرگرت. کە ئەو زانا گەورەیە، یەکێک لە نەوەکانی خۆی دەبێت.[222]

خوێندنی موسا بۆ چل ڕۆژەکە ئەوەندە پلان بۆ دارێژرابوو، کە بە ڕۆژ خودا وانە نووسراوەکانی لەگەڵ دەخوێند، بە شەویش ڕاهێنانی زارەکی. بەم شێوەیە توانی جیاوازی لە نێوان شەو و ڕۆژدا بکا، چونکە لە ئاسماندا، شەو وەک ڕۆژ دەدرەوشێتەوە.

هەروەها نیشانەی دیکەش هەبوون کە بەهۆیانەوە دەیتوانی شەو لە ڕۆژ جیا بکاتەوە. لەبەرئەوەی کاتی گوێی لە فریشتەکان دەبوو کە بە (پیرۆز، پیرۆز، پیرۆز، یەزدانی سوپاسالار) ستایشی خودا دەکەن، ئەوا دەیزانی ئەوکاتە ڕۆژە. بەڵام کاتی تەنیا بەقسە ستایشیان دەکرد و دەیانگوت (دەستخۆش بۆ ئەو پەروەردگارەی کە نیعمەتی لەسەرە). ئەوا دەیزانی شەوە. پاشانیش ئەگەر بینی خۆر لەبەردەم خودادا دەرکەوت و خۆی لەبەردەمی بەڕووداخست، ئەوە دەیزانی کە شەوە. بەڵام ئەگەر مانگ و ئەستێرەکان خۆیان فڕێ بدەنە بەر پێیەکانی، ئەوا دەیزانی کە ڕۆژە. هەروەها دەیتوانی بە داگیرکردنی فریشتەکان کات بزانێت، چونکە بە ڕۆژ ماننایان (manna) بۆ ئیسرائیل ئامادە دەکرد[223]. و بە شەویش بۆ سەر زەوی،

---

[221] Ibid. 252

[222] Ibid. 253

[223] گەزۆ (Manna) جۆری ڕووەکی خۆڵەمێشی لینجی ماددەیەک دەردەکا، کە پێی دەگوترێ تاماریسک ماننیفێرە (Tamarix mannifera) لە نیمچە دوورگەی سینا هەیە. چەق و لقەکانی شیلەیەکی شیرین دەردەدەن. دەردانەکە دەتوانێت لەخۆوە ڕووبدات یان لە ڕێگەی بڕیندارکردنی بە چەقۆ. ئەوەش بە هۆی هەندێ جۆری مێرو دروست دەبێ. شەیلەکەی لەلایەن مێرووەکانی تەرازوو Najacoccus serpentinus و Trabutina mannipara وەک خۆراک بۆ کرمەکانیان بەکاردێ. چڕبی نایترۆجینی شەربەتەکە کەمە، و مێرووەکانی تەرازوو، بە زێدەڕۆیی لە کاربۆهیدراتەکان لە شێوەی دڵۆپی بچووکی زەرد - سپی دەردەدەن، کە دەکەونە سەر زەوی. بیاباننیشینەکان (بدوي) ئەم تۆپە بچووکانە کۆدەکەنەوە.چونکە لە ڕۆژدا دەتوێنەوە. بەپێی چیرۆکی ئەفسانەیی دەبێ خودا ئەو جۆرە گەزۆیەی لە بیابانی سینا بۆ بەنی ئیسرائیل ناردبێ، تا لە مردن ڕزگاریان بێ

دەیاننارده خوارەوە. ئەو پاڕانەوانەی لە بەهەشتدا بیستبوونی، وەک نیشانەیەکی دیکە خزمەتیان دەکرد کە بتوانێت کاتەکەی بزانێت، چونکە ئەگەر گوێی لە خوێندنەوەی شێما (Shema) بوو پێش نوێژ، دەیزانی کە ڕۆژە، بەڵام ئەگەر نوێژەکە پێش خوێندنەوەی شێما بوو، پاشان شەو بوو[224].

لە ماوەی مانەوەی لەگەڵیدا، خودا سەرجەمی حەوت ئاسمان و پەرستگای ئاسمان، و ئەو چوار ڕەنگەی پیشانی موسا دا کە بڕیار بوو بەکاری بێنێ، بۆ جێگیرکردنی چادرەکەی. موسا بە سەختی ڕەنگەکانی ڕێکدەخست. دواتر خودا پێی فەرموو: بۆ لای ڕاست وەریگێڕە. کاتێ وایکرد، کۆمەڵێ فریشتەی بینی کە جلوبەرگێکیان لەبەردا بوو کە ڕەنگی دەریایان هەبوو. خودا گوتی: ئەمە وەنەوشەیە. پاشان فەرمانی بە موسا کرد، بەڵای چەپدا وەریگێڕێ، لەوێش فریشتەکانی بینی کە جل و بەرگی ئەرخەوانیان لەبەردا بوو، خوداش فەرمووی: ئەمە ئەرخەوانی شاهانەیە .موسا دوای ئەوە ڕووی لە دواوە کرد، فریشتەکانی بینی کە ڕەنگێکیان لەبەردا بوو کە نە وەنەوشەیی بوو و نە ئەرخەوانی بوو. خودا پێی فەرموو: ئەم ڕەنگە سوورە. پاشان موسا سووڕایەوە و بینی فریشتەکان جلێکی سپییان لەبەردا بوو، خودا پێی گوت: ئەمە ڕەنگی کەتانیی پێچاوپێچە[225].

هەرچەندە موسا شەو و ڕۆژی بۆ خوێندنەوەی تەورات تەرخان کردبوو، بەڵام هێشتا هیچی لێ فێر نەبووبوو. چونکە بەسەختی شتێ لە خودا فێردەبوو، دوایی جارێکی دیکە لەبیری کردەوە.

پاشان موسا بە خودای گوت: ئەی پەروەردگاری جیهان، چل ڕۆژم بۆ خوێندنەوەی تەورات تەرخان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێکم لێی هەبووبێ. بۆیە خودا تەوراتی بە موسا بەخشی

[224] Ibid. 254
[225] Ibid. 255

و ئێستا دەیتوانی دابەزێ بۆ ئیسرائیل، چونکە ئێستا هەموو ئەو شتانەی لەبیر بوو کە فێری بوو[226].

موسا بە سەختی لەگەڵ تەورات لە ئاسمانەوە دابەزی. کاتێ شەیتان لەبەردەم پەروەردگاردا دەرکەوت و گوتی: ئەو شوێنەی تەورات تێیدا هەڵگیراوە لە کوێیە؟ چونکە شەیتان هیچی لە وەحی خودا لەسەر سینا نەدەزانی، وەک چۆن خودا لە شوێنێکی تردا بە مەبەست داینابوو، بۆ ئەوەی وەک تۆمەتبارێک لەبەردەمیدا دەرنەکەوێ و بڵێ: ئایا دەتەوێ تەورات بدەیتە گەلێک کە دوای چل ڕۆژ (گوێرەکەی زێڕین) بپەرستێ؟

لە وەڵامی پرسیارەکەی شەیتان سەبارەت بە شوێنی تەورات، خودا فەرمووی: تەوراتم بەخشی بە زەوی .کەواتە بۆ سەر زەوی شەیتان بە پرسیارەکەی خۆی بردە سەر زەوی: تەورات لە کوێیە؟ زەوی وتی: خودا ڕێگای خۆی دەزانێ، شوێنی مانەوەی خۆی دەزانێ، چونکە سەیری کۆتاییەکانی زەوی دەکا، و لە ژێر هەموو ئاسماندا دەبینێ. ئێستا شەیتان ڕۆیشت بۆ دەریا بۆ ئەوەی بەدوای تەوراتدا بگەڕێ. بەڵام دەریاش وتی: لەلای من نییە، کۆتاییەکەش وتی: لە مندا نییە. لەناوچوون و مردن فەرموویەتی: بە گوێی خۆمان ناوبانگمان بیستووە.

دوای ئەوە شەیتان گەڕایەوە بۆ لای خودا و گوتی: ئەی پەروەردگاری جیهان! لە هەموو شوێنێک بەدوای تەوراتدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە. خودا لە وەڵامدا گوتی: بڕۆ بەدوای کوڕی عەمراندا بگەڕێ .ئەوسا شەیتان بەپەلە هاتە لای موسا و لێی پرسی: کوا ئەو تەوراتەی کە خودا پێی بەخشیوی؟ پاشان موسا وەڵامی دایەوە: من کێم، تا ئەوەندە پیرۆزبم، تا تەوراتم پێ ببەخشرێ؟ لەو کاتەدا خودا بە موسای گوت: ئەی موسا، تۆ درۆ

[226] Ibid. 256

دەکەی. بەڵام موسا وەڵامی دایەوە: ئەی پەروەردگاری جیهان! گەنجینەی شاراوەت لە خاوەندارێتی خۆتدا هەیە، کە ڕۆژانە دڵخۆشت دەکا. چۆن من دەوێرم خۆم بە موڵکی خۆم بزانم؟ پاشان خودا فەرمووی :وەک پاداشتێک بۆ بێ فیزیت، تەورات بە تۆ ناودەبردرێ و لەمەودوا بە تەوراتی موسا ناسراوە.[227]

موسا بەو دوو تابلۆیەی دە فەرمایشتەکەی لەسەر هەڵکەندرابوو، لە ئاسمانەکانەوە بۆ زەوی دابەزی. و تەنیا قسەکانی بە سرووشت خودایین، ئەو تابلۆیانە کە لەسەریان هەڵکەندراوە .ئەمانە بە دەستی خودا خۆی لە نیوەڕۆی شەممەی یەکەمدا، لە کۆتایی دارشتراون و دروستکراون. و لە بەردێکی وەک یاقوت دروستکراون. لەسەر هەریەکێک لەو دوو تابلۆیە دە فەرمانەکە، چوار جار دووبارەکراونەتەوە. و بەو شێوەیە هەڵکەندراون کە پیتەکان لە هەردوو لای دەخوێندرێنەوە. چونکە وەک تابلۆکان، نووسین و خامەکانی نووسینیش، ڕەسەن و ئاسمانی بوون. لە نێوان فەرمایشتە جیاوازەکاندا، گشت فەرمانەکانی تەورات بە هەموو تایبەتمەندیەکانیانەوە نووسرابوون. هەرچەندە درێژی تابلۆکان لە شەش دەست زیاتر نەبوون و پانییان بە هەمان شێوە[228] ئەوەش یەکێکی ترە لە ئاکاری تابلۆکان. هەرچەندە لە ڕەقترین بەرد دروستکرابوون، بەڵام هێشتا دەتوانرا، وەک پەرتووکێک کۆبکرێنەوە [229]. کاتێ خودا تابلۆکانی دایە موسا. و بە تابلۆی سێیەمی سەرەوە دوو تابلۆکەی گرتن، لەو کاتەدا موسا تابلۆ سێیەمەکەی خوارەوەی گرت، بەڵام تابلۆ سێیەمەکە، چوارچێوەکەی،بە کراوەیی مابووەوە. و بەو شێوەیە درەوشانەوەی خودایی بەسەر دەموچاوی موسادا ڕژا. [230]

---

[227] Ibid. 257
[228] Ibid. 258
[229] Ibid. 259
[230] Ibid. 260

گەشتی ئاردا ڤیراف بۆ جیهانی ئەودیوو

محمد گەشتی ئاسمانی ئاردا ڤیراف (ڤیرافی دادپەروەر)ی، وەک بنەڕەتێک بۆ چیرۆکەکەی خۆی وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی جیاوازی لەگەڵ ئاردا ڤیراف داهەیە، لە هۆنینەوەی میعراجەکەی محمد خۆی ڕۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە لە دینی زەردەشتی موبدێکە بە ناوی ئاردا ڤیراف،[231] خۆی وەریگرتووە. کە پەیامی جیهانی سەروو دەگەیێنێ. [232]

چیرۆکی گەشتی ئاردا ڤیراف لە پەرتووکی پیرۆزی ئاڤێستا دا نییە، بەڵکوو لە پەرتووکی ئاردا ڤیراف. کە پەرتووکێکی ئەفسانەیی سەربەخۆیە، لە سەردەمی ساسانیەکان دا هاتووە. کە پەیامبەری ئیسلام، بیرۆکەکەی کۆپیکردووە.

ئەو چیرۆکە ئەفسانەیەی دینی زەردەشتی کە بەناوی (ئاردا ڤیراف نامەک) لە ١٩ بەش پێکدێ. وا لە خوارەوە زۆر بە کورتی، پوختەی بابەتە هەرە گرنگەکانی ، کە بۆ ئەو باسە گرنگن دەخەینەڕوو:

دەقی گەشتەکەی ئەردا ڤیراف [233]

---

[231] ئاردا ڤیراف بە مانای ڤیرافی پیرۆز یان دادپەروەر دێ.

[232] النعمانی، شاکر فضل الله. النقد الکتابی للقرآن ص ٢٥

[233] هەندێ لە نووسەران لە جیاتی ئاردا ڤیراف بە (ئاردا ڤیراز) ناوی دەبەن

دوای داگیرکردنی ئەسکەندەری مەزن، لە سەدەی چوارەمی پ.س.ب ، داگیرکاری تەوژمێکی ڕۆح شکێنەری بیرۆکەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. کە تەنانەت ئەو گیانە پیرۆزە، کۆمەڵگە زەردەشتییەکانیشدا ڕۆیشت. بەوەش لێکدانەوەی نامۆ لە ڕێنماییەکان بەدیاردەکەوتن، و ڕیتوال و کاری خراپ، کە نەک تەنیا ڕێبازە دینیەکانی پیس دەکرد. بەڵکو هەڕەشەی کۆتاییهێنانی بە ڕەوتی گیانی خودایی دەکرد. دوای چەند سەدەیەک، پاشا ئەردەشیر پاپەکان (١٨٠ – ٢٤٢ س.ب)کە دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ساسانی بوو. هەروەها لە نێوان (٢٢٤ تا ٢٤٢ س. ب) یەکەم پاشاییش بوو. لە نێوانان ساڵانی (٢٢٤ تا ٢٤٢ س.ب). ئەردەشێر زۆر نیگەران بوو، چل هەزار زانا و موغ و موبیدی بانگهێشت کرد. بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چی بکرێت بۆ ئەوەی دووبارە (زیرەکی لە گیانەکانەوە زیندووبکرێتەوە). دوای ووردبینی کۆبوونەوەکە حەوت لە ژیرترین و پاکترینیان هەڵبژاردن. و داوایان لێکردن لە نێوان خۆیان، شایستەترین کەس هەڵبژێرن. بۆ ئەوەی ڕەوانەی ناو جیهانی سەرووی سروشتیەکان بکرێ. تا لە ڕێگایەوە سرووش (إلهام) وەربگرن، بۆ ئەوەی دینەکەیان پاک بکەنەوە. و بەهێز بێتەوە. ئەم حەوت کەسە بە کۆی دەنگ (ئەردا ڤیراف) یان هەڵبژارد کە موبیدێکی ڕاستگۆ و بەڕێزبوو. ئەردا ڤیراف خەڵکی شاری پێرسپۆلیس بوو. کە دەبوایە، بۆ ئەو گەشتە مەترسیدارە خۆی ئامادەبکا.[234]

لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاگری فرۆباگ کرد. و وتار و بیرۆکەی باشی جۆراوجۆر لەسەر بابەتەکە هەبوون. ئەرکی بنەڕەتی ئەوەبوو، پێویستە ئێمە بەدوای ئامرازێکدا بگەڕێین. تا هەریەکێک لە ئێمە کە بتوانێ بچێ، بە زیرەکی چارەسەرێک لە گیانەکەنەوە بێنێ. ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدان پێویستە، گشت شتێک دەربارەی ئەم نەرێتانەی خراپ و

[234] Hart, Eloise. Sunrise magazine, July/July 1977. Copyright © 1977 by Theosophical University Press

درۆن، بە جێگای نەفەرەتنیان بزانن. هەروەها ئەوەش بزانن کە نوێژەکانی نیرەنگ، و شۆردن و پاککردنەوە کە درکیان پێدەکەین، دەمانگەیێننە لای ئاهورامەزدا، یان شەیتانەکان. ئاخۆ دەبنە ئاسوودەیی گیانمان، یان نا؟ پاشان هەموو خەڵکیان بانگ کرد بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی دەستورەکانی دین. ئاگری فرۆباگ. لە کۆی ژمارەی هەمووان، حەوت پیاویان هەڵبژارد، کە بچوکترین گومانیان لە خودا و دین نەبوو. و بیرکردنەوە و قسە و کردارەکانیان ڕێک و پێکترین و ڕاستتر بوون. بەو شێوەیە پێیان گوترا: ئێوە لە گەڵ یەک دادەنیشن، و یەکێک لە ناو خۆتان کە باشترین کەس بۆ ئەم ئەرکە، و بێتاوانترین و ڕێزدارترین بێ هەڵدەبژێرن. دوایی ئەوەی حەوت کەسە دانیشتن. لە ناو ئەو حەوت کەسە، سێ کەسیان هەڵبژێردرن. و لەو سێ کەسەش تەنها یەکێکیان هەڵبژارد، کە ناوی ڤیراف بوو.

کاتێ ڤیراف گوێی لە بڕیارەکە بوو، هەڵسایە سەرپێ. دەستی خستە سەر سنگی و بەم شێوەیە دەستی بە قسەکرد: ئەگەر بە دڵی تۆ بوو، ئەوا ئەو ماددە هۆشبەرە نەخوازراوەم پێ مەدە، تا تیروپشک بۆ من و مەزدایەسیناکان دەکەی. ئەگەر تیروپشکەکەم بۆ هات، بە خۆشیەوە دەچمە شوێنی پیاوچاکان و خراپەکاران، و ئەم پەیامەم بە باشی هەڵبگرن، و وەڵامێکی ڕاستەقینە بدەنەوە. دوای ئەوەی تیروپشکەکە لەلایەن من و ئەم مەزدایسنایانە کێشرا. یەکەم جار بە ووشەی "بیری چاک" و دووەم جار بە ووشەی "ووتەی چاک" و سێیەم جار بە وشەی "کرداری چاک"؛ یەک لە دوای یەک، هەر سێ تیروپشکەکان کەوتنە سەر ڤیراف.

لە شوێنی نیشتەجێبوونی گیان، ڤیراف سەر و جەستەی خۆی شۆرد، و جلی نوێی لەبەری کرد. خۆی بە بۆنی خۆش ڕشاند. پاک و خاوێن، لەسەر سیسەمێکی ئامادەکراو. لەسەر فەرشی پاکی سیسەمەکە دانیشت. ئێوارە خوانێکی تایبەتیان پێکەوە خوارد. پاشان وەک نەرێتی دین سێ جامی زێڕینیان لە شەراب و ماددە هۆشبەرەکانی ڤیشتاسپ پڕکردن. ئەو

سێ جامەیان یەک لە دوای یەک، دایە ڤیراف. جامی یەکەم بە وشەکە " بیری چاک"، و جامی دووەم بە وشەی " ووتەی چاک," و جامی سێیەمیش بە وشەی " کرداری چاک". و شەراب و ماددە هۆشبەرەکانی خوارەدەوە. هێشتا هۆشیار بوو، و لەسەر سیسەمەکە ڕاکشا. موبید و دەستورەکان، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو، چاوەدێری چەستەی ڤیرافیان دەکرد. و وەک نەرێتی دینی سرووودەکانی گاتای ئاڤێستا و زەندیان دەخوێندەوە . و حەوت ڕۆژ و حەوت شەو ئاڤێستا دووبارە بووەوە.

گیانی ڤیراف لە جەستەی دەرچوو بەرەو پردێکی وەک چەقۆ. بەسەر ۆردەکەدا ڕۆیشت، لە ڕۆژی حەوتەمدا گەڕایەوە ناو جەستە بێگیانەکەی. ڤیراف هەلسایەوە، وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش هەڵسابێ، بیر لە ڤۆهومان بکاتەوە و دڵخۆش بێ دەستور و موبیدەکان، کاتێ ڤیرافیان بینی و دڵخۆش بوون. و گوتیان: بەخێر بێیتەوە ڤیراف، نێردەی ئێمەی مەزدایەسناکان، وەک هونەر لە جیهانی مردووان، هاتیەوە جیهانی زیندوان. ئەم هێرباد و دەستورانەی دین، بۆ بینینی ڤیراف سەرەیان گرتووە. کاتی ڤیراف ئەوانی بینی. و چووە پێشەوە، و خۆی کڕنۆشی برد و گوتی: چونکە تۆ بڕشت و چاکەت لە و پەروەردگار و فریشتە سەرەکییەکان (ئەمشاسپاند) بۆ من داواکردووە. و بڕشتێک لە زەردەشتی مەزنەوە، کە نەوەی سپیتامە، و بڕشتێ، لە سرووشی پیرۆز و فریشتەی ئەتارۆ (یەزاد) و دینی شکۆمەندی مەزدایەسنایەکان. بڕشتێک لە خواپەرستەکان ماوەتەوە. و بڕشتێک لەو گیانانەی لە بەهەشتدا ماونەتەوە و لە خۆشی و پشووداندان. ئێستا فەرموون دەستووری دین، بەم شێوەیە: تۆ موبیدێکی دڵسۆزی ڤیراف، کە مەزدایەسنا پەیامبەری ئێمەیە. وە بڕشتی بۆ تۆش بێت، هەرچیت بینی، بەڕاستی بۆمان بگێڕەوە.

پاشان ڤیراف گوتی: سەرەتا دەبێت بڵێین پێدانی خواردنی برسی و تینوو یەکەمە. پاشان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن و ئەرکەکەی دیاری بکەن، پاشان دەستۆرەکانی دین، بەم

شێوەیە کۆک بن: چاکە بەرامبەر چاک. خواردنی باش، کوڵاو و بە تام و شۆرباو ئاوی سارد و شەراب لەگەڵیدابێ. و ڤیرافیش بڕشتەکەی وەرگرت. و خواردنەکەی خوارد. و دوای تەواوکردنی ژەمە پیرۆزەکە (میازد)، گوتی نۆش. وە باسی ستایشی ئاهورەمازدا، و فریشتە سەرەکییەکانی کرد؛ و بڕشتەکانی (ئەفریناگان)ی وەرگرت. هەروەها باسی لەم بابەتەش کرد: نووسەرێکیان هێنا، کە ژیر و شارەزا و یاساناسێکی قاڵبوو بوو، کە لەلایەن ئەوەوە سەرپەرشتی دەکرا. لەبەردەمیدا دانیشت هەرچی ڤیراف دەیگوت بە دروستی و ڕوون و ڕاشکاوانە دەینووسی.

ڤیراف فەرمانی پێکرد بنووسێ بەم شێوەیە دەستی پێکرد: لە شەوی یەکەمدا، سرووشی پیرۆز و ئەتارۆی فریشتە هاتنە پێشوازیم، سەرەیان بۆ دانا، و قسەیان کرد بەم شێوەیە: بەخێرهاتن ئەردا ڤیراف، هەرچەندە تۆ لە کاتێک هاتووی، کاتی تۆ نییە. وتم: من نێردراوێکم. و پاشان سەرکەوتوو سرووشی پیرۆز ، و ئەتارۆی فریشتە، دەستیان گرتم.

هەنگاوی یەکەم بە بیری چاک، و هەنگاوی دووەم بە قسەی چاک، هەنگاوی سێیەمیش لەگەڵ کرداری چاک، هاتمە سەر پردی چینڤات، پردێکە لەلایەن ئاهورامەزداوە، زۆر فراوان و بەهێز و دروستکراوە، کاتی هاتمە سەرەوە لەوێ، گیانێکی کۆچکردووم بینی، لە سێ ڕۆژی یەکەم دا بووم، شەوان گیان لەسەر لوتکەی جەستە دانیشتبوو. ئەو قسانەی گاتای گوت .ئوشتا ئەهمای یەهمای ئوشتا کەهمایچید ئەمە بریتیە لە (باشە ئەو کەسەی کە سوودی خۆیەتی لەلایەن ئەوەوە دەبێتە ئەو) سوود لە هەر کەسێکی تر وەربگرێ. و لەو سێ شەوەدا هێندەی سوود و ئاسوودەیی و چێژ هاتە سەری، وەک هەموو ئەو سوودانەی کە لە جیهاندا بینیویەتی. هەروەک چۆن مرۆڤێک، لەو کاتەی لە جیهاندا بوو، ... ئاسوودەتر و دڵخۆشتر و بەختەوەرتر لە ڕێگەیەوە. لە بەیانی سێیەمدا ئەو گیانەی پیاوچاکان ڕۆیشت بۆ ناو بۆنی خۆشی درەختەکان. و ئەو بۆنەی لەبەرچاو گرت کە بە لوتیدا تێدەپەڕی

لە ناو زیندووەکان. و هەوای ئەو بۆنە بە زۆری لە لای باشوورەوە دێ، لە ئاراستەی خوداوە. دینی خۆی و کردارەکانی لەبەردەمیدا وەستابوون. فۆرمی کچێکی بەڕیز، بە ڕوخساری جوان، و ئاکاری بەرزەوە، بە مەمکی دیار، واتە مەمکەکانی بەرەو خوار شۆڕبووبوونەوە، کە زیانیان بە دڵ و گیان دەگەیاند، فۆرمەکەی ئەوەندە درەوشاوە بوو، ئەوەندەش بینینی دڵخۆشکەربوو، چاولێکردنی بە تاسەوە بوو. گیانی پیاوچاکان پرسیاری لە کچەکرد: تۆ کێیت ؟ و چ کەسێکیت ؟ لە جیهانی زیندووەکان، کچێکی لەتۆ ڕەسەنترم نەبینیوە، کە جەستەی وەک تۆ جوان بێ. هەرگیز من نەمبینیوە.

کچەکە وەڵامی دایەوە: من دینی تۆم، کردەوەکانتم ئەی گەنجی بیری چاک، لە قسەی چاک، لە کردەوەی چاک، لە دینی چاک. لەبەر ویست و کردارەکانی تۆیە کە من وەک مەزنی و چاک و شیرین-بۆندار و سەرکەوتوو و بێ خەم وەک ئەوەی بۆت دەردەکەوێت. چونکە لە جیهاندا گاتاکان لەلایەن تۆوە دەوترانەوە. ئاوی باشیش لەلایەن تۆوە پیرۆز کرا و ئاگرەکەش لەلایەن تۆوە چاودێری دەکرا. و ئەو پیاوە خواپەرستەی کە لە دوورەوە هاتبوو، و لە نزیکەوە، لەلایەن تۆوە ڕێزی لێگیرا. هەرچەندە من بەهێز بووم، بەڵام لەڕێگەیەوە بەهێزتربووم. هەرچەندە من لەسەر تەختی درەوشاوە دانیشتووم، بەڵام بە هۆی تۆوە بە درەوشاوەتر دانیشتووم. هەرچەندە بەرز بوومەوە، بەڵام زیاتر لە ڕێگەی تۆوە بەرز کرامەوە، لە ڕێگەی ئەم بیرکردنەوە چاکانە و قسەی چاکە و ئەو کردەوە چاکانەی کە تۆ ئەنجامت داون. ڕێزیان لێگرتی و پیاوە پیرۆزەکەی دوای تۆ ..لەو خوداپەرستی و هاوبەشییە درێژخایەنەدا لەگەڵ ئاوهەرمازد، کاتێک ئەنجامتدا، بۆ ئاهورامەزدا، پەرستن و گفتوگۆی دروست بۆ ماوەیەکی زۆر . ئاشتی لێ بێت.

پەڕینەوە

دوای ئەوە پاناپی پردی چینڤات بە درێژی نۆ شمشێر بوو. بە هاوکاری سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە، بە ئاسانی و بە خۆشی و بە بوێری و بە سەرکەوتوویی‌ەوە لەسەر پردی چینڤات تێپەڕیم. پارێزگاریی‌ەکی زۆرم لەلایەن میترۆی فریشتە هەبوو، و ڕاشنی دادپەروەر، و وای چاکەکار، و فریشتە وەهرامی بەهێز، و فریشتەی ئەشتاد مەزنکەری جیهان، و ... شکۆمەندی باشی مەزدیەسناییەکان. وە فریشتە پارێزەرەکەران لە پیاوچاکان، و ئەو گیانە ماوانەوە. یەکەم ئاردا ڤیراف سەری بۆ دانەواندن، هەروەها بینیم، دەربارەی من ئاردا ڤیراف، ڕۆشن دادپەروەر، تەرازووی زێڕینی زەردی لە دەست دابوو. و کێشی پیاوچاکان و خراپەکارانی دەکرد. دواتر سرووشی پیاوچاک و ئەتارۆی فریشتە دەستی گرتم، و بەم شێوەیە گوتیان: وەرە، تاکو بەهەشت و دۆزەخت نیشان دەین. و شکۆمەندی و ئاسانکاری و ئاسوودەیی و چێژ و خۆشی و بۆن کە لە ئاسمان، پاداشتی خواپەرستەکان. تاریکی و زیندانت پیشان دەدەین. و بێ شکۆ و بەدبەختی و نارەحەتی و خراپە و ئازار و نەخۆشی و ترسناکی و ترس و ئازاردان و بۆگەن لە سزاکانی دۆزەخدا، بە جۆرەها، جنۆکە و جادووگەر و گوناهباران ئەنجامی دەدەن. شوێنی حەق و شوێنی درۆ. پاداشتی باوەڕدارە بێگەردەکانت پیشان دەدەین لە ئاهورامەزدا و فریشتە سەرەکییەکان، و ئەو چاکانەی کە لە ئاسمان (بەهەشت) و ئەو خراپانەی کە لە دۆزەخدا هەیە. و ڕاستی خودا و فریشتە سەرەکییەکان، و نادروستی ئاخارمان و جنۆکەکان. و بوونەکەی لە زیندووبوونەوەی مردووەکان و جەستەی داهاتوو. پاداشتی خواپەرستانت پیشان دەدەین، لە ناوەڕاستی ئاسمان . ئەشکەنجە و سزای جۆراوجۆری، خراپەکارانن، لە ناوەڕاستی دۆزەخدا، لە ئەخارمان و جنۆکانەوە.

یەکسانی کاری چاک و خراپ

هاتمە شوێنێک، و گیانی چەند کەسێکم بینی، کە لە هەمان هەڵوێست. پرسیارم لە سرووشی پیاوچاک و ئەتارۆ کرد.

فریشتەکە، بەم شێوەیە: ئەوانە کێن؟ و بۆچی لێرە دەمێننەوە؟ سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ئەو شوێنە بە هەمێستاگان ناودەبەن. و ئەم گیانانە تا داهاتوو، جەستەیان لەم شوێنەدا دەمێننەوە. و ئەوانە گیانی ئەو پیاوانەن کە کاری باش و گوناهیان یەکسان بوون. هەر کەسێک کە کارە باشەکانی زیاتربن لە گوناهەکانی دەچێتە بەهەشت. ئەوانەی گوناهیان زیاترە دەچنە دۆزەخ. ئەوانەی چاکە و خراپەیان یەکسانن لەنێو ئەمانەدا دەمێننەوە هەمێستاگان تا جەستەی داهاتوو. سزای ئەوانە ساردی، یان گەرما، لە جوولانەوەی لە بەرگەهەوا زیاتر، و هیچ ناخۆشییەکی دیکەیان نییە.

پیاوچاکی لە کاری خێری لابەلا

دوای ئەوە، یەکەم هەنگاوم بۆ ئاسمانی ئەستێرەکان، لەسەر هومات، ئەو شوێنەی کە بیری باشی تێدایە، بە میوانداری پێشوازییان لێکردم. لەوێ گیانی پیاوچاکانم بینی درەوشانەوەیان، بەردەوام لە زیادی دابوو، وەک ئەستێرەکان دەدرەوشایەوە. تەخت و کورسییەکەیان لە ژێر درەوشانەوە بوو، و شکۆمەند و پڕ لە سەرفرازی. پرسیارم لە سرووشی پیاوچاک و ئەتارۆی فریشتە کرد: ئەمە چ شوێنێکە ؟ و ئەمانە کێن؟ سرووشی پیاوچاک، و ئەتارۆ فریشتە، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ئەم شوێنە رێڕەوی ئەستێرەیە...

ئەو گیانانەش، هی ئەو کەسانەن کە لە دونیادا هیچ نەپارانەوە، و دروشمی نەخێریان بۆ گاتاس دەوتەوە، و هیچ هاوسەرگیرییەکی خزمێکی نزیکیان نەکرد.

هەروەها ئەوانە هیچ سەروەرییەکیان بەکارنەهێناوە، نە فەرمانڕەواییەکیان هەبووە، نە سەرۆکایەتی. لە ڕێگەی کارە باشەکانی ترەوە بوونەتە پیاوچاک.

هوخت

کاتێک هەنگاوی دووەمم دانا، بۆ هوخت بوو لە ڕێڕەوی مانگ، ئەو شوێنەی کە وشەی باش (هوخت) لێی دەدۆزنەوە میوانداری. و کۆبوونەوەیەکی گەورەی پیاوچاکانم بینی. پرسیارم لە سرووشی پیرۆز و ئەتارۆی فریشتە کرد: ئەم شوێنە کوێیە؟ و ئەو گیانانە کێن؟ سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە، گوتی: ئەم شوێنە ڕێڕەوی مانگە. و ئەمانەش... ئەو گیانانەن کە لە جیهاندا هیچ نەپاڕانەوە و نە سروودیان دەوتەوە، کە هیچ گاتایەکیان نەبوو. بەڵام لە ڕێگەی کارە باشەکانی ترەوە هاتوونەتە ئێرە. و درەوشانەوەی ئەوان هاوشێوەی درەوشانەوەی دینداریکە.

هۆڤارشت

huvarsht

کاتێک هەنگاوی سێیەمم خستە سەر هوڤارشت، لەوێ کە کردەوەی باش بە میوانداری پێشوازی لێدەکرم، لەوێ گەیشتمە. ئەو درەوشانەوەیەی، کە پێی دەڵێن بەرزترینی بەرزەکان. و خواپەرستەکانم لەسەر تەخت و فەرشەکانم بینی کە لە زێڕ بوون. ئەوانیش کەسانێک بوون کە ڕووناکییان لە ئاستی ڕووناکی ڕۆژ بوو. پرسیارم لە سرووشی پیرۆز و

ئەتارۆی فریشتە کرد: ئەمە کامە شوێنە ؟ ئەو گیانانە کێن؟ سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە، گوتی: ئەمە ڕێڕەوی ڕۆژە (خۆر) و ئەوانە ئەو گیانانەن، کە لە جیهاندا سەروەری و فەرمانڕەوایی باشیان بەکاردەهێنا و لە سەرۆکایەتی دادپەروەربوون.

گیانی کۆچکردووان

هەنگاوی چوارەمم بۆ درەوشاوەیی گارۆدمان، ئەو هەموو شکۆمەندە. گیانی کۆچکردوو بۆ پێشوازیمان هاتن. ئەوانیش داوای بڕشتیان کرد، و ستایشیان کرد. دوایی بەو شێوەیە قسەیان کرد : چۆن هاتیتە دەرەوە. بۆ یەکێکی خوداپەرست، لەو جیهانە لەناوچووە، زۆر خراپە. تۆ بۆ ئەو جیهانە بێ ئازار و هەمیشەییە هاتووی. دەرفەتە تامی نەمری بکە، چونکە لێرەدا چێژ دەبینی. دوای ئەوە، ئەتارۆ، فریشتەی ئاگری ئاوهەرمازد، هاتە پێشەوە، سڵاوی لێکردم. و بەو شێوەیە گوتی: ئەردا ڤیراف، تۆ دابینکەرێکی باشی، لە دارە سەوزەکان، کە نێردراوی مەزدایەسناکانن! پاشان سڵاوم کرد و بەم شێوەیە گوتم : بەندەکەت ئەی ئەتارۆ فریشتە، ئەوە بوو کە، لە جیهاندا هەمیشە حەوت درەخت بۆن بکە، بۆ ساڵێک تەمەن. و تۆ هاوار دەکەی دەربارەی درەختە سەوزەکەم! پاشان ئەتارۆ فریشتەی ئاگری ئاوهەرمازد، بەم شێوەیە فەرمووی : وەرە، تا ئەمبارەکەت پیشان بدەم. ئاوی ئەو درەختە سەوزەی کە لەسەرم دانرابوو. ئینجا بردمی بۆ شوێنێک. و شینەکەی نیشان دام. کە بریتی بوو لە ئاوی ئەمباری گەورە. و گوتی : ئەمە ئەو ئاوەیە کە لەو درەختە دەڕژا، کە بەسەرمدا دانا.

دوای ئەوە، ڤۆهومان، فریشتەی سەرەکی، لە سەر تەختێک لە زێڕ دروستکراوە، دەستی گرتم و بە وشەکانی: بیری چاک و ووتەی چاک و کردەوەی چاک، بەخێری هێنام.
من چوومە ناوەڕاست، نێوان ئاوهەرمازد و فریشتە سەرەکییەکان و پیرۆزەکانی تر. و فریشتە پارێزەرەکانی زەردەشت سپیتاما، کای- ڤیشتاسپ، جەماسپ، ئیسادڤاستار کوڕی زەردەشت و ئەوانی تر لایەنگران و سەرکردەکانی دین، کە تا ئێستا کەسێکی لەوانە درەوشاوەترم نەبینیوە. وە ڤۆهومان گوتی: ئەوە ئاوهەرمازدە. وە ئاواتم خواست لەبەردەمیدا کرنۆش بەرم. بەم شێوەیە پێی فەرمووم: سڵاو بۆ تۆ، ئاردا ڤیراف، بەخێرهاتن. لەو جیهانە لەناوچووە هاتووی بۆ ئەم پاکە، شوێنێکی ڕووناک. فەرمانی بە سرووشی پیرۆز ئەتارۆی فریشتەدا: ئەردا ویراف بگرە، و شوێنی، پاداشتی پیاوچاکان. هەروەها سزادانی خراپەکارانی نیشان دە. پاشان سرووشی پیرۆز و ئەتارۆ فریشتە دەستیان گرتم. لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەلایەن ئەوانەوە ڕێنماییم دەکرا. هەروەها فریشتە سەرەکییەکان و زۆری ترم بینین. هەروەها فریشتە پارێزەرەکانی گایۆمارد ، زەردەشت، کای- ڤیشتاسپ، فراشۆشتار، جەماسپ، و چاکەکارانی تر و سەرکردەکانی دینم بینین.

گیانی لیبەراڵەکان

دووایی هاتمە شوێنێک، و بینیم. گیانی لیبراڵەکان، کە بە رازاوە دەڕۆیشتن. و بە شکۆمەندییەوە، لە سەرووی گیانەکانی ترەوە بوون، و ئاوهەرمازد هەمیشە گیانی لیبراڵەکان بەرز دەکاتەوە، کە درەوشاوە و بەرز و بەهێزن. منیش بەم شێوەیە گوتم : تۆ بەختەوەری کە گیانی لیبراڵەکان، کە بەم شێوەیە لە سەرووی گیانەکانی ترەوەن.

هەروەها بەلامەوە شتێکی زۆر مەزن بوو، کە گیانی ئەو کەسانەم بینی، کە لە جیهاندا سروودی گاتاکانیان دەگوتەوە. و نوێژە دیاریکراوەکانیان لەکاتی خۆی دەکرد (یەشتەکان)، ئەوانە لە دینی باشی مەزدایەسناییەکان جێگیر بوون،. کاتێ چوومە پێشتر، ئەوان لە زێڕ-چەرم و ...جل و بەرگی لە زیوی سپی، رازاوەترین جل و بەرگیان پۆشیبوو. ئەوەش بەلای منەوە زۆر بەرز بوو. هەروەها گیانی ئەو کەسانەم بینی کە هاوسەرگیریی نزیک لە خزمەکانیان دەکەن، لە شکۆمەندییەکی مۆدەئاسای ماتریالیدا. کاتێک کە شکۆمەندی پێگای بەرزی نیشتەجێبوونی، بەو هۆیەوە بەردەوام زیادی دەکرد. پیاوێکم بینی، لەبەر برسێتی و تینوێتی هاوار دەکا، گۆشتی خۆی دەخوا، بەبێ ئەوەی تێر بێ. کاتی ڤیراف سەبارەت بەوە پرسیاری لە سۆروش کرد، وەڵامی دایەوە: ئەو پیاوە ئەوەی لە دونیادا قەدەغە بووە، خواردوویەتی و مافی کەسانی دیکەی قۆرخ کردووە. هەروەها ڤیراف پیاوێکی بینی لە کاتی گریاندا منداڵەکانی دەخوات، وە زانی کە گوناهی ئەم پیاوە جووتبوونە لەگەڵ ژنەکەی لە کاتی سوڕی مانگانەدا.

ژنانی ڕێزیان لە ئاو و ئاگردەگرت

هەروەها ڕۆحی ئەو ژنە نایابانەم بینی بیرکردنەوە، لە قسەی نایاب، لە کردەوەی نایاب و ملکەچ بۆ کۆنترۆڵکردن، کە مێردەکانیان بە ئاغا دەزانن. لە جل و بەرگدا کە بە زێڕ و زیو ڕازاونەتەوە. من بەم شێوەیە پرسیم : ئەوانە گیانی کێن؟ سرۆشی پیرۆز و ئەتارۆی فریشتە گوتیان: ئەمانە گیانی ئەو ژنانەن کە، لە... جیهان، ڕێزیان لە ئاو گرتووە، و ڕێزیان لە ئاگر گرتووە، و ڕێزیان لە زەوی و دار و ئاژەڵ و مەڕ و هەموو چاکەکانی تر دروستکراوەکانی ئاوهەرمازد گرتووە. نەرێتی یەزیشن و درۆنیان ئەنجامدا، و لەگەڵ ستایش و خزمەتکردنی

خودا. ڕەزامەندی و یەکسانبوون، ڕێزگرتنیان بە کردەوە ئەنجام دەدا. و گوێڕایەڵی مێرد و گەورەکانیان بوون. و بێ گومان بوون لەسەر دینی ... مەزدایاسیانەکان. ئەوان بە پەرۆش بوون لە ئەنجامدانی کارە باشەکان. و خۆیان لە گوناه بەدوور دەگرت.

گیانی ئەوانە پەرتووکی پیرۆز بە دڵ دەزانن

گیانی ئەنجامدەرانی نەرێتی یەزیشنم بینی، و لەوانەی کە کتێبی پیرۆز بە دڵ دەزانن، شکۆمەندن لە نێو بەرز و گەورەکاندا. هەروەها گیانی ئەو کەسانەم بینی کە کۆی گشتییان سرووت و نەرێتە دینیەکانیان دە گێڕا، و خەریکی خودا پەرستی بوون... ئەوانە لە سەرووی گیانەکانی ترەوە دانیشتبوون. کارە باشەکانیان وەک ئاسمان بەرز بوو. و زۆر بەرز بوو بەلامەوە. هەروەها گیانی جەنگاوەرانم بینی، کە ڕێکردنیان لە... باڵاترین چێژ و خۆشی، و لەگەڵ ئەوەی لە... پاشاکان. و چەک و ئامێری باش دروستکراوی ئەو پاڵەوانانە لە زێڕ دروست دەکران، بە گەوهەر ڕوپۆش کرابوون، بە باشی ڕازێنرابوونەوە و... هەموویان چەرموو کرابوون. و ئەوان بە پانتۆڵێکی نایاب، بە شانازییەکی زۆر، و بە دەسەڵات و سەرکەوتن.

هەروەها گیانی ئەو کەسانەم بینی کە زۆر بونەوەری زیانبەخشیان کوشتبوون (خرافسترا) لە جیهاندا. کە بە هۆیانەوە، ئاوەدانی ئاو و ئاگرە پیرۆزەکان، و ئاگرەکان بەگشتی، و دارەکان، و خۆشگوزەرانی هەروەها لە زەوی بەردەوام لە زیادی دابوون. ڕۆحگیانیی جوتیارانم بینی، بە شێوەیەکی نایاب شوێن، و جل و بەرگی شکۆمەند و ئەستووری نایاب. لە بەردەم گیانی ئاو و زەوی، دار و ئاژەڵ وەستابوون و ستایشیان دەکرد. هەروەها گیانی پیشەوانانم بینی کە لە جیهاندا خزمەتی فەرمانڕەوا و سەردارەکانیان دەکرد. وەک چۆن لەسەر تەختەکان بینییان کە بە باشی فەرشیان لەسەر دانرابوو و... گەورە و نایاب و رازاوە. گشت ئەوانە لەلای من بەرز و هێژابوون

ژن و مێردی بێڕێزی بە یەکتری دەکەن

ئەو ژنەی مێردی، بە قسە ناشرینەکانی تورە دەکا، سزا دەدرێ، بە زمانی لە هەوادا هەڵواسراوە، کە مار و بوونەوەرە ئەهریمەنە خراپەکان گۆشتەکەی دەخۆن. بە هەمان شێوە ئەو ژنەی قژی فڕێدەداتە ناو ئاگرەوە و بە جەستەی ناپاکەکەی پیسی دەکات، سزا دەدرێ بە خواردنی گۆشتەکەی تا دەخورێ و لەدایک دەبێتەوە، ئەمەش سوورپێکی بێکۆتایی ئازاردانی بەردەوامە.

ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانانە تەنیا بۆ ژنان نین، پیاوانیش ئەشکەنجە دەدرێن. لە پەرتووکی گەشتی بەرزبوونەوەدا دەگێڕێتەوە،

گیانی شوانەکان

هەروەها گیانی شوانەکانم بینی، لە... جیهان، چوار پێ و مەڕ دامەزران و خۆراکیان، لەلایەن ئەوانەوە پێدەدرا. و لە گورگ و دز و ستەمکار دەپرێزران. و لە کاتە دیاریکراوەکاندا ئاو و چیمەن و خۆراکیان دەدرایێ. و لە سەرما و گەرمی توند دەیان پاراستن. نێرەکان لە کاتی ئاساییدا رێگەیان پێدرابوو بچنە ژوورەوە، و کاتێک کە نابەجێیە بە شێوەیەکی دروست کۆنترۆڵ بکرێت. کە بەهۆیەوە سوودێکی زۆر گەورە، قازانج و سوود، خۆراک و جل و بەرگ بە پیاوانی ئەو سەردەمە درا. کام گیان لەناو ئەو کەسانەدا ڕۆیشتوون کە درەوشاوەن، لەسەر بەرزاییەکی جوان، لە چێژ و خۆشییەکی گەورەدا.

زۆر بەرز بوو بەلامەوە. هەروەها چەندین تەختی زێڕین و فەرشی ورد و ...کوشنەکان بە قوماشی دەوڵەمەند ڕازێنراونەتەوە، کە ڕۆحی خاوەن ماڵ و دادوەرەکان لەسەری

دانیشتوون، کە سەرۆکی خێزانەکانی گوند بوون، و وەرزشیان دەکرد نێوەندگیری و دەسەڵات، .شوێنێکی وێرانیان ئاوەدان کرد؛ هەروەها چەندین بۆری و چەم و نافورەیان هێنا بۆ باشترکردنی کشتوکاڵ و چاندن، و ...سوودی بوونەوەرەکان، وە وەک چۆن لەبەردەم ئەو کەسانەدا وەستاون کە پارێزەرن فریشتەکانی ئاو، و لە دارەکان، هەروەها لە خواپەرستان، لە گەورەدا دەسەڵات و سەرکەوتن، بڕشت و ستایشیان پێشکەش دەکەن، و دووبارەی دەکەنەوە جەژنی سوپاسگوزاری، زۆر بەرز بوو بەلامەوە. هەروەها گیانی باوەڕداران و مامۆستایان و ...پرسیارکەران، لە گەورەترین خۆشیدا بوون، لەسەر تەختە گەورەکە. بەلای منەوە بەرز بوو. هەروەها گیانی دۆستی ئاشتیخوازانم بینی، کە هەمیشە بە درەوشاوەیی خۆیان، کە وەک ئەستێرە و مانگ و خۆر بوو؛ هەرگیز بە رێککەوتن لە ژێر رۆشنایی، و کەش و هەوا. هەروەها جیهانی پێشەنگی خواپەرستانم بینی، کە ...ڕووناکی تەواو شکۆمەندی ئەو ناوە، زۆر بە شیرینی بۆن دراوە، هەموو رازاوە، هەموو سەرسام، و شکۆدار، پڕ لە شکۆمەندی و هەموو خۆشی و هەموو چێژێک، کە کەس لێی تێر نابێ.

ڕووباری فرمێسک بۆ مردووان ڕشتن

دوای ئەوە سرووشی پیرۆز و ئەتارۆی فریشتە، دەستیان گرتم و بردمیان. گەیشتمە شوێنێک، ڕووبارێکی گەورەم بینی کە ئەوەندە تاریک بوو. وەک دۆزەخێکی ترسناک. لەسەر ئەو ڕووبارە زۆر گیان و فریشتەی پارێزەر هەبوون. و هەندێکیان نەیانتوانی بپەڕنەوە، هەندێکیشیان بە سەختییەکی زۆرەوە دەپەڕینەوە، هەندێکیشیان بە ئاسانی دەپەڕنەوە. و پرسیم : ئەمە چ ڕووبارێکە ؟ ئەم خەڵکە کێیە، ئەوەندە بە تەنگانە وەستاون ؟ سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە، گوتی: ئەم ڕووبارە ئەو فرمێسکە زۆرانەیە کە پیاوان لە چاوەکانیان دەیڕێژن. وەک ماتەم و گریان بۆ کەسانەی کە کۆچیان کردووە. ئەو فرمێسکانە بە شێوەیەکی نایاسایی دەڕێژن، و دەئاوسێن دەبنە ئەم ڕووبارە. ئەوانەی توانای پەڕینەوەیان

نییە. ئەوانەن، دوای ڕۆیشتنیان، ماتەمینی و گریانێکی زۆریان بۆکراوە. و ئەوانەی ئاسانتر دەپەڕنەوە ئەوانەن کە شێوەن و گریانیان کەمتر بۆ کراوە. دواتر گوتی: ئەو کاتەی تۆ لە جیهان دەژێ ، هیچ ماتەمینی و گریانێکی نایاسایی مەکەن. ئەوەندەی گریان و ماتەمینی بکەی، ئەوەندەش زیان و سەختی بەسەر... گیانی کۆچکردووەکانتان دێنن.

چاوچنۆکەکانی دۆزەخ

دوای ئەوە سرووشی پیرۆز و ئەتارۆ فریشتە، دەستیان گرتم. بەجۆرێک کە هەستم بە ئازار نەدەکرد. و بەردەوام بووم. بەو شێوەیە سەرما و گەرما و وشکەساڵی و ...بۆگەن، کە هەرگیز هەرگیز لە جیهاندا نە بینیومە، نە بیستوومە. کاتێک دوورتر ڕۆیشتم، لەوێ چەناگە تەماحکارەکانی دۆزەخم بینی، لە چاڵێکی زۆر ترسناک، لە شوێنێکی زۆر تەسک و ترسناک دادەبەزێتە شوێنێکی زۆر تاریک. ئەوەندە تەمومژاوییە کە پێویستە دەستت بگیرێ.

لە بۆنێکی وادا کە هەرکەسێک، کە لە لووتەوە هەناسە دەدا، دەبێ بۆ هەوا تەقەللابدا. و دەلەرزێ و دەکەوێ. لە زیندانێکی وادا. نزیکبوون لە کەسێکی تر ئەستەمە. و هەرکەس وابیردەکاتەوە، و هەست دەکا بە تەنیایە. کاتی سێ ڕۆژ و شەو تێپەڕین. دەڵێن: ئەو نۆ هەزار ساڵە تەواو بوون، و کەچی هێشتا ئازاد ناکرێم. لە هەموو شوێنێک، تەنانەت بوونەوەرە زیانبەخشەکانی هەرە بچووک بەقەد شاخ بەرزن، ئەوان بە شێوەیەک قەپ دەگرن. و دەست بەسەر گیانی خراپەکاران دادەگرن، وای لێدەکەن سەگیش بێزی نایە تخوونی کەوێ .لەگەڵ سرووشی پیرۆز، ئاتارۆ فریشتە. من بە ئاسانی لەوێ تێپەڕیم،

سۆدۆمی

Sodomi

گەیشتمە شوێنێک، گیانی مرۆڤێکم بینی، وەک هەر گیانێک. مارێکی لە شێوەی کاریتە ، خۆی خزاندە ناوی. و لە دەمیەوە دەرچوو. هەروەها زۆر ماری تر قەپیان لە هەموو ئەندامەکانی لەشی گرتبوو. من پرسیارم لە سرووشی پیرۆز، و ئەتارۆی فریشتە کرد: ئەو چەستەیە چ گوناهێکی ئەنجام داوە. کە گیانی ئەوسزا قورسە دەچێژێت؟ سرووشی پیاوچاک، و ئەتارۆی فریشتە گوتی: ئەمە گیانی ئەو پیاوە خراپەیە، کە، لە جیهاندا، سۆدۆمی[235] ئەنجامداوە، ئێستا گیان بەو شێوەیە ئازار دەچێژێت، کە توندترین سزایە.

چیرۆکەکە باس لەوە دەکا، چۆن ئەردای ڤیراف لە کاتی چوونە ناو پەرستگای ئاگری پیرۆزی (ئازەر خورداد) سێ کوپ "شەرابی پیرۆز"ی خواردەوە. و لەسەر قەنەفەیەکی زێڕین پاڵکەوت. لەگەڵ "خەوتن"ی جەستەی، گیانی بە تەواوی هۆشیارییەوە هەڵسا و گەشتێکی، بۆ ناو چینەکانی ئاسمان و دۆزەخەکان کرد. لەم ماوەیەدا موغ و موبدەکان پاسەوانییان لە جەستەی دەکرد. و چاودێری بڵێسەی هەمیشە سووتاوی سەر بەڵاگێڕگەکەیان دەکرد. و دەق و چمکەکانی ئافێستایان دەخوێندەوە. دەستەی بێ گیانی ئەردا ڤیراف بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لەو خەوەدابوو. لە ڕۆژی هەشتەمدا لە خەو هەڵسا. و ئەو ئەزموونە نائاساییانەی کە تازە هەیبوو، بۆ تۆمارکەرێک، و ئەوانەی ئامادەبوون گێڕایەوە. سەرەتا پێی گوتن:

---

[235] سۆدۆمی: مەبەست لەو کەسانەیە سێکس لەگە گیاندار، یان هاوڕەگەزبازی دەکەن. ئەوە نیشانی دەدا دینەکان بە گشتی سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ یەک تێڕوانینیان هەیە.

لەلایەن فریشتەکانەوە پێشوازی لێکرا: لەلایەن ئاتارۆی بەرز و سرووشی پیرۆزەوە، کە شەوانە سەیری جیهان دەکات. و دەیپارێزێت لە جنۆکە. هەرچەندە ئەو "کاتێک هاتبوو کە کاتی [خۆی] نەبوو"، بەڵام دەستەکانیان گرت. و سێ هەنگاو بەرەو سەرەوە بۆ پردی دادوەری چینڤاتیان برد، و لەوێ وەستا تا بتوانێت سەیری پێشکەوتنی گیانی مردووەکان بکات.

ژن و پیاوی باش، کە باشیەکانیان سوودی بۆ کەسانی دیکە هەبوو، پردەکەیان بە فراوان و بەهێز زانی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و شەو تامی "هێندەی هەموو جیهانی زیندوو دەتوانێت تامی چێژ"یان کرد. لەسەر ئەوە هەریەکێک لەم گیانانە، لەلایەن کچێکی جوانەوە نزیک دەبووەوە، کە لە پێگەیشتنی خۆیەوە سەرجەمی بیرکردنەوە، و قسە و کردارەکانی کەسایەتی دیاربوو. هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو چاکانە دەکرد کە بە ئەنجامی گەیاندوون. چارەنووسەکە یەکتریان بینی و کردوویەتی، و پاشان بڕیار لەسەر ژیانی خۆی دەدا. ئەگەر شایستەی ئەوە بوو، بە یاوەرییەوە دەیبرد بۆ بەهەشت، "ماڵی درەوشاوەی گۆرانی"، کە گوڵەبەڕۆژە گوڵدەدا. و باڵندەی کۆتر وەک یاقوت دەدرەوشێتەوە. [236]

بەڵام ڕۆحی خراپەکاران، لە تەماحکار و درندەکان، پردەکەیان بە تیژ و تەنک، وەک مووسی ڕیش تاشین بوو. ڤیراف بە هەستێکی وا وەسفی ئازاری ئەم گیانانەی دەکرد، تەنانەت ئەمرۆش، کاتێک قسەکانی بۆ دانیشتوانی کۆڕێک دەخوێندرێنەوە، ژن و پیاو بێ شەرم دەگرین کاتێک. بۆ نموونە باسی بەدبەختێکی کرد کە ئەوەندە گیانی خراپ کردبوو. لە مردندا ئازارێکی زۆری چەشت، خەمباری لەدەستدانی ئەو سەروەت و سامانە بوو، کە لەم

[236] Horne, Charles. F (1917) The sacred books and early literature of the East; with an historical survey and descriptions vol. VIII, P. 185 - 207

جیهانە چاوچنۆکانە گرتبووی. بینیم بە ترس و لەرز دەخزێت. و لەو کاتەدا، بایەکی بە تەوژم دەهات، بارگاوی بوو بە کوشندەترین هەڵمەکان. تەنانەت وەک ئەوەی لە سنووری دۆزەخەوە بێت. لە ناوەڕاستی ئەم بایەدا، فۆرمێک لە هەرە شەیتانەکان دەرکەوت. گیانی بەدبەختەکە هەوڵیدا هەڵبێ، بەڵام بێهودە، و بە ترسەوە هاوار دەکات: تۆ کێی، کە هەرگیز کەسێکم لە تۆ ناشرینتر، یان پیستر، یان بۆگەنتر نەبینیوە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە: من کردەوە خراپەکانتم، ئەی گەنجی بیری خراپ، لە قسەی خراپ، لە دینی خراپ. لەبەر ئارەزوو و کردارەکانتە، کە من قێزەون و چەوتم.[237]

ئەردای هەروەها باسی ئازاری ژن و مێردێکی کرد کە لە کاتی مردندا دەبوو جیا ببنەوە: گیانی مێرد کە چارەنووسی بۆ بەهەشت، ژنەکە بۆ دۆزەخ. بەڵام ژنەکە بە مێردەکەیەوە چەسپی و داوای یارمەتی لێدەکرد: چییە ئێمە لەیەک جیادەکاتەوە؟ کاتێک مێردەکە بیری هێنایەوە کە ئەرکە دینیەکانی خۆی پشتگوێ خستووە، سەرزەنشتی کرد کە فێری نەکردووە. ڕۆحی پڕ بوو لە تەوبە و هەرچەندە لە دۆزەخدا جگە لە "تاریکی و بۆگەن" ئازاری زیاتری نەدەچێژێت، بەڵام مێردەکەی لە ناوەڕاستی چاکەکارانی ئاسماندا، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە فێری بکا. هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. و بەم شێوەیە لەگەڵ ئەودا هاوبەش بێ. ژنەکە ئەو سوودانەی کە دەیتوانی بە ئاسانی دابینی بکا ئەگەر ئەوەندە بەنیازی بەدەستهێنانی دەستکەوتە گیانیەکان نەبووایە. ئەردای بەردەوام بوو، دوای بەزاندنی پردی چینڤات ڕاکێشرا بۆ ناو کایەکانی گونجاو لەگەڵ سروشتی خۆی. ئەوانەی کە بیرکردنەوە و کردەوەی باش و خراپیان یەکسان بوون، و ئەوانەی کە بەهۆی هەندێک لاوازی جەستەیی یان دەروونییەوە، بە تەنیا یان ناچالاک مابوونەوە، لە سێبەری بێ خۆشی و بێ خەمی

[237] Religion wiki

هامێستاگان، "هەمیشە جێگیر"دا مابوونەوە، تا سەردەمی بوونی داهاتوویان. بەڵام ئەگەر خاوەنی گەردیلەیەکی چاکەیەکی زیادە بووایە، کە کێشیان یەکسان بێت بە یەکێک لە مووەکانی برژانگ، ئەوا لەم بەڵایە ڕزگاریان دەبوو. گیانەکانی دیکە بەرز دەبوونەوە، بۆ کایەکانی "ڕێڕەوی ئەستێرەکان"، لە "ڕێڕەوی مانگ"، یان "ڕێڕەوی خۆر". پاشان باسی ئاسمان و دۆزەخە جۆراوجۆرەکانی کرد: ئەو خۆشیانەی کە چاکەکان ئەزموونی دەکەن، ئەو بەختەوەرییەی کە باشترینەکان لە گارۆدماندا چێژیان لێ وەردەگرن، "بەهەشتی ئاسمانەکان"ی هەموو شکۆمەندەکە. لە خاڵێکدا لە گەشتەکەیدا، ڕێبەری فریشتەی ڤیراف دەستخۆشی لێکرد. لەسەر پاکی ڕۆحی کە توانی بەبێ زیان بە هەردوو ناوچەی لەناوچوو و خراپ و کایە ڕووناکەکانی ئاهورا و فریشتە پارێزەرەکانی پەیامبەراندا تێپەڕێ. لەم ناوچانە و لە "وێستگەکان"ی هەسارەکاندا، هەریەکەیان یاسا و مەرجەکانی ژیانیان لە سیستەمەکەیاندا بۆ ئاشکرا دەکرد. تا لە گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی، بتوانێ مرۆڤایەتی ئاگادار بکاتەو

هەڵسەنگادنی تاوان چاکەی مرۆڤ

لە سەفەرەکەیدا کەمتەرخەمی نەکرد لە باسکردنی ئەو ژنە ڕاستگۆیانەی کە ژیانیان بە گوێڕایەڵی مێردەکانیان و ڕەچاوکردنی سنوورەکانی خودا بەسەر دەبرد. ئەوان بە جلوبەرگی زێڕین و زیو و ئاوریشمەوە دەردەکەون، بەڵام لە سنووری مێردەکانیاندا دەمێننەوە، جا ژنانی ئازاد بن یان کۆیلە. ژنی کۆیلە لە هیچ بارودۆخێکدا مافی ئەوەی نییە سەرپێچی لە ئاغاکەی بکات و تەنها سەرپێچیکردن سزای گەورەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

چەمکی تەرازوو لە ئایینی زەردەشتیدا درێژکراوەی بیرۆکەی ئازارەکانی گیانە لە دوای مردن و پێش گەیشتن بە ژیانی دوای مردن، یان ئازاردانی کایەی نێوان (بەرزەخ). ئەم ئەشکەنجەیە

بەهۆی مارە شەیتانییە زەبەلاحەکانەوە ڕوودەدات کە ڕۆح دەبەنە سەفەرێکی دوور و درێژی ناخۆشی لە سەرانسەری بارزانیدا. هەرچەندە ئەم چەمکە لە بیروباوەڕی ڕەسەنی زەردەشتیدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبوو، بەڵام لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئایینیدا ئامادەیی جەماوەری هەبوو.

هەروەها ڕووبەڕووی "هەمبێستی" دەبێتەوە، کە گروپێکە گوناهەکانیان یەکسانە بە کارە چاکەکانیان. ئەمانە ئەو ڕۆحانەن کە لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتدا لەسەر شاخێکی گەورە بەستوو دەمێننەوە تا ئەو کاتەی خودا بڕیار دەدات بیانگەڕێنێتەوە بۆ جەستەیەکی نوێ، دەرفەتێکی دیکەی ژیانیان پێدەبەخشێت و دەرفەتی هەڵبژاردنی چاکەیان پێدەبەخشێت و شوێن شەیتان نەکەوێت. ئەمەش دوای ئەوە ڕوودەدات کە کردەوەکانیان لەسەر ئەو تەرازوویەی کە یەکێک لە فریشتە گەورەکان هەڵیگرتووە، کە کردەوەی هەموو مرۆڤایەتی لەبەردەم تەختی ئیلاهیدا کێش دەکرێت، چارەنووسی ڕۆحەکان دیاری دەکات- چاکەکان، خراپەکان، یان ئەوانەی کە کردەوەکانیان یەکسانە.

ئەردا ڤیراف دەگاتە خزمەت ئاهورامەزدا

گەشتە حەوت ڕۆژەکە بە دەرکەوتنی ڤیرافی موبید لەبەردەم خوداوەندی باڵای ئاهورا مەزدا، بە ئامادەبوونی هەموو فریشتەکان و پیرۆزەکان و خودا یارمەتیدەرەکان کۆتایی دێت. لەوێ ئاهورامەزدا ڕێنمایی و پاڕانەوەی نوێی پێدەبەخشێ، دینی زەردەشتی دوای دابەزینی لەسەر دەستی شەیتان و خزمەتکارەکانی زیندوو دەکاتەوە. پەیامێکی گەورەی پێ سپێردراوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنکەوتوانی خودای ڕووناکی، بەڵێنی سەرکەوتنی دڵنیایان پێدەدا.

هه ڕچه نده سه ڕکه وتنی دینی زەردەشتی، یان (ئه ڕده ڤیراف نامه) ده قێکی دینی زۆر کۆنه، کەچی هێشتا له ئه ده بی دینی چ به فه ڕمی و چ گەلێری، لەناو خەڵک بنەڕەتی باوەڕێکی به هێزه . له ڕاستیدا دەقەکه سنووری زەردەشتی تێپەڕاندووه، بەڵکوو بۆته دیمەنێکی پیرۆزی گشتیی جەماوەری له جیهانی باوەڕی ئەو ناوچانەی که دینی زەردەشتی لێیه. و کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر باوەڕدارانی دینەکانیتریش هەیه. ئەفسانەی چیرۆکی بەرزبوونەوه هێشتا ئاماژەیەکی گرنگ له چیرۆکه فۆلکلۆرییەکانی گەلان داهەیه، هەروەها بۆته بەشێکی چیرۆک و داستانه فۆلکلۆریەکانیش. چیرۆکی گەڕانەوەی ئەردا ڤیرافی موبید له دونیای ئەودیوو، ئەو کەسەی بەختەوەری خودایی پێبڕا، تا ئێستاش سەرەڕای جیاوازی باوەڕی دین، لای خەڵکی وەکوو چەقی ویژدانی دینی دەبینرێ.

لەکۆتاییدا، بەپێی خوێندنەوەی ئەو دوو گەشتەی موسا و ئاردا ڤیراف، که هەردووکیان، لەلایەک زۆر له پێش هاتنی ئیسلام و محمد بووین. لەلایەکی تریش محمد به هەردوو چیرۆکەکان با باشی ئاشنا بووه. بۆی ئەگەر ڕاستەوخۆ دەقەکانیشی کۆپی نەکردبن، ئەوا بیرۆکەی ئیسرا و میعراجەکەی لەو دوو ئەفسانەیه وەرگرتووه.

تابلۆی پارێزراو لە قورئان

لوح المحفوظ

لە گشت دینەکان بە شێوەیەک دەبێ تۆمارێکی خودایی هەبێ کە مرۆڤ لە ڕۆژی دوایی، بخاتە بەردەم لێپرسینەوە. بەڵام جیاوازی لە ناو شێوە و ناوەرۆکی هەریەکیان لە گەڵ ئەویتر دا هەبووە. لەو باسەدا باسی سێ تابلۆ دەکەین: تابلۆی چارەنووسەکانی سۆمەر، تابلۆی ژیان لە یەهودی و کریستیانی و لە کۆتاییش تابلۆی چارەنووس لە قورئاندا.

تابلۆی چارەنووسەکان

تابلۆی چارەنووسەکان (Tablet of Destinies) لەگەڵ سامان و تاج و تەختەکەی، یەکێک بوو لەو شتانەی کە خاوەندارێتییەکەی گەرەنتی دەدایە ئێنلیل، کە خاوەنی پێگەی

باڵایە، لە فەرمانڕەوایەتی گەردوون. و کۆنترۆڵکەری کاروباری مرۆڤ و خوداوەندەکان، لە تابلۆی چارەنووسەکان، لە نووسینی میخیی پێشبینی دەکرا، هەروەها بە مۆری بلووری مۆرکراوە، بە واتایەکی تر وەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی نەگۆڕ یان پەیماننامەیەکی ڕێگەپێدراو .خودا بەم شێوەیە باس دەکرێ کە بە دەستیەوە گرتووە یان بە مەمکیەوە (سنگیەوە) گرتووە. تابلۆکە گەرەنتی دەسەڵاتی دیاریکردنی چارەنووسی جیهان بۆ خاوەنی مسۆگەر دەکا. [238]

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە، تابلۆی چارەنووسەکان لە ئەفسانەکانی شارستانی سۆمەری، بریتیە لە دۆکومێنتێک کە گەرەنتی دەستەلات دەداتە خودای (ئێنلیل). ڕەوایی و توانای لەسەر چارەنووسی جیهاندەداتێ. ئەو تابلۆیە دۆکۆمێنتی دەستەڵاتە، لە دەستی هەرکەس بێ ئەو کەسە دەستەڵاتی بەسەر جیهان دا هەیە.

چیرۆکی خودای نینۆرتا و کیسەڵ

ئەفسانەی نینورتا و کیسەڵ، ئەو دەقە کە لە هەڵکۆڵینەکانی (ئور)دا دۆزرایەوە، کە پێکهاتووە لە یەک تابلۆ، شەست دێڕی تێدایە. و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی گواستنەوەی نێوان هەزارەی سێیەم و دووەم.

[238] Black Jeremy and Green Anthony (2004) En Illustrated Dictionary. Gods, Demons and symbols of Ancient Mesopotamia. The Brittish Museum Press. Pp. 173

دەق ئەفسانەی سۆمەری، سەبارەت بە دزینی تابلۆی چارەنووسەکان، لەلایەن باڵندەی ئەنزوەوە .لێرەدا ئێنکی، خودای ئاوە شیرینەکان و جادوو و لێزانی (حکمة)، گاڵتە بە نینورتا دەکات، و وانەیەک سەبارەت بە خۆبەزلزانی فێر دەکا. بۆ ئەوەش یارمەتی کیسەڵێک وەردەگرێ.

پرۆسەی چیرۆکەکە بەم شێوەیە: دوای ئەوەی ئەنزو تابلۆی چارەنووسەکانی دزی، و لەگەڵ خۆی بردی و فڕی. نینورتا هێرشی کردە سەر ئەنزۆی باڵندە. و وای لێکرد تابلۆکە بخاتە ناو ئاپسۆ، ئاوە شیرینەکانی ژێرزەمین، ناوچەی دەستەڵاتی ئێنکی. ئینکی دڵخۆش بوو و ستایشی نینورتای کرد. وەک بەزێنەرێکی گەورەی ئەنزو. و گوتی کە بۆ هەمیشە رێز لە ناوەکەی دەگیرێت. بەڵام نینورتا بەوەندە ڕازی نەبوو. ئەو تابلۆکەی بۆ خۆی دەویست، بۆیە دەستی کرد بە پیلانگێڕی دژی ئێنکی. ئینکی یەکسەر پێشبینی کرد، کە چی لە دڵی نینورتادا هەیە. وەک هۆشدارییەک شەپۆلی ئەپسۆی جووڵاند. و وەزیرەکەی ئیسیمۆدی نارد بۆ بینینی نینورتا. بەڵام خۆبەزلزانی نینورتا ئەوەندە گەورە بوو، کە بوێری ئەوەی هەبوو دەستی لە دژی ئیسیمود بەرز بکاتەوە.

ئێنکی بە تووڕەییەوە، هەندێک گڵی لە ئەپسۆکە لە قالب دا. بۆ ئەوەی کیسەڵێک دروست بکا. و ژیانی پێبەخشی و خستیەکار و بە نینۆکە بەهێزەکانی چاڵێکی قووڵی لێدا. کاتێک نینورتا بەردەوام بوو لە هەڕەشەکردن، بۆ سەر ئێنکی، ئینکی وردە وردە پاشەکشەی بەرەو تەڵەکە کرد. لەناکاو کیسەڵەکە لە پشتیەوە هاتە دەرەوە و دەستی بەسەر نینورتادا گرت، لەو کاتە ئێنکی پاڵێکی بۆ ناو چاڵەکە پێوەنا. نینورتا نەیتوانی لە چاڵەکە سەرکەوێتە دەرەوە. ئێنکی لە لێواری چاڵەکەدا وەستا، و سەیری خوارەوەی کرد. و بینی نینورتا، زۆرلە قووڵایی دایە. لەوێ لەناو چاڵەکە هێشتا لە چنگی کیسەڵەکە دابوو. . ئێنکی بەدەنگی بەرز گاڵتەی پێکرد، و گوتی: تۆ پلانت دانابوو بمکوژیت. تۆ بە خەیاڵە گەورەکانت! شاخەکانت ڕام کردووە. و ئێستا تەنانەت ناتوانیت لە چاڵێک سەرکەوی، کە کیسەڵێک هەڵیکەندووە! تۆ چ پاڵەوانێکی؟

بەڵام کێ بەلایدا تێدەپەڕی، نینهورساگ بوو، خۆشەویستەکەی ئێنکی. بەڕاکردن هات و بینی هاوسەرەکەی خودای گەنج ئازار دەدات...کوڕەکەیان؟؟؟ خودا گەورەکە یەکسەر وەستا، بۆ ئەوەی سەرزەنشتی ئێنکی بکا. و ئەو کاتەی بیرخستەوە کە لە دیلمون ژیانی ڕزگار کرد، کاتێک ئێنکی ئارەزووهەڵسا، و ڕووەکە قەدەغەکراوەکانی خوارد کە وای لێکرد، تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بێ. دیسانەوە وەک زۆر جارێتری ڕابردوو، نینهورساگ دوا قسەی خۆی بە ئێنکی گوت. و ئەوەش قسەی خودای مەزنە، کە سەرپێچی ناکرێت: من ڕزگارم کرد، ئێستا کوڕەکەت ڕزگار بکە![239]

پەرتووکی ژیان لە پەیمانی نوێدا

پەرتووکی ژیان لە مێژووی دینی کریستیانی تەنیا لە پەرتووکی بینینی یۆهانس هاتووە. و باسی ئەوە دەکا ئەو پەرتووکە کردەوەی پیاو چاکانی تێدا تۆمار دەکرێ. لە ڕۆژی پەسڵان، هەر کەس ناوی لەو پەرتووکە دانەبێ، دەچێتە دۆزەخ. ئەوەش دیار دەدا کە لەو پەرتووکە کاری خراپەکاری تۆمار ناکرێ. بەڵام هەر ناوێک لەو پەرتووکە نەبێ خراپەکارە.

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانیس ٢: ١١ - ١٥

لێپرسینەوە لە مردووان

[239] The Electronic Text Corpus of Sumerian Literatur, NINURTA AND THE TURTLE OR: NINURTA AND ENKI

(١١) پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، شوێنی دیکەیان بۆ خۆیان نەدۆزییەوە .(١٢) مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە، لەبەردەم تەختەکەدا ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان، کە لە پەڕتووکەکان نووسراوە بڕیاریان لەسەر دەدرا. (١٣) دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد. هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان دایە دەست. و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی بڕیاری لەسەر دەدرا .(١٤) مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچە ئاگرەکە. ئەم دەریاچە ئاگرە مردنی دووەمە (١٥) هەرکەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا تۆمار نەکرابوو، فڕێدرایە دەریاچە ئاگرەکە.

پەرتووکی ژیان وەک دیارە شتێکی پێشوەختە نییە، بەڵکوو چارەنووسی مرۆڤ، بە چاکە و خراپەی کردەوەکانی، لە ژیاندا بەستراوەتەوە. تۆمارەکانی هاوکاتی ژیانییەتی. بەپێی یاساکانی موسا، هەڵدەسەنگێندرێن، و دەبنە بنەما بۆ ئەوەی مرۆڤ ناوی لە پەرتووکی ژیاندا هەبێ یان نا!! هەرکەسێک لە ڕۆژی لێپرسیەنەوە ناوی لەو پەرتووکە هەبێ ئەوا دەربازی دەبێ. بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیە، خودا چارەنووسی مرۆڤی پێشوخت تۆمار نەکردووە. بەڵکوو یاسای بۆ داناون. و بەپێی ئەو یاسایە چاکە و خراپەیان تۆماردەکرێ.

تابلۆی پارێزراو لە دینی ئیسلام

کەسێک نییە زاراوەی تابلۆی پارێزراوی (لوح المحفوظ) بەر گوێ نەکەوتبێ. ئەوەی جێگای سەرنجە مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەر ئەو تابلۆیە بە سەدان چیرۆکیان هۆنیوەتەوە. لێرەدا قسەی چەند ڕاڤەکارێکی موسوڵمان دەنووسینەوە.

طبری دەڵی ئەو تابلۆیە لە نێوچەوانی ئیسرافیل هەڵکۆڵراوە. کەچی إبن کثیر لەوەش زیاتر دەڕوا. و دەڵێ: تابلۆیەکی لە مرواری سپیە، درێژی لە نێوان ئاسمان و زەویە. پانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. چوارچێوەکەی مرواریە. ناوەوەی مرواری سوورە. پێنووسەکەی تیشکە و ووشەکانی پەیمانن بە تەخت..... هتد [240]

فتح الباري دەڵێ تابلۆی پارێزراو لە سەرووی تەختە (عرش) [241]

القرطبي دەڵێ تابلۆیەکە لە مرواری سوور، لەلای سەرەوەی تەخت (عرش) قایمکراوە [242].

مقاتل دەڵێ تابلۆی پارێزراو لەلای ڕاستی تەختە (عرش). [243]

سیوطی لە إبن عباس دەگێڕێتەوە: خودا تابلۆی پارێزراوی لە ماوەی سەد ساڵ دروستکرد. [244]

ئەوە بەگشتی لێکدانەوەی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمانە. کە خۆشیان نەدەزانن باسی چیدەکەن. نە لەسەر ئەوە هاوڕان تابلۆی پارێزراو چیە، و لە کوێیە. لەلایەکیتر لەناو

---

[240] إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، البداية والنهاية. دار عالم الكتب. 2003م. ص26

[241] تفسير القرطبى ج19 ص298.

[242] فتح الباري شرح صحيح البخاري لأبي الفضل العسقلاني ج 13 ص 526

[243] تفسير القرطبي ج19 ص298

[244] كتاب الدر المنثور للسيوطي ج6 ص74

دەقەکانی قورئان ڕاستەوخۆ جارێک ناوی (لوح المحفوظ البرج ٢٢) هاتووە، جارێکیش بە (کتاب مکنون الواقعة ٧٨) هاتووە، کە دەبێ سەرچاوەی هەڵێنجانی ئایەتەکانی قورئان بن.

سەرەڕای ئەوە چەندین ئایەتی تر هەن ،کە بە خوێندنەوەیان بۆمان دەردەکەوێ، مەبەستیان هەمان ئەو تابلۆیەیە، کە وەک سەرچاوە ئایەتەکانی قورئانی لێ وەرگیراون. و بەردەوامیش قورئان ستایشی ئەو سەرچاوەیە دەکا. و وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ ناوی دێنێ. بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، ئەو تابلۆیە دەبێ گشت زانیارییەکانی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و سرووشت و گەردوون بە گشتی تێدابێ.

سورة البرج ٨٥: ٢١ – ٢٢

بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ (٢١) فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ (٢٢)

ئەو قورئانە شکۆدارە (٢١) لە تابلۆ پارێزراوە (٢٢)

سورة الواقعة ٥٦: ٧٧ – ٧٨

إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ (٧٧) فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ (٧٨)

ئەوە قورئانێکی بەڕێزە (٧٧) لە پەرتووکێکی شاراوەدایە (٧٨)

لە قورئان تەنیا ناوی دێنێ، و وەک سەرچاوەیەی قورئان باسی دەکا. بۆیە بۆمان دەردەکەوێ مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو لێکدانەوانەیان بە ئارەزووی خۆیان کردووە. هیچ بنەڕەتێکی لۆژیکی یان زانستی تێدانییە.

بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، بەناو مێژووی دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕبینەوە. بە ئاسانی هەست بە دووبارە بوونەوەی دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیان دەکەین. ئەو

دووبارە بوونەوەیەش، هەمیشە دەقاودەق نییە. بەڵکوو بەشێوەی گوزارە و دەردەبڕینی ئازادانە بووە. و بە ئارەزووی خۆیان شتیان لێ گۆڕیووە، یان لەسەریان زیادکردووە. ئەو شێوە وەرگێڕانە، لە بواری مێژوویییەوە پێ دەگوترێ (تەرگوم. کۆی: تەرگومیم) Targum: Targumim.[245]

دەستپێکردنی تەرگوم لە نێوان زمانی عیبری و ئارامی، لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئەو کاتەی کلدانیەکان، یەهودییەکانیان لە خاکی خۆیان بە کۆیلەیی هێنانە بابل. و دواتر لە ساڵی ٥٨٧ پ.س.ب جارێکیتر هێرشیان کردەوە سەر ئۆرشەلیم و داگیرکردەوە. پەرستگایان ڕووخاند و سەرجەمی شاریان سوتاند.

دواتر یەهودیەکان لە بابل، لە دیلی دەژیان. و هەنگاو بە هەنگاو خەریکی کاری ڕۆژانەبوون. بە هۆی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. لەناو یەهودیەکان لەسەرخۆ، زمانی ئارامی جێگای عیبری دەگرتەوە. منداڵەکانیان لە جیاتی عیبری فێری ئارامی دەبوون.

لە بابل نە پەرستگایەک و نە پەرتووکێکی پیرۆز هەبوو. بۆیە ماڵێکیان دروستکرد، بە ناوی ماڵی کۆبوونەوە. کە بۆ پەرستن تێیدا کۆدەبوونەوە. لە پاڵ ئەوەش پێشڕەوانی دین خەریکی ئامادەکردنی دەقە پیرۆزەکانی یەهودی بە زمانی ئارامی بوون. شێوەی ئامادەکردنەکە ناوی لێنرا تەرگوم. واتە وەرگێڕانی دەقێک بە شێوەی ڕوونکردنەوە. کە زۆربەی جار وەرگێڕ، بۆ گونجاندنی دەقەکە لەگەڵ زمان و کولتووری زمانە نوێکە، خۆی شت لە دەقەکە دەگۆڕی یان لێی زیاد دەکرد.[246]

---

[245] Philip S. Alexander, (1992) “Targum, Targumim,” in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

[246] آل عیسی، د. محمد. تاریخ الإسلام المبکر ص ٦٩

لە سەرەتادا ئەو دەقە (تەرگوم)انە لەلایەن پێشڕەوانی دین دانیان پێدا نەدەنرا. بەڵکوو تەنیا وەک ئەدەبی دینی گەلێری چاولێدەکران. بەڵام دوایی بۆ دەقەکانی دەرەوەی تەورات وەک پەرتووکەکانی نەبیەکان و تێکستەکان پەسندکران.

ئەو دەقانە بەگشتی لە پەرتووکێک کۆکرانەوە، بە ناوی تەوراتی ئارامی. و لە ناوچەکانی شام، کە زمانی فەرمی ئارامی بوو. پارێزگاری لێدەکرا. کە دواتر لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا پارێزرا. و یەهودیە نەسارِیەکان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو، بەردەوام بۆ دەگەڕانەوە. هەرچەندە ئەو تەوراتە بەهۆی وەرگێڕانی بەشێوەی تەرگوم، و گونجاندنی لەگەڵ مەبەستی سیاسی و جوگرافی، جیاوازی لەگەڵ تەوراتی عیبری هەبوو. کەچی یەهودیە نەسارِیەکان، چەندین چیرۆک و ئەفسانەیان لەو تەوراتە ئارامیە وەرگرتوون. هەر ئەوەش وایکردووە چیرۆکی نەبیەکان و ئەفسانەکانی کۆن لەگەڵ چیرۆک و ئەفسانەکانی تەوراتی عیبری ناکۆک بن. ئەوەش سەرچاوەی ئەو تاوانانەیە، کە قەشە و رەبەنەکانی یەهودی نەسارِی تەوراتی عیبری پێ تاوانباردەکەن. کە گوایە گۆڕانیان لە دەقەکانی تەورات داکردووە. دوای ئەوەی دینی یەهودی نەسارِی گۆڕا بۆ ئیسلام، بە هەمان شێوە ڕێبەرانی موسوڵمان، لەسەر ئەو تاوانبارکردنە هەر بەردەوام بوون. وەک میراتێک هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە.

لە قورئاندا لە چەندین ئایەت دان بەوە دادەنێ کە تەورات پەرتووکێکی مەزنە و پێشڕەوە بۆ قورئان.

سورة هود ١١: ١٧

أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ (١٧)

ئاخۆ کەسێک لە پەروەردگاری خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی پێدراوە، و گەواهێکیش لەلایەن خوداوە بەشوێنیا هاتووە. و پەرتووکی موساش بەرلەوە، پێشڕەو (إماما) و جێی بەزەیی بوو باسی دەکا. بۆ ئەوانەن باوەڕی پێدێنن. و هەرکەسیش لەو کۆمەڵانە نکۆڵی لێبکا، جێگای ئاگرە، سا تۆ لێ بەگومان مەبە. ئەوە ڕاستە و لە پەروەردگارتەوەیە. کەچی زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕ ناکەن. (١٧)

سەرنج بدە چۆن قورئان، پەرتووکی موسا بە پێشڕەو (إماما) ناودەبا، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان، تەورات بە چاوساخ و پێشڕەوی خۆی دەزانێ. سەرەڕای ئەوە، بە دەیان چیرۆک و ئەفسانەی کۆن لەسەر نەبی و پیرۆزییەکانی دینی یەهودی لە قورئان دووبارە بوونەتەوە. کە لە زۆربەیان لادانێک یان یان لەگەڵ تەوراتی عیبری هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەرگومەی بۆ چیرۆکەکە کراوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا. گێڕانەوەی قورئان، جیاوازە لەگەڵ تەورات. لە جیاتی ئەوە نووسەری قورئان لە تەرگومی دووەمی پەرتووکی ئێستەر چیرۆکەکەی وەرگرتووە. سەرەڕای نووسەری قورئان، هەندێک ووردەکاری ناو تەرگومی دووەمی ئەستیری گۆڕیووە.

سورة المائدة ٥: ٤٣

وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٤٣)

جا چۆن ئەوانە دێنەلات، کە بە کێشەیان ڕابگەی. لە کاتێکدا تەوراتیان هەیە، کە فەرمانی خودای تێدان. کەچی دوای ئەوەش لە پێڕاگەیشتنەکەی تۆ خۆ دەبوێرن. خۆ ئەوانە بە باوەڕدارنین (٤٣)

لەو ئایەتە نووسەری قورئان بە ئاشکرا گەروەیی تەورات و پیرۆزی لەسەر قورئان دەردەبڕێ. ئەگەر باوەڕ بە تەورات نەکەن چۆن باوەڕ بە قورئان دەکەن.

سورة المائدة ٥: ٤٧

وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (٤٧)

دەبا خەڵکانی ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەرۆکی کە خودا ناردوویەتە خوار فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی خودا ناردوویەتیە خوار لابدەن، دیارە ئەوانە لە سەرپێچیکەرانن (٤٧)

لێرەدا نووسەر تەنیا بە تەورات ناوەستێ بەڵکوو ئینجیلی عیبرانیش کە یەهودیە نەسارپەکان بەکاریان دێنا. وەک پەرتووکێکی مەزن و سەرچاوەیەکی پیرۆز دەبینێ. تێبینی: لێرەدا ناوی تەنیا یەک ئینجیل دێنێ، ئەگەر مەبەستی ئینجیلەکانی قانوونی کریستیانی با ئەوە دەبوایە بە کۆ ناوی بردبان.

بە کورتی تابلۆی پارێزراو لە ئاسمان نییە و لە مرواری و دوڕ و گەوهەریش نییە. بەڵکوو تەوراتی تەرگومی ئارامییە لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا، کە سورەت و ئایەتەکانی قورئانی لێ کۆپیکراون.

[illegible]

سورەتی الکهف سوڕەتی ژمارە ١٨، لە قورئان سێ چیرۆکی ئەفسانەی کۆنی تێدان، یاوەرانی ئەشکەوت (أصحاب الکهف) ئەو چیرۆکە لە کەلەپووری کریستیانی وەرگیراوە[247]، چیرۆکی موسا و بەندەیەکی خودا، هەروەها چیرۆکی ذو القرنین. ئەو سێ چیرۆکە هەرسێکیان لە بنەڕەتدا چیرۆکی ناو کەلەپووری دینی جولەکە و کریستیانین. هەرچەندە چیرۆکەکانی پەیمانی کۆن جیاوازیان لەگەڵ قورئان هەیە. لە پەیمانی کۆن باسی کۆرشی مەزن دەکا، کە جولەکەی لە بابل ڕزگارکردن. کەچی لە قورئان ناوی هیچ کەس یا سەرلەشکرێ نابا. هەروەها چیرۆکی هەواڵەنی ئەشکەوت لە ئینجیلی کریستیانی دا نییە، کەچی لە کەلەپووری کریستیانی تۆمارکراوە دەیدۆزریتەوە.

چیرۆکی یەکەم

[247] چیرۆکی یارانی ئەشکەوت بە جیا، لە بەشی کەلەپووری کریستیانی بە درێژی بەراورد دەکرێ.

چیرۆکی موسا و بەندەی خودا یا ڕابی ئەحنان و ئێلیا پاشا

بە چاوخشاندنێک بە چیرۆکی موسا و خضر ، لە قورئان - سورەتی الکهف ئایەتی ٦٥ – ٨٢، ئەو چیرۆکە ڕووداوەکانی نێوان نەبی موسا و کەسێکیتر دەگێڕێتەوە. هەرچەندە لە قورئان ناوی ئەو کەسە نەهێنراوە، بەڵکوو تەنیا دەڵێ:

سورة الكهف ١٨:٦٥

فَوَجَدَا عَبۡدًا مِّنۡ عِبَادِنَآ ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةً مِّنۡ عِندِنَا وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلۡمًا (٦٥)

بەندەیەک لە بەندەکانی ئێمەیان بینی، کە دلۆڤانی لەلایەن خۆمانەوە پێدابوو. و زانیاریشمان لەخۆمانەوە فێرکردبوو (٦٥)

ئەو چیرۆکە لەناو گەڵانی میسۆپۆتامیا و شام وەک کەلەپووری باوی ئەو سەردەمەدا، خەلکی پێی ئاشنا بووە. و ئەو کەسەی موسا قسەی لەگەڵ کردووە ناوی (نبی خضر) بووە. یان لە کوردی بە (خدری زیندە) ناسراوە. ئەو چیرۆکە وەک چیرۆکەکانی ئادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا، و هتد، لە ناو دەقەکانی تەورات دا نەهاتووە. بۆ دۆزینەوەی دەبێ لاپەڕەکانی کەلەپووری دینی و گەلێری دینی یەهودی هەڵاوگێڕکەین، تا بتوانین سەرەداوێک وەدەست بێنین. بەڵام باشتر وایە بەر لە بەدواچوون، چیرۆکی موسا و بەندەی خودا لە قورئان بخرێتە ڕوو، ئەوسا دەست بە تاووتوێ و بەراوردی لەگەڵ سەرچاوەکانی کۆنتری یەهودی بکەین.

چیرۆکی موسا و بەندەی خودا لە قورئان

سورة الكهف ١٨: ٦٥ – ٨٢

فَوَجَدَا عَبۡدٗا مِّنۡ عِبَادِنَآ ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا
عِلۡمٗا (٦٥) قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلۡ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمۡتَ
رُشۡدٗا (٦٦) قَالَ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا (٦٧) وَكَيۡفَ تَصۡبِرُ عَلَىٰ مَا لَمۡ
تُحِطۡ بِهِۦ خُبۡرٗا (٦٨) قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرٗا وَلَآ أَعۡصِي لَكَ
أَمۡرٗا (٦٩) قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ مِنۡهُ
ذِكۡرٗا (٧٠) فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِي ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَاۖ قَالَ أَخَرَقۡتَهَا لِتُغۡرِقَ أَهۡلَهَا
لَقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـٔٗا إِمۡرٗا (٧١) قَالَ أَلَمۡ أَقُلۡ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا (٧٢) قَالَ
لَا تُؤَاخِذۡنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرۡهِقۡنِي مِنۡ أَمۡرِي عُسۡرٗا (٧٣) فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا
غُلَٰمٗا فَقَتَلَهُۥ قَالَ أَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا زَكِيَّةَۢ بِغَيۡرِ نَفۡسٖ لَّقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـٔٗا نُّكۡرٗا (٧٤) قَالَ
أَلَمۡ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا (٧٥) قَالَ إِن سَأَلۡتُكَ عَن شَيۡءِۭ بَعۡدَهَا
فَلَا تُصَٰحِبۡنِيۖ قَدۡ بَلَغۡتَ مِن لَّدُنِّي عُذۡرٗا (٧٦) فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَيَآ أَهۡلَ قَرۡيَةٍ
ٱسۡتَطۡعَمَآ أَهۡلَهَا فَأَبَوۡاْ أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارٗا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥۖ
قَالَ لَوۡ شِئۡتَ لَتَّخَذۡتَ عَلَيۡهِ أَجۡرٗا (٧٧) قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيۡنِي وَبَيۡنِكَۚ سَأُنَبِّئُكَ
بِتَأۡوِيلِ مَا لَمۡ تَسۡتَطِع عَّلَيۡهِ صَبۡرٗا (٧٨) أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ
فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا (٧٩) وَأَمَّا
ٱلۡغُلَٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤۡمِنَيۡنِ فَخَشِينَآ أَن يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗا (٨٠) فَأَرَدۡنَآ أَن
يُبۡدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيۡرٗا مِّنۡهُ زَكَوٰةٗ وَأَقۡرَبَ رُحۡمٗا (٨١) وَأَمَّا ٱلۡجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيۡنِ
يَتِيمَيۡنِ فِي ٱلۡمَدِينَةِ وَكَانَ تَحۡتَهُۥ كَنزٗ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحٗا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبۡلُغَآ
أَشُدَّهُمَا وَيَسۡتَخۡرِجَا كَنزَهُمَا رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ وَمَا فَعَلۡتُهُۥ عَنۡ أَمۡرِيۚ ذَٰلِكَ تَأۡوِيلُ
مَا لَمۡ تَسۡطِع عَّلَيۡهِ صَبۡرٗا (٨٢)

له نێو بەندەکانمانەوە بەندەیەکیان دۆزییەوە کە ئێمەوە دڵۆڤانیمان پێکردبوو و لە نەوەی خۆمانەوە فێری زانستمان کردبوو، (٦٥) موسا پێی گوت: ئایا بە شوێنت بکەوم، بۆ ئەوەی ئەوەم فێرکەی، کە بەڕاست فێرکراوی؟ (٦٦) گوتی

لە ڕاستیدا هەرگیز ناتوانی، لەگەڵ مندا دان بە خۆتدابگری (٦٧) و چۆن داان بەخۆتدا دەگری، لەوەی کە شارەزاییت لێی نییە (٦٨) گوتی ئەگەر خوداویستی لەسەرڕێ، خۆڕاگردەبم. و لەفەرمانی تۆ دەرناچم (٦٩) گوتی: ئەگەر شوێنم کەوتی، نەکەی پرسیار لەسەر شتێک بکەی تاوەکو خۆم بۆت باس دەکەم (٧٠) جا بەڕێکەوتن تاکو، ئەو کاتەی سواری کەشتییەکە بوون، کونیکرد، گوتی: بۆ ئەوە کونتکرد تا خەڵکەکە نقوم بن؟ سوێند بێ شتێکی ناپەسندت کرد (٧١) گوتی، ئەی پێم نەوتی، کە هەرگیز ناتوانی لەگەڵ مندا دان بەخۆتدا بگری؟ (٧٢) گوتی: لێم مەگرە، لەبەر ئەوەی لەبیرم کرد، و نەکەی لە ماندوێتیم قورسترکەی (٧٣) جا بەڕێکەوتن، کاتێ چاویان بە منداڵێک کەوت یەکسەر کوشتی، گوتی: ئایا کەسێکی پاک لە گوناه و بێتاوانت کوشت، سوێندبێ شتێکی ناپەسندتکرد (٧٤) گوتی: ئەی پێم نەگوتی، کە هەرگیز ناتوانی، لەگەڵ مندا دان بەخۆتدا بگری؟ (٧٥) گوتی: ئەگەر سەبارەت بە هەر شتێک لە مەودوا پرسیارم لێت کرد، ئەوە هاوڕێیەتیم مەکە. لەلایەن منەوە بیانۆت دەستکەوت (٧٦) ئەوسا بەڕێکەوتن تا گەیشتنە لای خەڵکی گوندێ، داوای خۆراکیان لە خەڵکەکە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون میوانداریان بکەن، دوای ئەوە دیوارێکیان دۆزیەوە، خەریکبوو بڕوخێ، بۆیە دایمەزراندەوە، گوتی: ئەگەر ئەگەر بتویستایە، دەتتوانی بۆ ئەوە کرێ وەرگری (٧٧) گوتی: ئەمە جیابوونەوەی نێوانی من و تۆیە، لێکدانەوەی ئەو شتانەت پێڕادەگەیێنم کە نەتتوانی دان بەخۆتدا بگری (٧٨) سەبارەت بە کەشتییەکە، چەند هەژارێک کە کاریان لە دەریا دەکرد خاوەنی بوون، ویستم لەکەداریکەم، چونکە لەولاوەیان پاشایەک هەبوو هەموو کەشتیەکت زەوت دەکرد (٧٩) هەروەها سەبارەت بە منداڵەکەش دایک و باوکی باوەڕدار بوون، بۆیە ترسمان لەوە هەبوو، بە

سەربزێوی و کوفر ماندوویان بکات. (٨٠) جا ئێمە ویستمان پەروەردگار بۆیان بە منداڵێکی چاکتر و پاکتر و بە بەزەییتر بگۆڕیتەوە (٨١) سەبارەت بە دیوارەکەش، دوو کوڕی هەتیو خاوەنی بوونبوو لە شارەکە. و گەنجینەیەکی لە ژێریدا بوو، باوکیشیان پیاوێکی چاکبوو، جا پەروەردگارت ویستی بگەنە هەڕەتیان. و گەنجینەکەیان دەربهێنن وەک دلۆڤانیەک لە پەروەردگارەکەت. ئەوەبوو لێکدانەوەی ئەو شتانەی کە تۆ نەتتوانی لەسەریان دان بەخۆتتدا بگری. (٨٢)

ئەو چیرۆکە لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ دەستناکەوێ. بۆیە بۆ گەڕان ڕێگای کەلەپووری جولەکان باشترین گۆڕەپانی بەدواداچوونە. بەتایبەتی لاپەڕەکانی تالموود. چیرۆکە گێڕدراوەکانی (هاگادە)، و دواتر بەراوردی لەگەڵ چیرۆکی ناو سوڕەتی الکهف بکرێ. لەوێدا چیرۆکێک بە ناوی (متمانە بە خودا) هەیە. ئەو چیرۆکە لە زۆر وردەکاریدا لەیەکچوونێکی لەڕادەبەدەری لەگەڵ چیرۆکی قورئان دا هەیە.

ئەو چیرۆکە لە ناو کەلەپووری جولەکان، دوو جۆر گێڕانەوەی هەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەرۆکی ڕووداوی چیرۆکەکان زۆر لەیەک نزیکن، تەنیا ناوی کەسایەتی ڕابی جیاوازە.

چیرۆکی تالمود

چیرۆکی تالمود لە نێوان ڕابی یۆحەنان بن لێڤی و شا ئەلیاهو (ئێلیا) ڕوودەدا، واتە ڕووداوەکان هیچ پەیوەندیان بە موسا و کەسێکی ترەوە نییە، بۆیە لە جێگای خۆیەتی چیرۆکی تالمود لەگەڵ چیرۆکی قورئان بەراوردبکرێ.

لە تالموددا ڕووداوەکە بەوە دەست پێدەکا:

ڕابی یوحەنان بن لێڤی بەردەوام ڕۆژووی دەگرت و نوێژی دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە، کە مۆڵەتی پێبدا پاشا ئەلیاهو (ئێلیا) ببینێ. گوایە شا ئەلیاهو بە زیندووی بردراوەتە بەهەشت.[248]

خودا وەڵامی پاڕانەوەکانی دایەوە، ئیلیاهۆ لە شێوەی پیاوێکدا بۆی دەرکەوت. حاخام داوای لە ئەلیاهو کرد و گوتی: با شوێنت کەوم کاتێک بە وڵاتدا دەگەڕێی، تا چاوەدێری ئاکار و کردارەکانت بکەم، و بۆ خۆم لێزانی (حکمة) و تێگەیشتن وەدەست بێنم.
ئیلیاهو گوتی: نا، ناتوانی لە کردارەکانی من تێبگەی، و ناتوانی لەسەر کارەکانم دان بەخۆدابگری، کەواتە چۆن بەرامبەر بەو شتە دان بەخۆت دادەگری، کە هیچ زانیارییەکت لەسەر نییە؟

بەڵام ڕابی لەسەر داوای خۆی پێداگری کرد و گوتی: تۆ هیچ سەخڵەتکردن و پرسیارێک لە منەوە نابیستی، بەڵکو ڕێگەم پێبدە لە ڕێگاکەتدا شوێنت کەوم.

---

[248] پەیمانی کۆن - دووەم پاشایان ٢: ٩ - ١٢
(٩) کاتێک پەڕینەوە، ئەلیا بە ئەلیشەئی گوت: داوای چی دەکەیت هەتا بۆت بکەم، بەر لەوەی لێت جیا ببمەوە؟ ئەلیشەء وەڵامی دایەوە: با گیانی تۆ بە میرات وەریگرم. (١٠) ئەلیا گوتی: داوای شتێکی گرانت کرد. ئەگەر منت بینی کاتێک لێت جیا دەبمەوە، ئەوا بۆ تۆ دەبێت، ئەگەر نا بۆت نابێت.(١١) ئەوە بوو کاتێک دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد، لەناکاو گالیسکەیەکی ئاگرین و چەند ئەسپێکی ئاگرین هەردووکیانی لێک جیا کردەوە، ئەلیا لە گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان سەرکەوت .(١٢) ئەلیشەء ئەمەی بینی و هاواری کرد: باوکە! باوکە! گالیسکەکەی ئیسرائیل و سوارەکانی! ئیتر ئەلیای نەبینییەوە. جلەکەی بەر خۆی دڕاند و کردییە دوو پارچە.

ئەلیاهو گوتی: دەسا وەرە، بەڵام دەمت بگرە و زمانت نەجووڵێ. ئەگەر وانەکەی لە یەکەم پرسیار کە دەیکەی، یان کەمترین نیشانەی سەرسوڕمانت لێ دەرکەوێ، ئەوە یەکسەر لەمن دادەبڕێی.

ئەوسا هەردووکیان پێکەوە بە ناو وولاتدا، دەستیان بەگەشت کرد، و گەیشتنە ماڵی پیاوێکی هەژار کە پارە و بژێویی نەبوو جگە لە مانگایەک، کە نزیکبوونەوە، پیاوەکە و ژنەکەی بۆ پێشوازیکردنیان ڕایانکرد. و وایان لێکردن سوێند بخۆن، لە ماڵەکەیان بچنە ژوور. و خواردن و خواردنەوە لەو شتانەی لەبەردەستیاندا بوو بخۆن. شەوەکەش لەو ماڵە بەسەر بەرن. و ئەوە هەموو ئەو میوانداریە بوو، لە خانەخوێ هەژار و بەخشندەکانیان وەرگرت، بەیانی زوو ئەلیاهو بۆ نوێژکردن لەخەو هەڵسا. هەر کە نوێژەکەی تەواو کرد، مانگای هەژارەکە بە مردوویی کەوتە خوار. دوو هاوڕێکەش لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون.

ڕابی یۆحەنان لەسەرسامیا، حەپەسابوو، بە ئەلیاهوی گوت: نەک هەر بە پێدانی مافی میوانداری و خزمەتی باشیان ڕازیبووی، بەڵکو مانگای ئەم پیاوە چاکەشت لەناوبرد.

ئەلیاهۆ قسەکانی بڕی: ششش، گوێت دەبیستێ و چاوت دەبینێ، بەڵام بێدەنگ بە. ئەگەر وەڵامت بدەمەوە، ئەوە دەستبەجێ من و تۆ لەیەک دادەبڕێین.

پێکەوە لە ڕێگاکەیان بەردەوام بوون، ئێوارە گەیشتنە کۆشکێکی گەورە و گرانبەها، پیاوێکی دەوڵەمەند و خۆبەزلزان تێیدا دەژیا. ئەو دوو پیاوە (ڕابی حەنان و ئێلیاهو) پێشوازییەکی خراپیان لێکرا، پارچە نانێک و کوپێک ئاویان لەپێش دانرا. خاوەن ماڵەکە تەنانەت خۆی

بە پێشوازیکردن و قسەکردن لەگەڵیاندا سەرقاڵ نەدەکرد، بۆیە شەوەکەیان لەوێ بەسەر برد، بۆ بەیانی بە کاوەخۆ لە خەو هەڵسان. و ئەلیاهۆ تێبینی ئەوەی کرد، دیوارێک لە ماڵەکەدا پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، بۆیە بەدوای دارتاشێکی دا نارد، و پارەی چاککردنەوەکەی لە لە گیرفانی خۆی دا. ئەمەش وەک خۆی دەیگوت وەڵامێک بوو بۆ ئەو میوانداریە بەخشندەییەی کە وەریگرتبوو.

ڕابی یۆحانان جارێکی دیکە سەری سوڕما، بەڵام یەک وشەی نەگوت، و لە ڕێگەی خۆیان بەردەوام بوون.

کاتی تاریکی نزیک بووەوە، چوونە ناو شارێک، کەنیسەی گەورە و گرانبەهای تێدا بوو، لەگەڵ هاتنی کاتی نوێژی ئێوارە، چوونە ناو کەنیسە و دەستیان کرد بە سەرنجدان، لە دیکۆر و مافوری مەخمەلی، و نووسراوە زێڕینەکانی ناو کەنیسە. لە دوای کۆتایی نوێژ، ئەلیاهو هەستا و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: ئایا کەسێک هەیە حەزی لە خواردن بێت، ئەوان هەژار بوون و دەبوو بۆ ئەم شەو جێگایان بۆ دابین بکرێ، کەس وەڵامی نەدایەوە، و ئەوانیش ئامادە نەبوون میوانداری ڕێبوارە نامۆکان بکەن، بەڵام لە... بەیانی، ئەلیاهو چووە ناو کەنیسەکە و دەستی کرد بە تەوقەکردن لەگەڵ ئەندامەکانی و گوتی: هیوادارم هەمووتان ببنە سەرکردە، ئێوارەی دواتر، دوو پیاوەکە جارێکی دیکە چوونە ناو مەیدیان و کاتێک سەرۆکی کەنیسەکە بەپەلە پێشوازییان لێکرد، دوای ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا لە هاتنی دوو کەسی نامۆ، باشترین میوانخانەی شار بۆیان کرایەوە، و هەمووان دەستیان کرد بە کێبڕکێ بۆ دابینکردنی بەخشندەیی و خەمخۆرییان، بەیانی کە ماڵئاواییان لێکردن، ئەلیاهو پێی گوتن: خودا تەنیا یەک سەرکردە بەسەرتاندا دابنێ.

لێرەدا یۆحەنان خۆی پێ نەگیرا، و بە ئەلیاهۆی گوت: پێم بڵێ، تێمگەیێنە، ئەو کردەوانەم پێ بڵێ کە تۆ کردت، ئەوانەی بێباکانە مامەڵەیان لەگەڵ کردین، نزاو پاڕانەوەی خێر و چاکەت بۆیان لێ دەباری، ئەوانەی کە ڕێزیان لێدەگرتین و چاکەیان لەگەڵکردین، کەچی ئێوە پاداشتی ئەوانەتان نەدایەوە. تەنانەت ئەگەر دابڕانیش پێویستبێ، تکایە تێمگەیێنە! هەموو ئەمانەم پێ بڵێ.

ئەلیاهو گوتی: گوێ بگرە و فێربە، متمانە بە خودا بکە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگاکانیشی تێنەگەن. کاتی یەکەمجار چووینە ماڵی ئەو پیاوە هەژارەی کە بە میهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردین، ئەوە بزانە کە هەر لەو ڕۆژەدا چارەنووسی مردنی ژنەکەی بووە، بۆیە لەبەر خودا پاڕامەوە، مانگاکە ببێتە بەڵاگێڕی ژنەکەی. خوداش وەڵامی پاڕانەوەکانمی دایەوە، و ژنەکەش بۆ مێردەکەی مایەوە.

سەبارەت بەو پیاوە دەوڵەمەندەی کە دوای ئەوە سەردانیمان کرد، بێباکانە مامەڵەی لەگەڵ کردین، بەڵام دیوارەکەیم بۆ چاککردەوە، و بەبێ بناخەیەکی نوێ و بەبێ ئەوەی بناخە کۆنەکە قووڵتر هەڵکەنم، چاکم کردەوە، ئەگەر خۆی چاکی کردبایەوە، ئەوە قووڵتر هەڵیدەکەند، و گەنجینەیەکی لە ژێرەوە نێژرابوو، دیدۆزیەوە، بەڵام ئێستا بۆهەمیشە وون بوو. سەبارەت بەو ئەندامانەی کەنیسە، کە ڕەتیانکردەوە میوانداریمان بکەن، پێم گوتن: با هەمووتان ببنە سەرۆک. لە ڕاستییدا تەنیا یەک سەرۆک دەتوانێ، بە دڵنیایی بەر لە پەیدابوونی ناکۆکی بگرێ.

ئێستا تێبگە لەوەی کە دەیڵێم: ئەگەر گەمژەیەکت لە ناو خێر بینی، بێ هیوا مەبە، یان مەهێڵە هەستی ئیرەیی بەسەرتدا زاڵبێ، و ئەگەر کەسێکی ڕاست و دروستت بینی، کە تووشی هەژاری بووە، و بە بەدبەختی تووشی سەختی ژیان بووە، لە دادپەروەری خودا،

تووشی دڵەڕاوکێ مەبە، چونکە خودا دادپەروەر و ڕاستگۆیە، بڕیارکەشی ڕاست و دروستە، چاوی هەموو ئەفرێندراوەکان، بێ جیاوازی دەبینێ. کەس ناتوانێ پێی بڵێ: تۆ چیت کردووە ؟

دوای ئەو قسانە ئەلیاهو دیارنەما و گومبوو، یۆحەنانیش بە تەنیا مایەوە.

لێرەدا چیرۆکەکە کۆتایی دێ.[249]

چیرۆکی دووەم

ئەو چیرۆکە لە سایتی (Jewish practice) وەرگیراوە

لەو چیرۆکەدا، ڕابی جوشوا بن لێڤی (Rabbi Jashua ben Levi) لە خودا دەپاڕێتەوە، چاوی بە پەیامبەر ئێلیا بکەوێ. نەک ڕابی یۆحەنان.

کەس نییە گوێبیستی ناوی ئیلیا پەیامبەر نەبووبێ، کە هەرگیز نەمردووە، و ئێمە کاتی نایبینین، لە شەوانی سێدەر سەردانمان دەکا. ماوەی ساڵدا سەرقاڵی یارمەتیدانی هەژاران و نەخۆشانە .و سەرتاسەری ڕۆژانی ساڵ، مژدەی خۆشی دێنێ، و یارمەتی خەڵکی دەدا. لە گەورەیی و بەزەیی خودا، بۆ گەلەکەی و کریستیان بۆ دەنێرێ. بۆ ئەوەی لەدووری ڕۆژانی ئاوارەیی هیوایان بداتێ. ئەو چیرۆکە باس لە ئیلیا دەکات و باسی لێزانێکی گەورەیە، کە ویستویەتی زیاتر بزانێ. بەتایبەتی دەربارەی ئێلیا. ناوی ئەو لێزانە ڕابی یەشوع بن لێڤی بوو. ڕۆژێکیان لە کاتی ئیلیا لە ئەرکەکانی میهرەبانیدا بوو، لەلایەن ڕابی یەشوعەوە پێشوازی لێکرا. هەرچەندە بەزۆری لەلایەن کەسەوە نابینرێ، تەنیا لەو کاتەی مەگەر پەیامبەر، خۆی بیەوێ ببینرێ، و بناسرێتەوە، کەچی ڕابی جوشوا، ئەلیای بینی و ناسیەوە. و بە ڕێزەوە سڵاوی لێکرد. پاشان لە پەیامبەر پاڕایەوە، کە لەگەڵ خۆیدا لە گەشتەکەیدا بیبا. ئیلیا لە

[249] إيبش، د. أحمد (٢٠٠٦) التلمود كتاب اليهود المقدس- ص ٣٤٦ - ٣٤٨

وەڵامدا گوتی: بۆ کوێ دەڕۆم، نابێت هاوڕێ مرۆڤم هەبێ. مرۆڤەکان هەموو شتێک نابینن و ئەوەی دەیبینێت هەمیشە تێناگەن. بپارێوە، پەیجووری مەکە. با بڕۆم. قسەکانی ئیلیا، ڕابی جوشوا لەسەر خواستەکەی بۆ یاوەری پەیامبەر و سوود وەرگرتن لە هاوڕێیەتییەکەی سوورترکرد. ڕابی یاشوا بن لێڤی، لە پاڕانەوە بەردەوام بوو: بەڵێن دەدەم کە بە پرسیار ماندووت نەکەم، و بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروبارت وەرنەدەم. من لەگەڵ خۆت ببە مامۆستا.

ئێلیا گوتی: ڕابی لەبیرت بێ، هەر دەستت کرد بە پرسیارکردن، بۆ ئەوەی ئەو شتە ڕوون بکەمەوە کە تێناگەی، ئەوا لەیەک جیادەبینەوە.

بەرەو ئێوارە دوو گەشتیارە پیرە ماندووەکە، گەیشتنە کۆخێکی کۆن، و لەرزۆکی ژن و مێردێکی هەژار. هەردوو پیاوەکە و هاوسەرەکەی لە دەرەوەی ماڵەکەیان دانیشتبوون .کاتێک ئەو دوو ڕێبوارەیان بینی هەستان و بە شێوازیەکی ڕاستەقینە، پێشوازییان لەو دوو بیانیانە کرد بۆ ماڵەهەژارەکەیان. چ خواردنێکی هەژارانەیان لە ماڵەکەدا هەبوو، بە خۆشحاڵیەوە لەگەڵ میوانەکاندا بەشیان دەکرد، و جێگایان لە کادین بۆ ڕاخستن. خۆیان جێگاکانیان لەسەر ئەو پەڕۆیە لە تەویلەی مانگادا چاکرد. مانگا تاکە سامانی بەنرخی ئەوان بوو، چونکە شیرەکەی هەموو سەرچاوەی داهاتیان بوو.

بەیانی پەیامبەر و ڕابی ماڵئاواییان لەو ژن و مێردە میهرەبانە کرد، هەر کە لە بەر چاویان گومبوون، ئیلیا پەیامبەر پاڕایەوە، مانگای ژن و مێردە هەژارەکە بمرێ. ڕابی جوشوا ، تووشی شۆک و دڵتەنگی بوو. بۆچی دەبێ ئەوەندە، بێ ئەمەک بێ، بەو شێوەیە قەرەبووی میهرەبانی و میوانداریی ئەو خێزانە هەژارە بکەیتەوە؟ ویستی هاوار بکا. بەڵام پەیامبەر ئاگاداریکردەوە، بێدەنگی خۆی ڕادەگرێ. بە درێژایی ڕۆژ پێکەوە بەڕێوەبوون، و پەیامبەر زۆر ڕێنمایی ڕابی

دەکرد، بەبێ ئەوەی یەک وشە ،یان ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو کارەی لەگەڵ ژن و مێردە هەژارەکەی کرد. بەرەو ئێوارە هاتنە کۆشکێکی جوان و داوای مۆڵەتیان کرد کە شەو لەوێ بەسەر بەرن. ئەو دەوڵەمەندەی لەوێ دەژیا، بە ڕووخسارێکی دۆستانە پێشوازی لێ نەکردن. بە نارەزاییەوە ڕێگەی پێدان شەو لە ماڵەکەیدا بمێننەوە، بەڵام هیچ خواردنێکی باشی نەدانێ و قسەیەکی میهرەبانانەی لەگەڵ نەکردن. بەیانی کە خەریک بوون بڕۆن، سەرنجی درزێکیان لە دیوارەکەدا دا. ئیلیا یەک قسەی نەکرد، بەڵام کاتی کەس لەوێ نەمابوو، پەیامبەر پاڕایەوە تا دیوارە درزدار و پڕمەترسیەکە بگەڕێتەوە بۆ هێزێکی پتەو. دیسانەوە ڕابی ی جوشوا سەری سوڕما. بۆچی ئەو دەوڵەمەندە لووتبەرزە، لە ئەرکی تێچووی چاککردنەوەی دیوارەکەی ڕزگاری بکا؟ بیری کردەوە، بەڵام لەبەر ئاگاداری پەیامبەری بەبیرهاتەوە، و بێدەنگ بوو.

دوای ڕۆیشتنی ڕۆژێکی دوورودرێژ و ماندوو، ئەو دووانە گەیشتنە شارێک کە پەرستگای جوانی تێدابوو. دیوارەکان لە مەرمەرِ دروستکرابوون، کورسییەکانیش لە دارە نەخشێنراوەکان. پەرتووکەکان بە دەوڵەمەندی ڕازابوونەوە. ڕابی جوشوا بیری لەوە کردەوە: بە دڵنیاییەوە لێرە پێشوازیمان لێدەکرێ، و بە ڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێ. بەڵام دیسان هەڵە بوو. دوای نوێژی ئێوارە، وا دیار بوو کەس گرنگی بەو بیانیانە نەدەدا، و هیچ کام لە ئەندامە دەوڵەمەندەکان، بانگهێژی جێگا و خواردنیان نەکردن. پەیامبەر و ڕابی یەشوع، دەبوو ئەو شەوە، لەسەر کورسییە دارە بەنرخە ڕەقەکان بەسەر بەرن. کە بەیانی ڕۆیشتن، پەیامبەر هیوای خواست کە هەموویان ببنە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی. ڕابی یەشوع بە توندی هەوڵی دەدا بێدەنگی خۆی ڕابگێ. ئاخر سکی بەتاڵ و ئێسکەکانی ئازاریان دەدا. پاڕانەوەی پەیامبەر بۆ خەڵکی نامیهرەبان، سەری لێ شێواندبوو. بەڵام لێوەکانی خۆی گەستنەوە و پرسیارەکەی لە قووڵایی دڵی خۆیدا ناشت. هاوەڵەکان گەیشتنە شارێکی تر. پەرستگا هێندەی ئەو ئەو پەرستگایە جوان نەبوو، کە ڕۆژێک پێشتر سەردانیان کردبوو،

بەڵام خەڵکەکە بە میهرەبانی و میوانداری قەرەبووی کردەوە. چێژیان لە پشوودان لە باشترین ماڵی شارۆچکەکە وەرگرت، و وەک شازادە ڕێزیان لێدەگیرا. کاتی ڕۆشتن هات، پەیامبەر ڕووی لە خەڵکە چاکەکان کرد و گوتی: خوا بتانبەخشێ، و تەنیا یەکێکتان سەرکردە بێ.

ئەمە دوا تاڵە موو بوو، ڕابی جوشوا توانای کۆنترۆڵکردنی خۆی نەما. ئاگاداریەکەی پەیامبەری لەبیرکرد، هاواری کرد: مامۆستای ڕێزدار! دوور بێت لەوەی من پێت بڵێم چی بکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە تۆ سووکایەتی زیاد بۆ بریندارکردنی خەڵکی دەکەی؛ تۆ پاداشتی چاکە بە خراپە، خراپە بە چاکە دەدەیەوە. تکایە کارە سەیرو سەمەرەکانتم، بۆ ڕوونکەرەوە.

ئێلیا گوتی: ئاگادارم کردیتەوە، مرۆڤ بە بینینی چاوەکانی بڕیار دەدا، بەڵام لە ژیاندا زیاتر هەیە لەوەی چاوی بە چاو بکەوێ، بەپێی ڕێککەوتنەکەمان دەبێ ئێستا بەجێم بهێڵی. بەڵام با لانیکەم ئەوەت بۆت ڕوون کەمەوە، کە تۆ خۆت گەواهیدەر بووی. دوای ئەوە دڵت دەتوانێت بە ئاسوودەبێ. ئەو ژن و مێردە پیرە هەژارەی کە لە یەکەم شەوی گەشتەکەماندا بینیتن، چەند جوان پێشوازییان لێکردین، بە دڵنیاییەوە شایەنی سوپاسگوزاری ئێمە بوون. من بە خەمێکی گەورەمەوە بینیم کە هەر ئەو ڕۆژە قەدەری ئەو ژنە بووە بمرێ. ئێمە دەرفەتێکمان پێدان، بۆ ئەوەی، کردەوەیەکی خێرخوازی بکەن و منیش بۆیان پاڕامەوە کە بژی، و مانگاکەیان ببێتە بەڵاگێڕی، هەرچەندە بەنرخترین موڵک و ماڵی خۆیان لەدەستدا، بەڵام دەتوانن بۆ چەند ساڵێکی تر پێکەوە بمێننەوە، ئەو کەسەی ژیان دەدا، هەروەها دەتوانێ بە پشتگیری ئەو، ژیانی خۆیان دابین بکەن. ڕابی جوشوا هاوارێکی کرد و گوتی: ئێستا دەبینم - .بەڵام ئەی خۆبەزلزانە دەوڵەمەندە، و دیوارە درزاوییەکەی؟

ئێلیا گوتی: گەنجینەیەکی گەورە لە ژێر دیوارەکەدا نێژرابوو. ئەگەر ڕووخابایە، خۆبەزلزانەکە دەیدۆزیتەوە. هەر بۆیە، پاڕامەوە تا دیوارەکە، تا مەوەیەکیتر نەڕوخێ.

ئەی بۆچی لە پەرستگا جوانەکە داوای بڕشتت کرد، کە ماڵەکانیان بۆ ئێمە نەکردەوە؟ ئیلیا لە وەڵامدا گوتی: ئەوە هیچ بڕشتێک نەبوو هاورێکەم. کۆمەڵگەیەک کە هەموو کەسێک سەرکردە بێ، شوێنێکی دڵخۆشکەر نییە بۆ ژیان تێیدا. ئەمە ڕوونکردنەوەی خواستی من بوو، بۆ هاوڵاتیانی میهرەبان و میواندۆستی دواین شوێن کە سەردانیمان کرد. با یەک سەرکردەی ڕێزدار و بەتوانایان هەبێت کە تایبەت بێت پێی. چاکەی هەمووان، ئاشتی و هاوسەنگی و هاوکاری لەو کۆمەڵگە پیرۆز و سەرفراز دەبێ. ڕابی جوشوا بە هاوارەوە گوتی: تۆ چاوەکانم کردۆتەوە مامۆستای بەڕێز. بڕۆ براکانمان فێری ڕێنماییەکانی خودا بکە. با بێهیوا نەبن کاتێک خراپەکاران دەبینن سەرفراز دەبن، یان ڕاستودروستەکان ئازار دەچێژن. چونکە لە کاتێکدا مرۆڤ بە بینینی چاوەکانی دادوەری دەکا، خودا سەیری دڵ دەکات و ئەوسا بڕیار دەدا. جیهان بە دادپەروەری و بەزەییەوە. شالۆم! ئاشتی لەگەڵت بێت.
دوای چرکەیەک ئیلیا نەما.[250]

لێرەدا بە وردی باس لە خاڵە جیاوازەکانی چیرۆکی تالمود و قورئان ناکرێ، بەڵکوو گرنگی بە نیشاندانی لێکچوونەکانی نێوان ئەو دوو چیرۆکە دەدرێ، کە دەیسەلمێنێ، چیرۆکی قورئان، لە چیرۆکی تەلمود وەرگیراوە. و بەپێی گێڕانەوەکان، هەندێکی بە گونجانی ووردەکاری ناو چیرۆکەکە، کە لەگەڵ مەبەستی پەیامی گوڕدراوە.

[250] Jewish practice, Rabbi Joshua ben Levi, In The Company of The Prophet Elijah

بەو پێیەی چیرۆکی تالمود، زۆر کۆنترە لە چیرۆکی قورئان. و سەرەڕای ئەوەش نووسەری قورئان، نەیتوانیووە لە چوارچێوە دەقی تالمود دوورکەوێتەوە.

پرسی تۆمەتبارکردنی نووسەری قورئان بە هێنانەوەی هەندێ لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کۆنتری دین و کولتوورەکانیتر، شتێکی نوێ نییە. و ئەوەش هەر لەسەرتای دیارکەوتنی قورئان، دیبەیتی نێوان خەڵکی هوشیاری هاوسەردەم، لەگەڵ نووسەری قورئان دەستی پێکردووە. ئەوەش لە زۆر ئایەتی قورئان، ئاماژەی پێکراوە:

سورة الأنعام ٦: ٢٥

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَـٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ (٢٥)

هەیانە گوێت لێ دەگرێ. بەڵام ئێمە پەردەیەکمان بەسەر دڵیاندا هەڵکێشاوە، کە تێت نەگەن، گوێچکەمان گرانکردوون تا (نەبیستن). و هەر نیشانەیەک ببینن باوەڕنەکەن. هی واش هەن، کە دێنە لات گەنگەشەت لەگەڵ دەکەن. ئەو کەسانە خودانەناسن، و دەڵێن ئەوە بێجگە لە چیرۆکی پێشینان هیچیتر نییە (٢٥)

سورة الأنفال ٨: ٣١

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُنَا قَالُوا۟ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَـٰذَآ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ (٣١)

ئەگەر ئایەتەکانی ئێمەیان بۆ وەخوێنی، دەڵێن: بیستمان، ئەگەر حەزمان بکردبایە، ئێمەش وەک ئەوەمان دەگوت. لە چەند چیرۆکی پێشینان، بەدەرنییە (٣١)

لەبەر ئەوەی قورئان خۆی دان بەوەدادەنێ، کە هەر لە سەرەتای بانگهێژی محمد بۆ دینەکەی، خەڵکی هوشیار و خوێندەواری ئەو کاتە زانیویانەوە، و ڕەخنەیان لێگرتووە، کە ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی محمد بەناوی پیامی خودا و جوبرائیلی نێردەی بانگهێژیان پێدەکا.

با لەجیاتی ئەوە، سەرنج بدرێتە پشتڕاستکردنەوەی، وەرگرتنی چیرۆکی قورئان لە تالمود، کە حاخامەکانی یەهودی چەندین سەدە پێشتر نووسیویانە. دوای ئەوە بە ڕەخنەی لۆژیکی، لە هەندێک لە وردەکارییەکانی چیرۆکەکەی ناو قورئان، و جیاوازی لەگەڵ چیرۆکە بنەڕەتەکەی تالمود، بەراورد دەکرێ. لەبەر ئەوەی کێشەکە تەنیا پەیوەندی ناوەکانەوە نییە، بەڵکوو شێوەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانە. چ لە ڕووی لۆژیک تا دەگاتە پەیامێکی بەناو خودایی.

کێشەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە قورئان

یەکەم:

سورة الكهف ١٨: ٧١

فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِي ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَاۖ قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا إِمْرًا (٧١)

جا بەڕێکەوتن، تا ئەو کاتەی سواری کەشتییەکە بوون، کونیکرد، گوتی: بۆ ئەوەت کونکرد، تا خەڵکەکە نقوم بن؟ سوێند بێ شتێکی ناپەسندت کرد (٧١)

سورة الكهف ١٨: ٧٩

أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا (٧٩)

سەبارەت بە کەشتییەکە، چەند هەژارێک کە کاریان لە دەریا دەکرد خاوەنی بوون، ویستم لەکەداریکەم، چونکە لەولاوەیان پاشایەک هەبوو هەموو کەشتیەکی زەوت دەکرد (٧٩).

ئەگەر لێکدانەوەیەکی، کۆمەڵایەتی یان دینی بەناوی خودایەک! کێ باوەڕ بەوە دەکا، پاشایەک هەبێ چاوی لە کەشتییەکی سادە و کۆنەی خەڵکی هەژار بێ، تا ئەو ئاستەی خودا ناچاربێ، کەسێک بنێرێ بۆ نقوومکردنی کەشتیەکە، و سەرنیشینەکانی تووشی خنکان و لەدەستدانی ئامرازەکانی بژێوی ژیانیان بکا. ئایا ئەو خودا دڵۆڤان و لێزان و بلیمەتە، نەیدەتوانی کارێکی وابکا، بەشێوەیەکیتر ڕێگری لە پاشا بکا؟ لە جیاتی بردنی کەشتیەکان بۆ ئەوەی زیان بە خەڵکی هەژار نەگا؟ ئەگەر ئەو خودا بە توانا و دەستەڵاتدار، و بلیمەت و زانایە. چۆن بیری لە ڕێگایەکی ئاشتیانەتر نەکردەوە!!!

دووەم:

سورة الكهف ١٨: ٧٤

فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَٰمٗا فَقَتَلَهُۥ قَالَ أَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا زَكِيَّةَۢ بِغَيۡرِ نَفۡسٖ لَّقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـٔٗا نُّكۡرٗا (٧٤)

جا بەڕێکەوتن، کاتی چاویان بە منداڵێک کەوت یەکسەر کوشتی، گوتی: ئایا کەسێکی پاک و بێتاوانت کوشت، سوێندبێ شتێکی ناپەسندتکرد (٧٤)

وَأَمَّا ٱلۡغُلَـٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤۡمِنَيۡنِ فَخَشِينَآ أَن يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَـٰنًا وَكُفۡرًا (٨٠)
بەڵام سەبارەت بە منداڵەکە دایک و باوکی باوەڕدار بوون، بۆیە ترسمان لەوە هەبوو، بە سەربزێوی و کوفر ماندوویان بکات. (٨٠)

هەرچۆنی بیر لە منداڵەکە دەکەیتەوە، ناتوانی هۆکارێکی لۆژیکی بۆ بدۆزیتەوە، کە خودایەکی لێزان و دلۆڤان ئەو کارەبکا. بەهەر شێوەیەک بێ، دەبێ ئەو منداڵە لە تەمەنی پێنج ساڵی دابووبێ، بەو پێیەش، پێش ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێ کوژراوە. ئەوەش تەنیا لە ترسی سەخڵەتکردن و کوفرکردنی ببێتە بار گرانی لەسەر دایک و باوکی. کە تەواوی پێچەوانەی دادپەروەری و بەزەییە، کە بە بڕیارێکی پێشوەختە لەسەر تاوانێک کە هێشتا ئەنجام نەدراوە.

با وای دابنێین، لەلای خودا کوفر تاوانە! ئەگەر خودا پێشوەختە داهاتوویەکی ستەمکارانەی بۆ منداڵێک زانیبێ، یان دانابێ، بۆچی دروستیکرد، و لێگەڕا لەدایک بێ. بۆ ناو جیهانی دایک و باوکێک. کە لە ئایندەدا هەرخۆی بە هۆی کوشتنی، جەرگیان بسووتێنێ. مادام ئەوەندە دەستەڵاتدارە ، دەبا لێنە گەڕابوایە دروست بێ. و ببێتە بارقورسی و سەخڵەتی بۆ ژن و مێردێکی چاکەکار. بە پلەی یەکەم، ئەو خێزانە، بەدبەختە دینداره، نەخاتە بەر ئازاری قورس و خەمی گەورە بە مردنی منداڵەکەیان، بەو شێوە قێزەونە؟

بە تەنیا پشت بەستن، بەو دوو خاڵەی سەرەوە. بۆمان دەردەکەوێ، کە چیرۆکی تالمود زۆر مرۆڤدۆستانەترە لە چیرۆکی قورئان. لەبری کوشتنی منداڵێک، مردنی مانگایەک هەڵدەبژێرێ. کە زیاتر پەندێکە و مەبەستەکەی ڕوونترە، چیرۆکی قورئان زۆر نالۆژیکە. کە

تەنیا گوزارە لە پەروەردگارێکی گوماناوی، کە گوایە لەو گەردوونە، بە دادپەروەری و بەزەیی و لێزانی ڕەها باسدەکرێ.

چیرۆکی ذو القرنین

چیرۆکی ذو القرنین دووەم چیرۆکە لە سورەتی الکهف، و یەک لەو چیرۆکانەیە، کە لە قورئان وەک پەیامێکی ئاسمانی، هەر موسوڵمانێک ئاشنایەتی پێ هەیە، یان بەلای کەمی ناوی بیستووە. بەڵام ذي القرنین کێیە، و بۆ ئەوەندە پیرۆزە کە لە قورئان، پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، بەو گرنگییە باسی بکا. لەو باسەدا هەوڵدەدرێ بۆ ساخکردنەوەی ئەو کەسایەتییە، بەدواداچوونێک بکرێ. بەلای کەمی بتوانرێ، هەندێک زانیاری قووڵتری لێ وەدەستپێنرێ.

ذي القرنین لە قورئان

بەپێی لێکدانەوەی چیرۆکی ذو القرنین لە قورئان، دەبێ پاشایەکی، زۆر کارچاک و ڕەوشت بەرز و پاڵپشتی چەوساوان بووە. گەشتی بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواداکردووە، تا گەیشتۆتە ئەو شوێنەی ڕۆژی دیوە، چۆن لە قوڕاودا نقوم دەبێ (ئاوادەبێ). دواتر لەوێ لەسەر داوای خەڵکی دیوارێکی دروستکردووە، بۆ ڕاگیرکردنی ئاجوج و ماجوج.

سورة الكهف ١٨: ٨٣ - ٩٩

وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِي ٱلْقَرْنَيْنِۖ قُلْ سَأَتْلُواْ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا (٨٣) إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٖ سَبَبًا (٨٤) فَأَتْبَعَ سَبَبًا (٨٥) حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمٗاۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنٗا (٨٦) قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكْرًا (٨٧) وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا (٨٨) ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا (٨٩) حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٖ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا (٩٠) كَذَٰلِكَۖ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا (٩١) ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا (٩٢) حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمٗا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلٗا (٩٣) قَالُواْ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا (٩٤) قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا (٩٥) ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلْحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا (٩٦) فَمَا ٱسْطَٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقْبٗا (٩٧) قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقّٗا (٩٨) وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعْضٖۖ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعْنَٰهُمْ جَمْعًا (٩٩)

وە پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ذی لقەرنەین، بڵێ لەسەری شتێکتان بۆ دەڵێمەوە (٨٣) لە ڕاستیدا ئێمە توانایمان لە زەویدا پێیدا و لە هۆکاری هەموو شتێکمان بۆی دابین کرد. (٨٤) جا ڕێگای مەبەستی گرت. (٨٥) تاوەکو کاتی گەیشتە شوێنی ئاوابوونی ڕۆژ، بینی لە کانیاوێکی ڕەشی گەرم ئاوا دەبێ، وە لە لایەوە خەڵکانێکی بینی، گوتمان ئەی ذالقرنین یان سزا بدە یان چاکەیان لەگەڵدا بکە (٨٦) گوتی بەڵام هەر کەسێک شتەمی کردبێ، ئەوە سزای دەدەین. ئینجا دەگێڕدرێتەوە بۆ لای خوداکەی سزای دەدا سزایەکی سەخت (٨٧) و بەڵام ئەوەی باوەڕی هێنابێ، و کاری چاکەی کردبێ، ئەوە پاداشتێکی نایابی دەبێ. و لە بڕیارەکانی خۆمان شتێکی ساکاری پێ دەڵێین (٨٨) ئینجا ڕێگایەکی تری گرتەبەر (٨٩) تا ئەوکەتەی گەیشتە شوێنی دەرکەوتنی ڕۆژ، بینی کە بەسەر خەڵکێکدا هەڵدێ کە لە ژێر ڕۆژ بەربەستێکمان بۆیان نەهێناوەتە ئاراوە. (٩٠) بەو جۆرە هەرچی ئەوەی لای بوو ئێمە دەمانزانی (٩١) ئینجا ڕێگایەکی دیکەی گرتەبەر (٩٢) تاوەکوو گەیشتە نێوان دوو بەربەست، لە پەنایاندا خەڵکانێکی بینی، بە حاڵ لە قسەی تێدەگەیشتن (٩٣) گوتیان ذو القرنین یاجوج و ماجوج لە خاکەکە خراپەکارن، ئایا باجێکت بۆ دیاری بکەین، کە لە نێوان ئێمە و ئەواندا بەربەستێک دروست بکەی (٩٤) گوتی ئەو توانایییەی لە خوداکەم بە منی داوەچاکترە. جا ئێوە بە هێز یارمەتیم بدەن، بەربەستێکتان بۆ لە نێوان خۆتان و ئەوان دروست دەکەم (٩٥) پارچە ئاسنم بۆ بێنن تاوەکوو کاتی گەیشتە لووتکەی دوو چیاکە، گوتی فوو بکەنتاوەکوو کردی بەئاگر. گوتی مسم بۆ بێنن بەسەریدادەکەم (٩٦) جا نەیانتوانی بەسریدا هەڵگەڕێن. و نەیانتوانی کونی کەن (٩٧) گوتی ئەمە لە دڵۆڤانی خوداکەمە، جا هەر کاتێک بەڵێنی خوداکەم گەیشت، وردوخاشی دەکا، و بەڵێنی خوداکەم هەر ڕاست

دەردەچێ (٩٨) وازمان لێیان هێناوە لەو ڕۆژەوە بەسەر یەکتردا شەپۆل بدەن، و فووکرایە کەڕەناکە. و بەیەکەوە کۆمانکردنەوە (٩٩)

چیرۆکەکانی ناو قورئان دەیسەلمێنن، کە قورئان هەڵەی لە بوارە جیاوازەکانی مێژووپی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی زمانەوانی بە هەراوی تێدان. و وایان دەخاتە ڕوو، کە ڕووداوی ڕاستەقینەن. بەڵام بە ووردبوونەوەیەک دەردەکەوێ، ئەو چیرۆکە چ لە بواری مێژووپی و کەسایەتی یان لە بواری لۆژیک، ناتوانێ جێی باوەڕبێ. دەکرێ ببێتە مایەی بەدواداچوون و سەلماندنی هەڵەکە.

ئەوەی لەو باسەدا جێگەی تێڕامانە چیرۆکی (ذي القرنين)ە لە قورئان. بەپێی ئایەتەکانی قورئان، ناوی کەسایەتییەکی گەورەیە، کە قورئان وەک نموونەی دەستەڵاتداری چاک هێناویەتیەوە.

کەسێک بەناوی (ذا القرنين). گوایا پاشایەکی دادپەروەر بووە. و بەنداوێکی بۆ پێشگرتن لە هۆزە خراپەکارەکانی ئاجوج و ماجوج دروسکردووە.

قورئان بەوە دەست پێدەکا، کە ذي القرنين بە مۆڵەتی خودا، دەستی بە لەشکرکێشی کرد، لە سەر زەوی. ڕووی لە ڕۆژئاواکرد، تا گەیشتە سەرچاوەی ئاوەی قوراو (لێڵ)، و بینی کە ڕۆژ لەوێ ئاوابوو.

تائێستا هیچ کەس بە ووردی نازانێ، ذي القرنين کێ بووە؟ مێژوونووسان لەسەر ئەوە ناکۆکن و لە نێوان چەند پاشایەک، کامیانە. پاشایانی حەمیر لە یەمەن، کۆرشی مەزن، یان ئەسکەندەری مەکەدۆنی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (ذي القرنين) ناو نییە، بەڵکوو

نازناوێکە، ئەو کەسایەتییە وەریگرتووە. لەبەر ئەوەی دوو شاخ لەسەر کڵاوکەی بووین. یەکیان لەلای ڕاست و ئەویتریان لەلای چەپی.

ذو القرنین لە پەیمانی کۆن

لە ناو سێ پەرتووکی پەیمانی کۆن باسی کەسایەتی کۆرشی مەزن (٦٠٠ – ٥٣٠ پ.س.ب) کراوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دانیێل ٢: ٤٤ – ٤٥

> (٤٤) لە سەردەمی ئەم پاشایانەدا خودای ئاسمان پاشایەتییەک دادەمەزرێنێ کە هەرگیز لەناوناچێ، بۆ گەلی دیکە بەجێناهێڵدرێ، هەموو ئەو پاشایەتییانە وردوخاش دەکات و کۆتاییان پێدێنێ، ئەو هەتاهەتایە بە جێگیری دەمێنێتەوە .(٤٥) وەک بەردێک لە چیاوە بڕا، بەڵام بە دەستی مرۆڤ نا، ئاسن و برۆنز و قوڕی سوورکراوە و زێڕ و زیوەکەی وردوخاش کرد.

خودای گەورە ئەوەی بە پاشا نیشاندا کە لە داهاتوودا ڕوودەدات. خەونەکە ڕاستە و لێکدانەوەکەشی جێی متمانەیە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئێزرا ١: ١ – ٢

(١) لە ساڵی یەکەمی کۆرشی پاشای فارس، بۆ بەدیهێنانی پەیامی خودا کە لەسەر زاری یەرمیاوە فەرموویووی، خودا گیانی کۆرشی پاشای فارسی هەژاند. ئینجا بانگەوازێکی بەناو هەموو شانشینەکەیدا ڕاگەیاند، هەروەها بە نووسراویش فەرمانی دا:

(٢) کۆرشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت:

خودا، خودای ئاسمان هەموو شانشینەکانی زەوی داوەتە دەستم، و ڕایسپاردووم پەرستگایەکی لە ئۆرشەلیمی یەهودا بۆ بنیاد بنێم .(٣) کێ لە ئێوە سەر بە گەلەکەی ئەوە، با خودای خۆی لەگەڵ بێ، و بەرەو ئۆرشەلیمی یەهودا بڕوا، پەرستگاکەی خودای پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد بنێتەوە. ئەو ئەو خودایەیە کە لە ئۆرشەلیمە

(٤) هەرکەسێکیش لە هەر شوێنێک کە تێیدا ئاوارەیە و ماوەتەوە، با دانیشتووانی شوێنەکەی بە زێڕ و زیو و کەلوپەل و ئاژەڵی ماڵی یارمەتی بدەن، لەگەڵ ئەو بەخشینە ئازادانەی کە دەیبەخشن بۆ پەرستگای خودا لە ئۆرشەلیم.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئیشایا ٤٥: ١ – ٧

(١) خودا بەم شێوەیە بە کۆرشی دەستنیشانکراوی دەفەرموێ، ئەوەی دەستە ڕاستیم گرت بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئەو، نەتەوەکان بخەمە ژێر ڕکێفم و پاشایان چەک بکەم،

بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا دەروازەکان بکەمەوە و دەرگاکان دانەخرێن:
(٢) من لەپێشتەوە دەڕۆم و تەپەکان تەخت دەکەم، دەروازە برۆنزییەکان
دەشکێنم و شەوبەندە ئاسنینەکان دەبڕمەوە.
(٣) گەنجینەکانی تاریکی و خشڵە شاردراوەکانت دەدەمێ،
تا بزانی کە من خودام، خودای ئیسرائیل، ئەوەی بە ناوی خۆتەوە بانگت
دەکا.
(٤) لەبەر یاقوبی بەندەم و ئیسرائیلی هەڵبژاردەم،
بە ناوی خۆت بانگت دەکەم و نازناوی چاکم بە تۆ بەخشی
هەرچەندە تۆ دان بە مندا نانێی.
(٥) من خودام و یەکێکی دیکە نییە،
بێجگە لە من خودای دیکە نییە.
هەرچەندە دانت بە مندا نەناوە،
بەڵام من کەمەربەندی تۆ توند دەکەم.
(٦) بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا بزانن
کە بێجگە لە من کەس نییە.
من خودام و یەکێکی دیکە نییە.
(٧) شێوەکێشی ڕووناکی و بەدیهێنەری تاریکیم،
دروستکەری ئاشتی و بەدیهێنەری خراپەم،
من خودام دروستکەری هەموو ئەمانە.

لە هەمان دەق پەرەگرافی ١٣ دەڵێ:
(١٣) من کۆرش بە ڕاستودروستی هەڵدەستێنم و
هەموو ڕێگاکانی ڕێک و ڕاست دەکەم.

ئەو شارەکەم بنیاد دەنێتەوە و
ڕاپێچکراوەکانم ئازاد دەکات
بەبێ پارە و بەبێ بەرتیل.
ئەمە فەرمایشتی خودای سەروەرە.

لەو سێ دەقەی سەرەوە، دەبینرێ، کە سێ پەرتووکی پەیمانی کۆن، بەڕێز و پڕ شکۆداری ناوی کۆرش دێنن. ئەوەش شتێکی نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی کۆرش جولەکەی، لە دەستبەسەری و کۆیلایەتی بابل ڕزگارکردن. و ڕەوانەی خاکی باو و باپیرانی خۆیانی کردنەوەو. سەرەڕای ئەوە گشت ئەو تاڵانکاریەی، بابلیەکان لە ئۆرشەلیم، بەتایبەتی زێڕو کەرەستەی گرانبەهای پەرستگای سلێمان کردبوویان، بۆیانی گێڕایەوە. بۆیە وەک سێبەری خودا یان شوانی پەروەردگار سەیریان کردووە. ئەوەش یەک لە نیشانەکانی شڕۆڤەکارانە، بەتایبەتی شیعە، باوەڕیان وایە کە ذي القرنین (بە عیبری: لوقرانائیم (Loqranaim) ، دەبێ کۆرشی مەزنبێ.

پوختەی باسی ذا القرنین

ئەگەر بە دواداچوونێک بۆ ئەو کەسایەتیەی قورئان بکرێ. بە تایبەتی دانانی ذا القرنین بە کەسێکی چاکەکار و خوداناس. ئەو چیرۆکە، کەلەپووری ئەفسانەکانی پێشتری ناوچەکە زۆر زووتر هەبووە، و نووسەری قورئان وەریگرتووە.

هەرچەندە ڕاڤەکار و موسوڵمانان بە گشتی، باوەڕیان وایە چیرۆکی ذي القرنین، یەکێکە لە پەرجووەکانی (إعجاز) قورئان. بەڵام لەبەر دوو هۆ ناتوانێ لە لێڵاوی دەربڕینەکانی نووسەری قورئان زیاتر بێ. یەکەم ئەو چیرۆکە زۆر زووتر لە ناو کەلەپووری گەلانی ناوچەی میسۆپۆتامیا و شام ناسراو بووە. زۆر کۆڕی بێ گەرم کراون. دووەم لە ناو پەیمانی کۆن باسێکی هەمان (ذي القرنین) هەیە. بۆیە نووسەری قورئان، ئەو چیرۆکەی بیستووە، وەک پەیامی خودایی هێناویەتییەوە.

هەرچەندە لە سەرچاوەکانی بنەڕەتی ئیسلام سەبارەت بە ذو القرنین زۆر کەمن ، بەڵام بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە قورئان، وەک پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە وەحی بۆ محمد هاتووە، خودا باسی ذو القرنینی کردووە. بۆیە باوەڕیان وایە کە ذو القرنین نەبیەکی ئیسلام بووە. بەڵام لە ئاستی نەبیە مەزنەکانی وەک ئیبراهیم و موسا و کریست نەبووە.

یەکەمین کەس، لەناو ئەدەبی ئیسلامی دوای قورئان، ناوی ذو القرنینی هێنابێ ئیبن ئیسحاق بووە. کە بەشێکی باشی لە ناو سیرەکەی گرتۆتەوە. ئیبن ئیسحاق دوو بۆچوونی دژ بەیەکی هەیە.

یەکەمیان دەبێ محمد، بۆ وەڵامی چەند پرسیارێک لەلایەن ئەحبارەکانی جولەکە، کە لە مەدینە دەژیان ئەو وەحیەی بۆهات. بەڵام دوایی هەر خۆی ، لەو بۆچوونەی بە گومانە. لەبەر ئەوەی ئەو ئایەتە لە کۆتایی قۆناخی مەککە هاتووە. ئەگەر لە مەدینە ئەو دەمەقاڵیەی لەگەڵ ئەحبارەکان بووبێ، کەواتە ئایەتەکان زۆر پێشتر هاتوون.

دووەم کە زیاتر ڕێگای تێدەچێ دوودڵیەکی گەورە، لەناو هۆزی قورەیش دا هەبووبێ، بەرامبەر محمد، کە یەک لە هۆزی خۆیان داوای پەیامبەریەتی بکا. بۆیە لەسەر ئەو چیرۆکە

ڕاوێژیان لەگەڵ ئەحبارەکانی جولەکە کرد. بۆ ئەوەش دوو کەسیان ناردنە لای ئەحبارەکانی جولەکە لە مەدینە، بەو پێیەی ئەوان زانیاری دینیان سەبارەت بە پەرتووکی پیرۆز و نەبیەکانی خودا هەیە. بۆیە ئەحبارەکان ئامۆژگاری نێردەی قورەیشیان کردبوو، کە چەند پرسیاری دیاریکراو لە محمد بکەن.

ئەحبارەکان گوتبوویان: سێ پرسیاری لێ بکەن، ئەگەر وای وەڵام دانەوە ئەوە نەبیە، ئەگەر ئەوانە وەڵامی نەبوون ئەوەی دەیڵێ درۆیە. لێی گەڕێن و بە ڕێگای خۆتان دابڕۆن.

یەکەم: دەربارەی یاوەرانی ئەشکەوت پرسیاری لێبکەن.
دووەم: دەربارەی پیاوێک پرسیاری لێ بکەن، کە بەدەوری زەویدا گەڕاوەو و گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی و پێشبینی چیە؟
سێیەم: هەروەها پرسیاری لێبکەن گیان (روح) چییە؟ ئەگەر وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی بە دروستی داوە، ئەوا پەیامبەرە و شوێنی بکەون، ئەگەر نەیتوانی، ئەوا پیاوێکە تەنیا قسە دەکا. بۆیە وازی لێ بێنن، خۆتان چی بە گونجاو دەزانن ئەوە بکەن. [251]
ئەو چیرۆکە خەڵکی زۆر ئاشنایەتیان پێی هەیە، و لە سیرەش دا هەیە. کاتی محمد بە پرسیارەکانی زانی، کە لەلای ئەحبارەکان هاتبوون، ڕایگەیاند بەیانی زوو وەڵامەکانی دەست دەکەوێ. بەڵام محمد نەک بەیانی، بەڵکوو دوای پانزە ڕۆژ، هێشتا وەڵامی هەرنەبوو. خەڵکی مەککە گومانیان لەسەر محمد لا پەیدابوو. دوای ماوەیەکی باش، ئەوسا وەڵامی پرسیارەکانی هێنایەوە. بەڵام هەرسێ وەڵامەکان دەیسەلمێنن کە پەیامبەری ئیسلام هیچی لەبارەی ئەو سێ پرسیارە نەزانیوە.

---

[251] سيرة النبوية لابن هشام

ئاجوج و ماجوج

ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە، لە قورئان پەیوەندی ڕاستەوخۆی، بە چیرۆکی ذو القرنین هەیە. کە دەبێ ذي القرنین لە پشت بەنداوێک زیندانی کردبن. ئەو چیرۆکەش لە هەمان سوورەتی الکهف دایە. لە پەیمانی کۆن باسی هەردوو چیرۆک دەکا، بەڵام لە پەرتووکی جیادا.

(يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ) لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی ئەفسانەیی جولەکەیە، لە پەرتووکی حێزقیێل لە دوو بەشدا هاتووە، دوای ئەوە لە پەیمانی نوێ پەرتووکی ئاشکرابوون هاتووە. و قورئانیش هەمان ئەفسانەی لە سورەتی الکهف هێناوەتەوە. ئەو چیرۆکە سەبارەت بە گەلێکی درۆندەیە، کە شێوە و ئاکاری نامۆیان هەیە. و تا ئەو دەمە لە ژێر بەنداوێک لە پشت

چیایەک بەندکراون. و لە کۆتایی جیهان بەدیار دەکەون. بەدیارکەوتنی گەلانی یاجوج و ماجوج:

بە پێی پەرتووکی ئەفراندن، دەبێ ماگۆگ یەک لە منداڵەکانی یافەتی کوڕی نوح بێ. نەتەوکەیان ناوی یاگوج بووە، و لە خاکی ماگوج دەژیێن.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١٠: ١ - ٢

(١) ئەمانەش نەوەکانی نوحن، سام و حام و یافەت کە دوای لافاوەکە ئەوانیش کوڕیان بوو.

یافەتییەکان

(٢) کوڕەکانی یافەت:

گۆمەر، ماگۆگ، مادەی، یاڤان، توبال، مەشەک و تیراس.

بەپێی ئەفسانەکە بەرزی باڵایان لە نێوان کورتەباڵا تا زەبەلاح، و دەموچاویان شێواوبووە. ژمارەیان بە ملیۆنان کەسە، بەردەوام خواردن هەڵدەقۆڕێنن، درندەییان سنوور نازانێ. و گەلانی نزیکیان دەچەوسێننەوە. ئەسکەندەری مەکدۆنی گەلانی ئاسیای ناوەڕاستیان لەدەست ڕزگار دەکا: لە گێڕانەوەکانی ئەسکەندەری مەزنیشدا باسیان لێ کراوە کە ناوی لێناوە (گۆگ و ماگۆگ). کاتێک ئەسکەندەری گەورە لێیان نزیک بووەوە، ئەو گەلانەی لەدەست ستەمیان بە ئازاربوون، سکاڵایان لەلاکرد (لەلای ئەسکەندەر) و داوایان لێکرد کە لە دەستیان ڕزگاریان بکا. ئەسکەندەر لە نێوان دوو شاخدا بەنداوێکی ئاسنی دروستکرد. و گەرمی کرد و بە چەقۆ و مس ڕوپۆشی کرد و هێنایان بۆ ئەوێ و لە ژێر داروپەردوودا زیندانی کردن.

کۆتایی بە خراپەکاریان هێنا، بەرامبەر بەو گەلانە. زیاتر لە جارێک هەوڵیان دا لە زیندانەکە هەڵبێن، بەڵام نەیانتوانی. یەکێک لە خەلیفەکانی عەباسی، هەواڵی ئەو ڕووداوەی، بەرگوێ کەوت. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک چەکداری نارد بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام تەنها سەرۆکی گروپەکە بە بەڵگەوە گەڕایەوە کە بوونیان پشتڕاستکردەوە.

ئەفسانە ئیسکاتۆلۆژییە ئیسلامییەکان، وای لێکدەدەنەوە، کە ئەو گەلە، پێش ڕۆژی پەسڵان، بە دەرکەوتنی دەجال ئازاد دەکرێن، و بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆن. و هەموو ئەو گەلانە دەکوژن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. و وڵاتان لەناو دەبەن تا دەگەنە دەریای جەلیل لە فەلەستین. هەندێکیان ئاوی دەریاچەکە دەخۆنەوە، هەندێکی تریش بە تینووی دەمێننەوە. خەڵک خۆیان لە ماڵ دەشارنەوە. و تا کاتی کریستی ڕاستەقینە (یەسوی کوڕی مەریەم) دەردەکەوێ، و دەبێتە سەرەتا بۆ کۆتاییان. ئەوان تووشی کرمێک دەبن کە پێی دەوترێت (النغف) کە لە لووتیانەوە دەردەچێت و ملیان تووش دەکات و هەموویان بەهۆی ئەوەوە بە مردووپی دەکەونە خوارەوە. باڵندەی زەبەلاح دەردەکەون و دەیانبەن و تەرمەکانیان فڕێ دەدەنە دەریا. بارانی بە تەوژم دەبارێ، بۆ ئەوەی جیهان خۆی لە پاشماوەی خراپ و بۆگەنیان پاک بکاتەوە، دواتر جیهان پاک دەبێتەوە.

یاجوج و ماجوج بەپێی مێژوو

١ گەلێک لە پشت بەنداو یا ژێرخاک نێژرابێ. لە بواری شوێنەوارناسیەوە، بەڵگەیەکی لە جۆرە نییە.

٢. هەرچەندە دیمەنێکی خراپە لەسەر گەلانی ئاسیای بچووک و چین، بەڵام لەلای موسوڵمانان هیچیان بە ڕوونی لەبارەوە، نەزانراوە.

٣ڕەنگە ئەو وێناکردنە لەبەر ئەوە بووبێ کە نەتەوەیەکی ئیبراهیمی نەبووین

٤ئەو ئەفسانەیە، ئەرکێکی دینی هەبووە، بۆ پارێزگاری لە باوەڕ. و چاوەڕوانی کۆتایی جیهان.

لە قورئان

سورة الكهف ١٨: ٩٣ – ٩٦

ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا (٨٩) حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطۡلِعَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَطۡلُعُ عَلَىٰ قَوۡمٖ لَّمۡ نَجۡعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتۡرٗا (٩٠) كَذَٰلِكَۖ وَقَدۡ أَحَطۡنَا بِمَا لَدَيۡهِ خُبۡرٗا (٩١) ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا (٩٢) حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمٗا لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلٗا (٩٣) قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ سَدّٗا (٩٤) قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا (٩٥) ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلۡحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا (٩٦) فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا (٩٧) قَالَ هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا (٩٨) وَتَرَكۡنَا بَعۡضَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعۡضٖۖ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا (٩٩)

ئینجا ڕێگایەکی تری گرتەبەر (٨٩) تا ئەوکاتەی گەیشتە شوێنی دەرکەوتنی خۆر، بینی کە بەسەر خەڵکێکدا هەڵدێ، کە لەژێر خۆر بەربەستێکمان بۆیان نەهێناوەتە ئاراوە (٩٠) بەو جۆرە هەرچیەک ئەوەی ئەو لای بوو بۆ

ئێمە، دەمانزانی (٩١) ئینجا ڕێگایەکی تری دیکەی گرتەبەر (٩٢) تاوەکو کاتی گەیشتە نێوان دوو بەربەست، لە پەنایاندا خەڵکانێکی بینی، بە حاڵ لە قسە تێدەگەیشتن (٩٣) گوتیان ئەی ذالقرنین یاجوج و ماجوج لە خاکەکە خراپەکارن، ئایا باجێکت بۆ دیاری بکەین کە لە نێوان ئێمە و ئەواندا بەربەستێك دروست بکەیت؟ (٩٤) گوتی ئەو توانایيەی خوداکەم بە منی داوە چاکترە، جا ئێوە بە هێز یارمەتیم بدەن، بەربەستێکتان بۆ لە نێوان خۆتان و نێوان ئەوان بۆ دروست دەکەم. (٩٥) پارچە ئاسنم بۆ بێنن، تاوەکو کاتی گەیشتە لوتکەی دوو چیاکە، گوتی فووبکەن تاوەکو کردی بە ئاگر، گوتی مسم بۆ بێنن، بە سەریدا دەکەم (٩٦) جا نەیانتوانی بەسەریدا هەڵگەڕێن، و نەیانتوانی کونی بکەن (٩٧). گوتی ئەوە بەزەیی خوداکەمە، جا هەر کاتێ بەڵێنی خوداکەم گەیشت، وورد و خاشی دەکا. و بەڵێنی خوداکەم ڕاست دەردەچێ (٩٨) قازمان لێ هێناون، لەو ڕۆژەوە بەسەر یەکدا شەپۆل بدەن، و فووکرایە کەڕەنا، و بەیەکەوە کۆمانکردنەوە. (٩٩)

سورة الأنبياء ١٨: ٩٥ – ٩٨

وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ (٩٥) حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ (٩٦) وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ (٩٧)

و حەرامە لە گوندێك کە کاولمان کردووە، چونکە ئەوان ناگەڕێنەوە. (٩٥) تاوەکو کاتێ لە یاجوج و ماجوج کرایەوە، ئەوان لە هەموو کونج کەلەبرێکەوە شاڵاودێنن (٩٦) و بەڵێنی ڕاستی نزیك بۆتەوە، جا کاتێك ڕوودەدا، ئەوانەی

کافرن چاوەکانیان ئەبلەق دەبێ، (دەڵێن) خۆمان ڕۆ، ئێمە بێ ئاگابووین لەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا ستەمکار بووین. (٩٧) لە ڕاستیدا ئێوە و ئەوانەی جگە لە خودا دەیانپەرستن سووتەمەنی دۆزەخن، و ئێوە دەچنە ناویەوە. (٩٨)

لە پەیمانی کۆن

پەیمانی کۆن – پەرتووکی حەزقیێل ٣٨: ١ – ٢٣

فەرمایشتێک سەبارەت بە گۆگ

(١) فەرمایشتی خودام بۆ هات، پێی فەرمووم :(٢) ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووی خۆت لە گۆگ بکە لە خاکی ماگۆگ، ئەو کە سەرۆکی میرانی مەشەک و توبالە، پێشبینی لەسەر بکە و (٣) بڵێ: خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: ئەی گۆگی سەرۆکی میرانی مەشەک و توبال، من لە دژی تۆم .(٤) ڕووت وەردەگێڕم و ئەڵقە دەکەمە شەویلگەت و خۆت و هەموو سوپاکەت دەردەکەم، بە ئەسپ و ئەسپ سوارەوە، هەموویان چەکدارن، ئاپۆرەیەکی مەزن بە قەڵغانی گەورە و بچووکەوە، هەموو شمشێر بەدەستن .(٥) فارس و کوش و پووت، هەریەکە بە قەڵغان و کڵاوی ئاسنینەوە لەگەڵیان دەبن .(٦) هەروەها گۆمەر و هەموو لەشکرەکانی، بێت‌تۆگەرماش لەوپەڕی باکوور بە هەموو لەشکرەکەیەوە، گەلانێکی زۆر لەگەڵ تۆدا دەبن.

(٧) لە سەرپێ بە و خۆت ئامادە بکە، تۆ و هەموو ئاپۆرەی سوپاکەت کە لێت کۆبوونەتەوە، ببە سوپاسالاریان .(٨) لەدوای ڕۆژانێکی زۆر بۆ جەنگ بانگ دەکرێی، لە ساڵانی داهاتوودا هێرش دەبەیتە سەر ئەو خاکەی کە

لەدوای جەنگ ئاوەدان بووەتەوە، خاکێک کە گەلەکەی لە چەند نەتەوەیەکی زۆر کۆکرانەوە، بۆ ئەوەی هەموو بە ئارامی لە چیاکانی ئیسرائیلدا نیشتەجێ بن، کە ماوەیەکی دوورودرێژ وێرانە بوون .(٩) تۆش خۆت و لەشکرەکانت و گەلانێکی زۆر کە لەگەڵ تۆن سەردەکەون، وەک گەردەلوول بەرەو پێش دەچیت، دێیت و وەک هەورێک زەوی دادەپۆشیت.

(١٠) خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: لەو ڕۆژەدا شتی خراپ بەبیرتدا دێ و پیلان دەگێڕی .(١١) دەڵێی: دەچمە سەر خاکێک کە گوندەکانی بێ شووران؛ هێرش بۆ سەر خەڵکێکی ئاشتیخواز و ئاسوودە دەبەم، هەموو بەبێ شوورا نیشتەجێن، نە دەروازە و نە شمشیرەیان هەیە[252] .(١٢) تاڵانی و ڕاووڕووت دەکەم، دەستدرێژی دەکەمە سەر شارە کاولە ئاوەدانکراوەکان و ئەو گەلەی کە لەنێو نەتەوەکانەوە کۆکراونەتەوە، کە لە چەقی خاکەکەدا نیشتەجێن، کە خاوەن ئاژەڵ و سەروەت و سامانن. (١٣) شەبا و دیدان و بازرگانەکانی تەرشیش و هەموو بەچکە شێرەکانی پێت دەڵێن: ئایا بۆ ڕاووڕووت و تاڵانی هاتوویت؟ ئایا ئاپۆرەی سوپاکەتت کۆکردەوە بۆ بردنی زێڕ و زیو، بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئاژەڵ و کەلوپەلدا بگریت، بۆ ڕاووڕووتێکی گەورە؟

(١٤) ئەی کوڕی مرۆڤ، لەبەر ئەوە پێشبینی بکە و بە گۆگ بڵێ: یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: لەو ڕۆژەدا، کاتێک ئیسرائیلی گەلم بە ئاسوودەیی نیشتەجێن، ئایا ئاگات لێ نییە؟ (١٥) لە شوێنی خۆتەوە لەوپەڕی باکوورەوە دێی، گەلانێکی زۆرت لەگەڵە، هەموو ئەسپ سوارن،

[252] ٣٨: ١١ شمشیرە، پارچە دارێک بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

ئاپۆرەیەکی خەڵک و لەشکرێکی زۆر .(١٦) وەک هەورێک زەوی دادەپۆشێ، سەردەکەویتە سەر ئیسرائیلی گەلم. ئەی گۆگ، لە ڕۆژانی داهاتوودا، دەتهێنمە سەر خاکەکەم هەتا نەتەوەکان بمناسن، کاتێک لەبەرچاویان لە ڕێگەی تۆوە پیرۆزی خۆم دەردەخەم!

(١٧) خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: ئایا تۆ ئەوەی کە لە ڕۆژگاری کۆندا لەسەر زمانی بەندەکانم، پەیامبەرانی ئیسرائیلەوە باسم کردی؟ ئەوانەی لەو ڕۆژگارانەدا بۆ ساڵانێک پێشبینییان کرد، کە من تۆ دەهێنمە سەریان .(١٨) لەو ڕۆژەدا، لە ڕۆژی هاتنی گۆگ بۆ سەر خاکی ئیسرائیل، تووڕەییم دێتە جۆش. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە .(١٩) لە ئیرەیی خۆم و لە ئاگری تووڕەییمدا، قسەم کرد کە لەو ڕۆژەدا بوومەلەرزەیێکی گەورە لە خاکی ئیسرائیلدا دەبێت.(٢٠) جا ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و گیانلەبەرانی دەشتودەر و خشۆکەکان کە لەسەر زەوی دەخشێن و هەموو ئەو خەڵکەی لەسەر ڕووی زەوین لەبەردەمی من دەلەرزن. چیاکان سەرەوژێر دەکرێن، هەڵدێرەکان دەڕووخێن، هەموو شووراکان دەکەونە سەر زەوی .(٢١) لە هەموو چیاکانم بانگی شمشێر دەکەم بۆ سەر گۆگ، جا شمشێری هەریەکەیان لە دژی براکەی دەبێ. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە .(٢٢) بە دەرد و خوێن سزای دەدەم، بارانی بە لێشاو و تەرزەی بەردین و ئاگر و گۆگرد دەبارێنم، بەسەر خۆی و لەشکرەکەی و ئەو گەلە زۆرەی کە لەگەڵیدان .(٢٣) بەو شێوەیە گەورەیی و پیرۆزیم دەردەخەم، لەلای زۆربەی نەتەوەکان خۆم دەناسێنم، ئەو کاتە دەزانن کە من خودام.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی حێزقیێل ٣٩: ١ - ٢٩

(١) ئێستاش ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی لەسەر گۆگ بکە و بڵێ: خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: ئەی گۆگی سەرۆکی میرانی مەشەک و توبال، من لە دژی تۆم .(٢) ئاراستەت وەردەگێڕم و دەتبەم. لەوپەڕی باکوورەوە سەرت دەخەم و دەتهێنمە چیاکانی ئیسرائیل .(٣) ئینجا لە کەوانەکەت دەدەم کە لە دەستی چەپتە، تیرەکانت لە دەستی ڕاستت بەردەدەمەوە .(٤) خۆت و هەموو سوپاکەت و ئەو گەلانەی لەگەڵتدان لەسەر چیاکانی ئیسرائیل دەکوژرێن، دەتکەمە خۆراکی هەموو جۆرە باڵندەیەکی گۆشتخۆر و گیانلەبەرانی دەشتودەر .(٥) لەسەر ڕووی دەشتودەر دەکەوی، چونکە من قسەم کرد. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە .(٦) ئاگر دەنێرمە سەر ماگۆگ و سەر ئەوانەی بە ئاسوودەیی لە کەنارەکان نیشتەجێن، ئیتر ئەوان دەزانن کە من خودام.

(٧) ناوی پیرۆزیشم لەناو ئیسرائیلی گەلم دەناسێنم، چیتر ناهێڵم ناوی پیرۆزم بزرێنرێ، جا نەتەوەکان دەزانن کە من خودام، خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیلم .(٨) دێ و بەڕێوەیە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە باسم کرد. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە.

(٩) دانیشتووانی شارۆچکەکانی ئیسرائیل دەردەچن، چەک دەسووتێنن و ئاگریان تێبەر دەدەن: قەڵغانی گەورە و بچووک، کەوان و تیر، کوتەک و ڕم. حەوت ساڵ بۆ سووتەمەنی بەکاریانده‌هێنن .(١٠) نە چیلکەیەک لە دەشتودەر کۆدەکەنەوە و نە لە دارستانەکان دار دەبڕن، چونکە چەک بۆ سووتەمەنی بەکاردەهێنن. ئەوانە تاڵان دەکەن کە تاڵانیان کردن و دەستکەوتی ئەوانە دەبەن کە دەستکەوتیان بردن. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە.

(١١) لەو ڕۆژەدا شوێنێک دەکەمە گۆڕ بۆ گۆگ لە ئیسرائیل، لە دۆڵی عەڤاریم، لە ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو. دەبێتە ڕێگرێک لەسەر ڕێگای ڕێبواران، گۆگ و هەموو ئاپۆرەی سوپاکەی لەوێ دەنێژن. لەبەر ئەوە ناوی لێ دەنێن دۆڵی ئاپۆرەی گۆگ.

(١٢) بنەماڵەی ئیسرائیل حەوت مانگ لە گۆڕیان دەنێن، هەتا خاکەکە پاک بکەنەوە .(١٣) هەموو گەلی خاکەکە خەریکی لەگۆڕنان دەبن، ئەو ڕۆژەش کە من شکۆدار دەکرێم لەبیریان ناچێتەوە. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە.

(١٤) هەندێک پیاو هەڵدەبژێرن کە بە بەردەوامی بە خاکەکەدا تێبپەڕن، بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی کە مردووەکان دەنێژن، هەتا ئەوانەی کە لەسەر ڕووی زەوییەکە کوژراون و ماونەتەوە لە گۆڕیان بنێن، بۆ پاککردنەوەی خاکەکە. دوای تەواوبوونی حەوت مانگەکە دەست بە پشکنین دەکەن .(١٥) کاتێک بە خاکەکەدا تێدەپەڕن، ئەگەر یەکێک ئێسکێکی مرۆڤی بینی نیشانەیەکی لەتەنیشت دادەنێت، هەتا گۆڕهەڵکەنەکان لە دۆڵی ئاپۆرەی گۆگ لە گۆڕی بنێن، (١٦) نزیکی شارۆچکەیەک لەوێیە کە ناوی هەمۆنایە.[253] بەم شێوە خاکەکە پاک دەکەنەوە.

(١٧) ئەی کوڕی مرۆڤ، خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: تۆ بە هەموو باڵدارێک و هەموو گیانلەبەرێکی دەشتودەر بڵێ: کۆببنەوە و وەرن، لە هەموو لایەکەوە لە قوربانییەکەم خڕبنەوە، ئەوەی من لەسەر چیاکانی ئیسرائیل بۆ ئێوەم سەربڕیوە، قوربانییەکی گەورەیە، هەتا گۆشت بخۆن و خوێن بخۆنەوە .(١٨) گۆشتی پاڵەوانەکان دەخۆن و خوێنی میرانی زەوی دەخۆنەوە، بەران و بەرخ و نێری و گا، هەموو لە دابەستەکانی

[253] ٣٩: ١٦ هەمۆنا: ئاپۆرەی سوپا

باشانن .(١٩) پیو[254] دەخۆن هەتا تێر دەبن و خوێن دەخۆنەوە هەتا سەرخۆش دەبن لەو قوربانییەی بۆ ئێوەم سەربڕیوە .(٢٠) جا ئێوە لەسەر خوانەکەم لە گۆشتی ئەسپ و سوار و پاڵەوانەکان و هەموو جۆرێکی جەنگاوەران تێر دەبن. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە.

(٢١) شکۆمەندی خۆم لەناو نەتەوەکان پیشان دەدەم، هەموو نەتەوەکان بڕیارەکەم دەبینن کە جێبەجێم کرد. وکە دەستم خستە سەریان. (٢٢) جا لەو ڕۆژە بەدواوە بنەماڵەی ئیسرائیل دەزانن کە من خودام و خودای ئەوانم .(٢٣) هەموو نەتەوەکانیش دەزانن کە بنەماڵەی ئیسرائیل لەبەر تاوانی خۆیان بە دیل گیران و ڕاپێچ کران، چونکە ناپاکییان لەگەڵ کردم. منیش ڕووی خۆمم لێیان وەرگێڕا، و ئەوانم دایە دەست دوژمنەکانیانەوە، هەموو بە شمشێر کوژران .(٢٤) بەگوێرەی گڵاوی و یاخیبوونەکانی خۆیان لەگەڵیان جوڵامەوە و ڕووی خۆمم لێیان وەرگێڕا.

(٢٥) لەبەر ئەوە خودای باڵادەست ئەمە دەفەرموێ: ئێستا ڕاپێچکراوەکانی یاقوب دەگەڕێنمەوە، بەزەییم بە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلدا دێتەوە، بۆ ناوی پیرۆزی خۆم دڵگەرم دەبم .(٢٦) جا ڕیسوایی خۆیان هەڵدەگرن لەگەڵ هەموو ناپاکییەکەیان کە لەگەڵ من ناپاکییان پێکرد، کاتێک بە ئاسوودەیی و بەبێ ترس لە خاکەکەی خۆیان نیشتەجێ بوون .(٢٧) ئەو کاتەی لەناو گەلان لە خاکی دوژمنەکانیانەوە کۆیان دەکەمەوە و دەیانهێنمەوە، لەبەرچاوی نەتەوەکان پیرۆزی خۆم لەنێویاندا دەردەخەم .(٢٨) ئەوسا دەزانن کە من خودای پەروەردگاریانم، چونکە هەرچەندە بۆ ناو نەتەوەکان ڕاپێچم کردن، بەڵام پاشان کۆیان دەکەمەوە. و دەیانێرمەوە خاکەکەی خۆیان. چیتر کەسیان لەوێ

[254] ٣٩: ١٩ پێو : واتە بەز

بەجێناهێڵم .(٢٩) چیتر ڕووی خۆمیان لێ وەرناگێڕم، چونکە گیانی خۆم بەسەر بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەڕێژم. ئەوە فەرمایشتی خودای باڵادەستە.

پەیمانی نوێ

پەیمانی نوێ - ئاشکرابوون ٢٠: ٧ – ١٠

کەوتنی شەیتان

(٧)کاتێک هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت شەیتان لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ و (٨) دەردەچێ تاکو نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی چەواشە بکات، گۆگ و ماگۆگ، تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکاتەوە، ئەوانەی ژمارەیان وەک لمی دەریایە .(٩) بەسەر پانتایی زەویدا بڵاو بوونەوە و ئۆردوگای گەلی خودا، واتە شارە خۆشەویستەکەی خودایان گەمارۆ دا، بەڵام ئاگر لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و هەڵیلووشین .(١٠) ئەو ئیبلیسەی چەواشەی دەکردن فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە درندەکە و پەیامبەرە درۆزنەکەی لێیە. هەتاهەتایە شەو و ڕۆژ ئازار دەدرێن.

سینیسیزم ناخی دینه ئیبراهیمیەکانە

کولتوور و نەرێتە کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکانی کۆن، بەتایبەتی یۆنانی کاریگەری بەهێزیان، بە شێوەی باش یان خراپ، لەسەر ڕەوتە دینیە ئیبراهیمیەکان داناوە. و ئەو کاریگەریەش تەنیا لە بیرکردنەوەی تاک نەوەستاوە. بەڵکوو توانیویە بخزێتە ناو کەلەپووری دین، و پەرتووکە پیرۆزەکانیان. کە تا هەتایە ببێتە بەشێک لە پەیام و ئاکاری کەسایەتی و جیهانبینی دیندار.

یەک لەو ڕەوتە فەلسەفیانەی کە تا ئێستاش کاریگەری، وەک تارمایی بەسەر هەر سێ دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕبۆتەوە، فەلسەفەی سینیسیزمە. کە ڕەگی بە قووڵایی، هەرسێ دینەکان دا ڕۆ چووە.

زۆر جار مرۆڤ بیر لە کەسایەتی دیندار دەکاتەوە. ڕەفتارەکانی زۆربەی کات دوو فاقەیین. لەلایەک خۆ زەلیلکردن و کەوتنە سەرچۆک، تا ئەو ئاستەی، لە خۆ بەکەمزانین، خۆی وەک سەگ دەخاتە بەر قاپی خاوەن ماڵ. لەلایەکیتر هەڕەشەکردن، و توند و تیژ و بێ شەرمی لە ڕادە بەدەر بەرامبەر هاودین، و باوەڕدارانی دینەکانی تر یان ئەتێیست. لە هەر سووکایەتیەک سڵ ناکاتەوە، تا دەگاتە ئاستی کوشتن.

ئەو ڕەفتارە دووفاقەییە، پاشخانێکی مێژووپی فەلسەفی دووری هەیە. بۆ دۆزینەوەی کلیلی ئەو نهێنیە. و ناسینی ئاکارە دەروونیەکانی، تاکی هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان. پێویست بە ئاشنا بوون بەو ڕێبازە فەلسەفیە دەکا. باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بتوانین، بە چاکی لەگەڵ پاشخانی بیرکردنەوەی دینداره ئیبڕاهیمیەکان ئاشنابین. ئەو دیاردەیە دەکرێ، لە ڕێگای بە سۆراخ داچوون، ساخبکرێتەوە.

دین بەگشتی وەک هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی بریتییە لە تیوریە پیرۆزەکانی، و کردەوەی ڕۆژانە هەر لە پەرستن و سرووتەکانی، تا دەگاتە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی تاک. هەرچەندە دەبێ هەردوو دیوی کەسایەتی هەر تاکێکی کۆمەڵگە، لەگەڵ بیرو باوەڕی، ڕەنگدانەوەی یەکتری بن. کەچی ئەو گریمانەیە لای دیندار پێچەوانەیە. بە شێوەیەکی گشتی، دوو دیوی تیوریەکانی باوەڕ و ئاکار و کردەوەکانی ڕۆژانەی، ڕەنگدانەوەی یەکتری نین. بۆیە دەبێ بزانین سەرچاوەی خۆ زەلیلکردن و توندو تیژیی، لە کوێ سەرچاوەیان گرتووە. چۆن خزاونەتە ناو هەناوی تاکی دیندار، و ڕەگیان داکوتاوە.

سینیسیزم Cynicism بە یۆنانی (κύων) واتە سەگ ئاسا یان وەک سەگ (بە زمانی عەرەبی: الکلبیة): واتە کەسێک بە شێوەی سەگ بژی. و بە سرووشتی و ئازادانە بیریکاتەوە. و خۆی لەو هەڵومەرجەدا بە ڕاستترین کەس بزانێ. ئەوەش قوتابخانەیەکی بیرکردنەوەی فەلسەفەی ڕەشبینی یۆنانی کۆنە.

باوەڕیان وایە بەختەوەری مرۆڤ لە ژیانێکی سادە، و دوور لە سامان و ژیانێکی زێدەڕۆیی دایە. کە تێیدا، ئارەزووەکانی بۆ ژیانێکی خۆش و ناوبانگ و دەستەڵات ڕەتدەکاتەوە. تەنانەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەرێت و ژیانی کولتووری و زێدەڕۆیی پێشێل دەکا. ئەوەش تا دەگاتە ئاستی بە ئاشکرا، و بێ شەرمانە. بە شێوەی گاڵتەجاڕی لەبەردەم خەڵکی، تا دەگاتە بە تانە و تەشەر سووکایەتی بە خەڵکی ترکردن. یان هەڵشاخان بە ڕووی خەڵکیتر ،کە وەک ئەوان نین. بەگشتی بە دیالۆگ یان بە قسەی کەم بەها بەرەو ڕووی خەڵکی شار دەبوونەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی جلوبەرگ یا لە خانووی بەرز دەژیان.

ئەوەش لە بنەڕەتدا لەو باوەڕەوە هاتووە، کە هیچ خۆشیەک لە ژیانی ئەو جیهانەدا نییە. مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە. و دەتوانێ بە ڕاهێنان، ژیانێک دروستبکا، کە بۆ خۆی تێیدا بەختەور و تێکەڵی سرووشت بێ.

یەکەم فەیلەسوف کە ئەم باوەڕەی وەک تەوەری ژیان، خستەڕوو، ئەنتیستێنس [255] (٤٤٥– ٣٦٥ پ.س.ب) بوو .کە لە کۆتایی ساڵانی ٤٠٠ پ.س.ب، ئەو ڕێبازە فەلسەفیەی وەک ڕێبازێکی نوێ، بۆ شێوەی ژیان و بیرکردنەوە داهێنا. ئەنتیستێنس خۆی یەک لە قوتابیانی سوکرات بوو. زۆر لە ژێرکاریگەری سەڕاستی و سادەیی سوکرات دابووە. بەڵام

[255] Antisthenes

لەسەردەمی ئەنتیستێنس ئەو ڕێبازە ئەوەندە پەرەی نەسەند. و تەنیا لە سنووری تەسکی فەلسەفی مابووەوە.

دوای ئەنتیستێنس، دیۆگێنێسی سینۆپی کە ناوی ڕاستی خۆی، دیۆگنێس لێیێرتوس [256] (دەوروبەری ٤١٢ -٣٢٣ پ.س.ب) هات. ئەو کەسایەتیە کە لەناو بەرمیلێکی سیرامیک لە شەقامێکی سەرەکی ناو شاری ئەتینا دەژیا. و بە سوالکردن و گاڵتەکردن بە خەڵکی شارنیشین، ڕۆژانی بەڕێدەکرد.[257] و باکی بەوە نەبوو خەڵکی چۆن تێیدەڕوانن. ئەو شێوە ژیان و ڕەوانبێژی لە قسەکردندا ناوبانگی لە سەرتاسەری ئەتینا دەرکردبوو. و خەڵکی، بۆ گرفتوگۆ و لەو ڕێبازە فەلسەفیە تێگەیشتن، سەردانیان دەکرد.

دیۆگێنێس، بەو شێوە ژیانەی کە لە بەرمیلێکی سیرامیک دەژیا، ناوبانگی سینیسیزمی گەیاندە ترۆپک. و ناوەرۆکێکی لۆژیکی، لە پەیوەندی نێوان، بیرکردنەوە و کرداری پێ بەخشی. تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی، وەک سەرچاوە بۆ فەلسەفەی سینیسیزمی کۆن تا ئێستاش سەیر بکرێ.

[256] Diogenes of Sinope, Diogenes Laertius
[257] Laertius & Hicks 1925, VI:23; Jerome, Adversus Jovinianum, 2.14

ژیانی دیۆگێنێس فۆرمی دایە سینیسیزم

Diogenes (1882) by John William Waterhouse

تابلۆی دیۆگێنێس، لەلایەن هونەرمەند جۆن ویلیام واتەرهاوس (١٨٤٩ – ١٩١٧س.ب) لە وێنەکەدا ناکۆکی نێوان دیۆگێنێسی سینیست (٤١٢ – ٣٢٣ پ.س.ب). و کۆمەڵگەی شارستانی ئەتینا نیشان دەدا.

Diogenes Sitting in His Tub (1860) by Jean-Léon Gérôme[258]
دیۆگێنێس لە ناو بەرمیلی سیرامیک.(١٨٦٠) لەلایەن ژان- لێیۆن گێرۆمێ

ناوی سینیسیزم (سەگ ئاسا، وەک سەگ) ، لە شێوەی ژیانی دیۆگێنێس وەرگیراوە. کە لە ئەتینا، بە درێژایی کات، ژیانی لە سەرشەقام بەڕێ دەکرد. و بەردەوام بە خواردنی گۆشتی کاڵ و خۆراکی پاشماوەی خەڵک و سوالکردن بەڕێدەکرد. هەلەبەر ئەو شێوە ژیانەش بە (سەگ) ناو دەبرا.

[258] ئەو تابلۆیە دیمەنێکە دیۆگێنێس، تێیدا لە ناو بەرمیلێکی سیرامیک دەژیێ. و ژیانی لەگەڵ هاوڕێ سەگەکانی دەباتە سەر. هەر لەبەر ئەو شێوە ژیانە، لەلایەن خەڵکی ئەتینا، ناوی لێنرا (سەگ). دواتر ناوی سەگ، بووە ناوی ئەو ڕێبازە فەلسەفیەش کە پەیڕەویان دەکرد. تابلۆکەش لەلایەن هونەرمەندی فەرەنسی ژان لێیۆن گیرۆم کێشراوە. کە تێیدا دیۆگێنێس، لەناو بەرمیلێکی سیرامیک، لە ئەتینا دانیشتووە. بە ڕۆژی ڕووناک خەریکە چرا هەڵدەکا. و بە دوای مرۆڤێکی سەرڕاست دادەگەڕێ. هاوڕێ سەگەکانی وەک هێمای فەلسەفەی سینیسیزم دەوریان داوە. ئەو تابلۆیە جەخت لە بوون و ژیانی سەختی مرۆڤ و سرووشت دەکاتەوە، کە سینیستەکان بەبێ نرخی دادەنێن و لێی بێزارن.

لە دوای دیۆگێنێس، کراتێس تێبی Crates of Thebes (٣٦٥ – ٢٨٥ پ.س.ب) هات. کراتێس کەسێکی زۆر دەوڵەمەد بوو. بە باوەڕەوە بووە قوتابی دیۆگێنێس. و سامانێکی زۆری هەبوو، هەمووی بەخشی، تا بتوانێت، وەک سینیستێک لە کۆڵان، بە ژیانێکی هەژاری، و سوالکردن لە ئەتینا بژی.

سینیسیزم، لەبەر سەختی پەیڕەوکردنی لەڕووی پراکتیکەوە، تا دەهات لایەنگیرانی کەمتر دەبوونەوە. و بەپێی تێپەڕبوونی کات، بەتایبەتی دوای سەدەی سێیەمی پ.س.ب هەنگاو بە هەنگاو لە کەمی دەدا. و ئەو گرنگییەی نەما و تا وای لێهات ناوی لە ناوەندیە فەلسەفی و دیبەتی کۆمەڵایەتی شوێنەواری بزربوو. [259]

ئیمپراتۆری ڕۆم و هەڵسانەوەی سینیسیزم

لەگەڵ بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، لە سەدەی یەکەمی س.ب، ڕێبازی سینیسیزم، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، زۆر بە خێرایی ژیایەوە. سینیستەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناو شارەکانی، سەرجەم ئیمپراتۆری ڕۆم دەبینران.

هەوادارانیان، لە شارەکان بە سادەیی ژیان، و بێفیزی دەناسرانەوە. ئەوانە لە کۆڵانان دەژیان و دەخەوتن. و سوالیان دەکرد. لە هەمان کاتدا، بانگەشەیان بۆ هزری زاهیدی، و ڕاسگۆیی

[259] Dudley, R (1937) A history of cinicism from Diogenes to the 6th century AD. Combrige university Press. Pp 117

و قسە لە ڕووبوون دەکرد. دەیانگوت ژیانێکی دوور لە شارستانی و زێدەڕۆیی، و پڕ ئاڵۆزی بە سەرقاڵبوون بە کاری لابەڵا. ژیانی سرووشتی نییە، و دروستکراوە. مرۆڤ دەبێ تا دەکرێ لەگەڵ سرووشت تێکەڵاوبێ. ئەوەش ببووە سەرچاوەی گاڵتەیان بۆ ژیانی ئاڵۆزی شارستانی. و بەردەوام بە قسەی سووک، تەشەر و پلاریان لە خەڵکی پۆشتە و دەوڵەمەند دەدا.

دیمەنی ناکۆکی ژیانی سینیسیستەکان، لەگەڵ دەوروبەریان زیاتر خەڵکی بۆخۆی ڕادەکێشا. لەلایەک توندوتیژی و چەوساندنەوەی ئیمپراتۆری ڕۆم. و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نارەزایی، و لەلایەکیتر خۆشگوزەرانی دەستەڵاتداران، لەسەر ڕاووڕووتی خەڵک، وایکردبوو لە سەرتاسەری سەرزەمینی ئیمپراتۆری ڕۆم، تا دەهات لایەنگیریان زۆر دەبوو.

ژیانی سادەی ئەوان کە نموونەی سەرەتایی پێش شارستانی بوو، کەچی لەناو چەقی شارستانی، وایکردبوو ببنە ئامانجی دیبەیتی ڕەوتە فەلسەفیەکانی تری ئەو سەردەمە. ولەگەڵ ئەوەشدا، شێوەیەکی تایبەتی ڕەوانبێژیان هەبوو، کە دواتر بووە، ڕەوانبێژی لە ووتاری دین. و تێکەڵی بانگهێژی دینی کریستیانی سەرەتایی بوو بوو. و لەوێشەوە لە ڕێگای یەهودیە نەساڕیەکان هاتە ناو ئیسلام.

دیۆگێنێس وەک کەسایەتییەکی مەزن، دوای مردنیشی وەک سیمای، ڕەوتی سینیسیزم. بە درێژایی مێژوو. وەک ئەستێرەی ڕێنیشاندەر بۆ سینیسیستەکان دەژمێردرا. ئەوەش بۆ چۆنیەتی ڕەتکردنەوەی، بەها ئاساییەکانی جیهان و نەریتیەکانی. بە شێوەیەکی گشتی لە ناو چەقی شارستانی ئەتینا، بە شێوەی دوور لە شارستانی دەژیا.

هەرچەندە ئەنتیستێنس، لە سەرەتادا، دامەزرێنەری ڕیبازی سینیسیزم بوو. کەچی دیۆگینێس بە شێوازی ژیانی زاهیدانەی، وەک ژیانێکی خۆبژێوی(autarkeia) ، خۆپارێزی

(askēsis)و بێشەرمی (anaideia) گرتبووە بەر. لەبەر توندی شێوەی پەیڕەوکردنی، بووە بنەمایەکی بە هێز بۆ وەدیهێنانی سیمای فەلسەفەی سینیسیزم.[260]

ژیانی لەسەر شەقامی دیۆگێنێس، بە سادەیی و بێ شەرمی لە گفتوگۆدا، زۆر چیرۆکی سەمەرەی لەگەڵ خۆیدا هێناون. کە وەک سیمای ئەو ڕێبازە فەلسەفیە.

دیۆگێنێس دەیگوت:

> مرۆڤە خراپەکان گوێڕایەڵی ئارەزووەکانیان دەبن. وەک چۆن خزمەتکارەکان گوێڕایەڵی ئاغاکانیان دەبن [261]

دیۆگێنێس کەسایەتییەکی بە هێزی هەبوو. هەموو توانای خۆی لەوە چڕکردبووەوە، کە باوەڕی فەلسەفی، لە کردەوە و ژیانی ڕۆژانەی ڕەنگبداتەوە. هەر لەبەر ئەو شێوە ژیان و بیرکردنەوەی، گەلێک چیرۆک و بەسەرهاتی سەمەرەی لێدەگێڕدرێنەوە.

مەحاڵە بتوانین لەوە دڵنیابین، کام لەو چیرۆکانە کامەن و چەندیان ڕاستن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو چیرۆکانە، دەتوانن کارەکتەر و ئاکارەکانی فراوانی ئەو مرۆڤە بخەنە ڕوو. کە زاهیدێکی بێ پەروا، لە کولتوور و نەرێتە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم.

گشت ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی، کە لەسەر دیۆگێنێس ماونەتەوە. دووپاتەی ئەوە دەکەنەوە، کە گرنگیەکی ڕەهای بە ڕەوشت و ڕەفتار داوە، سەرەڕای ئەو فەلسەفەیەی باوەڕی پێ بوو. تانیبووی وەک کەسێکی دژەباو، ببێتە مایەی زۆر چیرۆک و بەسەرهاتی سەمەرە. هەریەک لەو چیرۆکانەش بە چەندین جۆر گێڕدراونەتەوە.

---

[260] Sarton, G. (1980) Ancient Science Through the Golden Age of Greece, Dover Publications.

[261] Diogenes Laertius, vi. 66

بەناونانگترین چیرۆکی دیۆگێنێس، ئەو گفتوگۆیەی بوو، کە لەگەڵ ئەلکسەندەری مەکەدۆنی مەزن ڕوویداوە.

دەگێڕنەوە جارێکیان ئەلکسەندری مەکەدۆنی (مەزن) لە ڕێگا تووشی کەسێک دەبێ، کە لە بەرمیلێکی سیرامیک دادەژی . ئەو کەسە دیۆگێنێس فەیلەسووفی سینیستی بووە. ئەلکسەندەر کە دەیبینێ، لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ. قسەکانی دیۆگێنێس زۆر سەرنجی ئەلکسەندەر ڕادەکێشن. هەڵبەتە ئەلکسەندەر زۆر ئارەزووی لە فەلسەفە هەبووە. و پێی دەڵێ:

دیۆگێنێس، حەز دەکەم خواستێکت لێم هەبێ. ئەگەر تەنیا لە دەستم بێ، جێ بەجێی دەکەم! فەرموو بڵێ بزانم چیت دەوێ با بۆت ئەنجام بدەم.

دیۆگێنێس دەڵێ: ئەگەر ئارەزووت هەبێ دەتوانی کارێکم بۆ بکەی؟

ئەلکسەندەر دەڵێ: ئا دەی فەرموو، بڵێ.

یۆگێنێس: هەندێک لاچۆ، پێش هەتاوم لێمەگرە!!

لەم چیرۆکە دەردەکەوێ دیۆگێنێس گەرمی هەتاوی پێ گرنگترە، لە سێبەری ئەلکسەندەر. و بەوەفایە بۆ ئەو شتەی باوەڕی پێی هەیە. ئەو هەڵوێستەشی دووپاتەی ئەوە دەکاتەوە، کە هەرچەندە بێشەرم و قسە لەڕووبووە، بەڵام سەرڕاستی ئەو مرۆڤە دەردەخا. کە باوەڕ و کردەوەکانی ڕەنگدانەوەی یەکترین.

دیۆگێنێس لە فەلسەفەی سینیسیزم، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد. کە گشت گەشەکردنە دەستکردەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ بەختەوەری مرۆڤ ناگونجێن. و ڕەوشت مانای گەڕانەوە بۆ سادەیی سروشت دەگەیەنێت. بە وتەی ئەو:

مرۆڤ هەر دیارییەکی سادەی خوداوەندەکانیان ئاڵۆز کردووە.

Alexander and Diogenes 1818 by Nicolas Andre Monsiaux
تابلۆی ئەو چیرۆکەی الکسەندەر و دیۆگێنێس. لەلایەن هونەرمەند، نیکۆلاس ئەندرێ مۆنسیۆ (١٧٥٤ – ١٨٣٧ س.ب) لە ساڵی ١٨١٨ کێشراوە[262]

دیاردەیەکی تری گرنگ لە دیۆگێنێس دەرکەوت. کە یەکەمین کەس بوو ناسنامەی خۆی بو ووشەی "کۆسمۆپۆلیتی" دەربڕیوە. کاتێک لێی دەپرسن لە کوێوە هاتووە، وەڵامی دایەوە:

من هاوڵاتی جیهانم.

[262] نیکۆلاس ئەندرێ مۆنسیۆ ساڵی ١٧٥٤ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٣٧ کۆچی دوایی کردووە. وێنەکێشێکی بەناوبانگی ڕووداوە مێژویەکان بووە. هەروەها خەریکی وێنەی ناو پەرتووک بووە.

ئەوەش دەربڕێنێکی ڕیشەییە، لەو سەردەمەدا نەک نیشتمانێکی گەورە، بەڵکوو سنووری شارێک (دەوڵەتی شار) ناسنامەی مرۆڤی دیاردەکرد. و کەسایەتی کەسانی، وەک ئەفلاتوون و ئەرِستۆ، بە هاووڵاتیبوونی لە سنووری دەوڵەتی شارێک گرێدرابوو.

دیۆگێنێس، هاوباوەڕی سۆکرات بوو، بۆ سادەیی و بێباکی لە سامان، لەگەڵ بێڕێزیکردن بە بۆچوونی گشتی. هەوڵیدەدا، بە نموونەی زیندوو نیشانی بدا. کە خۆشبەختی هی ئەو کەسەیە، کە سەربەخۆ و دوورەپەرێز لە کۆمەڵگا و زێدەڕۆیی ماتریالی شارستانی بژی.

یەسو (عیسا) وەک جولەکەیەکی سینیسیست

لە خاکی ئیسرائیل لەسەردەمی یەسودا چەندین ڕێبازی فەلسەفی و بیروباوەڕی جیاجیا لە ناو خەڵکی لە ڕۆما و خاکی ئیسرائیل هەبوون، و چاڵاکانە کاریان دەکرد. هەندێک لەوانە کاریگەری بەهێزیان لەسەر بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی خەڵکی بەگشتی، و ڕەوتی دین بە تایبەتی هەبوو. لە ناو سنووری ئیمپراتۆری ڕۆم، بە بەربڵاوی چاڵاکبوون. و هەوڵیان دەدا کاریگەری لەسەر ڕەوتەکانی سیاسی و دین دابنێن. بەناوبانگترینیان ستۆیزم، سینیسیزم و ڕێبازی ئەفلاتوونی نوێ و هیرۆدیتی بوون.

هەندێک لە مێژوونووسان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە لێکچوونێکی لە ئەندازە بەدەر، لە نێوان باوەڕ و شێوەی ژیانی یەسوی ناسری، و باوەڕ و شێوەی ژیانی سینیستەکان هەبوو. ئەو لێکچوونەش، بەتایبەتی لە ناو دەقەکانی ئینجیلی مەتیاس (مەتێ) و لوکاس (لۆقا) بە ڕوونی بەدیدەکرێن.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ٦: ٢٨

(٢٨) هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵی کێوی بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت.

پەیمانی نوێ لوکاس ٦: ٢٧ - ٢٨

(٢٧) بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، (٢٨) ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن داوای بەرەکەتیان بۆ بکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن.

هەروەها

(٣٢) ئەگەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن .(٣٣) ئەگەر باش بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵتان باشن، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن.

ئەو دوو ئینجیلە، لەبەر تینی کاریگەری بەهێزی فەلسەفەی سینیسزم، ڕەنگدانەوەی لە دەربڕین و شێوەی ڕەوانبێژیان بە ڕاشکاوی بەدی دەکرێ.[263]

[263] Leif Vaage, (1994), *Galilean Upstarts: Jesus' First Followers According to Q*. TPI; F. Gerald Downing, (1992), Cynics and Christian Origins. T. & T. Clark.

هەلسوکەوت و ڕەفتارەکانی سینیسیزم، هاتنە ناو دین و قەوارەی خۆیان وەرگرت، و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، بەرگی پیرۆزیشیان لەبەر کرا. ئیتر خۆ ڕەزیلکردن و سوالکردن و قسەی سووک بە خەڵکیتری خاوەن باوەڕی جیاوازگوتن. سەرەڕای ئەوە، ئەو ڕەفتارانە لە سێبەری دین، بوونە فەرمانی خودایی. و وەک پەیامی پیرۆزیان بە شێوەی ڕەوانبێژی دەخرانە ڕوو. ئەوەش هەر لە هاندانی باوەڕداران، بۆسادەیی ژیان و خۆ ڕەزیلکردن، سوالکردن. تا دەگاتە ئەو ئاستەی هیچ شێوەیەکیتری ژیان و کەسایەتیان پێ ڕاست نەبێ.

ئەوە ڕەفتارانەی یەسوو و قوتابیەکانی، گەیاندبوویە ئەو ئاستەی، حاخامەکانی یەهودی، یەسویان بەوە تاوانبار دەکرد، کە قوتابیەکانی، گومڕا دەکا. و فێری تەمبەڵی و سوالکردنیان دەکا.

با بزانین بە پێی هەردوو ئینجیلەکانی مەتیاس و لوکاس، یەسو چۆن بۆ قوتابی و گوێگرەکانی قسەدەکا. و دەق ئەو ئایەتانەی هەردوو ئینجیکی مەتیاس و لوکاس بە بەراورد لەگەڵ باوەڕ و ژیانی سینیسزم، دیمەنێکی ڕوونترمان دەداتێ.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٦: ١٩ - ٢١

(١٩) لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ لێی دەدەن، دز دەیبڕێ و دەیدزێ (٢٠) بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ لێی نادەن، دزیش نایبڕێ و نایدزێ (٢١) چونکە گەنجینەکەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٦: ٢٥ - ٢٩

(٢٥) بۆیە پێتان دەڵێم: خەم بۆ ژیانتان مەخۆن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە. هەروەها بۆ جەستەتان کە چی بپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر

نییە؟ یان جەستە لە پۆشاک؟ (٢٦) سەیری باڵندەی ئاسمان کەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟ (٢٧) باشە، کێ لە ئێوە ئەگەر خەم بخوا، دەتوانێ یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکا؟ (٢٨) هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵی کێوی بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت، (٢٩) بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس (لۆقا) ١٢: ٢٢ - ٣٤

(٢٢) بە قوتابییەکانی فەرموو: خەم بۆ ژیان و جەستەتان مەخۆن، چی دەخۆن یان چی دەپۆشن .(٢٣) ژیان لە خواردن گرنگترە و جەستەش لە پۆشاک .(٢٤) سەیری قەلەڕەش کەن: نە تۆو دەکات و نە دروێنە دەکات، نە ئەمباری هەیە و نە کۆگا، بەڵام خودا بەخێوی دەکات. باشە ئێوە چەند لە باڵندە بەنرخترن !(٢٥) کێ لە ئێوە ئەگەر خەم بخوات، دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟ (٢٦) جا کە ئێوە بۆ شتێکی بچووک تواناتان نییە، بۆچی بۆ شتەکانی دیکە خەم دەخۆن؟
(٢٧) سەیری گوڵاڵە بکەن چۆن گەشە دەکات، نە ماندوو دەبێت و نە دەڕێسێت. بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە .(٢٨) ئەی کەم باوەڕینە، ئەگەر خودا ئەو گیایەی کە ئەمڕۆ لە کێڵگەیە و بەیانی دەخرێتە تەنوورەوە بەو شێوەیە بپۆشێ، ئیتر چەند زیاتر ئێوە دەپۆشێ؟ (٢٩) جا گرنگی بەوە مەدەن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە، خەم مەخۆن .(٣٠) هەموو ئەمانە بێباوەڕانی جیهان

هەوڵی بۆ دەدەن، باوکیشتان دەزانێت پێویستتان بەمانە هەیە .(٣١) بەڵکو داوای پاشایەتی ئەو بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت. (٣٢) مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ .(٣٣) ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بە خێر بیبەخشن، بۆ خۆتان جزدانێک دابین بکەن کە نەفەوتێت، گەنجینەیەک لە ئاسمان کە لەبن نایەت، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە. و نە مۆرانە لێی دەدات. (٣٤) چونکە گەنجینەکەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

لەلایەکیتر ژیانی یەسو هاوشێوەی ژیانی دیۆگێنێسە. ئەوەش هەڵقوڵاوی باوەڕی بوو. کە دەیەویست نیشتمانی لەدەستچووی خودا، لە ڕەچەڵەکی داود، جارێکیتر زیندووکاتەوە.

دیۆگێنێس بەرمەیدان گوتی من هاونیشتمانیەکی جیهانیم (کۆسمۆپۆلیت)، ئەوا یەسوش بە هەمان شێوە. یەکەم کەس بوو، باوەڕی کۆسمۆپۆلیتی هێنایە ناو بەرنامەی دین. و سنوورەکانی خاک و نەتەوەی هەڵوەشاندەوە. ئەوەش بە ئاشکرا، لە دەمی پاولۆسەوە، بە ڕوونی دەبیستین. کە دەڵێ:

پەیمانی کۆن لە سینا، ئەمانەتێک بوو درایە دەستی موسا. تا ئەوکاتەی پەیمانی نوێ هات. ئەوکاتەی پەیمانی نوێ هات، پەیمانی کۆن کاری کۆتایی پێ هات. و ئەمانەتەکە گواسترایەوە بۆ باوەڕدارانی ئوممی (جیهانی). بۆیە پێویست بە بەندەکانی یاسای کۆن نەماوە. هەروەک (پەیمانی نوێ) یەکەم کۆنەکەی ڕاگەیاند و کە کۆن بوو فەوتا.

پەیمانی نوێ - عیبرانییەکان ٨: ١٣

(١٣) کاتێک باسی پەیمان دەکا دەفەرموێ: نوێ یەکەم کۆن دەکا. شتێکیش کە کۆن بوو و پیربوو، ئەوا لە فەوتان نزیکە.

زانایانی تایبەت بە گەڕان بەدوای یەسوی مێژووپی، وەک بێرتۆن ئێڵ ماک و جۆن دۆمینیک کرۆسان لە سیمیناری یەسو دا، ئاماژەیان بەوە کرد، کە سەدەی یەکەمی س.ب. شاری جەلیل جیهانێک بووە، کە تێیدا هزری هێلینیستییەکان، لەگەڵ بیرکردنەوە و نەریتی یەهودیان بەریەک دەکەوتن.

شاری گادارا کە تەنیا ڕۆژە ڕێیەک، بە پێ لە ناسیرە دوورە، وەک ناوەندێکی فەلسەفەی سینیسیزم سەرنجڕاکێش بووە. ماک، یەسو بە کەسێکی سینیسیستی، ئاسایی دەژمێرێ.[264] کەچی کرۆسان، یەسو زیاتر وەک بیرمەندێکی سینیسیست، لە نەریتێکی یەهودی هێلینیستەکان دادەنێ، نەک وەک کریستیانێک، کە وەک خۆی بەڵاگێڕی گوناهباران بکا. و لە پێناویان بمرێ. یان کریست ئارەزوومەندی دامەزراندنی، دەوڵەتێکی یەهودی سەربەخۆی ئیسرائیلە.[265]

هەندێک لەزانایانی دیکە گومانیان، لەوە هەیە کە یەسوی ناسری، بە قووڵی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی سینیسزم بووبێ. ئەوەش لە شێوەی ووتاردانی و جیهانبینی، چ لە ژیانی کەسی و چ لە سنووری باوەڕی دا. زیاتر لە باوەڕی سینیسیستەکان نزیک بووە، تا داهێنانی پەیامبەرێکی نوێی یەهودی. ئەو پەیامی سادەیی و سووربوونی لەسەر باوەڕەکەی، لە دین و کەلەپووری یەهودی بە گرنگتر دەزانی.[266] ئەوەش دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر هەردوو ڕەوتەکانی یەسوی ناسرێ، یەهودی نەسارِی و کریستیانەکان دانا.

---

[264] Quoted in R. Ostling. Who was Jesus?,Time, August 15, 1988, pp. 37–42.
[265] John Dominic Crossan, (1991), The Historical Jesus: The Life of a Mediterranean Jewish Peasant.
[266] Craig A. Evans, Life of Jesus Research: An Annotated Bibliography, p. 151.

کاریگەری سینیسیزم، لەسەر دینی کریستیانی سەرەتایی

کریستیانەکانی سەرەتایی، زۆرێک لە ڕێتوالەکانی پەیڕەوکارانی سینیسیزمیان، وەرگرتوون. و پەیڕەویان دەکردن. هەمان شێوازی ڕەوانبێژی سینیسیستەکانیان بەکاردەهێنا. هەندێک لە سینیسیستەکان بەهۆی قسەکردن لە دژی دەسەڵاتدا کوژراون یەکێک لە سینیسیستە بەناوبانگەکان، بە ناوی پێرێگرینۆس پرۆتیۆس[267] لە سەرەتادا سینیست بووە. و وەرگەڕاوەتە سەر دینی کریستیانی. بەڵام هەستی بە جیاوازیەک لە نێوان کریستیانیزم و سینیسیزم نەکردووە. ماوەیەک وەک کریستیان ژیاوە. پاش ئەوە گەڕاوەتەوە سەر سینیسیزم. [268]

لە سەدەی چوارەمی س.ب، ماکسیمۆسی ئەسکەندەریە، هەرچەندە خۆی کریستیان بوو، و بە یەک لە ئامۆژگاریکەر و موژدەدەرانی کریستیانی دادەنرا. کەچی لەبەر شێوازی ژیانی زاهیدی، بە سینیسیست ناودەبرا.

باوکانی کەنیسەی کریستیانی، و ڕێبەرانیان بە شێوەی دوو فاقەیی باسی سینیسیستەکانیان دەکرد. لەلایەک ستایشیان دەکردن، کە بە هەژاری ژیان دەبەنەسەر،[269]و سەڕاستن و بێ شەرمانە ڕاستی دەڵێن. لەلایەکیتر سوکایەتیان بە بێشەرمیی بیرمەند و فەیلەسووفەکانیان دەکرد. یەک لە بەناوبانگترین نووسەری کریستیان، ئەوگستین بوو. هەرچەندە خۆی وەک

---

[267] Lucian of Samosata. The passing of Peregrinus; C.P. Jones (1996) Culture and society in Lucian . Cambridge. Harvard university press. Pp10–15

[268] Herodian, Roman History, 1.9.2–5

[269] Origen, adv. Cels. 2.41, 6.28, 7.7; Basil of Caesarea, Leg. Lib. Gent. 9.3, 4, 20; Theodoret, Provid. 6; John Chrysostom, Ad. Op. Vit. Monast. 2.4, 5

سینیسیستێک دەژیا. و کاری دەکرد. کەچی ڕایگەیاند کە ئەوان (سینیسیستەکان) بە پێشێلکردنی ماکە (غەریزە) بێگەردەکانی مرۆڤ، بە شانازییەوە ڕای ناپاک و بێشەرمانەی خۆیان دەردەبڕن، کە بەڕاستی شایەنی ئەوەن سەگ بن.[270]

هەروەها باوکان و باوەڕدارە زاهیدەکانی دینی کریستیان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ سینیسیستەکاندا هەبوو، وەک لە پەیڕەوکارانی پەڕاکەندەی کەنیسەی سەرەتاییدا دەبینرێت، کە لە ڕووخساری دەرەوە، و لە زۆرێک لە پراکتیزەکانیاندا جیاوازییەکیان لەگەڵ سینیسیستەکاندا نەبوو. کەچی لە ووتار و دەربڕینیان جیادەکرانەوە.



زانای کۆلێژی ئیمانوێل، لەیف ئی. ڤاگا[271]، بەراوردێکی بنەڕەتی لە نێوان هاوبەشییەکانی دەقەکانی سینیسیزم، لەگەڵ هەردوو ئینجیلی مەتیاس و لوکاس کرد (بڕوانە تابلۆی تەنیشت)

بەراوردەکە بەم شێوەیە بوو. هەردوو ئینجیلی مەتیاس و لوکاس بە شێوەی سەربەخۆ و جیاواز نووسراونەتەوە. هەر یەکەیان یەک لە سەرچاوەکانیان ئینجیلی مارکوسە. و سەرچاوەی دووەم Q (سەرچاوەی سینیستەکان) ئەگەری زۆر هەیە، کە زۆربەی ئەو دەقانەی لە ئینجیلی مەتیاس و لوکاس دا دۆزراونەتەوە. کە لە ئینجیلی مارکوس دانین. دەبێ لە سەرچاوەی Q وەرگیرابن. کە ڕۆڵی لەو دەربڕینانەدا بە ئاشکرا دیارە. مشتومڕی گەورەی نێوان باوکانی کەنیسە، سەبارەت بە کێشەکانی

[270] Augustine, De Civitate Dei 14.20. The City of God.
[271] Emmanuel College is a theological college of Victoria University at the University of Toronto.

ڕەفتارناسی، و شێوەی ژیان، و ڕەوانبێژی دەربڕینەکانی، کە سینیسیستەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. لەگەڵ هەستی پاکی و پراکتیزە جوانکارییەکانیان بەردەوام جێگای ناکۆکی بوو[272].

لە ماوەی سەدەی دووەمی س.ب، مشتومڕێکی گەورە لە نێوان کرێسێنسی سینیسیست و جەستینی شەهیددا هاتە ئارا، ئەو مشتومڕە لەسەر ئەوە بوو. سینیسیستەکان، باوەڕیان وابوو، کریستیانەکان بێباوەڕن. مەبەستی سینیسیستەکان لەو دەربڕینە، ئاماژە بوو، بۆ ئەوەی کریستیانەکان خوداوەندی بوتپەرستەکانیان ڕەتدەکردەوە. بەڵام خۆیان، تا ئەوکاتە هیچ پەرستگا، پەیکەر، یان بەڵاگێڕگایەکیان نەبوو. ئەوەش ڕەخنەیەکی باو بوو. تەنانەت یەهودیەکانیش، دژی کریستیانەکان بەکاریان دێنا. [273]

ئەو دوو فاقەییەی کریستیانەکان، لە نێوان ڕێبازی سینیسیزم و دینی یەهودی. تا دەهات کێشەی بۆ دەنانەوە. و ناکۆکی نێوان باوەڕی فەلسەفی و دینیان لەگەڵ کردەوەی ڕۆژانەیان، بەردەوام شوێنی دیبەیت بوو. دوای ئەوەی ڕێبازی یەهودی نەساڕی پەرەی سەند و لە سەدەی حەوتەم دینی ئیسلام بەدیارکەوت سینیسیزم وەک کولتوورێکی ڕەگ داکوتاو خزایەناو دینە نوێکە.

سینیسیزم و ڕەنگدانەوەی لە ئیسلام

[272] Leif E. Vaage, (1990), Cynic Epistles (Selections), in Vincent L. Wimbush, Ascetic Behavior in Greco-Roman Antiquity: A Sourcebook. Continuum International, Pp 117 - 118

[273] Zuckerman, Phil (2007). Martin, Michael T (ed.). The Cambridge companion to atheism. Cambridge: Cambridge University Press. Pp. 56.

لەسەردەمی یەسو، فەلسەفەی سینیسیزم ڕۆچووبووە ناو هەناوی هەردوو دینی یەهودیە فەریسیەکان. و دواتریش یەهودی نەساڕی. و بووبووە بەشێک لە پەرستن. بەشێوەی ڕەوانبێژی و بەخرۆشەوە تێکەڵی سرووتەکانی ڕۆژانەیان بووبوو. تادەهات بەردەوام لە شێوەی سەرەتایی سینیسیزمەوە، بەرەو شێوەیەکی تری خودایی پەرەی دەسەند. ئەوەش چ لە دوورکەوتنەوەیان لە ناو شارەکان و دروستکردنی دێری ڕەبەنان، دوورکەوتنەوە لە سێکس و ژیانی خۆشگوزەرانی. تا دەگاتە لەلایەک فۆرمێکی پەرەسەندووی خۆ زەلیلکردن. لەلایەکیتر شەڕ و گەفوگوڕی توندوتیژی، و ڕەتکردنەوەی گشت بیروباوەڕەکانی تر. نموونەیەکی بەرچاو ئەسینیەکانن لە قومران[274]. کە دواتر بوونە یەهودی نەساڕی.[275]

دینی ئیسلام وەک بەردەوامی پەرەسەندنی دینی یەهودی نەساڕی. و پەروەردەی هەناوی. پەیڕەوی یاساکانی موسا و یەسو. و باوەڕی فەلسەفەی سینیسیزم لەگەڵ گشت یاساکانی تری دینی یەهودی، لە ڕێگای ئینجیلی عیبرانی، خزابوونە ناو هەناوی. [276] ئەوەش لەبنەڕەتدا یەهودیە نەساڕیەکان پەیڕەویان دەکرد، و هەنگاو بە هەنگاو گەیشتە ناو قوڕئانی مەککە، و ڕەگی داکوتا. وەک بەشێک لە پەیامی خودایی چەکەرەی کرد. و لە ناو چەندین، لە ئایەتەکانی قوڕئان. تا دەگاتە سرووتەکانی ڕۆژانە و کردەوکانی سوژدەبردن لە نوێژ و

---

[274] قومران، شوێنێکی شوێنەوارناسیە، دەکەوێتە ٣کم باکووری ڕۆژئاوای قەراخی دەریا مردوو. بە چەند کم لە باشووری شاری ئەریحە. قومران شوێنی ژیانی ئەسینیەکان بووە. ئەو شوێنە بریتییە لە چەند ئەشکەوتێک. کە بەپێی لێکدانەوەی مێژوونووسان دەبێ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی یۆهانێس هیرکانوس (١٣٤ – ١٠٤ س.ب) لەلایەن ڕەبەن و باوەڕدارانی یەهودی ئاوەدانکراوەتەوە. و بە دوورەپەرێزی ژیاون. تا ساڵی ٦٨ س.ب، لەکاتی شەڕی یەهودی و ڕۆم ٦٦ – ٧٠ س.ب خاپوورکرا. هەر لەو شوێنە لە ساڵی ١٩٤٧ س.ب بلوورەکانی دەریای مردوو دۆزرانەوە. ئەو بلوورانە ڕۆشناییەکی نوێیان خستە سەر چەندین ڕووی شاراوەی دینی یەهودی. ئەسینیەکان لە بەدەرکەوتنی یەسو بوونە پەیڕەوکاری و دواتر بوونە یەهودی نەساڕی.

[275] Göran, Lennartsson (2015) Judiska gruppet på Jesu tid

[276] الأناجيل المحولة ص ٩٧

بەڵاگێریکردن و خۆ بەکۆیلە زانین. کە هەر یەکەیان بە ئاسانی، لە ئاکار و کردەوەکانی تاکی موسوڵمان بەدی دەکرێن.

با سەیرێکی ئەو چەند ئایەتە بکەین، چۆن لە ناو ئایەتەکانی قورئان، مرۆڤ بە دۆڕاو و زەلیل و کۆیلە نیشان دەدەن. ئەو جۆرە دەربڕینانە، لە بنەڕەتدا لە ڕێگای یەهودیە نەسارییەکان، هاتوونەتە ناو دەقەکانی قورئان. وەک دەقی پیرۆز، توانیویانە کەسایەتییەکی سینیسیست لە دەروونی موسوڵمان وەدی بێنن.

سورة العصر ١٠٣: ٢

إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ (٢)

مرۆڤ لە دۆڕاوانە (٢)

سورة المعارج ٧٠: ١٩- ٢١

إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا (١٩) إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا (٢٠) وَإِذَا مَسَّهُ ٱلۡخَيۡرُ مَنُوعًا (٢١)

مرۆڤ بە چاوچنۆکی دروستکراوە (١٩) کاتێ خراپە بەرۆکی دەگرێ، پرت و بۆڵەیەتی (٢٠) و کاتێ تووشی خۆشی دەبێ دیگێڕێتەوە (٢١)

سورة التين ٩٥: ٤ -٥

لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ (٤) ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ (٥)

ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە ئەفراند (٤) پاشان گێڕاومانەتەوە پلەی هەرە ژێر (هەرە خوارەوە) (٥)

سورة التوبة ٩: ١١١

إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١١١)

خودا گیان و سامانی له ئیمانداران کڕیوه، بەوەی که بەهەشتیان دەداتێ، شەڕ بکەن له پێناو خودا، جا دەکوژن و دەکوژرێن، وەك بەڵێنی ڕاست له لایەن ئەوەوە، له تەورات و ئینجیل و قورئان، کێ هەیە له خودا پابەندتر بێت به پەیمانەکەی، جا دڵخۆش بن بەو کڕین و فرۆشتنەی که پێیەوە پابەند بوون، وە ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن (١١١)

هەرچەندە له دەقەکانی قورئان، مرۆڤ زەلیل و کۆیلەکراوە، و وەک کاڵایەک بۆ شەڕ و تاڵان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستەوخۆ مرۆڤ بە سەگ نەچوێندراوە. کەچی کولتوور و کەلەپووری سینیسیزم، له ووتار و ڕەوانبێژی، بانگهێژی نوێنەرانی دینی ئیسلام، بۆتە پیشەیەکی پیرۆز و شانازی پێوەدەکەن. ئەو خۆ زەلیلکردنەش بە هەردوو ڕووەکەیەوە.

یەکەمیان بۆ خۆیان که تا ئاستێکی زۆر نزم، خۆیان زەلیل دەکەن. ڕووی دووەمی هێرش و سوکایەتی بە بیروڕای جیاواز. ئەوەش بە شێوەیەکی بەربڵاو، له ووتار و گەف و گوڕی ڕۆژانەیان، بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە. هەر له هاندان بۆ کوشتن و تاڵان و دەربەدەرکردنی خەڵکانی بیروڕا جیاواز لەدەرەوە و ناوەوەی دین.

پەیمانی کۆن – نەبیەکان یەشوع ٨: ٢٤ - ٢٧

(٢٤) پاش ئەوەی ئیسرائیلی له کوشتنی هەموو پیاوەکانی عای بوونەوە، که له کێڵگە و چۆڵەوانیدا دوایان کەوتبوون هەتا قڕیان کەن. هەموو

ئیسرائیلییەکان، گەڕانەوە ناو شار و هەموو ئەو دانیشتووانەی کە لە ناوشار مابوونەوە، بە شمشێر کوشتنیان (٢٥) سەرجەم دانیشتوانی عای، هەموو ئەوانەی لەو ڕۆژەدا کەوتن بە پیاو و ژن، دوانزە هەزار کەس بوون (٢٦) یەشوعیش ئەو دەستەی کە ڕمەکەی پێ درێژکردبوو، نەیدەگەڕاندەوە دواوە. هەتا سەرجەم دانیشتوانی عای قڕبوون (٢٧) ئەوسا بەنی ئیسرائیل ئاژەڵی ماڵی و دەستکەوتی ئەو شارەیان بۆ خۆیان تاڵانکرد. ئەوەش بە پێی، ئەو فەرمانەی خودا بە یەشوعی دابوو.

لە قورئان بەوەش ناوەستێ و لەوەش زیاتر تێدەپەڕێنی. وبە بێباکی هانی موسوڵمانن دەدا، کە دەست نەپارێزن و بیانکوژن، تاڵانیان کەن. و بە دیل بیانگرن ژنانیان بکەنە سەبایا. نموونەی ئەو هاندانەش، لەو چەند ئایەتی خوارەوە دەبینین.

القرآن الكريم - سورة التوبة ٩: ٥

جا کاتێك مانگە حەرامەکان بەسەرچوون، ئەوە لە هەر شوێنێك موشریکەکانتان دەستکەوتن، بیانکوژن و بیانگرن و چواردەوریان بدەن و بۆیان دابنیشن لە هەموو بۆسەیەك، جا ئەگە ر تۆبەیان کرد و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ئەوە وازیان ل بێنن بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن، لە ڕاستیدا خودا لێبوورده و بە بەزەییە(٥).

سورة التوبة ٩: ١٤

شەڕیان بکەن، خودا بە دەستی ئێوە ئەشکەنجەیان دەدا و ڕیسوایان دەکا، وە ئێوە بەسەریاندا سەردەخا، و سینەی خەڵکانێکی ئیماندار شیفا دەدا. (١٤)

سورة الأنفال ٨: ١

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ
بَيْنِكُمْۖ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (١)

سەبارەت بە دەستکەوتەکانی ئەنفال، پرسیارت لێدەکەن، بڵێ ئەو تاڵانە
بۆ خودا و پەیامبەرەکەیەتی (١)

لە ناو شاعیر و نووسەرانی موسوڵمان، لەوەش زیاتر دەڕوا. و بێ پەردە ئەو خۆ زەلیلکردنە و خۆ بەسەگ زانین بە شانازیەوە دەربڕینە، شێوەیەکی بەرفرانی هەیە. هەمان دیاردە لەناو شاعیرانی کلاسیکی کوردیش، بە بەربڵاوی دەبینرێ.

هەندێک وایدەبینن کە ئەو شاعیرە کلاسیکیانە خاوەنی زانین (معرفة) نین. بۆیە بەم جۆرە دێنە گۆ. بەداخەوە دیارە بێ ئاگان لە ڕەگی فەلسەفی و چۆنیەتی خزانییە ناو دینەکانی ئیبراهیمی. ئەو شاعیرانەش لە خڵوەتی ژیانی سینیسیزم دان، و پەیڕەوی ئەو ڕێبازە دەکەن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە شیعری کلاسیکی کوردی دەخرێنە ڕوو. ئەوانە مشتێکن لە خەڵواری خۆ ڕەزیلکردن، وەک تاکێکی دیندار. و لەیکچواندنی خۆی لەگەڵ سەگی بەر دەرگا.

قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبی بی
وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێت
شاهی عەرەبی یانی قورەیشی مەسەبی بێ (بێخود)

نالی کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بوومەیە
ئەمما سەگی موعەلەمی بێ دەنگ و بێ وەرە. (نالی).

مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی (شێخ رەزای تاڵەبانی)

یا رەسولەڵا دەخیلەک رووم نییە بیمە حزوور
وەک دزان گەردن کەچ و شەرمەند وێستاوم لە دوور. (وەفایی).

تا سەدەی نۆزدەم، لە بوارەکانی فەلسەفەی مۆدێرن، بەردەوام لە سەر لایەنە نەرێنیەکانی سینیسیزم جەخت دەکرایەوە. کە گوایە سینیسیسزم، بە مانای ئارەزووی بێباوەڕی. و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و بەڵاڕیدابردنی تاک و فێری سواڵ و تەمبەڵیکردنی دەکا. لەبەر ئەوە بەدواداچوونێکی، بنەڕەتی فەلسەفی بۆ نەکراوە. کەچی ئێستا سینیسیزم وەک بنەمایەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، بۆتە گۆڕەپانی لێتۆژینەوە، لە ڕەهەندی جیاجیا.

دینی سابیئی

لە مێژووی دیندا دوو دینی سابئیمان هەن، سابئی مەندائی و سابئی حەڕانی. سابئی مەندائی دینێکی یەکتاپەرستی زۆر کۆنە. و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێراق، و باشووری ڕۆژئاوی ئیران، لە نێوان ڕووباری دیجلە لە ئێراق و رووباری کاروون لە ئێران دەژین.

گرووپی دووەم سابئی حەرانی، گرووپێکی دینی فەلسەفی کۆنن، لە شاری حەڕان (باکووری سووریا/ باشووری تورکا) دەژین. حەڕانیەکان بەوە ناسراون کە هەسارە و ئەستێران بە پیرۆز دەزانی، و لە ژێر کاریگەری بەتینی کولتووری هێلێنی و یۆنانی دابووین.

سابئی مەندائی

سابئیەکان (یان مەندائیەکان) دینێکی یەکتاپەرستی کۆنن، و لە قورئانیش ناویان هاتووە. فیقهی ئیسلامی بە ئەهلی کتێب یان ئەهلی الذمەیان دادەنێ. سابیئیەکان باوەڕیان بە یەک خودا هەیە. و نوێژەکانیان بەرەو جەمسەری باکوور ئاراستە دەکەن، و ڕیتوالی لە ئاو هەڵکێشانیان، لە ئاوی سازگار و ئاوەڕۆ ئەنجام دەدرێ.
مەندائیەکان هەروەک دینەکانیتر، خۆیان بە گەلێ هەڵبژاردەی خودا یان ئێوە چاکترین میللەت بوون بۆ خەڵك هێنراونەتە ئاراوە ، ئەوانیش دەڵێن، ئێمە (هیرا زدقا) هەڵبژاردەی ڕاستگۆین.[277]

[277] الخيون، رشيد (٢٠١٦) الأديان و المذاهب بالعراق، ماضيها و حاظرها، الجزء الأول، ص ٤٤

توێژینەوە ئەکادیمییەکان، سەرچاوەی سابیئیە ماندائیان دەگەڕێننەوە بۆ قووڵایی مێژووی میسۆپۆتامیا. پێدەچێ دینەکەیان، زۆر زووتر لە کریستیانی لە باشووری میسۆپۆتامیا دەرکەوتبێ. و کاریگەری تێکەڵەیەک لە بیروباوەڕی سۆمەری و بابلی و زەردەشتی و جوولەکە کۆنەکان لەسەر بووبێ.

لە پەرتووکی پیرۆزی سابئی مەندائی (کنزا ربا) چیرۆکی گەشتی ئاسمانی (معراج) دنانوخت دەگێڕێتەوە، کە لە گەڵ چیرۆکەکانیتری گەشتی ئاسمان بە کورتی نووسراوەتەوە.[278]

گرنگترین خاڵەکانی پەیوەندی نێوان ئیسلام و سابئی:

١ قورئان لە پاڵ جولەکە و نەسارِی، ناونوێژ

نوێژی مەندائی (براخا) (Brakha) ڕیتوالێکی ڕۆژانەیە، کە سابییە ماندایییەکان هەر ڕۆژ سێ جار ئەنجامی دەدەن.(لە بەیانی و نیوەڕۆ و پێش خۆرئاوابوون)بە پێی جوگرافیا، ڕوویان لە باکووردەکەن. پێش ئەوە ڕیتوالی خۆپاککردنەوە ئەنجامدەدەن، وەک دەستنوێژ و خۆشووشتن، خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان بە زمانی ماندائی، لە کاتی وەستاندا بەبێ کرنۆش، بۆ پیرۆزکردنی (جیهانی ڕووناکی) و پەیوەندیکردن بە خودای زیندوو گەورە لەخۆدەگرێ.

لە صابئی مەندائی لە ڕۆژێکدا سێ جار نوێژ (براخا) دەکرێ:

نوێژی بەیانی: لە نێوان گزنگی بەیانی تا ڕۆژهەڵاتن.

نوێژی نیوەڕۆ: کاتی ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان دایە.

نوێژی دوای نیوەڕۆ: پێش ڕۆژ ئاوابوون.

---

[278] الكنزا ربا اليمين. طبعة أستراليا، ص ٢٠٧

ڕووگە: بەپێی جوگرافیا، بەرەو باکوور، مەندائیەکان باوەڕیان وایە پیرۆزی و بڕشت لە باکوورە.

ئەرکە دینیە پیرۆزەکانی تر:

الرشامە: دەستنوێژ

مبسوطا: لە ئاو هەڵکێشان، لە ئاوەڕۆی کراوەی پاک.

الرستة: جلوبەرگێکی سپی تایبەتە بە نوێژکردن

شێوەی نوێژکردن: مەندائیەکان بەوەستاوی دەقی دینی بە زمانی مەندائی دەخوێننەوە. ی لە سێ سورەتی قورئان هێناون (البقرة، المائدة و الحج)، بەوەش قورئان دانی بەوە داناوە کە سابئیەکان خاوەن پەرتووکن (أهل الکتاب).

٢ باوەڕ: سابئی باوەڕی بە یەکتاپەرستی هەیە، نەبی خۆیان هەن، کە ئیسلام پشتگوێی خستوون (ئادەم، شیت، نوح و یەحیای کوڕی زەکەریا).

٣ موسوڵمانان باوەڕیان وایە، سابیئی دینێکی ئیبراهیمییە، هەروەک لە قورئان ناوی لەپاڵ نەسارِی و جولەکان هاتووە.[279]

سورة البقرة ٢: ٦٢

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢)

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی بوونەتە یەهودی و نەسارا و سابیئە، ئەوەیان کە باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هێناوە و کاری چاکی کردووە،

[279] The Eyes Encyclopedia Of The knowledge

پاداشتیان هەیە لای خوداکەیانەوە، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن. (٦٢)

سورة المائدة ٥: ٦٩

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ (٦٩)

ئەو انەی باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی بوون بە یەهوودی و سابیئەکان و نەساراکان، ئەوەی باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هێناوە و کاری چاکی کردووە، ئەوە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با خەمۆك بن. (٦٩)

سورة الحج ٢٢: ١٧

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ (١٧)

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی بوون بە یەهوودی و سابئی و نەسارا و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی شرکیان کردووە، خودا لە ڕۆژی قیامەت نێوانیان دەکات، لە ڕاستیدا خودا بە سەر هەموو شتێکدا شایەتە. (١٧)

بەپێی نەریتی دینی مەندائیەکان، خۆیان بە نەوەی پەیامبەر ئادەم دەزانن، دواتریش شیتی کوڕی. ئەم گێڕانەوە دینییەش، بە یۆحەنای لە ئاو هەڵکێش (یەحیا کوڕی زەکەریا) دەبەستنەوە، کە بە دوا پەیامبەر. و بە نوێکەرەوەی یاساکانیان دادەنرێ.

نوێژ

نوێژی مەندائی (براخا) (Brakha) ڕیتوالێکی ڕۆژانەیە، کە سابییە مانداییەکان هەر ڕۆژ سێ جار ئەنجامی دەدەن.(لە بەیانی و نیوەڕۆ و پێش خۆرئاوابوون)بە پێی جوگرافیا، ڕوویان لە باکووردەکەن. پێش ئەوە ڕیتوالی خۆپاککردنەوە ئەنجامدەدەن، وەک دەستنوێژ و خۆشووشتن، خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان بە زمانی مانداِئی، لە کاتی وەستاندا بەبێ کڕنۆش، بۆ پیرۆزکردنی (جیهانی ڕووناکی) و پەیوەندیکردن بە خودای زیندوو گەورە لەخۆدەگرێ.

لە صابئی مەندائی لە ڕۆژێکدا سێ جار نوێژ (براخا) دەکرێ:

نوێژی بەیانی: لە نێوان گزنگی بەیانی تا ڕۆژهەڵاتن.

نوێژی نیوەڕۆ: کاتی ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان دایە.

نوێژی دوای نیوەڕۆ: پێش ڕۆژ ئاوابوون.

ڕووگە: بەپێی جوگرافیا، بەرەو باکوور، مەندائیەکان باوەڕیان وایە پیرۆزی و بڕشت لە باکوورە.

ئەرکە دینیە پیرۆزەکانی تر:

الرشامە: دەستنوێژ

مبسوطا: لە ئاو هەڵکێشان، لە ئاوەڕۆی کراوەی پاک.

الرستة: جلوبەرگێکی سپی تایبەتە بە نوێژکردن

شێوەی نوێژکردن: مەندائیەکان بەوەستاوی دەقی دینی بە زمانی مەندائی دەخوێننەوە.[280]

ڕۆژوو

[280] Ether, Stefane Drower (1937) Mandaean of Iraq and Iran.

چمکی بەڕۆژووبوون: تەنیا برسێتی نییە، بەڵکو خۆگرتنە لە هەموو شتێک، کە مرۆڤ ڕیسوا دەکا، واتە خۆبەدوورگرتن لە کردەوەی بێ ڕەوشتی و گوناه و سەرپێچی و نزیکبوونەوە لە پەروەردگار "هەی پەروەردگارم" (زیندووەکەی گەورە).

ژمارەی ڕۆژانی بەڕۆژووبوون: ماندائیەکان بۆ ماوەی ٣٦ ڕۆژی لە ساڵێکدا، بە شێوەی نا لە دوای یەک بەڕۆژوو دەبن کە بەسەر ساڵدا بڵاوبوونەتەوە. ئەو ڕۆژووانە پێش جەژنە گەورەکان دێن وەک جەژنی گەورە (سەرەتای ساڵی ماندایيەکان) و جەژنی یەحیای لەئاو هەڵکێش.

ڕۆژوو سنووردارە بە دوورکەوتنەوە لە خواردنی گۆشت و ماسی و هێلکە (ڕۆژووی جەستە) و خواردنی تەنها سەوزە و نان.

ڕۆژووی ماندائی ڕیتوالێکی پاککەرەوەیە، کە گرنگی بە پاکی ڕۆحی و جەستەیی دەدات، هاوکاتە لەگەڵ ڕیتوالی لە ئاو هەڵکێشان، لە ئاوەڕۆی ئاوی پاک.[281]

ڕۆژوو لای سابئی مەندائی، باشترین و خێرترین کارە، کە باوەڕدار بیکا بۆ ڕاییکردنی خودا.

لە دینی صابئی ژمارەی

لە دینی سابئی ڕۆژوو دووجۆری هەیە، کە یەکتری تەواو دەکەن، ئەوانەش:

ڕۆژووی گەورە (صوما ربا) (ڕۆژووی دەروون) مەبەست لە دەروون دڵ و مێشک و ویژدان، قسەکردن و گوێگرتن.

ڕۆژووی بچووک (صوما إد نشمثا) (ڕۆژووی لەش).

[281] The Eyes Encyclopedia Of The knowledge

پەیامبەری ئیسلام و سابئیە مەندائیەکان

سەرەڕای ئەوەی محمد، لە بنەماڵەیەکی یەهودی نەساڕی بوو. و پەیڕەوی ڕێبازی ئەبیونی لە ژێر چاوەدێری قوشە وەرەقە دەکرد. لە هەمان کات دۆستایەتی و پەیوەندییەکی، نزیکی لەگەڵ بنەماڵەکانی سابئی کە ئەو کاتە لە مەککە دەژیان هەبوو. تەنانەت گەیشتبووە، ئەو ئاستەی لەلای هاوڕێکانی، ناوی لێنرابوو صابئی. بۆ نموونە جارێکیان لە گەڕانەوەی لە گەشتێکی بانگهێژی. تێنوو دەبێ. هاوڕێکانی داوا لە ژنێک دەکەن، کە پێستەیەکی (مەشکە) پڕ ئاوی پێدەبێ. کە هەندێک ئاوی بۆ بێنێ.

ژنە پرسیاری کرد: کوا! گوتیان بۆ نەبی.

ژنە گوتی: بە کێ دەڵێن، صابئی؟

گوتیان: تەواو بۆ ئەو کەسەی پێی دەڵێن صابئی. ژنە گەڕایەوە مەککە، و گوتی: دوو پیاوم بینی، منیان گەیاندە ئەو کەسەی پێی دەڵێن صابئی.[282]

ئەوە بۆمان دەسەلمێنێ کە محمد لەناو خەڵکی مەککە. بە ئەندامێکی کۆمەڵی صابئی دادەنرا. تەنانەت لە ئەدەبیاتی ئیسلام دا هاتووە، کە لەناو هۆزی قورەیش بە صابئی بانگکراوە. هەروەها یاوەرانیشی بە صابئی ناسرابوون. [283]

لە ناو عەرەب لە سەردەمی محمد دا، بنەماڵەی صابئی هەبوون، و خەڵکی دەیناسین، و ئاشنایەتیان لەگەڵ پیرۆزی و سرووت و نەرێتەکانیان هەبوو. هەروەها ئاگایان لە پەیوەندی محمد، بە دینی صابئی لە مەککە هەبوو.

---

[282] صحيح البخارى دار الكتب العلمية، بيروت لبنان ج١، ص ٨٩

[283] إبن الأثير الكامل فى التاريخ ج٢ ص٨٦، تاريخ الطبرى ج١، ص ١٢٦

کاتی محمد بۆ بانگهێژی دین دەرچوو، خەڵکی قورەیش وایان دەزانی، دینی صابئی بڵاو دەکاتەوە. کە هەندێکیان لەناو قورەیش دەژیان.[284]

کاتی هەمزەی مامی محمد، بۆ پشتیوانی محمد هاتە مزگەوت، قورەیشیەکان پێیان گوت ئێمە تەنیا ئەوە دەبینین تۆ بوویتە صابئی. [285]تەنانەت ئەبی لەهەب کە دژایەتی محمدی دەکرد، بە هەمزەی دەگوت صابئی دەبەنگ. [286]

[284] الحلبين دار المعارف. بيروت لبنان ج١، ص٤٥٦
[285] الحلبية ج١، ص ٤٧٧
[286] الحلبية ج١، ص ٥٠٨

سابئی حاڕانی

سابئ حاڕانی کۆمەڵێکی دینی، فەلسەفی کۆنن. لە شاری حاران[287] (باکووری سوریا/ باشووری تورکیا) دەژیان. حاڕانی بەوە ناسرابوون، کە هەسارە و ئەستێرەیان بە پیرۆز دەزانین، و لەژێر کاریگەری کولتووری هێلینی و یۆنانی دابوون.

حاڕانی خۆیان بە یەکتاپەرست نەدەزنی، باوەڕیان پەیوەندی بە هەسارە و ئەستێرانەوە هەبوو. هەندێ جار بە شانازییەوە خۆیان بە (کوڕانی مانگ) دەناساند. تۆژینەوە ئاماژە بەوە دەکا، حاڕانیەکان بنەچەکەیان سۆمەی یان سریانی بووە.
ڕۆڵێ گرنگیان بینیووە، لە گواستنەوەی زانستی یۆنانی (فەلسەفە، پزیشکی و ئەستێرەناسی) بۆ کۆمەڵگەی ئیسلام.

لە هەندێ لایەنی باوەڕ و فەلسەفیدا جیاوازن لە سابییە مەندائیەکان. بەڵام لە هەردوو باوەڕ چەمکی ڕەوشت و ڕۆژوو وەک جۆرێک لە خۆبەدوورگرتن لەلای سابیئیەکاندا شتێکی پیرۆزبووە، وەک ئەرکێکی دینی دانراوە.

بەڕۆژووبوونی سابئیە حاڕانیەکان، جیاوزبووە، لە باوەڕی مەندائیەکان، و لەسەر بنەمای لاسایی کردنەوە نەبووە، وەک خۆبەدوورگرتن لە خواردن و خواردنەوە (لە بەیانی تا ئێوارە).

---

[287] حەڕان، شارێکی مێژووییە بەناوبانگە، دەکەوێتە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لە پارێزگای ئورفا، بە دووری ٢٠ – ٢٥ کم لە سنووری سوریا. لە تەورات پەرتووکی ئەفراندن ١١: ٣١
(٣١) تارەح ئەبرامی کوڕی و ڵوتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارای بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە بەرێکەوتن تاکو بچنە خاکی کەنعان. بەڵام کاتێک هاتنە حەڕان و لەوێ نیشتەجێ بوون.

بەڵکو زیاتر سەرنجیان لەسەر ڕەفتار و ڕەوشت و سەرڕاستی بووە، لەگەڵ پەروەردگار، و مرۆڤەکانی تر.

بەڕۆژووبوون لە ناو سابیئیەکان (بە گشتی و حارانییەکان وەک بەشێک لە میراتی باوەڕ بۆیان ماوەتەوە) چەمکێکی گیانی و ڕەوشتیە، و لەسەر بنەمای خۆبەدوورگرتن لە کردەوەی بێ ڕەوشتی و گوناه و کردەوەی خراپ دامەزراوە، و نەک تەنیا خۆبەدوورگرتن لە خواردن و خواردنەوە. ئامانج لە بەڕۆژووبوون، پاککردنەوەی گیان و نزیکبوونەوەیە لە ئەفرێنەر.[288]
تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆژووگرتن لە ناو ماندائیەکان:
چمکی دەروونی: ڕۆژوو تیشک دەخاتە سەر گیان و دەروونی ڕۆژووگر، لە ئارەزووەکان و دوورکەوتنەوە لە درۆ و قسەی بێمانا.
مەبەست: تەوبەکردن، پاککردنەوەی گوناهەکان (بە مەبەست و بێ مەبەست)، و بەرزکردنەوەی هەستی دەروونی مرۆڤە.[289]

ڕەمەزان لە بنەڕەتدا پەرستنێکی ساڵانە بووە لە شاری حاران، شوێنی پەرستنی سین (خودای مانگ)، ئەوەش لە حاران و ئور هێمای پیرۆزی مانگ بووە.

کاتی مانگ دەرناکەوێ بە هۆی (Taurus) کەلوی گا، کە لە هەفتەی سێیەمی مانگی ئادار ڕوودەدا، حاڕانیەکان بۆ ماوەی مانگێک، بۆ گەڕانەوەی مانگ بە ڕۆژوودەبن. ئەو کاتەی مانگ بەدیار دەکەوێتەوە، جەژن بۆ گەڕانەوەی دەگێڕن.[290]

---

[288] The Eyes Encyclopedia Of The knowledge
[289] Ibid.
[290] Dodge, B., The Sabians of Harran, page 78

بە بەراوردێک دەردەکەوێ مانگی ڕەمازانی ئیسلام، هەمان مانگی ڕەمەزانی حاڕانیەکانە. بەڵام چۆن گەیشتە نیمچە دوورگەی عەرەبی،

ئەوەی هاوبەش لە نێوان سابئی مەندائی و سابئی حاڕانی و جولەکە هەیە، هەرسێک دین ڕۆژی سێ جار نوێژ دەکەن. دینی ئیسلامیش لە سەرەتا سێ نوێژی هەبوو، دواتر دوو نوێژی لەسەر زیادکرا.

لەیەکچوونی ڕۆژووی حاڕانی لەگەڵ ڕۆژووی ئیسلام

لەیەکچوونێکی دیار لە نێوان، هەردووک حاڕانی و ئیسلام هەیە، هەردوو دین لە ساڵێکدا ماوەی یەک مانگە (٣٠ ڕۆژ) بە ڕۆژوو دەبن

لە هەردوو حاڕانی و ئیسلام، ڕۆژووگرتن، پەیەوەندی بە مانگەوە هەیە. (سین)[291] بەپێی هەندێ سەرچاوە، ڕیتوالی ڕۆژووگرتن، وەک یەک لە کۆڵەگەکانی پەرستن، لە بیروباوەڕی کۆنەوە هاتووە،

أبو الفداء دەڵێ: سابیئەکان نوێژی پرسەیان هەیە، بەبێ چەمانەوە و کڕنۆشبردن، هەروەها بەڕۆژووبوون بۆ ماوەی سی ڕۆژ. ئەگەر مانگی مانگ تەواو نەبوو، بیست و نۆ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن. ئەوان لە ڕۆژووەکانیاندا کاتی جەژنی ڕەمەزان و مانگی نوێ لەبەرچاو دەگرن، دڵنیا

[291] The Eyes Encyclopedia Of The knowledge

دەبنەوە لەوەی کە جەژنی ڕەمەزان هاوکاتە لەگەڵ چوونی خۆر بۆ ناو کەلوی بەرخ (نێوان ٢١ مارس و ١٩ نیسان). لە چارەکی کۆتایی شەوەوە تا خۆرئاوابوون بەڕۆژوو دەبن.[292]

إبن ندیم دەڵێ حاڕانیەکان، مانگێک بۆ پیرۆزی خودای مانگ بەڕۆژوو دەبوون، بە ناوی سین[293]

إبن ندیم، سەبارەت بە جەژنی ڕەمەزانی حەڕانی، دەڵێ:

حەڕانیەکان بە گەڕانەوەی مانگ دوای بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان ئاهەنگ دەگێڕن، بە ناوی جەژینی ڕەمەزان.[294]

ڕۆژوو بەر لە ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی

کاریگەری سابیئیە حاڕانیەکان، لە ماوەی داگیرکاری تەیماء (Tayma) لە باکووری ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی[295]، لەلایەن نابۆنیدوز (Nabonidus)[296] پاشای بابلی لە نێوان ساڵانی ٥٥٠ – ٥٤٠ پ.س.ب. بڵاوبوونەوەی ڕێبازی سابئی حاڕانی لەناو هۆزەکانی عەرەب. بڵاوبوەوە، و زۆر هەبوون ئارەزوویان بۆ سابیئی هەبوو، باوەڕیان وابوو، کاریگەری لەسەر

---

[292] ابي الفداء ، المختصر في تاريخ البشر ، الجزء الاول ، صفحة 65

[293] ابن النديم، الفهرست، صفحة 324 و325

[294] ابن النديم ، الفهرست ، صفحة 319

[295] تەیماء شارێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی لە نێوان مەدینە و تەبووک، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناوچەی تەبووکە. شارێکی کۆنە و هۆزەی ثەمود یەک لەو هۆزانە بووە، کە لەو ناوچەیە ژیاون.

[296] نابۆنیدوز، دوا پاشای ئیمپراتۆری بابلی بوو، کە لە ساڵی ٥٥٦ پ.س.ب دەستەڵاتی گرتەدەست، تا کەوتنی بەدەستی کۆرشی مەزن ساڵی ٥٣٩ پ.س.ب .

خانوبەرەکانیان، لەسەر بنەمای ئەستێرەناسان بە حەوت هەسارەکەوەیە، و لە خۆیاندا بە نیشانەی بەهێزیان دەدی، و دەیانگوت، بەهۆی کاریگەری هەسارەکانە، بارانمان بەسەردا دەبارێ. هەندێکیش فریشتەیان دەپەرست هەندێکیش جنۆکە.[297]

لە دوورگەی عەرەبی. پێش پەیدابوونی ئیسلام، ڕۆژووگرتن هەر هەبووە. و ئیسلام لە خەڵکانی کۆنی، پێش خۆی وەریگرتووە. هەروەک چۆن شتی تریشی وەک خەتەنەکردن، نوێژ. وەرگرتوون. و کردوونی بە پەیامی خودایی ئیسلام.

عەرەبە بوتپەرستەکانی پێش ئیسلام، لە بەڕۆژوو بوون، خۆیان لە خواردن و خواردنەوە و پەیوەندی سێکسی بەدوور دەگرت، ئەوان بە هەمان شێوەی ڕۆژووی موسڵمانان، ڕۆژوویان دەگرت. هەروەها ڕۆژووەکەیان دوورکەوتنەوە لە قسەکردن لەخۆدەگرت.[298]

جارێکیان ئەبو بەکر، لە مەدینە ژنێکی بوتپەرست دەبینێ، بە ڕۆژوو بوو، یەک لەو شتانەی کە لێی بە ڕۆژووبوو، قسەکردن بوو. واتە قسەی نەدەکرد.[299]

لە قورئانیش ئاماژە بەوە دەکا، کاتی خودا مەریەمی فێرکرد، کە سوێندی بەڕۆژووبوونی خواردووە و بەو کارەش قسەی لەگەڵ کەس نەکا.

سورة مريم ١٩: ٢٦

---

[297] القلقشندي، نهاية الأرب في معرفة أنساب العرب، تحقيق ابراهيم الأبياري(١٩٨٠). دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٨ ص ١١

[298] تفسير الطبري 16 : 56 و روح المعاني 16 : 79

[299] القسطلاني ، ارشاد الساري في شرح صحيح البخاري ، 6 : 175 ؛ ابن منظور، لسان العرب ، 2: 55

فَكُلِي وَٱشۡرَبِي وَقَرِّي عَيۡنٗاۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلۡبَشَرِ أَحَدٗا فَقُولِيٓ إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا (٢٦)

(ئەی مریەم) بخۆ و بخۆرەوە و (بە بینینی کوڕەکەت) چاوت ڕۆشن کەوە، و ئەگەر مرۆڤێکت بینی، پێی بڵێ، من بۆ ڕەحمان نەزرم کردووە، کە ئیمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ کەس ناکەم (٢٦)

لە ناو قورەیشەکانیش، حەنەفیەکان، کە چەندین کەسی یەهودی نەسارِی بوون، وەک عبدالمطلب باپیری محمد، وەرەقە بن نوفل، أمیة بن أبی سلط و هەروەها زید کوڕی عمرو کوڕی نفیل (مامی عومەر کوڕی خەتاب) لە مانگی ڕەمەزان، پاشەکشەیان دەکرد، و دەچوونە ئەشکەوتی حەرا، لەگەڵ چەند کەسیتر خەڵوەتیان دەگرت،[300] پەیامبەریش لەگەڵ أبی طالبی مامی دەچووە ئەشکەوتی حەرا، و گوێی لە گفتوگۆ و ڕاوێژیان دەگرت.[301]

[300] عبدالكريم،خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه.

[301] المقدسي، البدء والتأريخ ، الجزء الرابع ، ص 50